گەلاوێژینوێ

گۆڤاڕێکی ئەدەبیی — رووناکبیریە

ئازادی .. داهێنان .. ئەقلانییەت

ژمارە (١٤) ١٩٩٩

خاوەنی ئیمتیاز : محمد دلێر ئەمین

سەرنووسەر : قوبادی جەلی زادە

جێگری سەرنووسەر : عبدالله تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین : لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران

عەتا قەرەداخی سەلاح محمد

ئەرخەوان فاروق هۆمەر

سەرپەرشتی هونەری : قادر میرخان

مۆتیف

ڕۆستەم ئاغالە

شیلان جەبار

فەرهادی مەلا حەسەن

ناونیشان : سلێمانی — گردی عەلی ناجی — بارەگای بنکەی ئەدەبیی و رووناکبیریی گەلاوێژ ☎ ٢٣٥٠٧

پەیوەندی کردن لەهەندەرانەوە : نوسینگەی دەریا (تەلەفۆن ٠٠٨٧٢ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٨) (فاکس ٠٠٨٧٢ ٧٦١ ٨٨٨ ٢٧٩)

کۆمپیوتەری بنکەی گەلاوێژ : جلیل حسین - ئۆفسێت : چاپخانەی داناز - چاپی بەرگ : ئۆفسێتی دلێر

نرخ بۆ ناوولات (١٠) دینار - بۆ هەندەران (٧) دۆلار

ژمارە (1)ی گەلاوێژینوێ مایسی ١٩٩٧ دەرچووە

■ تحفه المريدين لەمەناقیبی‌شێخ عوبەیدوللای‌شەمزینیدا/عبدالرقیب یوسف	٤
■ رۆشنگەری‌و نەریتی مەسیحی/ و:عەتا قەرەداخی	١٨
■ ئاینی زەردەشت لەدیدی زانایاندا/ محەمەد سالار عەلی	٢٧
■ ئامانجەکانی فەلسەفە/ و: شوان ئەحمەد	٣٩
■ پرۆژەی شیعری/ کەریم دەشتی	٤٢
■ پرنسیپەکانی شیکردنەوەی بونیادی شیعری/ و:ئارات ئەحمەد	٤٧
■ مێژگردێك بۆ چیرۆکنووسانی کوردستانی ئێران/سازدانی: گۆران عەلی	٦٠
■ هێز. چاوێکەوتنێك لەگەڵ فۆکۆدا/ و: م . خالید	٧٣
■ ئەو سێوەی دایکیشم بەخواردنی گوناهباری کردم/ کازیوە سالح	٨٢
■ بێزەوەری/ و:شێرزاد حەسەن	٨٨
■ چ غەمێکە سوتێنراوە/ شیعری سەلام محەمەد	٩٣
■ کۆردەرە/ ئەژی گۆران	٩٦
■ کچێك/ قوبادی جەلیزادە	٩٨
■ پیاوێك لەسێبەر/ ئاراس عەبدولکەریم	٩٩
■ نەوەیەك پێرەمندال/ بەرزان هەستیار	١٠٣
■ وەرزەکان کۆچ دەکەن/ هوشیار ئەنوەر	١٠٥
■ کتێبی گەلاوێژینوێ :	
■ هاوڕێیان نییە جگە لەچیاکان/ پەیوەند	١١٠
■ دەربارەی تابلۆی بەرگ/ مەسعود رەحیمی	١١٤
■ ڕێساکانی گێڕانەوە/و: حەسەن مەحمود	١١٨
■ پێنج ژمارە ناوازەکەی کوردستان/ کاوە حاجی عەزیز	١٢٤
■ کچان چییان بەسەر دێت/ و:زرار	١٣١
■ کلتورەکان لەملمانێدان/ و:کامل محەمەد قەرەداغی	١٤٠
■ وێژە چاکە.. زانست چاکترە/ فوئاد تاهیر سادق	١٤٥
■ دۆسیەی پاشنوێگەری :	
■ پاشنوێگەری چییە/ و: لەتیف هەڵمەت	١٤٨
■ پۆست مۆدێرنیزم- گفتوگۆ لەگەڵ ژان فرانسوا لیوتاردا/و:نادیا نەمر	١٥٨
■ کتێبێك دەربارەی نوێگەری‌و پاشنوێگەری/ ئا:ع.ت.ب	١٦٥
■ پاشنوێگەرو گێڕانەوەی پاش نوێگەری/ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی	١٦٩
■ شیعرو شاعیرو وێنە/ موئەید ئەلراوی	١٧٨
■ کەرانە	١٨١
■ لێرە	١٩٦
■ لەوێ	٢٠١
■ کتێبنما	٢٠٢
■ پرۆشە/ جەمال غەمبار	٢٠٦
■ پاشکۆی گەلاوێژینوێ- لەتەك:	
■ ئیبراهیمی یونسی/ سازدانی:	٢٠٧
■ فەرهاد پیرباڵ/ سازدانی: تەڵعەت تاهیر	٢١٩

سپیدە

ئاسۆی بیری مرۆڤایەتی بە هەوڵی دووانەی ئەمو ئەو نەبێت فراوانو پوون نابێت، مـن‌و ئـەو، یا ئێمەو ئەوان، یا ئێرەو ئەوێ تەنها هەر وشەی ئاسایی نابن، لە پاڵیاندا بیر و ئاسۆی فیکـری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری جۆراو جۆر خۆیان دەنوێنن.

بیری ڕاستەقینەی مرۆڤ بە تەنها ئەندێشەی (من)و (ئێمە) بەرز نابێتەوە. جا ئیتر ئەم (من‌و ئێمە) ڕۆژهەڵات بێت یا ڕۆژ ئاوا ئـەم وڵات بێـت یـا ئـەو وڵات، ئـەم گروپـە بێـت یـا ئـەو گـروپ. سڕینەوەی بەرامبەر، یا ئەوی تر کارێکی نا پەسەندە بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە لـە ڕۆژ ئـاوا خۆیشیا چەندەها بیرو بۆچونی جیاوازو ڕۆشن هەن لە جیاتی پتـەو کردنـی مەرکـەزێتی فیکـری ڕۆژئـاوا هـەوڵی نەهێشـتنی مەرکەزیـەت دەدەن‌و نـرخ و ئـەرزش بـۆ ڕۆشـنبیرە جۆراوجۆرەکـان دەگەڕێننەوە.ڕاستە لە پێش هەمو شتێکدا خودی خۆمان‌و پەرەسەندنی مەبەستە، بەڵام دەبـێ بزانین گەشەسەندنی خود بە بێ کراوەیی بەسەر (ئەو) یا (ئەوان)دا، یا خودەکـانی تـردا نـەبێت ناکرێت. ڕەنگە یەکێك لە ڕێگاکانی دەوڵەمەند کردنی خودو ناسینی کەسانی‌ترو ڕۆشنبیری هەمە چەشنە، وەرگێڕان بێت. وەرگێڕان شێوازێکە لە گفتوگۆی نێوان میللەتان‌و نزیکردنـەوەی (ئـەم) لە (ئەو)و ئێرە لە(ئەوێ).

گەلاوێژی نوێ بۆ کارکردن بۆ ئـەم مەبەسـتە، کاتێدابـەش کردنـی بابەتـەکانی لـە پـاڵ هـەر بابـەتێکی خۆمالێیـا، بابـەتێکی وەرگێڕاو بڵاوەکاتـەوە: ئەمـەش لەیـەك کـاتدا دووشـتمان بـۆ ڕوونـدەکاتـەوە: یەکـەمیان ئاسـتی ڕوناکبـیری خۆمـان لـە چـاو ڕوناکبـیری جیـهاندا، دووەمیـش ڕەنگـو بۆی بەرهەمی ڕۆشنبیری کەسانی ترمان بۆ نزیکدەکاتەوە. ڕەنگە ئەمـە یەکـەم جـاریش بێـت گۆڤـارێکی کـوردی لـە دابەشـکردنی بابەتـەکانا وابکـات. ئومێدەواریشـین هیـچ لایـەکمان، ڕۆژنامەبێت یا گۆڤار، لایەنی وەرگێڕان فەرامۆش نەکەین.

جێگری سەرنووسەر

(تحفه المریدین)ی شاعیری کورد (وەفایی)

لەمەناقبی شێخ عبیداللەی شەمزینی‌دا

بەگیانی پاکی مامۆستام قازی محەمەدی نەرزیوەیی پێشکەشە

عبدالرقیب یوسف

مامۆستای گەورە قازی محەمەدی (خضری)یی نەرزیوەیی کوڕی مەلا عەزیزی کوڕی خەلیفە مەلا خزری خەلیفەی شێخ عوبەیدوللای سەید تەهای شەمزینی نامەخانەیەکی دەولەمەندی هەیەو کۆمەڵە دەستنووسێکی نایابی تێدا کۆبووەتەوە. مامۆستا زانایەکی گەورەیەو ئیجازەنامەی داوەتە چەندین مەلای کوردو، منیش بەهارو هاوینی ١٩٥٨ لەگەڵ (مەلا موسای مکسی)ی هەڤاڵمدا لەگوندی (کانی‌سپی)ی (دەشتەبێل)ی نێوان (شنۆ)و (مەرگەوەر) لای ئەو خوێندوومە. (گەلەنبەویی بورهان)م لەزانستی (منطق)دا کەزۆر چڕو پڕو سەختە، لەلای ئەو زاتە خوێندووە. مامۆستا لەدایکبووی (١٩٠٩)و سەد کتێبی داناوی هەیەو، ئێرە جێی باسی ژیانی نییەو بەگوتارێکی تایبەت دەکرێت. رۆژی (١٩٩١/٥/٧) چاوپێکەوتنێکم لەسەر شریتی کاسێت لەگەڵیدا تۆمار کرد.

دوو دەستنووسی گرنگو دانسقەی نامەخانەکەی مامۆستا کەوتنە دەستم کەپێشتر ناویانم نەبیستبوو وکەسیش لەهیچ سەرچاوەیەکدا ناوی نەدیون. توانیم بەفۆتۆکۆپیکردنیان بەچەند دانەیەک مەترسیی لەنێوچوونیان لێ دووربخەمەوە؛ چونکە مانەوەی کتێبی دەستنووس بەیەک یا دوو دانە لەوڵاتێکی پڕ شەڕو شۆڕو داگیرکراوی وەک کوردستاندا کەسەدان بەرهەمی زانایانی کوردی تێدا بەتەواوی لەنێوچوون‌و شوێنەواریان نەماوە، لەبەردەم هەڕەشەی فەوتاندایە.

یەکەم دەستنووس کتێبی (مثنوی)ی شێخی شۆڕشگێڕ شێخ عوبەیدوللای شەمزینی‌یە کەسالّی (١٨٧٦) چوار سالّ پێش شۆڕشەکەی بەشیعری (مثنوی)و فارسی دەستی بەدانانی کردووەو (٤٢١) لاپەڕەیە. دانەی تەنیا لەنامەخانەی مامۆستادا هەبوو، تەنانەت نەوەکانی شێخ عوبەیدوللایش پێیان



مثنوي شيخ عبيدالله شه مزيني له باره ي شه ري روسه وه ١٨٧٧ز

نه‌ده‌زانی. به‌ڕێز مامۆستا مه‌لا محه‌مه‌دی ده‌لگه‌یی نه‌خشێکی به‌رچاوی هه‌بوو له‌وه‌دا که‌کارێکی کرد ساڵی (١٩٨٢) ئه‌م دانه ده‌ستنووسه بکه‌وێته ده‌ستم. ئه‌وه‌بوو پاش فۆتۆکۆپیکردن به‌چه‌ند دانه‌یه‌ك، هه‌ربه‌هۆی مامۆستا مه‌لا محه‌مه‌ده‌وه دانه‌که بۆ مامۆستا قازی محه‌مه‌د نێردرا. له‌ڕۆژنامه‌ی (هاوکاری)ی ڕۆژی (١٩٨٢/٩/١٣)یشدا پێناسینێکم له‌باره‌یه‌وه باڵاوکرده‌وه‌و، چه‌ند دانه‌یه‌کم له‌به‌ر گرته‌وه تاده‌سته‌به‌ری مانه‌وه‌ی بکه‌ن.

دووه‌م ده‌ستنووس ئه‌م ده‌ستنووسی (تحفة المردین)ه‌ی شاعیری کورد (وه‌فایی) (میرزا عه‌بدوڵڵای مه‌لا غه‌فوری ساباڵاخی)یه که‌ڕۆژی (١٩٩١/٥/٧) کاتێك ئاواره‌یه‌کی کۆڕه‌وی کوردانی باشوور بووم‌و له‌مه‌هاباده‌وه چوومه سه‌ردانی له‌شاری (شنۆ) له‌نامه‌خانه‌که‌ی مامۆستا قازی محه‌مه‌ددا دیم. مامۆستا پێی‌گوتم ئه‌م دانه‌یه‌م له‌به‌ر دانه‌ی ده‌ستخه‌تی (وه‌فایی) خۆیدا که‌له‌لای (میرزا شه‌ریفی ساباڵاخی)بوو، نووسیوه‌ته‌وه. قوتابیی مامۆستاو هه‌ڤاڵی خۆشه‌ویستم مه‌لا عه‌بدوڵڵای ده‌ربه‌ندی (مه‌لا عه‌بدوڵڵای نه‌قاش) له‌شنۆ دانه‌یه‌کی بۆ فۆتۆکۆپی کردم‌و، پاشتر سێ دانه‌ی دیکه‌ی لێ گیرایه‌وه: برای به‌ڕێز کاك محه‌مه‌دی حه‌مه‌باقی دانه‌یه‌کی له‌مه‌هاباد لێگرته‌وه‌و، دوو دانه‌یش له‌سلێمانی. دانه‌یه‌کی ده‌ستخه‌تم له‌مه‌هاباد له‌لای زانای کوردو مامۆستای هێژاو فره‌به‌ره‌م (عوبه‌یدوڵڵای ئه‌ییووبیان) بینی، دووسێ لاپه‌ڕه‌یه‌کی سه‌ره‌تای که‌م بوو. ئه‌و لاپه‌ڕانه‌ی له‌سه‌ر دانه‌که‌ی من فۆتۆکۆپی کرده‌وه. به‌ڵام پاشان بۆم ده‌رکه‌وت میقدارێکی دیکه‌ش له‌ودانه‌یه‌دا نین.

دانه‌ی کتێبه‌که:

ئه‌م دانه‌یه‌ی (تحفة المریدین) به‌ده‌ستخه‌تی مامۆستا قازی محه‌مه‌دی نه‌رزیوه‌یی‌یه‌و (١٩٩) لاپه‌ڕه‌یه. هه‌ر لاپه‌ڕه‌یه‌کی به‌گشتی (١٩) دێڕه‌و به‌شێوه‌خه‌تی نستعلیق (فارسی) نووسراوه.

به‌ڵام دیاره دانه‌که ته‌واو نییه، چونکه مامۆستا ژماره (٢٩)ی له‌سه‌ر لاپه‌ڕه‌یه‌کی سپی نووسیوه که‌ته‌نیا شیعرێکی کوردیی بۆ شینی شه‌هید (شێخی

محەمەد)، واتە سەید محەمەدی شێخ عەبدولقادری شەمزینی کەسالّی (١٩٢٥) لەلایەن تورکەوە لەگەڵ باوکیدا ئیعدام کرا، تێدا نووسراوە. بەمەدا دەردەکەوێ بیستونۆ لاپەڕەی کەمە. ئەوکاتە هەستم پێ نەکرد تا لەمامۆستام بپرسم ئایا خۆی ئەو بڕە پەڕەیەی نەنووسیوە، یان لەدانە بنەڕەتەکەی دەستخەتی (وەفایی)شدا کەم بووە؟ واتە ئەو بەشەی لێ کەوتووە جێی باسە، دانەکەی مامۆستا (عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان)یش وەک ئەمە ئەوەندەی لێ کەم بوو، دووسێ لاپەڕەیەکی هەوەڵیشی (لەچاو ئەمدا) نەبوو.

ئەم دانەیە لە (ل٣٠)یەوە دەست پێدەکاتو (بسم الله الرحمن الرحيم) لەسەرەتاکەیدا نووسراوەو، ئەمە بەراییی لاپەڕەکەیە: ((وهمچونین در زمستان دو نفر درویش مهمان خانقا بودند یکی از اهل ولایت بخارا بود وان دیکر از خاك کشمیر)). لە (ل٨٥)دا نووسیویە: ((مبحث چهار از این کتاب تحفة المریدین وفایی در شرح احوال هر یك از خلفای راشدین ان حضرت قدس سره وذکر خوارق وکرامات که بالنفس از ان حضرت مشاهده کرده‌اند من جمله جناب خلیفه ملا محمد امین ارمنی بلاغی است)). خەلیفەکانی دیکەیشی ئەمانەن: سەید محەمەد سەعید کوڕی سەید عەلی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی کەژنبرای شێخ بووە، خەلیفە مەلا دەرویشی هەکاری، خەلیفە مەلا عەبدوڵڵای زەردەڕۆیی (موکری)، مەلا عەبدوڵڵای زیارەتی (خەڵکی ناوچەی هەولێر)ی کوڕی مەلا سالّح، کەمەلا عەبدولڕەحیمی مامی ئەم مەلا سالّحە مامۆستای مەولانا خالیدو مەلا محەمەدی خەتێ بووەو وەفایی زۆر زانیاریو کەرامەتەکانی شێخی لەوانەوە وەرگرتووە. ناوی کۆمەڵێك خەلیفەی دیکە لە(تحفه المریدین)دا براوە، وەك مەلا فەهیمی مکسیو مەلا عەبدولڕەحمانی ترگاشەو مەلا عەبدولڕەحمانی کەلب رەزاخانو کاشفالدین تالّشی. لاپەڕەکانی (٣٠-٨٠) باسی (مبحث)ی سێهەمنو یەکەمو دووەم (مبحث)و بەشێك لە (مبحث)ی سێهەم لەم دانەیەدا نییە.

پێنجەم باس (مبحث) لە (ل١٤٧-١٦٠)دا لەبارەی چەند زاراوەو بابەتێکی سۆفیگەری (تصوف)یەوەیە. شەشەم باس لە(ل١٦٠-٢٢٦) سەبارەت بەژیانی شێخ عوبەیدوڵڵایە، لەوکاتەوە کەبووە بەشێخی تەریقەت تاکاتی کۆچی دواییکردنی لەپایزی ١٨٨٣دا. حەوتەم باس(ل٢٢٦) لەبارەی شێخ عەبدولقادری شەمزینیی کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵاوەیە کەسالّی ١٩٢٥ بەتۆمەتی بەشداریکردن لەشۆڕشی شێخ سەعیدی پیراندا لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە ئیعدام کرا. وەفایی وەهای نووسیوە: ((مبحث هفتم ذکر کیفیت احوال سعادتو رشادت مآب حضرت قطب المریدین و غوث المعتقدین الملقب بغوث الثاني مولانا وشیخنا ووليعهد شیخنا ومرشدنا الشیخ عبدالقادر روحنا فداه وروح المریدین له الفداء ادام الله تعالی برکات انفاسه وخاتمه کتاب)). هیچی ئەم باسەیان لەم دانەیەدا نییە، تەنیا شەجەرەی بنەماڵەی شێخانی (نەهری- شەمزینانی هەکاری)ی تێدا نووسراوە کەبەرای من ئەو شەجەرەیە بەشێکی ئەسڵی کتێبەکە نەبووە. گومان نییە کەوەفایی ئەم بەشەیشی نووسیوە.

مامۆستا قازی پێی گوتم (وەفایی) (خاطرات)ی ئەستەمبوڵی هەیە، واتە بیرەوەریەکانی ئەوکاتەی ئەستەمبوڵی خۆیی نووسیوە کەهەژدە دێڕبووە. ئەم دانەیە ئەمەیشی تێدانییە. رەنگە بەجیا لەنامەخانەکەی مامۆستادا هەبووبێو، پێدەچێ هەژدە لاپەڕە بووبێو من بەهەڵە نووسیبێتم هەژدەدێڕ.

یادنامەی ڕۆژانە (روزنامچه)ی وەفایی

وەفایی باسی سەفەری چوونە حەجی لەسالّی ١٣١٤ی ك (١٨٩٦-١٨٩٧ی زا)دا کەلە مانگی (رەجەب)دا بەڕێکەوتووە، بەشێوەیەکی تایبەت نووسیوە. ئەوکاتە شێخ عەبدولقادری شیخ عوبەیدوڵڵا لەشاری (مەدینە)بووە. وەفایی لە (ل٢٢٤)دا ئاماژەی بۆ (روزنامچە سفر)ی خۆی کردووە، یەکەمجار کەلە سابلّاخەوە لەگەڵ حاجیەکاندا بەڕێکەوتووە، نیازیبووە بچێتە ئەستەمبوڵ بۆ لای شێخ عەبدولقادر نەك بۆ حەج. بەڵام کەگەیشتووەتە شاری (ئوورفا)، بیستوویە شێخ عەبدولقادر دوورخراوەتەوە بۆ شاری (مەدینە) لەحیجاز. ئیدی پارەی لە حاجیەکان قەرزکردووەو لەگەڵ مەلا محەمەد ئەمینی ئەرمەنی بلّاغیو مەلا عەبدوڵڵای جووتە خەلیفەی شێخ عوبەیدوڵڵاو حاجیەکاندا چووەتە حیجاز بۆ دیدەنیی شێخ. (مەلا

حسێنی نەرزیوەیی)ی مامی باوکی مامۆستا قازی محەمەدیشیان لەتەکدا بووە. مەلا حسین لە (مەدینە) کەوتووەتە (سلوك)و خەلیفایەتیی لێوەرگرتووە.

وەفایی لەپێشدا چووەتە لای شێخ لەشاری (مەدینە)و بیستو حەوت رۆژ لەلای ماوەتەوە. شێخ عەبدولقادری (غوث ثاني) خەرجیی گەڕانەوەیی کێشاوە. ئەوو خەلیفە مەلا عەبدوللا نەچوونەتە (مەککە)و گەڕاونەتەوە بۆ وڵات، چونکە مەبەستی وەفایی لەو سەفەرە دیدەنیی شێخ بووە نەك حەج. هەردووکیان دێنە حەڵەبو دیاربەکرو، لەوێڕا بەکەڵەك بەدیجلەدا دێنە مووسڵو، لەرێگای رەواندزەوە دێنەوە سابڵاخ.

وەفایی (میرزا عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا غەفووری کوڕی نەسروللای سابڵاغی) کەیەکێکە لەشاعیرە گەورەکانی کورد، ساڵی ١٨٤٤ لەشاری سابڵاخ (مەهاباد) لەدایك بووەو (١٩٠٢) لەبیابانی شام کۆچی دواییی کردووە؛ کاتێك لەگەڵ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی نەمرو سەید ئەحمەدی خانەقاو شاعیری مەزن (پیرەمێرد)دا چووەتە حەج، وەك مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداخی لەپێشەکیی (دیوانی وەفایی)دا لەبارەی ژیانیەوە نووسیویە کەشیعرە کوردیو فارسیەکانیی تێدا باڵوکردوونەوە. بەڵام مامۆستا قەرەداخی کەئەم سالانە بەپشکنینی هەزاران دەستنووسی کوردستان لەدوو نامەخانەی گەورەی بەغدادا کارێکی زۆر گەورە دەکات —وەك من ناوی (تحفه المریدین)ی وەفاییی نەبیستبوو، لەبەرئەمە لەدیوانە چاپکراوەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ نەکردووە.

وەفایی وەك خۆیلە (ل٢٢٣)دا نووسیویە: ئەم کتێبەی لەبارەی مەناقیبی شێخ عوبەیدوللای شەمزینیەوە داناوەو ساڵی ١٣١٣ی ك(١٨٩٥ی ز) پاکنووسی کردووە. ئەگەرچی بەپەخشانی فارسیە، بەڵام زۆر شیعری فارسیی بەتایبەت چوارینە (رباعی)ی خۆی لەگەڵ هێندێك شیعری کوردیشدا تێدایە. ئەم کتێبەی وەفایی مێژوویەکی پڕ بایەخی ئەو سەردەمەیە، چونکە لەبارەی شێخێکەوە دانراوە کەلەشێخە گوردە هەرەگەورەکانی سەدەی نۆزدەیەم بووە؛ شێخێکی خاوەنزدەسەلاتێکی لەرادەبەدەری سۆفیانەو موریدو خەلیفەیەکی فرەژمارەو بەربڵاو لەکوردستانی ژێر دەستی ئێرانو عوسمانیداو، هەمان کات شێخێکی سیاسیی دوورەبین کەرزگارکردنی کوردی لەچنگی دەوڵەتی عوسمانیو ئێران کردبووە ئامانجی پیرۆزی خۆیو شۆڕشێکی کوردیی سەربەخۆییخوازی لە (١٨٨٠–١٨٨١)دا بەرپاکرد. بێگومان دەبێ بەم پێیە بەسەرهاتی زۆرکەسو رووداوی ئەودەمەی بەدرێژیو ناوبەناو بەئاماژەکردن تێدا نووسیبێ. ژیانی ئابووریو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی ئەوسایش بەشی خۆیانیان لەم توحفەیەدا هەیە. خۆزگە هەموو خانەقایەکی کوردستان کتێبێکی وەهای تێدا بهاتبایە نووسین.

بەشێکی زۆری ژیانی شاعیری مەزن وەفایی بەپەرشوبڵاوی لەم کتێبەدا دەبینرێت. ئەوشاعیرە شەیدای هەم جووتە شێخی سیاسیو شۆڕشگێڕ شێخ عوبەیدوللاو شێخ عەبدولقادری کوڕیو هەم گەورەترین خانەقای کوردستانی باکوور بووە لەناوچەی هەکاریو، نێزیکەی چواردەساڵ میرزا (کاتب)ی شێخ بووە. بەم پێیە ئاگاداری گەلێك پێوەندیی نهێنیی شێخ بووە لەکاتی خۆئامادەکردندا بۆ شۆڕشو، بۆ ئەم مەبەستە نامەکانی ئەو زاتەی بەدەستی خۆی نووسیوە بۆ گەورەپیاوانی کوردی وەك بەگو ئاغاو شێخو زانایان، لەوانە هەمزاغای مەنگوڕو ئاغاکانی موکریو سەقزو سنەو ئاغایانی حەسەنانو حەیدەرانو زیلانو خێڵە گەورەکانی دیکەو شێخانی گەورەی هیزانو نوورشین. زانراویشە هەر بۆ بەرپاکردنی شۆڕش پێوەندیی بەشێخ سیراجولدینی تەوێڵەوە کردووەو نامەی بۆ نووسیوە بەشدارییی تێدا بکات، وەك رەحمەتی شێخ عوسمانی بیارە کاتێك لە (١٩٨٢)دا بۆ سۆراخی بەڵگەنامەکانی شێخانی تەوێڵەو بیارە چوومە لای بۆ بەغدا، بۆی باسکردم. ئەو نامەیەی شێخ عوبەیدوللا لەگەڵ نامەیەکی دیکەیدا لای شێخ عوسمان بووەو، خۆی گێڕایەوە کەلەئێرانەوە هاتنە دیوی کوردستانی باشوور ساڵی (١٩٧٩) نەمانو بزربوون. پاشتر لەکاك مەلا عوبەیدوللای لاجانیی میرزای شێخم پرسی، گوتی بەڵگەنامەکانی شێخ لەسنووقێکی چکۆلەدابوون، لەئەنجامی شەڕێکدا ونبوونو، شێخیش زۆر پێی دڵگران بووە. شایانی باسە، شێخ سیراجولدین ساڵی ١٢٨٣ی ك (١٨٦٦–١٨٦٧ی ز)، واتە ماوەیەکی زۆری پێش شۆڕشی شێخ عوبەیدوللا، کۆچی دواییی کردووە. لەبەر ئەوە پێدەچێ داوا



لەشێخ بەهائولدینی کوڕی کرابێ بۆ بەشداری لەشۆڕشدا، نەك شێخ سیراجولدین خۆی. یاخود دەبێ شێخ عوبەیدوللاّ زۆر لەپێش هەڵگیرسانی شۆڕشەکەوە بیری لەشۆڕش و خۆسازکردن کردبێتەوە.

ڕەنگە وەفایی بەتەڕیی شێخیش چووبێتە کن چەندین کەس لەمانە، چونکە جێی متمانەی شێخ بووە. بەڵام وەفایی خۆیی لەم بابەتە گرنگە لاداوەو، تەنانەت باسی شۆڕشەکەی شێخیشی نەکردووە، لەئاماژەیەکی کزو چکۆلە بەدەر، ئەویش لەترسی ڕۆمو عەجەم. لەکاتێکدا مێژووی خەباتی ڕزگاریی کورد زیاتر پێویستیی بەوە هەبوە لەم بارەیەوە لەسەری بنووسێ.

لەبارەی ژیانی وەفایی خۆیەوە

بەشێکی دیاری ژیانی وەفایی لە (تحفة المردین)دا روونکردەوەتەوە، مێژووی هاتنی وەفایی بۆ لای شێخ عوبەیدوڵڵا لەم بەشەدا نییە. بەڵام زیاتر لەجارێك گوتوویە نێزیکەی چواردە ساڵ لەلای شێخ ماوەتەوە تا برایە ئەستەموڵ. واتە تاساڵی ١٨٨١ لەلای بووە. لەمەوە دەزانین وەفایی دەروبەری ساڵی ١٨٦٨ هاتووەتە لای. لە (ل١٦٦–١٦٨)دا باسی کردووە چۆن هاتووەتە خانەقا (تەکیە)ی (نەهری) لای شێخ، ئەویش حوجرەیەکی تایبەتی داوەتێ و کردوویە بەمیرزا یانی کاتبی خۆی. لەوێ دەرسی فارسی و خەتی فێری محەمەد سدیق و عەبدولقادر (شێخ عەبدولقادری شەمزینی)ی جووتە کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا کردووە کەئەوکاتە تازە پێدەگەیشتن، دەرسی فارسی و خەتی فێری محەمەد باقری برازای شێخیش کردووە.

لە (ل٨٤)دا باسی کردووە ژن و منداڵی لەسابڵاخەوە هێناوەتە نەهری، بەڵام لەبەرئەوەی خەڵکی شاربوون ژیانی لادێیان پێ ناخۆش بووەو، پاش ماوەیەك داوایان لەوەفایی کردووە بیانگەڕێنێتەوە سابڵاخ و، گەڕاندوونیەوە. لە (محەمەد ئەمین)ی برایشی دوواوە کەئەویش هاتووەتە خانەقای نەهری و چلەی کێشاوە، واتە چل ڕۆژ کەوتووەتە خەڵوەت (خەڵوەتکێشان). نەریت وابووە ئەو کەسە پاش چلە پلەی (خەلیفە)ی وەرگرتووە. لە (ل٨٢–٨٣)دا بەکورتی باسی باوکی خۆیی کردووە. ئەو ساڵە کەشێخ چوو بۆ شەڕی ڕووس، واتە لە ١٨٧٧دا، باوکی تەمەنی (١٠٢–١٠٣)ساڵ بووە.

شێخ عوبەیدوڵڵا زۆری وەفایی خۆشویستووەو گەلێك ڕێزی لێگرتووە، چونکە شاعیرو میرزایەکی زۆر بەتوانا بووە. شێخ خۆیشی شاعیر بووەو کتێبی (مثنوی)ی بەشیعری فارسی داناوە. وەفایی گێڕاویەتیەوە جارێکیان شێخ دیویە مێزەرەکەی ئەم چڵکنو جلەکانیشی کۆن بوون. ئیدی مێزەرەکەی خۆیی لێ گرتووەتەوەو ناویەتە بان سەری وەفایی. ساڵێکیش گەنم لەعەمارەکانی شێخدا کەم بووەو، نانی موریدانو ئەهلی خانەقا بووەتە نانی جۆ. وەفایی بەنانی جۆ قەبز بووەو چەند ڕۆژێك دانەنیشتووەو زۆر بێتاقەت بووە. شێخ هەستی پێکردووەو بەسەرپەرشتیی خانەقای گوتووە: تادانەوێڵەی نوێ پەیدا دەبێ، نانی گەنم بدەنە وەفایی. ئەمجا خواردنی لەخوانی تایبەتی شێخ بۆ هێنراوە. ناوی ئەو سەرپەرشت (ناظر)ەی خانەقا لە (ل٦٠–٦١)و (ل٤٧)دا (حاجی ئیسماعیلی نازر) بووە.

جارێك بەپێی (ل٥١–٥٥) شێخ لەهاویندا لەگەڵ (٤٠٠–٥٠٠) مەلاو سەیدو خەلیفەو موریدو دەستو پێوەندی خۆیدا چووەتە (چیای شەهیدان) کەشاخێکی بڵندو زۆزانی خیلی هەرکی‌یان بووەو گۆڕی هەژدە یارو پێڕەوی (صحابە)ی پێغەمبەری ئیسلامی لێیە (دیارە کورد لەوشاخە سەختەدا شەڕێکی گەرمی لەشکری ئیسلامی کردووەو هەژدە کەسی لەوێ لێ کوشتوون). ئەوێ زۆژو شەوی بەهاوین ساردبوون. ئەو خەڵکە بەشەو کۆمەڵ کۆمەڵ ئاگرێکی گەورەیان کردووەتەوەو تابەیانی نەکوژاوەتەوە. شێخ لەوشەوەدا نیوەی عەباکەی خۆیی بەخۆداو نیوەی دیکەیی بە (وەفایی)دا داوە. بێگومان ئەمە ئەوپەڕی ڕێزگرتنە لەوەفایی و بەکورێکی خۆیی حسێب کردووە.

لە (ل٦٩)دا نوکتەیەکی خۆیی باس‌کردووەو گوتوویە: بەیانی‌یەك کەتەنگاو بووم‌و نیازم بوو بچمە سەرئاو. چەند خولامێکی شێخ هاتن‌و گوتیان شێخ بەزووترین کات تۆی دەوێ‌و قەڵەمەکانت بێنەو لەگەڵماندا وەرە. چەند هەوڵم لەگەڵدا دان ڕێگەم بدەن بچمە سەرئاو، نەیانداو تووڕەبوون‌و گوتیان زوو لەگەڵماندا وەرە. ناچار بووم بەوحاڵەوە لەگەڵیاندا بچم. شێخ کەروخسارمی دی، پێکەنی (واتە پەیی بەوەزعی وەفایی برد). پێی گوتم فلان نامە بنووسە.

منیش حوقەیەکی قەڵەمدانم لەباخەڵی خۆم دەرهێناو، بەپێوە دەستم بەنووسین کرد. بەڵام کەمێك مەرەکەب ڕژایە سەر تەختەتاشێك. پێم حەیف بوو ئەو مەرەکەبە بەخۆڕایی بڕوات، منیش نووکی قەڵەمەکەمم لەمەرەکەبەکە دەداو پێم دەنووسی (واتە دادەنەویەوە، چونکە بەپێوە دەینووسی). شێخ پێکەنی‌و گوتی: میرزا تۆ چونکە پیسی (واتە تەنگاوی)، ئیش پیس دەکەی. قەڵەمو کاغەزەکانت دانێ، بڕۆ سەر ئاوو زوو وەرەوە. منیش گوتم: ئاخر خولامەکانت لەبەر ئەوەی خێڵەکی‌و کەمهەستو نەزانن، ڕێیان نەدام بچمە سەرئاو.

خۆتان دەزانن حەزناکەم بەبێ دەستنوێژ بێمە خزمەتتان. ئیدی قەڵەمو کاغەزەکانم داناو چوومە سەرئاوو گەڕامەوە. شێخیش بانگی خولامەکانیی کردو پێی گوتن: پەلە لەمیرزا مەکەن.

وەفایی لە (ل١٨٢–١٨٧)دا نووسیویە: جارێك تووڕەبووم‌و داوام لەشێخ کرد بچمەوە نێو ماڵو منداڵم. پاش هەڵپێچانی شێخ، ئەوجا رێگەی دام. بەڵام کەگەڕامەوە ساباڵاخ، دیسان ئاگری عەشقی شێخ لەگیانم بەربوو وهەڵگیرسایەوە، چامەیەکم بۆ شێخ نووسی‌و بەخەلیفە مەلا خزری نەرزیوەیی یەکێك لەگەورەپێڕەوانی شێخدا ناردم (شیعرەکە لە تحفه المریدین‌دا هەیە). شێخ عوبەیدوڵڵایش نامەی بۆ وەفایی نووسیوەو، سەرەتاکەی ئەمەی خوارەوە بووە:

((عزیزم میرزا وەفایی

(شعر)

با این همه دوشمنی کەکردی

باز ای کەدوستی همان است))

واتە: وێڕای ئەو هەموو دوژمنایەتیە کەکردووتە، وەرەوە، هەمان دۆستی جارانی.

چوونەوەی وەفایی بۆ زیارەتی گلکۆی شێخ عوبەیدوڵڵا لەشاری (مکە)و دیدەنیی شێخ عەبدولقادری کوڕی

وەفایی لە (ل٢٠٣–٢١٢)دا گوتوویە: پاش کۆچی دواییی شێخ عوبەیدوڵڵا لە (مەککە) ساڵی ١٣٠٠ی‌ك (١٨٨٢–١٨٨٣)، هەر لەخەفەتی کۆچی شێخ غەزەلی دەردناکی فارسی‌و کوردیی دەخوێندەوەو، پەرۆشی سەردانی گلکۆ (قەبر)ی شێخ‌و دیدەنیی شێخ عەبدولقادر بووە. بیست‌و هەشتی شەعبانی ساڵی ١٣٠٨ی‌ك (٨ی نیسانی ١٨٩١ز) لەگەڵ حاجیەکانی ساباڵاخ‌و (مەلا عەبدوڵڵای زەردەڕوو)ی خەلیفەیەکی شێخدا بەڕێکەوتوون‌و لەڕێگای ڕەواندزەوە گەیشتووەتە حەڵەب‌و، باسی قەراغی زەریای کردووە کەچۆن پاپۆڕەکەیان خەریك بووە لەزەریای سپیدا نوقم ببێ‌و، بەزەحمەت گەیشتوونەتە پول سەعید (پۆرسەعیدی میسر). لەوێڕا بەپاپۆڕ هاتوونەتە بەندەری (ینبوعی حجاز)‌و، بەحوشتر تاشاری (مەدینە). پێنج حاجی لەلایەن ڕێگرە عەرەبەکانەوە کوژراون‌و وەخت بووە (وەفایی)ش بکوژن کەلەڕێگا لەبەر ماندوویی خەوی لێ کەوتووە. بەڵام لەخەودا شێخ عوبەیدوڵڵا پێی گوتووە: میرزا میرزا میرزا. کەهەڵدەستێ، دەبینێ ڕێگرو جەردەکان بەرەو لای ئەو دێن. ئیدی رادەکات‌و دەگاتە حاجیەکان‌و، لەکوشتن قوتار دەبێ. لە (مەدینە)وە دێتە (مەککە)‌و حەج دەکات. لەوێ لەگەڵ چەند حاجیەکی موریدی شێخ عوبەیدوڵڵادا دەچێتە شاری (تایف– طائف) لای شێخ عەبدولقادر کەلەگەڵ باوکیدا دوورخرابوونەوە بۆ ئەوێ. (شێخ محەمەدی مەدەنی)ی خەلیفەی شێخ عوبەیدوڵڵایش لەوێ بووە. وەفایی وەسفێکی باشی شاری (تایف)ی نووسیوە. چل ڕۆژ لەلای شێخ عەبدولقادر ماوەتەوە، پاشان بەپاپۆڕێکی هیندی لەزەریای سوورەوە گەڕاوەتەوە، لەکەنداوی عەرەبی‌یەوە گەیشتووەتە شاری (بەسرە). وەسفێکی چاکی بەسرەو دانیشتوانەکەیی کردووە. ئەم سەفەرە سەید محەمەد سەعیدی کوڕی سەید عەلیی کوڕی سەید عەبدوڵڵای شەمزینیی خەلیفەو ژنبرای شێخ عوبەیدوڵڵایشی دیوە کەماڵەکەی لەشاری (مەککە) بووە.

بەسەرەتای ئەم باسەدا دەردەکەوێ کەئامانجی سەرەکیی وەفایی سەردانی گۆڕی شێخ عوبەیدوڵڵابووە، بەڵام هیچ باسی سەردانی گۆڕی شێخ ناکات. تۆ بڵێی لەو چەند ساڵەدا گۆڕەکەی کەلەگۆڕستانی موعەللا (معلی)ی شاری مەککە)دا بووە، بزر بووبێ؟ دەنا بۆچی لێی نەدواوە؟

دووەم سەفەری وەفایی بۆلای شێخ عەبدولقادری شەمزینی لەشاری (مەدینە)

وەفایی لە (ل٢٢١–٢٢٦)دا باسی ئەم سەفەرەیی کردووەو نووسیویە: پێنج ساڵ پاش دوورخستنەوەی شێخ عەبدولقادر کەشێخ عوبەیدوڵڵا پێش سەفەری بەغدا ناوبراوی لەکۆبوونەوەیەکی گەورەدا بەناسناوی (غوث ثانی)یەوە کردبووە (ولی‌عهد) یانی جێنشینی خۆی‌و پێی ناسراو، تەنانەت شێخ عوبەیدوڵڵا لە (تایف)یش بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات بەموریدانی خۆی‌و (شێخ محەمەدی مەدەنی)ی گوتبوو عەبدولقادر جێگری منە؛ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم شێخ عەبدولقادری لە (تایف)ەوە هێنایەوە ئەستەموڵ‌و شوێنێکی لەنێزیکی سەرای دەوڵەت دایێ‌و ڕێزی لێ گرت. شێخ عەبدولقادر لەساڵی ١٣١٣ی ك (١٨٩٥–١٨٩٦ی‌ز)دا لەئەستەمبوڵەوە

نامەی بۆ وەفایی نووسیوە بەڵکو (تحفة المریدین)ی بۆ ببات تاچاپی بکات. ئیدی بەسێ مانگی زستان پاکنووسی کردووە.

سااڵی پاشتر –وەک گوتمان– چووەتە الی بۆ (مەدینە)و گەڕاوەتەوە ساباڵاخ. وەفایی دووەم جار لە (١٩٠٢)دا چووە حەج‌و، لەگەڕانەوەدا لەبیابانی شام کۆچی دواییی کرد. جاکە ئەو سەفەرەی پێشوو دانەی (تحفة المریدین)ی لەگەڵ خۆدا بردووە؛ نازانین ئاخۆ لەالی شێخ عەبدولقادر بەجێی هێشتووەو دانەیەکی دیکەی لەساباڵاخ هەبووە، یان ئەو دانەیەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە؟!

وەفایی (تحفە المریدین)ی وەک مێژوویەکی گرنگی شێخ عوبەیدوڵاڵای شۆڕشگێڕو کوردپەروەر داناوەو، بەمرۆڤێکی ژیرو بەدادو دووربین‌و بەدەست‌و دڵو خاوەن (کەرامات)و دژی ستەم‌و زۆرداری‌و بەجەرگ‌و ئازەزوومەندی ئاوەدانکردنەوەی خانوبەرەو دێهات‌و خاوەن موریدو خەلیفەو دەستوپێوەندێکی زۆر پەسندی داوە کەخانەقاکەی (نەهری)ی هەموو کاتێک پڕ بووە لەموریدو خەلیفەو زانایان. لە (ل١٧١–١٨٢)دا نووسیویە: نێزیکەی چواردە ساڵ لەخزمەتی شێخدا مامەوە. میوانەکانی هیچ رۆژێک لە سێسەدو چوارسەد کەس کەمتر نەبوون، لەزستاناندا نەبێ کەبەفر ڕێگاکانی دەگرت. جاروبار میوانانی خانەقا دەگەیشتنە هەزارو پێنجسەد کەس لەخەڵکی شارو دێهات‌و خەڵکی (بلخ‌و بخارا)و، خەلیفەکانی لەئێران‌و شیروان (لەقەفقاسیا)و کوردستان‌و داغستان‌و خاکی ڕۆم (واتە ئەنادۆڵ) خەریکی خزمەتی ئاین‌و خەڵک بوون.

چوونەوەی شێخ عوبەیدوڵاڵا بۆ ئەستەموڵ‌و لەوێشەوە بۆ حەج

وەفایی لە (ل١٨٥–١٨٦)دا نووسیویە: شێخ کەوتە سەر سەفەری حەج‌و، جگە لەچەند کەسێکی خزمی، سەد کەس لەسادات‌و زانایان‌و خەلیفەو موریدەکانی لەگەڵیدا چوونە حەج. ئەویش لەگەڵیدا چووە تا (وان) و، چەند رۆژێکی تێدا ماوەتەوە. خەڵک لەهەموو الیەکەوە لەژمارەنەهاتوو هاتوونە دیدەنیی. وەفایی لەو سەفەرەی حەج بێبەش بووەو، شێخ تەسلیمی (عەلی ئاغای حەیدەری)ی گەورەی خێڵانی (کوردی)ی دەوڵەتی عوسمانیی کردووە. شێخ وێالیەت بەوێالیەت کەچووە، جگە لەجەماوەری کورد چەندین دەستە ستوونی عەسکەریش بۆ پێشوازیی هاتوون. پاشای عوسمانی پاپۆڕی تایبەتی خۆی کەناوی (پیاڵە) بووە، لەگەڵ چەند پاشاو گەورە بەرپرسێکی دەوڵەتدا بۆ شێخ ناردووەو بەپیریەوە هاتوون. پاپۆڕێکی دیکەیش بۆ حاجیەکانی هاوسەفەری نێردراوە. هەموان سواربوون‌و ڕۆیشتوون. واتە شێخ لەزەریای ڕەشەوە چووەتە ئەستەموڵ.

کەگەیشتووەتە کەناری ئەستەموڵ، هەموو زانایان‌و سادات‌و گەورەو بچووکی شار ڕژاونەتە قەراغی زەریا بۆ پێشوازی‌و زیارەتکردنی. دەستەیەک هاتوون‌و دەستەیەک چوونەتە دەرێ. بەبڕیاری دەوڵەت بەچەندین هەزار گەورەکردن‌و ڕێزلێنانەوە لەسەرای (مابین همایون) دابەزیوەو، ڕۆژی (٣٠) لیرەی زێڕی بۆ تەرخان کراوەو، سێ ژەم سەد سینی خواردەمەنی بۆ خۆی‌و حاجیەکانی چووە. سوڵتان پاش بیست ڕۆژ فەرمانی داوە سواری پاپۆڕ ببن‌و بڕۆن. شێخ چەند رۆژێک لەئەسکەندەریەو میسر (قاهیرە) ماوەتەوەو، لەوێوە بەپاپۆڕ چووە بۆ شاری (ینبوع) لەحیجازو ئەمجا شاری (مەدینە)و (مەککە). پاش تەواوکردنی ڕێورەسمی حەج، هاتووەتەوە (جدە)و، بەپاپۆڕ گەڕاوەتەوەو هاتووەتە حەڵەب‌و پاشان وڵات.

دیسان خەڵکێکی زۆر هاتوونەتە دیدەنیی‌و (وەفایی)ش هاتووەتە خزمەتی. پاشتر لەگەڵ ساباڵاخیەکاندا کەهاتبوونە زیارەتی شێخ، چووەتەوە بۆ ساباڵاخ بۆ دیتنی ماڵ‌و منداڵی. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (نەهری)و، نەخۆشیی (تاعوون) باڵاوبووەتەوەو (نەهری)شی گرتووەتەوەو ژمارەیەک موریدو ڕێبوار کۆچی دواییان کردووە. (وەفایی)ش تووش بووە، بەاڵم –خۆی گوتەنی– بەبەرەکەتی شێخ کەبەسەریدا خوێندوویە، سەاڵمەت دەرچووە.

وەفایی لەشوێنێکی دیکەدا گووتوویە: بڕیار وابووە شێخ بەپێی ئەو بەرنامەیە کەدەوڵەتی عوسمانی بۆی داناوە، لەحەجەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەستەموڵ. دەوڵەت بەنیازبووە کەهاتەوە ئەستەموڵ، لەوێ نیشتەجێی بکاتو نەهێڵێ بچێتەوە وڵاتی خۆی. بەاڵم شێخ هەستی بەم نیازەیان بردبوو، بۆیە نەچوەوە ئەستەموڵ‌و،

بەپاپۆڕ هاتە ئەسکەندەروونەو ئەمجا حەڵەبو، لەوێشەوە بەسواری گەڕایەوە بۆ وڵات. واتە لەچنگی حکوومەت دەرباز بوو.

سەفەری بەغدا

وەفایی لە (ل١٤١–١٤٦)و (ل١٨٨–١٨٩)دا باسی سەفەری شێخ عوبەیدوڵڵای کردووە بۆ شاری بەغداو زیارەتی نزرگەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی. شێخ عەبدولقادری کوڕیو خەڵکێکی زۆری لەگەڵدا بوون. شێخ چەندین مافووری گرانبەهای بۆ نزرگەی شێخ عەبدولقادر بردووە. لەرێگە هەموو رۆژێک لەگشتلایەکەوە زانایانو سادات‌و خەڵک بەپیریەوە هاتوون. چەند رۆژێک لە (مووسڵ) ماوەتەوە بۆ زیارەتی گۆڕی (نەبی یونس)و پێغەمبەرەکانی دیکە کەلەو خاکە پاکەدا نێژراون. شێخ لەرێگە بووە بەمیوانی (سەید محەمەد نووری)ی خەلیفەیەکی شێخ محەمەدی بریفکانی. یەکێکیش لە مووسڵ کچێکی خۆیی داوەتە شێخ. شایانی باسە (سەید محەمەد نووری)ی خەلیفەی شێخ نووەرەدین لەموسڵ دادەنیشت، وەک لەکتێبەکەمدا (دیوانا کرمانجی ل١٠٥–١٠٦) باسم کردووە. وەفایی بەهەڵەداچووە کەگوتوویەتی خەلیفەی شێخ محەمەدی بریفکانی بووە.

لە (ل١٤٤)دا نووسیویە: شێخ کەنێزیک بەبەغدا بووەوە، نەقیبی سادات‌و قازیو ناودارانی بەغدا پێشوازییان لێکرد. شێخ چووە تەکیەی شێخ عەبدولقادرو نێزیکەی چل رۆژ لەوێ مایەوە. والیی بەغدا سەری لێدا. پاشان شێخ لەبەغداوە بەرێگای کەرکووک‌و رەواندزدا گەڕایەوە بۆ شەمزینان. وەفایی مێژووی تەواوی ئەم سەفەرەی شێخی نەزانیوە. بەڵام بەمەزەندە گوتوویە: دووسااڵی پێ نەچوو دوای سەفەرەکە، شەڕی بازید (بایەزید) رووی‌دا. شێخ عوبەیدوڵڵا خۆیشی لە (مثنوی، ل١١٦)دا گوتوویە: کەلەسەفەری بەغدا گەڕامەوە، دەوڵەت داوای لێکردم خۆئامادە بکەم بۆ بەشداریی جەنگی رووس. واتە سەفەرەکە هەر لەساڵی ١٨٧٧، یا نێوان ئەم ساڵەو ساڵی پێشتردا بووە.

بەشداریی شێخ عوبەیدوڵڵا لەشەڕی ساڵی ١٨٧٧–١٨٧٨ی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و رووس

شێخ عوبەیدوڵڵا زانیی ئەگەر بەشداریی ئەم شەڕەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و رووس بکات، لەلای خەڵکی کوردستان‌و دەوڵەتی عوسمانیش پلەو پایەی بەرز دەبێتەوە؛ بەتایبەت ئەگەر ببێتە فەرماندەری هەموو هێزی کورد لەم شەڕەدا. لەبەر ئەوە بەشداریی تێدا کردو بوو بەسەرکردەی تێکڕای هێزی خێڵانی کورد؛ تەنانەت هیی ئەو کوردانەیش کەلەکوردستانی باشوورەوە چوونە ئەو شەڕە، لەوانە ئەو هێزە کە شێخ مستەفای نەقیبی مامی شێخ مەحمودی نەمر لەناوچەی سلێمانییەوە بردبوویە ئەوێ. دەوڵەتی عوسمانی شێخ عوبەیدوڵڵای کردە فەرماندەی هێزی کورد. ئەمە کارێکی کرد شێخ ببێتە گەورەترین فەرماندەری هێزی کورد. ئەم ئەزموونە هانی شێخی‌دا زیاتر متمانە بەخۆی بکات‌و پتر بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی‌و هەڵگیرسانی شۆڕش بکاتەوە.

وەفایی لە (ل١٩١)دا گوتوویە: لانی کەم سەد هەزار کورد لەژێر فەرماندەیی شێخدا بوو، دەوڵەت ئازووخەو چەک‌و تەقەمەنیی ئەو هێزەی دابین کردبوو[1]. شێخ توانیی دوو شاڵاوی رووس بۆسەر شاری بایەزید تێکبشکێنێ‌و، زۆری لەهێزی رووس کوشت‌و دیلکرد. بەڵام لەبەر خیانەتی هێندێک کاربەدەستی دەوڵەتی عوسمانی، بەزین‌و شکان تووشی سوپای عوسمانی هات‌و، ناوچەکانی قارس‌و باتووم‌و ئەردەهان‌و بایەزیدو چەندین ناوچەی دیکە کەوتنە دەست رووس. ئیدی شێخ عوبەیدوڵڵا وردە وردە هێزەکەی خۆیی بڵاوەپێکرد بگەڕێنەوە تاخۆیشی گەڕایەوە.

لێرەدا بەباشی دەزانم بۆ خوێندەوارانی رووبکەمەوە کەشێخ عوبەیدوڵڵای شاعیرو ئەدیب‌و شۆڕشگێڕ لە کتێبەکەیدا (مثنوی، ل١١٦–١٥٣) زۆر بەدرێژی لەسەر بەشداریی خۆیی لەجەنگی عوسمانی‌و رووسدا نووسیوە کەلەلای کورد بەشەڕی (قەرس‌و بایەزید) بەناوبانگە. شێخ گوتوویە: کەلەبەغدا گەڕامەوە، دەوڵەت داوای لێکردم خۆ بۆ جەنگ سازو تەیار بکەم. منیش دوو بەیاننامەم، یەکێک بەعەرەبی‌و ئەوی دیکە بەفارسی، لەپێش شەڕدا لەنێو خەڵکی کوردستاندا بڵاوکردەوە‌و، بڕیاری بەشداریکردنم تێدا راگەیاندن‌و داوام لەخەڵک کرد بەشداریی جەنگەکە ببن.

هەردوو بەیاننامەکە بەدەق لە(ل١١٩–١٣٢)ی (مثنوی)دا هەن. نووسیویە: کەبەیاننامەکەی گەیشتووەتە دەست سوڵتان عەبدولحەمیدو خوێندوویەتیەوە، گریاوە، شێخی مەزنو رەوانبێژ گوتوویە: رووس شاری بایەزیدی گرتو تانێزیکی شاری (وان)هاتو، ترس وەکوو بومەلەرزە کەوتە نێو دڵی خەڵک. من خەبەرم بۆ هەموو خەڵکی کوردستان ناردو، ماوەیەک لەگەڵەر (کور) وەستام. فەوج فەوج لەشکری کوردم رەوانەی بەرەی شەڕ دەکرد. لە (ل١١٦) گوتوویە پەنجا هەزار کوردی جەنگاوەری ئازام بۆ شەڕ کۆکردەوە. کوردان لەشەڕدا وەک شێربوون‌و، چەخماخەی نەعرەتە لەشکری کردبووە هەورو باران خوێنی بەسەر دەشت‌و دۆڵدا رژاندو سەری رووسەکان گلۆر دەبوەوە‌و لەهەموو شوێنێکدا راوی نەڕەشێربوو. ئەو چەخماخەو هەورو بارانە لافاوی خوێن‌و مەرگی هەستاند. لەترسی شەڕکەرانی (کورد)، بەبێ لێدان گیان لەجەستەی رووسەکان جیادەبووەوە، رووی‌زەمین بەدەم‌وچاوی رووس سوورببوو. رووس لەبەر زەبری تیغی کورد خۆیان رانەگرت‌و هەڵاتن‌و کورد راوی دەنان. لافاوی خوێن لەئامرازەکانی جەنگەوە دەباری. ئەوەی کەلەرووس مایەوە، کورد لەبایەزید ئابڵووقەی دان.

شێخ گوتوویە: سوپای عوسمانی هیچ نەخشێکی لەشکانی رووسدا نەبوو. چەند فەوجێکی عەسکەری تورک (فائق)ناوێك فەرماندەریان بوو، ئەوە فەرماندەری هێزی (وان)بوو، ناوەکەی خۆیی خەسارکردبووو داماوبوو. ئەفسەرو قوماندانەکانی تورک کەئەو سەرکەوتنەی ئێمەیان دی، دژمان راوەستان‌و نۆ رۆژ ئازووخەیان لەهێزەکەمان بڕی، لەکاتێکدا هێزی رووسمان ئابڵوقەدابوو. بۆیە هێزەکەمان لەبرساندا بڕستی لێبڕاو تاقەتی نەما. چەند هەوڵم لەگەڵ (فائق)دا ئازووخەمان بۆ پەیدابکات، سوودە نەبوو، ئیدی لەشکرەکەمان لەبرساندا رێگای هەڵاتنی گرتەبەر[٢]. بەهەزار حاڵ بەشێکی لەشکرەکەم گەڕاندەوە‌و، سەریاری برسێتی هەر رووسیان لەقەڵای بایەزیددا ئابڵووقەدابوو. تاجارێکیان چەند فەوجێکی هێزی رووس بەفریای ئەو هێزە ئابڵووقەدراوەیانەوە هاتن. کوردان وەک شێرێکی برسی نێچیرێکی کوێر ببینێ، هێرشیان بردەسەریان‌و شکاندنیان‌و کەوتنەدوایان. کەتورکەکان ئەم سەرکەوتنەیان لەهێزی کورد دی، دیسان بەخیلی‌یان پێ بردن‌و کوردیان لەئابڵووقەدانی رووس کێشایەوە. پاشتر هێزێکی رووس لەشاری (رەوان)ەوە هات‌و، رووسەکان ئابڵووقەکەیان شکاندو هاتنە دەرێ‌و ژمارەیەک تورکیشیان بەدیل گرت‌و تۆپەگەورەکانیشیان بردن.

شێخی ئەدیب گوتوویە: کورد لەرۆژی جەنگدا ئازان‌و لەدڵفراوانیدا (حاتەم)ن. وشەی کورد لەسێ پیت پێکهاتووە: (ك) ێ (كمال)و (ر)ێ (رشد)و (د)ێ (دين)ە. گەوهەرێکیان لەچاکەو هونەردا هەیە، هیچ میللەتێکی دیکە نیەتی. ئەگەر پەروەردەکەر (مربّي) کورد پەروەردە بکات، کەس لەهەر هونەرێکدا وەک ئەوان نابێ. بەڵام پێویستە پەروەردەکەریان هەبێ. ئەگەر لەگەڵ یەکدیدا رێکبن‌و سەرکردەیەکیان هەبێ، دەوڵەتێکی نموونەیی دروست دەکەن.

شێخ عوبەیدوڵڵا پاش ستایشێکی زۆری کورد، لە (ل١٤٨)دا گوتوویە: تورك پاش ئەم شکاندنەیان، دیسان داوای یارمەتی‌یان لێ کردمەوە، منیش مانگێك لەوبەدوا لەشکرێکی گەورەی کوردم کۆکردەوە، چونکە شکاندنی دوژمن پێویستیی بەم میللەتە ئازایە هەبوو. کورد سەرلەنوێ کەوتەوە شەڕو رووسیان لە (قەرەبڵاغ) شکاندو تائیرەوان (ئەریوان) راویان نان‌و (ئەریوان)یان رزگارکرد، پاش ئەوە تورکەکان هاتنە (ئەریوان)و کەوتنە شادی دەربڕین‌و مژدەی رزگارکردنیان بڵاوکردەوە. بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناوی کوردیان نەهێناو، دەوڵەت کەوتە بەخشینەوەی پلەو پایەو نیشان بەسەر ئەفسەراندا. رەنج‌و ئەرکی شەڕ بۆ کوردەو، تورکیش بەرهەمەکەی دەخۆن. کەم‌و زۆر نۆسەد کەس لەکورد کوژران، شەشیان زاناو خەلیفە بوون.

شێخ گوتوویە: چەندین جار هەوڵم لەگەڵ ئەفسەرەکاندا رێمان بدەن پەلاماری قەفقاس بدەین تاڕووس لەسەرتاسەری ئەو ناوچەیەدا دەربکەین، بەڵام رێیان پێ نەداین. دەنا بەباوەڕێکی تەواوەوە بەیەک مانگ ئەو ناوەمان دەگرت‌و لەڕووسمان پاك دەکردەوە. ئەگەر کورد بەبێ ئیزنی ئەوان شەڕی بکردبایە، دوژمنایەتی‌یان دەکردین‌و شەڕ لەنێوانماندا دەقەوما. رووسیش هێرشی کردە سەر (ئەحمەد موختار پاشا)ی فەرماندەری هێزی (قارس– قەرس)و لە (قارس) ئابڵووقەی دا. ئەوجا (قورت پاشا)[٣] فەرمانی دائێمە ئەریوان بەجێبهێڵین‌و بکشێینەوە.

شێخ عوبەیدوڵڵا گوتوویە: لەم کردەوەیەی ئەفسەرانی تورك دڵگران بووم‌و، لەگەڵ هێزەکەمدا هاتمە شاری (وان). خەڵکەکە سەرجەم زۆر لەهێرشی ڕووس بۆ سەریان دەترسان، زۆر تکایان لێکردم لەگەڵ والیی وان (حەسەن)دا کەمرۆڤێکی یەکجار باش‌و بۆ هەژاران وەك باوك وابوو، بمێنمەوە. ئیدی مامەوە تازانیمان ڕووس بەرەو (ئەرزڕۆم) چوو و ڕووی نەکردە (وان). خەڵکی ئەوێیش ترسەکەیان نەما. ئەگەر من لەوێ نەمامایەتەوە، ڕووس پەلاماری دەدا. ئەمجا لە (وان)ڕا گەڕامەوە بۆ تەکیەکەم. تا گوتوویە: چەند باسی ستەم‌و زوڵمی تورکەکان بکەی کەمە. هەر پەیمانێکیان لەگاتی ڕاگەیاندنی جەنگدا پێدابووین، هیچیان لێ جێبەجێ نەکردو بەڵای خزمەتی کوردو کوردستاندا نەچوون‌و هەقی خزمەتی کوردیان خوارد.

وەفایی لە(ل١١٤)دا لەبابەتی جەنگی ڕووسدا نموونەیەکی لە نەترسی‌و بەجەرگیی شێخ عوبەیدوڵڵا هێناوەتەوەو گوتوویە: شێخ (سەید محەمەد سەعیدی شەمزینیی کوڕی سەید عەلیی کوڕی عەبدوڵڵا)ی خەلیفەی خۆیی لەم جەنگەدا لەگەڵدا بوو، پێی گوتم جارێکیان شێخ گوتی بەرمالەکەم بۆ رابخە. منیش پێمگوت کوا لەنێو ئەم هەموو گوللە تۆپ‌و گوللە تفەنگەدا شوێنی بەرماڵ هەیە؟ ئەویش گوتی بێدەنگ بە. چەند خەلیفەیەکی دیکەیشی پێیانگوت ئێرە جێی نوێژ نییە. بەڵام واباشە بچینە شوێنێکی دیکە. کەچی شێخ گوێی پێنەدان‌و، پاش سەعاتێك خێرا وەك بروسکە بەرمالەکەی هەڵگرت‌و گوللەتۆپێك بەر شوێنی بەرمالەکە کەوت.

لە (ل١٢٦)دا دیسان گوتوویە: خەلیفە مەلا عەبدوڵڵای زەردەپوویی (موکری) کەلەجەنگەکەدا لەگەڵ شێخدا بووە، بۆی باسکردم: جارێکیان شێخ لەسەر بەرمالەکەی بوو، ڕووسەکان بەدوربین شێخیان دەستنیشان کرد تابیدەنە بەر دەستڕێژی گوللە تۆپ‌و گوللە تفەنگ. ئەویش خێرا شوێنەکەیی گۆڕی‌و گوتی بەرمالەکەم هەڵبگرن، هەڵمانگرت‌و گوللەتۆپێك بەر شوێنی بەرمالەکە کەوت. هەروەها بۆی گێڕامەوە: لەو جەنگەدا نێزیکەی حەفتا هەشتا هەزار سوارو پیادە لەگەڵ شێخدا بوون. لەبەر ئەوەی جل‌و بەرگی شێخ سپی بوون، ڕووسەکان بەدووربین دەیانناسیەوەو، تەنانەت جارێکیان ناسیانەوەو یەکبینە بەر تۆپیان داو نێزیکەی هەشتا کەس شەهیدو بریندار بوون.

دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەستەمبوڵ

وەفایی لە (ل١٩٢)دا گوتوویە: دووسااڵ پاش شەڕی ڕووس هێندێك شت قەوما، ئیدی دەوڵەتی عوسمانی شێخی بەزۆر هێنایە ئەستەموڵ (مەبەستی وەفایی لەو ڕووداوانە شۆڕشی ١٨٨٠–١٨٨١ی شێخ بووە، بەڵام لەبەر دەوڵەتی عوسمانی‌و بگرە ئێرانیش نەیوێراوە باسی ئەو شۆڕشە بکات. وەفایی زۆر ئاگاداری شۆڕشەکە بووەو، لەسەر ئەم هەڵوێستەی جێی ڕەخنە لێگرتنە). ئەمجا گوتوویە: شێخ تا لە(شەمزینان)ەوە گەیشتە کەناری زەریا (واتە زەریای ڕەش) هەموو ڕۆژێك قۆناغ بەقۆناغ لانی کەم پێنج شەش هەزار کەس بەرەو پیری دەچوون‌و زیارەتیان دەکردو، بەتایبەت دەستە دەستە سوپای نیزامی بەوپەڕی ڕێزەوە شار بەشار لەگەڵیدا دەڕۆیشتن. دوای ئەوەی گەیشتە کەناری زەریا، سوڵتان کەشتیی تایبەت‌و (پیاڵە) ناوی خۆیی بۆ شێخ ناردو، لەگەڵ دەست‌و پێوەندەکانیدا تا کەناری ئەستەموڵ سواربوو. هەموو سادات‌و پیاوماقوواڵو پیرو وردو درشتی شاری ئەستەموڵ بەشێوەیەکی ڕەسمی هاتنە پێشوازیی. شوێنێکی تایبەت بۆ شێخ‌و پێڕەوانی لەنێزیکی سەرای دەوڵەت‌و (مابین همایون) (یانی سەرای ئەنجومەنی وەکیلان‌و گەورە پیاوانی دەوڵەت) تەرخانکراو سوڵتان زۆر ڕێزی لێگرت[٤]، هەتا هەواڵی ئەو ڕێزگرتنە لەهەموو دەوڵەتانی خۆرئاواو خۆرهەڵاتدا دەنگی دایەوە. نێزیکەی دوومانگ ڕۆژانە سی لیرەی زێڕی عوسمانی لەخەزێنەی دەوڵەت بۆ خەرجیی دانرا. ئەمە جگە لەوەی کەخواردنی لەچێشتخانەی سەرای دەوڵەت بوو. لەماوەیەکی کەمیشدا دەوری پەنجاهەزار پیروجوان‌و ژن‌و مێرد لەدوورو نێزیك بوون بەموریدی‌و تۆبەیان لەسەر دەستی کرد. ڕۆژانە لانی کەم هەزار کەسیش لەدەرەوەڕا دەهاتنە زیارەتی‌و، زۆربەیان تەریقەتیان لێ وەرگرت.

منیش بەخت وای بۆ بڕیبوومەوە لەوڵات بمێنمەوەو یاریدەی نەدام، ئەگەر چی شێخ چەند جارێك بەدەستخەتی خۆی نامەی بۆ نووسیم تا بچمە لای، بەڵام خوا لەچارەی نووسیبووم ئەو

بەختەوەرییە نەبێتە نسیبم، هەرکاتێك خۆم سازدەکرد بچم، گرفتێك پەیدا دەبوو. پاش دە مانگ ژیانی نێو ئەستەموڵ، لەگەڵ مرۆڤێکی شارەزاو متمانەپێکراو و ئەمیندا لەوێ دەرچوو[٥]. زستانێك لەوڵات مایەوە. کاربەدەستانی دەوڵەت چوون بەتاوانی خۆئامادەکردن بۆ شتێکی دیکە (یانی شۆڕش) گرتیان[٦]. دووبارە فەرمانی دەوڵەت دەرچوو خۆی‌و ماڵو منداڵی بۆ (حرمین شرفین) – واتە حیجاز– دوورببخرێتەوە. دوای بڕینی مەودایەکی دوورو پڕ ئازارو ماندوویی گەیشتە (مەککە)ی گەورە... لەوێیشەوە بۆ شاری (تایف– طائف) کەئاوو هەوای زۆر خۆشە. چووە حەج‌و، ساڵی پاشتر لەگەڵ خێزان‌و ماڵو منداڵیدا چووەوە حەج. منیش ئەم شیعرەم بەحاجیەکانی سابڵاخدا بۆ نارد (شیعرێکی فارسیی درێژەو لەساڵی ١٣٠٠ی کۆچیدا بووە)و، لەسەر چیای (عەرەفات) دایانە دەست شێخ‌و لەناکاودا نەخۆش کەوت‌و دوای شەوو رۆژێك کۆچی دواییی کرد. ژنەکەی‌و کوڕەگەورەکەیشی دووسێ رۆژ لەوەبەدوا کۆچی دوایی‌یان کردو بەتەنیشت یەکەوەو نێزیك بە گومەزی دایکی پێغەمبەر لەگۆڕستانی موعەللا (معلی)ی (مەککە) نێژران. وەفایی لە (ل١٩٤–١٩٧)دا ئەو شیعر فارسیەی تۆمارکردووەو، لە (ل١٩٩–٢٠٢)یشدا ئەو شیعرە کوردیەی هێناوەتەوە کەبۆ شینی شێخی داناوە.

ئەگەرچی وەفایی رۆژی کۆچی دواییی شێخی دیاری‌نەکردووە، بەڵام بەقسەکەیدا دەزانرێت لەنۆزدە یا بیست رۆژی کۆتاییی مانگی (ذي الحجة)ی دوامانگی ساڵی (١٣٠٠)ی‌کدا، واتە دوازدەی تشرینی یەکەم تا شرینی دووەمی ١٨٨٣ی‌زا، کۆچی دوایی کردووە.

هێندێك زانیاریی مێژوویی دیکە

وەفایی لە (ل٣٩)دا گوتوویە: ئاووهەوای (نەهری) لەسەرەتای هاویندا سازنەبوو، شێخ عوبەیدوڵڵا هەتاوگاز بووبوو. چووە کوێستانی (مەیدانان)و زۆر کەسی لەگەڵدا بوو. ئەم سەفەرە جەنابی تاقانەی سەردەم‌و بێوێنەی رۆژگار (مەلا عومەری رەواندزی) لەگەڵ ژمارەیەك فەقێیدا هاتن‌و، پاش گەیشتنە مەنزڵگا سێ چادر هەڵدرا: یەکێك بۆ مەلا عومەرو قوتابیەکانی‌و یەکێك بۆ چێشتپەزەکان‌و یەکێکیش بۆ شێخ‌و من‌و سەید عەبدوڵڕەحمانی خزمی شیخ. شێخ بەشەو نوست‌و، دووکەسی ئێمە تۆرەمان بۆ گرت‌و تابەیانی نەنووستین. شوێنی وا خۆش لەو ناوچەیەدا نییە؛ کانیەکانی هێندە سازگارو ساردن نەمدەتوانی سێ قوم ئاویان یەکبینە لێ بخۆمەوە. وەفایی بەپەخشان‌و چەند (چوارینە)یەك پەسنێکی شاعیرانەو سەبری ئەم شوێنەی داوەو، گوتوویە چەم‌و قەراغەکانی وەك بەهەشت‌و بۆنی لالەزارو ریحانەو گوڵەنیسان‌و جۆرەها سوێسن‌و سونبول‌و جۆرەها نێرگزو وەنەوشە رۆژەرێیەك دەڕوات‌و مرۆڤ سەرسام دەمێنێ. زاناو سادات‌و خەلیفەو موریدان ئەڵقەدەبەستن‌و، شێخ باسی زانست‌و مەعریفەتیان بۆ دەکات.

لە (ل٤٢)دا گوتوویە: شێخ عوبەیدوڵڵا هاوینێکی دیکە دیسان چووە کوێستانی (مەیدانان)و سەرقاڵی ئاواکردنەوەی دێ‌و دروستکرنی چەند خانوویەك بوو بۆ خەڵك. رۆژێك (سەعید بەگ)ی حاکمی شەمزینان هاتە دیدەنیی شێخ. وەفایی لە (ل٤٣)دا باسی ئاواکردنەوەی دێیەکی کردووە لەلایەن شێخەوە کەدەوری دووسەد کرێکاری خستووەتە سەر. لە(ل٤٥)دا گوتوویە: (مارشەمعوون)ی سەرۆکی مەسیحیەکان کەلەدەوروپشتی (وان) بە خەلیفەی (مەسیح) ناسراوە، جارێك مەسیحیەکان چەکدار دەکات‌و دێتە شەڕی شێخ عوبەیدوڵڵاو دەگاتە قەزای (گەڤەر) تا دووفەرسەخ (دەوری ١٢کم)ێك نێزیکی (نەهری)ی زێدی شێخ دەبێتەوە. خەڵك دەستەدەستە لەبەریان هەڵدێن‌و، دێنە لای شێخ. شێخ هیچ جۆرە حۆسازدانێك بۆ شەڕ ناکات‌و بەخەڵکەکە دەڵێت: پشت بەخوا، برۆنەوە ماڵی خۆتان ئاسوودە بژین. رۆژێك شێخ (مەلا ئەحمەدی کاتورنەیی) ئامادەدەکات‌و پێی دەڵێت بچۆرە لای مارشەمعوون. ئەویش دەڵێت چۆن من دەنێریە لای، رەوانبێژییەکی وام نییە بتوانم بەرانبەر بەزمان‌پاراویی مارشەمعوون کەبلیمەتی زمانە رابوەستم. بۆیە ناردنی من زیانی تێدایە‌و دەبێتە نیشانەی بێهێزیی میللەت. بەڵام شێخ پێی ڵێدەکاتە کەوش کەهەر دەبێ بچێ‌و نەترسێ. ئەویش دەچێ‌و مارشەمعوون دەڵێت: سوێندم خواردووەو نەزرم کردووە یا سەری خۆم دادەنێم، یان شەمزینان بەربا

دەدەم. ئیدی مەلا ئەحمەد دووکەسی سووکەڵە دەنێرێتە لای شێخ‌و، لەنیازی ماڕشەمعوون ئاگاداری دەکاتەوە‌و، پێی دەڵێت یاخۆ بۆ شەڕ سازدەکەی، یان شەمزینان بەجێ دەهێڵی. شێخیش نامە بۆ مەلا ئەحمەد دەنووسێ‌و پێی دەڵێت مەترسیی کارەکەی ماڕشەمعوون نەما. ماڕشەمعوون شەو پیاو دەنێرێتە لای مەلا ئەحمەدو زۆر پەژێوانی پێشان دەدات‌و، دەڵێت من دۆستی شێخم‌و نابێ خوێنی یەکدی بڕێژین.

وەفایی لە ل٤٧–٤٩دا باسی هاتنی (مستەفا پاشا)ی بەنیازێکی خراپ لە (قەرس)ەوە بۆ شەمزینان کردووە. شێخ عوبەیدوڵڵا (وەفایی)‌و (حاجی ئیسماعیلی نازر)ی سەرپەرشتی کاروباری خۆیی ناردەلای‌و، شەربەت‌و شیرینی‌و گوڵاوو قەندیان بەپێی ڕێورەسمێکی دەروێشانە لەگەڵ خۆدا بۆ بردن‌و چوون. کەشێخیش چووە لای، کاری لەمستەفا پاشا کردو بوو بەموریدی‌و بەڵێنی پێدا هەرکارێکی لەلای دەوڵەتی عوسمانی هەبێ بۆی جێبەجێ بکات. شێخ رۆژی گەڕانەوەیان دیاریەکی زۆری بۆ مستەفا پاشاو پاشاکانی دیکەی یاوەریی نارد. بەڵام مستەفا پاشا وەریگرت‌و داوای لەشێخ کرد تەزبیح‌و بەرمالی خۆیی بداتێ.

لە (ل٤٩–٥٠)دا ناوی قازی مەلا عوسمانی قازیی شێخ‌و محەمەد باقری برازای شێخ براوە کە (وەفایی) دەرسی فارسیی پێ گوتوون. لە (ل٧١–٧٢)دا گوتوویە: (شجاع الدولە یووسف خان)ی حاکمی سابڵاخ پاش ئەوەی بەکوشتن‌و تاڵانکردن زیانێکی زۆری لەدێهاتی شێخ‌دا، بەهۆی حاجی سەید حەسەنی سابڵاخی‌یەوە نامەی بۆ شێخ نووسی بۆ پێکهاتن‌و دانی بەکردەوەی درێژەی خۆیدا نابووو؛ داوای هێندێك توتنیشی لەشێخ کردبوو، چونکە نەخۆش بووو پزیشکەکان پێیانگوتبوو (تووتن)ی (ناوچیا) لەشەمزینان بۆ تۆ باشە. شێخیش لەنامەیەکدا کەمن بۆم داڕشت، پێی گوت پاش ئەو کوشتارو تاڵانکردنە پێکهاتن ماقوڵ نییەو، چاکیش نابیتەوە‌و لەنەخۆشی ڕزگارت نابێ، بەڵام وا (تووتن)ێکی خۆمت بۆ دەنێرم، زۆری پێ‌نەچوو یووسف خان مرد[٧].

هەروەها نووسیویە: کەشێخ لەلای دەوڵەتی عوسمانی شکاتی لەم کردەوەیەی (شجاع الملك) کرد، لێژنە (کۆمسیۆن)یەك لەنوێنەرانی عوسمانی‌و دەوڵەتی ئێران بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە پێکهێنرا. من چواردە یا پازدە مانگ لەمەرگەوەپو قەزای گەڤەر (کەوار)و شاری ورمێ لەگەڵ مەئموورەکانی هەردوو دەوڵەتدا بووم بۆ کاری نووسین بۆ لێژنەکە. نامەم بۆ شێخ نووسی کەتائێستا هەژدەهەزار لیرەی عوسمانی لەخەزێنەی عوسمانی لەڕێگای پۆست‌و تەلگراف خەرج کراوە‌و مەسەلەکە گەورە بووەو شەوو ڕۆژ دەنووسم‌و بێتاقەت بووم. ئێستا دەڵێن ئەمە سەرەتای کێشەکەیە‌و پرسیارو وەڵام زۆرن. شێخیش بەدەستخەتی خۆی بۆی نووسیم جارێ تاکاتێکی دیکە لەوێ بم هەتا کاری ئە‌و (واتە شجاع الملك) لەغەیبەوە بەئەنجام دەگات. هێندەی پێ‌نەچوو (شجاع الملك) برایە تاران‌و هەواڵی مردنی بڵاوبووەوە. ئومێدم هەیە نووسراوەکانی ئەم کێشەیە کەبەدەستخەتی (وەفایی)ن، ئێستا لەئەرشیفی بەڵگەنامەکانی عوسمانی‌و ئێراندا پارێزراون‌و، ڕۆژێك لەڕۆژان دەکەونە بەردەست‌و وردەکاریی ڕووداوەکەیان تێدا ڕوون دەبێتەوە.

لە (ل٧٢)دا نووسیویە: شیروانی زادەی وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی کارێکی بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا ڕاپەڕاند. شێخیش نامەی بۆ نووسی‌و مژدەی دایێ دەبێتە سەرەوەزیر (صدر اعظم). پاش گەیشتنی نامەکە، کرایە سەرەوەزیر. کەئەمەی لەشێخ بینی، زۆر باوەڕی پێ کردو، تازیندوو بوو خۆیی بەموریدو پێڕەوی شێخ دەزانی. لە (ل٧٣)دا باسی سیحربازێکی کردووە هاتووەتە (وان)، کاتێك عەبدوڵڵا پاشای بابان موتەسەریفی (وان) بووە. بەڵام مێژووی ئەوسالەی نەنووسیوە.

وەفایی ناوی زۆر کەسی لە (تحفة المریدین)دا هێناوە لەموریدەکانی شێخ‌و کەسانی دیکە وەك (شێخ الاسلام)ی بۆکان کەلەلای شێخ کەوتە چلەو میرزا ئەحمەدی سابڵاغی‌و حاجی ئیسماعیلی شنۆیی‌و خەلیفە (سید رحمەالله)ی سەقزی.

شایانی باسە شێخ موریدێکی زۆری هەبوە لەچەندین ناوچەکانی کوردستانی ژێردەستی ئێراندا تاناوچەی هەورامانیش، وەك وەفایی ئیشارەتی بۆ کردووە. لەسابڵاغیش تەکیەی هەبووەو ئێستا ماوەو بەناوی (تەکیەی شەمزینی)یەوەیەو لەگەڵ مزگەوتی‌عەباس ئاغای دیبوکری‌دایەو هێندێك

بەڵگەنامە (وقفنامە)ی ئەم تەکیەیە لەلای منن. شێخ موریدێکی زۆری لەدەڤەری موکری هەبوون و زۆر پشتگیریی شێخیان کردووە لەشۆڕشەکەیدا وەک بنەماڵەی شێخ عەبدولڕەحیمی شێخ مەحمود (بنەماڵەی ئیمامی) لەسابڵاغ کەمحەمەد جەسیم و محەمەد قەسیمی کوڕانی شێخ عەبدولڕەحیم و شێخ عەبدولسەلامی مامیان لەبەر بەشداریکردنیان لەشۆڕشی شێخدا (١٨٨٠-١٨٨١)و پاش سەرنەکەوتنی شۆڕش رایانکرد بۆ کەرکووک و خزمایەتی لەنێوان ئەوان و شێخ عەلی تاڵەبانیدا پەیدابوو و فاتمەخانی خوشکی محەمەد جەسیم بوو بەخێزانی محەمەد عەلیی کوڕی شێخ علی. ئیتر ئەوانە نەگەڕانەوە و گۆڕی محەمەد جەسیم و محەمەد قەسیم لەپشت تەکیەی تاڵەبانین لەکەرکووک و هەردووکیان لەزاناو مودەرسەکانی سابڵاغ بوون بەپێی دوو فەرمانی (ناصرالدین شا) کەیەکیان بەمێژووی ١٢٩٢ك(=١٨٧٥ز)و ئەوەی دیکەیان بەمێژووی ١٢٩٤ك (=١٨٧٧ز) یە. زانیارییەکی باشم لەرەحمەتی شێخ عەلیی شێخ جەمیل تاڵەبانی لەبارەیانەوە وەرگرتووە لە (١٩٨٣)دا.

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسم هەیە بۆ بڕای هێژا کاک سدیق سالح کەئەم گوتارەمی وەک زۆر گوتاری دیکەم پاکنووس کردووە، تەمەنی درێژ بێ.

پەراوێزەکان:

(١) ئەسکەندەری قوریانی راپۆرتی لەبارەی شۆڕشی شێخەوە دژ بەشێخ بۆ ناسرەلدین شا نووسیوە. مێژوونووس مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانی لەفارسییەوە کردوویە بەکوردی (بڕوانە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەرگی١٣، ١٩٨٥). لە (ل٣٤١)دا گوتوویە: شجاع الملك یووسف خان چەند گوندێکی شێخی لەمەرگەوەڕ سووتاندووەو چلوپێنج کەسی لەخەڵکەکەی بەپیاوو ژنەوە کوشتووە. هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانیش ماوەی دووسااڵ لەسەر ئەو کێشەیە لەدانوستاندا بوون.

(١) دکتۆر جەلیلی جەلیل لەکتێبە گرانبەهاکەیدا (راپەڕینی کوردەکان سااڵی ١٨٨٠، وەرگێڕانی د.کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٧)دا، ژمارەی هێزی شێخ عوبەیدوڵڵای لەشەڕی ڕووسدا(لەل٢٥)دا بە (سێسەد)و لە(ل٢٠٣)دا بە (پێنجسەد)کەس داناوە. ئەمە راست نییەو، ڕەنگە هەڵەی چاپ بێ، چونکە شێخ خۆی لە (مثنوی)دا گوتوویە پەنجا هەزار کەس بووە. شایانی باسە، ئەو کتێبە وەرگێڕدراوە زۆر هەڵەی تێدایە، جاچ لەلایەن وەرگێڕەوە یان هەڵەی چاپ بێ.

(٢) دکتۆر جەلیلی جەلیل لە(ل٥٤)ی ئەو کتێبەیدا لەو بارەیەوە ئاماژەی بۆ بڕووسکەیەکی فائق پاشا بۆ موختار پاشا کردووە.

(٣) مەبەستی شێخ (قورت ئیسماعیل پاشا)ی محەمەد شەریفی بدلیسیی کورد بووە کەهێزێکی زۆری لەئەرزڕۆمەوە هێنابوو. شێخ زۆر زەمی کردووەو گوتوویە: ناسناوی (قورت- قرت)، ماناکەی گورگ یا مەیمونیش بێ؛ لایەقیەتی. ئیسماعیل پاشا فەرماندەری گشتیی بەرەی شەڕ بوو. هەر ئەم ئیسماعیل پاشایەیش بوو پاشتر لە (١٣٠١)ی ك (١٨٨٣-١٨٨٤ی ز)دا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە نێردرایە کەرکووک و خێڵی هەمەوەندی سەرکوت کردو دووری خستەوە بۆ تەرابولسی خۆراوا لەلیبیا. پێشتر بەهەڵە پێمان وابوو وشەی (قرت) بەمانای (کرد- کورد)ە، بەڵام لە (مثنوی)دا ماناکەی (گورگ)ە. لەگوتاری (داستانی دوورخستنەوەی هەمەوەند بۆ تەرابولسی خۆراوا)دا بەدرێژی باسی ئەم هاتنەی ئیسماعیل پاشامان بۆ کەرکووک کردووە (بڕوانە: ڕۆژنامەی ((ئاڵای ئازادی))، ژمارەی ڕۆژانی ٣١ی ئاب و ١٥ی ئەیلوولی١٩٩٧).

(٤) دکتۆر جەلیلی جەلیل لە (ل١٠٥)ی هەمان کتێبدا باسی پێشوازیکردنی شێخی لەئەستەمووڵ کردووەو گوتوویە: بەرەسمی بەتەقەی توپ و فیشەک پێشوازیی لێکرا. بێگومان ئەم پێشوازیکردنە گەورەیەی شێخ بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید، وەک (وەفایی)ش نووسیویە، چەندین مانای تێدا هەیە. ئەو پێشوازیکردنە لەبەهاری (١٨٨٠)دا بووە.

(٥) دکتۆر جەلیلی جەلیل لە (ل١٥١)دا باسی هەڵاتنی شێخی لەئەستەمووڵ کردووە. ئەو ساڵە (١٨٨٢)بووەو گەیشتووەتەوە وڵات.

(٦) مەبەستی وەفایی لەشتی دیکە شۆڕشە کەخۆی و شێخ عەبدولقادری کوڕی پایزی (١٨٨٢) شەڕیان دژی هێزی عوسمانی کرد. بەڵام حکوومەت بەسەریاندا زاڵ بووو دووری خستنەوە بۆ مووسڵ. ئێران داوای لەدەوڵەتی عوسمانی کرد شێخ لەمووسڵ نەهێڵێتەوەو بیباتە شوێنێکی دوور. ئەوەبوو دووری خستەوە بۆ شاری (تایف -طائف) لەنیوەدوورگەی عەرەب. جا لەموسڵەوە برایە ئەسکەندەروونەو، لەوێڕا بەکەشتی ڕەوانەی نیوەدوورگەی عەرەب کرا. جێی گوتنە، شێخ بەپێی بەڵگەنامەی نمرە (I.DH/70075)ی نێو ئەرشیفی عوسمانی، ڕۆژی ٣ی (جمادی‌الاول)ی ساڵی ١٣٠٠ی ك/ ٢٨ی شوباتی ١٢٩٨ی ڕۆمیی عوسمانی (واتە ١٨٨٣/٣/١٢ی ز) حەفدە ڕۆژبووە لە (ئەسکەندەروونە)بووە. شێخ ڕۆژی ٢٤ی شوباتی ١٢٩٨ی ڕومیی عوسمانی (٨ی ئاداری ١٨٨٣ز) بڕووسکەیەکی بەنمرەی (٢٠٤٨) کە(٨٣) وشەیە ناردووە بۆ سەرۆکی وەزیران (صدر اعظم). بڕووسکەکە لەژێر هەمان نمرەی بەڵگەنامەکەی پێشوودایە.

ڕۆشنگەریو نەریتی مەسیحی

لەئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداغی

بییروباوەڕی چەرخی ڕۆشنگەری سەرچاوە کەی ئەگەر مێشك (عەقڵ) بێت یان دڵ (جەستە بێت) ، یان دەرئەنجامی پێکەوەکارکردنی ئەم دوولایەنە بێت پێکەوە ئەوا لەهەموو حاڵەتەکاندا بییرو باوەڕی ڕۆشنگەری وەکو هۆکارێك وابووە بۆ ڕوخاندن و تێکدانی دامەزراوەکانی سەردەمەکەی خۆی . خۆ ئەگەر ئەو قسەیەی باکون پەسەند بکەین کەدەڵێت :سروشت بەچەندین جار لە (هەست) هەکان ولەتێگەیشتن ئاڵۆز تر ە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەهەر هەوڵو کۆششێکی مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە دەربارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەبێ بەو ئاراستەیە بێت کەدامەزراوەکان لەوبارە ئاڵۆزەی کە تیایدان بگوێزرێتەوە بۆبارێکی سادە .ئەنجامی ئەم هەوڵ وکۆششانە نمونەیەکی جوان وپڕ لەوردەکاریە یان هێڵکارییە کە ئەگەر بێت و بەراورد بکرێت بەو واقیعە ئاڵۆزەی کەبەردەوام لەبەر چاومانە .. هەر لەبەر ئەم هۆیەیەکە دەبینین زۆر لەبیر مەندەکان بەدەگمەن دەگەنەپلەی (کەمڵ) ئەگەر ئەمە لەبارێکی سادە دابنرێت ئەوا : هەموو کەسێ تائەندازەیەك دەتوانێت بەڕێگایەکی باشتر لەو ڕێگایەی کەتاکو ئێستا گرتوویەتیە بەر بیر بکاتەوە ... بۆبەڕێوە بردنی یانەیەك یان ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی یان ڕاهێنانی تیپێکی دووگۆڵی یان بەڕێوە بردنی دەزگایەکی میری و...دەشتوانێت وەکو ڕەخنەگر کەمو کورتیەکانی ئەو کارەی کەبەوافیع ئەنجام دەدرێت دیاری بکات .بەشێوەیەکی تێبینی کراو ئەگەر بڕوات وابێت کەهەموو شتێکی مرۆیی پێویستە بەچاکترین وئاشکراترین بەڵگە بۆهێنانەوەی پڕلەوردەکاری بیرکاریانە ڕێك بخرێت ،یان ئەگەر تۆ خۆت تەنیابەڕێگاهەڵگرتووی دیکارت ونیوتن و لۆك بزانیت ،ئەوا تۆدەبیت بەڕەخنە گرێکی هەرەڕوخێنەری ئەوەی کەبەردەوامە ،تەنانەت ئەوەی ئەم سەردەمەش .ئەگەر لەسالّی (١٧٥٠) دا بژیایتایە ئەوا لەوانەبوو تەنانەت بەشێکی زۆری کەمو کورتی و بێ‌یاسای وپاشماوەی نائەقلانیەتی چاخەکانی ناوەڕاستت ببینیایە. بەلای تۆوە تەنیا چەمکی سیانەیی trinity ناعەقلانی دەرنەدەکەوت ،بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوە بوو کەقەوارەی ڕاستەقینەی پێوانەو بەهای پارچەیەك پارە کەلەشارێکەوە

بۆشارێکی تر جیاواز بووەبوو بەهۆی پوخاندنی حەزو ئارەزووی چاکسازی تیاتادا .

لەڕاستیدا جۆرە موبالەغەیەك بۆکەم کردنەوەی ناوبانگی بیرمەندانی سەدەی هەژدە لەئارادا بووە کەبە (رەخنەگرانی پوخێنەر)ناو براون .لەوەش تاییەت تر ئەوەیە کەئەم بیرمەندانە بەوە تاوان بار دەکرێن کە خۆیان بۆبیرێکی بێگیان (مجرد) تەرخان دەکەن لەسەرحیسابی گرنگی دان بەکاری هەمەلایەنەی ئەزموون گەریانە .دوای ئەوەی کە شۆڕشی فەرەنسا لەڕێگای تووندو تیژییەکەیەوە هەموو جیهانی شارستانی هەژاند ،سەرزەنشت کردنی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدە لەناوەندە خۆپارێزەکان وتەنانت لەناوەندەمیلیەکانیشدا بوو بەشتێکی باوو ئەویش لەپای ئەو ڕخنانەی کەلەڕژێمی کۆنیان دەگرت ، ئەوەش بوو بەهۆی پوخاندنی ڕژێمەکەو جێگاکەی بەچۆڵی بەجێما هەڵچون و کەمو کورتیەواقعیەکانی مرۆڤ کە فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدە پشت گوێیان خستبوو لەئەنجامی سەرقاڵ بونیانەوە بەمافەموجەرەدەکانی مرۆڤەوە ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە .ئیدمۆند بێرك ڕابەرایێتی هێرش کردنی بۆسەر فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری کرد، ئەوهێرشەش لەلایەن زۆرنوسەری سەدەی نۆزدەوە درێژەی پێدرا لەوانەش (تەین) کەسەرزەنشتی شۆڕشی فەرەنسی کرد کەگوایەعەقڵی کلاسیکی موجەڕەدی بەرەو سادەو ساکاری بردووە .وتەیەکی میللی فەڕەنسی ئەوەی بەجواتی بەرجەستەکردووە کەدەڵێت:

هەڵەی ڤۆڵتێرە

هەڵەی رۆسۆیە

(هەڵەی ڤۆڵتێرە،هەڵەی ڕۆسۆیە)

ئێمە لێرەدا ناتوانین خۆمان بەم مەسەلە ئاڵۆزەوە خەریك بکەین کەبوە بەیەکێك لەو گفتوگۆ کلاسیکیانەی لەسەرشوێنی فیکر لەمێژودا دەکرێن لەگەڵ کاریگەریە سنورداراەکانی جۆری بیرکردنەوەی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەدا . ئێمە لەم ڕژگارەدا دەکەوینە گومانی ئەوەوە : داخۆ نوسینەکانیان بەهیچ شێوەیەك توانای لاواز کردنی کۆمەڵگایەکیان هەبووە لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵگایە لەلایەنەکانی ترەوە بەهێزبووەو بەچاکی ڕێکخراوە



.ئێمە ئارەزوومەندی ئەوەین کەئەو نوسینانە وەکو نیشانەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەلایەتی ببینین لەجیاتی ئەوەی وەکوشتێکی سەرەتایی و وەکوهۆکار لێیان بڕوانین .بەڵام گومانی تێدانی یە کەئەو نوسینانەیان خزمەتی چەقبەستنی فیکری مرۆڤ وبەکبونیان کردووە لەسەر ئەو گیروگرفتانەی کەلەشێوەیەکی تردابوون بەهۆی بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی زیاترو جار لەدوای جار دووبارەبووەوە .فەیلەسوفەکانی ڕۆشنگەری هەستی خەڵکیان بەرامبەر بەزۆرداری ورۆژاند بەوەی کەبەبەردەوامی دەیان گێڕانەوە بۆبەردەم پێوانەی ڕاستو هەڵە. هەروەها ئەو تێڕوانینەیان لادروست دەکردن کەلەم جیهانەدا زوڵم وزۆرداریەکان گەورەترو توند وتیژترەبن .

ئەوەی کەپێویستە ئێستا سەرنجی لێ بدەین لەراستیدا پرسیارێکی زۆر گرنگە، پرسیارێکە ئێمە ناتوانین وەلامی تەواوی بدەینەوە. پرسیارەکەش ئەوەیە : تاچ ئاستێك ئەم جیهانبینی یەی ڕۆشنگەری سەدەی هەژدەیەم پەیوەست دەبێت بەجیهانبینیمەسیحیەتی تەقلیدیەوە؟ دیسان دەشێکارێکی ئاسان بێت ئەگەر بەدڵنیاییەوە وەلامی ئەوە بدرێتەوە کەهەردوو بۆچونەکە هاوشێوەن یان

لەیەکتر جیاوازن. .بەڵێ ئەم جۆرە وەڵامانەش پێشکەش کراون .بۆکەسانی وەکو بێرك و جۆزێف دی ماسترو بۆهەمو ئەوانەی کەچاویان بڕیوەتە پرنسیپی سەدەی هەژدەیەم سەبارەت بەخێرخوازێتی سروشتی وپەسەندێتی ئادەمیزاد بەوەی کەفێڵێکی بنەڕتییە ئەوارۆشنگەری وادەردەکەوێت کەلەگەوهەردا نەیاری مەسیحیەت بێت وەکوچۆن لەسەر زمانی نەیارە تووندو تیژەکانی پیاوانی ئایینەوە هاتووە بۆنمونە هۆلباخ و هیلفیتۆس. بەڵام کەسانی تری وەکو سۆشیالیستەمەسیحی یەکانی سەدەی نۆزدەیەم وپیاوانی ئایینی لیبریاڵی ئەمەریکی هاوچەرخی ئێمە لەوانەش جۆن مانیەز هوڵمز پێیان وایە کەرۆشنگەری بریتییە لەدرێژەپێدان وبەئەنجام گەیاندنی ئەوەی کەمەسیحیەت ویستویەتی پێی بگات وئەنجامی بدات. لێرەداجارێکی تر حەقیقەتەکە ئاڵۆزە، هەڵوێستی جیهانی لەبەرامبەر ڕۆشنگەریدا کەئێستائێمەی ئەمەریکی کەمیراتگرو نوێنەرەسەرەکییەکانین ئەوەدەگرێتەوە کەهەردوو ڕەگەزی مەسیحیەت ودژەمەسیحیەت پێکەوە لەیەکەیەکی گشتی نوێدا بەپێی (هەڵوێستی جیهانی) تێکەڵاو بکرێت.لەوانەیەلەم حاڵەتەدا وتەیەکی کورتی وریاکردنەوە پێویست بێت .زاراوەی گومان هەندێجار بەشێوەیەکی بریقەدار بەکاردێت بۆوەسفی کەسانی وەکو ڤۆڵتێرو نووسەرانی ناو ئینسیکلۆپیدیای گەورەی فەرەنسیو بۆ باسکردنی سەرجەم ئەو هەڵوێستەی کەئێمە بەڕۆشنگەری ناوی دەبەین. بێگومان ئەمەش بەکارهێنانێکی نادروستی زاراوەی گومانە.سروشتی سەدەی هەژدە بریتینیە لەگومان کردن بەڵکوبریتە لەدژایەتیکردنی پیاوانی ئاین و پۆزەتیڤیست و هەروەها دژایەتی کردنی ماتریالیستیش لەلایەن هەندێ لەتوند ڕەوەکانەوە.ئەگەرفەیلەسوفەکان بڕوایان بەمەسیحیەتی تەقلیدی نەبوبێت، ئەوەبڕوایان بەجیهانی نوێیسەرکەشی خۆیان هەبووە بێگومان کۆمەڵی گەورە گەورە لەخەڵکیو تەنانەت بیرمەندەکانیش بەهیچ جۆرێك هەڵوێستی گومانکردنیان نەبووە. گومانکەرای بەهیچ شێوەیەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری نییە،بەڵام ڕۆشنگەری بزوتنەوەیەکی فیکری جەماوەری هێجگار بەرفراوان بووە هەرلەسەردەمی گریکەوە ئاراستەیەکی لاوازی فەلسەفیانەی گومانگەرایی ڕاستەقینە وەکو جۆگەیەك درێژدەبێتەوەو تاوەکو دەگات بەئێستا،ئەگەرچی ئەو جۆگەیە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا وشکی کرد، بەڵام جارێکی تر لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنسانسدا ژیایەوەو لە(مۆنتیانی) دا هەرە بەناوبانگترینو هەرەسەرسوڕهێنەرترین ئەدیبانی خاوەن گومان پێشکەش دەکات.لەڕاستیدا سەدەی هەژدە فەیلەسوفێکی زۆر بەناوبانگی (محترف) ىواتەبەپیشە فەیلەسوفی بەخۆیەوەبینی کەئەویش دایفد هیومی سکوتلەندی بوو. هیوم لەڕوی فیکرو مادەوە شوێنکەوتووی دیلمای دیکارتیبوو، کەلەوێشەوە گەشیتۆتە ئاستێك کەتیایدا گومانگەرایی دەستی پێکردووە. هیوم یەکێك بوولەهەرەدیارترینی ئەوکەسانەی کەگومان لەسروش واتە(وەحی یان پەی پێبردنی پێش وەختە.ع) دەکەن. هێرشکردنی هیوم بۆسەرموعجیزە تاکوئێستاش یەکێکە لەچەکەبەهێزەکان کەلەجبەخانەکەیدا بۆدژایەتی کردنی مەسیحیەت یان دیزیم(واتەبڕوابوون بەبوونی خوا بەڵام ڕەتکردنەوەی وەحی وئایین) یان بۆدژایەتی کردنی ئایینی سروشتیدانراوە .لەم کارەشدا هیوم هاوڕێی زۆری هەبوو، بەڵام لەڕوانگەی ڕوانین بۆحاڵەتی دڵنیایی چەسپاوی ڕەهای میتافیزیکانەوە سەبارەت بەو بەگشتیکردنانەی کەزاناکان پێی گەیشتبوون ئەم لەهەموان لەپێشتر بوو.عەقڵ بەلای دایفد هەیومەوە هەمان شێوەی(هەست) هەکان شتێکی زاتییە، یان بەلای کەمەوەعەقڵ لەئەنجامی کۆتایدا تۆمار یان ڕاپۆرتێکە لەسەر واقیع بەڵام بەهیچ شێوەیەك بەدوادا چوونی ڕاستی(تحقق) تیایدا ناگاتە ئەنجام.هیوم هەمان شێوەی گەلێك لەخاوەن گومانەکانیتر بەرامبەر بەتوانای عەقڵیو ئەخلاقی لەداب ونەریت وهەڵسوکەوتدا زەمینەیەکی چەسپاو ولەباری بۆژیان لەسەرئەم زەوییە دۆزییەوە. بەم شێوەیەهیوم کۆتایی بەهەڵوێستیتاکڕەوانەی خۆی هێنا لەڕووی بڕوابونیەوە بەکۆن لەجیاتی نوێ. بەڵام سەرباری ئەوە هێشتا دایفد هیوم وەها دەخوێندرێتەوە کەیەکێك بێت لەو فەیلەسوفانەی


کەشێوازی سەدەی هەژدەیان هەیە، واتەشێوازەکەی شێوازی سەدەی هەژدەیە، هەروەها هیوم بەکەسێکی تاکڕەوی نەیاری سۆزوعاتیفە ناسراوە لەڕوانینیدا بۆچالاکیەکانی مرۆڤ. هیوم لەگەوهەردا بەقەد ئەوەی کەعەقلانیەکی هێجگار جدییە، ئەوەندەگومانگەر نییە.

ئێمەکەمتر پێویستمان بەدووبارەکردنەوەی ئەوشتانە هەیە کەلەبوارەکانی تردا پێشکەشمان کردن. رۆحیڕۆشنگەری دژی ئایینی مەسیحییە لەکاتێکدا ئەم ئایینە بۆتە دامودەزگای ڕێکخراو. لەهەموو ولاتێك و لەهەموسەردەمێکدا قەشەدژی سەربەستییەو هەمیشە لایەنگری فەرمانڕەوای زۆرداروەو هانیدەدات بۆخراپەکاری و خراپەکانیشی بۆدەپۆشێت، لەوئاقارەدا خراپەکانی خۆیشی دەشارێتەوە. تۆماس جیفرسێون مەبەستی لە(قەشە) مانای گشتی ئەم زاراوەیەو بەلایئەوەوە هەمو پیاوانی ئایینی دەگرێتەوە. ئەمەش دەربڕینێکی تووندو تیژ نییە بەلکو هەڵوێستێکی مامناوەندییە لەچاوگوتەکەی ڤۆڵتێردا کەدەڵێت"ڕێگامان بدەن باهەندێ لەیەسوعەکان بخۆین"، بگرەهەڵوێستی هێجگار لەمەتوندو تیژتریش هەیە، بگرەتوندوتیژتریش لەئایینی سروشتی یان هەڵوێستی بڕوابوون(بەخودا بەبێ بڕوابوون بەوەحیو ئایین)ی کاسۆلیکەناسراوەکانی وەکو ئەیسکەندەر پۆپ. ڕۆشنگەری لەهیچ شوێنێکدا ئەوەندە بەبێپەردە ڕوخێنەر دەرناکەوێت وەکو ئەوەی لەهێرشەکانیدا بۆسەر مەسیحیەت دەردەکەوێت. پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئاخاوتن لەسەرگرفتی سەرەکی کەئەویش ئەوەیە: تاچ ئاستێ مەسیحیەت لەسنووری ڕۆشنگەریدا دەمێنێتەوەو تاچ ئاستێ مەسیحیەت لەم فیکری نوێیەدا دەژێتەوە؟ پێویستەئاماژەبۆئەوە بکەین کەزۆردەستەو گروپی مەسیحی لەوڕێگا کۆنانەدا بەردەوام بوون وهەندێ جار وەکو ئێستا چالاکانە لەڕۆژنامەو لەسەر مینبەرەوە دژە هێرشیان کردوە، هەندێجاریش بەهێمنی ژیانیان بەڕێ کردوە، جۆرە ژیانێك کەهیچ شێوازێکی سەردەم یان نوێ پێی نەخستۆتە ناوی. ئەدەبی سەدەی هەژدەی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی لەڕادەبەدەر لایەنگری ڕۆشنگەری نوێیە.ئەوناوانەی دێنەوەیادمان لەبایلی و ڤۆلتێرو جفریسێون و پاین لەهەڵوێستی هێرش کردندا بوون(بۆدژەکانی ڕۆشنگەری)بەلأم بەدرێژای ئەو سەدەیە دەستەی بچوکی وەکو(لایەنگرانی بۆلانس) کەبریتیبوون لەدەستەیەك(راهیب) بەردەوام لەنوسینەکانیاندا لەسەرقەدیسەکان شێوازی مێژوونوسانیان لەبەرگرتووەو نووسینەکانیان لەسنووری نوسینی ئاینی بەلأم ڕەخنەیدا کۆکردۆتەوە. کەنیسەڕەسمی یەکان بەردەوام بوون لەپەروەردەکردن وجێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەئاساییە کاندا. جەماوەرو ژمارەیەکی زۆر لەچینی ناوەڕاست وئەرستۆکراتەکان بەدرێژای هەمووئەو سالأنە بەردەوام بوون لەچاودێری کردنی ڕێبازەکانی مەسیحیەتی تەقلیدانەدا.

لەبەریتانیاو لەکۆلۆنیەکانیدا لەئەمەریکاو هەروەها لەئەڵمانیاش جۆرێکی نوێ لەپڕۆتستانیەتی ئاراستە بەتەواوی ناعەقلانی دەرکەوت کەبزوتنەوەی میتۆدی methodism وبزوتنەوەی پەرستن وچونە خەڵوەت نوێنەرایەتی دەکرد ئەم بزوتنەوانە لەگەڵ ڕێنومایەکانی پڕۆتستانیەتدا دەڕۆیشتن وئامانجیان هێنانی ئاشتی بوو بۆسەرزەوی لەگەڵ بەرز ڕاگرتنی ناوی(خوا)، بەلأم لەئاکامدا وەکو زۆر مەسیحی تر لەمێژووی نوێ دا لایان داوەتەوە بەلای مەسەلە ئینسانیەکاندا، ئەگەرچی ئەم هەڵوێستەشیان وەرگرتوە بەلأم پارێزگارییان لەگەوهەری(ئەو دنیا) لەڕوانگەی نەریتیمەسیحیەوە کردووەو بەهیچ جۆرێکیش لەتێڕوانینی کۆمەلأیەتی وسیاسیانەیاندا شۆڕشگێڕنەبوون. لەوانەیە لێرەدا تێبینی ڕستەیەکی ڕێبەست ئیعترازی بکەین وەکو نمونەیەك بۆجۆرە نرخاندنێك یان بەگشتی کردنێك کەلەهەڵسەنگاندنی مێژووی فیکردا پشتی پێببەستین. هەڵبەت ئەو ڕستەیەش ڕستەیەکی بێدەلالەت نابێت. هەندێ لەمێژوونوسانی وەکو(لێکی وهالیفی) وای بۆچوون کەجەماوەری بوونی میتۆدیزم لەنێوچینەکانی خوارەوەی بەریتانیدا فاکتەرێکی سەقام گیرکردنە کەئەو چینانە لەو جۆرە هەڵوێستە شۆڕشگێڕییە دوور دەخاتەوە کەلەنێو جەماوەری فەڕەنسیدا بلأوبوو.

بەکورتی ئێمەلەسەدەی هەژدەداو لەڕوانگەی ئەوەی لەدنیای ڕۆژئاوادا بەبەردەوامی هەیە ڕوبەڕوی ڕەهەندی فیکری یان ئەو جۆراوجۆرێتییە دەبینەوە

کەخاسیەتی ڕۆشنبیری ئێمەن. ئەم جۆراو جۆرێتییەش بەنزیك بونەوەمان لەسەردەمی‌ئێستازیاتر دەبێت، لەنێو ئەو دەستەو گروپە کۆنانەی کەفیکرەکۆنەکان خۆیان چەسپاندووە، بەسەر ئەو فیکرانەدا فیکرەی نوێ



ادم سمث

دەردەکەوێت. فیکرە کۆنەکە بەشێکی زۆر کەمی لەناو دەچێت، هەرئەم بەشەلەناوچووەش ماوەیەکی زۆری دەوێت هەتا بەتەواوی دیارنامێنێت. دەڵێن هەتائێستاش کەسانی ئینگلیز هەن کەبەجدی بڕوایان وایە میراتگری ڕاستەقینەی تەختی فەرمانڕەوایی بەریتانیا یەکێکە لە نەوەکانی بنەماڵەی (ستیوارت) کەلەساڵی ١٦٨٨ دا بەیەکجاری لەفەرمانڕەوایی دوورخرانەوە. ڕۆشنگەری کەئێمە لەپێناویدا خەبات دەکەین ئەوبیروباوەڕە نوێیە نییە کەجێگای بیروباوەڕی کۆنی گرتبێتەوە. ڕۆشنگەری زیاتر بریتی یە لەزنجیرەیەك لەتاقیکردنەوەو هەندێ بیرو بۆچوون کەلەسەر بنەمای هەست وسۆز دروست بوون، لەگەڵ هەندێ هەڵوێستی کۆنو نوێدا. تێکەڵەیەکی هەرە گرنگی تر کەتیایدا عاشقی ئاشتیو عاشقی سادەو ساکارێتی وادەردەکەوێت کەبێزارو بێ ئومێد بێت، شێواندن و پێکداچوونو تێکەڵاوبوونی ڕۆشنبیری نوێیە.

ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی ورد گرفتی مەسیحیەت لەڕۆشنگەریدا ببینین ئەگەر بەراوردی هەڵوێستەکانی قەدیس تۆماسی ئەکوینیو ئادەم سمس لەبەرامبەر سروشتو یاساکانی سروشتدا بکەین. ئەم بەراوردکردنەش کارێکی پەسەندە چونکە لەیەکەم دیمەندا بەپێی شێوازی تەقلیدیانە کارێکی ئاسانە ئەگەر بڵێیت ئادەم سمس وەکو یەکێك لەباوکەکانی (دامەزرێنەرەکانی) ئازادی کار لەجەمسەری دژی یان پێچەوانەی ئابوری دەسەڵاتداراندایەو داوای نرخی عادیلانەو قەدەغەکردنی (سوو)و هەر جۆرە شێوازێکی تر دەکات لەکاروباری ئابوریدا کە ئەو شێوازە، شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست بێت لەپەیوەندییە ئابورییەکاندا. بێ گومان شتێکی بێ مانایە ئەگەر بڵێیت جیاوازی نییە لەنێوان تۆماس ئەکوینیو ئادەم سمسدا، ئادەم سمس ئەنارشیزم نەبووەو بڕوایشی بەوە نییە کە مرۆڤ بەخۆڕسکی چاکەخوازبێت. ئەم زانا ئابووریە زۆر بنەما بۆ جۆرێك لەئازادی ئابوری دادەنێت بۆ ئەو خاوەن کارەی کە بڕبڕەی پشتی ڕژێمە ئابووریەکەی ئەو پێك دێنێت. ئادەم سمس بواری سەربەستی بازرگانی کردن بەو جۆرەیە نادات کە بێ مەرجو بەند بێتو ولات لەکاتی جەنگدا سەرچاوە پێویستەکانی ژیانی تێدا نەمێنێت. سمس دژی ئەو جۆرە دەسەڵاتە ئابووریانە دەوەستێت کە لەگەڵ سروشتدا ناکۆکن، خراپترین جۆریش لەوانە لەعەقڵی سمسدا سیستەمی بازرگانی مەرکەزییە، هەر بۆیە هێرشی دەکردە سەری چونکە خراپترین سیستەمی بازرگانی

ناسروشتی کە سەرمایەدارێك یان دەستەیەك لەسەرمایەداران بەپاڵپشتی یاسا دەسەلات بەسەر ئەو بەرهەمەدا دەکەن، لەکاتێکدا پێویستە نرخی ئەو بەرهەمە بەپێی جوڵەی سروشتی خستنە بازارو بەپێی داواکرن (العرض والطلب Supply and Demand) لەئاستێکدا دیاری بکرێت کە لەبەرژەوەندی کۆمەڵدابێت لەدنیایەکدا کە دنیای رەنج کێشانو عەرەق رشتنو نەداریە.

ئادەم سمس هەمان شێوەی تۆماس ئەکیونی بڕوای بە (نرخی عادیلانە) هەبوو، دیسان هەمان شێوەی ئەکوینی بڕوای وابوو لەپشتی پرۆسەکانی کرپینو فرۆشتنەوە لەکۆمەڵدا کە بەئاشکرا بێ بەرنامەیی پێوە دیارە، لەراستیدا رێکخستنێکی سروشتی هەیە کە مرۆڤ پەیڕەوی ئەو رێکخستنە دەکات. بەبۆچوونی ئادەم سمسو ئەکوینی ئەگەر مرۆڤ پەیڕەوی ئەو رێکخستنە نەکات ئەوە لەگەوهەردا لەبەر ئەوەیە کە هەندێ کەس بەتووندی هەوڵدەدەن ئەو رێکخستنە سروشتیە لەڕوانگەی بەرژەوەندی تەسکی تایبەتی خۆیانەوە لەناوببەن. بەڵام رێکخستنی سروشتی بەردەوامەو هیوایەکی رێگا پێدراوی مەسیحیەتە کە دەشێ زۆر کەس فێرببن چۆن لەگەڵیدا بگونجێن. لەڕاستیدا بەڵای ئەکیونسەوە سروشت هەندێ دەسەلاتی کۆمەڵایەتی دیار دەسەپێنێت، کە هەندێ جار ئەو دەسەلاتە دەگاتە ئاستی دیاری کردنی نرخ کەئادەم سمس ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر تایبەتیانە رەتکردۆتەوە. ئەم دوو زانایە (doctors) هەردووکیان بڕوایان بەوە هەیە کە سروشت لەخۆیدا هێزی چارەسەرکردنی شتەکانی هەیە، بەڵام لەسەر ئەوە رێك ناکەون کە بڕی ئەو یارمەتیەی (Help) کە سروشت پێویستیەتی چەندەو باشترین رێگای بەڕێوەبردنی کامەیە. هەروەك لەروکەشیشدا دیارە لەبارەی سروشتی سروشتەوە لەگەڵ یەکتر هام ئاهەنگ نین، بەڵام ئەو جیاوازییە لەگەوهەردا کەمترە. بەتێڕوانی ئادەم سمسو قەدیس ئەکیونی مۆنۆپۆلیکردن گەورەترین شتی ناسروشتیە کە تیایدا تاکە کەسێك یان چەند کەسێك دەتوانن دەست بەسەر بازاڕدا بگرن، ئەویش بەڕێگایەك کە سوودوو بەرژەوەندەی تایبەتی خۆیانی تێدابێت.

بەگوێرەی تەریب بوونی (شێوازی) نێوان مەسیحیەتی تەقلیدیو رۆشنگەری خاڵی کۆتایی نیە، چونکە بۆ هەریەکە لەو دوو هێڵە (یان ئەودوو ئاڕاستە بەیەکتر تەریبە) هەوڵو کۆشش هەیەو زۆرێك لەژنو پیاوان بەشداری تێدا دەکەن بەمەبەستی پێشکەش کردنی وەڵامی رێکخراو بۆ پرسیارە گەورەکان. هەریەکە لەمەسیحیەتی تەقلیدیو رۆشنگەری سیستەمێکە لەبەها ئەخلاقیەکان، سیستەمێکە لە ئامرازو ئامانجەکان، خۆ ئەگەر بەلاتەوە پەسەند بێت ئەوا هەردووکیان مەزهەبن، تەریب بوونی نێوان ئەم دوو ئاڕاستەیە بەوریاییو شارەزاییەوە لەلایەن کارل بێکەرەوە خراوەتە روو ئەویش لەکتێبەکەیدا بەناوی (شاری بەهەشتی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم)ەوە، خاڵی سەرەکی لای بێکەر ئەوەیە کە فیکرەی رۆشنگەری هەمان شێوەی مەسیحیەکان بڕوای بە ئەو دنیا هەیەو بەهەشت لەپێشمانەوەیەو ئامانجی خەباتو کۆششی سەر زەویمانە لەتێڕوانینی هەردووکیانەوە، شاری بەهەشتی سەدەی هەژدەیەم لەداهاتوودا دەبێت، لەداهاتوویەکی نزیشکیشدا دەبێت، بەڵێ ئەمە راستە بۆ پیاوانی وەکو کۆندۆرسێ بەڵام ئەو بەهەشتە هیشتا لێرە دانەمەزراوە. لەڕاستیدا خەڵکی خۆشحاڵن بەوەی کە بەگۆشتی خۆیان ئەو بەهەشتە دابمەزرێنن (بەڵام بیر لەوە بکەرەوە کە زیندووبوونەوەی لاشەو حەوانەوە لەبەهەشتدا چەند بەشێکن لەبیرو باوەڕی مەسیحیەت). هەوڵدان بۆ دیاری کردنی هەموو لایەنە دیارەکانی ژیانو لەو بەهەشتەی کە هیوای بۆ دەخوازرێت شتێکی سوودبەخش نیە، لەوانەیە بەهەشتی رۆشنگەری زیاتر بەهەشتی جەستە بێتو کەمتر بەلای رۆحدا بشکێتەوە ئەگەر بەراورد بکرێت بەبەهەشتی مەسیحیەکان. بەڵام ئەگەر بنەمای گەوهەری هەریەکەیان پشتکردن بێت لەمەیلی شەڕخوازیو داڕمانو بێ ئومێدبوون ئەوا -رۆحو جەستە- لەهەردوو بەهەشتەکەدا ئاسوودە دەبن، بۆ زۆر لەمەسیحیەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ئاستێکی بەرزی روحانیەتدان، ئەوەی سەرەوە لەوانەیە وەکو کاریکارتێرێکی بەهەشتەکەیان بێت. بەهەشتەکەی ئەوان خۆشیەکە ناتوانرێت وەسف بکرێتو تەنیا بریتیش نیە لەدژایەتی یان نەفی کردنی



جان جاك رۆسۆ

(بۆچوونەکانی رۆشنگەری. ع). لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هەموو ئامانجێکی سۆفیانە، بەهەشتەکەیان بێ چەندو چوون بەلای کەسێکی غەریبەوە، بۆ مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە وادەردەکەوێت کە بریتی بێت لەمل کەچکردنێك، لەسڕینەوەو پوچکردنەوەی ئەوەی کە ژیان والێدەکات شایانی ئەوە بێت بژیت. بەدڵنیاییەوە بەهەشت لای رۆرێك لەمەسیحییەکان جگە لە ئاسوودەییەکی تەمومژاوی و کۆتایی هاتنی هەوڵ و کۆشش و خواستن هیچی تر نییە.

لەهەردوو فیکرەی رۆشنگەری و مەسیحیەتدا بەرەنجام لەلایەن هێزێکەوە بڕیار دەدرێت کە لەهێزی هەموو تاکە کەسێك بەهێزترە. مرۆڤ دەتوانێت تێ بگات و خۆی بخاتە مەیدانی کارکردنەوە بۆ نەخشەکانی ئەو هێزە و راهاتن لەگەڵیدا، لەڕاستیشدا ئەگەر بیانەوێت ئەو بەهەشتە بەدەست بهێنن ئەوا دەبێ لەنەخشەکانی تێ بگەن و لەگەڵیشیدا رابێن، بەڵام توانای ئەوەیان نییە ئەو نەخشانە بگۆڕن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەردوو ئاینەکە، ئایینی مەسیحی و ئایینی رۆشنگەری سەپێندراون. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دوو (ئایینە) هەردووکیان سەپێندراون بەڵام لەبواری پراکتیکدا سەبارەت بەتاکە کەس بڕیارەکانیان بەتووندی فەرز ناکەن ئەویش لەڕوانگەی بەهێندگرتنی ئەخلاقیەتی خەباتکردنەوە لەپێناوی چاکەو بەدژی خراپەدا، ئەوەش ئەخلاقێکە بەلایەنی کەمەوە وەهمی سەربەستی تایبەتی بۆ تاکە کەس بەجێ دەهێڵێت.

چاکەی مەسیحیانە هاوشێوەی عەقڵی فەلسەفیەو رزگاربوونی مەسیحیانە هاوشێوەی رۆشنگەری فەلسەفیە. تەنانەت لەبابەتەکانی رێکخستنو لەتەقسەکانیشدا هاوشێوەبوونی رۆشنگەریو مەسیحیەت شتێکی مەحاڵ نییە. ئەمەش زۆر بەئاشکرا لەسالانی سەرەتای شۆڕشی فەرەنسی سالی ١٧٨٩دا دەبینرێت. کاتێ یانەکانی (جاکۆبین- یەعقوبی) بەرجەستەی فیکرەی نوێیان کرد بەمەبەستی ئەوەی کە تەقسەکانی سرودی ئایینی جەماوەریو مەواکیبو خوانی خۆشەویستیو پرسیارو وەڵامی ئایینیو تەنانەت ئاماژەی جەماوەرییانە بۆ (خاچ)یش پێشکەش دەکران. یەکێك لەدیارترین نموونەکانی زیندووبوونەوەی شێوازە ئایینییەکان ئەو کاتە بەرچاو دەکەوێت کە (ئەو کەسانەی بڕوایان بەبوونی خوا هەیەو بڕوایان بەوەحیو ئایین نییە) ئێستا کاتی خۆیان بەنوێژکردنەوە بەسەر دەبەن وەکو پێشتریش ناو بەناو ئەوەیان کردووە. سەرباری هەمو ئەوانە خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە خودای دروستکەر گەردوونی بەپێی یاسای سروشت خستۆتە جوڵەو دوای ئەوەش بەجێی هێشتووە هەتا بەپێی یاسا تایبەتییەکانی گەردوون خۆی بەردەوام بێت. نوێژو پاڕانەوە بۆ خواوەندێکی لەو جۆرە وادەرکەوێت کە هیچ کەڵکو بەهایەکی نەبێت، کەچی ئەم خواوەندە لەناخی جاکۆبیەتی نیشتمانی فەرەنسیدا بەئاسانی دەگۆڕێت بۆ خواوەندی تۆڵەسەندنەوە.

ئەو شتەی کە هێشتا مایەی سەرسوڕمانێکی زۆرەو مەسیحیەتی تەقلیدیو فیکرەی نوێی رۆشنگەری تیایدا هاوبەشن هەستێکە کە مرۆڤ لەم جیهانەدا وادەردەخات گونجاوو سەقامگیر بێت. مەبەست لەجیهانیش ئەم (گەردوونە)یە کە لەزۆر رووەوە بۆ ژیانی پڕ لەکەرامەتی مرۆڤ ئەفرێندراوە، سەرەڕای بوونی هەندێ شتی دیاری لەجۆرە گوناهی سەرەکی مەسیحییەکانو نەزانینی پیاوانی

رۆشنگەری سەدەی هەژدەهەم کە رێگای مرۆڤ نادەن لەسەر زەوی ژیانێکی پەسەند بەدەست بهێنێت، سەرەڕای ئەوە هێشتا مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی ڕفتارێکی جدییەوەو لەرێگای هەوڵ وکۆششی فیکرییەوە لەگەڵ ئەم لایەنی خێرەی ڕێکخستنی گەردوون و لەگەڵ خواوەندو لەگەڵ حیکمەتی خودایدا یان لەگەڵ سروشتدا خۆی ڕێك بخات.

فیکرەی مەسیحیەت وفیکرەی ڕۆشنگەری هەردووکیان دووپرنسیپی لەڕادەبەدەر چالاکن بۆچاکردنی دنیاو هەردووکیان دەیانەوێت شتەکان بگەن بەپلەی پێگەیشتن ورێکخستن. هەردووکیان دەیانەوێت جوانی لەوشێوازەی ئێستای جوانتر ڕێك بخەن. هەردووکیان ئامانجی سەرەکی ئەخلاقیان بریتی یە لەئاشتیو لەمام ناوەندی بوون لەتێر کردنی ئارەزووە جەستەییەکان و هاریکاری کۆمەلایەتی و ئازادی فەردی وژیانێکی پڕلەهێمنی و دوور لەگەمژەیتی بنیاد دەنێن، یان مەبەستیانە بنیادی بنێن هەروەك هەردووکیان هەمان تێڕوانینیان هەیە بۆشەڕ، لەبەرئەوە هەردووکیان دووفیکرەن لەسەرملمانێ وشەڕ بنیاد نراون و دەشێگرنگیەکی زیاتر بەشەربدەن لەچاو ئەو گرنگیەیکە بەخێرێ دەدەن شەڕیش لیستێکی درێژ شت لەخۆی دەگرێت کەئێمەبەباشی دەیان ناسینەوە لەوانەش تووندو تیژی و ئازار چەشتن و حەسوودی بردن و مل هوڕی و خۆپەرستی و نقوومبوون لەخۆشی تاییەتی و خۆبەگەورەزانی و...تاد.

هێشتادەبێ ئێمەهاوسەنگی بپارێزین. ئەگەر فیکرەی ڕۆشنگەری جۆرێك بێت لەمەسیحیەت یان جۆرێك بێت لەپەرەسەندنی لەمەسیحیەت ئەوا لەتێڕوانینی گەلئانیزمیشەوە ڕۆشنگەری بریتیە لە کفرو هاوبەشی بۆخوا دروستکردن . لەفیکرەی ڕۆشنگەریدا جێگایەکیلۆجیکی بۆخودا نییەکەمرۆڤ بەپارانەوەو نوێژکردنیان پێی بگەن. جێگایەکی وەهاو بۆخوایەکی لەو جۆرە کەهیچ سنورێك بەدەوریدا نەکێشرابێت و پەیڕەوی هیچ یاسایەکیش نەکات لەویاسایانەی کەمرۆڤ لەکاتی توێژینەوەی خۆی وژیوارەکەیدا دەیدۆزێتەوەو ئاشکرای دەکات. ڕۆشنگەری بواری هێزی سوپەرناچرالێ نادات کەدەسەلآت بەسەرسروشتدا بکات فیکرەی ڕۆشنگەری لەلایەك لەبەرپەیوەندی بەتینی بەزانستەسروشتیەکانەوە و لەلایەکی تریشەوە لەبەرپەیوەندی بەفیکری تەجریدییەوە، بەشێوەیەکی گشتی مەیلی بەلای عەقلآنیەت بوندایە، عەقلآنیەت بونێك کەعەقلآنیەتی مەسیحی تووند ڕەویش عەقلآنی تر هەروەك ڕۆشنگەری ئارەزووی ئەوەشی هەیە کەخۆ بەدەستەوەدانی غەیبیانەی ئەزموونی مەسیحیەت بکات بەشتێکی نەشیاو. لێرەدادەبێ نەکەوینە هەڵەوە: جیاوازی لەنێوان مەسیحیەتی(عاتیفی) و عەقلآنیەتی(سارد) دانییە و لەڕاستیدا سۆزو عاتیفەی هێجگار بەهێز چووە تەناو فیکرەی ڕۆشنگەرییەوەوزۆر لەعەقلآنییەکان کەسانی خاوەن هەستو سۆزن. بەڵکوجیاوازی لێرەدا بریتییە لەجیاوازی لەچۆنێتی ئەو سۆزو عاتیفەیەدا و لەوانەیە تائاستێك جیاوازی لەبابەتی سۆزو عاتیفەکەشدابێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەئەم زاراوەیە(سۆزو عاتیفە) زاراوەیەکی کۆن و ئاسانە، دەتوانیت جیاوازییەکە دابڕێژیت ئەگەر بەوجۆرە بیر لەڕۆشنگەری بکەیتەوە کەشتێکە کەمتر لەگەڵ عاتیفە بەسەر خۆدا شکاندنەوە دا دەگونجێت لەچاوگونجاندنی مەسیحیەکاندا لەگەڵ ئەو سۆزو عاتیفانەدا. دیسان شتێکیگرنگە کەبەهەشتیڕۆشنگەری لەسەرزەوییەو لەزەمەنی داهاتوشدا دەردەکەوێت و شوێنیدەرکەوتنەکەشی سەرزەوی دەبێت، ڕۆشنگەری پرنسیپی بەرەوپێش چوونی بۆخۆی بنیاد نا لەگەڵ بنیادنانی ئەو پرنسیپەی کەپێیوایە وەکو مرۆڤ دەبێبگات بەپلەی پێگەیشتن (کاملێ بوون). ئێستا لەخاڵێکی هێجگار دووری تێڕوانینەوە دەتوانیت لایەنگری ئەوە بکەیت کە هەریەکە لەمەسیحیەتو ڕۆشنگەری گرنگی بەشوێنی مرۆڤ دەدەن لەمێژوودا. لەڕاستیدا هەردووکیان پرنسیپی فەلسەفی مێژوویی خۆیان هەیەو هەردووکیان لەپێناوی ئامانجێکدا کاردەکەن کە بەختەوەری (مرۆڤە). بەڵام هەردووکیان سیمای پرنسیپی

پێشکەوتن لەئاڵۆزی دوور دەخەنەوەو خێراتر دەیجوڵێنن کە ئەویش هەر هیچ نەبێت لەسایەی ئەو شێوازە کۆچکردنە ئەخلاقیەی مرۆڤدا دەگاتە ئەنجام کە لەسەدەی هەژدەدا رووێدا. هەریەکەش لەمەسیحیەتو رۆشنگەری قورسیەکی زۆر دەخاتە سەر لایەنی مادیانەی ئەو پێشکەوتنەو لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە پێشبینی پێشکەوتن دەکرێت لە ئەنجامی سەربەستبوونی مرۆڤی بەسروشتی خێراخوازو پەسەند لەدەستی کۆت‌و پێوەندەکانی یاساو لەدەستی داب‌و نەریت‌و دەسەڵات، لەدەستی زۆربەی ئەو شتانەی کە مەسیحیەتی تەقلیدی ماوەی حەڤدە سەدەیە لەهەوڵو کۆششدایە بۆ چەسپاندنی. مەسیحیەتی تەقلیدی وای دەبینێ کە پرنسیپی روانین بۆ مرۆڤ بەوەی کە بەخۆڕسکی ئافریدە بوویەکی خێرخوایە، ئەوە فێڵو تەڵەکە بازییەکی فاندەمێنتاڵیانەی رۆشنگەریە.


ئاکامی لۆژیکانەی رۆشنگەری بریتیە لەئەنارشیستی فەلسەفیانەو لەباربردنو سڕینەوەی هەموو کۆت‌و پێوەندێکی دەرەکی لەسەر رەفتاری تاکەکەس. بەڵام وەکو تێبینیمان کردووە هیچ بزوتنەوەیەکی گرنگی سەدەی هەژدەهەم بەڕاستی ڕێگای ئەنارشیزمانەی لەبەر نەگرتووە لەپێناوی گەیشتن بەئامانجەکانیدا. بەڵام تێڕوانینێکی (دیار) لەزۆربەی فیکرە پێشکەوتنخوازو دیموکراسیەکاندا جێگیر بووە کە ئەویش ئەوەیە: تاکەکەس راستەو کۆمەڵ هەڵەیە. ئازادی لەخودی خۆیدا شتێکی چاکە، دیسپلین لەخۆیدا شتێکی خراپە، یان لەباشترین حاڵەتیدا دیسپلین ئەوەیە کە پێویست نیە هەبێت.

رۆشنگەری بەڵێنی هاتنی بەهەشتی داوە لەسەر زەوی، کە ئەو بەهەشتە بەزوویی‌و بەهۆی پرۆسەیەکەوە دێت کە ئازادییەکی بەرفراوانی (سروشتیانەی) بۆ تاکەکەس لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووەو تاکەکەس لەدەستی هێزە شەهوانی‌و فراوانخوازەکانی ناو خودی خۆی رزگار دەکات، مەبەست لەمەش ناکۆڵی کردن لەخودو سەرکوتانەوەی یان رکێف کردنی ناخ نیە، بەڵکو هەر هیچ نەبێت ئەمە لایەنی ئاسایی‌و کەشبینانەو بێ گەوهەری رۆشنگەرییە لایەنی تووندڕەویی رۆشنگەرییە، لایەنی دەرەوەی هێمنی‌و مامناوەندی بوونیەتی کە ئێمە دەتوانین لێیەوە شارەزای هەندێ لەلاوازی‌و مەترسیەکانی رۆشنگەری ببین. هەموو رۆشنگەرەکان بەو شێوە ساویلکانە گەشبین نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرایە کە رۆشنگەری نەهاتووە بەڵێنی خۆێن‌و رەنج‌و عەرەق رشتن‌و فرمێسک بدات. لەداهاتوودا دەبینین کە خەونی رۆشنگەری چی بەسەر هاتووە لەژێر کاریگەری ئەو گیروگرفتانەدا کاتێ دوای ئامانجە جدییەکانی ئەو یۆتۆپیایە کەوتوون.. یۆتۆپیای شۆڕشەکانی ئەمەریکاو فەرەنسا.

سەرچاوەی ئەم باسە:

Crane Brinton. The Shaping of the Modern Mind – A Menter Book – 1979 – pp. 137-144.

ئاینی زەردەشت
لەدیدی زانایان‌دا



محمد سالار شێخ عەلی

دیارە زەردەشت لەگەلێ رووەوە جێگای مشتومڕی پسپۆڕانە کەوابوو باشتر وایە لەم نوسراوەدا هەوڵبدەین ڕۆڵەکورتی باسی زەردەشت بکەین‌و تیشک بخەینە سەرئەو لایەنانەی کەپەیوەندییان بەزەردەشتەوە هەیە، تاکو بتوانین کورتەیەکی لێکۆڵینەوەی زانا و پسپۆڕانی کۆن‌ونوێ دەربارەی ئاینی زەردەشت بخەینە روو، ئاشکرایە وەک هەندێ لەتایبەتمەندان دەستنیشانیان کردووە چەند زەردەشتێک بووە، بەڵام ئەو زەردەشتەی ئێمە مەبەستمانە دوا زەردەشتەو خاوەنی کتێبی ئاڤێستایە واتە زەردەشتی کوڕی پورشەسپ هەرچەند دیاریکردنی مێژووی لەدایکبوون‌وو سەردەمەکەی بەچەند مێژوویەکی جیاواز دەستنیشان کراوە، بەڵام راستینیان ئەو مێژووەیە کەمێژوونوسانی ئێران‌و عەرەب دیاریان کردووە کەسەدەی شەشەم‌و حەوتەمی ((پ.ز))، مێژوونووسانی ڕۆژئاواش وەک کاسارتللی جاکسون هەر ئەو سەردەمە بەراست دادەنێن بۆ لەدایکبوونی زەردەشت، بۆیە پێیان وایە زەردەشت لەسالّی ٦٦٠پ.ز هاتۆتە جیهانەوەو، لە ٥٨٣ پ.زدا مردووە. وەشەهرستانی دەڵێت: زەردەشت کوڕی پورشپە لەسەر دەمی کشتاسپی کوڕی لهرا سپدا بووە باوکی ئازربیجانی بووەو دایکیشی خەڵکی ڕەی بووەو ناوی دغدویە بووە. وەپێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئیفلاتون لە ((السیباس))دا باسی زەردەشتی کردووە، بیلینی دەڵێت: زەردەشت کەلەدایکبووە بەدەنگی بەرز پێکەنیوە، هەروەها ((دیوکریستوم)) دەڵێت: نەهۆمیرۆسی شاعیرو نە هزیود نەگەیشتونەتە ئاستی زەردەشت لەباسکردنی بەرزی ((زیوس))دا کە ((رب الارباب)) ئاشکرایە وەک ئاماژەمان بۆ کرد زەردەشت گەلێ لێکۆڵینەوەی گرنگی لەسەرە، بەڵام باشتر وایە لەکورتە باسێکی وادا خۆمان دوور خەینەوە لەمشتومڕی زانایان بۆ ئەوەی لەمەبەستی سەرەکی باسەکە


زەردەشت

دوورنەکەوینەوە کەئەوەیە تیشکێ بخەینە سەر ئاینی زەردەشت.

کاتێك زەردەشت هاتە جیهانەوە (مادو پارسەکان) وەك برا ئاریەکانی تریان هەندێ لەدیاردەکانی سروشتیان دەپەرست، بەڵام زەردەشت حەزی بەو بیروباوەڕانە نەدەکرد بۆیە هەر لەلاوێدا بیری لەراستی دەکردەوەو حەزی بەتەنیایی دەکرد، ئەوەبوو ئەنجام لەتەمەنی ٢٠ساڵێدا رووی‌کردە چۆڵەوانیو گۆشەگیریو لە مەردووم دوورکەوتەوە تاکو لەتەمەنی ٣٠ ساڵێدا ئاینی خۆی ئاشکراکردو خەڵکی بانگەشە کرد بۆ سەر ئاینەکەیو لەوڵاتەکەی خۆیەوە دەستی پێکرد، بەڵام لەبەرئەوەی پشتگیرییان لێنەکرد، بەڵکو گەلێ ئازارو ئەشکەنجەی چەشت، ناچاربوو بەرەو ((بەڵخ)) بڕوا. کاتێك گەیشتە لای پاشای بەڵخ ئەمیش هەڵوێستی خراپ بوو بەرامبەری، باوەڕی پێنەکردو گەلێ ئازارو ئەشکەنجەی زەردەشتی داو بەندی کرد. زۆری پێنەچوو پەرجوویەکی زەردەشت دەرکەوت ئەویش ئەوەبوو ئەسپەکەی گشتاسپ هەرچوارپەلی چووە ناو لەشییەوەو بەهیچ شێوەیەك ئەسەری سمەکانی نەما، خەڵکی ئەمەیان زۆر پێ سەیربوو، بۆیە کشتاسپ ناچار بوو زەردەشت بەربدا تاکو هۆی ئەو رووداوە نامۆیەی لێ بپرسێ؟ زەردەشتیش بۆی روونکردەوەو پێی وت: ئەوە یەکێکە لەنیششانەکانی منو بەڵگەن لەسەر ئەوەی هەرچی بڵێم راستە بۆیە وتی من داوا لەخوا دەکەم ئەسپەکەت وەك خۆی لێبێتەوە، بەڵام بەمەرجێ بڕوام پێ بکەیتو ئیمان بێنی، پادشایش مەرجەکەی پەسەند کردو، ئینجا زەردەشت هاواری خوای کردو چوارپەلی ئەسپەکە هاتەوە دەرێ وەك خۆی لێهاتەوەو گشتاسپ کەئەمەی بینی ئیمانی هێناو دواتر فەرمانیدا کەتەواوی زانایان کۆببنەوە، لەسەر فەرمانی پاشا زانایانی بابلو ئێرانشەهر کۆبوونەوەو لەگەڵ زەردەشتدا کەوتنە گفتوگۆو زەردەشت بەسەر هەموویاندا سەرکەوت، ئەوانیش دانیان بەوەدا نا کەزەردەشت کەسێتێکی گەورەو پیرۆزە. بۆیە

گشتاسپ زۆر رێـزی لێگـرتو پلـەو پایـەی دایـەو بەمەش ئاینەکەی رەواجی پەیداکردو بلاوبووەوە. جا وەك پسپۆڕانو تایبەتمەندان رووندەکەنەوە ئاینی زەردەشت ئاینێکی یەکتاپەرستی بـووە، خـەڵکی بانگەشـە کـردووە بۆسـەر ئـاینی ((مزدیسـنا)) واتـا ئـاینی یەکتاپەرسـتی (التوحیـد) وەقەدەغـەکردنی هاوبەش بۆ خوا دانانو بتپەرستی، هـەروەك هـەموو بیروباوەڕەکانی (المجوس) بـەخورافیات نـاودەبرد، دەیـوت: تـەنیا یـەك خـوا هەیـە کـەناوی ((ئەهورامزدا))یە ئەو خوایە یەکەو تـەنیاو پـاكو گەورەو بێچوونە هەر زاتی ئەوە داناو تواناو رووناکی، هیـچ شـتێك هاوبەشـی ناکـات، وەهـەر خۆیشـی بەدیهێنـەرو پـەروەردگاری هـەموو بونـەوەرە (ولدیورانـت) لـە (قصـة الحضـارة)دا دەڵێـت: (گـەورەترینی خواکـان لـەئاینی پێشزەردەشـتدا (میترا) بووە کەخوای خۆرو ((ئەنیتا) کەخوای پیتو بەرەکەتی زەوی بووە هەروەها ((هۆما)) گـای پـیرۆز ئـەو گایـە بـووە کـەمردووەو زیندووبۆتـەوەو خوێنـی خۆی بەخشی بـەئادەمیزاد تـاکو نـەمرین. ئێرانیـیە کۆنـەکان ئـەو گایـەیان پەرسـتووە، لـەیادی ئـەودا شـەرابێکیان خواردۆتـەوە کەلـەو گیایـە دروسـتکراوە لەدامێنی چیاکانیاندا سەوزبووەو مەستیشی کردوون. جا زەردەشت بەوپەڕی ئازایەتیـیـەوە لـەوتارەکانیدا هێرشـی تونـدوتیـژی کردۆتـە سـەر ئـەو بیروبـاوەڕە پوچەڵانەو زۆر رەخنەی کاریگەریشی ئاراسـتەی ئـەو جەژنانەیان دەکرد کەشـەرابیان تیـادا دەخواردەوە، بەئاشکرا ڕاپەڕیو تەقیـیەوە بەرووی مەجوسـدا واتـا ئـەو پیـاوە ئاینیانـەی (الکهنـه) کـەنوێژیان بـۆ ئـەو خوایانـە دەکـردو قوربانیشـیان بۆدەکـردن. بـەڵێ زەردەشـت بەوپـەڕی ئازایەتیـیـەوە ڕاپـەڕیو بەراشکاوی رووی تێکـردنو وتـی: ئەمانـە خـوا نـین‌و هیچیـان بەدەسـت نیـیـەو دەسـەوسـانن، بـەڵکو خـوا تەنها یەکەو ئـەویش ئاهورامزدایـە، خـوای رووناکیو ئاسمانەکان))

هەروەها ((ول دیورانت)) دەڵێـت: ((گـەورەترین شانازی بۆ زەردەشت ئەوەیە خـوای گـەورە لـەئاینی زەردەشـتدا بەشێوەیەکی زۆر پیرۆزو بەرز باسکراوە کەبالاییە بەسـەر هەموو شتێکداو بێچوون‌و بێوێنەیە))

مامۆسـتا برهـان قـانع لەوکتێبـەدا کەلـەزمانی فارسـیەوە وەریگێڕاوە بـۆ زمـانی کـوردی دەڵێـت: لـەکۆتایی سـەردەمی پـارتو سـەرەتای سـەردەمی ساسـانیەکانا یاسـاکانی ئاوێسـتاو ئامۆژگاریـەکانی زەردەشـت زۆر بـەڕێزەوە بلاوبـۆوە، ئامۆژگاریـە فەلسـەفیو ئایینیـەکانی (زروانـی) لـەناوبرا.. ئـاینی زەردەشتی بەگەرم پێشوازی لێکراو بەوردی ڕێکخـرا، بـەپێی ئـەو یاسـایە چـاكو خـراپ لەیـەك جیـا دەکرایەوە، کتێبی ویدوات (یاسای دژی دیوان) باسی ئەم مەسـەلەیە ئـەکات. بیروڕای زروانیـیـەکان تـەنیا لەناو مانیو ئەو ئامۆژگاریانەی ترا مایەوە کەبەکوفرو بـەدئاینی ناوئـەبران. هـەروەك لەجێگایـەکی تـردا ئەڵێت: ((پێشکەوتنی ئامۆژگاریو یاسای (مزدیسـتا) لەسەردەمی هەخامەنشینەکانا لـەدوولاوە هاتـەدی.. لەلایەکـەوە ئـەم ئاینـە لـەناو زۆربـەی خەڵکەکـەدا بلاوبۆوە بیروباوەڕی ئاینە کۆنەکان خۆیـان لـەخۆیانا توانەوە. بڕوانە (میدیا دانـراوی دیاکۆنۆف بـەزمانی روسی وەرگێڕانی لەفارسـیەوە برهـان قـانع لاپـەڕە ٥٤٨–٥٤٩. ئـەم دەقـەش ئـەوەی لێوەردەگـیرێ کـەدیارە پێـش هـاتنی زەردەشـت گـەلی ئـاینی ئەفسانەیو فەلسەفی میللی هـەبووە بـەڵام بـەهاتنی ئـاینی زەردەشـت لـەناوچوون‌و نـەماون هەرچـەند لەدوای داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشـینەکان لەلایـەن ئەسـکەندەری مەکدۆنیـیـەوە بتپەرسـتیو خوارافیات شان‌بەشانی ئـاینی زەردەشت بلاوبـۆوە. ئافێستا دەڵێـت: مـرۆڤ سـێ ئـەرکی گرنگی لەسـەر پێویسـتکراوە کەئەمانـەن: ((دەبێـت دوژمـن بکاتـە دۆست پیس پاك بکاتەوە– دیارە مەبەسـتی ئەوەیـە مەردومی خراپەکار بخاتە سەر ڕێگای راست، چونکی خراپـەکاری پیسـەو ڕێگـای راسـتیش خاوێنـە، گـەورەترین ڕەوشـتیش خۆپاراسـتنە (التقـوی) دوای تـەقوا داوێنپـاکیو ئەمانەتـە، خراپـترین تـاوانیش کوفرە.

جالەدیدی زەردەشتدا تەقوا گەورەترینی هـەموو ڕەوشتە مەزنەکانەو پێویستە ئادەمیزاد تەنها خـوای پـەروەردگار بپەرسـتێ بـەخاوێنیو فیداکـاریو نوێژکردن.

هـەروەك ئـاینی زەردەشـت بڕوایـەکی تـەواوی بەرۆژی دوایی هەیەو، دەفەرموێ: ژیـانی ئادەمیزاد بـەمردن دوای نایـەت، بـەڵکو دوای مـردن دوو گێتـی هەیـە گێتـی شـادیو ئـارامیو کامـەرانی، گێتـی پەڕێشانیو سـزاو نەهامـەتی. جا ئەوکەسـانەی لـەم جیهانەدا کرداریان چـاك بـێ ئـەوە پاداشـتیان گێتـی شادییە، بەدکردارانیش پاداشتیان گێتـی پەڕێشـانیو

نەهامەتیيە. خاڵێکی زۆر گرنگیش هەیە کەپێویستە تیشکێ بخەینە سەر، لێرەدا وەک پرسیارێ دەیخەینە روو، وەڵامیشی ئەدەینەوە.

ئایا ئاینی زەردەشت بڕوای بە دوو خوابووە؟ وەیان مەبەست لەلایەنی خێرو لایەنی شەڕ چییە لەئاینی زەردەشتدا؟.

دیارە زەردەشت وتوویەتی دوولایەن، یان بڵێین دوو هێز هەیە لەجیهاندا هێزی خێرو فەڕ، هێزی شەڕو بەدفەڕی، هیچ کاتێک مەبەستی ئەوە نەبووە کەدووخوا لەم بوونەوەرەدا بێ و هەمیشە لەزۆرانبازیدا بن.

جا بۆ ئەوەی تەواو ئەم خاڵە روون بکەینەوەو بزانین بۆچی هەندێ باوەڕیان وایە کەزەردەشتی دوو خوایان هەبووە. پێویستە پێشەکی تیشکێ بخەینە سەر ئەم ئاینانە:

١) کیومەرسی (الکیومرثیة) ئاینێک بووە کەبڕوایان وابووە دووئەسڵ هەیە لەگێتیدا: یزدان، ئەهرمن، بەڵام ئەڵێن: یەزدان قەدیمو ئەزەلییە، ئەهرمن لەنەبوون دروستکراوە.

٢) زەروانی (الزروانیه) ئەمانەش باوەڕیان وابووە رووناکی چەند کەسێکی دروستکردووە لەرووناکی کەهەموو نورانیو رەبانیبوون، بەڵام گەورەترینی ئەو کەسێتییانە کەناوی (زروان) بوو کەوتە گومانەوە لەشتێک جا لەئەنجامی ئەو گومانە ئەهریمەن واتا شەیتان دروست بوو.

٣) دووبنوانی (الثنویة) ئەمانەش لایان وایە رووناکی وتاریکی ئەزەلیو کۆننو هەربوون.

٤) مانیەکان (المانویه) دامەزرێنەری ئەم



زەروان خوای زەمان

رێبازەیش مانی کوڕی فاتکی حەکیمە لەسەرەتای سەدەی سیانزەهەمی زایینیدا لەدایکبووە، هات ئایینو رێبازێکی دامەزران کەلەمەجوسیو مەسیحی وەرگرتبوو، مانی باوەڕی بەحەزرەتی عیسا بووە(ع)، بەڵام باوەڕی بەحەزرەتی موسا(ع) نەبووە. (ابوعیسی الوراق) دەڵێت: مانی لەئەسڵدا مەجوسی بووە، شارەزای هەموو رێبازەکانیش بووە ئەم ئایینەش باوەڕی بەدوو خوا هەیە خوای رووناکیو خوای تاریکی، مانەوەی ناویان ناوە ((ئورمزد))و ((ئەهرمن)) پێویستە ئەوەش بڵێین: کەبەلایەن زەردەشتیەیە حەقیقییەکانەوە مانەوییەکان بەلادەرو یاخیبوو دادەنرێن، ئەوەبوو هەر لەسەر ئەم لادانە (الانحراف) مانی کەدامەزرێنەری ئەم رێبازەبوو (المذهب) لەساڵی ٢٤٧زدا کوژرا، بەڵام رێبازەکەی لەناوچەی دەریای ناوەڕاستدا تەواو بڵاوبۆوە. هەرچەند بەردەوام زەردەشتی حەقیقی دژی ئەو رێبازەو هەموو رێبازێکی چەوت وەستاون.

٥) موگوش (المجوس) ئەمانیش چەند رێبازێکی جیاوازن، بۆنموونە بەلایەن کۆمەڵێك لەمەجوسەوە دوو نەژادی قەدیم هەن کەدەتوانین بڵێین: مەبەستیان دوو خوایە واتە خوای رووناکی، خوای تاریکی، یان خوای خێرو خوای شەڕ بەفارسی (یزدان، اهرمن) دن، دەڵێن ئەو دوو هێزە لەگەردووندا کاروباری جیهان جێبەجێدەکەن، بەڵام مەجوسی راستی (المجوسیه الاصلیه) ئەم دووهێزە واتا رووناکیو تاریکی بەقەدیمو ئەزەلی نازانن بەڵکو دەڵێن: تەنها هێزی رووناکی قەدیمەو ئەزەلییەو هەربووە، هێزی تاریکی قەدیمو ئەزەلی نییەو، بەڵکو لەنەبوونەوە پەیدابووە. جالەبەر ئەوە ئەو مەجوسیانەش کەخاوەنی ئەم باوەڕەن کەوتوونەتە کێشەو ئیختلافەوەو دەڵێن: ئایە هۆی دروستبوونی تاریکی چیبووە؟ ئایە لەرووناکییەوە پەیدابووە؟ یان لەشتێکی تر؟ خۆبە لای ئەمانەوە هیچ شتێك نییە هاوبەش بێ لەگەڵ نوردا لەقەدیمیو بەدیهێنراوە، بۆیە لەئەنجامدا مەجوسیەی ئەسڵییەکانیش سەریان لێتێك دەچێتو تووشی هەڵە دەبن. بڕوانە (الملل والنحل للشهرستانی تحقیق محمد سید گیلانی المجلد الاول ص٢٣٣. ئاشکرایە ئەم رێبازانە هەرهەموو بیروباوەڕی مەجوسی تیایاندا رەنگی داوەتەوە، کاری تێکردوون. جا ئەوەبوو ئامانجمان بۆ کرد کەبەلای مۆگشی راستیەوە (المجوس الحقیقی) تەنها رووناکی قەدیمو ئەزەلیە.

کەوابوو پێویستە بزانین ئەو ئایینو رێبازانەی باوەڕیان بەدوو خوا هەیە دوورن لەئایینی زەردەشتیو نابێت تێکەڵ بەوانی بکەین، چونکی وەك زۆربەی زۆری پسپۆڕانی کۆنو نوێ بەراشکاوی ئامانجیان بۆ کردووە، زەردەشتی یەکتاپەرست بوون هەرگیز باسی دوو خوایان نەکردووە، بەڵکو دەڵێن: دووچەشنە خوو هەیە نەك دوو خوا، (اهریمانو ئنغرامینیو) ئەمە بەبەرامبەر شەیتانە لەئایینە ئاسمانییەکانی تردا وەك یەهودیو مەسیحیو ئیسلام. کەوابوو گەر لەواتای (اهرمن) وردبینەوەو تێبگەین بۆمان دەردەکەوێ کەمەبەست پێی شەیتانە. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ((البان ج. ویدجیری لەکتێبی المذاهب الکبری فی التأریخ))دا دەڵێت: زۆربەی شوێنکەوتووانی ئایینی زەردەشت لەهندستانن، چونکی باپیرە گەورەکانیان زیاد لەهەزار ساڵ لەمەوبەر چوون بۆ هندستان، هەرچەند هەر لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە لەوێ خۆیان جیاکردەوەو توانیویانە ئایینەکەی خۆیان لەو بیروباوەڕانە بپارێزن کەلەهندستان بڵاوبووەوە، بەتایبەتی لەئایینی بەراهیمییەکان (البراهمیین) کەلەهەموو ناوچەکانی هندستاندا بڵاوبۆوە. جائەو زەردەشتیانەی کەئێمە پێیان دەڵێین ((البارسیین)) گەورەترین رۆڵیان هەبووە لەڕێکخستنی گەشەکردنی هیندی نوێدا. بڕوانە (المذاهب الکبری فی التأریخ، الفصل الرابع ص١١١. هەروەك لەلاپەڕەی (١١٢) دەڵێت: بەم شێوەیە وەسفی خوا کراوە: خوا ئەو زاتەیە کەزەوی و ئاسمانی راگرتووەو نایەڵێت بکەون. هەروەها تەنها هەرزاتی ئەوە گەشە بەمانگ دەکات بۆ ئەوەی ببێت بەمانگی تابانو دەیگێڕێتەوە بۆ هیلالو دۆخەکانی تری هەروەها تەنها خوای پەروەردگارە یاسای خۆروهەسارەکانی داناوە.. تیژڕەوی داوە بەباکانو رووناکی بەخشیوە بەئاسمان هەروەها ئاژەڵو رووەکی دروستکردووە کەهەموو جێگای شادیو دڵخۆشیەو ئاویشی بەدیهێناوە. (المذاهب الکبری فی التأریخ ص١١٢).

ئیمام محەمەدی شەهرستانی دەڵێت: ئەو کتێبەی زەردەشتییەکان بەکتێبی ئاسمانی دادەنێن، زەردەشت شەرحێکی کردووەو ناوی ناوە زەند واتا

تەفسیر دواتر ((زەند))یشی شەرح کردووەو ناوی ناوە ((بازەند)) واتە تەفسیری تەفسیر کەگەلێ زانیاری تیایدایە لەبارەی بیرکاریو گەردوونناسی پزیشکیو بابەتی مێژوویی‌و باسی پێغەمبەران. هەروەها شەهرستانی دەڵێت: ((ئاینی زەردەشتی یەکتاپەرستی بووەو روونا‌کی‌و تاریکی دوو نەژادی دژ یەکن‌و خوای گەورە تاك‌و تەنیایەو هاوبەشی نییە..)) بڕوانە الملل والنحل للشهرستانی المجلد الثانی ص٥٢ هەتا ٧٠. کەوابوو بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کەلەچەند کتێبێکی دیاریی‌وە خستمانە روو دیارە زەردەشت یەکتاپەرستبووەو ئاگرپەرستنەبووە، بەڵکو تەنها یەك‌خوای پەرستووە کە تاك‌و تەنیاو بێچوونە.

فیردەوسیش لەشانامەی ((جاویدا)) لەبارەی زەردەشتەوە دەڵێت:

مگوئی کەاتش پرستان بدند
پرستندگانی نیك یزدان بدند

ئاشکرایە پێغەمبەرێتی زەردەشت تائێستایش جێگای مشت‌ومڕی پسپۆڕانە، بەڵام ئیمامی ئیبنو حەزمی زاهیری دەڵێت: حەزرەتی محمد (د.خ) فەرموویەتی: ((کەدوای خۆی پێغەمبەری تر نابینێت. جاکەوابوو ئەوانەی دوای ئەو (ص) ئیدعای پێغەمبەریان کردووە راستییان نەکردووەو قسەکانیان پڕوپاگەندەبووە، بەڵام بەنیسبەت زەردەشتەوە زۆر لەزانایانی ئیسلام بەپێغەمبەریان داناوە.)) بڕوانە ((الفصل في الملل والاهواء والنحل للامام ابن حزم الظاهری المجلد الاول ص١٦٣. دیارە فەرموودەکەی حەزرەتی پێغەمبەر د.خ) زەردەشت ناگرپێتەوە، چونکی زەردەشت پێش ئیسلام بووە. شێخ الاشراق شهاب الدین المقتول لەکتێبی حکمه الاشراقدا دەڵێت زەردەشت پێغەمبەر بووە. هەروەها پسپۆری بەناوبانگ عەباس محمود العقاد دەڵێت: وتەکانی زەردەشت واتای یەکتاپەرستی لێ هەڵدەقوڵێ زەردەشت ئاگرپەرست نەبووە، بەڵکو ئاگری بەرەمزێکی پاك‌وپیرۆز داناوە، چونکی ئاشکرایە ئاگرخاوێنترین شتە لەجیهانی هەستدا کەهەرگیز پیس نابێت. خودا لەئاینی زەردەشتدا بەوپەڕی صیفاتی کەمال وەسف کراوە. دیسان عەقاد لەزمانی شهرستانی‌یەوە دەڵێت: ((زەردەشتی‌یەکان ئەڵێن کاتێك زەردەشت لەدایك‌بوو لەیەکەم رۆژدا بەدەنگی بەرز پێکەنی‌و خەڵکێکی زۆر گوێیان لێ بوو. جاهاتن بیکوژن بۆیە فرێیان نەداو پاراستیان‌و بوونە پارێزگاری کاتێکیش گەیشتە تەمەنی ٣٠ ساڵی خوای گەورە کردی بەپێغەمبەرو خەڵکی بانگەشەکرد بۆ سەرئاینەکەی‌و کشتاسپ ئیمانی پێهێنا.

جاپێویستە بۆ روونکردنەوەی ئاینی زەردەشت‌و دەستنیشانکردنی حەقیقەتەکەی بەگوێرەی توانا تیشك بخەینە سەر هەندێ رێبازو ئاینی تر کەپەیوەندییان بەئاینی زەردەشتەوە هەیە، یان وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکردن هەندێ جار بەتەواوی تێکەڵ بەئاینی زەردەشتی دەکرێن‌و لێکیان دەئاڵێنن. ئەمەش هۆی ئەوە بووە کەئەم ئاین‌و رێبازانە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووە چ لەروی سروشتی جوگرافیایانەوە، چ لەروی نەژادو بنەڕەتی ئاینی‌و ئاریاییەوە. بۆیە هەندێ کەس هەربەیەکی زانیون. بۆ نموونە گەر بەوردی سەرنجی لێکۆڵینەوەو راو بۆچوونی پسپۆرانی ئەم بوارانە بدەین زۆر بەراشکاوی ئەوەی تیادا رەچاو دەکەین کەموگش (المجوس) ئەهلی کیتابن باشتر وایە سەیرێکی تەفسیرەکانی قورئانی پیرۆزیش بکەین. تەفسیری مەنار بەم شێوەیە باسی موگش دەکات: ((بەڵام ئەوانەی شوبهەی ئەهلی کیتابن مەجوسن، چونکی ریوایەت کراوە کەخاوەنی کتێب بوون دواتر کتێبەکەیان بەرزکراوەتەوەو نەماوە. ئەو شوبهەیە بووە بەهۆی ئەوەی سەرانەیان (الجزیه) لێوەرگیرێ. وەلەئەبی ثەورەوە هاتووە کەمەجووس ئەهلی کیتابن‌و دروستە ژنیان لێ بخوازرێ‌و ئەو حەیوانەی سەری دەبڕن بخورێ لەبەر ئەوەی لەئیمامی عەلی‌یەوە(ع) ریوایەت کراوەو فەرموویەتی: من زاناترین کەسم بەمەجوس، دەزانم مەجوس زانستیان هەبووەو خاوەن کتێبیش بوون‌و خوێندویانەتەوە... جاکتێبەکەیان لێ سەندراوەتەوە زانیاریش لەسنگیاندا نەماوەو ئەهلی کیتابن.

پێغەمبەر (د.خ) جزیەی لێوەرگرتوون هەروەها ئەبوبەکریش وەك ئیمامی شافیعی‌و سەعیدو زانایانی تریش ریوایەتیان کردووە. عەبدولرەحمانی کوڕی عەوف دەڵێت: ((اشهد لسمعت رسول الله (صلی الله علیه وسلم) یقول: سنوا بهم سنة اهل الکتاب)) بڕوانە تفسیر المنار للشیخ محمد رشید رضا المجلد العاشر،

ص٣٠٠–٣٠٣. دیاره ئەم دەقانەی کەخستمانە روو لەسەروو هەمووشیانەوە حەدیسەکە بەڵگەن لەسەر ئەوەی مەجوس ئەهلی کیتابن. پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کەبەلای مەجوسی حەقیقیەوە یەکەم کەسایەتی ((کیومرثة))، یادە دەیشڵێن: (زروانی گەورەیە)، زەردەشت دوو هەم پێغەمبەرە، هەروەها کیومەرثی دەڵێن: کیومەرث ئادەمە، مانای کیومەرث: زیندەوەری قسەکەر (الحی الناطق) لەمێژووی هیندو عەجەمدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کەکیومەرث حەزرەتی ئادەمە، بەڵام مێژوونووسانی تر رایان وانییە. جابەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی مەجوسی و زەردەشتی لەکۆن و نوێدا خراونەتە روو ئەتوانین لەئەنجامدا ئەوەی لێوە بەرهەم بێنین و وەری بگرین، کەدیارە موگشی (المجوسی) لەئەسڵدا خاوەنی پێغەمبەرو کتێبی ئاسمانیبوون، بەڵام بەهۆی لادان و (الانحراف) یاخی بوونیانەوە کتێبەکەیان نەماوەو حەق و راستیان لێ گوم بووە، دواتر بوون بەچەند کۆمەڵێک و هەریەکی رێبازێکی تایبەتی بۆخۆی داناوە. کاتێکیش کەتەواو لەرێگای راستلایان داو توشی پاشاگەردانی و سەرلێشێواندن بوون خوای پەروەردگار بەمیهرەبانی خۆی پێغەمبەرێکی تری بۆ ناردوون کەدەبێ زەردەشت بووبێ، تاکو بیانخاتەوە سەر رێگای راستو بەرەو حەقناسی و دادپەروەری و یەکتاپەرستی بیانگێڕێتەوە. پێویستە لێرەدا ئەوەیشمان لەیادنەچێت کەئاینی زەردەشتیش لەدەست لادان و تێکدان رزگاری نەبووە، بەڵکو دەستی گۆڕان و لادانی بۆ درێژ کراوە، بۆنمونە وەک ئەو ئاینەی مانی دایمەزران و ئەوەبوو لەجێگای خۆیدا کورتە ئاماژەیەکمان بۆکرد، هەروەک بەشێکی زۆر کتێبی ئاڤێستا لەناوچووە بەهۆی هێرشەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە لەساڵی ٣٣١پ.ز. ئەوەبوو ئاگردانی بنەماڵەی هەخامەنشی کوژاندەوە و کۆشکی شاهی و تەخت و تاراجی جەمشیدی تێکداو سوتاندی. ئەو روونووسە ئاویستایەی کەلەوێ بوو سوتاو روونووسەکەی تریشی هەر کەوتە دەست یۆنانییەکان، هەرچی بەلایانەوە بەسوودبوو وەریان گێڕایە سەر زمانی خۆیان، ئەوەش کەمایەوە سوتاندیان و لەناوچوو.

لەسەردەمی ئەردەشێری ساسانیدا ئاینی زەردەشتی بڕەوێکی باشی پەیداکردەوە و فەرمانی دەرکرد کەئاوێستا کۆبکرێتەوە رێکی بخەن بۆ ئەوەی ئاوێستا ببێ بەبەرنامەو ئاینی کیشوەری، توانییان ئاڤێستایەکی چاک کۆبکەنەوە و رێکی بخەن، بەڵام ئەو ئاڤێستایەی ئێستا هەیە چواریەکی ئاڤێستای سەردەمی ساسانییەکانە. دیارە ئاڤێستا لەم سوتان و لەناوچوون و رێکخستنەوە و کۆکردنەوەو ئامادەکردنەیدا دەستی لادان و گۆڕان و زیادکردن و کەمکردنی تێخراوە. جا ئەم گۆڕان و لادانەش (التحریف) دیاردەیەکی نامۆنییە، ئاشکرایە زۆربەی زۆری ئاینەکان و کتێبە ئاسمانیەکانیش ئەو دەستەیان گەیشتووەتێ و تێکدراون بۆیە دەتوانین بڵێین زەردەشت پێغەمبەرێکە لەو پێغەمبەرانەی کەبەرووبی لەقورئانی پیرۆزدا ناویان نەبراوەو باس نەکراون وەک قورئان دەفەرموێ: ((ورسلا قد قصصناهم علیك من قبل ورسلا لم نقصصهم علیك..)) النساء ، هەروەک لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ئێمە پێغەمبەری خۆمان بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک ناردووە، ئاگاداریشمان کردونەتەوە کەدەبێ تەنها خوای پەروەردگار بپەرستن و لەشەیتان دوورکەونەوە: ((ولقد بعثنا في كل امة رسولا ان اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت)) النحل–٣٦. هەروەها ئایەتی ژمارە (٣٣) لەسورەتی الملائکەدا هەمان واتای لێوەردەگیرێ: جاوەک دەردەکەوێ و زۆربەی زانایانیش رایان وایە کەزەردەشت پێغەمبەر بووەو نێزدراوە بۆسەر گەل و نەتەوەکەی خۆی و کتێبەکەیشی ئاڤێستا بووە.

هەروەک مامۆستای خوالێخۆش بوو سەعید حوی لەروونکردنەوەی سورەتی (الکهف)دا کاتێک باسی (ذی‌القرنین) دەکات دەڵێت کەس بەقەد زانای بەناوبانگ (ابوالکلام ازاد) لەم بوارەدا پسپۆرو شارەزا نەبووە. جا ابو الکلام ازاد دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕی زانستی گەیشتۆتە ئەوەی بڕوای وابێ کە (ذی‌القرنین) کورشەکە لەسەدەی شەشەمی پ.زدا ژیاوەو لە ئێران پەیکەرێکی کۆرشیان دۆزییەوە کەدووشاخ و دووباڵی هەبوو کەئەمەش موتابیقە لەگەڵ ئەو وەصفەی لەپەیمانی کوندا هاتووە بۆ (ذی القرنین) هەروەک لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێت: هەرچی لەقورئاندا لەبارەی

بەسەرکورش‌دا تەتبیق دەبێت‌و دێتەجێ، چونکە کورش لەسەر ئاینە راستەکەی زەردەشت بووە ئەو ئاینەی کەلەسەر یەکتاپەرستی‌و باوەڕبەڕۆژی دوایی‌و زیندووبوونەوە نێتی راست‌و گفتاری راست‌و کرداری راست دامەزراوە، جاکوش بەرەو رۆژهەلات رۆیشت تاکو گەیشتە بیابانی بەلخ هەروەک رووی‌کردە رۆژئاواو تاکو دەریای ئیجەی گرت نزیکی (ئەزمیر) هەروەها بەرەو باکور کەوتە ڕێ لەوێ بەربەستێکی (السد) دروست کرد ئەو بەربەستەی مایەوە بەناوی خۆیەوە لەو شوێنەی کەئێستا ناسراوە بەگەرووی داریال ئێستا لەشاخەکانی قەوقازە، شێخ ابوالکلام ئازاد تەواو رووبی کردۆتەوەو سەلماندوویەتی هەرچی لەبارەی ئەو بەربەستەوە (السد) لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە بەسەر ئەو جێگایەدا دێتە جێ. بڕوانە (الاساس فی التفسیر المجلد السادس سوره الکهف، ص۳۲۳۳. الاستاذ سعید حوی)) ئاشکرایە ئەو دەقەی زۆر بەکورتی لە ((الاساس فی التفسیر))دا نەقڵمان کرد بەرووبی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەئاینی زەردەشت یەکتاپەرستی بووەو زەردەشتیش پێغەمبەر بووە. وەبەڵگەیەکی زۆر بەهێزیش لەسەر ئەم راستیەیە ئەوەیە کەزەردەشت بەوپەڕی رێکوپێکی‌و بەڕزی‌و خاوێنی باسی خوای پەروەردگاری کردووە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە بیروباوەڕو بۆچوونێکی ئەفسانەیی، یان چەمکێکی فەلسەفی تێکەڵ کردبێ، دیارە ئەمەش بەڵگەیەکی گەورەیە لەسەر ئەوەی زەردەشت نیگای (الوحی) بۆ هاتووە، چونکی گەر تەنها بەعەقڵو بۆچوونی خۆی باسی خوای بکردایە ئەوە توشی هەڵەو هەڵخلیسکان دەبوو، ئاشکرایە فەیلەسوفەکان لەکۆن‌و نوێدا لەم بوارەدا لەسروشەوە (الوحی) دوربوون. دیارە ((ول دیورانت))یش هەستی بەو راستیەیە کردووە بۆیە لە(قصه الحضارة)دا دەڵێت: ((گەورەترین‌و مەزنترین شانازی بۆ زەردەشت ئەوەیە کەخوای گەورە لەئاینی زەردەشتیدا بەشێوەیەک وەصف کراوە کەبالادەستە بەسەر هەموو شتێکداو بەجۆرێ وەصفی خوای کردووەو واتاکەی روون کردۆتەوە کەلەرووی بزورگی‌و بالادەستی‌و بێهاوتایی‌و شکۆو بۆچوونییەوە لەئاستی ئەو وەصفەدایە کەلە سیفری ئەیوبدا هاتووە، بۆ کردگار)).

دیارە زەردەشت بەسروش کۆمەکی کراوە بۆیە توانیویەتی بەو شێوە بەرزو پیرۆزە وەصفی پەروەردگار بکات بێ ئەوەی روبەڕووی هیچ هەڵەیەک ببێتەوەو رەخنەی لێ بگیرێ، چونکی مرۆڤ بائەوپەڕی بلیمەت‌و هۆشیاریش بێت، بەڵام کاتێک خۆیدا لەو بوارە –وەسفی خوا–و ویستی بەعەقڵێکی رووت باسی پەروەردگار بکات بێگومان روبەڕووی کێشەی زۆر ئاڵۆز دەبێتەوەو توشی هەڵەش دەبێت وەک مەولەوی ئاماژەی بۆ ئەو راستیەیە کردووە بەم شیعرە:

جل الذی کل النهي صفاته
في ذاته وفي علا صفاته

زۆر ئاشکرایە گەر سەیری قورئان‌و حەدیثی پێغەمبەر(د.خ) بکەین نەک هەر ئەم دوو سەرچاوە پیرۆزە، بەڵکو گەر سەرنجی کتێبە ئاسمانییەکانی تریش بدەین کەدیارە زۆر تێکیش دراون، یان کتێبە مێژوویەکانیش بخوێنینەوە بەچاکی بۆمان روون دەبێتەوە کەهەرکات‌و سەردەمێک پەروەردگار پێغەمبەرێکی ناردبێ بۆسەر هەر گەل‌و نەتەوەیەک ئەوە دیارە لەرێگای راست لایان داوەو رووبان کردۆتە خراپەکاری‌و بەدرەفتاری، گەر خاوەنی کتێبی ئاسمانیش بووبن دیارە بەهەواو ئارەزووی خۆیان‌و گەورەکانیان کتێبەکەیان تێکداوەو بەگوێرەی بەرژەوەندی ناپەوای خۆیان ئامادەیان کردۆتەوە، وەک ئەوەی جوولەکەکان لەتەورات ئینجیل‌دا کردوویانە، یان مانی‌و کەسانی تریش لەئاویستادا.

جاگەر سەیری سەردەمی زەردەشتیش بکەین دەبینین گەل‌و نەتەوەکەی تەواو لەرێگای راست لایان داوەو یاخی‌بوون‌و جۆرەها چەمک‌و بیروباوەڕی خورافی لەناویاندا رەواجی پەیداکردبوو، زۆردارو دەسەلاتداران هەژارو بێدەرتانەکانیان دەچەوسانەوە. پیاوانی بەناو ئاینی (الکهنە) بۆ بەرژەوەندی‌و بەردەوامی پلەو پایەی خۆیان پشتی ستەمکارو زۆردارانیان دەگرت، جۆرەها ئاین‌و رێبازی دروستکراویان هەبوو. جا ئەوەبوو لەگەرمەی ئەو بێ سیستەمی‌و پاشاگەردانی‌و بتپەرستی‌یەدا زەردەشت رووی‌کردە چۆڵنشینی‌و لەئازربیجان لەنزیک گۆمی ورمێ ۱۰ساڵی لەکەژەکاندا بەخواپەرستی بردەسەر تاکو لەلایەن پەروەردگارەوە نیگای بۆهات، ئەویش

دوابەدوای ئەوە وازی لەگۆشەگیری هێناو دابەزییە مەیدانەوەو گەلو نەتەوەکەی بانگەشەکرد بۆسەر ئاینەکەی خۆیو هانیدان بۆ خەباتو هەوڵو کۆششو دادپەروەریو گرنگیدان بەکشتوکاڵو نیشتەجێبوونو بەرجەستەکردنی دیاردەکانی ژیارو شارستانییەت.

جاکەوابووئەنجام گەیشتینە ئەوە کەبڵێین: مەجوسی ئەهلی کیتاب بوون، بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆکرد، بەهۆی یاخیبوونو لادانیانەوە کتێبەکەیان نەماوە تووشی پاشاگەردانی بوونو هەر کۆمەڵەی رێبازێکی بۆخۆی دروستکرد، دواجار زەردەشت هاتووە لەسەر راستیو یەکتاپەرستی کۆی کردوونەتەوەو هەرچی رێبازو ئاینی ئاریانی هەبوو هەمووی هەڵوەشاندۆتەوە، بەتایبەتی ئاینی دووبنەوانی (الثنوية)یان بڵێین: دوو خوایەتی کەلەرێبازی زۆربەی مەجوسییە لادەرەکاندا بنجی داکوتابوو، ئەوەبوو زەردەشت شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد دژی ئەو بیروباوەڕە ئەفسانەییانەو ویستی بنبڕیان بکاتو لەرەگ دەریان بێنێ.

هەتا رادەیەکی زۆر چاکیش سەرکەوتنی بەدەستهێناو توانیشی لەگەڵ یەکخستنی ئاینەکاندا لەسەر یەکتاپەرستی نەتەوەکەیشی یەك بخاتو گیانی برایەتیو خۆشەویستیو دادپەروەری لەناویاندا بژێنێتەوە، بەڵام ئەوە بوو مانییەکانو مەزدەکییەکان ئاینی دووخوایەتییان هانیەوە ئاراوە، ئاشکرایشە ئەم لادانە گەلێ زەرەری لەئارییەکان داو تۆوی دووبەرەکی تیاچاندن، وەنەبێ ئەم دووبنەوانییە (الثنوية) تەنها لەناو ئێرانییەکاندا سەری هەڵدابێتەوە بەڵکو بۆ نەتەوەکانی تریش تەشەنەی کردووە، چونکی ئاشکرایە دۆڵی رافیدەین لەکۆنەوە ئاریو سامیو خورانی تیادا ژیاون دیارە ئەم دراوسێتیو تێکەڵبوونە هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی کاریگەریێتییان لەسەر یەك زۆربووبێ، وەك لەبیرو باوەڕیشیاندا ئەم راستییە رەنگی داوەتەوە. وەرێبازی دووبنەوانی (الثنوية) زۆر بەراشکاوی لەناو بیروباوەڕی یۆنانییەکانیشدا رەچاو دەکرێ بۆنمونە ئەفسانەی زروان (اسطورة زروان) کەرێبازی کۆمەڵێکە لەکۆمەڵەکانی مەجوسییە لادەرەکان مێژوونووسانی ئێرانی بەدووسێ جۆر باسی دەکەن لەوانە دەڵێن: زروان (ارمزد)ی بووە کەخوای شەڕە، یۆنانییەکان کردوویانە بە (کرونوس) کە (زیوس)ی لێبووە لەلای یۆنانییەکان واتای شەیتانە.

نەك هەرئەوەندە، بەڵکو وەك مامۆستای پسپۆڕ عەباس محمود عەقاد ئاماژەی بۆ دەکات باوەڕی دووبنەوانی (العقيده الثنوية) لەئاینی یەهودیو مەسیحیشدا زۆر چاك رەنگی داوەتەوەو رەچاوەکرێ. وەهەتا سەدەی ١٧ی زایینیش ئەو رێبازە لەئەوروپا باوو بڵاوبووە لەوڵاتانی بلقانو باکورو باشوری فەرەنسا پەرستگای خۆیان هەبووە، بڕوانە (العقائد والمذاهب للاستاذ الكبير عباس محمود العقاد المجلد الثاني‌عشر ص٢٦٤-٢٦٥و ٣٨٥-٣٩٣.

کەوابوو مەسەلەی شەیتان چ لەئاینە ئاسمانییەکانداو چ لەئاینە ئەفسانەییو دروستکراوەکاندا بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی رەنگی داوەتەوە، بەڵام بەگوێرەی سەردەمو جێگاو کات هەردەمی لەزاراوەیەکدا بەزێنەنراوەو بەشێوەیەك پیادەکراوەو هاتۆتە مەیدانە.

هەرچەند لەبەر ئەوەی زۆر لەتەوەری باسەکەمان دوورنەکەوینەوە زۆر بەکورتی تیشکمان خستە سەر ئاینی دووبنەوانی کەچۆن لەناو زۆربەی گەلو نەتەوەکاندا بڵاوبۆتەوەو رەواجی پێدراوە، دیارە وەك رووونیشمان کردەوە سەرەتا لەئارییەکانەوە، بەتایبەت لەمەجوسییە لادەرەکانەوە پەیدابووەو هاتۆتە ئاراوە.

بۆ ئەوەی بزانین ئەو رێبازە ئەفسانەییە چەند کاریگەری هەبووە لەسەر ئاینە ئاسمانییەکانو ئاینە دانراوەکان (الاديان الوضعية).

هەروەها زۆر بەتایبەتی بەو ئومێدەی گەر توانیبێتمان تۆزێ لەو تەمومژەمان رەوانبێتەوە کەدەوری ئاینی زەردەشتی داوە.

پێویستە ئەوەشمان لەبیرنەچێت، کەسانێك هەن دەڵێن زەردەشت ئاگرپەرست بووە، یان دەڵێن: خۆپەرست بووە، ئەم جۆرە قسانە ئەوپەڕی هەژانو پێچەوانەی راستیو حەقیقەتن، بەڵکو وەك ئاماژەمان بۆکرد عەقاد دەڵێت: ئاگری زەردەشت رەمزی پاکیوخاوێنی بووە هەندێکیشیان رایان وایە زەردەشت ئاینێکی ئاسمانی نەبووە، بەڵکو ئاینەکەی خۆی لەئاینە ئاسمانیەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، وەك یەهودی...هتد، چونکی لای هەندێ یەکتاپەرستی لەئەخناتونەوە داهاتووە،

موسایش یەکتاپەرستی لەئەخناتون وەرگرتووە، بەڵام لەراستیدا وانییەو ئاینی یەکتاپەرستی زۆر لەئەخناتون دێرینترە چونکی یەکتاپەرستی لەحەزرەتی ئادەمەوە بووەو دیارە حەزرەتی نوحو پێغەمبەرەکانی پێش حەزرەتی موسایش (درودی خوایان لەسەربێ) هەموو یەکتاپەرست بوون، هەرچەند ئەم باسەش (یەکتاپەرستی) زۆر پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین لێرەدا بەتەواوەتی باسی بکەین.

جابۆئەوەی لەتەوەری باسەکە دوورنەکەوینەوە بەکورتی تیشکێ دەخەینە سەری، ئەویش ئەوەیە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی پسپۆرانی ئاینزانی (علماء الاديان) گەیشتونەتە ئەوەی کەرایان وایە یەکتاپەرستی (عقيده التوحيد) بەدرێژایی مێژوو کەمو زۆر هەربووە لەناو ئادەمیزادا، بەڵام ئەوەندە هەیە هەموو بیروباوەڕو ئاینەکان گۆڕانو لادانیان تیادا کراوە هەرچەندە بەردەوام خوای گەورە پێغەمبەرانی خۆی ناردووە بۆ ئەوەی خەڵکی بخەنە سەر رێگای راستو یەکتاپەرستی، ئاشتیو دادپەروەری لەسەر ئەم هەسارەیە پیادەو بەرجەستە بکرێ وەک قورئانی پیرۆزیش بەرووتی ئاماژەی بۆ ئەم راستییە کردووە: ((شرع لكم من الدين ما وصى به نوحا والذي اوحينا اليك وما وصينا به ابراهيم وموسى وعيسى ان اقيموا الدين ولاتتفرقوا..))

هەروەها حەزرەتی پێغەمبەریش(ص) دەفەرموێ: ((الانبياء اخوة امهاتهم شتى ودينهم واحد))

لەئینجیلیشدا هاتووە کەعیسا فەرموویەتی: ((لانكم لوكنتم تصدقون موسى لكنتم تصدقوننى)) کەوابوو دیارە لەسەردەمی ئادەمەوە (ع)و هەموو ئەوپێغەمبەرانەش کەدوای ئەو هاتوون بانگەشەی خەڵکیان کردووە بۆسەر یەکتاپەرستی.

دیارە بەدرێژایی مێژووی ئادەمیزاد لەهەموو شوێنو سەردەمێکدا کەمورۆر کەسانێك هەبوون لەسەر یەکتاپەرستی باووباپیرانی خۆیان ماونەتەوە. جاگەر وابێ دەڵێن: (ئەخناتون) یەکتاپەرست بووەو دژی سیحروبت پەرستیو خورافیات وەستاوە، رێگای نەداوە هیچ پەیکەرتاشو نیگارکێشێ پەیکەرو بنەی (اتون) دروست بکات کەپەرستوویانە، چونکی وتوویەتی: خوای گەورە زۆر لەوە بالاترەو وێنەو پەیکەری بۆ بکرێ، سرودو یەسناکانی (اخناتون) هەمووی باسی گەورەیو بێچوونی خوایە کە (اتون) بووە. جاگەر وابێ پیاوچاکێکی خاوەن دەسەلاتی سەردەمی خۆی بووبێ، لەسەر ئاینی باووباپیری دێرینی خۆی مابێتەوە کەیەکتاپەرستییە، چونکی بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە (المصادر) باوەڕی (ئەخناتون) سەرەتا یەکتاپەرستی نەبووە، بەڵکو باوەڕەکەی سەرەتا لەوەدا خۆی نواندووە، کەخۆر گەورەترین دیاردەیە لەدیاردەکانی ژیان، دواتر گەشەی کردووەو بووە بەباوەڕێکی یەکتاپەرستی. بڕوانە (الملخص لكتاب العرب واليهود فى التأريخ لجعفر الخليلى ص٨٨-٨٩).

ئەنجام دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین: زەردەشت پێغەمبەرێك بووەو خوای پەروەردگار ناردوویەتی، وەك زۆر لەپسپۆرانو زانایانی ئیسلامو پسپۆرانی تریش بەپێغەمبەر ناویان بردووە، رایان وایە نەتەوەو گەلەکەی خۆی بانگەشە کردووە بۆ یەکتاپەرستیو ئاشتیو برایەتیو دادپەروەری. دیارە ئەو لەیەکچوونەی کەزۆر بەراشکاوی لەبەرنامەی نێراوانی پەروەردگاردا رەچاو دەکرێ، وەبەتایبەتی لەرووی یەکتاپەرستیو دادپەروەرییەوە شتێکی نامۆ نییە، بەڵکو لەراستیدا پێویستەو دەبێت بەرنامەی پێغەمبەرانی خوا هەرهەموو یەك ئامانجو یەك مەبەست بن لەگەوهەریشدا جیاوازییان نەبێت وەئاشکرایە نەئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو نەفەرموودەکانی پێغەمبەر موحەمەد(د.خ) رێگای ئەوەمان لێناگرن کەبڵێین: زەردەشت پێغەمبەر بووەو ئاوێستایش کتێبێکی ئاسمانییە بەڵکو بەپێچەوانەوە، چەند ئایەتێك هەن زۆر بەرووتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەپێغەمبەران زۆربوون هەندێکیان لەقورئانی پیرۆزدا باس نەکراون وەك: ((ورسلا قد قصصناهم عليك من قبل ورسلا لم نقصصهم عليك..) ١٦٤-النساء. هەروەك دەقی تریش هەیە لەقورئاندا کەدەستنیشانی ئەوە دەکات: کەهیچ گەلو نەتەوەیەك نەبووە ئێمە نێراوی خۆمان بۆ نەناردبێ ئاگاداریان بکاتەوە.

هەروەها ئایەتی ژمارە (٤) سورەتی ئیبراهیم زۆر بەرووتی ئەوە دیاریدەکات کەنەتەوەیەك نەبووە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیبووبێو خوای میهرەبان بەزمانی خۆی پێغەمبەری بۆ نەناردبن: ((وما ارسلنا

من رسول الا بلسان قومه ليبين لهم..) سورة ابراهيم–٤.

هەروەك مامۆستا سەعید حەوا لەتەفسیری ئەم ئایەتەو ئەوەی پێشتر باسمان کرد دەڵێت: ئەم دوو ئایەتە ئەوەیان لێ وەردەگیرێ: کەهیچ نەتەوەیەك نەبووە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی بووبێو خوای پەروەردگار پێغەمبەری بۆ نەناردبێ، جائەو کەسانەی کەدەڵێن: خوای گەورە تەنها پێغەمبەرانی بۆ ناوچە عەرەبییەکان ناردووە، یان تەنها بۆ ناوچەی شامو دراوسێکانی ناردووە ئەمە ڕاست نییە، بەڵکو خوای گەورە بۆ هەموو نەتەوەیەك پێغەمبەری ناردووە بەزمانی ئەو نەتەوەیە، هەروەك ئیمامی ئەحمەدیش فەرموودەیەك لەئەبی زەرەوە دەگێڕێتەوە کەئەمە دەقەکەیەتی: وروی الامام احمد عن ابی زر قال: قال رسول الله صلی الله علیه وسلم: ((لم یبعث الله عزوجل نبیا الا بلغة قومه)). بڕوانە ((الاساس فی التفسیر المجلد الخامس– سورە ابراهیم ص–٢٧٧٨ هەتا ٢٧٧٩).

دیارە واتای فەرموودەکە زۆر ڕوونە ئەمیش وەك ئایەتەکان بەڵگەیەکی تەواو ڕوونە لەسەر ئەوەی خوای گەورە بەمیهرەبانی خۆی بۆ هەموو گەلو نەتەوەیەك پێغەمبەری بەزمانی ئەو گەلو نەتەوەیە ناردووە. ئاشکرایە نەتەوەی کوردیش نەتەوەیەکی دێرینەو خاوەنی کەلەپوورو زمانی تایبەتی خۆیبووەو خوای میهرەبانیش پێغەمبەری خۆی بۆ ناردوەو دیارە زەردەشتیش یەکێك بووە لەو پێغەمبەرانەی بۆ گەلی کورد هاتووە، بەزمانی نەتەوەکەی خۆی نیگای بۆ هاتووە کەئاوێستایە.

مامۆستا شێخ محەمەدی مەردۆخی لە(مێژووی کوردو کوردستان)دا باسی ئایینی کوردی کردووە، بەپێویستی دەزانم لێرەدا بەکورتی هەندێ لە وتە بەنرخەکانی بخەینە ڕوو کەئەمەیە: ((پێش هاتنو بڵاوبوونەوەی کوردەکان لەسەدەکانی (پ.ز)دا بۆ شوێنەکانی ئێستایان ئایینو داب‌و نەریتیان بەتەواوەتی ڕوون نییە. پاش هاتنیان بۆ شوێنەکانی ئێستایان ڕوونبۆتەوە کە (ئاهۆرا) پەرستبوون یانی ((ڕوناکی)) پەرست، هەمیشە ئاگرو ڕۆشناییان خۆش ویستووەو پێیان وتووە (شید) لەزمانی عەرەبیدا واتا (نور الانوار) بۆیە بەپەروەردگاری هەموو جیهانیان زانیووە، وردەوردە پلەی هێزو توانایان پێداوەو تاناویان ناوە (ئاهۆرامەزدا). جا وردەوردە ئاینەکەیان پشتگوێ خستووەو دەستیان داوەتە (سیحرو جادوگەری)، لەساڵی ٦٦٠پ.ز یەکێ لەهۆشمەندانو ڕۆشنبیرانی کورد بەناوی – زەردەشتی–ی دوای لەورمێ پەیدابووە ئەیویست ئەو بارە نالەبارە بگۆڕێو دووریان بخاتەوە لەجادووگەریو سیحر، بەڵام زۆر بەربەرەکانی کراوەو تاکو ناچار بووە (ورمێ)ی بەجێهێشتووەو بەرەو (بەڵخ) ڕۆیشتووە. جالەوێ خەڵکێکی زۆر پەیڕەوی بوون، وردەوردە پەلی بۆ ناوچەی (سیستان) هاویشت. لەوێ بەتەواوی ئاینی زەردەشت بڵاوبۆوە. دیسان گەڕایەوە بۆ ناوچەی (ورمێ)و دەستی کرد بەبانگەوازی خەڵکو ئاڵای (ئاهورامەزدا)پەرستی هەڵگرد زۆربەی ئەو مێژوونووسانەی کەلەبارەی (مادەوە) نوسیویانە دان بەوەدا ئەنێن کەزەردەشت لەمادە (یانی کوردەکانی میدیا) وەکتێبی ئاوێستای بەزمانی نیشتمانی خۆی کەزمانی –مادی–یە نووسیوە))

دیارە وەك لەسەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆ کردو لەقسەی مامۆستا مەردۆخیش وەردەگیرێ چەند زەردەشتێك بووە، بەڵام ئەو زەردەشتەی کەلێرەدا ئێمەو مامۆستای مەردۆخی پایەبەرزیش مەبەستمانە زەردەشتی کوڕی پورشسپە کەلەساڵی ٦٦٠پ.زدا و لەسەردەمی گشتاسپدابووە، گشتاسپ کوردبووەو دەچێتەوە سەر کەیقوبادی کورد کەیەکەم فەرمانڕەوای زنجیرەی کەیانییەکانە. دیارە قسەکەی مامۆستا مەردۆخی کەلەسەرەوە خستمانە ڕوو ئەوەی لێرەردەگیرێ کەزەردەشت پێغەمبەرێك بووە هاتووە بۆ سەر نەتەوەی کورد. هەروەها مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لەژێر ناونیشانی (مێژووی ئافێستا)دا نووسیویەتی: ((ئەو داستانو ئەفسانانەی کەلەسەردەمی دەرکەوتنو پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی هیندو ئێرانیدا باوو پڕژو بڵاوبوون، زۆر نەبێ کەم، لەناو هەموو جۆرە گەلانی هیندیو گەلانی ئێراندا پەرەیان سەندو بڵاوبوونەوە..)) تاکو دەڵێت: ((بەهەرحاڵ، لەدەوروپشتی چەرخی حەوتەم– تا هەشتەمی پێش زایین پرشنگی دینێکی نوێ، کەدینی زەردەشتییە، ئەو بیروباوەڕە دینیە کۆنانە، کەلەناو گەلی ئێرانییەکاندا باوبوون لەناوی بردن. جالەبەر ئەوە ئێمە خۆمان بەقەرزاری ئەو بڕوانامە (وثیقة)

زەردەشتیيە پێڕۆزە بەنرخە دەزانین کەبە گاتەکان ناودەبڕێن. بەکورتی ئەم گاتە پیرۆزو گرانبەهایانە لەتێکستی دینی زەردەشتی پێك هاتوون، کەفەسەرن بەسروودو دۆعاو لەخواپارانەوە.

پێشەکی دینی زەردەشتی، هەرچی بیروباوەڕی ئاینی ئارایانی هەبوون هەمووی دایەوە دواوەو لەجێگاو شوێنیاندا، ئاهورامەزدا توانی رەگی پێکهێنەری ژیان دابکوتێت)) بڕوانە: زمانی ئافێستا/سۆکۆلۆڤ، وەرگێڕانو لێدوانو بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆدا مامۆستا محەمەد هەورامانی.

ئاشکرایە بەرووڕی وتەی مامۆستا هەورامانی کەبەکورتی خستمانە روو ئەوەی لێ وەردەگیرێ کەپەیڕەوانی زەردەشت بڕوایان بەیەك خوا بووەو یەکتاپەرست بوون.

بەڵگەیەکی تریش بۆ بەهێزکردنی رای ئەو زانایانەی کەپێیان وایە زەردەشت پێغەمبەر بووە ئەوەیە کەزەردەشتیش، وەك پێغەمبەرەکانی تر گەڵو نەتەوەکەی ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کەپێغەمبەری ئاخر دەردەکەوێو پێویستە باوەڕی پێبێنن و پەیڕەوی بەرنامەکەی بکەن. جائەم ئامۆژگارییەی زەردەشت بەدوو شێوە باسکراوە، یەکەم بەم جۆرەیە: ((تمسکوا بما جئتکم به الی ان یجیئکم صاحب الجمل الاحمر–دیارە ئامازەیە بۆ محمد)) بڕوانە (الفصل فی الملل والنحل للامام الشهرستانی المجلد الثاني) واتا پەیڕەوی ئاینەکەی من بکەن هەتا خاوەنی وشتری سور دێ کە مەبەست لە (محمد)ە دیارە ئەو فەرمایشتەی زەردەشت کاریگەرێکی تایبەتی هەبووە لەسەر دڵو دەروونی شوێنکەوتووانی زەردەشتو یەکێك بووە لەو هۆگەورانەی هانیداون بۆ ئەوەی باوەڕ بەئاینی ئیسلام بێنن.

هەروەك (البان ج ویدجیری)یش دەڵێت چەند شتێك هەبوون کەبوونەتە هۆی هاندانی زەردەشتییەکانو رێخۆشکردن بۆیان بۆ ئەوەی ئاینی ئیسلام هەڵبژێرینو بیکەنە رێبازو بیروباوەڕی خۆیان لەو هۆیانە: باوەڕی تەواو بەخوای پەروەردگارو باوەڕ بەڕۆژی دوایيو داهاتوو هەروەها تەئکید لەسەر ئەوەی کەخوای پەروەردگار لەبەرژەوەندی ئادەمیزاد چەندان رەوشتو ئاکاری جوانو پەسەندی داناوە بۆیان کەبتوانن بەدرێژایی ئەم ژیانە پیادەو بەرجەستەی بکەن. بڕوانە (المذاهب الکبری فی التأریخ– البان ج. وجیری، ترجمة ذوقان قرقوط ص١١٦–١١٧.

موسعودیش دەڵێت: ((زەردەشتی کوڕی پورشف پێغەمبەری مەجوس بووە خاوەنی کتێبەو گەلێ موعجیزە لەسەر دەستی دەرکەوتووە، تەواوی پادشایانی ئێران پەیڕەوی بەرنامەکەی ئەویان کردووە تاکو هێرشەکەی ئەسکەندەر کەدارای کوڕی دارای تیادا کوژراوە.)) بڕوان ((مروج الذهب للمؤرخ الکبیر ابي حسن علي بن الحسین المسعودي المجلد الاول ص٢٢٩–٢٣٠)).

هەروەها نووسەری بەناوبانگ مامۆستا عەقاد دەڵێت: دۆڵی دجلەو فورات نیشتمانێکی دێرین بووەو ئاریو سامیو تورانییەکانی تیادا نیشتەجێبوون.

جاگەر راست بێت ئەو سۆمەریيانەی کەماوەیەکی زۆر تیایدا ژیاون لەچینەوە هاتوون، یان راست نەبێ، بەڵام ئەوە راستە کەپێغەمبەری مەجوسەکان ((زەردەشت)) لەنێوان تورانییەکانو مەغۆڵییەکاندا زۆر ژیاوەو، هەتا رادەیەکیش بیرو باوەڕەکانی ئەوانی لەگەڵ بیروباوەڕی مەجوسدا رێکخستووە)) بڕوانە (العقائد والمذاهب الجلد الثاني‌عشر. ص٢٥٩– للاستاذ عباس محمود العقاد).

سەرچاوەکان:

١. التفسیر الکبیر
٢. تفسیر المنار/ الاساس في التفسیر سعید حوی
٣. الفصل في الملل والنحل للشهرستانی المجلد الثاني
٤. الملل والنحل تحقیق محمد سید کیلانی المجلد الاول
٥. قصة الحضارة– ول دیورانت– المجلد الاول
٦. المذاهب الکبری في التأریخ – البـاب ج. ویـد جـیری– ترجمة ذوقان قرقوط.
٧. قصة الفلسفة– ول دیورانت
٨. الموسوعة الاسلامیة– عباس محمود العقاد المجلد الاول.
٩. العقائد والمذاهب للاستاذ العقاد المجلد الثاني‌عشر
١٠. الملخص لکتاب العرب والیهود في التأریخ جعفر الخلیلي.
١١. الاسلام ومشکلات السیاسة– صابر طعیمة.
١٢. مێژووی کوردو کوردستان نووسینی محەمەد مەردۆخی.
١٣. دەقەکانی ئەدەب مامۆستا عەلائەددین سجادی.
١٤. هکذا تکلم زرادشت– نیتشة.
١٥. قصة الفلسفة الیونانیة– احمد امین.
١٦. زەردەشت– ابوکلام ازاد– وەرگێڕ ئیبراهیم عمر.
١٧. مروج الذهب للرحالة الکبیر والمؤرخ الجلیل ابي حسن علي بن الحسین علي المسعودی، تحقیق محمد محی‌الدین عبدالحمید الجلد الاول.

چەندسەرچاوەیەکی تریش

ئامانجەکانی فەلسەفە

مطاع صفدي

و : شوان ئەحمەد

بەر لەوەی دەربارەی ئامانجەکانی فەلسەفە بدوێین، پێویستە بە خێرایی چاوێك بە هۆ کارەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی دا بخشێنین، چونکە لە راستی دا هەریەك لە هۆکار و ئامانجەکانی بە جۆرێك پێکەوە گرێ دراون کە بە ئەستەم لە یەکتر جیا دەکرێنەوە. (کارل یاسبرز) هۆکارەکانی فەلسەفە دەگێڕێتەوە بۆ ئەم سێ‌سەرچاوەیە : (سەرسامبوون، گومان، دڵەڕاوکێ)یەکەم کەسێك کە بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ هۆکاری سەرسامی کردبێ (ئەفلاتۆن)ە، لە بەر ئەوەی ئەو پێی وایە ئەو مرۆڤەی کە لەنێوان ئەستێرەکانی ئاسمان و دیاردە قەشەنگەکانی سروشت دا چاو دەگێڕێت، مەرجە لەبەر دەمیاندا سەرسام بێت و پرسیار لە هۆکارەکان و لەو هێزانەش بکات کە دەیگێڕێت. کەواتە سەرسامبوون بریتیيە لە سەرچاوەی پرسیار. واتە بواری فەلسەفە لێدان وروژاندنی پرسیارە زیاد لەوەی وەڵام بێت.

(دیکارت) لای خۆیەوە ئەوەی ڕوونکردەوە کە بنەمای بیری فەلسەفی لەسەر گومانکردن لە حەقیقەتە باوەکان دامەزراوە، ئەمەش هانی ئەقڵ دەدات تا بکەوێتە تاووتوێکردنی ئەو حەقیقەتە باوانە و ڕەخنەیان ئاڕاستە بکات، بۆ گەیشتن بە دڵنیایی. کەواتە گومان تەنها هەڵوێستێکی بناغەیی گرنگ نیە بۆ بواری زانست و مەعریفە، بەڵکو یەکێکە لەو پێویستیە سەرەکیانەی مرۆڤ سەبارەت بە زانین و دڵنیا بوون لە بوونی خۆی بە گەڕی دەخات. وەك ئەوەی لە گۆتە بەناوبانگەکەی (دیکارت) دا هاتووە : (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم). مەبەستی (دیکارت) لە وتەزای بیردەکەمەوە واتا (گومان)، بەڵام گەر من گومان بکەم لە هەموو ئەو شتانەی لە دەرومدان و لەو زانیاریانەشی فێری بووم، ئەوا ناتوانم گومان لە خودی خۆم بکەم، ئەو خودەی لە ڕێگایەوە هەڵدەستم بەم کردەی گومان کردنە.

لێرەوە (دیکارت) بۆ یەکەم جار دەستی بە سەلماندنی حەقیقەتەکانی تر کردو، لەڕێ ی ئەویشەوە دەستی بەسەلماندنی حەقیقەتەکانی تری وەك (بوونی ڕۆح و جیهانی دەرەکی و بوونی یەزدان) کرد.

لە تەك سەرسامی و گومان، ئێستا فەیلەسوفەکان جەخت لە سەر هۆکارێکی تری فەلسەفە لێدان و بیرکردنەوە دەکەن کە بریتیيە لەو دڵەڕاوکێ و دادڕانەی مرۆڤ لە ئاکامی ڕمانی بەهاو بیروباوەڕو ڕێچکا دێرینەکانەوە دووچاری هاتووە.

هەروەها ئەو هەڕەشانەی مرۆڤی سەردەم لە ئەنجامی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوەو، لە بەر ڕۆشنایی ئەو قەیرانو



ئەفلاتون

تەڵەزگانەی تێی کەوتووە، ناچاری دەکەن چاو بە پرانسیپەکانی ژیان دا بگێڕێتەوە، پرسیار لە ماناو واتای چارە نووسی خۆی بکات. وەك (کارل یاسبرز) یش دەڵێت: (ئەمە گرنگترین هاندەرێکە بۆ ئەوەی وامان لێ بکات دەست بە بیرکردنەوەو گەڕان و بە خۆدا چوونەوە بکەین، مرۆڤ بوونەوەرێکە لە بەر دەم هەڕەشەو مەترسی نەخۆشی و ئازارو مردن دایە. ئەمەو سەرەڕای ئەو مەترسیانەی کە ژیواری نوێ دروستی کردوون، وەك شەپۆ برسیەتی و ئاوارە بوونی مرۆڤ لە ناو ئاپۆرەی ڕەشە خەڵکی بێ ئاگاو نا هۆشیاردا، ئەو ئاپۆڕەو قەرەباڵغیەی کە بەرەو چارەنووسێکی نادیار پەلکێش دەکرێت و، ڕەنگە دەرەنجامەکەشی فەنا بوونێکی تەواو بێت، لەم ڕووەوە (هایدگەر) پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە بوونی ڕەسەن بوونێکەبەرەو مردن. واتە (هایدگەر) دەیەوێت ئەوە بە بیر مرۆڤ بهێنێتەوە، کە بوونی بوونێکی کۆ تاگیریە. ئەم بۆ چوونەی (هایدگەر) یش دەچێتەوە سەر ئەو دیدگا کۆنەی کە دەڵێت : (فەلسەفە بەرەنجامی تێڕامانە لە مردن). دوای ئەوەی لە باسکردنی گرنگترین هاندەرەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی بووینەوە، ئەوا پێویستە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسمان لێکرد لە سەر بابەتەکەمان بەردەوام بین‌و، لە ئامانجەکانی بیری فەلسەفی بدوێین. ئەویش بە گەڕانەوە بۆ مێژوو.

(سوکرات) لە ڕێی بابەتە فەلسەفی و ئەزموونە پڕ گرێ و گۆڵەکەیەوە، هەوڵی گەیشتنی بە ئاکارێکی پەتی دەدا. بە بڕوای ئەو ئاکاری ڕاست و دروست، بەندە بە مەعریفەیەکی بێ خەوشە، لە بەر ئەوە (سوکرات) بیرکردنەوەی ئەخلاقیانەی خۆی لە سەر ئەو بناغەیە دارشت، کە چاو بۆ بیرو بۆچونەکانی سەردەمی خۆی دا بخشێنێتەوە، تا مەعریفەیەکی تازە بێنێتە ئاراوە، بە مەبەستی چاکسازی ئەخلاقی و ، ڕێنومای کردنی هاوڵاتیان بە شێوەیەکی دروست، بۆ چاکە خوازی و پتەو کردنی پەیوندی کۆمەڵایەتی. ئەمەش هەمان مەبەستی (ئەفلاتۆن) بوو کە دەیویست پێی بگات. هەروەها ڕواقیەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبوو، هەنگاو نان ڕووەو سەرەوەی عەقڵ و، پابەند بوونی ڕەفتارەکانی مرۆڤ بە ئیرادەی خۆیەوە. مەبەستی ڕواقیەکان لەم کارە ئەوە بوو تامرۆڤ ئازاد بێ و ببێتە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ کە هەڵ نەخلیسکێتە ناو پووچی و بێ مانای هەموو ئەو شتانەی تر کە لە ڕێزی مرۆڤ کەم دەکەنەوە. ڕواقیەکان ڕێزی مرۆڤ و چاکە کاریان پێکەوە گرێ دابوو، لای ئەوان هەر کەسێك کارێکی چاك بکات ئەوا ڕێزو حورمەتی خۆی دەپارێزێو داکۆکی لە ئازادی و سەربە خۆی ئیرادەی خۆی دەکات وەك مرۆڤێك. پاش ئەوە هەندێك لە خانەدانەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفەداو، چەند فەیلەسوفێکیان بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانیان دەست نیشان کرد. ئامانجیشیان لەمە ڕێنومای کردن و ئاراستە کردنی نەوەکانیان بوو بە باشترین شێوە. لە سەدەکانی ناوەندا کاتێك بیرو باوەڕە ئاینیەکان بالا دەست بوون، هەندێك لە بیرمەندانی ئەو قۆناغە فەلسەفەیان کردە ئامرازێك تالە ڕێگایەوە ڕوو پۆشێکی گونجاو بدەن بەسەر بیرو باوەڕە ئاینیەکاندا.

بەم جۆرە فەلسەفە لەم قۆناغەدا بووە دەستویژێك بۆ پتەو کردنی پایە گاکانی ئایین و داکۆکی لێکردنی لە بەرامبەر فەلسەفە بێ بڕواکانی یۆنانی دا. بەڵام کاتێك کە ئاقاری مرۆگەری سەری هەڵدا، چەند بیرمەند و ئەدیبێك کەوتنە تاووتوێ کردنی فەلسەفەو بەگەڕ خستنی وەك ئامێرو ئامرازێك بۆ ئازاد کردنی عەقڵ. لەم ڕووەوە،

ئەنسۆکلۆپیدیەکان، لە دیارترین ئەو کەسانە بوون " بە جۆرێك کە بیرمەندێکی شۆرشگێڕی وەك (ڤۆلتێر) لەو باوەڕەدا بوو کە فەلسەفە ئامانجێکی کردە گیانەی هەیە و لە باری دایە مرۆڤ لە خەیاڵ پاڵاوەکانی ڕزگار بکات " بەهاتنی (ئۆگست کۆنت) ی دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژیا " هەوڵی دا فەلسەفە لە چوارچێوە میتافیزیکاییەکەیەوە نێو پانتاییەکی پۆزەتفتی واقعی بگوێزێتەوە. بەم شێوەیەش وەك (کۆنت) ڕای دەگەیەنێت سۆسیۆلۆژیا شۆێنی فەلسەفە دەگرێتەوەو، ئامانجێکی چاکسازیانەی دەبێت. لەپاڵ ئەم ئاقارە جۆراو جۆرانەی کەوەك ئامرازێك لە فەلسەفەیان ڕوانیوە، ئیتر ئەوە لە پێناو ئامانجێکی ئەخلاقی دا بووبێ (سوکرات)، یان سیاسی (ڕۆمان) یان بیرو باوەڕی ئایینی سەدەکانی ناوەند، یان سیاسی و کۆمەڵایەتی، چەند فەیلەسوفێکی تر هەبوون کە وەك ئاکامێکی بەرزو بڵند لە فەلسەفەیان ڕوانیوە، لەسەر هەموو بیر کردنەوەکانی مرۆڤیانەوە داناوە. یەك لەوانە (دیکارت) ەکە مەعریفە بە درەختێك دەشوبهێنێت، ڕەگ و ڕیشەی میتافیزیکایەوە، قەدەکەشی فیزیایەو لقەکانیشی تایبەتە بە زانستەکانی تر " بەمجۆرە (دیکارت) فەلسەفەی کردە بناغەیەکی تێۆری بۆ سەرجەم لقە جیا جیا کانی تری مەعریفەی ئادەمیزاد. لە دوا جاریش دا (کانت) هات و بیری فەلسەفی نوێ کردەوە، ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی فەلسەفەوە، کە دیدێکی ڕەخنە گرانە سەبارەت بە بەهای مەعریفە ئینسانیەکان پیادە دەکات، واتە لای (کانت) فەلسەفە ئامانجێکی تێۆرییەتی هەیە. بەڵام فەلسەفە هاوچەرخەکان لەگەڵ ئەو بۆ چونانەدا نین و پێیان وایە کە فەلسەفە ئامانجێکی مرۆڤانەی هەیە، لەو ڕێچکایانەی پێ لەسەر ئەم بۆ چونەدا دەگرن وجودیەکانن، بە بڕوای ئەمان بیرکردنەوە خەسڵەتێکی سەرەکی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە خۆی و لە جیهان پێکەوە. واتە فەلسەفە لە دیدی وجودیەکان دا مەرجێکە بۆ گەیشتن بە بونی ڕەسەن، واتە ئەو ساتەی کە مرۆڤ تیایدا پەی بە ئازادی خۆی دەبات لە بەگەڕخستن و پراکتیزە کردنی هێزو تواناکانی لە ژیاندا.

پوختەی ئەوەی خستمانە ڕوو ئاشکرای دەکات کە ئەگەرچی فەلسەفە ئامانجەکانیشی جیاواز بێت بە بۆچونی ڕێچکاو بیریارەکان، بەڵام وەك (ئەمیل بر


دیکارت

یهیبە) دەڵێت : (فەلسەفە هزرێکی لۆژیکیانەیەو توانای ڕەخنە لە خۆ گرتنی هەیە، بە جۆرێك کە بەردەوام پاساو بۆ ئەو شتانە دێنێتەوە کە بەرهەمی دێنێ، ئەویش لەڕێی چەند هۆکارێکی مەعقولەوە. ئەم خەسڵەتەش لە لایەك فەلسەفە لە بیر و باوەری ئایینی و، لە لایەکی دیش پۆزەتیفەکانی جیادەکاتەوە ئەمەش خاڵی هاوبەشی گەورەی سەرجەم ئاقارە فەلسەفیەکان پێکدێنێت). لە کاتێکدا زانستە پۆزەتفتیەکان بەرەو پراکتیزە کردنێکی تەکنیکی کردە گیانە دەچن، چونکە لە مێژوی زانست دا هیچ یاسایەك نیە نە گۆڕێت بۆ بنەمایەکی عەمەلی، بە مەبەستی بە گەڕ خستنی بۆ کارکردنە سەر شتەکان، ئەوا فەلسەفە تەنها تێڕامانێکی پەتی یەو چالاکیەکی فکریە، ئامانجیشی گەیشتنە بە مەعریفە، بە بێ گوێ دانە هیچ کارێکی عەمەلی تر " ئەگەرچی ئەم دەست نیشان کردنە، هەموو ئەو ئاقارانەی تری کە لە سەر ویژدان و هەست و سۆز دامەزراون، لە تاقی کردنەوەی فەلسەفیان دادەبڕێت و وەك چەند دیاردەو ڕوالەتێکی بێ گیان تورپیان دەداتە دەرەوەی مێژووی فەلسەفەوە. بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین کە : ئەگەرچی فەلسەفە خەسڵەتێکی عەقڵی لۆژیکی یەتی هەبێت، ئەوا لە هەمان کات دا پێویستە لە گشت لایەکەوە پەردە لەسەر ڕووی سروشتی بوون هەڵمالێت، ئیتر لە ڕێی عەقڵەوە بێت، یان لە ڕێی هەستی هونەری و سۆفیگەریەوە بێت بۆ پەی بردن بەو لایەنە شاراوەو نادیارانەی لە بوون دان و فەلسەفە سەرگەرمی ئاشکرا کردن و دۆزینەوەیانە.

لێرەوە تێدەگەین کە فەلسەفە لە ڕووی (هۆکارو ئامانجەوە هەوڵێکی هەمە لایەنە بووە، بە مەبەستی تاوتوێ کردنی مرۆڤ و جیهان و گەڕان لە دوای ئەو گەوهەرە سەرمەدی و نەمرە قوڵەی لە هەناوی هەر یەکێکیان دایە).

سەرچاوە :

مطاع صفدی: الحریة و الوجود (مدخل الی الفلسفة)، منشورات دار مکتبة الحیاة – بیروت – الطبعة الاولی، تأریخ النشر بلا ....

پرۆژەی بەیانێکی شیعری

کەریم دەشتی

(١)

لە سنوورو مەودای گۆڕان و تازە بوونەوەی شارستانیەت بە گشتی و ئەدەب و ڕۆشنبیری بە تایبەتی لەم وەختە نو بەخشەدا، دەمی ئەوە هاتووە بە هێمنی بەڵام ورد ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کەتا هەتا خوێنی نەمری و جاویدانیان تێدا دەگەڕێ سەر هەڵگەڕێین، هەرچی شەختەی زمان و سەهۆڵ بەندانی بەرهەمی نە ڕسکاوی پێشوو هەیە بخرێتە بەر تیشکی تێ ڕامان بە دەنگی دەقی مەزن و شکۆداری خەرمانەی ئەدەبی کوردی هاوار بکەین، مەزنی و گەورەیی دەق لە زمان پرژانێکی مرۆڤایەتی دا دێتە کایەوە و باوەڕیان بە لێکدانەوەی چەنگاڵ ئامێز و بۆچونی بە پەلەنیە.

(٢)

وایە ئەم ڕێگەیە فرە ترسناك و پڕ ستەم و خەرەندە بارە، وەلێبوژاندنەوەی گیانێکی تری، لە دەقەی سستەی شیعری کوردی، وەڵام دانەوەیەکی بە جێیە بۆ ئەم کارەساتە بیر تەزێنەی نێو شیعری کوردی، ئەم دەنگە دەنگی بەرهەمێکی شیعری وایە : سەرەتا و پێشەنگای لە ئاست داهێنانی خۆیدا دەخاتە بازنەی پرسیارێکی سەرسام و تاسە ئامێز، وەختیان بە سەر چووە، ئەگەر تا ئێستا توانیبێتیان بە ناحەق هەناسە بدەن و لەگەل رەوەکەون، ئەوە دیارە رەوەکە خۆی ناحەق و بازاری بێ لێپرسینەوە گەڵاڵە بووە، ڕەوەیەك بووە ناوەخت دروستی کردوە، دەبێ هەرچی وەخت هەیە کۆی بکەینەوە بۆ ئەوەی بەتاڵ کردنی لە چەمکی ئەنتۆلۆژی خۆیدا بەتاڵی بکەینەوە.

(٣)

داهێنانی مەزن و گەورە ئەم ڕاستیانە بەر قەڵا دەکات، داهێنانی شیعری نایاب. خەون و دیدگا و تەزینە، فڕین و پرستی تیژبیریە زمانێکی دییە، جیا لەو زمانە داتاشراوەی کە تا ئێستا پێی نوسراوەو هێزی ئەوەی لە بەردا نەماوە کە بەردەوام بێت، داهێنانی مەزن ئەقڵانیەتێکی شیعر هامێزو تاو هەڵگرە، ئەبستمێکی بێ مەوداو دووربینە، هەڵدانێکی بە هودەیە بۆ بەیەکەوە شەتەك دانی دژەکان، بۆ لە نێو بردنی ئەو درزە گەورەیەی نێوان هەردوو جەمسەری داهێنان و خوڵقاندنی داهێنان، هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە شیعر گەورەیی خۆی لە دیاردە نائاسایی یەکانیشدا دەدۆزێتەوە هەوڵێکە بۆ

یەکالا کردنی مرۆڤی بەکەف و کوڵ و مرۆڤی تراژیدی.

(٤)

نۆژەنی هەمیشە لە پارەوەی موجازەفە دا هەنگاو دەنێ، زەمەنێکی هەللامیی لە نێو بازنەی زەمەنێکی کەونی شڵەژاودا، بەدیلە بۆ چۆڵی مەیدانی ئەدەبی کوردی لە شیعری چەڵەنگ و درێژ خایەن، تا ئێستا چ بەدیلێك هەیە بۆ گرێدانی دوو جەمسەری ئاشناو ئاسایی، خەونی شاعیر هەمیشە گەورەترە لەو شیعرەی دایدەرێژێ، بوونی زۆر شتیش بەندە بەوەی کەمامەڵەییکی ئائاسایی لە گەڵدا بکرێت، شیعر ڕووی هەمیشە بریقە داری ئەفسانەی تێدا دەدۆزێتەوە – ئەفسانە بە چەمکی سەرەتایی و دینی و سیحر و سروتەکانی ئەویش مەسەلەی لەدایك بوونێکی تازەو نۆ ژەنە ئەم جۆرە شیعرە کە شایستەی نوسینەوەی ئەم بابەتەیە لە خزمەت ئەوەدا دابڕانێکی ئەبستمۆلۆجیە – شین بوون بەسەر هەمان ڕەگ و جیابوونەوە لە هەموو خەسڵەتەکانی – لەنێو ڕوباری گەورەی شیعرە جیا لەو ڕوبارە، ئەمەیان بەیانی بە هێمن لەدایك بووی شیعری نۆژەنی کوردییە.

(٥)

چی بکەین باشە بۆ ئەوەی زەینی خوێنەری کوردی و تێڕوانینە کانی سەبارەت بە چێژ وەرگرتن و دورناسی بگۆڕین، ئایا شیعرەکانی ئایندە بۆ ئەم پێکهاتە بایەلۆژیە چەسپاوەی ئەم زەینە بگۆڕین یازەینە نادیارو چەقیوەکان بۆ نۆژەنی ئەم بابەتە شیعرییانە بگۆڕین ؟! پارسەنگێکی سەختە، مادامەکەی زەین توانای ئەوەی هەیە بگۆڕێ و جۆرێکی دیکەی لێ نەخش بکرێت و شێوەیەکی دیکەی ئەندێشە بۆ خۆی دابین بکات کەواتە لە هێزی شیعری نۆژەن دایە ئەم کارە بخاتە ئەستۆو دیدگای خوێنەر بگۆڕێ و هەرچی پاشە بەرەی دیدگا کزو بێ بنەما هەیە بخاتە تەنوری رقی داهێنان و ئامێر دێکی ڕوح لەبەر لە بۆتەی ئەم زەینەدا هەست بکاتەوە، چونکە شیعری نۆژەن پارسەنگێکی بابەتیە لەگەڵ ژیار و شارستانیەتیدا.

(٦)

تا ئێستا ئەو بەرهەمە شیعریانەی کە هەن، بە دەگمەن نەبێ، لە کۆڕەوێکی سارد و بەردەوام و بەردەوام کۆژەدا دەژین تەمەنیان زۆر کورتە، بەرادەیی ڕەخنە گری زیرەك، ناتوانێ لێکۆڵینەوەیێکی بە هێزیان بۆ بنوسێتەوە، ئەوەشیان دیارە لە سۆنگەی ئەوەیە کە ئەم شیعرانە لە ڕوانگەیەکی قوڵ و بێ سروتدا نەنوسراونەتەوە و بێبەشن لەو بابەتە بریقەدارانەی کە دونیای لێکدانەوەی گەورە گەورە، بۆ ڕەخنە گردەگرنە خوە، تا ئێستا هیچ جۆرە دابڕینێکیان لەمەڕ خۆیانو سەردەمەکەیان ئەنجام نەداوە، ئەمەیان تا ئێستا شیعری کوردی ئافەتێکی خەم تگیزو کوژە ڕەگییە، دەبێ بە دوایاندا نەکەوین و بەم کورتە تەمەنەیان هەڵنەخڵەتێن، چونکە ئەمە جگە لەوەی کە فارگۆنی ئەدەبی کوردی لە شیر و شیتاڵی بێ مانا گران دەکەن، هزرو زەنێکی کزو دەستور ئاساله نێو خوێنەران دروست دەکەن، هەمیشە وا لە ڕەوتی شیعر دەکەن پابەندی زەوقی ئەوان بێت و دەست مۆی.

(٧)

زەینی خوێنەر لە ئاست بەرهەمی نۆژەن و ئایندە سازدا بە دەگمەن کز نیە، چونکە سالانێکی درێژە، بەم بەرهەمە شیعریانە و بابەتی ناشیعری و نائەقڵی و کورت خایەن گوشراوە و ئەرکی شیعری نۆژەن زۆر دژوارو ئەستەمە لە گۆڕینی ئەو زەینە غەدری لێ کراوە، هەتا ئەو گۆڕانەش کە لە سەردەمی گۆران – لە ڕەوتی شیعری کوردیدا ڕویدا، ئەوانیش بە هەمان شێوە ئەم ئەرکەیان سەخت تر کرد، ئەوانیش هیچ جۆرە دابڕینێکیان لە گەڵ سەرجەم ئەدەبی کلاسیکی ئەنجام نەدا، چونکە گۆڕانی فۆرم مانای دابڕین نییە. بەڵکو هەمان بابەتی کلاسیکیان دوو بارە دەکردەوە زێتر وەنزیك کەوتنەوە بوو لە ناچرالیزمیەتی ناخیان و دورکەوتنەوەبوو لە ئاسۆ گەرێتی.

(٨)

ئەگەر سەیری ئەم هەموو بەرهەمە شیعریانە بکەین کە لەوان سەردەمی گۆڕان و نوێبوونەوە دا نوسراونەتەوە، دەبینین هەر هەموویان لە نێو بازنەی شیعری و ویژدانی سیاسی دا سەقام گیر بووینە، بابەتەکانیان لە یەك دەچن، لە یەك دەخۆن و لە جۆگەلەی یەکتر دەخۆنەوە، فێڵی فیکریان لە یەکدی کردوە، هەتا پوانگەش کە لە پووی شێوەو ناوەرۆکەوە، لەو سەردەمە بە خێرایین تر بوو، وویستی ئەم گۆمە مەنگ و بێسنوورە بشڵقێنێ، بەڵام لە نێو سیاسەت بازیدا کەوتە پەلە قاژەو لە سەرەتاوە سیلاکی خۆی بە دەر خست و توانای پوو بە پوو بوونەوەی لە کیس دا، کەوتەوە نێو هەمان کۆپە وەکوندەکە گەورەترن نەهامەتی (پوانگە) ترس بوو لە داهێنان و نۆژەنی، زێتر شیعری جەماوەرگەری بوو، لە پووی تیئوریێژ کردنی شیعریش کورت و کورتەنگاز بوون، بەڕادەیەك نەیانتوانی بە کەلتورێکی ڕۆشنبیری و ئەقلانی هەنگاو بنێن و داکۆکی لە بۆچونەکانی خۆیان بکەن، جگە لە چەند ژمارەیەك هەنگاوونانی خۆیان تیوریتر نەکرد.

(٩)

ئێستە دەمی ئەوە هاتووە کە شیعر و تیئۆریێژی شیعری لە یەك شیرازەدا پوەو پانتایی هەڵکشێن، زەین و هێزی خۆمان لەو هەموو بەرهەمە هەڵبازانەدا هەڵتەکێنین و لە نۆژەنەوە و پشت ئەستوور بە بەرهمی چاك هەنگاو بنێن، زمانی ئەو بەرهەمە شیعریانە کەوتوون و چەق چەقی ددانیانە و بە دوای ڕۆحێك دا بگەڕێین دەقەیەك جەستەی شیعری کوردی دابکەین، بە دوای بەرهەمێکی شیعری وا بگەڕێین دوور بێ لەو دەردە مەرگبارەی کە شیعری کوردی تێی کەوتووە.. چونکە خەریکە ئاوێنەکانیش لە ناو جیوەی ژەنگ خەسڵەت لە بێن دەچن.

(١٠)

کە بە تەوژمێکی زۆر کرێت و ناشارەزایانە دەهاتە خانەی شیعری کوردی، یاخود بە داتاشینی بەشێك لە پێداویستیکانی زمان دەیانویست تەرزە شیعرێکی بزێو بخەنە بەردەستی خوێنەران بێ ئەوەی دەرك بەوە بکرێت کە تێکشکاندنی زمان ئێمەیە کە لە ئێمەکان سەرهەڵدانی شیعری (١٠) نۆژەن، بەڵام دیسان دەرکیان پێنەکردبوو دەبێ وابێ، ترو پکێك بخوڵقێنین ڕەحم بە بنار نەکات، ئەگەر لە حسێبی جەستەی ئەو بنارەدا بەرەو ئاسمان هەڵکێشێ و هەرکاتێ ترس لە لولاقمان گیر بوو بەزین، ئەوە شیعری گەورە و مرۆڤ ئامێز لەدایك نابێت و دەچنەوە نێو هەمان ئەو ڕەوەتالان پیشەیەی شیعری کورد لە زەینی خوێنەردا، پێویستە بێ ترس بەدوای ئەو مانا گەورانە بگەڕێین کە خۆیان لە نێو گێژاوی ئەوچانەدا حەشار داوە، هەمیشە لە میانی پەنجەکانمان دا دەسوڕێنەوە، ئەوەندەش توند ڕۆئەبین کەمەرجانەکانی بەردەستی خۆمان لەبیر بکەین، بە دوای ڕۆحی ئەو لێتاوە بگەڕێین بەڵکو دەستمان لە گەنجینەی شیعری بەردەوام تیشك هاوێژ گیربێ.

(١١)

لەسەر سفرەی شیعری کەس نا بەڵکو دەبێ سفرەیەك بکەینەوە بۆ خۆمان وانەبێ ئیدی پێویستمان بە شیعر نیە، هەرچیەك دەنووسی بەر لە تۆ گوتراوە. بەڵام دەبێ بیر لەوە بیکەینەوە چۆنی دەڵێینەوە. لێك جیا کردنەوەی ئەمە بەندە بە قودرەتی شاعیر، دەبێ بەدوای ئەو ئیشانەدا بگەڕێین کە هەمیشە کەرەستەی بەر دەستن، بەڵام دەرکی شاعیرانەیان پێ نەکراوە، ئەم شتانە هەندێ جار جەستەی ڕۆحێکی مەزنن و هەمیشە هاو سەفەرن، هەندێ جاریش ئەو پردانە بوینە کە دوو دونیای زۆر لێك جیایان بەیەکەوە بەند کردووە. لەگەڵمادا دەگرین، لەگەڵمانیشا دەجەنگن، دەبێ پەیکەریان بۆ بتاشین یا تابووتیان بۆ دروست کەین، بەڵام کە لە تێکڕای شتەکان بووینەوە – پڕۆسەی شیعری – ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو دونیا پڕ تێکچڕژاوەی ئێمە خەڵقی دەکەین خۆمانین، دیدگەی خۆمانەو لە سنوری دەستو پەنجەی خۆشماندا نەترازاوە.

(١٢)

دەبێ ئەو ئەقڵە بگۆڕین، ئەقڵی وەرگرتن و داتاشینەوە و ماشتنەوە، بەدوای ئەقڵێك دا بگەڕێین کە بتوانین لە نێو بازنەیەکی پڕ لە دیدگادا دیدگاێیکی شیعری بڕسکێنن کە هەرچی سیاسەت و سیاسەت بازییە، لە دەورو پشتمان دا پابەندی ئەو دیدگایە بێ، هەرچی هێڵ و تەنافی بۆچوونی دەورو پشتەلەکانی ئەو دیدگا قوڵەدا بڕسکێ، یەکێ لە خاڵە هەرە جیاوازەکانی شیعری کوردی بە بەراورد لەگەڵ شیعری دەورو پشت ئەوەیە،/ تا ئێستا پابەندە بە گۆڕانە سیاسییەکان لەکاتێکا گۆڕانە سیاسییەکان دەبێ پابەندی گۆڕانی شیعری مەزن بن. سەیرە کە بە درێژایی هەموو ئیمارەتەکانی کوردی، چونکە هەمیشە شیعر پابەندی سیاسەت بووە، شیعرێك نادۆزینەوە کە بڕستی ئەوەی مابێ پەژوهش و لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت، دەبێ ئەم تێڕوانینە لەگەڵ گۆڕانی ئەقڵ دا وردو خاش بێت. کە دەڵێین نایدۆزیتەوە مەبەستمان ئەوە نیە کە تاك و تەرا لە ئارادا نەبێ.

(١٣)

ئێمە نابێ دڵنیابین لەوەی کە بەرهەمی شیعری باش نووسراوە – واتە هەمیشە عەودالی باشتربێ بین – دەبێ هەمیشە کۆمەڵێك گومان و دوو دڵیمان هەبێ سەبارەت بە بەرهەمە شیعریەکان – چونکە تاکە خاڵێك کەوامان لێبکات هەمیشە سوربین لە سەر ئەوەی هێشتا دەتوانین بەرهەمی باشتر بدەین بەدەستەوە، هەمان ئەو گومانو دوو دڵیەیە کە مێژووی ئەدەبی پێ ئاوەدان بکەینەوە و ڕوبارەکەش بخاتە خرۆشانەوە گومان و دوو دڵی لە پێناو داهێنان، ئەمە ئەرکی شیعری نۆژەنە.

(١٤)

دەبێ نەترسین و بڵێن شیعری سەردەمی گۆران و (لە بەشێکی فراوانتردا) و ڕوانگە پابەندی سیاسەت بوون، کەواتە بەرهەمەکان وێڕای ئەو هەموو وەسف و ویژدانەی لەگەڵ زبرییەتی ئەو سیاسەت بازییە مشت و ماڵ کراوە، ڕوانگە مەلۆتکەی نێو زامالّی پارتە سیاسەکانی ئەوسای خۆی بوو، هەرچی شیعر و تێۆر تیژی شیعرییانە لەگەڵ میسقاڵی داهینان درێژ خایەن ناچێتە تەرازو پێوانە ناکرێت، شیعر بوونوەریکی خودکارە باسی ڕۆحی شتەکان و مرۆڤ دەکات، باسی جوانی قولایەکان دەکات بەسەر هەموو بابەتێکی ئەم ژیارەدا دەسوڕێتەوە، بێ ئەوەی پابەندی هیچیان بێت، سەیرکە کزی و لاوازی سیاسەت لە نێو کورد دا سەبارەت بەو پابەندییەی شیعر بە سیاسەتەوە، ئەم میللەتەی لە ڕووی داهێنانی شیعری بە چ پەندێك بردوە چی ئافەتی ئەو سیاسەتە بە ناچاری نەڵی نێو دێڕی شیعرە بووە، سنوور لە نێوان شیعرو سیاسەت دا گوم بووە ئەم میللەتانەی کە لەم ڕووەوەهەنگاوی باشیان ناوە دڵنیایی پابەندی شیعری مەزن بووین کەواتە بەر لەوەی شاعیر بیر لە بوونی بکاتەوە دەبێ بیر لە هەبوونی شیعرێکی مەزن بکاتەوە، بە پرینسپی سیاسی پڕۆسەیەکی شیعری مەزن ناخوڵقێ بەڵام کۆڕەوە شیعرێکی مەزن دەتوانێ پڕۆسەیەکی سیاسی مەزن بخاتە ئاراوە.

(١٥)

بۆ مەبەستی ڕسکانی ئەم ساتە وەختە و هاتنە کایەوەی ئاسۆی ئەم جۆرە شیعرە، پێم وایە ئێمە خاوەن کەلتورێکی لەبن نەهاتووی شیعرین، ئایا دەکرێ ئیمە پابەندی ئەم کەلتورە بین لە کاتێکا ئەم کەلتورە شیعرییە پابەندی سیاسەت بووە بەدرێژایی بوونی خۆی ؟.

ئەلێرەوە دەبێت بە دوای ئەم زەمەنە دا بگەڕێین کە ئەم کەلتورەی تیدا ڕسکاوە، لە زەمەنی ئەو بەرهەمانەدا، تەنها بەوانەوە پشت ئەستورین کە لە دەرەوەی یاسای ئەم زەمەنەدا نووسراونەتەوە و سەرکێشی خۆیان نیشان داوە و بە دوای ئەو بەرهەمانەدا بگەڕێین کە کە لە ڕووی داهێنان باوەڕیان بە هیچ لەمپەرو پرێسێکی سەردەم نە بووە و ئەمە ئەوە ناکات کە دژی ئەم کەلتورە بین بە پێچەوانەوە. ئەگەر تۆزێ ڕەحمی پێ بکەین ئەوەیە کە هەڵیتەکێنن و سەر لە نوێ بنیاتی بنێینەوە.

(١٦)

لەم بۆچونەدا ئێستاگەری و ئایندە خوازی تێکەڵ بە یەك دەبن و زەمەنێك بۆ بەرهەمی شیعری مەزن دێتە کایەوە ، جیا لە هەموو زەمەنەکانی تر ، واتە زەمەنی ساتە وەختی هەتا هەتایی بەخشی مەبەست گەورەیە و دیارە زمان لە ئاستی دەربڕینی ئەو مەبەستە کورتی دێنێ، دەبێ زمان لە ئاست تەواوی ئەو بابەتانەی کە شیعری مەزن پایدەخات دەینوسێتەوە کورتی بێنێ، ئەگینا هێشتا ئەو شیعرەی کە باسی لێوە دەکەین نەنووسراوەتەوە.

(١٧)

چی بکەین باشە ؟ لە ڕەگی ئەفسانەوەڕا وەکو بایەکی مەزن و سیحر ئامێز بۆ ئەو جۆرە شیعرە ڕووەو هەوراز سەر هەڵگرێین، هەرچی ووشەیەك بۆنی پابەندی و ترسی لێ بێت ترس لە نوێ بوونەوە – چونکە هەموو نوێ بوونەوەیەك سەرەتا بە ناهەق جەماوەرگەری لە کیس دەداو بە تەنها دەمێنێتەوە، دەبێ لە نێو چوارچێوەی ئەو زمانە شیعریە دا دەریکێشین، دەنگەکانی نۆژەن لە ووشەدا خەست بکەینەوە زمانی گۆشتینی ئێمە تەواوکەری ئەو زمانە بێ. چونکە لاڵیش بۆی هەیە ئەوەندە بەرز بیر بکاتەوە ئەوەندە بەرز بنوسێ تا ئەو پەڕی، بە دوای سەرچاوە چاکەکانی زمانی منداڵی بگەڕێنەوە کە تا ئێستا کەس زاتی ئەوەی نەکردووە پێیان بکات.

(١٨)

شیعری نۆژەن هەوڵێکە بۆ تۆمارکردنی ئەو ئاسکەسات و بۆچوونانەی کە لەدەست مرۆڤ رادەکەن و گیر نابن، واتە تۆمارکردنی ئەو نهێنییانەی کە مرۆڤ بیریان لێ دەکاتەوە و دەستگیریان ناکات، شاعیر ڕاویان دەکاو دەیانخاتە بەر سێرەی هزر، چونکە دۆزینەوەو وەدیارخستنی ئەودیوی لێکدانەوەی مرۆڤ، کارێکی ئەستەم و دژوارە، لەدونیای واقیعدا بەڵام لەڕووی ئەنتۆلۆژیای شیعرەوە شاعیر بنیاتیان دەنێت ئەگەر دەستگیریشیان نەکات ئەو لەچوارچێوەی وشەو خەونو دیدگای خۆیدا دیلیان دەکات، بەمجۆرە لەشیعر کارێکی سەخت لەبەردەمدایە، لەڕێی کارێکی ئەفسانەیی شیعری قەدەر بەند دەکرێ.

(١٩)

شیعری نۆژەن پەنجە بۆ ئەو ڕێگا نەمریە درێژ دەکات کە لەشوشەی درەختێکی دارمالّی درك و داڵدا خۆی حەشارداوەو زناری ڕەوەزەکانی لەخۆی لوول داوە، هەر هەوڵێك بۆ وەدەست خستنی مایەی تێکەڵ بوونی خوێنو پەنجەیە، شیعری نۆژەن گریانی غوربەتێکی مەزنە کە مرۆ بەر لە پەیدابوونی ئاوەدانی تووشی دێت، ئەو غوربەتە نیە کە لەئەنجامی ڕووبەڕوبوونەوە دەگەڵ تەکنەلۆژیاوە تووشی دێت، نەء بەڵکو غوربەتی ڕۆحە، گریانێکی کپە بەزونگێکی بەرزوگەوارا، هێڵێکە بۆ ئاسمان لەڕێی دابەزینو ناخگەڕیدا.

پرنسیپەکانی شیکردنەوەی بونیادی شیعریی

یوری لوتمان

و: ئاوات ئەحمەد

دەروازە:

ئەم لێکۆڵینەوەی بەر دەستی خوێنەر تەرخانە بۆ شیکردنەوەی دەقی شیعریی. بەر لەوەی دەست بکەین بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، پێویستە وریای هەندێ سەرنجی ڕێخۆشکەر بین و، بە پلەی یەکەم سروشتی ئەو مەبەستانە دیاری بکەین کە هەوڵیان داوە بەدییان بهێنیت. ئەو خوێنەرەی کە زووتر دەزانێت پێویستە چاوەڕێی چی لەم لێکۆڵینەوەیە نەکات خۆی لە نائومێد بوون دوور دەخاتەوە و کاتێ ئەوە بۆ خۆی گل دەداتەوە کە ئەو لێکۆڵینەوانە بخوێنێتەوە کە زیاتر سەرنجی ڕادەکێشن.

شیعر سەر بە مەیدانە تەرخانەکانی هونەرە، کە هێشتا زانست نەیتوانیوە کرۆکەکەی بە تەواوی ڕوون بکاتەوە. ئێمەش کە دیراسەی شیعر دەکەین، پێویستە هەرزوو قایل ببین کە ژمارەیەکی زۆری مەسەلەکان، ڕەنگە گرنگترینیشیان بن، هێشتا دەکەونە سنوری دەرەوەی توانا و دەستەلاتەکانی زانستی هاوچەرخ. زیاد لەوەش، لەم ڕۆژانەدا شیکار کردنیان گرانتر بووە: ئەوەی تا ئەم نزیکانە ئاشکرا بەلگە نەویست بوو، وای لێهاتووە نامەفهوم و سەرشێوێنەر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ورەمان دابەزێت. ئەو ڕوونیە وەهمییەی کە (عەقڵی سەلیم) ی خستبووە جێگای کاری زانستی هەر خۆی کە رازی کردین بەوەی زەوی تەختە و خۆریش بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە، ئەم چەشنە وەهمی ڕوونیە (وضوح) بوو کە لە قۆناغی پێش زانستدا، مۆری خۆی دابوو لە زانین (المعرفة). ئەو قۆناغەش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێویست بوو. دەبوایە پێشی زانست بکەوتایە. لەم قۆناغەدا بڕێکی زۆر لە مادەی ئەزمونی کەڵەکە دەبێت، هەر لە وێشدا هەست دەکەین کە ئەزمونی ساکاری بەس نیە. بەبێ ئەم قۆناغە زانست بوونی نەدەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ زانست وەکو زەلیلکردنی ژیانی ڕۆژانە و "عەقڵی سەلیم Common sense " دەردەکەوێت.

لـه ڕێگـای ئـــەم زەلیلکردنـــەوە، ئـــەو چەشـــنە تێنەگەیشـتنە بەرهـــەمدارە، کـــە خـــۆی بناغـــەی دەرکەوتنی زانستە، دەخرێتە جێی ئەو ڕونیـــەی کە لـــە تێنەگەیشـــتنی سروشـــتی ئـــاڵۆزی مەســـەلە تەرحکراوەکانەوە هاتووە. لەم حاڵەتەدا، ئەو کەسە ساکارە کە هۆشی بەر لە زانستی هـەڵگرتووە، دوای ئەوەی بڕێکی زۆر لـە دراوەکـانی (معطیـات) زیـانی ڕۆژانـە لـە بـەر دەستی خۆیدا کۆ دەکاتـەوە، دوای ئـەوەی کـە بۆی دەردەکـەوێت نـاتوانێت لـە یـەک نەسەقی دیاری کراودا هەموو ئەو دراوانە بـە یەکـەوە ببەستێت، پـەنا دەباتـە بـەر زانسـت و وا چـاوەڕێ دەکـات زانسـت ژمارەیـەکی بێشـومار وەڵامـی دیاریکراوی وای دەداتێ کە دەتوانن جێگـای خەڵەلـە کە دەربخـەن – بـەبێ ئـەوەی سیمای ئـەو جیهانـە بگـۆڕن کـە لـە لای ئـەو ئاشنایە – پێـی وایـە ئـەو وەڵامانـە دەتوانـن یـەکێتی و بـە پـێزی ببەخشـن بـە ئـەزموونی زیـانی ڕۆژانـــە. ئـــەم مرۆڤـــە وا دەزانێـــت زانست دکتۆرە و بانگی دەکەن بۆ سەر نەخۆش تاکو هۆیـــەکانی نەخۆشـــیەکەی دەستنیشـــان بکـــات و دەرمانێکی هەرزان و کاریگـەری بـۆ بنوسـێت و ئیـتر دەبێت کەس و کاری نەخۆشەکە بەردەوام بن لە سەر خزمەت کردنی نەخۆشەکە.

واقیعەتی ساویلکە عەقڵی سەلیم وای بۆ دەچێت کـە ئـەو تـەنیا پرسیار کردنـی لـە ســـەرە و ئـــەرکی دابینکردنی وەڵامەکان دەکەوێتە سەر شانی زانسـت. زانست کە بانگ ئەکرێت بۆ ئەم مەبەستە دیاریکراوە، بەنیـەت پـاکی هـەوڵ دەدات وەڵامـی ئـەو پرسیارانە بداتەوە کە لێـی دەکرین. ئـەنجامی ئـەم هەوڵانـەش گەڵێ جار باش نیە، زۆر جار دوای ئەو زەحمەتە دور و درێژانـە دەردەکـەوێت کـــە مەحاڵـــە وەڵامـــی ئـــەو چەشـنە پرسیارانە بدۆزێتـەوە، پرسیارەکانیش بـە شـــێوەیەکی دروســـت نـــەکراون، تـــەرحکردنی پرسیاریش بە شێوەیەکی دروسـت گرانایـیەکی زۆری تێدایە و، پێویستی بە ئەرکێکی زۆر لەوە زیاترە کە سەرەتا وادەزانرا بەسە بـۆ دابـین کردنـی شـیکارێکی سەرانسەری بۆ مەسەلەکە.

بـەردەوام بوونـی کـار بـەم ئاڕاستەیەدا کۆمـــەڵێ سەرسـوڕە (مفاجـأة) ی چـاوەڕوان نـەکراو دەخاتـە ڕوو: دەردەکـەوێت کـە زانسـت نـابێت بـــەو ئـــامڕازە پێویستەی کە وەڵامەکان بداتەوە، زیاد لەوەش هەر ئـەوەندەی مەسـەلەیەک شـــیکاری پێویسـتی خـــۆی وەرگرت و یەکسەر لە کایەی زانست دەچێتە دەرەوە و دەگاتە مەیدانی زانینی پاش زانستی. بەم جـۆرە، ئەرکی سەر شانی زانسـت بریتیـە لـە بەرزکردنـەوەی پرسیار بە شێوەیەکی دروست. بەڵام دیاری کردنـی ئـەوەی کـام تەرحکردنـە دروسـتەو کامیـان هەڵەیـە، بەبێدیراسەکردنی ڕێچکەکانی جوواڵـە لـە نەزانینـەوە بۆ زانین و هەروەها بەبێ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا ئەو پرسیارە بـەبێ پرنسـیپ دەگاتـە وەڵام یـان نـا، بـەبێ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا ئەو پرسیارە بەپێی پرنسـیپ دەگاتـە وەڵام یـان نـا، بـەبێ دیـاریکردنی ئەوانـە مەحاڵـە دیاریبکرێت کامـە تەرحـە راسـتە و کامـەیان هەڵەیـە. بـەم پێیـەش هـەموو ئەڵقەیـەکی پرســـیارە مەنهەجیـــەکان و، هـــەموو ئەوانـــەی پێوەندیان هەیە بـەو ڕێگایـەوەی کـە پرسـیار بـەرەو وەڵام دەبات (بـەڵام نـەک لـە خـودی وەڵامەکـەوە)، هەموو ئەمانە سەر بە زانستن. هۆشیاری زانسـت بـە کرۆکـی تایبـەتی خـۆی خۆڵادانـی لـەوەی بڵێـت ئـەو چالاکییەم هەیـە، کـە هۆکارەکـانی بەدیهێنانی شک نابات، هەنگاوێکی گەورەیە لـە سـەر ڕێگـای زانـین. لەگـەڵ ئەوەشدا، زۆربـەی جار ئـەم هـەنگاوە وا لـە هـاوەڵانی (عـەقڵی دروسـت) دەکـات کـە لـە زانسـت نائومێد ببن، ئـــەو زانسـتە کـــە خەریکـــە دەبێتـــە پراکسیسێکی یـەکجار پـەتی، . واقیعیـەتی سـاویلکە بـەو شێوەیە مامەڵـە لەگـەڵ زانسـتدا دەکـات کـە بتپەرست لەگەڵ بتەکەیدا دەیکات: سەرەتا نوێژی بۆ دەکـات و پێـی وایـە کـە بتەکـەی دەتوانێـت هـــەموو قۆرتەکانی بۆ ئاسان بکات، دوای ئەوەش کەلێی بـێ هیـوا دەبێـت تێکـی دەشـکێنی و فڕێـی دەداتـە نـاو ئـاگرەوە یـان ئـاوەوە. واقیعیـەتی سـاویلکە کـاتێک پشتی کردە زانست، هەوڵیدا پـەیمانێکی راستەوخۆ لەگەڵ دونیای زانینە پـاش زانسـتیەکان دا ببەسـتێت کـە خـاوەنی ئـــەنجامی بـــەر هەســـتن، دونیـــای وەڵامەکان.بەمجۆرە بۆ نمونە کاتێک بەشدارانی مشت و مڕی نێوان (فیزیاوی و شاعیرەکان) گریمانەی ئەوە دەکەن کـە دەبێـت زانسـتی سـیبرناتیک وەڵامـی ئـەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا دەشێت بە هـۆی ئـامێرەوە (شیعری میکـانیکی) پـەیدا بێـت ؟ کـەی کۆمپیوتـەر دەتوانێـت جێگـەی ئـەندامانی یـەکێتی نوســـەران بگرێتـەوە ؟ کـاتێکیش وای بـۆ دەچـن کـە پێویسـتە

زانست وەڵامی پرسیارێك بداتەوە کە بەم شێوەیە داڕژابێت کاتێك سەرنج دەدەین کە خەڵك بایەخێکی زۆر بە لێکۆڵینەوە ئاسانکراوەکان و ئەو کتێبانە دەدەن کە خوێنەر ئاشنا دەکەن، بە ڕەوت و پێڕەوی زانست نا، بەڵکو بە ئەنجام وشیکارەکان. لەم حاڵەتەدا کۆمەڵێ حاڵەتی نمونەیی دێنەبەردەستمان کە بریتین لە یەککرتنی قۆناغە پێش زانستیەکان و پاش زانستیەکانی تایبەت بە زانین، دڕی زانست. لەگەڵ ئەوەشدا یەککرتن ئاوا ئایندەی نیە: ئەو وەڵامانەی کە زانست پێشکەشیان دەکات، ناشێت لە خودی زانست دابڕاو بن. ئەوانە ڕەها نین و هەرکاتێ پێڕەوی زانستی تازە جێگەی ئەو پەیڕەوانەی گرتەوە کە ئەوانەی پێشکەش کردووە، ئەوانە بەهای خۆیان ون دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە هەندێ کەس وابڕوا نەکەن کە ئەو ناڕاساییەی (تعارض) کە لە نێوان قۆناغە تێکەڵاوەکانی زانیندا سەرنجمان دەدا: پێش زانستی و، زانستی و پاش زانستی، چەشنە نا ڕاساییەکە کە شیکار و سازانی بۆ نیە. هەرێك لەم قۆناغانە پێویستی بە قۆناغێکی تریش هەیە. زانست بەشێوەیەکی تایبەتی مادەی خامی خۆی لە مەیدانی ئەزمونی ڕۆژانەوە وەرناگرێت و هیچی تر، بەڵکو هەروەها پێویستیشی بەوەیە کە هاوسەنگی یان هاو جووتی جوڵانی بێت لە گەڵ جیهانی (عەقڵی سەلیم) دا، چونکە ئەم جیهانە کەللە وشك و ساویلکەیە بریتیە لە تەنها جیهان کە مرۆڤ تێیدا گوزەران دەکات.

لەوەی پێشەوە، دەگەینە ئەو بەرەنجامەی کە زانست ناچار نیە کە شیکاری ئەو مەسەلانە بگرێتە ئەستۆی خۆی کە هەر بە حوکمی سرۆی خۆیان نا زانستین یان بە شێوەیەکی هەڵە ترح کراون و، پێویستە لە سەر قوتابی زانینە زانستیەکان، ئەگەر بیەوێت خۆی لە نائومێد بوون بپارێزێت، لەم تەرزە ئەرکانە نەخاتە پاڵ زانست. بۆ نمونە با سەیری ئەم پرسیارە بکەین:" بۆچی چامەیەکی پۆشکین یان بلۆك یاخود مایکۆفسکیم بەدڵە ؟ ئەم پرسیارە، بەم شکڵەی ئێستای ملکەچی شێوازەکانی زانست نیە. زانست داوای ئەوەی لێنەکراوە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، ئەو پێوەستە بە مەنهەجێکی دیاریکراوەوە.

بە مەبەستی دڵنیا بوون لە شێمانەی ئەوەی پرسیارە تەرح کراوەکان بابەتی زانستینو پێویستە یەکەمجار لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین کە ئایا لە دیوی سایکۆلۆژیای تاکەوە یان لە دیوی سایکۆلۆژیای گروپەوە، ئەو پرسیارەمان بە لاوە مەبەستە، لە لایەنی مێژوویی پێوانە ئەدەبیەکانەوە، یاخود زەوقی خوێنەران، یان هەڵسەنگاندنە پەخنەییەکان و هی تر. دوای ئەوە دەبێ بە زمانێکی زاراوەیی وەها پرسیارەکە دابڕێژینەوە کە لەگەڵ زانستدا بگونجێت و بە هۆکارەکانی بەردەستی زانست شیکار بکرێت. بەڵێ، بێگومان، ئەو ئەنجامانەی دەشێ زۆر تەسك و زۆر تایبەت بن، وەڵێ زانست ناتوانێت پێشنیاری هیچ شتێك بکات جگە لە هەقیقەتی زانستی.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەم خۆم لە دەقی شیعری بدەم بە هەموو ئەو ژێنا (معاناة) ە کۆمەڵایەتی و کەسییانە وە کە دەیان وروژێنێت، واتە بە دەوڵەمەندی و پڕی مانا ڕۆشنبیرییەکەیناە، بەڵکو تەنیا بە نزیك بوونەوە لەو خاڵە زۆر تەسکەی کە لە دەستی زانستی هاوچەرخدایە.

لەم حاڵەتەدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخێکی زۆر دەدات بە شیکردنەوەی ئەدەبیانەی دەقی شیعری، هەموو ئەو مەسەلانەی دەکەونە دەرەوەی سنوری شیکردنەوەی ئەدەبیەوە: مەسەلەکانی تەوزیفکردنی کۆمەڵایەتیانەی دەق و، هەرسکردنی، هەرسکردنێکی دەرونیانە لەلایەن خوێنەرەوە، ئەوە لەم دیراسەیە دەریان دەهێنین، ئەگەرچی گرنگیەکی ئاشکرایان هەیە. تەنانەت خۆمان لەو مەسەلانەش لا دەدەین کە دەربارەی تەوزیفی مێژووی دەقن. هەموو بایەخ و ووریاییمان دەدەینە دەقی شیعری بەو وەسفەی کە خۆی لە خۆیدا هەقیقەتێکە کە کاملّ و تەواو کراو و سەربەخۆیە لە ناو خۆیدا. کامەیە ئەو ڕێگایە بۆ دیراسەکردنی ئەو شتە کاملّەلە گۆشەی یەکێتیە هونەرییە – فیکرییەکەوە ؟ ئایا هیچ پێڕەوێکی زانستی هەیە بتوانێت هونەر بکات بە بابەتی لێکۆڵینەوە بەبێ ئەوەی " بیکوژێت " ؟ دەق چۆن بینا کراوەو مەبەست لە بینا کردنی چیە، بەم شێوەیە و بە شێوەیەکی تر نا ؟ ئەمانەن ئەو پرسیارانەی کە دەبێ ئەم توێژینەوەیە وەڵامی بداتەوە. دەبێ

مەرجێکی جەوهــەری تریش هــەبێت. شیکار کردنی هەر گرێ کوێرەیەکی زانستی لەبەر ڕۆشنایی پێڕەوی دیراسەکەدا بڕیاری لێ دەدرێت، لەگەڵ کەسێتی توێژەردا: لەبەر ڕۆشنایی ئەزمونو بــەهرە و. لێرەدا تــەنیا خۆمــان لــە بەشــی یەکــەمی ئــەم بەشــە پێکهێنەرانەی نووسەری زانستی دەدەین.

لە دیراسە مرۆییەکاندا، بە زۆر بە جەخت کردنێك دەگەین کە دەڵێن وردکی (دقة) ی مەنهــەجیی کــار، ڕێسا دیاریکراوەکانی شــیکردنەوە دەتوانــن توانــا ئەفرێنەرەکانی تۆژەر ئیفلیج بکــەن. مرۆ دەتوانێت بپرسێت " ئایا ڕاستە، زانینی هاوکێشەکان و بوونی لۆگاریتمــەکان، کــە بــۆ شــیکار کردنــی مەســەلە تــەرحکراوەکان پــەنایان بــۆ دەبرێــت، دەتوانــن تواناکانی زانای ماتمــاتیك کــەم بکەنــەوە و وای لێ بکــەن کاریگــەری لــەو مرۆڤــە کــەمتربێت کــە هیــچ بۆچونێکــی لــە مــەڕ هاوکێشــە نیــە ؟) هاوکێشــە ئەفراندنی تــاکی زانستی ناسڕێتەوە، بــەڵکو سودو قازانجی زیاد دەکات، دوای ئەوەی لــە زەروەتــی " داهێنــانی هۆکارەکــان " رزگــاری دەکــات و فیکــر ئاراستە دەکات بۆ ئــەو مەسەلانەی کە چــاوەڕێی شیکارن.

زانستی لێکۆڵینــەوەی ئــەدەبی هاوچــەرخ لەبــەر دەرگای قۆناغێکی نوێدایە. گوزارشت لەوەش لەتوێی ئــەو تێکۆشــانە ڕوو لــە زیــاد بوونــی بەردەوامــەدا دەکرێت، کە لــە پێنــاوی گەیشتن بــە وەڵامــی لابــڕ (قاطع) دانیە بەقەدەر ئەوەی کۆشانە بۆ دڵنیا بــوون لــە پرسیارە تــەرحکراوەکان. زانستی لێکۆڵینــەوەی ئەدەبی فێری ئاراستە کردنی پرسیار دەبێت، بــەڵام ئەوسا وەڵامــی پێشکەش دەکرد. ئیستا بە پلــەی یەکەم گەنجینەی ئەزمونی تاکساریی ئەم توێژەر یان ئەو توێژەر ناخریتە ڕوو، بەڵکو پــێڕەوێکی نمونــەیی شیکردنەوە تــەرح دەکرێت، کــە زیــاتر پەخشــانە، بــەڵام لەبــەر هــەمان هــۆ تۆکمــە تــرو وردکــترە. ئــەم پــێڕەوەی کــە لەبــەردەمی هــمــوو توێژەرێکــی ئەدەبیایــە و ڕۆڵــی ئــەفراندنی زانســتی تایبــەتی ناسڕێتەوە، بەڵکو دەبێتە بناغەیەك بۆی.

گۆنشارۆف لە کــاتی خۆیدا لەســەر شارستانێتی نوسیوەتی: " ئەوەی کە بە زەنگینیــەکی‌نۆر و مشــە دادەنرا و تایبەت بــوو بــە ژمارەیــەکی کــەمی خــەڵك، بەهۆی شارستانێتیەوە کەوتۆتە بەردەســتی هــەموان دەنگێکی –تۆو – ی ئەناناس لــە باکور پێنــج تــا دە ڕۆبلی تێدەچێت، بــەڵام لێرە لــە فلســێك زیــاتری تێناچێت: ئــەرکی ســەر شــانی شارستانییە هۆکاری گواستنەوەی خێرا بدۆزێتــەوە بــۆ ئــەوەی بــەخێرایی بگوێزرێتەوە بۆ باکور تا من و تۆ لە بەرامبەری پێنــج کۆپێکدا چێژی لێ ببینــین ". تــا ڕادەیــەك ئــەرکی زانستیش هەر وایە: جیهان لــەو کاتــەدا کــە ئــەنجامی دیاریکراو بــە دەســت دەهێنێــت، بــەهۆی پــێڕەوە چڕەکانی لێکۆڵینــەوە وە لەگــەڵ لۆگاریتمــەکاندا وا دەکات ئەو ئەنجامە قــابیلی دووبارەکردنــەوە بێت " واتە خەڵکانی تریش پێ بگــەن ". ئــەوەی تــا دوێنــێ تەنیا دکتۆرێکی بلیمەت لە دۆخی جێبەجێی دەکرد سبەینێ دەکەوێتــە بــەر دەســتی هــەموو دکتۆرەکان هــەر بــەرەنجامی کــۆ کردنــەوەی ئــــەم ئــــەزموون توێژینەیــە کــە قــابیلی دووبــارە کردنەوەیــە، خــۆی پێڕەوی زانستی پێك دەهێنێت. لە ڕووی پرنسیپەوە، شیکردنەوەی دەقی هونەریی ڕێگــە دەدات بــە پشــت ئەستوور بوون بە کۆمەڵێك لێنزیکبوونەوە: دەشــێ کارێك لە کارەکانی هونەر وەك مادەیەکی سانەوی بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان، یان مێژوویــی، یــا ئــابوریی –کۆمەڵایەتی، لێی بکۆڵرێتــەوە، دەشــێ ئــەو کــارە ببێت بە چاوگێکی زانیاری دەربــارەی ژیــانی ڕۆژانــەو بوون، دەربارەی پێوانەی یاسایی یــان مۆرالیــەکانی ئــەم ســەردەمە یــان ســەردەمێکی تــر بێــت، وە هەروەها، . لە هەر حاڵەتێك لــە حاڵەتــەکاندا، دەبــێ پێڕەوێکی وا بۆ لێکۆڵینەوە هەڵببژێردرێت کە لەگــەڵ کرۆکی گرفتە زانستیەکەدا بگونجێت.

لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا کــە پێشکەشــی خوێنــەرانی دەکــەین، دەقــی هونــەری وەك خــۆی، دەبێــت بــە بابــەتی لێکۆڵینــەوە، گرنگــی هونــەری دەق بــە شێوەیەکی جۆریــی وەهــا کــەوا لــە دەقەکــە دەکــات وەزیفــە ئیستاتیکیە دیاریکراوەکــە جێبــەجێ بکــات، ئەمە دەبێتە جێی بایەخمان، هەر ئەمەش خاسیەتی نزیکبوونەوەکەمان دیاریی دەکات.

لە واقیعی ژیــانی ڕۆشنبیریدا، دەقــەکان، وەك ڕێسایەك، فرە وەزیفەن: دەقێك لە خۆیدا یــەك تاکــە مــەرام جێبــە جــێ ناکــات، بــەڵکو چــەند مــەرامێك، ڕەنگە کۆمەڵێ زۆریش بــەدیی بێنێت. بــەم شێوەیە نوشتەکانی ســەدەکانی ناوەڕاست و، بینــا کردنــی پەرستگاکان لــە ســەدە کۆنــەکاندا یــاخود لــە ســەدە

ناوەندەکانی ئەوروپادا و، ڕێنیسانسدا و لە سەردەمی باروکدا، لەیەک کاتدا وەزیفەیەکی دینی و ئیستاتیکی جێبەجێ دەکەن. هەروەها سیستمەکانی خزمەتی سەربازیی و ڕەفتارە ئیداریی و تەشریعیەکانی سەردەمی بوتروسی مەزن لە هەمان کاتدا بەڵگە نامەی یاسایی و کۆمەڵایەتی گشتیش بوون، هەروەها دەشێ هاوارەکانی ژەنراڵەکانی کۆمەڵەی عومەی و، " ئالای سەرکەوتن " ی سۆفۆڕۆف و، فەرمانەکانی میخائیلی سەرکردە و ئۆرلۆفی سەرکردە بۆ تیمە سەربازییەکانیان، بەو پێیەی جێماوەی ئەدەبی – سیاسی، یان جێماوەی هونەری بێژەری و، پەخشانی هونەرین. لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا، لەنێو ئەم فەرمانی وەزیفەیەدا تەنیا دیاردەیەک نابێت و بەڵکو دیاردەیەکی حەتمی و شەرعی: بۆ ئەوەی دەق بتوانێت وەزیفەی خۆی جێبە جێ بکات، پێویستە لە سەری شتێکی زیادەی لە ناودا بێت بەمجۆرە لە هەندێ بارودۆخی دیاریکراودا، دەبێ نوشتەیەک هەبێت، لە پێناوی ئەوەدا کە بە کەڵکی هەر سەک (استیعاب) بێت بەوەی کە کارێکی دینیە و لە هەمان کاتدا دەتوانێت وەزیفە کۆمەڵایەتیەکەشی جێبەجێ بکات، بۆیە هەر دەبێت زیاد لەوەش، کارێکی هونەری بێت. دەشێ مەسەلەکە بە پێچەوانەشەوە وەربگرین – نوشتە بۆ ئەوەی بە کەڵک بێت بۆ ئەوەی وەک کارێکی هونەری هەرسەک بکرێت، پێویستە وەزیفە دینیە تایبەتەکەی خۆی جێبەجێ بکات. بەم شێوەیە گواستنەوەی نوشتە بۆ مۆزەخانە (بە وشەیەکی وردکتر – ونبوونی هەستەدینیەکان لە لای بینەر) دەتوانێ کاریگەریی یەکێتی هەردوو وەزیفە کۆمەڵایەتیەکە لەق بکات و ئەو کاریگەرییەی کە لە میژوو دا هاوپێچی دەقی نوشتە بووە.

ئەوەی وتمان، ئیستا بە شێوەیەکی زیاتر بەسەر ئەدەبدا پیادە دەبێت، ئاوێتە کردنی وەزیفەی هونەریی بە وەزیفەکانی تر: سیحری و یاسایی و، فەلسەفی و مۆرالی (ڕەوشتی) و سیاسی، ئەم ئاوێتە کردنە خەسڵەتیکی هاوپێچی تەوزیفکردنی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم یان ئەو دەقە هونەرییە پێک دەهێنێت. لەم حاڵەتەدا، پێش هەموو شتێک سیڵەیکی دوو سەرە بەرەو ڕوومان دەبێتەوە: دەق بۆ ئەوەی مەرامێکی هونەری دیاریکراو بە دی بهێنێت، پێویستە لە هەمان کاتدا وەزیفەی مۆرالی و سیاسی و فەلسەفی و ئەدەبی کۆمەڵایەتی گشتی هەڵبگرێت. بە پێچەوانەشەوە، دەق بۆ ئەوەی دەورێک ببینێ؛ بۆ نمونە دەورێکی سیاسی دیاریکراو، دەبێ وەزیفەیەکی ئیستاتیکیش جێبە جێ بکات. گومانی تیانیە، کە ئەوەی لە چەند حاڵەتێکدا بە دیدێت، یەک دانە وەزیفەیە. لێکۆڵینەوەی هەرکۆمەڵە وەزیفەیەک کە دەتوانن لە ناو سنوری دەقێکی هونەری دیاریکراودا کۆببنەوە، دەتوانێ بگاتە دیاریکردنی چەند نیشانەیەک کە بایەخێکی گرنگیان هەیە بۆ دۆزینەوەی پۆلاندنێک بۆ ڕۆشنبیریی. بەمجۆرە، بۆ نمونە لە سەدەی هەژدەیەمدا، کۆکردنەوەی هەردوو وەزیفەی هونەریی و مۆرالی پڕتۆکاو (متزمت) مەرجی هەرسەک کردنی ئیستاتیکیانەی دەق بوو، بەڵام بە نیسبەتی هەر یەکە لە پۆشکین و گۆگۆڵەوە ئەوا کۆکردنەوەی ئەو دوو وەزیفەیە لە یەک دەقدا شتێکی حەرامە.

لەرینەوە لەناو سنوری چەمکی (دەقی هونەری) هەتاکو ئەدەبی ماوەی تازە بەردەوام دەبێت. لەم لایەنەوە، ئەدەبی یادەوەری (أدب المذكرات)، بە نیسبەتی ئێمەوە بایەخێکی گەورەی هەیە. دەبینین ئەم ئەدەبە جارێک خۆی دەخاتە بەرامبەر پەخشانی هونەری، لە بەرامبەری (جیایی – الاختلاف) دا و، لە حاڵەتێکی تریشدا ئەم چەشنە پەخشانە جێگایەکی دیاری تێدا دەگرێت. ئەمەش هەر بە هەمان پلە بەسەر هونەری " ئۆچیرك " دا پیادە دەبێت، بە هەموو ئەو ڕۆڵەوەی کە لە چلەکان و شەستەکانی سەدەی نۆزدە و پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا بینیویەتی. زۆر قورسە باوەڕ بکەین کە مایا کۆفسکی دەیویست هەندێ ئامانجی ئەدەبی بە دەست بهێنێت بە دانانی دەقی ئەدەبی بۆ Okoh pokta یان کە هۆنراوەی بۆ جارنامەی بازاڕە سەنتەرییەکان (G.U.M) دەنوسی (بڕوانە فەرمانی ژمارە " ٢" بۆ سوپای هونەرەکان). کە چی لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین ئەو دەقانە لە میژووی شیعری ڕووسی دەربهێنین، هەرهیچ نەبێت بەڕای ئێمە.

ڕێژەی سنوری نێوان دەقی (هونەریی) و دەقی (ناهونەری). بە ڕوونی دەردەکەوێت لە نمونەیەکی میژووی سینەمای بەڵگەنامەیی (تۆماریی) دەردەکەوێت، ئەگەر وەری بگرین. سروشتی

ئـالۆزیی و، هـەندێ جـار سروشـتی تەنینـەوە Diffusion ی تەوزیفکردنی کۆمەڵایەتی دەقـەکان، پاڵ بە لێکۆڵەرەوە دەنێت، نزیکبوونەوەی خۆی لـە لێکۆڵینـەوەی بابەتەکە ئالۆسکاو تـر بکـات، یـان سروشتێکی تەنینەوەی بداتێ: پێی ذاتیە کە کارێکی مەشروعە، ئەگەر پەنا نەبات بۆ لەت لـەتکردنی ئـەو شتەی کـە لـە ژیاندا وەك یەکـە یـەك تـەوزیفکراوە، واتە لەتلەتی نەکات بۆ چەند بابـەتێکی لێکۆڵینـەوە. لەگـەڵ ئەوەشدا پێویستە بـە توندیی ئـەم چەشنە بـەکار هێنانـە پرۆتێسـت بکرێـت. لـە پێنـاوی تێگەیشتنی ئـالۆگۆڕی نێـوان وەزیفـە جیـا جیاکانی یەك دەقدا، پێویستە وەك پرنسیپ سەیری هەر یەکێك لەو وەزیفانە بەجیا بکرێت و، شوێن ئەو خەسـڵەتە بابەتیانـە بکـەوێت کـە پاسـاوی ئـەوە دەدەنەوە دەقێك ببێت بە کارێك لە کارەکانی هونـەر و، جێماوەیەکی تایبەت بێت بە شـکڵێکی فەلسـەفی یان یاسایی یـان هـەر شـکڵێك لـە شـکڵەکانی فیکـری کۆمەڵایـەتی. دیراسـەی ئـاوا فـرە ڕوو و فـرە لایـەنی دەق نابێتـە هـۆی ئـەوەی دەسبەرداری پەیوەندیـە دەوڵمەندەکانیببین، بەڵام پێویستە پێشی بکەوێت. شـیکردنەوەی پەیوەندییـە ئالۆگۆڕەکـانی نێـوان وەزیفە کۆمەڵایەتیەکانی دەق، پێویستە لـە پێشدا پارچـە پارچـە کرابێـت و وەسـفکرابێت. لادان لـەم مەرجە دەشێ بەتەواوی ناڕاس بێت لەگەڵ یەکێك لـە مەرجـە بەراییـەکانی زانسـتدا - کـە پلـە پلـە لـە ساکارەوە بەرەو ئالۆز بچێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستی خوێنـەر تەرخانـە بۆ ئەم قۆناغـە بەراییـەی قۆناغـەکانی شیکردنەوەی دەقـی هونـەریی. لـە نێـو هـەموو مەسـەلە زۆر دەوڵمـەندەکانی شـیکردنەوەیی کـارێك لـە کارەکـانی هونـەر دێنـە پێشـەوە، ئێمـە سروشـتی ئیسـتاتیکی تایبەت وەردەگرین کە لکاوترین سروشـتە بـە کـاری ئەدەبییەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا ئێمـە ناچـارین بابـەتی لێکۆڵینـەوە کـە زیـاتر تەسـك بکەینـەوە. دەشـێ لـە چەند گۆشەیەکەوە دیراسەی کاری هونـەری بکرێـت. گریمان ئێمە لە چاوەی (ساتێکی دڵگیرم بیردێتـەوە) ی پۆشکین دەکۆڵینەوە. سروشتی لێکۆڵینەوەکەمان بەپێی ئەو مادەیە دەگۆڕێت کـە دەیکـات بـە بابـەتی لێکۆڵینـەوە و، ئـەو سـنورانەش کـە بـۆ دەقـی لێکۆڵراوەی دادەنێـین. دەتوانـین لـە ڕووی بنیـادی ناوەکییـەوە چامەکـەی پۆشـکین بگریـن، دەتوانـین کۆمەڵـە نـەگۆڕێك کـە رادەیـەکی زیـاتر فراوانـیو شمووللییـان تێدایـە، بکـەین بـە پێکهاتـەی لێکۆڵینەوەکـەمان، لەوانـە، " شـیعری لـیریکی پۆشـکین لـە مـاوەی دوور خرانـەوەیدا بـۆ میخائیلۆفسکۆیە "، " شیعری لـیریکی پۆشـکین "، شـیعری لـیریکی دڵداریـی ڕووسـین لـە بیسـتەکانی سـەدەی نۆزدەدا "، شـیعری ڕووسـی لـە چـارەکی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەدا " یـان دەتوانـین ئاسـۆی لێکۆڵینەوەکـە فراوانـتر بکـەین، نـەك لـە سـەر بنچینەیەکی مێژوویی، بەڵکو لە سەر بناغەی تـەرزە ئەدەبییەکان، - " شیعری ئەوروپی لـە سـەدەکانی نۆزدەدا ". لـە هـەر حاڵەتێك لـەم حاڵەتانـەدا چـەند لایەنێکی جیا جیای ئەو چامەیە کەشف دەکرێـت کـە بایەخمان پێداوە. ئەم مەبەستە لەگەڵ ژمارەیەك لـە تـەرزە دیراسـەکاندا دەسـازێت: لێکۆڵینەوەیـەکی یـەکگرتووی بابـەتی دەق Monographic ، لێکۆڵینـەوەی مێـژووی ئـەدەبی نەتـەوەیی، لێکۆڵینەوەیـەکی بـەراوردکاری تـەرزە ئەدەبییـە نـەگۆڕەکان Typoiogical و هـەروەها. بـەم ڕێگایـە بابەتو سنوری لێکۆڵینەوە کە دیـاریی دەبێت، نـەك لـە سـەر بنچینەیەکی مێژوویی، بەڵکو لە سەر بناغەی تـەرزە ئەدەبییەکان، - " شیعری ئەوروپی لـە سـەدەکانی نۆزدەدا ". لـە هـەر حاڵەتێك لـەم حاڵەتانـەدا چـەند لایەنێکی جیا جیای ئەو چامەیە کەشف دەکرێـت کـە بایەخمان پێداوە. ئەم مەبەستە لەگەڵ ژمارەیەك لـە تـەرزە دیراسـەکاندا دەسـازێت: لێکۆڵینەوەیـەکی یـەکگرتووی بابـەتی دەق Monographic ، لێکۆڵینـەوەی مێـژووی ئـەدەبی نەتـەوەیی، لێکۆڵینەوەیـەکی بـەراوردکاری تـەرزە ئەدەبییـە نـەگۆڕەکان Typoiogical و هـەروەها. بـەم ڕێگایـە بابەتو سنوری لێکۆڵینەوە کە دیـاریی دەبێت، نـەك لـە سـەر پێڕەوەکـە. هەریەکـە لـەدەقی شـیعرەکەو، هونـەری سـەردەمێك وەك خۆیـان، دەتوانـرێ وەك بونیـادێکی یەکگرتوو پێشکەش بکرێن کە لەبـەر ڕۆشـنایی یاسـا ناوەکییـەکاندا دیـاریکراوو تایبەتەکـەی خۆیـاندا ڕێکخراون.

ئەو لایەنانەی باسمان کردن (هەمووشـیانمان نـاو نـەهێناوە) کـە تایبـەتن بەلێکۆڵینـەوەی کـاری ئـەدەبیی، هـەموویان پێکـەوە وەسـفێکی تـەواوی بونیـادی تایبـەت بـەکاری ئـەدەبیی پێـك دەهێنـن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە وەسفە دەتوانێت ئەوەندە گـەورە ببێتـەوە کەلەلایـەنی پراکتیکـەوە جێبـەجێ کردنیـان لەسـنوری یـەك لێکۆڵینـەوەدا "مەسەلەیەك"ی وا کەبڕێکی کەم واقیعیەتی تێدایە. تـۆژەر ناچـار دەبێـت بـەبێ ئـارەزووی خـۆی لەهـەڵبژاردنی لایەنـەکانی بابـەتی لێکۆڵینەوەکـەدا خـۆی سـنور بکـات. خـاڵی دەسـپێك لـەو نزیـك بوونەوەیـەوە دەسـت پێدەکـات کـە خـۆی دەبەسـتێتەوە بـەوەی "لەیەکـەم وشـەوە هـەتا دوا وشە" لەدەقی کاری ئەدەبی بکۆڵێتەوە.

ئـــەم جـــۆرە نزیکبوونەوەیـــە رێگـــە دەدات بەدەرخستنی بونیادی ناوەوەی کـاری ئـەدەبی‌و، سروشتی رێکخستنە هونەرییەکـــەی‌و، دەرخســتنی بەشـــی دیـاریکراو کـە هـــەندێ جـار زۆر گرنگـــە، لەبەشەکانی وەزیفەی هونەری کە لەناو دەقدا هەیـە، بێشـــک ئـــەم نزیکبوونەوەیـــە، نزیکبوونەوەیـــەکی پێویستە و لەگەڵ ئەوەشـدا تـەنیا قۆناغێکی بەراییە لەقۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی کاری ئەدەبی. زانیاریمان ناداتێ دەربارەی تـەوزیف کردنـی کۆمەڵایەتیانـــەی دەق.. نـــەمێژووی لێکدانەوەکـــەی‌و نـــەجێگای لەپەرەسـندنی داهـاتووی شـــاعیرو نەژمارەیـــەکی زۆریش لەمەسـەلەکانی تـر کەشـف ناکـات. لەگـەڵ ئەوەشدا نوسـەری ئـەم لێکۆڵینەوەیـە پێـی وایـە کەشـتێکی گرنگـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـات کـە قەناعـەتێکی قوڵـی هەیـە کـە شـیکردنەوەی "تـاک بابەت" Monographicی دەق هەنگاوێکی ناچارییە بـۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە. جگـە لـەوە، ئـەم جـۆرە شـیکردنەوانە لەپـەیژەی مەســـەلە زانســتەیەکاندا جێگایـــەکی تایبـــەتی دەگرێـــت - ئـــەم چەشـــنە شیکردنەوەیە دەتوانـێ بەپلـەی یەکـەم وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بداتـەوە: بۆچـی ئـەم کـارە بەیـەکێک لەکارەکانی هونەر دادەنرێـت؟ خـۆ ئەگـەر لێکۆڵـەری ئەدەبی لەئاستەکانی لێکۆڵینەوەی دیکەدا مەسەلەی واشیکار بکـات کـە بایـەخی مێژنووســی رۆشـنبیری لەگـەڵ، پـێڕەوە فەلسـەفیەکانو، فەلسـەفەو بوونـی رۆژانەو هی تر رابکێشێت، ئەوا لێرەدا لەلێکۆڵینەوەی مەســەلە ئۆرگانیـە تایبەتـەکانی هونـەری وشـــەدا رەسەنایەتی خۆی دەبێت.

بڕوامـان وایـە ئـەوەی وتـرا بەتـەواوی پاسـاوی دابڕینـــی مەســـەلەی لێکۆڵینـــەوەی (مۆنۆگرافیـــا) دەداتەوە کـە تایبەتـە بـەدەقێکی ئـەدەبی وەرگیراو وەکـوو قەوارەیـەکی هونـەریی تـەواو، ئێمـە ئـەم مەسەلەیە وەک بابەتێکی تایبەتی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە وەربگرین. تەرحکردنی ئەم بابەتـە بناغەیـەکی زیـاتر تایبەتی هەیە.

زانسـتی لێکۆڵینـــەوە ئەدەبیـــەکان ســـەرکەوتنی سـنورکراوی بەدەسـت هێنـاوە، بەتایبـەتی لـــەبواری مێژووی ئەدەبداو بەپلەی یەکـەم لـەمێژووی ئـەدەبی رووسیدا* لەم بوارەدا ئەزمونێکی مەزن کەڵەکە بووە کـە تایبەتـە بەمەنهەجیـەتی لێکۆڵینەوەکـــە، بـــەڵام پێوێرانـی ئـەو مەنهەجیەتـە تووشـی قۆرتـی گـەورە نـابێت، وەک ئـــەزموونی زانســـتی دەری دەخـــات. مەنهەجێتی شـیکردنەوەی بونیـادی ناوەوەی دەقـی هونەریی هـەتا ئێسـتاوەک پێویست چارە نـەکراوە، ئەمـەش ســـەرباری ئـەوەی کـە زانسـتی سـۆفێتی دەتوانـێ لـەم مەیدانـەدا ئامـاژە بـۆ هـەندێ کـاری لێکۆڵینـەوە بکات کـە دەچنـە خانـەی لێکۆڵینـــەوە کلاسیکیەکانەوەو ئیعترافێکی گشتییان پێکراوە.

ئـــەم کتێبـــە[1] پرنســـیپەکانی شـــیکردنەوەی بونیادگەرانـەی شـیعر کـورت دەکاتـەوە. گروپـــی زاراوەکـان، بەنیسـبەتی ژمارەیـەکی زۆر لـەتۆژەرانی ئەدەبەوە، بڕیتیە لەقۆرتی هەرە جەوهەریی کەڕێگـە لەهەرسـک کردنـی ئـەو بیرانـە دەگرێـت کـە لـەکرۆکدا سـاکارنو، تایبـــەتن بەشـــیکردنەوەی دەلالیـــی- بونیادی. مێژووی زانست بـەم شـێوەیە ئـاڵۆز بـووە، بەڕادەیەک کە زۆرێک لـەو بیرۆکـە بەرهەمدارانـەی کـە بەر هەموو سیستمەکانی پەیوەندی دەکەون لـەنێوان نـێرەرو وەرگردا، ئـەم بیرانـە یەکـەمجار لەزانسـتی زماندا خرانە روو. بەپێی ئەم راستیە، لەبـەر ئـەوەی زمان بەسیستمی پـەیوەندی بنـەڕەتی دادەنرێـت لـە کۆمـەڵگای مرۆڤایـــەتیدا، لەبـــەر ئـــەوەی زۆرێـــک لەپرنسـیپە گشتییەکان بەپلەیـەکی روونـتر لـەزماندا دەردەکەون، ئەوا باقی سیستمە سانەوییەکان بەهەر پلەیەک بێت دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوەوە. بەمەش کۆمەڵەی زاراوە تایبەتەکانی زانستی زمان لەهـەموو زانســـتە دەلالییـــەکاندا خرانـــە کـــارو پایەیـــەکی تایبـــەتییان پـــێ درا، لەوانـــە "شـــیعرییەت"ی بونیادگەرا.

ئەگەر خوێنەر ئاڕەزووی لەدەسکەوتنی زانیاری زیاتر بێت لەمـەڕ کۆمەڵـەی زاراوە بـەکارهێنراوەکانی زانسـتی زمـانی بونیادگـــەرای هاوچەرخـــەوە کـــە کاریگەرییان لە سیمۆلۆژیادا دەرکەوت، ئەوا شـتێکی بەسودە بگەڕێتەوە بۆ ئـەم فەرهەنگانـە: فەرهـەنگی زاراوەکانی زانستی زمان، دانانی و. س. ئـەخمانۆف. مۆسکۆ ١٩٦٦ (دەبـێ ئامـاژە بـەوە بدرێـت کـە ئـەم فەرهەنگە پاشکۆیەکی هەیە ف.ف. بیلیاییف داینـاوە "کۆمەڵـەی زاراوە تایبەتـەکانی زانســـتی عـــەروز هونەری شیعر" کە بەبڕوای ئێمە بەهای فەرهەنگەکـە زیـاتر دەکـات)، هـــەروەها "فەرهـــەنگی زمـــان"ی قوتابخانـەی پـراگ، دانـانی: ئـی. فـاخیك، مۆســـکۆ،

١٩٦٤و، فەرهەنگی قوتابخانەی زمانەوانیی ئەمریکایی دانانی ئێریك هیمی، مۆسکۆ ١٩٦٠.

ئەرکەکانو پێڕەوەکانی شیکردنەوەی بونیادگەرانەی دەقی شیعریی

بناغەی شیکردنەوەی بونیادگەرا پێك دێت لەتێڕوانینی کاری ئەدەبی وەك دیاردەیەکی ئۆرگانیی کامڵ. دەق لەم شیکردنەوەیەدا وەکو کەڵەکەبونێکی میکانیکی توخمە پێکهێنەرەکانی سەیر ناکرێت، دابڕینی ئەم توخمانە لەیەکتری رەنگە سروشتە رەهاکەی لەناو ببات: هەرێەکە لەم توخمانە لەتوێی پەیوەندییەوە بەتوخمەکانی تردا بەدیی دێت، لەگەڵ پەیوەندی بەقەوارەی تەواوی دەقەکەوە. بەم مانایە شیکردنەوەی بونیادگەرایی بەتەواوی ناڕاستە لەگەڵ تراديشنی زانستی میتافیزیکی تایبەت بەلێکۆڵینەوە شیعرییە پۆزەتیفیەکانی سەدەی نۆزدەو، لەگەڵ ئاڕاستەی گشتی شوێنکەوتنە زانستیەکانی ئەم سەدەیەماندا دەسازێت. تەنیا رێکەوتنێك نەبووە کە پێڕەوە بونیادگەرا تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە پایەیەکی بەرز بۆ خۆیان بەدەست بهێنن لەبوارە جیاجیاکانی زانستی زانستیدا: لەزانستی زمانو، جیۆلۆجیاو، ئارکیۆلۆجیاو، یاسادانانو، کیمیاو سۆسیۆلۆجیادا. ئەو وریاییەی ئاڕاستەی لایەنە ماتماتیکیەکانی ئەو مەسەلانە کراوە کە لەو حاڵەتەدا دەرکەوتوونو، پێکهێنانی میتۆدی بونیادەکان بەوەی خۆی لەخۆیدا سیستمێکی زانستیە، هەموو ئەمانە جەخت دەکەن کە مەسەلەکە لەبواری مەنهەجییەتی سیستمێکی تاقانەوە گواستراوەتەوە بۆ بواری میتۆدی زانستی زانین بەسەرێەکەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا شیکردنەوەی بونیادگەرای چەمکەکە بەم شێوەیە بەشێکی تازە دانەنرێت. خاسیەتی جۆریی ئەم شیکردنەوە لەوەدایە کە لەوە تێبگات کە کامڵ بووە. کاری هونەری خۆی لەخۆیدا هەقیقەتێك دەنوێنێتو بەم شێوەیەش دەشێ لەتلەت بکرێت. باوای دابنێین کە ئێمە لەگەڵ بەشێکی دەقدا مامەڵە دەکەین، بابڵێین ئەوە دێڕە شیعرێکە لەدەقێکی شیعریی یان وێنەیەکی رەنگاو رەنگی سەری مرۆڤێکە. ئێستا دەبێ تەسەور بکەین کە ئەم بڕگەیە بەشێکە لەدەقێکی فراوانتر. بەمپێیەش وێنەی سەرەکە یەکێکە لەکۆمەڵێك بەشی تابلۆکە، نیوەی سەرەوە یاخود (لەسکێجدا بۆ نموونە) هەموو پانتاییەکە دەگرێت. دوای ئەم نموونانە هەموویان لەتەنیشتی یەکترەوە دادەنێین، قەناعەت دەکەین کە هەر بەشێکی جووت لەپووی سروشتی دەقییەوە (بەنیسبەتی دەقەوە) یەکسان نابێت بەخۆی کاتێك دەچێتە ناو چەند تەرزێکی جیاوە لەو یەکانەی کە بەپلەیەکی گەورەتر سروشتێکی گشتییان هەیە.

کادری سینەمایی، لەم لایەنەوە، چەند سەرنجێکی خۆشمان پێشکەش دەکات. وێنەیەك لەسەر فیلم، بەڕێگای جیا جیا وێنەی دەگیرێت (بۆ نموونە وێنەگرتنی گشتی، وێنەگرتنی مامناوەندیی، یان گەورە)، بەپێی رێژەی بەشی داگیرکراو لەشاشەکە بۆ بەشە بەتاڵەکەیو بۆ چوارچێوەکە لەقتەکانی وێنەگرتنەکە لەبونیادی هونەریی شریتی سینەماییدا دەبن بەلەقتەی جیاوازو هەمەچەشن (هەمان جیایی تایبەت بەنەخشەکان دەبێت بەهۆکاری گواستنەوەی مانا هونەرییەکان). لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینی قەبارەی وێنەگرتن، ئەو گۆڕینەی کە لەسەر رووبەری شاشەکەو قەبارەی هۆڵی پیشاندانو شتی تر لەبارودۆخەکانی پیشاندان راوەستاوە، ناتوانێت بەهای هونەریی نوێ بخولقێنێت. بەمجۆرە سەرچاوەی کارتێکردنی سینەمایی، حەقیقەتی هونەریی لەسەر رەهەندە قەبارەییەکان رادەوەستێت، بەو سیفەتە نا کە بەهایەکی رەهای یەکسان بەخۆی بێت جیا لەهەر سیلەیەك بەژینگەی هونەریی دەوروپشتی خۆیەوە، بەڵکو بەوەی بریتیە لە پەیوەندی نێوان ئەم بەشە وێنەگیراوەو سنوری لەقتە.

دەشێت ئەم سەرنجە فراوان بکرێتەوە تابببێتە یاسایەکی گشتی. ئەگەر ئەرکی عەزڵ کردنی ئەو شتە بگرینە ئەستۆی خۆمان کە کرۆکی کاری ئەدەبیی پێك دەهێنێتو بەبێ ئەو کاری هونەریی ناسنامەکەی خۆی ون دەکات (واتە چیتر خۆی نابێت)، ئەوا یەکێك لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی حەقیقەتی هونەریی کەشف دەبێت، عەزلکردنی لەو سیفەتانەی کە هەندێ جار جەوهەرین بەڵام لێك جیان بەڕادەیەك لەحاڵەتی گۆڕینیاندا ئەوا جەوهەری کاری ئەدەبی پارێزگاریی لەخۆی دەکاتو ناگۆڕێت.

بەمجۆرە، بۆ نموونە، واڕاهاتووین بەبێ هیچ دوو دڵییەك هەموو چاپەکانی رۆمانی (یەڤگینی ئۆینجین) لەنێوان خۆیاندا جووت بکەین، بەبێ گوێدانە پێوانەکانی قەبارەو پیتەکانی چاپکردنیان و چەشنی کاغەزەکەی[٢]. بەڕێگایەکی تر، ئێمە هەموو ئەو ڕاڤەکردنانە جووت دەکەین کە لەگەڵ پێشکەشکردنی کارە شانۆیی و مۆسیقیەکاندان. دواجار، فۆتۆکۆپی ڕەش و سپی تابلۆ، یان مۆری هەڵکۆڵراو بۆی (هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە ئەوە تاقە ڕێگای فۆتۆکۆپیکردنی تابلۆ زەیتیەکان)ە، لەچەند ڕوویەکەوە سەیریان دەکەین و لەگەڵ ئەسڵەکانیاندا جوتیان دەکەین (بەك جۆرە، بۆ نموونە کێشانەوەی وێنەی مۆری هەڵکۆڵراو تاماوەیەکی دوورو درێژ بەتاقە شکڵێك دادەنرا بۆ فێربوونی هونەری کلاسیکی لەڕەسمو پێکهێنان: ئەو لێکۆڵەرەوەیەی کە دادەنرا بۆ فێربوونی هونەری کلاسیکی لەڕەسمو پێکهێنان: ئەو لێکۆڵەرەوەیەی کە دابەشکردنی پارچەکان لەسەر پانتاییەکە جێ بەجێ دەکات، دەتوانێت بەهۆی فۆتۆکۆپی ڕەش و سپییەوە دەقەکە ڕاڤە بکات و لەتەك خودی تابلۆکەدا جووتی بکات). لەوێنە دێرینەکانی سەر دیوارەکاندا، ڕوشاندنەکان یان پەڵەکان لەخودی وێنەکە دیارترن، بەڵام لەکاتی دەرك کردن بەوێنەکە وەلایان دەنێین (یان هەوڵ دەدەین وەلایان بنێین، چێژێکی ئیستاتیکیشیان دەبێت. جارێکی تریش، ئاشکرایە کە چێژ وەرگرتن شیاوە، تەنیا وەك پەردەیەکی لێڵ ئەو ئیدراکە ناوپۆشدەکات کە دەقەکە لەو ڕازانە قوتار دەکات کە تووشی بوو). بەمجۆرە هەرچییەك سیلەیەکی بەمادەی دەقەوە هەبێت، مەرج نیە بچێتە ناو بوونی ڕاستەقینەی دەقەوە، ئەمە ئەگەر ناواخنێکی ئەزمونی ساویلکە یاخود پۆزەتیڤ (مەبەست لەپێزەتیفیزمە) بخەینە سەر چەمکی ماددییەت، بەهۆی سیستمێك لەهێماوە (علامة)، بەهۆی هەموو ئەو دژانەی کە بایەخێکیان هەیە، واتە بەهۆی هەموو ئەوەی کە دەچێتە ناو بونیادی کاری ئەدەبیەوە، بوونی ڕاستەقینەی دەق بەدیی دێت.

بەپلەی یەکەم، چەمکی بونیادنان بوونی یەکەیەکی ڕێکخراو. کلۆد لیفی شتراوس جەخت لەم خاسیەتە دەکاتو دەڵێت: (بونیاد سروشتێکی ڕێکخراوی هەیە. پێکەوە بەستراني ئەو ڕەگەزانەی کە بونیاد پێکدەهێنن بەڕادەیەکە کە گۆڕانی هەرێەکێکیان دەبێتە هۆی گۆڕینی هەموو ڕەگەزەکانی تر..[٣]

بەڵام ئەنجامی جەوهەریی و دووهەم کە لەچاو دێریکردنەکانی تۆزێك لەمەوپێشمانەوە کەوتەوە، بریتییە لەوەی لەناو دیاردەی لێکۆڵراوەدا ڕەگەزە بونیادییەکان (ڕێکخراوەکان)و نابونیادییەکان لەیەکتر جوێ بکرێنەوە. هەمیشە بونیاد نوێنەری نمونەیەکە لەچەشنی خۆی. بۆیە بەسروشتە تەنسیقیە گەورەکەی "بەدروستیەکەی" لەدەقەکە جیا دەبێتەوەو، تاڕادەیەکی زۆریش ئەبستراکتە (بەوتەیەکی وردتر، بەربەرەکانێی دەق بەبونیادی نموونەی یەکخراوی پەتی ناکرێت، بەڵکو بەپەیژەی ئەو بونیادانەی کە بەپێی پلەی گەشەکردنی ئەبستراکتێکی ڕێك دەخرێن). دەق خۆی بریتییە لەبەدیهێنانی بونیاد یان ڕاڤەکردنی لەئاستێکی دیاریکراودا (بەمجۆرە، لەگۆشە نیگایەکی دیاریکراوەوە "هاملێت"ی شکسپیر لەناو کتێبو لەسەر شانۆدا یەك شتن، پێچەوانەی هەریەکە لەهاملێتی سۆمارکۆفو ماکبێسی شکسپیرە، لەلایەکی تریشەوە هەردووکیان واتە هاملێتی ناو کتێبو هاملێتی سەرتەختەی شانۆ دوو ئاستی جیاوازن بۆ ڕاڤەکردنی بونیادێکی تاك لەشانۆییەکەدا). بەمەش دەق خۆیشی سروشتێکی پلە پلەی هەیە. ئەم سروشتە پلە پلەییەی ڕێکخستن نادەخۆیی دیسان خەسڵەتێکی جەوهەرییە لەخەسڵەتەکانی سروشتی بونیادیی.

جیاکردنەوەی سیستم Sestemو دەق، بەنیسبەتی زمانەوە، قسە لەسەر بەرامبەرکردنی "زمان"و "ئاخاوتن" بایەخێکی بنەڕەتی هەیە لەلێکۆڵینەوەی هەموو سستمەکانی زنجیرەی بونیادییدا. بەشێوەیەکی بەرایی لەسەر چەند دانەیەك لەو ئەنجامانە ڕادەوستین کە لەهەڵگرتنەوەیەکی لەم بابەتەوە دەکەونەوە، بەبێ ئەوەی لەئێستادا هەموویان باس بکەین. پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە بەڕەو ڕوونکردنەوەی دەقو سیستم بەشێوەیەکی ناڕەها دەبێت، بگرە ڕێژەیی دەبێتو لەهەندێ حاڵەتیشدا سروشتێکی ئیستاتیکتامییانەی پەتیی دەبێت heuristic. یەکەم- بەحوکمی ئەو سروشتە پلە

پلەییەی کە پێشتر سەرنجمان دا، کە تایبەتە بەو چەمکانە، ئەوا دیاردەیەك دەتوانێت لەبەر رۆشنایی چەند سیلەیەکی دیاریکراودا وادیار بێت کە دەقە، لەبەر رۆشنایی هەندێ سیلەی دیکەدا ببێتە سیستمێك کە رەمزەکانی دەقەکانی خوار خۆی شیتەڵ دەکات. بۆیە مەسەلە parabieی ئینجیلی یان خورافە لەسەر زمانی مەل یان ئاژەڵ دوو دەقن کە ژمارەیەك هەڵوێستی ئایینی گشتیی یان ئاکاریی راڤە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا لەچاوی ئەو کەسانەدا کە دەبێت سود لەو ئامۆژگارییانە وەربگرین دوو مۆدێلن کە بەئاستی گوزەرانی رۆژانەو رەفتاری خوێنەران راڤە دەکرێن.

پێکەوە بەسترانی هەردوو چەمکی "دەق"و "سیستم" لەئاستێکی دیکەشدا دەردەکەوێت کە لەوێ بەرەو رووکردنەوەیان دروست نیە، دەق دەدەینە پاڵ هەموو ئەوانەی کە حەقیقەتێکی واقیعی بەرهەستن، بەڵام وەکو گریمانەیەك سەیری بونیاد دەکەین، شتێکە کە بوونی زۆرتر ئیشکالییە. بونیاد لەتوێی دراوە ئەزموونیەکانی دەقەوە بوونی دەبێتو بەدیی دێت، بەڵام پێویستە وانەزانین کەسێڵەکە لێرەدا ئاڕاستەیەکی تاکڕەهەندی هەیەو حەقیقەتی بوونی ئەزموونی بەبڵندترین کێشانەدا دەنرێت لەکاتی دیاریکردنی بوونی راستەقینەی بەرهەستی شتدا. لەجیهانی ئەزموونیدا، بەدرێژیی کات خەریکی وەلانانو دوورخستنەوەی چەند حەقیقەتێکی دیاریکراو دەبین لەئەزموونە بەرهەستەکەمان. شۆفێری ئوتومبیل کە لە توێی جامی پێشەوەی ئوتومبیلەکەیەوە سەرنجی پیادەڕەوەکان دەدات کە لەبەرێکی شەقامەکەوە دەپەڕنەوە بۆ ئەوبەری تر. یەکسەر خێرایی‌و ئاڕاستەی خێراییەکەیان دیاریی دەکاتو، سەرنجی ئەو هێمایانە دەدات کە بەهۆیانەوە دەتوانیت بزانێت پیادەکان چۆن لەشەقامەکەدا ڕەفتار دەکەن (منداڵان، بەدمەست، کوێر، لادێی) سەرنج ناداتە (پێویستە سەرنج نەدات) ئەوهێماو شتانەی کە رایدەکێشنو کار دەکەنە سەر سەلامەتیی هەڵبژاردنو ستراتیژی ڕەفتاری خۆی. بۆ نموونە پێویستە خۆی لەسەر ئەوە رابهێنێت کە گوێ نەداتە ڕەنگی قژو جلو بەرگ، سیمای دەموچاوەکان. لەهەمان کاتیشدا ئەوانەی لەسەر ئەو شەقامەن، بەلێکۆڵەڕەوەی پۆلیسی تاوانو ئەو لاوەی کە حەزی لە ڕەگەزی ناسکە. هەریەکە لەوانە واقیعێکی راستەقینەی دیکە دەبینن. هەریەکە خەریکی کاری خۆیەتی. توانای چاودێریکردن لەیەك کاتداو بەیەك پلە مانای توانای سەرنج دانی شتێك‌و سەرنجنەدانی شتێکی تر‌ە. حەقیقەتی واقیعی بەرهەستو ئەزموونیی لەبەردەمی هەریەکە لەو چاودێرە وریایانەدا بەشێوەیەکی تایبەتی وێنا دەبێت. هەڵەچنی زمانەوانی لەڕۆژنامەکەی بەردەمیدا شتی جیاواز لەشاعیر دەبینێت. هیچ شتێك نابینرێت ئەگەر سیستمی هەڵبژاردنی لەئاڕادا نەبێت، وەك چۆن ڕەمزەکانی دەق بەبێ زانینی جفرەکەی Code شیتەڵ ناکرێت. دەقو بونیادو هەردووکیان مەرجدارن بەبوونی کە ئامادەبوونی سێ دانە دەقە لەچوارچێوەی وەزعێکدا ·شەقامی سیخناخ بەخەڵکو ئوتومبێل لەم حاڵتەدا بەسیفەتی دەقێك دێتە پێشەوە). چەند دەقێك کە ڕەمزەکانیان بەیاریدەی سێ دانە جفرەی جیاواز شیتەڵ دەکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین والێکی بدەینەوە کە یەك دانە دەقەو بواری ئەوەمان دەداتێ کە بەهۆی سێ دانە ئامرازی جیاوازەوە ڕەمزەکانی شیتەڵ بکەین. لەئایندەدا حاڵەتی وەهامان زۆر دێتە ڕێ. بەهەمان ئاستی بایەخ پێدانەوە هەندێ حاڵەتی دیکەمان دێتەڕێ کە تیایاندا یەك تاقە بونیاد بۆی هەیە لەژمارەیەك دەقی جیاوازدا بەرجەستە ببێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، تێگەیشتنی دروستی جەوهەری پێڕەوە بونیادگەرییەکان لەزانستە مرۆییەکاندا پێویستی بەدەرخستنی لایەنێکی تری مەسەلەکە هەیە. هەموو بونیادێك لەبار نیە تابببێتە هۆیەك بۆ پاراستنو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، بەڵکو ئەو هۆیەی کە خزمەتی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەکات پێی دەوترێت بونیاد. بەمجۆرە، تووشی پرسیارێك دەبین دەربارەی لێکۆڵینەوەی بونیادگەرانەی سیستمە دەلالیەکان ئەو سیستمانەی کە ڕەمزە دەلالیەکان بەکار دەهێنن‌و ئەوانەش کە زانیاریەکان دەپارێزن‌و بڵاوی دەکەنەوە. لەکاتی پیادەکردنی ئەم پرنسیپەدا بەسەر زانستە مرۆییەکاندا، ڕاستر وایە کە قسەکردن لەسەر پێڕەوە دەلالیی– بونیادگەرییەکان بێت.

لەهەڵگرتنەوەی دەقی شیعرییدا بەو سیفەتەی بونیادێکی دەلالیی (سیمیائی)یەو بەشێوەیەکی

تایبەت بەدەستکەوتەکانی پێشووتری بیری زانستی رێکخراوە. لەگەڵ هەموو جیاوازیی و فرە چەشنییەکانیشدا لەپرنسیپە زانستییە بنەڕەتیەکاندا کە حوکمی سروشتی پەیوەندی نێوان پێڕەوی لێکۆڵینەوەو تایبێکی دیاریکراو لەئایدیۆلۆژیا دەکەن (لەمەودایەکی فراوانتردا، لەڕۆشنبیریی)، هەروا لەگەڵ یاساکانی پەرەسەندنی بەردەوامی زانینە مرۆییەکان، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لەگۆشەنیگای بەش بەشکردنەوە (التبویب) دوو نزیکبوونەوەی شیاو هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی کاری هونەریی، یەکەمیان لەبۆچوونێکەوە دەستپێدەکات کە دەڵێت جەوهەری هونەر لەقوڵایی دەق خۆیدا پەنهانە، هەموو کارێکی هونەریی، بەهاکەی لەوەدایە کە لەواقیعدا هەیە. لەم حاڵەدا بایەخدان لەسەر یاسا ناوەکیەکانی بونیادی کاری هونەریی چڕ دەکرێتەوە. نزیکبوونەوەکەی تریش بریتیە لەوەی واسەیری دەق بکرێت کە سەیرکردنی بەشێك، گوزارشت کردن لەشتێك کە لەخودی دەقەکە بایەخی زیاترە: گوزارشتکردن لەکەسێتی شاعیرەکە، حاڵەتی دەروونی یان هەڵوێستی کۆمەلایەتی. لەم حاڵەتەدا دەق بایەخدانی لێکۆڵەرەوە بەرەو خۆی ناوروژێنێت، بەڵکو وەك مادەیەك کە بەکاری دامەزراندنی ئەو مۆدێلانە دێت کە پێشتر لەئاستێکی ئەبستراکتی بالاوە ژماردمانن.

لەمێژووی لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکاندا، لەماوەی جیاجیادا یەکێك لەم دوو نزیکبوونەوەیە ناچار بووە کە شیکاری مەسەلە زانستیە زۆر پێویستەکان زامن بکات، وەك چۆن هەریەکێکیان کاتی وەهای تووش هاتووە کە دوای ئەوەی هەموو ئەو توانایانەی سەرفکرد کە ئاستێکی دیاریکراوی پەرەسەندن بۆی دابین کردبوو، ناچار بووە جێگە چۆڵ بکات بۆ ئەوی تر. بەمجۆرە، لەسەدەی هەژدەدا زانستی دەربارەی ئەدەب، بەپلەی یەکەم، زانستێك بوو لەمەڕ پێکهاتەی ناوەوەی دەق، جواننناسەکانی سەدەی نۆزدە هەرچییەکیان لەسەر نامێژوویەتی و، پێوانەیی و میتافیزییەت، کە لەسەدەی هەژدەدا درابووە پاڵ زانستی لەمەڕ ئەدەب، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە لەو سەردەمەدا بوو کە "هونەری شیعر"[٤]ی بوالۆو، "خیتابە"ی لۆمۆنۆسۆف و "هونەری درامی لەهامبۆرگ"ی لیسینگ دانران، بەلای تیۆریستانی سەدەی نۆزدەوە بیرو بۆچوون و بڕیاری پێشینەکانیان لەهونەردا، بریتی بوو لە بایەخدانێکی زۆر بە "وردەکارییە بچوکەکان" و بارکراوە بەو تەکنیکەی کە پێوەستە بەکارامەیی نوسەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەوەمان لەیاد بچێت کە لەسەدەی هەژدەدا میتۆدی ئەدەب بەپێوەستێکی کە دواتر لەوێنەی نەبوو، بەسترایەوە بەڕەخنە گرتن، تەنانەت لەژیانی ئەدەبیی راستەقینەش، تیۆریستانی سەدەی هەژدە، بەبایەخدانێکی زۆر بەوەی کە پێویستە دەق چۆن بینا بکرێت، توانییان سامانێکی مەزن لەڕۆشنبیریی هونەریی بخولقێنن، کە بوو بەو بناغە راستەقینەیەی کە ئەدەبی ئەوروپایی لەسەدەی نۆزدەدا پشتی پێبەست.

لەسەردەمی دواتردا، بیری تیۆریی ئەوەی رەتکردەوە کە کاری ئەدەبی وەك شتێکی خۆبەش (مکتفی بذاتە) ببینێت. لەناو دەقدا بەشوێن گوزارشتی گیانی مێژوودا، گیانی سەردەمدا گەڕان، یاخود بەدوای هەر جەوهەرێکی تردا گەڕان کە لەدەرەوەی کارەکەدا بوونیان هەبێت. لەبەر ئەوەی جەوهەر Sobstanceی هەبوو لەدەرەوەی دەق، وەك جەوهەرێکی راستەقینەی ناکۆتا لێی تێ دەگەیشتن، لەهەمان کاتیشدا وای بۆدەچوون کە خودی کارەکە بریتیە لەبەرگێك بۆ ئەو جەوهەرە، کە پڕاو پڕیش بۆی نەدەگونجا، بریتی بوو لە "بەرجەستەکردنێکی مادییانەی زیندانی رۆح" وێنەیەکی ناتەواوی ئەو شتەی کە تەواوە، ئەرکی خوێنەرو لێکۆڵەرەوە (هەروەك گریمانەکەی پێشووتر، ئەمەش یەکێك لەئەرکەکان دەنوێنێت، لێکۆڵەر بریتیە لەخوێنەرێکی کارامە). ئەوەیە بەناو دەقدا رۆبچن تادەگەنە جەوهەرە خۆ حەشارداوەکەی پشتەوەی. بەپێی ئەم گۆشە نیگایە، بایەخی سەرەکیی درا بەپەیوەندی دەق بەدەقەکانی ترەوە، کۆکردنەوەی ئەو دەقانە لەمەجرایەکی تاقانەو جوڵاودا یاخود پەیوەندی دەق بەو حەقیقەتەی لەدەرەوەی هەیە بەبێ گوێدانە ئەو چۆنیەتیەی کە بەهۆیەوە لەم حەقیقەتە تێگەیشتوون: بەوەی کە پەرەسەندنی گیانی جیهانی یاخود ململانێی نێوان هێزە کۆمەلایەتیەکانە. بەڵام دەق لەخۆیدا لێرەدا شتێکی گرنگ نەبوو، بەڵکو دابەزێنرابوو بۆ ئاستی (ئەسەر – شوێنەوار).

لەتوێی ململانێی تێڕوانینە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەمەوە، ئەو ململانێیەی کە سروشتی سەردەم مۆرێکی دراماتیکیی پێوەنا، چەند جارێك دەنگی وەها بەرز بووەوە کە جارێ ئەم ئاڕاستەیەیان بەگەندەڵیی ئەزەلیی تاوانبار دەکردو جارێکی تریش ئاڕاستەکەی تر. لەم حاڵەتەشدا چاو پۆشرا لەم حەقیقەتەی ئەوەی کە هەریەکە لەو دوو ئاڕاستەیە لایەنێکی دیاریکراو لەحەقیقەت پەرچ دەکاتەوە، یان هەریەکەیان لەقۆناغی دیاریکراوی پەرەسەندی فیکری زانستیدا چەمکی بەهێزو بەرهەمداریان خستۆتە ڕوو، لەچەند قۆناغێکی دیکەشدا بونیادی لاسایی‌و خاوەن مۆرکێکی مەزهەبی دەمارگیریان خستۆتەڕوو.

بەحوکمی زنجیرەیەك هۆی مێژوویی، بەریەککەوتنی ئەم دوو ئاڕاستەیە، لەسەدەی بیستەمدا سروشتێکی توندی گرتە خۆ، قەلاچۆبوونی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی ئەکادیمی، کاردانەوەکەی لەکارەکانی نەوەی هونەری‌دا دەرکەوت، لەناو ئەو تۆژەرە ئەدەبیانەدا کە پێی دەوترێت شکلاڵنییەت "فۆرمالیستەکان" ئەڵقەی زمانەوانیی مۆسکۆیی- لەمۆسکۆ، هەروەها ئۆپۆیاز Opoiz پوترسبورگ، هەروەها ڕەخنەگران‌و تێوریستانی ئایندەیی کە دواتر ناوی "لیف"ی لێنرا. دەسپێك‌و چاکەی ئەم ئاڕاستەیە لەوەدایە جەخت دەکات کە هونەر تەنیا ماوەیەکی سانەویی نیە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی یان مێژوویی، لێکۆڵینەوە هونەرییەکان بابەتی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆیانیان هەیە. قوتابخانەی شکلاڵنییەت کە جارێدا بابەت‌و پێڕەوی لێکۆڵینەوەکە سەربەخۆیە، ئەوا بەپلەی یەکەم مەسەلەی دەقیان هێنایە ئاراوە. لایەنگرانی قوتابخانەی شکلاڵنییەت، لەکاتێکدا وایان دادەنا کە لەسەر زەمینەی ماتریالیزم ڕاوەستاون، جەختیان دەکرد کە هەموو مانایەك بەبێ بناغەیەکی مادیی یاخود ئاماژەیەکی مادیی، پووچەڵە، ڕێکخستنی ئەو بناغەیە یان ئاماژەیەش لەسەر ئەو مانایە ڕاوەستاوە. ژمارەیەکی زۆر زەینکارییان کرد لەبارەی سروشتی نیشانەیی Sign دەقی هونەرییەوە. زنجیرەیەك لەچەمکەکانی قوتابخانەی شکلاڵنیی توانی پێش بیرەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی بونیادگەریی بکەوێت، بیرە تازەکانی زانستی زمانی بونیادگەراش جەختی لەبۆچوونەکانی ئەوان کرد، هەروەها سیمۆلۆژیاو میتۆدی ڕاگەیاندن information یش هەر بۆچوونەکانی ئەوانیان سەلماند. میتۆدی قوتابخانەی شکلاڵنیی ڕوسی توانی لەتوێی ئەڵقەی زمانەوانیی پڕاگەوەو لەتوێی ڕۆمان یاکۆپسنەوە، کاریگەرییەکی زۆر بخاتە سەر جیهانی زانستە ئەدەبییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، قوتابخانەی شکلاڵنیی تووشی ڕەخنەو گازندە بوو، ڕەخنەکان کەوتنە سەرەتای ئەو مشت‌و مڕە تونداندەوە کە لەکاری تۆژەرەوەکاندا بەرپا بوو. لەبیستەکانی ئەم سەدەیەدا لایەنگرانی پێڕەوی ڕەمزییەت (ڤ. یا. بریۆسۆف‌و ئەوانیتر) پایەیەکی بڵندیان هەبوو لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، ڕەخنەی زۆریان لەشکلاڵنییەت دەگرت. ڕەمزییەکان واڕاهاتبوون دەق وەکو هێمایەکی دەرەکی ببینن کە دەلالەت لەمانا شاراوەکانی قوڵایی دەکەن، نەیاندەتوانی ڕازیی ببن لەسەر بیرۆکەی کزر کردنەوەی بیرۆکەکە بۆ دیزاین‌و هەڵبەستنی چەند لایەنێکی دیکەی شکلاڵنییەت کە ناڕەزایی ئەو لێکۆڵەڕەوانەیان ورووژاند کە بەفەلسەفەی ئەڵمانییەوە پەیوەست بوون (گ. شبیت)، ئەوانەی پێیان وابوو ڕۆشنبیری بەرجەستەکردنی ڕۆحە نەك کۆمەڵێك دەق. دواجار ڕەخنەی سۆسیۆلۆژیی لەبیستەکاندا ئاماژەی بۆ سروشتی ناوەوەی ئەو شیکردنەوەیە کرد کە شکلاڵنییەکان لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیاندا پشتی پێ دەبەستن، ڕەمزییەکان (نەزعەی ناوەوەیی)یان بەگەورەترین خەوشی شکلاڵنییەکان دادەنا. ئەگەر ڕاڤەکردنی دەق لای شکلاڵنییەکان کزر بوبێتەوە بۆ وەلامدانەوە پرسیاری ئەوا بەنیسبەتی سۆسیۆلۆژییەکانەوە هەموو شتێك بەوەلامی پرسیارێکی تەواو جیاواز دیاریی کرا: (سروشتی ئەو بارودۆخە چیە کە بووە بەمەرجی دەق؟) دەشێ کورتکردنەوەی مێژووی دراماتیکی قوتابخانەی شکلاڵنیی لەئامانجە ڕاستەوخۆکەمان دوورمان بخاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین کە دیارترین لێکۆڵەڕەوانەکانی سۆڤێت لەریزەکانی قوتابخانەی شکلاڵنییەوە هاتوونەتە دەرەوە: ب. م. ئیخنباوم، ڤ. ب. شکلۆفسکی، یو. ن. تینیانۆف، ب.ڤ. تۆماشیفیسکی، هەروەها کاریگەریی پرنسیپەکانی لەسەر ق.م جیرمۆنسکی‌و، م. م. باختین‌و، ڤ.ڤ. فینۆگرادف‌و، ڤ. یا. پرۆپ‌و گەلێ زانای تریش بەئاشکرا دیارە. پەرەسەندنی

قوتابخانەی شکلانی بەستراوەتەوە بەهەوڵدان بۆ بەزاندنی سروشتی ناوەوەی شیکردنەوەی دەقەوە لەناوەوە، هەروەها جێگرتنەوەی تەسەوری میتافیزییانە بۆ (ئوسلوب) وەك بناغەی هونەر، بەتێگەیشتنێکی دیالەکتیکی بۆ وەزیفەی هونەریی. لێرەدا پێویستە جێگایەکی تایبەتی بۆ کارەکانی تیتیانۆف تەرخان بکەین. وەرچەرخانی شکلانیەت بۆ وەزیفییەت fonctionalism، بەڕاشکاویی لەلێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانی قوتابخانەی دلگیری چیکی سلۆفاکیدا بەدیی دەکرێت لەکارەکانی مۆکار چۆفسکی، وای. گرا باك، و.م. باکۆش‌و هی تردا لە ئەندامانی ئەڵقەی زمانە وانی، هەروەها لەکارەکانی هەریەکە لە ن.س. ترۆبیتسکی‌و ر. یاکۆپسندا دەبینرێت کە پەیوەندییەکی بەتینیان بەو ئەڵقەیەوە هەبوو.

لەگەڵ‌ئەوەشدا، سەرباری نرخاندنی زۆرمان بۆ ئەو بیرانەی کەلایەن تیۆریستەکانی (ئەپۆیاز opoiz)وە خراوەنەتە روو، دەبێ بەتوندیی دژی ئەو بیرۆکەیە ببینەوە کە بەبەردەوامی لەشکلانیەتدا دەبینرێت کە گوایە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بوو بۆ پێڕەوی بونیادگەریی، یاخود تەنانەت بەراوردکردنی ئەم دوو شەپۆلە زانستیە. بیرە بونیادییەکان لەکاری شکلانیەتکان‌و دژەکانیاندا وەکوو یەك رسکاوە. ئەگەر تیمی یەکەم باسی بونیادی دەقیان کردبێت، ئەوا تیمەکەی تر باسی یەکەی فراوانتریان کردووە کە دەکەوێتە دەرەوەی دەقەوە: رۆشنبیریی، سەردەم، مێژووی نیشتمانی. زۆر گرانە کە تۆژەرەوەی وەکو باختین‌و پرۆپ‌و گۆگۆمسکی‌و جیرمۆفسکی‌و لیخاشیف‌و گیبۆس‌و ئابزنشتاین بترنجێنینە ناو چوارچێوەی شکلانیەتەوە، هەمان شتیش دەربارەی ئەندرێ بیلی‌و یارخوو فلورینسکی‌و زۆری تریش راستە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێت نکولی لەبایەخی کارەکانیان بکات لەپەرەسەندنی پێڕەوی بونیادگەرییدا.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەلالی بونیادگەریی هەموو ئەزموونی زانستی لێکۆڵینەوەی ئەدەب لەبەرچاو دەگرێت، بەڵام خاوەنی خەسڵەتی تایبەتی خۆشیەتی. دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی سیمایی – بونیادگەریی بەستراوەتەوە بەو شۆڕشە زانستیەوە کە لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە رویداو پەیوەستێکی ئۆرگانیشی بەزانستی زمانی بونیادگەری‌و زانستی نیشانەو میتۆدی زانیاری‌و سیبرناتیکەوە هەیە.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی بونیادگەری شەپۆلێکی زانستیی سەقامگیر نانوێنێ کە سیمای کۆتایی خۆی وەرگرتبێت. ئەو یەکیەتەکی پێویست‌و تەنانەت ئاشکراییەکی زانستیش شك نابات لەمەڕ ژمارەیەکی زۆرو گرنگ لەمەسەلەکان. نوسەری ئەم بابەتە باش تێدەگات کە زانستێکی ئاوا کۆمەڵێك خەوشی نوێ دەخاتە پاڵ خەوشەکانی دیکەی وەکو لیکۆڵەرەوەیەك. لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی ئەو بریتی نیە لەپێشکەشکردنی کورتەیەکی رێك‌و پێکی هەموو مەسەلەکانی شیکردنەوەی سیمیایی‌و بونیادگەرانەی دەق. ئومێد دەکات بیتوانیایە بەزنجیرەیەك مەسەلەو پێڕەوی شیکارەکانیانەوە بەرەو رووی خوێنەر ببێتەوە، تەماعی بەوەش نیە کە چارەسەری کۆتایی کەشف بکات بەقەدەر ئەوەی دەیەوێت ئەو رێگایانە دیاریی بکات کە دەشێت لێیانەوە ئەوە بەدیی بێت.

پەراوێزەکان:

١. هەروەها بڕوانە: یوری لۆتمان "شیکردنەوەی دەقی هونەری" مۆسکۆ دەزگای بڵاوکردنەوەی هونەر، ١٩٧٠، ل٣٨٤ بەزمانی رووسی.

٢. ئەم چەشنە بەراوردکردنە تایبەتە بەتێگەیشتنمان لەدەق، بەڵام بەیاسایەکی گشتی دانانرێت. بەمجۆرە لە "وێنەی دوریان گرای" ئۆسکار وایلددا، ئەو کتێبانەی کە لەکتێبخانەکەی پاڵەوانەکەدا هەن. کتێبی وان کە دەقەکانیان بەیەك شێوەو بەپەرەی رەنگاو رەنگ نوسراونەتەوە. لەژمارەیەکی زۆر لەکۆمەڵگا دێرینەکاندا، پەیوەندیی دەقێکی هەڵگۆڵراو لەسەر بەرد یان مس بەدەقێکی ترەوە کە بەو شێوەیە تۆمار نەکرابێت وەك پەیوەندیی پیرۆز بەپۆخڵ‌و راستەقینە بەساختەوە وایە.

٣. Clavde revi – Strauss, Anthropologie stroctorale – plone, 1458, p360.


٤. کتێبەکە لەنیوەی دووەمی سەدەی حەفدەدا نوسراوە، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکەی نوسەر بەگشتی دروستە، ئەگەر ئەو ئیزدیواجیەتە لەبەرچاو بگرین کە لەسەدەی هەژدەدا باو بووە لەگەڵ رۆڵی بوالۆتێیدا.

سەرچاوە:

گۆڤاری الثقافة اجنبیة – العدد الاول ١٩٩٢– (د. جمیل نصیف التکریتي) کردوویەتی بە عەرەبی.

میژگردێك بۆ چیرۆك نووسانی کوردستانی ئێران

ئا: گۆران



بۆ وتوێژکردن‌و دیالۆگ دروست کردن لەسەر رەوتی چیرۆکی کوردی لەکوردستانی رۆژهەلاتدا بەپێویستمان زانی میژگردێك سازبکەین لەم بارەیەوە بۆ چیرۆك نوسان (کاك ناسر وەحیدی‌و کاك محمد رەمەزانی‌و کاك حوسێن شێربەگی‌و کاك رەحیم عبدالرحیم زادە) کە ئەدەبیانی کوردستانی رۆژهەلاتن.

گۆران: وەك دەزانین لەگوردستانی رۆژهەڵاتدا چیرۆك نووسانی وەك (حەسەنی قزڵجی و رەحیمی قازی و ئەحمەدی قازی) لەبواری چیرۆك نووسیندا دەبنە قۆناغی یەكەم. ئایا لەئێستادا هەستتان كردووە كە قۆناغی یەكەمتان تێ پەڕاندووەو هەنگاوتان بۆ ناو قۆناغێكی نوێ تر دەوە ناوە؟

محمد رەمەزانی: بەبڕوای من ئەگەر بتوانین ئەو قۆناغە ناو بنێین قۆناغی یەكەم، بێگومان تێ پەڕیوەو ئێستا قۆناغێكی تر دەستی پێ كردووەو وەچەی ئەو كارەش (فەتاح خانی ئەمیری) بەنوسینی (ئاوەرە بەرەو میرزا) شكاندوویەتی.

گۆران: مەبەست لە پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا دەتوانرێت ئەو ناوانەی باسم كردن بكرێن بەقۆناغی یەكەمو ئایا ئێستا هەنگاو بەرەو قۆناغێكی نوێتر نراوە؟

رەمەزانی: من لەگەڵ ئەو شێوازە پۆلێن كردنەی قۆناغی یەكەمو دووەمی تۆدانیم، چونكە وای لێ دێ كە ئێمە هونەرو ئەدەب وەك زانست سەیر بكەین، رەنگە ئەم حاڵەتە لەزانستدا هەبێت بەڵام لەهونەردا نا، دەتوانین بڵێین ئەو ناوانەی تۆ باست كردن (حەسەنی قزڵجی و رەحیمی قازی) بەر لەشۆڕشی ئیسلامی ئێران شتیان نووسیوەو كاریگەری فەزایی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەیان بەسەرەوە بووە، بەڵام ئێستا لەباری رامیاری و كۆمەڵایەتییەوە بارودۆخ گۆڕاوە بەڵام شوێن پەنجەی ئەو قۆناغە مێژوویە بەبەرهەمی نووسەرانی ئێستاوە تاڕادەیەك دیارە.

ناسری وەحیدی: ئەگەر ئەدەبیش وەك بەشێكی زیندووی كۆمەڵ بخەینە بەرچاو، بەپێی ئاڵوگۆڕی هەموو ئەو شتانەی وا لە كۆمەڵدا بەدی دەكرێ دەبێ ئەدەبیش ئەو ئاڵوگۆڕە لەخۆیدا بەدیبهێنێ، دیارە سەردەمی ئێستا لەگەڵ ئەو سەردەمەی مامۆستا (حەسەنی قزڵجی و دكتۆر رەحیمی قازی)دا جیاوازە لەو قۆناغەدا مرۆڤی كورد دەژیاو بیری دەكردەوە جیاواز لەو ئاڵوگۆڕییەی كە لەمڕۆدا بەسەر ژیانی مرۆڤی كوردا هاتووە، ئەگەر ئەو جۆرە ژیان و بیركردنەوانە لەبەرهەمی نووسەرێكدا بەدی بكرێت ئەوا ئەو نوسەرە لەباری فكرییەوە سەر بەو قۆناغەی پێشووەو دەبێ ئەوەش بڵێم، قۆناغەكان بەیەكجاری لێك دانابڕێن رەنگە زۆر شتی قۆناغێك بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغێكی تر، بەڵام دەتوانین بڵێین ئاڵوگۆڕ لەچیرۆكدا بەدی هاتووەو چیرۆكیش وەك بەشێكی زیندوی فەرهەنگ خۆیی لەگەڵ تەواوی پێداویستییەكانی ژیان بەرەو ژوور هەڵكشاوە. هەر بۆیە نووسەرانی ئەمڕۆ وەك دوێنێ نانوسین.

حسێن شێربەگی: بەبڕوای من ئەگەر مێژوو وێنەی چیرۆكی كوردی باس بكەین من دابەشی دەكەم بەسەر سێ قۆناغدا.. قۆناغی یەكەم: مامۆستایان (قزڵجی و قازی) بوون كە هەریەكەیان دەقیقەن تێكەڵ بەو سەدەمەی خۆیان بوون و كێشە گشتییەكانی ئەو سەردەمەیان نووسیوە. قۆناغی دووەم: لەدەوروبەری سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا دەست پێ دەكات بەكتێبەكەی (ئەحمەدی قازی) و رۆمانەكەی (فەتاحی ئەمیری) كە ئەوانیش دیسان لەكارەكانیاندا تەماشای سەردەمی خۆیان دەكەن بەتایبەتی (ئەحمەدی قازی) لەكتێبەكەیدا سەردەمانی شۆڕشی ئیسلامی باس دەكات، كاك فەتاحیش چاوی لەئەدەبیاتی ئەو سەردەمەیە لەبواره سیاسی و كۆمەڵایەتیەكەیەوە. قۆناغی سێیەم: قۆناغی لاوەكانمانن لەم سەردەمەدا كە دوای پێكهاتنی گۆڤاری (سروە) دەست پێ دەكات، دەستەیەكی تازە، ئاڵوگۆڕێكی تازە.. ئارەزوومەندێكی تازە دێتە گۆڕێ كە لاوەكانن.

بەشێوازێكی بەرز دەنوسن، بۆ نمونە چیرۆك نوسان (عەتای نەهایی، بریای كاكە سووری، محمدی رەمەزانی، ناسری وەحیدی) و كەسانێكی تریش كە رەنگە لە ئێستادا لەیادم نەبن، وەدۆستانێكیش كتێبیان لەژێر چاپدایە وەك (عمری مەولودی) كە رۆمانی هەزار ئەشكەوتی هەیەو دۆستانێكی تر، بەشێوازی (سوریالیستو جادویی و سەمبولیسمو ریالیزمو مۆدێرن)یان هەیە.

رەحیم عبدالرحیم زادە: بەبڕوای من كاتێك قۆناغێك لەئەدەبیات تێ دەپەڕێ كە هەموو شتێكی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەمان بەجێ هێشتبێ پاش ئەمە شتێكی تازەتر چ لەپەیامدا چ لەتەكنیكدا یا لەفۆرمو ساختاردا یا لەشێوازی وتندا دێتە ناو كایەیەكی تازەگەریەوە، بۆیە ئەوەی ئێمە

کردوومانه قۆناغ تێ پەڕاندن نەبووە بەڵکو ئاڵۆگۆڕ بووە.. گۆڕانکاری بووە، بۆیە دەبینم ئەو نووسەرانەی دوای (قازی‌و قزڵجی) جیاوازی‌یەکی ئەوتۆیان تێدانیە چ لەبارەی شێوازو ساختارەوە چ لەبارەی گوتارەوە، دیارە خۆم هیوام پێی هەیە بەڵام ئەو جۆڵە ئەدەبی‌یەی کە هەیە تەنها لەشکڵ وەرگرتندایە، بەڵام وەك قۆناغ تێپەڕاندن ئەوە نابینم.

بەهەرحاڵ ئەم باسە زۆری دەوێت، ئەوەی قۆناغ تێپەڕاندن بێت من بڕوام پێی نی‌یە.

گۆران: ئەدەبیاتی کوردی تاچەند خاوەنی پەیامێکی تایبەت بەخۆیەتی لەجیهاندا؟ وەك نوسەرانی ئەمریکای لاتینی‌و ژا پۆڵ و فەرەنسا؟ یان بەواتایەکی دی ئەدەبیاتی کوردی تاچەند خاوەنی شوناسنامەی خۆیەتی؟

وەحیدی: ئەگەربڵێین میللەتی کورد شتێکی تازەی پێ بێ بۆ جیهان، دەبێ ئەو شتە لەتەواوی بواڕەکانی هونەردابێ، دیارە ئەو شتانەی کە لە ئەوروپاوە بۆ ئێمە هاتوون وەك ئامازەتان پێ کرد ئەدەبیاتی ئەمریکایی لاتین بنەمایەکی زۆر قوڵو مێژینەیەکی یەجگار زۆری هەیە. بۆ نموونە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین لەخۆیەوە بەو وجودە نەهاتووە، لەسەر بنەمای ئەدەبی وەك (دۆن کێشوت) بە وجود هاتووە، بەڵام ئێمە بەرهەمێکی وامان نیە کە رابردوویەکی زۆری هەبێت بۆ هەموو دونیا، دەبێ لەپێشدا ئێمە وەك نەتەوەیەك خۆمان بسەپێنین بەسەر دونیادا. ئێمە دەبێت تەنها خۆمان بناسێنین کێشەو دەردەسەری خۆمان بناسێنین خۆمان وەك کوردێك لەبواری فەرهەنگی‌و لەبواری فۆلکلۆردا بخەینە ڕوو. ئەگەر هاتوو بەزۆر خۆمان بناسێنن ئەوا کارەکانمان دەقیقەن دەبنە لاسایی کردنەوە. ئەوکاتە بیر لەتەکنیك‌و فکری ئەوروپی دەکەینەوە وەك کالایەك شتەکانی خۆیان پێی دەفرۆشینەوە کە ئەمەش هیچ تام‌و ڕەنگێکی نیە بۆ ئەوان، کارێکی خراپە تۆشتی ئەوان بەخۆیان بفرۆشیتەوە.

شێربەگی: پێم وایە بەر لەوەی بڵێم ئەدەبیاتەکەمان پەیامێکی بۆ جیهان هەیە، دەبێ بیر لەوە بکەمەوە کە میللەتەکەمان چ پەیامێکی بۆ جیهان پێ‌پە؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ (٢٠٠) ساڵ لەمەوپێش وەکو ئەوەی شیعری کوردی نووسراوەو هەڵی سەنگێنین یان لە (١٠٠) ساڵ لەمەوبەر کە (مدحت بەدرخان) ڕۆژنامەی کوردی داناوە تاوەکو ئەمڕۆ نەك بەتەنها لەبواری چیرۆکدا بەڵکو لەبواری (شیعرو فەرهەنگو کۆمەڵایەتیشدا) ئێمە خەریکین مێژووی خۆمان بەسەنەدوو مەدرەك زیندوو زیندوو دەکەینەوە. ئەوەتا بەدوایی ئەوەدا دەگەڕێین کە ئەو شناس نامەو مێژووەی لێیان دزیوین لەهەموو قۆناغەکاندا زیندووی بکەینەوەو لەهەموو بوارە جیاجیاکانیشدا کاردەکرێت، بەڵام بەچەند بەڵگەیەك ئێمە نەمانتوانیوە پەیامێك ئاڕاستەی جیهان بکەین. شایەد خوێنەواری خۆمان لە کتێبەکاندا شتێك ببینێ‌و بەڵام بۆ جیهان نەمان توانیوە ئەویش بەچەند بەڵگەیەك، یەکەمیان ساوابوونی ئەدەبی ئێمەیە. دووەم ژێردەستی میللەتی ئێمە بووە، سێیەم زمانەکەمانە کە زمانی زیندووی جیهان نییە تابتوانین پەیامێك بەکتێب‌و شیعرو چیرۆك بڵاوبکەینەوە تاسبەینێ لەجیهاندا بۆ تورکی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و ئیسپانی‌و عەرەبی وەربگێڕدرێت. وەلەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە لەهەوڵداین‌و ئەگەر وابڕوات لەئایندەدا ئێمەش خاوەنی پەیامێکی زیندووی خۆمان دەبین. عبدالرحیم زادە: لەواقعدا ئێمە میللەتێکی تایبەتمەندین لەجیهاندا. ئەو جۆرە ڕەوتانەی لەجیهاندا هەیە ئەتوانین بیسەپێنین بەمەسەلەی کوردەوە هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەوتی ئەدەبیاتی ئێمە.. ڕەوتێکی تایبەتمەندی هەبێ لەجیهاندا. بڕوایەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە دەتوانین سود وەربگرین لەسەر ئەو پایەیەی کە چیرۆکی جیهانی دایڕشتۆتەوە، بەڵام نەك لە ١٠٠٪ خانووەکەی خۆمانی لی سازبکەین بەڵکو کەڵك وەربگرین بۆ سازکردنی پایەی خۆمان نەوەك لاسایی کردنەوە بەڵکو کاریگەر وەرگرتن. نموونەیەك لەئەدەبیاتی ڕووسی دێنمەوە، دەبینین پێش پوشکین شایەت ئێمە کاری چیرۆك یان ڕۆمان نوسینمان نەبینیوە، بەڵام هەر لەماوەی (٥٠–٦٠) ساڵدا کە ڕوسیا چیرۆك بەخۆیەوە دەبینێ گۆڕانکاریەکی گەورە ڕوودەدات، دەیان نوسەری گەورە بەخۆیەوە دەبینێ ڕوسیە نایەت لەسەرەتاوە دەست پێ بکات‌و بێ لەسەر (فانست‌و دۆن کیشۆت‌و

رۆمانسیسی ڤیکتۆر هۆگۆ دووبارە بکاتەوە) ئەو دێت هەریەکێك لەمانە دەکاتە پایەیەك بۆ داڕشتنی ئەدەبەکەی خۆی، دەتوانین بڵێین لەکارەکەی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام رەنگ بێ دۆخی میللەتی ئێمە جیاواز بێت لەوان بەڵام دەتوانین بڵێین ئەوانە دەبنە بنەمایەکیش بۆ ئێمە، ئەوە وەڵامی بەشێکی پرسیارەکەت، بەشەکەی تری ئایا ئێمە پەیاممان هەیە یان نا؟ دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە پێم وایە زیاتر خەتای نووسەران و رووناکبیرانی ئێمەیە ئەویش ئایا نووسەران و رووناکبیرانی ئێمە پەیامێکی بۆ خۆی و خەڵکی خۆی هەیە. تاوەکو بتوانێ پەیامێکی بۆ جیهان هەبێ؟ زۆر لەمێژەوە ئەم پرسیارە بۆ من سازبووە لەبیری منداییە.. یامن پێم وایە کە ئێمە هەمیشە ویستومانە لەتراژیدیاوە بناسرێین، وەك میللەتێك کە هەمیشە زوڵم لێکراوە. من لەگەڵ هیچ میللەتێکدا نیم کە دەیەوێت خۆی بەشێوەی مەزڵومیەت بناسێنێ بەڵکو دەبێ بەشێوەی گفتوگۆکردن و دیالۆگ دروست کردنێکی رۆشنبیری و عەقڵکاری خۆی بناسێنێت.

وەحیدی: من لەگەڵ تۆدانیم، لەدنیادا تاوەکو ئێستا ئەو هەلە بۆ ئێمە نەڕەخساوە. کە لەگەڵ بەرامبەرەکەماندا وەك مرۆڤێکی بەرامبەر قسە بکەین. هەمیشە بەچاوی سوکایەتی یەوە تەماشامان دەکەن، هەر کوردێك لەو بەشەی کوردستاندا کە تێیدا نیشتەجێیە لەژێر دەسەڵاتی غەیرە کوردێکدایە. هیچ کاتێك مۆڵەتی نەدراوەتێ و هیچ کاتێك بایەخیان پێ نەداوین و وەك مرۆڤ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکردووین و بەشی ئێمە هەر کوژران و سوتان و تاڵان و برین بووە بەشی ئێمە هەر نۆکەری و دارەدەستی بووە قەت نەمان توانیوە قسەی دڵێ خۆمان بکەین قەت نەمان توانیوە خەونەکان بەڕاشکاوی بگێڕینەوە.. ئەو هەلو مەرجە بۆ کەسێکە وەك مرۆڤ چاوی لێ بکرێ و وەك مرۆی هەموو دنیاش ژیان بکات. بەڵام ئێمە ئەم دەرفەتەمان زەوت کراوە و ناتوانین وەك مرۆیەکی ئاسایی قسە بکەین و تەنیا رێگا رێگای مەزڵومیەتە، تراژیدیاو حەماسەشمان لەژیانی گەلەکەماندا زۆرە بەڵام کاتێك لەزەینی نوسەردا دەخولقێ کە فکری ئازادبێ ئێمە هەمیشە خەریکی گیروگرفتی لاوەکین کە ناهێڵێ بیر لەکێشەو گیروگرفتی سەرەکی بکەینەوە، ئەو ئازارانەی کە فارس و عەرەب و تورك هەیەتی منی کوردیش هەمە. بەڵام کورد بوونی مەسەلەیەکە (فارس و تورك و عەرەب)یش هەیەتی، من تاوەکو هەڵو مەرج و کەش و هەوا وابێ ناتوانم وەك فارسێك لەگەڵ فارسێك و عەرەبێك لەگەڵ عەرەب و.. هتد. قسە بکەم وەئەمەش بەدەست کەس نییە و دەسەڵات ئەمە دەسەپێنێ.

رەمەزانی: لەو پرسیارەی تۆدا دەتوانین دوو بەرداشی لێ بکەین، یەکەم ئەوەیە کە تۆ بتوانی قسەیەکی تازەت هەبێ لەهونەردا بە تایبەت لەچیرۆك نوسیندا بەواتایەکی تر قسە بکەم، ئەو وتەیە وەك کالایەك بدەین بەئەوروپاو ئەمریکا ئەگەر ئەوەبێ ئەوا ئەو قسەیە لەزاری خۆمان گەورەترە. بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەبێت بەرهەمی هونەری چیرۆك نوسینی کورد رەنگ دانەوەی بارودۆخی فەرهەنگو بیرکردنەوەی فەلسەفی رۆژهەڵات و ئیسلامی هەبێ راستەقینە ئەوەیە کە بەشی زۆری کورد وەکو دەبینین لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی ئیسلامدایەو ئەگەر بتوانین چیرۆك نوسینمان رەنگ دانەوەو بیرکردنەوەی رۆژهەڵاتی کوردبێ یان هی وڵاتەکەی خۆی رەنگە بۆ رۆژئاوا جازبەی هەبێ وەك شتی تازە سەیری بکرێت من باسی بەشەکانی تری کوردستان ناکەم جگە لە ئێرە کەهێشتاکە چیرۆك نوسی کورد لەسەرەتایی رێگەدایەو چەند ساڵێکی کەمە دەست پێ کراوەو هۆیەکەشی ئەوەیە لەزەمانی رژێمی پاشایی پەهلەوی‌دا نوسین و خوێندنەوە بەکوردی قەدەغە بووە.. دوای شۆڕشی ئیسلامی ئەو هەلە رەخسی هەرچەندە زۆر زۆریش فەزا ئاوااڵە نەبووە بەڵام لەچاو پێشووترمان باشتر بووە. من خۆشبەختم بەداهاتوو لام وایە ئامادەگی و لێهاتوویی لەکوردستانی ئێرە زۆرە بۆ ئەوەی کە لەچەند ساڵێکی کەمدا نوسەری وابێتە گۆڕێ کە کارەکانیان هیچ کەم نەبێ لەنوسەرانی دنیا. بەبڕوای من دەبێ ئەدەب لەسەر بناغەیەکی فەلسەفی دابنرێ، ئەوەش بەشێوەی فەلسەفی بیرکردنەوە توانایەکی زگماکی دەوێ) کە بەلای منەوە دەبێ سروشت ئەو توانایەی لەتۆدا دانابێت وەك توانای داهێنانی هونەری، چونکە بەزۆر نییە. هێزی بیرکردنەوەی فەلسەفیش هێزێکی خودادایە، ئەگەر چیرۆك نوس بتوانێ شێوەی بیرکردنەوەی فەلسەفی خۆی لەگەڵ شێوازی جیاو

تازەو تایبەت بەخۆی هەڵگێشێت‌و بتوانێ شتێکی تازەی لێ دەربێنێ دەتوانێ سەرکەوتوو بێ.

گۆران: بۆ نزیك خستنەوەتان لەیەکتری پرسیارێك دەکەم لەسەر چۆنێتی زانستی زمانەوانی کە ئەویش ئایا زمانی کوردی تا چەند بونیادێکی خۆی هەیەو تاچەندە وەك زمانانی تر زیندووە؟

شێربەگی: ئەبێ ئەوە بڵێم کەزمانی کوردی زیندو نیە چیە؟ ئەمڕۆ ئەگەر لەجیهاندا دانیشجووەکان (خوێندکاران) ببینین کە دوای فێربوونی زمان بکەون سەدی نەوەدیان دەچن زمانی فەرەنسی‌و ئینگلیزی‌و ئیسپانی فێردەبن، چونکە فەلسەفە بەو زمانانە نوسراوەو فەیلەسووفە گەورەکان‌و زاناکان بەو زمانانەوە دەنووسن، لەدیدی ئاماریشەوە حسابی بکەین نزیکەی (٧٠٠–٨٠٠) ملیۆن کەس بەو زمانانە قسە دەکەن بەڵام بالاترین قسە زمانی کوردی (٣٠) ملیۆن کەسی دەبێ وەزانای گەورەو فەیلەسوفی گەورەی تێدا هەڵنەکەوتووە. ئابەو دەلیلە زمانی ئێمە زمانێك نیە کە کتێبێکی پێ نوسرا یان رۆمان‌و شیعرێك نوسرا دنیا چاوەڕوانی بێت‌و بیخوێنێتەوەو وەری گێڕێتە سەر زمانی تر، مەبەستی من ئەمە بووە کە زمانێکی زیندووی زانستی‌و فەرهەنگی‌و ئاماری نیە.

گۆران: کاك محمد رەمەزانی وەك ئاشکرایە بەڕێزت دەستت هەیە لەبواری وەرگێڕاندا بەتایبەت کارەکان زیاتر لەزمانی ئینگلیزیەوە وەردەگێڕیتە سەرکوردی، ئایا هەست بەوەناکەیت کە کتێبخانەی ئەدەبیات کەمو کوڕیەکی زۆری هەیە لەبواری وەرگێڕاندا؟ و هەر پێت وانیە کە بەهۆی نەبوونی وەرگێڕانەوەیە کە زمانانی دراوسێ کاریگەری بەسەر زمانی کوردیەوە هەبێ؟

رەمەزانی: کەلێنی وەرگێڕان نەك لەبواری ئەدەب‌و هونەردا بەڵکو لەبواری زانست‌و فەلسەفەشدا بەتاڵە. ئێمە کاری زۆرمان لەپێشە هەروەکو لەنێو فارسەکانیشدا دیمان کە لەدوای بزوتنەوەی مەشدیەتەوە کاری وەرگێڕان لەزمانە ئەوروپیەکانەوە دەستی پێکردو بووە هۆی ئەوەی کە شوێنی باشتر دابنێ لەسەر ئەدەبی فارس‌و قۆناغێکی تر بێتەدی. بێگومان ئێمە ئەگەر وەرگێڕانمان هەبوایە و کاری وەرگێڕان بکرایە، سەد لەسەد ئەو گۆڕانکاریەیە دروست دەبوو کە بەسەر ئەدەبیاتی فارسیدا رووێدا، من نیگەرانی یەکەم بەتایبەت لەبواری زانست‌و فەلسەفەدایە. چونکە هەر چۆنێ بێ لەبواری شعرو چیرۆکدا ئەو کارەمان کردووەو دەتوانین چیرۆکی ئەورووپی‌و ئەمەریکی وەربگێڕین‌و کێشەیەکی زۆرمان نەبێ، بەڵام کاتێك بەرهەمێکی زانستی وەك (پزیشکی‌و فیزیایی‌و کیمیایی)یان بەرهەمێکی فەلسەفی وەربگێڕین ئەوا بۆ زاراوەکانی پەکمان دەکەوێ‌و حەتمەن جاری واهەیە قەپۆزی زاراوەکان دەشکێنین بۆیە لەم بوارەدا خۆماندووکردنێکی زۆری دەوێ.

گۆران: من هێندەی ئاگاداری ئەو گۆڕانە بم کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا سازگراوە کێشەیەکی گەورە دەبینم ئەویش کاریگەربوونی زمانانی بیگانەیە لەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکان.

وەحیدی: ئەڵبەتە لەم بەشەی کوردستاندا ئەم مەترسیە یەجگار زۆرە چونکە ئەو هەڵو مەرجەی لەکوردستانی ئەودیودا هەیە لەم دیودا نیە، خوێندن هەر لەسەرەتایەوە تاکو خوێندنی زانکۆ بەزمانی کوردییە، بۆیە دەبێ ئێمە زۆر بەهۆشیاریەوە چاومان لەوەرگێڕانی چیرۆك‌و شعر بێ بەزمانی کوردی‌و دەبێ بەمەترسییەکی یەجگار گەورە وەهەوڵ بدەین کە خۆمان بپارێزین لەوشەی بیگانە.

بۆ نموونە زۆر جار لەوشەیەك سودوەردەگرین کە لەجێی ئەوانە وشەی زۆر رەسەن‌و پڕ ماناتری کوردیمان هەیە. بەڵام بەداخەوە زۆر جار کەسانێك هەن کە بەبێ هۆ ئەو کارە دەکەن ئەوەش بۆ ئەوەی کە کەس سەری لێدەرنەکات، هەتا ئەو جۆرە بووەتە نەخۆشییەك لای نووسەران‌و هەست دەکەن بەم بەکارهێنانی وشە بێگانانە کارەکەیان دەوڵەمەند دەکەن یان وادەزانن ئەگەر خوێنەر درەنگ لەکارەکەیان گەیشت ئەوا سەرکەوتوون. بەداخەوە لەو دیویش بەهۆی نەشارەزایی لەزمانی فارسیدا هەندێ دۆست‌و برادەران وشەی زۆر سەیرو سەمەرە دروست دەکەن لەکردارێك‌و لەناوێك شتی زۆر سەیر دروست دەکەن کە لەهیچ ڕێزمانێکی زمانەوانیدا ناخوێندرێتەوە، بۆ نموونە کردارێك دێت بۆ دوو کەس‌و لەدوو کاتی جیاوازدا بەکاری دەهێنن بۆ

نموونه (خۆم لەدۆزەخدا دەدۆزمەوە) ئەمە ئاشکرا نییە کە بۆ کەسی یەکەمە یان بۆ کەسی سێهەمی تاکە، ئەم شتانە دەبێ زۆر بەئاگاداریەوە بکرێ،.. نووسەر بێجگە لەوەی چیرۆك دەنوسێ دەبێ پارێزەری زمانیش بێ ئەوە زۆر گرنگ تۆرە لەچیرۆك نوسین دەسەلاتی زمان زۆر مەودای ئەوەی هەیە کە مرۆڤ داهێنانو شتی تازەی لێ بخولقێنێ.

رەمەزانی: لەتەئیدی قسەی کاك ناسردا مەترسی وشە مەترسییەکی چکۆلەترە لەچاو مەترسی هاتنی گرامەری زمانە بێگانەکان بۆ کوردی ئەوانەی کە کاری وەرگێڕان دەکەنو ناشییانە ئەنجامی دەدەن مەترسییەکی گەورەیە. کە ئەم شتە جاروبار دەبینم ئەوانەی کە لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا. بابەتی وەرگێڕان بلاو دەکەنەوە کە رستەیەك چاولێدەکەی گرامەری فارسییە. وەکو ئەوەیە رستەیەکی فارسی بێت وشە بەوشە وەرگێڕابێتە سەر زمانی کوردی. ناو نەهێنم باشە برادەرێك دوو کتێبی لەفارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردیو هەمووشی پاکنوس کردووەو رستەی فارسیم لەناو وەرگێڕانەکەدا دەرهێناوەو پیشانی خۆیم داوەتەوە ئەوەی بنیادەمێکی کورد دەکوژێ زۆرم خۆش ناوێت بەلام زیاتر رقم لەوەرگێڕێکی خراپە، چونکە ئەگەر ئەو زۆری کوشت تاسەد کەسە دەکوژێ هەر ئەوەندەشی پێدەکرێ بەلام ئەو دەتوانێ بەوەرگێڕانە خراپەکەی میللەتێك بکوژێ.

بەداخەوە لێرە مەترسی دیکە ئەوەیە کە رادیۆو تەلەفزیۆنی کوردیمان نییە، منالێ ئێمە بەرلەوەی بچێتە قوتابخانە زمانی فارسی جوان فێر بووە بەلام کوردی باش نازانێتو ئەو دەرفەتەی نییە کە فیلمی کارتۆن بەزمانی کوردی بێت هیوادارم ئەو دەرفەتە لەولاتەکەماندا بڕەخسێ.

عبدالرحیم زادە: من خۆم لەگەڵ تەقلیدکردنەوەدا نیم بەلام هیچ کات لەسەر ئەوە نەبووم کە کاریگەر وەرگرتن شتێکی خراپ بێ. زمانێك کاریگەری وەرنەگرێ کاریگەریش دانانێ لەواقعدا.

پێم وایە زمانێکی مردووبێت، زمانی کوردی لەرەوتی خۆیدا کاریگەری وەرگرتووەو رەنگە لەداهاتووشدا وەریگرێ ئەوە هیچ ئیشکالێك نییە بەلام بەمەرجێك بەقۆناغی تەقلیدبوون نەگات. لێرەدا قسەیەکی (شکلۆفسکی)م بیرکەوتەوە کە دەڵێ (هونەری نوێ وشەی نوێو بەیانی نوێی دەوێ) ئێمە ئەگەر هەست بکەین هونەری تازەمان هەیە دیارە کە پێویستمان بەهێندێك وشەو جۆری داڕشتنی تازە هەبێت، بەڵام لێرەدا ناتوانین رەخنەبگرین لەنوسەر کە مەسەلەن دێ فۆرمی زمان تێك دەدات، تێکدانی فۆرم (وشەسازی، زاراوەسازی) شتێکی رەوایە، پێم وایە زمان دەبێ بۆ دوو بەش دابەش بکەین:


۱. زمان لەکاری ئەدەبیدا بەتایبەت لەشعردا هەڵبژێرێت.
۲. زمان لەراوێژی خەڵکدا. دەبێ ئەم دوو شێوەیە جیابکەینەوە کە کامیانە. من پێم وایە ئەو شتە لەئەدەبداو بەتایبەت لەشعردا قەی ناکات بەڵام بەو مەرجەی کە لەرووی لۆژیکەوە بکرێت نەوەك لەخۆوە هەرکەسێ بێو ساختاری زمان بگۆڕێ، دەنا من ئەو شتەم پێ ناڕەوا نییە وەك ئەوەی کە نوسەرێك وەك (جەمس جویس) لەنوسینەکانیدا زاراوەسازی دەکاتو زمان تێکەڵ دەکاتو شتی تازەش دەکات ئەوەزمانی ئینگلیزی دەوڵەمەندکردووە.


شێربەگی: من پێم وایە زمانی زیندوو وشە وەردەگرێو وشەش دەدات، بەڵام کەی وشە وەرگرتن رەوایە زەمانێك لەنۆدەی خەڵك وەری بگرێ، ۹۰٪ی خەڵك بزانێ وشەی ئەفسون یانی چی؟ مانای چییە؟ کەی خەڵکی ئەو وشانەی لەراوێژی رۆژانەدا بەکاری هێنا ئەوا ئەو وشەیە رەنگو بۆنی ناوخۆی هەیەو خەڵکی لێی تێدەگات. بەڵام کاتێك بۆ وشەی بێگانە وشەی جوانو رەسەنی کوردیمان هەیە ئەسڵەن رەوا نیە ئێمە بۆ ئیزهاری فەزڵ لەو وشەیە سود وەربگرین، لەلایەکی ترەوە لەبارەی رستەوە، ئەگەر ئێمە لەبارەی وشەوە ئاڵۆ گۆڕمان زۆر بێ لەگەڵ دراوسێکانماندا فارسو تورکو عەرەب لەبارەی رستەوە ئەو کارە ناکرێ.

زمانی کوردی لە (۱۰۰) ساڵدا دانەمەزراوە تاوەکو منی نووسەر منی شاعیر بێم بەشێوەیەك بیگۆڕم، زمانێك کە بنەمایەکی پتەوی فعلو فاعلی هەبێ زمانێك کە لە (۵۰۰۰) ساڵدا دروست بووە من چۆن دەتوانم ساختاری رستەی کوردی بێنمە سەر فەرەنسیو فارسی، من پێم وایە قەت ئەمە ناکرێ. دەبێ وشیاربین لەگرامرو رێزمان سود وەربگرین..

ڕەمەزانی: ئەگەر ئێمە بێین لەگرامردا کاریگەری وەرگرینو ببێتە ڕێبازێکی بەردەوام لەنێو لاوەکاندا بەخێوبکرێت ئەوا دەبێتە ئەژدیهایەکو زمانەکە دەخوات ئاماژە بە (جیمس جویس) کرا ئەگەر بمانەوێ تازەگەری لەزماندا بکەین دەبێ لەتوانای غەریزەییو سروشتی ئەو زمانە کەڵک وەرگرین نە ئەوەی کە بێین وەکو شتێکی دەستکردو شەوگرامری زمانەکانی تری بەسەردا بسەپێنێ.

جوێس دەیویست لەچیرۆکێکدا باسی دیمەنێك بکات کە جێگایەك وەك شاخو داخ بێتو بای لێبێت، دەیویست لەو وشانە کەڵك وەربگرێ کە وەك ئەو شاخو بەردە ڕەق بێو دەنگی هاژەی بێ. باڵەوشەکاندا دەردەکەوێو دەنگی هاو جووت بوونی





با لەگەڵ بەردا، بەجۆرێك لەو دیمەنانەدا کاریکات کە مۆسیقای وشەکان دیمەنەکانمان وەبیر بخاتەوەو ئەو کارەشی بۆ جێ بەجێ نەبوو، زمانی ئینگلیزی زمانێکە نەك بەتەنها ئینگلیزەکان خزمەتی دەکەن بەڵکو بێگانەکانیش خزمەتی دەکەن، هیندیەکان دەورێکی باڵایان هەبووە بۆ گەشەپێدان بەزمانی ئینگلیزیو ئینگلیزەکانیش بەسوپاسەوە باسی هیندیەکان دەکەنو دەڵێن ئەوان بوون کە بوونە هۆی ئەوەی ئینگلیزی تازە بەوجود بێو بونەتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی ئینگلیزی.

گۆران: گاك حسینی شێربەگی یەکێکە لەڕۆمان نووسەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆمانێکی بڵاوبۆتەوە بەناوی (شاربەدەر) گاك حسێن بۆچی لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ڕۆمان کەم دەنوسرێو ئایا تاچەند کۆمەڵگای کوردی لەناو پانتایی‌یەکانی ڕۆماندا خۆی دەبینێتەوە؟

شێربەگی: ئێمە ئەگەر مێژووی ڕۆمان هەڵسەنگێنین هی دەورەی بۆرژوازیی‌یە، پێش شۆڕشی فەرەنسی ڕۆمان نوسین هێندە زۆر نەبووە کە وەکو ئەمڕۆکە بێ، کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەش تام‌و بۆنی فئودانی‌و عەشایەری بەسەرەوە ماوەتەوەو مێژووی خۆی لەو ماوەیەدا بینیوەتەوەو بەرهەمەکانی هی ئەوکاتەن ئێستاکەش ئەو کارێگەرییە بەسەر کوردەوەیە، ڕۆمان واتای ساختاری کۆمەڵ پێك هاتنی گەرمەی ئابووری ئەزمەیەك بێت (پارکانتالیزم) ئاڵووگۆڕی بۆرژواز بێ پاشان ڕۆمان گەشە دەکات چونکە لەکۆمەڵگایەکدا هێشتا مرۆڤ بۆ مانەوە هەوڵ دەدات‌و هەمو شتێك بەخێرایی دەڕوات‌و دەرفەت‌و ماوە کەمەو مرۆڤی فئودایی قسەی خۆی بەپەلەپەڵ دەکات. ئێمە ئەگەر تەماشاکەین بەیتەکانمان لەنیو سەعات تێپەڕناکات‌و دەچێتە خانەی کورتە چیرۆکەوە مەگەر زۆر بڵندبن بچنە خانەی ڕۆمانەوە کە ئەمانیش زۆر کەمن. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگای بۆرژوازی بێت دەرفەت‌و بەتاڵی زۆر بوو، ئەوا لەوێدا ڕۆمان دەنوسرێ لەکوردستانی ئێراندا ڕۆمان کەم نوسراوە، ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی قازی کە ئەمیش مرۆڤێك بووە بۆ ناسین‌و نوسین شارەزا بووە یان (هاوارە بەرە)و (میرزا)ی فەتاحی ئەمیری بووە کە دیسانەوە کاك فەتاح کاتی نوسین‌و خوێندنەوەو ئیسراحەتی زیاتر بووە، منیش کە توانیومە یەك ڕۆمان بنوسم کە ڕۆمانی (شاربەدەر) ئەویش من تەمەڵ بووم لەباتی ئەوەی وەك مامۆستایەك شوێن کارو پیشەی ڕۆژانە بکەوم سودم لەو تەمەڵیەی خۆم وەرگرت‌و ناچار بووم ڕۆمان بنوسم. پێم وایە ئەگەر ستەمی عەشیرەتی فئودای لەسستەمی ئێمە بچێتە دەرێ‌و سستەمی بۆرژوازی بێت بەهەرحاڵ لەسەردەمی بۆرژوازییەتدا هەڵو دەرفەت بۆ خوێندنەوە زۆر دەبێت هەروەها دەرامەت بچێتە سەری دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆمان زۆرتر بنوسرێ بۆیە تاوەکو کۆمەڵگایەکی بۆرژوازی نەبێ ڕۆمان هەروەکو ئێستا دەمێنێتەوە.

وەحیدی: لەسەر ئەو ڕەوتەی کە بۆرژوازی بۆتە هۆی بەدی هێنانی ڕۆمان نوسین ڕایەکی جیاوازم

هەیە، ئەگەر سەیری مێژووی کورتە چیرۆک بکەین دەزانین لەپاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانییەوە بەمانای واقعیو هونەری خۆی دەست پێ دەکات واتا لەپاش رۆمان نوسینەوە دێنە ئاراوە. سەرەتای دەست پێکردنی کورتە چیرۆک دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بەڵام ئەگەر چاولێبکەین ئەمڕۆ چاخی بەیەک گەیشتنە لەوسەری دونیاوە شتێك بقەومێ لەم سەری دونیا پاش دەقەو نیوبێك دەزانرێ، هەموو شت زۆربەتوندی دەڕواتو مرۆی ئەمڕۆ بەدەست کاتەوە گیرۆی خواردووەو هەرچی دەکات دەرەقەت نایەت، بەیانی کە لەماڵ دێینە دەرێ سەد کارمان هەیە کە ئێوارە دەچینەوە ماڵێ تەماشا دەکەین هیچمان نەکردووە، خەڵکی دووچاری کەمی کات بووەو هەڵو دەرفەتی رۆمانی حەوتو هەشت بەرگی نیە مرۆڤ زۆرتر لەکاتی بەرچاییو نێوماشیندا شت دەخوێنێتەوە، ئەو هەڵو مەرجەی کە کۆمەڵگا بەسەر مرۆی ئەمڕۆکەدا دەیسەپێنێ. رەنگە ئێستا کات هێندەی ولاتانی دەرەوە بۆ ئێمە گرنگ نەبێ بەڵام ئێمە قەزاوەت لەسەر کۆمەڵگای جیهان دەکەین، وتمان خوێندنەوە لەماوەیەکی زۆر کورتدا بۆ خوێنەر دەست دەداو دەشێ ئەوە لەو ماوە کورتەدا نەتیجەشی لێوەربگرێ، خوێنەر قەت بابەتی رۆمانێکی دەرەبەگی بەو هەموو دەردەسەریانەی کە هەیەتی بەخوێندنەوەی پچڕ پچڕ بۆ ناچێتە سەریەك، هەر بۆیە روو لە کورتە چیرۆك دەکات. ئەگەر تەماشاکەین لەکورتە چیرۆکدا وەسف کردن زۆر کەمە. وەسف کردن باریکی تایبەتی کۆمەڵگای بۆرژوازی نیە بەڵکو باریکی تایبەتی کۆمەڵگای جوتیارییە.

گۆران: کاك حسێن وەك دەزانین لەکوردستانی باشوردا زۆر کەس هەن کە لەبواری رۆمان نوسیندا کار دەکەن وەك (بەختیار عەلیو حسێن عارفو محمد موکری) توانیویانە تاکاستێك کارەکانیان باش بێ، ئایا رۆمان لەکوردستانی رۆژهەڵاتدا تاچەند توانیویەتی بەهەمان شێوەی کوردستانی ئەودیوێ؟

شێربەگی: من پێم وایە رۆمانی کوردستانی رۆژهەڵات لەمە بەدواوە دەنوسرێ. چونکە تاکو ئێستا ئەو رۆمانانەی کە دیومانە رۆمانێك بوون لەچوار چێوەیەکی ئالتی کۆمەڵایەتیو تەکنیکو شێوەی سەلەفیانەدا نوسراون، بەڵام دۆستانێکمان هەن کە خەریکی نوسینی رۆمانوو رۆمانەکانیان ئەم ساڵ یان ساڵانێکی تر دەکەونە بەرچاوی خوێنەران کە لەشێوازی نوێدا نوسیویانە، بۆ نموونە با لە (شاریەدەری) خۆمەوە دەست پێ بکەم کە بەشێوەی رئال یان رۆمانسیەت نەم نوسیوە هەوڵم داوە رۆمانەکە چوارچێوەیەکی مۆدێرن بەخۆیەوە بگرێ یان دۆستێکی ترمان کە رۆمانێکی بەدەستەوەیەو وا لە تەواوبووندایە رۆمانەکە تەواو شێوازی نوێی هەیە بەڵام جارێ نەهاتۆتە بازاڕەوە، بۆیە پێم وایە رۆمان نوسی ئێرەش واخەریکە رو دەکەنە شێوازە تازەکان، هەرچەندە تائێستا ئەو رۆمانانەی نوسراون بە(هەزار ئەشکەوت)ی عومری — مەولود–یشەوە هەر لەچوارچێوەی رئالو سەلەفیدان. وەلێ رۆمانی نوێی کوردیش لەمەوبەدواوە دێتە ئاراوە.

گۆران: لەدوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١) وە لەکوردستانی باشوردا چیرۆك نوسین پێشکەوتنێکی نوێ خوازی بەخۆیەوە دی ئایا کوردستانی رۆژهەڵات تاچەند توانی یاریدەدەرێ و هەنگاوی نوێ بنێتە پێشێ لەبواری تەکنیك و فەلسەفی و فکریەوە ئایا لای ئێوەش توانیوتانە بەشداری ئەو رەوتە بکەن؟

شێربەگی: من پێم وایە کوردستانی ئەم دیو وێڕای یەك دەڕۆن، بۆ نموونە کارەکانی کاك عەتای نەهایی لەچوارچێوەی رئالو تەقلیددانین. کارهایەکی پێش کەوتوو خولقاوە، چۆنیەتی ژینگەی کوردەواری ئەم دیوکراوەو تەکنیکەکان تازەیەو لەکوردستانی ئەودیودا خوێندراونەتەوەو لێك دراونەتەوە، چیرۆکی کاك محمدی رەمەزانی تایبەتمەندی چیرۆکی نوێی هەیە هەرچەندە زمانەکەیان بەشێوەیەکی رئال. باسکرابێ بەڵام داڕشتنی نوێی هەبووەو لاوەکانمان چیرۆکیان نووسیوەو لەچوارچێوەی مۆدێرندا هەڵدسەنگێنرێنو نوسینەکانی بریای کاکەسووری لەوبارەیەوە نموونەنو کاك ناسریش لەدو کتێبەکەیدا هەرچەندە بەشێوەی رئالە بەڵام سەلەفی نینو زۆرینەی ئەو کتێبانەی کە لەودیو دەردەچن ئێمە دەیخوێنینەوە وەك حەساری شێرزاد حەسەنو مەرگی تاقانەی دووەمی بەختیار عەلیو گەلەگورگو ئەندێشەی مرۆڤێکی حسین عارفو

هەرەس‌و ئەژدیهاو نێچیری موکری‌و هەڵکشان بەرەو لوتکەی عبداللە سراج کاریگەرییان دەبێت لەسەرمان‌و ئێمە جگە لەوانە لەلایەن ئەدەبیاتی فارسەوە‌و کتێب هایەکی کە لە ئەوروپییەوە وەردەگێڕین‌و دەیخوێنینەوە کاریگەریمان لەسەرە‌و ئەو ئاڵو گۆڕی فەرهەنگییە هەیە‌و پێم وایە لێرەش دەتوانین لەسەر پێش کەوتنی رەوتی چیرۆك نوسین حساب بکرێت‌و پێم وایە ئێوە هەموو کارەکانی ئێرەتان نەدیوە بەڵام لێرەش شاربەدەر پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە.

عبدالرحیم زادە: ئەڵبەتە ئەو نێوانەی ئێوە فەرموتان لەبواری کارکردندا، شایەت نەتوانم زۆربەیان لەکاری نوێ هەڵسەنگێنم، من چەند کەسێکیان دەتوانم وەك کاری نوێ باس بکەم‌و شتێکی نوێیان توانیوە بڵێن بۆ میللەتەکەی خۆیان‌و ئەو بابەتە نوێیەش رەنگدانەوەی هەیە لەکارەکەی شێرزاد حەسەن‌و بەختیار علی‌داو هەرچەندە لەم دیویش لەلایەن لاوەکانەوە خەریکن‌و لەودیو حەرەکەیەك پێك هاتووە کە بۆ من جێگای خۆشحاڵیە، ئەوان دێن خۆیان‌و مێژوویان‌و رابردوویان‌و ئێستایان نەقد دەکەنەوە کە ئەم قۆناغە بەلای منەوە گرنگ ترین قۆناغەکە بەداخەوە لێرە ئەم کارە ناکرێ لێرە دەتوانین وای دابنێین کە وێنەیەکی فۆتۆگرافییە کە ئێمە لەبواری رەخنەگرتندا لەکارەکانماندا دواکەوتوین بەڵام لەڕووی تەرەوە ئێرە باشترە بەتایبەت لەڕووی زمانەوە کە پێشتر باسمان کرد لێرە توانیویانە لەگەڵ زمانێکی رەوانتردا چیرۆك بنوسین‌و دیارە کە هەوڵدان هەیە بۆ کاری نوێ وەك ئەودیوو هەرچەندە چیرۆکی نوێی ئەو دیو بەقۆناغی تازەگەری نەگەیشتووە بەڵکو هەوڵدان هەیە، لەکارەکانی بەختیار علی‌و شێرزاد حەسەنیشدا رەنگە ئەو شتە بەواتای نوێ نەبینم بەڵام هەوڵدان دەبینم، لێرەش چەند ناوێك هەن کە هەوڵدانیان تێدایە، بەڵام هیوادارم ئێمەی کورد بەو شتەی کە پێی دەوترێ نوێگەری بگەین.

گۆران: ئایا کۆمەڵگای کوردی تاچەند توانیویەتی دەرخەری ناخوداگایی کۆمەڵگای کوردی بێت؟ گوزارشت لەهەڵچوون‌و بواره جیا جیاکانی سەردەم بکات؟ یان بەواتایەکی تر چیرۆکی کوردی تاچەند توانیویەتی قسە لەبارەی ناخوداگای کۆمەڵگای کوردییەوە بکات؟

رەمەزانی: باسی کوردستانی ئێران دەکەن. بەڵێ توانیویانە تا ئەوەندەی کە ئەو چیرۆکانەی دیومانن. دەتوانم بڵێم هەموویان رەنگدانەوەی فکرو فەرهەنگ‌و بنیادەی کوردە. ئەو کارەش لەکارە رائلییەکی قازی فەتاحی ئەمیری‌و عومەری مولودی‌دا دەبینم هەرچەندە ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا کە بەو شێوەیەی کە خۆیان باسی لێوە دەکەن ئێستا بەو شێوەیە نەماوە بۆ نموونە لەکۆمەڵی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی‌دا کە ئێستا نەماوە، بەڵام بواری دەروون ناسی‌و هەروەك کاك حسین ئامازەی پێکرد شوێنەواری ئەوکاتە هەر ماوە لەکۆمەڵگای کوردستانی ئێراندا. لەکارە کورتەکانیشدا ئەو شتانە هەیە لەکاری عەتای نەهایی‌و بریای کاکەسووری‌و ناسری وەحیدی‌دا دەبینین‌و دەتوانم بڵێم کێشەی کۆمەڵ زیاترە وەك لە تاك‌و کۆمەڵگای کوردیمان هەیە نەك تاکی جیا جیا کە وەك لەکۆمەڵگای رۆژئاوادا دەبینین کە بنیادەمەکان جیا جیان‌و دونیای جیاجیایان هەیە‌و رەنگە لەنێو کوردا ئەوە بەدی نەکرابێ کە ئێمە بنیادەمی جیاجیابین‌و ئێمە کۆمەڵی کوردیمان هەیە‌و هەر مرۆڤێك بۆ خۆی کۆمەڵێکە.

وەحیدی: بەبڕوای من رەنگە باشتر بێ ئەم پرسیارە لەخوێنەر بکەین چونکە ئێمە خۆمان لەنێو مەیدانەکەداین‌و سەرقاڵی نوسینین‌و خوێنەر لەدەرەوەی ئەو مەیدانەدا تەواوی هەڵسوکەوتی ئێمەی لەبەرچاوە.

ئەو زۆر لەئێمە بەئاگاترە. پێم وابێ ئەگەر چیرۆکی کوردی ئەو تایبەت مەندیانەی نەبێ کە تۆ وتت ناتوانین پێی بڵێین چیرۆکی کوردی، بەڵکو پێی دەوترێ تەرجەمەکردن. چیرۆکی کوردی دەبێ ئاوێنەی رەنگ دانەوەی کۆمەڵگای کوردی‌و مرۆی کورد بێ، واتا ئەگەر چیرۆکێك نەتوانێ داب‌و نەریت‌و خەم‌و خەیاڵ‌و خەونی مرۆی کورد نیشان بدات ئەوکاتە دەتوانین وەك چیرۆکی لاوەکی سەیری بکەین.

عبدالرحیم زادە: زۆرتری ئەو کارانەمان خود بەخود مۆرکی کوردی پێوەیە‌و رەنگ دانەوەی



کۆمەڵی خۆمانی پێوەیە، بەڵام ئەگەر باسی ناخودگای کۆی (لاشعور جمعی- نەست کۆی) بکەین، مەسەلەکە قوڵتر دەبێتەوە، چونکە بوونی ناخودگای (نەستی کۆی) یەکێکە لەخاسیەتی شاکارەکان بەڵام بەداخەوە دەڵێم کە چیرۆکی کوردی کارێکی وەک شاکاری لەئاست جیهاندا نەبووەو زۆر کەم رەنگدانەوەی ناخودگای کۆی لەناو چیرۆکەکاندا هەیەو کەم تر دەتوانن دەربڕی ئەو هێزەبن، بۆیە پێم وایە لەئێستادا چیرۆک نوسی کورد بەم قۆناغە نەگەیشتووە. بەڵام لەگەڵ هەموو برپیارەکاندا وەڵامێکم بۆ خۆم هەیە ئەویش ئەو نەوە تازانەیە کە جێی دڵخۆشین. کە گەڕانێکی بەردەوام هەیە لایان کە ئەمە جێی دڵخۆشیە.

شێربەگی: پێم وایە نووسەر کاتێ دەنوسێ چ نووسەری بەرپرس لەبەرامبەر کۆمەڵداو چ نوسەرێك کە هونەر بۆ هونەر دەنوسێ بێگومان هەردووکیان کۆمەڵگایەکیان هەیەو کاریگەرن پێی. کۆسپی کۆمەڵگای ئێمە لەچیرۆکەکانماندا دەبینرێ بەڵام ئایا ئێمە باسی هەموو گێرەو کێشەی میللەتی کوردمان کردووە؟ بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە سەرڕابردووی چەند ساڵەی چیرۆك نوس لەبواری هونەریدا. من پێم وایە گیروگرفتو کۆسپی میللەتی کورد لەچیرۆکی ئەم دیوو ئەو دیودا هەیە، ئەگەر زۆر بەقوڵی شتەکان بخوێنینەوە (قازی) دەنوسێ تا (٢٠-٣٠) ساڵ چیرۆکی کوردی لەسەرەوە دەست پێ دەکات، لەماوەی (١٥) ساڵدا کە چیرۆکی کوردی پێك دێت دەتوانن باسی هەموو گرفتو کۆسپی چیرۆکی کوردی بکەن، بەڵام بۆ نوسینو رەنگ دانەوی ناخودگای کۆمەڵگا لەچیرۆکەکاندا ئەوا ئەم کارە زۆری دەوێ.

گۆران: بەڕێز ناسری وەحیدی یەکێکە لەچیرۆك نوسەکانی کوردستانی ئێرانو خاوەنی دوو کتێبی چاپکراوە. کاك ناسر ئایا نوسینی چیرۆکی رئال تاچەند دەتوانێ لەسەردەمێکی وەك ئێستادا پەیامی سەردەمی نوێ بگەیەنێ؟ یان گوتارێکی نوێ بەرهەم بهێنێ؟

وەحیدی: بەبڕوای من سنووردانانێکی ئاوا کارێکی هەڵەیە. ئێمە بەر لەهەموو شتێك بیر دەکەینەوە کەچی بنوسین دواتر دێینە سەر ئەوەی کە چۆن بنوسین. ئەم سنوردانانە وادەکات لەنوسەر لەبازنەیەکی داخراودا گیر بخوات. نەتوانێ مەبەستەکەی خۆی بەجوانیو رێکو پێکی دەربڕێ، ئەوەی تۆ باست کرد دەقەکە خۆی برپاردەدات کە بچێتە نێو کام قاڵبو شێوازەوە بەڵام ناوەڕۆکەکەی باسی سوژەیەکی کۆن دەکات زۆربشمان هەیە کە

ناوەڕۆکەکەی تازەیەو شێوازەکەی بەشێوەیەکی رئالی نییە. پێم وابێ سنوردانان لەتوانای خولقاندنی داهێنانی نوسەر کەم بەرەکاتەوەو بەو جۆرەی کە پێویستە نەهێڵێ بەسەر دەقەکەیدا زاڵ بێو هەموو کەلێنو قوژبنی بابەتەکەی بپشکنێ، ئەوە خودی دەقەکەیە کە قەرار لەسەر ئەوە دەردەکات کە بەچ زمانێکو شێوازێک قسە بکات. من قەت بیر ناکەمەوە کە دەمەوێ چ بنوسم. من کاتێک بابەتێک هەستم دەبزوێنێو خۆی دەکاتە هەوێنی چیرۆک، پاش ئەوە دێتە سەر ئەوەی کە چۆن بنوسم. ئەم بابەتە ماوەیەک مێشکم داگیر دەکاتو زۆر جار لەماڵو لەشەقام لەبەر خۆمەوە قسە دەکەمو دەست رادەوەشێنم. بەلای منەوە گرنگی یەکەم بەلای چی نوسینەوەیە دواتر دێمە سەر جۆری نوسین، زۆر کەس ئێستا چیرۆک دەنوسێ شتێکی هێندە بێ تامو بێ ناوەڕۆک بەشێوەیەکی نوێ دەنوسێ کە خوێنەر چێژی لێ وەرناگرێت. نوسەر دەبێ بەردەوام فکرەی پێگەیاندنی چێژی هەبێ بۆ خوێنەر، هەڵبەتە دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە هەر نوسەرێک خۆی جۆرە تێڕوانینێکی هەیەو بەشێوەیەکی تایبەتی خۆی سەیری جیهان دەکات کە ئەمەش تایبەتمەندی هەموو نووسەرێکە، من کە چیرۆکێک دەنوسم. ئەو چیرۆکە رەنگە رووداوێک پێکەنینێک لەدڵەوە بێ، یان رەنگە هەڵفرینی مەلێک یان گریانی منااڵێک بێ ئیتر ئەوە خودی بابەتەکەیە لەگەڵ جۆری روانینی من دەبنە زمانی چیرۆکەکەو قاڵبو شێوازی پێویستی بۆ دەقۆزمەوە.. دواتر من شێوازی ریالیزم بەشێوازێکی کۆن نازانم،و مەرج نییە هەر شێوازێکی تازە بێتە ئاراوە ئەوانی پاشتر کۆن بێت، ئێستاش زۆر نووسەرمان هەیە کە لە دونیادا ناوبانگیان هەیە بەشێوازی ریالیزم دەنوسن بۆ نموونە (یەشار کەمال). شتێکی گرنگ تر ئەوەیە هەمووشتێکی تازەش باش نییە بۆ نموونە نەخۆشی ئایدز تازە پەیدا بووە بەاڵم لەهەموو نەخۆشیەکانی تر باشتر نییە.

گۆران: کاك ناسر لەدونیای ئێستای شعرو ئەدەبو فەلسەفەو هونەردا مۆدێرن نەبۆتە بااڵدەست لەهەموو بوارەکاندا ئایا ئێمە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ قۆناغی ریالیزم تاوەکو پەیامێکی نوێمان هەبێت؟

وەحیدی: بەبڕوای من کە باسی کلاسیك یان رئیال دەکەینو مۆدرنیسم دێتە گۆڕێ ناتوانین خەتێکی سوور بەسەر کلاسیكو روئیالدا بێنینو بڵێین ئیتر ئێوە فت! تۆ تەماشاکە بۆ نموونە لەسەردەمی رۆمانتیکدا شێوازگەلێکی وەك رئیالیسم، دادانیسم، نۆتۆریسم، زۆر ئیسمی تریش کە تۆ سەیریان کەی وەك قارچك لەملاو ئەولای ئەوروپاوە سەریان هەڵداوە، رەنگە عومری هێندێکیان لەچەند مانگیشیان تێنەپەڕاندبێ وەك بەفری پار تواونەتەوەو تەنیا ناویان لەمێژوودا بەگوێی ئێمە دەگات بەاڵم کە سەیری شێوازی رئیال دەکەین بۆمان دەردەکەوێ کە جیهان پێویستی پێی بووە تاکو ئەمڕۆ خۆی راگرتووەو ئێستاش هەر بەدەوامە. من چیرۆکی زۆر نوێشم نوسیوەو زۆر جار ئەگەر پێویستی هەبێ دەچمەوە سەر شێوازی رئیال هەروەك پێشتریش وتم خودی بابەتو ناوەڕۆکە قەبارەو شێواز بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ ئەگەر لەپێشدا قاڵب یان فۆرم بۆ چیرۆك یان دەق هەڵدەبژێرێ رەنگە ئەو قاڵبە زۆر گەورەبێو ناوەڕۆك خۆی لەدارو بەردیش بدات ئەو قاڵبەی بۆ پڕ نەبێتەوە ناوەڕۆك دەبێتە مشکی ناو قەیسەری زۆر جاریش رەنگە ناوەڕۆك زۆر گەورەتر بێ لەو قاڵبەی وابۆی دانراوە ئەو جار ناوەڕۆك دەخنکێ کورد گوتەنی وەك ئەوە وایە (ئێشتا ئەسپی نەکڕیوە ئاخوڕی بۆ هەڵدەبەستێ) من پێم وایە ئەگەر نوسەر شتی تازەی پێ بێ بۆ دەربڕینی قسەکەی لەهەر شێوازێك کەڵك وەرگرێ دەقەکە تازە دەبێ بۆ نموونە لەنێو خۆماندا شێرزاد حەسەن چیرۆکی عیزائیلو حەساری نوسیوە حەمە فەریق حەسەن ملوانکەی شین دەنووسێ کاك رەئوف بێگەرد سەماو گریانی نووسیوە.. شەرت بابەتی تازەیەو قسەی تازەیە.

عیدالرحیم زادە: پێم وایە سەبکەکان کە بەوجود دێن زادەی شوێنو کاتی تایبەتن بۆ وێنە ئێمە ناتوانین بڵێین سەبکی ئەکسیرسیونسیم کە بەوجود دێ کارەکانی خۆی دەبەخشێو دەڕوات، یان هەر سەبکێ کە دێت زادەی ساختارهای زەمانی ئەو دەورەیە، من پێم وایە سەبکێ لەنێو دەچێو هاتنی سەبکێکی تازە دەتوانێ ئەو سەبکە کۆنە لەناو بەرێ ئەڵبەتە شایەد بۆ ریالیزم زۆر ئاشکراو رونە.

وەحیدی: شتێك لەگۆڕێدایە زۆر جار گێروگرفتو مەسایلی جیهان دەبێتە هۆی پێکهاتنو سەرهەڵدانی مەکتەب گەلێکی دەستکرد ئێمە کە سەیری ئەو مەکتەبە نوێیانەی کە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی یان لەنێوان هەردووك شەڕەکەدا زۆرتر لەهونەری وێنەکێشاندا سەریان هەڵدا، شێوازی تازە وەك کارگە لەعەرزیەوە سەر دەردێنێتو زۆرتر

ئامانج و هەڵوێستی سیاسی دروستیان دەکات نەپێویستی زەمان. ناتوانین بڵێین زەروورەت یان ئاڵوگۆڕی کۆمەڵو پێویستی ئەو سەردەمە ئەم مەکتەبانەی بەدی هێناوە. ئێستا ئێمە بۆمان روون بۆتەوە کە زۆربەی ئەو مەکتەبانە لەلایەن دەزگا گەلو شوێنگەلێکی زۆر دیاری کراوەوە ساز کراون و رەنگە زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەر بەو مەکتەبانەش بوون لەوکاتەدا خۆیان بەم شتەیان نەزانیبێ کە ئەوان دەست کرد بوون، رەنگە زەروورەت بۆ بەربەرەکانی و کەڵك لێ وەرگرتنیان وەك کەرەسەو ئامرازێك بووبێ.

شێرپەگی: شێوازی هونەری کە پێك دێت، پێم وایە پێداویستی‌یەك پێکی دێنێ. ئەگەر تەماشاکەین چیرۆکی مۆدێرن یان پۆست مۆدێرن لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە دەست پێ دەکات و شێوازی داڕشتنی چیرۆك لەم قۆناغەدا لای (بروست و ولف و جویس و سیمون و دراوس و مارکین)دا دەگۆڕێ، پێم وانی‌یە لەلایەن دام و دەزگای ساختەچییەوە پێکهاتبێ بەڵکو پێویستی کۆمەڵ ئەوەی پێکهێناوە، ئەمڕۆ پرسیارەکە لێرەوەیە کە بۆچی دەنوسین و بۆ کێ دەنوسین؟ بەداخەوە زۆربەیان دەڵێن بۆ خەڵك!! پرسیارێکی هونەری وەلامێکی سیاسی پێدراوەتەوە، پێم وایە پێداویستی کۆمەڵگا بووە کە مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم پێك هاتووە، پێداویستی زەمان بووە، پێش شەڕی یەکەمی جیهانی مرۆڤ لەشێوازی ژیانیدا زۆر لەیەك چووەو ئاڵو گۆڕ لەسەردەمانێکی دوورو درێژدا بەدی هاتووە، ئەوەی دوای جەنگی یەکەم هاتە گۆڕێ دیمەنێکی تازە بوو، ئەو ئاڵوگۆڕییە روحی و فکرییەی کە شەڕی یەکەمی جیهانی بووە هۆی کوژرانی (١٠-١٥) ملیۆن کەس و لەهەر پارچەیەکی چوارگۆشەی زەوی‌دا لاشەی لەت و پەت کەوتووی لێ بۆوە، ئەم دیمەنانە هونەرمەندی مەجبور کردووە زمانی تازەی گێڕانەوە بدۆزێتەوەو تەواوی نوسەرانی مودێرنیزم و ریالیزمی جادویی بەهۆی ئاڵوگۆڕی سەدەی بیستەوە بووەو لەسەدەی (٢١)دا پتەوتر دەبێ، (ماشێن- تەکنیك- خێرایی- غوربەت- جیابوونەوەی مرۆڤ لەهەست و سۆز) هۆی بەوجود هێنانی ئەو سەبکانەن.

وەحیدی: رەنگە لەقسەکانی من بەپێچەوانەوە حاڵی بووبن، کەوا من وتم هەموو قوتابخانەکان!! بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەواندا رۆژ بەرۆژ قوتابخانەی ترمان بووە ساختەچی بوون و لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەکانەوە بۆ خستنی رۆشنبیران هاتوونەتە ئاراوەو توانیویانە جەماوەرێکی زۆر لەروناکبیران لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

گۆران: کاك ڕەحیم عبدالرحیم زادە یەکێکە لەو دەنگە نوێیانەی کە لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کاری چیرۆك نوسین ئە نجام دەدات کاك ڕەحیم ئێوە وەك کۆمەڵێك گەنج تاچەند توانیوتانە دەستتان هەبێ لەڕەوتی بەرەو پێش چوونی چیرۆك لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتداو تاچەند توانیوتانە هەنگاوێکی نوێ بێننە پێشەوە؟..

عبدالرحیم زادە: پێم خۆشە لەپێشدا گوزارشتێکم هەبێ کە نوسەری گەنج کێیە؟ من بەتەمەن ئەوە دیاری ناکەم، بەڕای من هەرکەسێك بیەوێ پەیامێکی تازەتری لەچاو نەوەی پێشوتر هەبێ وەك نوسەرێکی گەنج چاوی لێدەکەم، بۆ نموونە (رامبۆ) کەسێکی کەم تەمەنەو لەبەرامبەری‌دا (پلەو رکن) کە ماوەیەکی تەمەنی زۆریان لەنێواندا هەیە بەڵام من وەك شاعیرێکی لاو دەیبینم چونکە هەردووکیان دەستیان هەبووە لەبەرەوپێش خستنی رەوتێکی نوێدا، بەداخەوە نەك هەر لەکوردستاندا بەڵکو لەجیهاندا لەلایەن زۆرینەی خەڵکی‌یەوە ئەمە رەتکراوەتەوە ئەم کێشەیە هەر کێشەی منی نوسەری (گەنج) ی کورد نیە بەتەنها دەیان نموونەم لاهەیە، ئێمەش وەك نوسەرانی گەنج ئەو کێشەیەمان هەیەو ئەو پەیامە تازەیەی کە هەست دەکەیت پێمانە چ لەفکرو پەیامو فۆرمو ئایدیۆلۆژی و ساختاردابێ.. هەست دەکەم کە ئەو بەهایەی پێویستی‌یەتی نایاندرێتێ من قسەی باوکم بەکاردێنم وەك قسەی باوکم ئەگەر دروستیش نەبێ بەبۆنەی هەندێك ناسینەوە قبوڵ دەکرێ بەڵام قسەی گەنجو نەوەیەکی نوێ دروستیش بێ رەت دەکرێتەوە. لەمەسەلەی پێش کەوتنی ئەدەبیاتدا دیارە لەکارەکانی خۆمدا هەست دەکەم ئەو قسەیەی کە من دەیکەم جیایە لەبارەی پێش تر‌ەوەو ئەگەر واش نەبێ ناتوانین. بەڵام ناتوانین یارمەتی ئەو رەوتەی پێشوو بدەین بەڵکو ئامانج رەوتی تازەیە. هەندێك نوسەری گەنج لەم دیو هەن کە ئەو هەوڵەیان تێدا دەبینمەوەو لەودیویش بەهەمان شێوەدا دەبینمەوە.

گۆران: بۆ زیاتر ئاشکراکرنی پرسیارەکەم ئێوە توانیویتانە دەستتان هەبێ لەڕەوتی چیرۆك نوسیندا؟

عبدالرحیم زادە: هەوڵمان داوە، وەلێ زۆر جێگەی نەگرتووە نازانم دەگەڕێتەوە سەر نوسەرە لاوەکان یان کۆمەڵگا، یان ئەوەی پێش ئێمە، بەڵام

ئەو هەوڵە دەبینم نەك وەك کاریگەریەك بۆ سەر ئەو مەسەلەیە. هەر بۆیەشە لەهەوڵی کاری تازەدا، دەمانەوێ بەڕەوتێکی نوێوە ئەو شتە بەڕێ بخەین‌و ئەمەش شایەد سالانێکی زۆری پێ بچێ.

شێریەگی: پێم وایە شکستی نەفسیەیە، کاك رەحیم‌و ئەو دەستە نوسەرانەی هاوتەمەنی زۆر چالاکانە تێدەکۆشن‌و هەوڵ دەدەن‌و لەسەر هەموو داواکاریەك لەچوارچێوەی دیوی خۆیاندا هەڵی دەسەنگێنن‌و هەوڵی شێوازی نوێی خۆیانیان داوە.

عبدالرحیم زادە: ئەمن پێم خۆشە دەنگێك هەڵبژێرم‌و وەستانێك بکەم لەسەر ئەو لاوانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن، هەندێك لەو چیرۆك نوسانە هیچ هۆیەکی بەخەڵك ناساندنیان بەدەستەوە نیە‌و هیچ بابەتێکیان بۆ باڵوناکەنەوە.. بەدەگمەن نەبێ.. وەك (سولەیمانی عبدالرحیم زادە- سەدیقی رەسوڵی- علی غوڵام علی بڕیاری کاکە سوری- مینە شا محمدی) هەروەها دۆستانێك کە لێرەدا دانیشتوون کارەکانیان جێگای رێزە.

گۆران: پاش ئەو گفتوگۆیەی گە سازمان کرد ئەمەوێت بۆ ئەوەی هەموومان لەخاڵی کۆتایی نزیك ببینەوەو بەرهەمی ئەم مێزگردەش دەست نیشان بکەین پرسیارێکم لادروست بووە کە ئایا چیرۆکی کوردی تاوەکو چەندە جێگەی هیوایە؟

رەمەزانی: من هەروەك وتم بەختەوەرانە لێهاتوویی زۆر دەبینم لەنێو قەڵەم بەدەستانی کوردستانی ئێرەو دونیای ئەمڕۆ، دونیای پەیوەست بوون لەڕێگای وەرگێڕانەوە، ئەوانەی لێرە ئاشنای زمانی فارسی هەن‌و کارە بەرزەکانی نوسەرانی ئەوروپا وەردەگێڕنە سەر فارسی وەرگێڕی زۆر باشن، لەبواری وەرگێڕانی فارسیدا دەوڵەمەندن وەك پەنجەرەیەکی ئاوەڵاو گەورە بەرەو ئەدەبی جیهانی کەلاوەکان دەتوانن زۆر سوودی لێوەربگرن‌و من زۆر گەش بینم بەو رەوتەی کە دەست پێ کراوەو داهاتوویەکی رۆشن چاوەڕوانی چیرۆکە لەکوردستانی رۆژهەڵاتدا.

وەحیدی: رەنگە زۆر جار ئەو مەسەلەیە بێتە پێش کە نوسەرێك شتێك دەنوسێ یەکێ تر بەجێیەکی تر بۆی دەستێنێتەوەو قاتێکی بەقەرز دەداتێ کە ئەویش لەسنورێکی تردا قاتەکەی بداتەوەو باسی بکات، بەکورتی‌و کوردی نان بەقەرز ئەدەن.. بەڵام من بەڕاشکاوییەوە لەسەر ئەو بەرهەمانەی واچاپ‌و باڵوبوونەتەوە دەڵێم زۆر دەنگی دلێرمان هەیە. بەشانازیەوە دەتوانم بیڵێم بەرهەمی وامان هەیە دەتوانین بەم تەمەنە کورتەوە لەبەرابەری بەرهەمی زۆر باشی ئەوديودا دابینێین‌و لەوان کەمتر نین‌و ئەو بەرهەمانەی کە لە گۆڤارەکانی ئەوديودا باڵاودەکرێتەوە فەرقێکی وایان نیە لەگەڵ ئەدەبی ئەمڕۆی جیهاندا، نالێم وەك یەك واین، بەڵام جیاوازیەکەشی هێندە زۆر نیە کە نەیان گەینێ، ئەگەر لەسەر بنەماو ریشەو رەگەزی خۆمان نیە. هەوڵ‌و تەقەلا بدەین دەگەینێ. بەڵام دەبێ پێناسەی خۆمان بەقۆقزی ناوچاوانەوە دیاربێ‌و لەهەموو جیهاندا بناسرێتەوە کە ئەوە چیرۆکی گەلی کوردە.

شێریەگی: ئەو پرسیارە جاری سێهەمە لەمن بکرێ، بەڵام یەکەم جار لەبەرنامەی رادیۆی کوردی دووەم جار لەلایەن گۆڤارێکی کوردیەوەو ئێستاش ئێوە هەمان پرسیار دەخەنەوەپوو، من هەروەك جاران دەڵێم پێشکەوتنی چیرۆکی کوردی پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئایندەی میللەتی کورد، میللەتی کوردو نوسەرو چیرۆك نوسی کورد پێکەوە نوساون ئەگەر بۆ میللەتی ئێمە سەربەستی‌و رزگاری بڕەخسێ کە تێیدا لەبواری کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و تەکنیك‌و پیشەسازی‌دا پێشڕەفت بکات‌و کۆمەڵگایەك لەئاستی‌دا هەبێت هەروەك کۆمەڵکا پێش دەکەوێ، چیرۆکیش پێش دەکەوێ. ئیمانم بەوە هەیە کە هەرگیز گرفتێك بەسەر میللەتی کوردا بێ شتێکی کەم خایان دەبێ‌و تەوژمەکە هێواش دەبێت‌و نافەوتێ چونکە ئەوە عەشقەکە نوسەری کورد هیوادار دەکات، عەشق شتێکی نەمرە تەنگ‌و چەڵەمە دەتوانێ رێگای لێبگرێ بەڵام لەباتی ئەوەی کەڕاست بڕوات پێچاو پێچ دەڕوات، بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کە ئایندە روونە.

عیدالرحیم زادە: من چەند جار دەرم بڕی کە ئەو هیوایەم بەو نەوە تازەیە هەیە کە بتوانێ کارێك بکات بەو مەرجەی کە هونەر لەزاتی خۆی‌دا یاخی بێ، هەروەخت هونەرمەندی کورد توانی یاخی بێت لەخودی خۆی‌و هەستی‌دا دەتوانم بڵێم کە ئێمە دەتوانین نەبە تەنها بەداهاتووی چیرۆکی کوردی بەڵکو هونەری کوردی ئومێدەواربین، بۆ نموونە (گوڵدمان) باسی (باسکاڵ) دەکات لەکتێبی (خودای پنهانی) کە دەڵێ (باسکاڵ ئەوکاتە سەرکەوتووە کە ناڕازیبە) لەسەرجەمی هونەردا ئێمە کاتێ سەرکەوتنی هونەر دەبینین کە یاخیبە، بەگوزارشتی (کوندرا) هونەر هاوارێکە دژ بەتەواوی هەستو بوون، من پێم وایە ئەگەر هونەرو رۆشنبیری‌و چیرۆکی کوردی ئەو شتە بەخۆیەوە دەبینێ بتوانێ شتێکی باش‌و سەرکەوتووبێ.

گۆران: دەستتان خۆش‌و سەرکەوتووبن بۆ ئەم گفتوگۆیە..

هێز[1]


و: م.خالید

بۆنسەن: یەکەم کتێب، بەناوی مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکدا، لەساڵی ١٩٦١ باڵاوکرایەوە، لەوکاتەدا هۆکاری ئەوەی کەهۆگری مەسەلەی شێتی بووبیت، چیبوو؟

فۆکۆ: بەیانکردنی هۆکارە راستەقینەکانی ئەم مەسەلەیە کارێکی ئاسان نیە، تەنها ئەتوانم لەم زەمینەدا چەند بیرەوەرییەک بگێڕمەوە. یەکەم ئەوەی کەمن هیچ کاتێ هەستم نەئەکرد وەک نووسەر ئەرکێکم لەئەستۆدایە. ئێستاش پێم وانیە نووسین کاری من بێتو قەڵەم بەدەستەوە گرتن –هەڵبەت من تەنها سەبارەت بەخۆم قسە دەکەم– چالاکیەکی بێگەردو رەهایە کەلەهەموو کارێکی تر بایەخی زیاترە. کەواتە ئەوەی سەرنجی منی بەلای ئەم واقیعیەتە لەرادەبەدەرو سەمەرەیە راکێشا، کەناومان ناوە ((زیندان کردن))، تەواوەتی زنجیرەیەک شتو هەلومەرج بوو، وەکو ئەوەی کەمن، یەکەم فەلسەفەو پاشان پاتۆلۆژی دەرونم خوێندبوو، ولەنەخۆشخانەیەکی سایکۆلۆژیدا خولی فێرکاییەکەم تەواو ئەکرد، لەوێدا ئەوشانسەم هەبوو کەنەنەخۆشبووم، نەپزیشک، هەربۆیە ئەم توانی بەبێ ئەوەی پێشتر شتێك لەزەینمدا هەبێتو تارادەیەک، بێ لایەنانەو بەدەر لەچوارچێوەی بنەما باوەکان سەیری مەسەلەکان بکەم. ئەوەی کەزیاتر سەرنجی منی راکێشا، ئەوەبوو کەئەم شێوازی ((زیندان کردنە)) لەلایەن هەردوولایەنەوە بەشتێکی مەعقوول دائەنرێو قبوڵ کراوە..... بەڵام من کەم کەم تێگەیشتم کەئەم شێوازە بەهیچ کلۆجێ مەعقوول نیە، بەڵکو بەسەرهاتێکی درێژی هەیە کەلەسەدەی نۆزدەبەدواوە گەیشتە ترۆپکی خۆی.

---

[1] ئەم گفتوگۆیە لە Michel Foucult. Politics, Phiolosophy, Culture وەرگێڕدراوە. دەقی گفتوگۆکە لەگەڵ پیێەر بۆنسەن (P. Boncenne)دا لەمانگی کانونی دووەمی ١٩٨٤، پاش مەرگی فۆکۆ لەگۆڤاری (L'Express)ی فەرەنسیدا چاپو باڵاوکراوەتەوە. (و.ف)



بۆنسن: ئایا ئەوەی کەمامۆستایەکی فەلسەفە، خەریکی لێکۆڵینەوە لەمەڕ ((مێژووی شێتی)) بێت، نابێتە مایەی سەرسوڕمان؟

فۆکۆ: راستە، ئەمە شتێك نەبوو کەلەبەرئەوەی وەك تێزێکی دوکتۆرا پێشکەش ئەکرێ، شایانی فەیلەسوفیش بێت، هەروەها، خودی خۆم تەنها ئەو کاتەی کەدیم مامۆستاکانم چەند بەپەرۆشەوە قسەکانم وەرئەگرنو هەوڵ ئەدەن لێم تێبگەن، بڕیارم دا کە لەم بارەوە تیزێك بنوسم. بەڵام واباشترە واز لەم مەسەلە بچووكو زانکۆییە بهێنین چونکە بێگومان پرسیارەکەی تۆ لەمانە بالاترە. بابەتگەلێکی لەم چەشنە لەچوارچێوەی زانکۆکاندا بەباشی پێشوازی لێ نەئەکرا، بەڵام شتێکی سەیر کەئێستاش بۆمن مایەی دەردیسەرییە، ئەمەیە کەتەنانەت لەو شوێنانەی کە ئەبێ بایەخ بەم جۆرە بابەتانە بدرێت بەهیچ کلۆجێ پێشوازی لێ ناکەن. بەگشتی مەبەستم ئەو کەسانەیە کەئەکرێ ناوی (٠رۆشنبیرانی چەپگەرا))یان لێ بنێن (بەومەرجەی پابەندی ئەوە بین کە ((رۆشنبیر)) یەکسانە لەگەڵ ((رۆشنبیری چەپگەرا))داو لەو کاتەدا دەسەلاتی رۆشنبیرە چەپگەراکان بەسەر جیهانی رووناکبیریدا نکۆڵی هەڵنەگریوو). بەهەر حاڵ، لەم شوێنانەدا، توێژینەوەکانی من لەمەڕ مێژووی شێتیەوە سەرنج راکێشەر نەبوون، تەنها ئەوکەسانەی کەهۆگری کتێبی لەم بابەتە بوون، کەسانێك بوون وەك بلانشۆ Blanchotو بارس Barthes، کەلەناو جیهانی ئەدەبیاتدا بوون. بەڵام، جگە لەمانە، هیچ گۆڤارێکی رووناکبیریو سیاسی کەشایانی ئەم ناوەبێ، ئامادەنەبوو باسی ئەم کتێبە بکات بەم بابەتەوە. گۆڤارەکانی لێ تامپ مۆدێرن، یان ئیسپرێت، وەك ئەزانن خۆیان لەقەرەی بابەتێکی ئاوها نەئەدا.

بۆنسن: بۆچی؟

فۆکۆ: لام وایە پەیوەندی بەمەوە هەبوو کەمارکسیزم وەك تیۆری گشتگیری کۆمەڵگاو مێژوو وشۆڕشو...تاد بەتەواوەتی دەستی زاڵبوو بەسەر گفتوگۆ سیاسیو تیۆریەکاندا. لەبەر ئەوە، ئەگەر کەسێك بیویستایە ئەم جۆرە بابەتانە بخاتە ناو قەڵەمڕەوی سیاسەتەوە، وەك ئەوە وابوو کەتووشی هەڵەیەکی ناشیرین بووبێت بەرامبەر بەزنجیرەی بەتەرتیب وەرگیراوی بەهاکانی تیورە. (بەرامبەر بە ئەرزشەکانی ئەو تیوریەی کەبەتەرتیب یەك لەدوای یەك لەیەکدییان وەرگرتبوو). هۆیەکی تریش هەبوو کەمن لەوکاتەدا لەبەر زۆر شت ئاگام لێ نەبوو، ئەویش ئەوەبوو کە حیزبە کۆمۆنیستەکانو روناکبیرە چەپڕەوەکانی سەربەئەوان، هەر نەیانویست خۆیان لەقەرەی بابەتی ئاوها بدەن.

بۆنسن: چونکە لەپشت ((مێژووی شێتی))یەوە کێشەی ئەوروپای خۆرهەڵات ئەبینرا؟

فۆکۆ: بەڵێ، وابوو. من ئەو کتێبەم لەپۆڵەندا نوسیو لەوکاتەیشدا نەمەتوانی بیر لەوشتانە نەکەمەوە کە لەدەوروپشتمدا رووی ئەدا. لەرێگەی جۆرە پەیوەندیەکی هاوچەشنانەو ناپێکهاتەوە، هەندێ لێکچوونم ئەبینی، بەڵام باش تێنەدەگەیشتم کەمیکانیزمی زیندانکردنو سەقامگیرکردنی دیسپلینی گشتی لەکۆمەڵگادا، چۆن کار ئەکات. بەواتایەکی تر، نەمەزانی کەلێکۆڵینەوەکانی من لەمێژووی شێتیداو ئەوەی لەدەوروبەرمدا ئەیبینم، چۆن ئەتوانێ لەراڤەیەکی گشتگیردا، —لەکاتی پێکهاتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەوروپا لەسەدەی هەڤدەدا، تا کۆمەڵگا سۆسیالیستەکانی سەدەی بیستەم، خۆی بگونجێنێ. بەڵام کەسانێك بوون کەئەیانزانی! ومن تاماوەیەکی درێژخایەن نەمەزانی کەچ شتگەلێك ئەزانن..... کۆمۆنیست ترین دەروونپزیشکی فەرەنسایی لەدەهەی ۱۹۵۰دا چوو

بووه مۆسکۆو دیبووی کەلەوێ چۆن لەگەڵ نەخۆشە ((دەروونیە))کاندا رەفتار ئەکەن، بەڵام، کەگەڕایەوە، دوو لێوەی نەکردبۆوە. تەنانەت یەک ووشەیش، نەک لەبەر ئەوەی کەترسنۆک بێ، بەڵکو، بەرای من، لەبەر ئەوەی کەکەرامەتی رێی پێ نەئەدا، چونکە زەربەیەکی وای لێکەوتبوو کەنەیەویست هیچ بڵێو هەتا چەند سااڵ دواتریش کەمرد، هیچ شتێکی سەبارەت بەوەی کەدیبووی نەگوت..... کەواتە من بڕوای پتەوم بەوە هەیە کەلەبەر هۆکارە سیاسیەکان نەدەبوو باسی مەسەلەی زیندان کردنو ماهییەتی راستەقینەی شێوازەکانی دەروونپزیشکی کە لەسەدەی حەڤدەوە تائەم سەردەمە لەسەرانسەری ئەوروپا دا باڵوببۆوە، بکرێ.

بۆنسن: بەڵام خۆ دەروونپزیشکەکان نەیاندەتوانی، کتێبەکەی تۆ، واتە مێژووی شێتی، بەیەکجاری پشت گوێ بخەن، هەروەك خۆت ڕوونت کردەوە، لەپێشدا بەرەنگاریو بەربەستی سیاسی لەکاردا بوو. پاشان چی؟ ئایا پاشتر کتێبەکەتیان خوێندەوە، و چاوپۆشییان لەتاوانێ نووسینی کتێبەکە کرد؟

فۆکۆ: بەراستی کاردانەوەکان زۆر سەیربوون. سەرەتا لەاڵیەن دەروونپزیشکەکانەوە هیچ کاردانەوەیەك نەبینرا، پاشان مانگی مەی ١٩٦٨ هاتو ماوەیەك پاش ئەوە لە١٩٦٩دا، دەروونپزیشکەکان بەسەرۆکایەتی مارکسیستەکان لەکۆنفرانسێکدا لەشاری تۆڵۆز لەدەوری یەك کۆبوونەوەو بەدەهۆڵکوتان، منیان بەئایدۆلۆگی بورژواو لەم بابەتانە تاوانبار کردو دادگایەکیان لەدەروونپزیشکەکان پێك هێنا بۆ مەحکوم کردنی ئەو کتێبە. بەاڵم لەو فەترەیەدا ڕووداوەکەی مانگی مەی ٦٨ ڕووی دابوو (لەمانگی مەی ساڵی ١٩٦٨دا زانخوازانی زانکۆ لەفەرەنسا شۆڕشێکیان دژی دەروونپزیشکی بەرپاکرد) پرۆسەی قوواڵی ((دژی دەروونپزیشکی)) لەتێکەاڵوی ناوی لەنگو کوپەر ببوو، وەك بنێشتەخۆشە کەوتبووە سەردەمی هەموو کەس، وسەرنجی کۆی خەڵکی بەالی خۆیدا ڕاکێشابوو. لە١٩٦٨دا، دەروونپزیشکە الوەکان، یان ئەوکەسانەی کەتازە لەگەڵ چەمکی ((دژی دەروونپزیشکی))دا ئاشنا دەبوون، بەئاشکرا دەستیان کردبوو بەریسواکردنی هەندێ لەرەفتارەکانی دەروونپزیشکی. لەپڕ کتێبەکەی منیش بەنووسینێکی ((دژ بەدەروونپزیشکی)) لەقەڵەم درا، ولەبەرئەوە تائەمڕۆیش بەخشیشو لێبوردن شمولی نەکردووم. کەلام وایە شتێکی تر لەمە گاڵتە ئامێزتر نەبووەو نابێ. چەن دەروونپزیشکێك ئەناسم کەکاتێك قسەم لەگەڵ ئەکەنو ئەیانەوێ ناوی کتێبەکەم بێنن، بەهەڵە بەناوی ((وەسفی شێتی)) ناوی ئەبەن. کەبەڕای من هەم گەڵێ خۆشەو هەم زۆریش گاڵتەجاڕ. هەروەها کەسانێکیش ئەناسم کەکتێبەکە بەداکۆکیو لایەنگری لەئەرزشەکانی شێتی لەقەڵەم ئەدەن لەبەرامبەر زانستی دەروونپزیشکیدا... هەڵبەت دیارە کەبەهیچ کلۆجێ لەمێژووی شێتیدا باسی شتی وانەکراوە. کافیە کتێبەکە بخوێنیتەوە تاپەی بەم راستیە ببەیت.

بۆنسن: لە١٩٦٦دا کتێبێکت باڵوبوویەوە بەناوی ((ووشەکانو شتەکان)) کەلەوکاتەوە هەتا ئێستا ناوبانگێکی زۆر هەبووە، ئەم کتێبە دژوار...

فۆکۆ: بەڵێ، راستە، ویارمەتیم بدە هەر خێرا لێرەدا بڵێم کەئەم کتێبە دژوارترینو ماندووکەرترین کتێبێکە تائێستا نووسیومە. مەبەستی جددی منیش لەسەرەتاوە ئەوەبوو کەتەنها نزیکەی دوو هەزار کەسێك لەکەسانی زانکۆو توێژەرو هۆگری هەندێ بابەتی مێژووی ئەندێشەکان بیخوێننەوە. ئەوەی کەبۆچی ئەم کتێبە واخۆشەویست بوو، لای من وەك پەردەك (معما)یەك وایە. منیشو باڵوکەری کتێبەکەیش لەمبارەوە زۆرمان بیر لێکردەوە، چونکە پێش ئەوەی تەنانەت رەخنەو لێکۆڵینەوەیەکی لەچاپەمەنیەکاندا، لەسەر بنوسرێت چاپی سێهەمیشی باڵوکرایەوە.

بۆنسن: بەڵێ، راستە، بەاڵم سەرکەوتنی ئەم کتێبە ناگەڕێتەوە بۆ هەندێ، بەدحاڵیبوونو بەدلێکدانەوەی؟ قاموسی بچوکی الرۆس بەنمونە ئەهێنمەوە کە هەموو ساڵێك سەد هەزار دانەی لێ ئەفرۆشرێت، ئەمەیش بابەتێکە کەلەو قاموسەدا نوسراوە: ((میشیل فۆکۆ..... بناغەدانەری جۆرێك فەلسەفەی مێژوو کەبنەڕەتەکەی پچڕپچڕ بوونە)). ئەزانم کەخودی جەنابت هەرگیز لەگەڵ ئەو فۆرمەلەدا نیت. لەبەرچی؟

فۆکۆ: ئەم بیرە -واتە تەسەوری ((دابڕان)) یان ((پچڕپچڕبوون))- لەگفتوگۆ لەوشەکانو شتەکاندا بەشێوەی یەکێك لەدەمارگیریەکان (یان ((دۆگماکان))) دەرهاتووە. بەاڵم ئایا ئەبێ من بەڕپرسیار بم؟ کتێبەکە لەراستیدا پێچەوانەی ئەوشتەیە، ببورن کەدەمارگیرانە قسەئەکەم، بەاڵم

کافیە سەرنجێکی زەمینەی، باسەکانی من لەکتێبەکەدا بدەن –لەمەڕ مێژووی بیۆلۆژی، مێژووی ئابووریی سیاسی، یان مێژووی ڕێزمان– تاکو بۆتان دەرکەوێ چاوتان بەم دابڕانانە، یان ئەم پچڕپووناندە بکەوێت، ئاکامی مەسەلەکە بۆنمونە ئەوەبووە کەفلان کتێبی پزیشکی کەهی سالی ١٧٥٠یە، بەڕای ئێمە لەشتێکی گاڵتەجاڕی فەرهەنگی فۆلکلۆر زیاتر نیەو تەقریبەن ئێمە هیچی لێ تێناگەین. لەلایەکی ترەوە پاش هەفتا ساڵ واتە لەدەوروبەری سالی ١٨٢٠دا، کتێبگەلێك لەمەڕ پزیشکیەوە دەرئەچن کەگەرچی بەڕای ئێمە پڕن لەهەندێ شتی ناراستو کەموکووڕ، یامەزەندەو ناپوخت، بەاڵم ناوەرۆکەکەی زانستێکە لەجۆری زانستی خودی ئێمە. لێرەوە، لەووشەکانو شتەکاندا، من ئەم دابڕانە ئاشکرایەم کردوەتە سەرەتاو لەخۆمم پرسیوە: ئایا ئەم دابڕانو پچڕانە، بەراستی دابڕانە؟ یان بەواتایەکی وردتر، پرسیومە بۆ ڕۆیشتن لەزانستێکەوە بۆ زانستێکی تر، پێویستمان بەچ گۆڕانکاریگەلێك هەیە؟، بەرای من، ئەمە بەهیچ شێوەیەك بەمانای ڕاگەیاندنی پچڕپچڕ بوونی مێژوو نیە، بەپێچەوانەوە، ئەمە یەکێکە لەڕێگاکانی خستنەڕووی ئەم مەسەلە کەدابڕان یان پچڕپچڕبوون بابەتەو لەوەیش باڵاتر بابەتێکە کەئەبێت یەك لایی بکرێتەوە. کەواتە، شێوەی مامەڵەی من راست پێچەوانەی ((فەلسەفەی دابڕانو پچڕپچڕبوون)) بووە. بەاڵم چونکە کتێبەکە بەراستی کتێبێکی دژوارەو چمکە ئەوەی زووتر لەهەمووشتێك بەرچاو ئەکەوێت جەختی خێراو ڕەنگە مبالغەئامێزە لەسەر نیشانەڕووکەشیەکانی ئەم دابڕانانە کەبۆ لایەنی فێرکاریەکەی هاتووە، گەڵێ لەخویچنەران چاویان بەهیچی تر نەکەوتووەو نەیاندیوە کەئامانجی کتێبەکە کتومت دەستپێکردن بووە لەم دابڕانە ڕواڵەتیانەوە بەمەبەستی نەهێشتنیان (کەبەهەر حاڵ نوسەرانی مێژووی بایۆلۆژی یان پزیشکی، یان ڕێزمان، بەرای من دەربارەی ئەوانە هاودەنگ بوون)

بۆنسن: پاش ووشەکانو شتەکان (کەپاشتر بەکتێبی دێرینەناسی زانست کاملّت کرد) لە١٩٧٥دا کتێبی ((چاودێری وسزاکان))تان باڵوکردەوە، بابڵێین ووشەکانو شتەکان کتێبێکی دژوار بوو، بەاڵم چاودێریو سزاکان ڕووی دەمی لەجەماوەرێکی گەڵێ زیاتر بوو.

فۆکۆ: سەبارەت بەچاودێریو سزاکان مەبەستی من نوسینی کتێبێك بوو دەربارەی ئەو چالاکییە بەرچاوانەی ئەوکاتە کەلەزەمینەی مەسەلەی زیندانەکاندا لەئارادابوو. بزاڤێك سەریهەڵدابوو کەلەبنەڕەتدا سەبارەت بەسیستمی زیندانو شێوازەکانی گرتنی تاوانباران، گەڵێ گومانو پرسیاری جدیو قووڵی ئەخستە روو. منیش لەم بزاڤەوە گلامو بەیارمەتی کۆنە زیندانیەکان دەستم بەچالاکی کردو لەم ڕووەوە ویستم سەبارەت بەزیندان کتێبێك بنوسم. ئەوەی کەئەمویست بیکەم گێڕانەوەی بەسەرهات‌و تەنانەت لێکدانەوەی بارودۆخی ئەوکاتە نەبوو، چونکە کارێکی لەوبابەتە پێویستی بەئەزموونێکی گەڵێ زیاتر لەئەزمونی منو هەروەها پەیوەندیەکی قووڵتر لەپەیوەندیەکەی من هەبوو لەگەڵ زیندانەکاندا. ئامانجی من نوسینی مێژوویەك بوو کەبارودۆخی ئەوکاتە زیاتر قابیلی تێگەیشتن بکات وئەگەری ڕابوونی هەبێت. بەواتایەکی تر، ئەمویست ((گوتارێك سەبارەت بەتوانای دەرکی)) چۆنیەتی زیندانەکان بنوسمو ئەو بارودۆخە قابیلی تێگەیشتنو هەروەها قابیلی ڕەخنەگرتن بکەم.

بۆنسن: قابیلی تێگەیشتن کردنی چۆنیەتی زیندانەکان بەمانای ئەوە نەبوو ڕووی دەمت بکەیتە خوێنەرانێکی زیاتر؟

فۆکۆ: با، بێگومان ئەمە یەکێك بوو لەلایەنە زۆر گرنگەکانی کتێبەکە. بەرای من چاودێریو سزاکان بۆ خوێنەرکتێبێکی دژوار نیە، وهیوادارم وابێت. هەرچەندە هەوڵیشم داوە وردیو وردەکاریەکانی مێژووی تیادا پێشێل نەکرێ. بەهەرحاڵ ئاگادارم کەزۆر کەس ئەم کتێبەیان خوێندوەتەوە کەنەبەمانای وردی وشەکە ئاکادیمیو توێژەرنو نەبەمانای پاریسییەکەی ئەم وشەیە، ڕوناکبیر. ئاگاداری ئەوەیش هەم کەزۆر لەو کەسانەی کەپەیوەندیان بەزیندانەوە هەیە وەك پارێزەرانی دادگاکان، کاربەدەستانی پەروەردەو فێرکردن، ئەوانەی زیندانەکان بەسەر ئەکەنەوەو ئەچنە دیدەنی زیندانیەکانو تەنانەت خودی زیندانیەکانیش، ئەو کتێبەیان خوێندۆتەوە. منیش هەر لەسەرەتاوە ڕووی دەمم لەوجۆرە کەسانە بووە، چونکە حەزم ئەکرد جەماوەرێکی زیاتر لە –تەنها زانخوازان، یان فەیلەسوفەکانو مێژوونوسان– چاودێریو سزاکان بخوێننەوە. بۆمن گەڵێ مایەی خۆشحاڵیە ئەگەر پارێزەرێکی دادگا چاودێریو سزا وەك گوتارێك بخوێنێتەوە کە دەربارەی مێژووی شێوازی سزاکان

نوسرابێت. هەروەها کەزۆر خۆشحاڵم بەوەی کەمێژوونووسان عەیبێکی گەورەیان تێدا نەدیوەو زیندانیەکانیش لەبەندەکانیاندا ئەیخوێننەوە. ئەمەی کەکتێبەکە شیاوی هەردوو گروپی خوێنەران بێت گەلێ گرنگە، هەروەها کەکۆردنەوەی ئەم دووانە، بۆمن کارێکی ئاسان نەبوو.

بونسن: بابێینە سەر تازەترین کتێبت، ئیرادەی سەربەزانین، کەبڕیارە بەرگی یەکەمی، بەرهەمێکی گەورەتر بێت بەناوی ((مێژووی رەگەزایەتی)). ئەم توێژینەوە لەمەڕ مەسەلەی رەگەزەوە چۆن ئەتوانی لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووتا پەیوەندی هەبێت؟

فۆکۆ: لەو لێکۆڵینەوانەی کەدەربارەی شێتی، یان زیندان ئەم کردن، وام بۆ دەرکەوت کەتەوەرەی هەموو شتێك ئەم مەسەلەیە، کەهێز چیە؟ یان بەواتایەکی وردتر، هێز چۆن بەکارئەبرێت،و کاتێ کەکەسێك هێز بەکارئەبات بەرامبەر بەکەسێکی تر، بەراستی چ پرۆسەیەك رووئەدات؟ چونکە مەیلەسێکسیەکان لەهەموو کۆمەڵگایەکدا، بەتایبەت کۆمەڵگای ئێمە، بەشێوەیەکی توندوتیژ کۆنترۆڵ دەکرێن، بەرای من زەمینەیەکی باشن بۆ تاقیکردنەوەی ئەم مەسەلەیە کەبەراستی هێز چیەو چ دەورێك ئەبینێ، بەتایبەت لەبەر ئەوەی لەلێکدانەوەی ئەم مەسەلەیە کەبەراستی هێز چیەو چ دەورێك ئەبینێ، بەتایبەت لەبەر ئەوەی لەلێکدانەوەکانی بێاو لەشەستەکاندا، هێز، بەهۆکارێکی بەرهەڵستکار ئەناسێندراو دەیانگوت هێز ئەو شتەیە کەئەبێتە لەمپەرو نایەڵێ خەڵکی فلان کار بکەن. بەڵام بەرای من ئەمە بوو کەهێز، شتێکە زۆر لەمانە ئالۆزتر.

بۆنسن: بۆ لێکدانەوەی هێز، لەپێش هەموو ئەزمونێکو بەگوێرەی پێناسە ئەبێ ببەسترێتەوە بەسەرکوتکردنەوە...

فۆکۆ: تەواو راستە...

بۆنسن: هەربۆیە تۆ لەکتێبی چاودێریو سزادا زیندانەکانت وەك بەڵگە هێناوەتەوەو پیشانت داوە کە، لەفلان کاتی دیاریکراودا، چاودێری زۆر باشتر بەهانای هێزەوە دێتو سودبەخشترە بۆی تا سزا. لەئیرادەی سەربەزانستدا، سێکسست بەنمونە هێناوەتەوەو ویستوتە پیشانی بدەی کە، قبوڵکردنی مەیلە سێکسیەکان گەلێ سودبەخشترە بۆ هێز تاکو قەدەغەکردنی، ئایا وانیە؟

فۆکۆ: گەلێجار ئەڵێن کەلەکۆمەڵگای ئێمەدا خەڵك ناوێرن دەربارەی سێکس قسەبکەن. بەڵێ، هەڵبەت راستە کەخەڵك ناوێرن هەندێ شت بڵێن، بەڵام ئەوەی کەسەرنجی منی راکێشا، ئەوەبوو کە، کاتێك دەبینین لەسەدەی دوانزەدا هەموو کاسۆلیکەکانی خۆرئاوا ناچاربوون مەیلە سێکسیەکانو هەموو تاوانەکانی خۆیان لەم زەمینەدا -چ بەکردەوە بووبێو چ بەبیرکردنەوە- قبوڵ بکەن، ئیتر ناتوانین بڵێین کەباسی بابەتی سێکسی بەجارێ قەدەغە، یان سەرکوتکراوە. بەڵام باسکردن لەمەسەلەی سێکس شێوازێکی تایبەتی هەبووەو لەچوارچێوەی کۆمەڵێ بنەمای دەستوری دیاریکراودا ئەنجام دراوەو، بەرای من، لەخۆرئاوادا تەنانەت پەرەی پێدراوە. ئەوەی کەبۆمن زۆر مایەی سەرسوڕمان بوو، ئەوەبوو کە ئەم مەسەلەی زۆرو کەم ئاشکراو روونە، بەهیچ کلۆجێ باش وەرنەگیرا. بەڵام لام وایە دیسان، لێرەشدا دیسان رووبەڕووی نرخدانان بووینەتەوە، بەو مانایەی کە دەگوترێ هێز بەناچار سەرکوتکەرە، وچونکە هێز خراپە، ناچار ئەبێ هۆکارێکی سەلبی بێتو لەم بابەتانە... هەڵبەت کەشتەکە وای لێهات، باسکردنی مەیلی سێکسیو مەسەلەی سێکسی، لەخۆیدا یەکسانە لەگەڵ رزگاربوون لەکۆتو بەند، بەڵام رای من ئەوە بوو کەمەسەلە مانەیش قوڵترو ئالۆزترە.

بۆنسن: تۆ لە ١٩٧٢، لەگفتوگۆیەك لەگەڵ ((ژیل دۆلۆز))دا شتێکت گوت، تۆ گوتت: ((نهێنی گەورە لەئێستادا ئەوەیە کەهێز لەکوێو بەدەستی کێ بەکارئەبرێت؟ کەمو زۆر دەزانین کەئەمڕۆ کێ زیاتر سوود ئەبات، سوودەکان بەرەو کوێ ئەچن، بەدەستی کێ ئەگەنو دووبارە لەکوێدا وەك سەرمایە بەکار دەبرێن. بەڵام سەبارەت بەهێز... تەنها ئەوە ئەزانین کەبەدەست ئەوانەوە نیە، کەحوکم ئەکەن. چەمکی (چینی دەسەڵاتدار) نەروونەو نەهێندەش پەروەردە کراوە...)) دەکرێت لەسەر ئەم لێکدانەوەی کەسەبارەت بەهێز کردووتە رووبکردنەوەیەکی چڕتر بخەیتە بەردەست؟

فۆکۆ: بێ پەروایە ئەگەر بڵێم سەبارەت بەم مەسەلە ئەمڕۆ بیرم رووناکترە لەوکاتە، من ئێستاش لەو باوەڕەدام کە هێشتا ئەو دەرکەمان لاوازە کەهێز لەکۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگای ئێمەدا لەچ ڕێگایەکەوە بەکار ئەبرێو چ کردەوەیەکی هەیە، هەڵبەت لەسۆسیۆلۆژیدا هەندێ لێکۆڵینەوە هەیە کە پیشاندەری ئەوەن کەلەحاڵی حازردا چ کەسانێ بەسەر پیشەسازیدا دەسەڵاتیان هەیەو

سیاسەتمەداران چۆن پێك دێن و پەروەردە ئەكرێن و لەكوێوە دێن.

هەروەها لێكۆڵینەوەی گشتگیری تر هەیە، كەزۆربەیان لەماركسیزمەوە، وەرگیراون، كە دەربارەی دەسەلاّت و سەروەری چینی بۆرژوان لەكۆمەڵگای ئێمەدا. بەڵام بەرای من، لەژێر ئەم سەرپۆشە گشتگیرەیشدا، مەسەلەكە گەلێ ئاڵۆزو قوولّترە. لەكۆمەڵگای پیشەسازی خۆرئاوادا، خەڵك بەهێزترین هەستیان بەرامبەر بەم مەسەلەیە هەیە كە، ((هێز بەدەستی كێو چۆن و لەبەرامبەر چ كەسانێكدا بەكار ئەبرێ؟)) ئێستا ئیتر كێشەی هەژاری، كەلەسەدەی نۆزدەدا وەك كابووسی[2] لێهاتبوو، لانی كەم ئەمڕۆ لەوڵاتە خۆرئاواییەكاندا، ئەو بایەخە گرنگەی نەماوە. پرسیاری ئەمڕۆ ئەوەیە كە: كێ لەجیاتی من بڕیار ئەدات؟ كێیە ناهێڵێ من فلاّن كار بكەم و پێم ئەڵێت ئەوكارەی تر بكە؟ كێ بەرنامەی كارو كردەوەی من دائەڕێژێ؟ كێ من ناچار ئەكات لەفیسار شوێندا بژیم لەحاڵێكدا من لەشوێنێكی تردا كار دەكەم؟ئەم بڕیارانە كەلایەنەكانی ژیانی من پێك دەهێنن چۆن دەرەكرێن؟ بەرای من، پرسیارە بنەڕەتیەكانی ئەمڕۆ، ئەمانەن، وەلاّم وانیە ئەم مەسەلەیە كە ((هێز بەدەستی كێ جێبەجێ ئەكرێت)) قابیلی یەكلایی كردنەوە بێت مەگەر بابەتە پەیوەندی دارەكانی تریش بەم مەسەلەوە یەكلایی بكرێتەوە. بێگومان ئەبێ بزانین كارەكان بەدەست كێوەن، هەروەك ئەوەی ئەزانین بۆ هەندێ كار بۆ نمونە ئەبێ بچینە لای وەزیرو جێگرەكەی و سكرتێرە تایبەتیەكانیان. بەڵام گرفتی گەورەیش ئەمە نیە، چونكە ئەزانین تەنانەت ئەوكاتەیش كەبتوانین راست پەنجە بنێینە سەر ئەم كەسانەو هەموو ئەم ((بڕیاردەر))انە، دیسان نازانین ئەم بڕیارانە چۆن و بۆچی دەركراون، چۆن چۆنی هەموویان قبوڵ كراون، وهەروەها نازانین چۆن ئەم بڕیارانە زیان بەگروپێك ئەگەیەنن و زۆرشتی تر لەم بابەتانە.

بۆنسن: كەواتە، بەبێ ئەو شتەی كەتۆ ناوی ((ستراتیژی هێز))ت لێناوە، لەهێز كۆڵینەوە ئەستەمە...

فۆكۆ: بەڵێ، بەبێ ستراتیژی و تۆڕەكان و سیستەم و هەموو ئەو تاكتیكانەی كەبەیارمەتی ئەوان بڕیارێك قبوڵ ئەكرێ و هیچ بڕیارێك بەهەمان شێوەو لەڕێگەی ئەوانەوە نەبێ دەرناكرێ (لەهێز كۆڵینەوە ئەستەمە).

بۆنسن: هەموو لێكدانەوەكانی ئێوە بەرەو ئەو ئەنجامانەمان ئەبات كەهێز لەهەموو جێگایەكدا هەیە، تەنانەت لەدەزولەكانی لەشماندا و بۆ نمونە لەرەگەزدا (جنسیت). ماركسیزم لەبەر ئەوە رەخنەكراوەكە، هەموو شتێك لەچوارچێوەی ئابووریدا راڤە ئەكات و سەرەنجام هەموو شتێك بەرەو ئابووری ئەبات. پێت وانیە كەرەخنە لەتۆیش بگیرێت؟ لەبەر ئەوەی كەلەهەموو شوێنێكدا هەر هێز ئەبینی و هەموو شتێك لەكۆتاییدا ئەبەیتەوە بۆ هێز؟

فۆكۆ: ئەم پرسیارە زۆر گرنگە. بەرای من ئەومەسەلەی كەئەبێت یەكلایی بكرێتەوە، مەسەلەی هێزە. بۆنمونە، زیندان بهێنە بەرچاوی خۆت، من ئەمەوێت لەمە بكۆڵمەوە كەچۆن بوو ئینسان، لەم سەردەمە دواییانەی مێژووda، لەجیاتی ئەشكەنجەو دوورخستنەوە، زیندانی بەكارهێنا بۆ سزادان. مەسەلە لێرەدایە كە، مێژوونووسان و ئەنترۆپۆلۆژیست–ی بلیمەت سەربە قوتابخانەی فرانكفۆرت لەئەڵمانیادا، پاش لێكۆڵینەوە لەمەسەلەكە بەم ئەنجامە گەیشتوون كە: چونكە لەكۆمەڵگای بۆرژوازی و سەرمایەداری و پیشەسازیدا ((كار)) بایەخی گرنگی پێ ئەدرێت، بڕیار لەسەر ئەوە درا، كە بەقازانجترین سزا بۆ تاوانباران، مەحكوم كردنیانە بەكاری زۆرە ملی. بەڵام چۆن بتوانن ناچاریان بكەن بەم كارە زۆرەملێیە؟ لەڕێگەی زیندان كردنیان و ناچاركردنیان بەفلاّن سەعات كار لەرۆژدا. ئەمە پوختەیەك بوو لەروونكردنەوەی ئەو مەسەلە، كە میژوونووسان و ئەنترۆپۆلۆژیست–ە ئەڵمانیەكان بەدەستیانەوە دابوو. ئەمە روونكردنەوەو بەیانكردنێكی ئابووریانەیە. بەڵام بەتەواوەتی ئەم بەڵگەكارییانە قایلیان نەكردووم، لەبەر ئەم هۆیە بەهێزانە..... هەرگیز تائێستا كەسێك لەزیندانداكاری نەكردووە، سودبردن لەكار، لەزیندانداء هەمیشە زۆر زۆر كەم بووە، كاركردن تەنها بۆ ئەوە بووە كەكار بكەن. باوردتر سەیری مەسەلەكە بكەین. كاتێ سەرنج ئەدەین كەچۆن لەكۆتایی سەدەی حەفدەداء بڕیار درا كەزیندانكردن وەك شێوازێكی سەرەكی سزادان هەلبژێردرێت،

---

[2] كابووس: Caboos– وشەیەكی لاتینەو بەمانای خەونو خەیاڵی ناخۆشو ترسناكو تۆقێنەرە كەگەلێ جار لەخەودا بەسەر مرۆڤدا زاڵ ئەبێو ئاسودەیی لێ ئەشێوێنێ.

دەبینین ئەوەی کەرێگەی داوە، خەڵك لەجێگەیەکی دیاریکراودا رابگرن‌و ناچاریان بکەن بەچەند جوواڵەو خوویەکی دیاریکراو، تەنها گەشەو کاملبوونی تەکنیکی جۆراوجۆربوو، بەکورتی، جۆرێك ئەدەب کردن بوو. بەم جۆرە ئەبینین کە شێوە پادگان (معسکر)ێك دروست بوو کەپێش کۆتایی سەدەی حەفدە نەبوو. دەبینین کەجۆرێك قوتابخانەی شەوانە رۆژی گەورە، لەجۆری قوتابخانە زۆرەملیەکان، دروست ئەبن کەلەسەدەی حەفدەدا هێشتا دروست نەکرابوون. لەسەدەی هەژدەدا دەبینین کەگەلێ کارگەی گەورە پەیدا ئەبن کەبەسەدان کرێکار کاری تێدا دەکەن. کەواتە، ئەوەی کەلێرەدا ئەیبینین، پەیدابوون‌و پەروەردەکردنی تەکنیك گەلێکە بۆ کۆنترۆڵ کردن‌و ئەدەب کردنی مرۆڤ لەرێگەی دیاریکردنی جێگاو بەندکردن‌و چاودێری بەردەوام بەسەر رەفتارو ئەرك بەجێ هێنانیدا، بەکورتی هونەری ((بەڕێوەبردن))ەو زیندان تەنها دیاردەیەکی ئەو هونەرەیە ئاکامی گشتگیرکردنی ئەو هونەرەیە لەقاڵەمڕەوی سزاداندا. سەروبەری هەموو ئەم هونەرو تەکنیکانە بۆ فێرکردنی تاکەکان (خەڵکی) چیە؟ من ئەم مەسەلەم لەچاودێری‌و سزادا بەروونی بەیان کردووە: سەبارەت بەکارگەکان، دیارە ئەم تەکنیکە نوێیە، لەگەڵ پێداویستیەکانی ئابووریی بەرهەمهێناندا دەگونجێن، سەبارەت بەپادگانەکانیش، پەیوەندیان هەم بەمەسەلە زانستیەکان‌و هەم بەمەسەلە سیاسیەکانەوە هەیە، واتە دروست بوون‌و گەشەکردنی ئەرتەش (جەیش)ی کارامە، کەئەندامەکانی دەبێ ئەرکی دژوار بەجێبهێنن بۆ نمونە، فێری تەقاندنی تۆپ بین. لەمەڕ قوتابخانەکانیشەوە، تەکنیکە نوێکان بەمەسەلەی ئابووری‌و سیاسیەوە ئەبەستێنەوە، لەکتێبەکەمدا، باسی هەموو ئەمانەم کردووە، بەڵام هەوڵی ئەوەیشم داوە کەپیشانی بدەم لەسەدەی هەژدە بەم لاوە، راست بیر لەوە ئەکرایەوە کە، چۆن دەکرێ ئەم شێوازە نوێیانەی فێرکردنی خەڵکی‌و هێز بەکاربردن بەسەریاندا، فراوانترو گشتگیرتر بکەن‌و باشتریش بکرێ. بەواتایەکی تر لەهەموو شوێنێکدا ریشەو رەگەزی ئابووری‌و سیاسی ئەم شێوازانەم پیشان داوە. هەڵبەت نالێم کەهێز لەهەموو کەلێن‌و قوژبنێکدا هەیە، بەڵام لەو باوەڕەدام کەئەم تەکنیکی نوێی فێرکردنە جۆرە خەسڵەتێکی دیاریکراوی تێدایە، بەڕای من، شێوازە بەکاربراوەکان، لەسەرەتاوە تا بەمەرجی‌کردنی رەفتاری تاکەکان خاوەنی مەنتیقن،‌و پەیڕەوی جۆرە عەقڵانێك ئەکەن‌و هەموویان لەسەر یەکتر داڕێژراون‌و چینێکی تایبەت پێك دەهێنن.

بۆنسن: کەواتە، لەخاڵێك بەولاوە، ((تەکنیکی دیاریکراوی هێز)) (بەگوتەی خۆتان) بەڕواڵەت ئۆتۆماتیك‌و بەبێ هیچ پاساوێکی ئابووری، درێژە بەکاری خۆی دەدات.

فۆکۆ: هاندانی بەندیەکان بۆ کار لەزیندانداهیچ هۆیەکی ((عەقڵی)) ئابووری نەبوو، وەهەرچەن وەك لایەنی ئابووری هیچ کەڵکی نەبوو، کەچی، هەربەڕێوەش ئەچوو. لەچەشنی ئەم شێوازی هێز بەکاربردنە زۆر بینراوە کەهیچ پاساوێکی ئابووریان نەبووە،‌و بەڵام، سەپێندراون بەسەر رێکخراوەدادوەرییەکاندا.

بۆنسن: یەکێك لەو مەسەلانەی کەئێوە بڕواتان پێیەتی، ئەوەیە کەستراتیژیەکانی هێز ئەبنە هاندەری زانست،‌و بەپێچەوانەی بیروبۆچوونە تەقلیدیەکانی باو، لەوە ناچێ هێزو زانست، پێکەوە دژایەتیان هەبێت.

فۆکۆ: فەیلەسوفەکان‌و تەنانەت هەموو رووناکبیرەکانیش هەوڵ ئەدەن کەمەودایەکی بێ بوار بخەنە نێوان قەڵەمڕەوی زانست –واتە، بەگفتی خۆیان، قەڵەمڕەوی حەقیقەت‌و ئازادی– و سنووری بەکاربردنی هێزەوە، تاکو بەم شێوەیە پاساوێك بۆ ناسنامەی جیاوازو دیاریکراوی خۆیان بهێننەوە. لەکاتی تێڕوانین لەزانستە ئینسانیەکان، ئەوەی سەرنجی منی راکێشا ئەمە بوو کە، گەشەو بەرفراوان بوونەوەی ئەم لقانەی زانست، بەهیچ کلۆجێ لەمەسەلەی بەکاربردنی هێز قابیلی جیاکردنەوە نیە. بێگومان هەمیشە دەتوانین تیوریگەلێك لەسایکۆلۆژی، یان سۆسیۆلۆژیدا پەیدا بکەین، کەلەهێز جیاوازو سەربەخۆن، بەڵام راستی ئەوەیە کە دەکرێ بەشێوەی گشتی کۆمەڵگاکان بخەینە ژێر چاودێری زانستیەوە. لەخاڵێکی دیاریکراو بەم لاوە، رەفتاری مرۆڤ شێوەی مەسەلەیەکی بەخۆوە گرت کەپێویستی بەلێکدانەوەی یەکلایی کردنەوە بوو، بەرای من هەموو ئەم رووداوانەیش بەسیستمی هێزەوە بەستراوە کەلەساتەوەختێکی تایبەتدا، بەکردەوە کۆمەڵگاو مرۆڤ ئەم شتانەی راڤەو بەرجەستە کردو کردیە مەسەلەیەك کەدەبووایە یەك لایی بکرێتەوە. کەواتە، زانستە ئینسانیەکان لەگەڵ جێگیربوونی سیستمی هێزدا پەیدابوون.

بۆنسن: لێکدانەوەی ئێوە لەسەر پەیوەندی نێوان زانستو هێز (زانین‌و توانین)، لەسنووری زانستە ئینسانیەکاندایە، بەڵام ئایا پەیوەندی بەزانستە وردەکان (علوم دقیقە)یشەوە هەیە؟

فۆکۆ: نەء، نەء، بەهیچ کلۆجێ. من هەرگیز بانگێشەی شتی واناکەم، وهەروەك دەزانی من ئەزموون بەرەگەز دەزانم‌و ئەزمونگەرایشم‌و بەبێ ئەوەی بزانم شتێك بنەمای راستی هەیە یان نەء، بڕوای پێ ناهێنم. لەگەڵ ئەمانەیشداو لەوەڵامی پرسیارەکەی تۆدا ئەبێ ئەمە زیاد بکەم کەگەڵێ جار جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە بۆنمونە بەبێ پەیدابوون‌و فراوان بوونەوەی پێداویستیە پیشەسازیەکان، زانستی کیمیا نەشونمای نەدەکرد، ئەمە راستی‌یەکەو سەلمێندراوە. بەڵام ئەوەی کەلێکدانەوەی سەرنج راکێشترە، بەرای من ئەوەیە کەچۆن زانست (Science) لەئەوروپادا بەشێوەی هێز، حاڵەتێکی بنەمایی پەیداکردووە. تەنها ئەمە بەس نیە کەبڵێین زانست بریتیە لەکۆمەڵێك شێوازو ڕێباز بۆ پوچەڵکردنەوەکان یان سەلماندنی هەڵەکان، یان ڕوونکردنەوەی ئەندێشە پوچە گشتیەکان‌و شتی لەم بابەتە. هەروەها زانست هێز بەکارئەهێنێ، یان بەواتایەکی تر، ئەگەر نەتەوێ بڵێین، هەڵە ئەکەیت، یان لەوەیش خراپتر، ئەگەر ناتەوێ بڵێین، مرۆڤێکی ساختەچی‌و فێڵبازی‌و ڕەتت نەکەنەوە، زانست بەمانای حەقیقی ئەو هێزەیە کەناچاری ئەکات هەندێ شت بڵێیت. لەڕێگەی سیستمی زانکۆیی‌و لەڕێگەی دەزگا پڕ کۆت‌و بەندو سنورداەکانی تاقیگەکان‌و تاقی‌کردنەوەوە، زانست بووە بەهێزێك کەبنەماو بونیادی هەموو شتێکە.

بۆنسن: ئایا زانست هاندەری ((حەقیقەتگەلێك)) نیە کەئێمە لەبەرامبەریاندا مل کەچین؟

فۆکۆ: دیارە کەهەیە. بێگومان حەقیقەت جۆرێکە لەجۆرەکانی هێز. هەڵبەت ئەم قسەیە لەڕاستیدا هێنانە ئارای یەکێك لەکێشە بنەڕەتیەکانی فەلسەفەی خۆرئاوایەو هێنانە گۆڕی ئەم مەسەلەیە کەئێمە بۆهێندە شەیدای حەقیقەتین؟ بۆچی حەقیقەت،و بۆچی درۆ نەء؟، بۆچی حەقیقەت‌و وەهم‌و خەیاڵ نەء؟. من لام وایە لەجیاتی هەوڵدان بۆ پەی‌بردن بەحەقیقەت (بەجیاکردنەوە لەهەڵە) ڕەنگە باشتر وایە دووبارە پرسیارەکەی نیچە بخەینەوە ڕوو بپرسین: چۆنە وا لەکۆمەڵگای ئێمەدا ((حەقیقەت)) بایەخێکی ئاوهای پەیدا کردوەو ئێمەی کردوەتە ڕادەستی خۆی؟

بۆنسن: ئێوە ((ڕوناکبیری گشتی)) سەردەمە ڕابردووەکان کەلەسەر هەموو شتی جیهان دادوەڕی‌یان ئەکردو بیروڕایان دەرئەبڕی‌و ((ڕوناکبیرانی نوێ)) واتە ڕوناکبیرانی پسپۆڕ لەبواریکدا، لەیەك جیا ئەکەنەوەو بەجیاوازیان ئەزانن، ئەکرێ هەندێك ئەم جیاوازی‌یەمان بۆ ڕوون بکەنەوە؟

فۆکۆ: لەڕوانگەی سۆسیۆلۆژی‌یەوە، یەکێك لەو تایبەتمەندیە گرنگانەی گۆڕانکاریە دواییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، پەیدابوونی شتێکە، کەدەتوانین بەناو جۆراوجۆری وەك تەکنەلۆژی‌و پشت مێزنشینی‌و بەشی خزمەتگوزاری‌و...هتد ناوی بەرین. سەبارەت بەهەر کام لەم چالاکیانە، بەرای من، لەلایەکەوە ڕەنگە بتوانین چۆنیەتی پرۆسەی ئەو چالاکیە تایبەتە فێر ببین‌و لەسنوریدا بتوانین کاریکەین –(بەواتایەکی تر، وەك دەروونپزیشك یان ماف زان، یان ئەندازیار یان تەکنیك کارێك خەریکی کاری خۆمان بین)– ولەلایەکی ترەوە ئەگەری ئەوە هەیە کەلەو زەمینەدیاریکراوەدا کارێك بکەین کەبکرێ بەمانای تایبەت ناوی بنێین کاری ڕوناکبیری یان کارێکی لەگەوهەردا ڕەخنەگرانە. کاتێك ئەڵێم ((ڕەخنەگرانە)) مەبەستم ((تێکدان))و ((ڕووخاندن))، واتە وەلانان‌و ڕەتکردنەوەو بەرگریکردن نیە، مەبەستم توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیە، واتە تائەو جێگەی پێمان دەکرێ سیستمی ئەو ئەزرشانەی کەلەکاتی تاقیکردنەوەو نرخاندندا پەیڕەویان ئەکەین، هەڵبسەنگێنین. بەمانایەکی تر، هەرکە لەبواری خۆیدا لەخۆی بپرسێ: لەم کاتەدا کەمن ئەم کارە ئەکەم، بەراستی خەریکم چی دەکەم؟ نزیکەی پانزە ساڵە، بایەخی ئەم کارە دەرکەوتووە. دەروونپزیشك‌و دکتۆرو مافزان‌و دادوەرەکان، کارو پیشەکەی خۆیان ئەدەنە بەر لێکۆڵینەوەو پرسیارگەلی ڕەخنەیی،و ئەمەیش یەکێکە لەڕەگەزە سروشتیەکانی ژیانی ڕوناکبیری. بەرای من، ڕوناکبیرێك، ڕوناکبیرێکی ((پیشەیی)) (Professional)– بۆنمونە مامۆستایەك، یان ئەو کەسەی کە نوسەرە– لەو زەمینە باسکراوانەدا، ئاسانتر دەتوانێ، سنوری چالاکی خۆی، یان ئەو واقیعیەتەی کەبۆی دەگەڕێ، بدۆزێتەوە.

بۆنسن: ئایا تۆ خۆت بەرووناکبیرێکی پسپۆڕ ئەزانی؟

فۆکۆ: بەڵێ، وایە، من لەسنورێکی دیاریکراودا کارەکەم و نیازی ئەوەیشم نیە تیۆری دەربارەی جیهان دابنێم. کەسێك کەبەکردەوە لەقەڵەمڕەوێکی تایبەتدا کار دەکات. تەنها لەم رێگەوە کە روانگەیەکی تایبەتی پەیداکردبێت ئەتوانێ ئەوکارە بەئەنجام بگەیەنێت.

بۆنسن: کاتێ کە (برنارد پی‌ڤۆ Bernard Pivot) بانگێشی کردی بۆ بەرنامەی (ئاپۆستڕۆف Apostrophes) بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبی ((ئیرادەی سەربەزانست))[3]، تۆماوەی کاتەکەی خۆتت، لەپێناوی ئەوەدا بەخشی کەسەرنجی بینەران بەلای رووداوەکانی دکتۆر (ستەرن Dr. Stern)دا رابکێشی کەکاریەدەستانی سۆڤیەت زیندانیان کردبوو.

فۆکۆ: نامەوێت هیچ تەمومژێك سەبارەت بەدەزگاکانی راگەیاندنی گشتی دروست ببێ، هەندێ کەس دەرفەتی زۆریان لەبەردەستدانیە بۆ ئەوەی خەڵکی شتەکانیان بخوێنێتەوە یان ببیستێ. بەرای من، زۆر ئاساییە کەئەم جۆرە کەسانە لەتەلەفزیۆندا دەرکەون، وبەچاکیش دەرکەم بەوە کردوە کەبۆچی دەبێ، نوسەران، تەنانەت نوسەرانی بەناوبانگ، لەبەرنامەکانی تەلەفزیۆندا بەشداری بکەن (کەهەندێ لەوبەرنامانە بەراستی زۆر چاکن)، وشتگەلێك بڵێن جیاواز لەوشتانەی کەبەشێوەی ئاساییو باو گوتویانە. جۆری پەیوەندی لەگەڵ تەلەفزیۆن،و سینەما،و گفتوگۆکەر، یان لەگەڵ بینەردا بەشێوەیەکە، پاڵ بەمرۆڤەوە ئەنێ شتگەلێك بڵێت، کەلەکاتی تردا نەیگوتووە، من لام وایە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانم و بۆ ئەوەی خەڵکی بابەتەکانم ببیستن، تا ئێستا هەلی گونجاوم بۆ رەخساوەو بەپێویستم نەئەزانی کەکاتی تەلەفیزیۆن کەدەزگایەکی راگەیاندنی گشتیە بەناسینی کتێبەکانمەوە بگرم، ئەگەر بمەوێ لەم بارەوە شتێك لەتەلەفزیۆندا بڵاوبکەمەوە، یان فیلمێکی تەلەفزیۆنی دروست ئەکەم، یان پێشنیاز ئەکەم بۆم دروست بکەن، کەواتە بۆ کەسێکی وەك من کەئەم هەموو مۆڵەتەی لەبەردەستدایە، جوان نیە لەکاتێکی ئاوهادا سەبارەت بەکتێبی خۆم قسەبکەم. لەبەر ئەوە، کاتێ کەلەتەلەفزیۆندا دەرئەکەوم بۆ ئەوە نیە، ئەو شتانەی لەکتێبدا، یان لەشوێنی تردا وتومە، دووبارەی بکەمەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کەرەنگە کارێکی بەسود بکەمو شتێك بڵێم کەبینەران ئاگاداری نەبووبێتن. بەهەڵە لێم تێنەگەن، من نە لەبەرنامەی ناسینو رەخنەی کتێب) رەخنە ئەگرمو نەلەو کەسانەی لەوبەرنامەدا بەشداری ئەکەن، زۆر باش ئەوەیش دەرك ئەکەم، کەئەگەر ئەوکەسانە، گەنج بن، ئاساییە، لەپێناوی کتێبەکانیاندا بجەنگن و خەڵکیش گوێ لەقسەکانیان بگرێ. خودی منیش ئەگەر لەجێگەی ئەوانەدا بوایەم هەر ئەوکارەم دەکرد. بەڵام ئێستا وابەباش دەزانم مەیدان بۆئەوان چۆڵ بکەم.

بۆنسن: ئێوە سەرکەوتنی خۆتانو بەگشتی مەیلی رووکردن بەلای زانستە ئینسانیەکانو نوسینی بابەتی فەلسەفی لەدەهەی ١٩٦٠ بەم لاوە چۆن لێك ئەدەنەوە؟

فۆکۆ: سەبارەت بەسەرکەوتنی خۆم، نابێ زێدەڕۆیی بکەم. هەڵبەت ئەم دیاردەیە بینراوە، کە ئامادەبووانی کۆڕەکانم، لەپۆل و هۆڵەکاندا. سەرپێڕ بوون و دەرەوەیشیان تەنیوە. ئەم دیاردەیە لەپێش منداً، دەستی پێ کردبوو، بۆ (لیڤی ستڕۆس– Levi. Strauss)[4]. منو لیڤی و بارت–یش بەشێك بووین لەو دیاردەیە، پێویستە دان بەوەدا بنێم کەدیاردەیەکی ناخۆشە، گومان لەوەدا نیە کەئێمە بەداوەببوین و خۆمان بۆشتی وا ئامادە نەکردبوو، وبەبیرماندا نەدەهات ئەو خەڵکە زۆرە چی لێ بکەین و چۆنیان بدوێنین. ئێمە نەمان ئەزانی چۆن لەدەزگا راگەیاندنە گشتیەکان کەڵك وەربگرین. هەرگیز پەیوەندی نێوان ئێمەو خوێنەرەکانمان روون نەبووینەوە. وەك ئەوە وابوو کەبیانەوێت کتێبەکە لەجیاتی دەستەبەرکردنی ئەورەهەندە خەیاڵیە زیاییەی کەلەرابردوودا چاوەڕوانی لێ ئەکرا، دیدێکی هەڵسەنگاوترو درێژخایەنتر دەربارەی کۆمەڵگا دەستەبەر بکات.

تێبینی: وەرگێڕی ئەم چاوپێکەوتنە وشەی هێزی بەرانبەر دەسەڵات داناوە. هەردووکیشیان لەیەکترەوە نزیکن.

سەرچاوە:
کتێبی، خرد در سیاست
نوشتو ترجمە: عزت الله فولادوند

---

[2] بڕنارد پی ڤۆ– بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی هەفتانەی ئەدەبی بوو بەناوی ئاپۆستڕۆف لەتەلەفزیۆنی فەرەنسەدا. و–ف

[4] گەرمێنیە خەمبارەکان ناوی کتێبێکی ئەنترۆپۆلۆژیستی بەناوبانگی فەرەنسایی (لیڤی ستڕۆس)ە کە بەگوێرەی دیدار لەگەڵ چوار قەبیلە (هۆز)ی سەرەتایی ئەمریکای باشوورو بەکەڵك وەرگرتن لەروانگە سایکۆئانالیستیو مارکسیستی نوسیویەتی. و–ف

ئەو سێوەی دایکیشم بەخواردنی گوناهباری کردم



کازیوە سالّح

من لێرەدا وادەگوزەرێنم، گەرچی تەنها هەنووکە باوەڕم بەوە هێناوە، لەم زەمەنی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەدا. هیچ کچێك بەهاو نرخێك بۆ ئەو (ترس)ە دانانێت کە سەرتاپای منی تەنیوە.

ئەوەتا بێ سڵەمینەوە، لەهیچ ئارەزوویەك خۆیان بێ بەش ناکەنو ئازایانەش یاداشتی دەکەنو بۆ دایکیانی دەگێڕنەوە ئەوانیش بەچاوی گەورە گوێیان لێ دەگرنو لێیان دەنواڕن.

بەڵام ئەو بڕوای نەکرد گوتی "ئەوە کەی لەزەمەنی ئەندازە تێکشاوەکاندا بەرجەستە بووە، ئەوێ لێرە ناچێت، لەوێ ترس تەنها لەووشەکە خۆیەتی کە (ترسە).

وێستم ئەمجارەیان وشەکانم کۆبکەمەوەو زۆتر بڵێم (کوێ) کەچی بواری نەدامو هەر خێرا بەدوایدا گوتی:

– ئەوێندەر هەمیشە نرخی مرۆڤ لەگەڵ کردەوە هەنووکەیەکانیدا دەگرن، ئەوێی کراوەو ئێرەی داخراو. حیکمەت بەئەزمونو ژیان نابەخشێت.

هەوڵم دا هەندێك بواری مێشکم بداو، لەو ئەوێیە نەپرسم، بەڵکو تەنها ئەو دەستەواژەیە، بەنوسراوە سواوەکانی سەر دیوارەکانی ئێرە بەراورد بکەم، بەڵام هەر زوو هەڵیدایەو گووتی:–

– هەر بۆیە دایکان گوێ دەگرنو لەو هەنوکەییانە پەشیمانیان ناکەنەوە. بەئەزموونو حیکمەتی ژیان دێنە ژماردن، گەرچی ئەزموونی دۆڕاویش بێت، بەبێ ئەوەی جڵەوگیری ئەو ئێستایەبن. داهاتووش لەسەر رووی ئاوێنە بێ گەردەکان دەخوێنێتەوە بەبێ دەستەواژەی دەست کردو تۆقێنەر.

(ئەم رستەیەی دوای تووشی سڵەمینەوەی کردم، تەزوویەکی سارد ختووکەی پشتی دام، چەندە ویستم ئەو خەونەم بیر نەکەوێتەوە کە ئەو شەوە ببینیم. بەڵام بەخۆم نەبوو گەڕامەوە بۆ خەوەکەی ئەوێی منالّی. ئەو خەونەی تەنها دوو رۆژ بەسەر (بالّق) بوونمدا تێ پەڕی بوو بینیم، لەخەونمدا چوو بوومە حەوشەی پشتەوەی قوتابخانەکەمان. کە ئەوێ تەنها یەك دوو بن درکی گەورەی لی روابوو چەند تەپە پیسی مرۆڤو سەگەکەی تێدا کەوتبوو، ئەو سەگەی هەمیشە لەپشتەوەی قوتابخانەکەدایەو ئەڵێی بەڕێوەبەر بەچاودێر داینـاوە، نەك لەئاسمانەوە نێرینەیەك خۆی بهاوێتە نێو قوتابخانەکەو لەگەڵ ئەو کچانەی کە بەڕێوەبەر نەیدەهێشت مامۆستای پیاوی گەنجیش وانەیان پێ بڵێتەوە ژوانێك ببەستن. هەر گوێ قوڵاخو چاو بز بەهەر چوار لادا دەینواڕی.

منیش لەترسی سەگەکەو کچی باشێکیش کە هەوالّی لای بەڕێوەبەرم لێ بدات. هەموو جەستەم کەوتبووە سەر عارەقێکی سارد، دەترسام دوای هەتا ئێوارە بڵێم هاتووم لەدواوە سەیرێکی (تەنورە) خۆڵەمێشیەکەم بکەم بزانم پەڵەیەك خوێنی نەگرتووە. باوەڕم پێ نەکاتو ببم بەجێگەی پێکەنینو سەرەنجی هاوڵەکانم. دڵنیا بووم پارانەوەم گوێی ئاسمانی کەڕ بکردایە نەك جارێك هەزار جار رازی چوونی خۆم یاداشت کردایە بەڕێوەبەر باوەڕی پێ نەدەکردم، گەر بزانێ گەشتووم بەو حەسارەی کە دیوارەکەی دوو مەتر چووە بەئاسماناو تەنها پەڵە هەورەکانو سەگە سپیم لێوە دیارە. بۆنی پیسایش کەپووی قانگ داووم. هەرگیز واتێ ناگاو متمانەشم پێ ناکات. بۆیە لەدڵدا دەپارامەوە گەر پێی زانیم هەر لەخۆرسکو خێرا (تەنوورەکەم) یەك دوو پەڵەی سور بگرێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو مەبەستە گەیاندوومی بەئەوێ. جارێکی دیش تووشی گومانو دڵەڕاوکێ دەبووم‌و دەترسام ئەو کاتیش نهێنیەکەم نەپارێزێو بنێرێت بەشوێنی دایکماو هەموو شتێکی تێ بگەیەنێت. ئەی ئەو خوێندکارانەی کە هەمیشە بەدەورو پشتی ژووری بەڕێوەبەردا دێنو بەدوای هەر شتێکدا دەگەڕێن لەپێناوی نمرەیەکدا دە ئەوەندەی دیشی بخەنە پاڵو بەمامۆستاکانی قوتابخانەی بڵێنەوە، ئاخر مامۆستاکانیش وەکو دایکم کۆمەڵێ چاودێرو سانسۆریان دانابوو بۆ ئەوەی هەر کەسێك بڵێ (لەل) پێیان بگاتەوە.

چۆن لەماڵەوە پیاڵەیەك بەدەستمەوە بشکایە دایکم ئێوارە بۆ باوکمی دەگێڕایەوە. بەڕێوەبەریش هەر خوێندکارێك ورتەیەکی لەلا بکردایە خێرا دەینارد بەشوێنی باوکماندا، کێ دەڵێ ئەم جارەش نانێرێت بەشوێنی باوکماو ئەویش پاش ئەوەی لە قوتابخانەم دەردێنێو لەبەردەمی قوتابیەکاندا ریسوام دەکات دەمباتەوە، ئەو کات هەموو قوتابیەکان دەدەن لەقاقای پێکەنینو ئەوە کچە بێ رەوشتەکەیە ئەوە کچە لێ قەوماوەکەیە..

بەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم ترس فرمێسکی بەخوڕ دەهێنامە خوارێو روومەتە قڵیشاوەکانمی دەکزاندەوە. بۆ چارەسەرێك دەگەڕام، لەتیشکی رۆژم دەنواڕیو دەپارامەوە پەرجوویەك رووبدات‌و هەتا لای خۆیم راکێشێت، ئیتر نەکەس ببینم لەوانەی دەیانناسمو نەگوێم لەکەس بێت... ئاخ گوێ گرتنم چەند لاگران بوو. هەموو دەنگەکان دژە ئاڕاستە بوون، بۆیە هەر لەنزادا بووم، ئەوە بوو ئەویش نزاکانی پەسەند کردم.. بەڵام چەند عەیب بوو، کە کوڕێکی کەڵەگەتی گەنم رەنگ بەسواری ئەسپێکی سپیەوەی بۆ ناردمە خوارەوە، سەرەتا لێم هاتە پێشێو بەو دەستەی نا کە قامچێکی رەنگ قاوەیی پێ گرتبوو، بەدەستەکەی دی کە پەڕەیەك لەناو پەنجەکانیدا جێگیر بوون فرمێسکەکانی سڕیم.

ترس هێندەی تر جەستەی هێنامە لەرزین. ئەوەندە سەیری ئەم لاو ئەولای خۆم دەکرد تەنها وەکو رەنگی پێستو تارمایی دەزانم نێرینە بوو، چاودێری کردنی چوار دەوری خۆم مۆڵەتی نەدام بەباشی سەیری رووخساری بکەمو بزانم رەنگی چاوی چۆنە، هەر نازانم وەکو زۆربەی پیاوانی دی سیمایەکی زبرو زمانێکی هەڵخەڵەتێنی هەبوو، خۆشی ویستم یا نا؟ ئەوەشیان هەر نازانم.. من تەنها دەمویست رزگارم بکات.

کەچی ئەویش بەسۆزتر لەپیشوو بەزمان ئەسرینەکانی سڕیەوە.. وەی لەو ختورەی بەدڵی منداهات دەروونی دوژمنیش بەو شێوەیە ملەما نەکات. ئەو شەرمەزاربوونەی من شەرمەزار بووم کە تارمایی باوکم بینی لەدوورەوە بەرەو روو دەهات،

نەدەبووم بەدڵۆپێ ئاوو بەزەویدا ڕۆبچم، نەدەبووم بەباڵندەیەکو بەئاسماندا بفڕم.

بۆ نەفڕیم؟!

بائەوە بوو کاتێ چاوم لەسەر تارمایی باوکم گواستەوە پەشمەکی هەورمان دەدا بەسەردا، ئەو ئاوزەنگی لەئەسپەکە دەداو، منیش گەرمی دڵم (تا)ی لە پشتی ئەو هێنابوو ترپە ترپی دڵیشم بەئاشکرا دەبیسترا خەریک بوو دەگەشتم بەوپەڕی لەزەت. کە ئاوڕم لەخوارەوە دایەوە، تارمایەکەی باوکم گەیشتبوو بەحەساری پشتەوەی قوتابخانەکەمانو پەنجەی شایەتومانی لێ



ڕادەوەشاندم، ئەمەیان هەر بەیەکجاری پرزەی لەبەر بڕیم، خۆ خۆت دەزانی باوک بەو شێوەیە ببینی یانی چی؟

بۆیە ئەوەندە لەرزیم هەتا دەستم لەپشتی سوار چاکەکە ترازاو بەسەردا کەوتمە خوارێ، ئەویش ئاوڕی لێ نەدامەوەو تێ پەڕی، هەر لەوێدا زانیم دەردی بەجێهێشت چەند گرانە کەچی کاتێکیش هاتمە خوارەوە زانیم ئەوەی کەوام دەزانی باوکمەو پەنجەم لێ ڕادەوەشێنێ باوکم نەبوو (پایە)ی دیوارەکە بوو نەک ئەو"

دیسان دەنگی هەڵبڕێو بردمیەوە نێو ئەو ڕستانەی کە نەمدەوێرا لەگەڵ خۆشماو لەبیابانێکی چۆڵیشدا قسەی لەسەر بکەم ئەو ڕستانەی هێندەی سەرو بۆر بۆ دادەنا هەر لێی تێ نەدەگەیشتم، یاراستر بڵێم خۆم لێ ناحاڵی دەکرد، ئەمویست بڵێن کەسێکی هەژارەو لەهەندێ شت تێ ناگات، کەچی ئەو قاقا پێم پێ کەنیو گووتی (تۆ هەر لەبەئاگا بوونتا ترسنۆک نیت، لەخەونەکانیشتا هەر ترسنۆکی).

ڕاچەڵەکین خوێنی زاندە هەردووچاوم، وام هەست دەکرد سەرم دەکوڵێتو هەڵمێکی گەرمی شێداری لی بەرز دەبێتەوە، لەدڵی خۆمدا گووتم خۆ من لای کەس ئەو خەوەم نەگێڕاوەتەوە. چۆنی زانیوە چۆن؟ وابەو شێوەیە پێ دەکەنێت.

کەچی ئەودەنگی لەجاری پێشووتر زیاتر هەڵبڕیو هێندە پێ کەنی سی جار ڕستەکەی دووپات کردەوە ئەو جا زانیم ئەڵێت:

– ئەوەی تۆ لێی دەترسایت، سروشتی هەموو مێینەیەکە کەچی تۆ وات دەزانی دەرئەنجامی بێ ئابڕوییەتێکە کە ئەنجامت نەدابوو.

سروشتی هەموو مێینەیەک ئەی بۆ هەرگیز ئەو سروشتەم بەدایکمو خوشکەکەمەوە کە لەمنیش گەورەتر بوو نەبینی یاجارێك باسیان لەو سروشتە نەکرد، ئەی دایکم بەمنالّی هەمو جارێ پێی نەدەگوتم.

– لەکۆلان لەگەڵ کوڕدا یاری نەکەیت عەیبە.

– دایکە عەیبە یانی چی؟

– واتە خوا دەتخاتە جهەنمەوە.

"جا ئیتر قسەی چی من لەگەڵ کوڕی سەر ئەسپەکەدا چیم نەکرد لەقسەو ئاکار دەرچوو بوو"

دەنگەکە ئەم جارە پێکەنینەکەی سڕابووەوەو بەهاوارێکی پڕ تەوس‌و ڕەق ووتی.

– گەمژە ئەوە خەو بوو.. خەو.

جا باخەویش بێت، خۆ ئێمە چۆن نیوەی سوعبەتمان ڕاستیە، لەدەمامکی دەپێچین، ئاواش نیوەی خەومان ڕاستیە، هەندێ جار هەر بەتەواوی ڕاستیە، ئاخر ئەوەی من دەیزانم تۆ نایزانیت وەکو

چۆن ئەوەی تۆ دەیزانیت دەمی بەو شێوەیە گەرم کردویت، من نایزانم.

ئەوەی من لەنەخۆشخانە بینیم، تۆ نەتبینیوە، من بەچاوی خۆم بینیمو ئاگام لێ بوو، ئەو کچە (٢٠) ساڵانە لەنێو نەخۆشخانەکەدا وەکو خامی سپی ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو، خەڵکی لێ وروژابوون، دایکیشی پاش ئەوەی پزیشکەکە کچەکەی پشکنی بوو درکاندبووی سکی پڕە. هەر ڕوومەتی دەڕنی بەدیارییەوە، نەیدەوێرا نەك کچەکە خۆشی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، هەر دەکڕوزایەوەو دەیگووت:

– دکتۆر گیان بەڵکو شتێك بکەیت ئەوەتا ئەڵێ پاش براکانم چوومەتە حەمامو لەسەر ئەو تەختەی ئەوان خۆیان لەسەر شتووە خۆم شتووە، تووشی ئەم بەزمە بووم.

– پزیشکەکەش هەندێ بەچاوی پڕ لەپرسیار لەکچەکەی روانیو دوای دەمی بردە لای گوێی دایکەکەو شتێکی چرپاند بەگوێیدا یەکسەر دایکە بەدەم ئەیڕۆیەکەوە دای بەسنگی داو ئیتر بەزمی دایكو کێ لەوێوە دەستی پێ کرد. کچەکەش هەر جەختی لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەوەی بەخەو بینیوەو لەخەودا پێی کراوە واتە وەکو خەوەکەی منی بینیبوو.

– من هەتا ئەوکات یەك وشەم نەدرکاندبوو، بەپاڵەپەستۆ هەناسەم دەدا، گەرچی ئەو کاتە مناڵ بوومو زۆر لەمەسەلەکان تێ نەدەگەیشتم بەڵام دەمزانی ئەو کارە بەشتێکی ئێجگار خراپو ئابڕووبەر مەزندە دەکرێت، بەتایبەت کەدایکم ڕووی لەیەکێك لەو ژنانە کرد کە لە کچەکە وروژابوون هەر کەسە بەجۆرێك دەدوانو پێی گووت:

– کچ بەڵا لەشوێنە داوێنی خۆی دوژمنێتی بۆیە هەقە هەر لەدوانزە ساڵییەوە ملی بکەیت بەپەتی ماڵو مێردەوە.

من ئەوکات چوار مانگم مابوو بۆ دوانزە ساڵی ئیتر بەتەواوی لەغەمی ئەوەدا بووم پاش ئەو چوار مانگە ملی منیش بکات بەوپەتەوەی کە باسی دەکات. گەرچی هەتا ئەو کاتەش بەتەواوی تێ نەدەگەشتم پەتەکان چۆنن بەڵام دەمزانی بزنێکی دابەستەمان لەماڵەوە هەبوو ملی کرابوو بەپەتێکەوە هەموو ماڵو مەڵەکەتەکەی تەنها یەك مەتری چوار گۆشە بوو تیایدا بجووڵێتەوە، دوای ئەو ڕووی لەمن کردو گوتی:

– ئەوە دەرئەنجامی متمانە بوونە بەپیاو.

هیچ لەمەبەستەکەی تێ نەگەیشتمو ئەویش تێبینی حەپەسانەکەی کردبووم بۆیە زیاتر بۆی ڕوون کردمەوە، (واتە لەقوتابخانە لەگەڵ کوڕدا یاری کردووە، ئاوا سەری خۆیو خێزانەکەی شۆڕکرد، بۆیە هەزار جارم پێ وتوویتو پێت ئەڵێمەوە، ئەوەی (نێر) بوو باوەڕی پێ نەکەیت تەنانەت گەر باوکیشت بوو، ئەگەر ئۆتۆمبیلێك لەڕێگا مااڵی هەر کەسێکی لێ پرسیت نزیك نەبیتەوە، بترۆفێنێو وات بەسەر بێنێ. وەڵامی کەس نەدەیتەوە خێرا بەڕاکردن بگە بەماڵەوە، شەوانەش (آیة الکرسی) بخوێنە خۆ بەلای ناخێرت سێ ساڵ ئەبێت فێرم کردووبت، کەچی لەوانەیە هەتا ئێستا نەتخوێندبێو چەندین خەوت بەدێوو درنجو پیاوەوە بینیبێت)..

"ئیتر بەقسەشم کرد، لەو ڕۆژەوە ڕقم لەهەموو ڕەگەزێکی نێر بوو، هیچ کات وانەی مامۆستا پیاوەکانم لەبەر نەدەکردو زۆربەی کاتیش ئەو وانانە هەر نەدەچوومە ناو پۆڵو خۆم دەکرد بەنەخۆش، گەرچی بەڕێوەبەرەکەمان مامۆستای پیاو خانەنشین نەبوایە بە (محاضر) وانەی دەگووتەوە، نەیدەهێشت مامۆستای گەنج ڕووبکاتە قوتابخانەکەمان، ئەویش هەرهەمان بۆچوونی دایکمی هەبوو بۆیە نەك هەر مامۆستاکان ڕقم لە (شوان)ی براشم بوو کەچی بەڕێوەبەر ئەویشو هەموو شوانەکانی دیشی خۆش دەویستو بۆ هیچ سەرپێچێکیش نەیدەنارد بەشوێنی باوکیاندا، خۆ باسی باوکم هەر مەکە، هەموو شەوێکیش بەر لەنووستن دەست نوێژم دەشتو (آیة الکرسی)م دەخوێند ئەوسا دەنووستم.

بەڵام ئەو ڕۆژە نەمدەزانی ئەو خوێنەم بۆچی لێ دێت، ئەوەندە ترسامو گریام، لەدڵی خۆمدا هەر دەمگووت ئەمەیە کە خەڵك پێی دەڵێ بێ ڕەوشتی بەڵێ من تازە بێ ڕەوشت بووم.

ئەمە ئەوەیە کە بەسەرکچی نەخۆشخانەکەدا هاتبوو، ئیتر شەویش هەر ئێوارە چوومە ژێر جێگاکەمو هەنسکم دا هەتا خەوم لێ کەوت، بریا خەوی مەرگم بوایەو هەر خەوم لێ نەکەوتایە، کەس نازانێ ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە چۆنو پێنج چرکە جارێك دەڕۆشتم پۆشاکەکانی ژێرەوەم دەشتو هەر

بەتەڕی لەبەرم دەکردنەوە، ئێستا دەزانم چەند گوناهبارم کە پێنج فەرزە، هەر بەوانەشەوە و بەو شێوەیە نوێژەکانیشم دەکرد، چوار رۆژ ئەوە حاڵی من بوو... کەچی دوایش.

– دوایش چی؟ تۆ خۆت هەتا ئێستا لە گوناهی سێو خواردنەکەدای، بۆ ئەوانەی تۆی پێ ترساندووە سروشتی خۆیو هەموو مێینەیەکی دیکە نەبووە، یاخۆی لە بەردەمی تۆدا دووبارە دەکردەوە، واپێشان دەدایت لەکەسانی دی باڵاترە.

"هەر بەڕاستی وام دەزانی کەسێکە هەموو شتێکی نەك لە من بەڵکو لەهەموو ژنێکیش زیاترە، هەمیشە لەهەموو لەشی خۆمی دەتۆقاندم. نازانێ کەسنگم کردو نەختێ بەرز بووەوە، چۆن بەتیلەیەکی چاو لێم راماو گووتی:

– بەسنگو مەمك ژنێکی تەواوی، بەڵام نازانی خزمەتی ماڵەکە بکەیتو چوار ئیشی رێكو پێك بۆ من بکەیت.

هەتا ئێستاش پرسیارەکانی من بێ وەڵامن، بۆیە وام دەزانی ئەوەی ژن بێتو پیربێت ئەبێ ئەوانەی منی بەسەر بێت، هەندێ جاریش وام دەزانی تەنها بۆ من عەیبەو بۆ خەڵکی دی ئاساییەیە. چونکە زۆر جار کە سەیری ئاوێنەم دەکرد، دەیانگوت:

"دڵت پەیدا کردووە" ئیتر بەخۆدا دەشکامەوە دوای ئەوە پارچە ئاوێنەیەکی بچوك بەتەنیشتی بەرمیلی گەرماوەکەمانەوە دانرابوو بەوێدا تێڕ سەیری دەمو چاوی خۆم دەکردو بۆ ئەو جیاوازیانە دەگەڕام کە شوانی برامی لای دایکم شیرین کردووەو منیشی نابووت کردووە بۆیە بەردەوام خۆم بەکەشێکی کەمسەرو زۆر جاریش نامۆ دەبینیو هەتا پازدە ساڵیش زۆر جار لەپوورەکانم دەپرسی دایکم کەی شووی کردووە، ئەی من کەی لەدایك بووم، بەدوای زەمەنێکی ووندا دەگەڕام کە منی پەیوەست کردووە بەوێوە، چونکە من خۆم بەخاوەنی ئەوانو ئەو زەمەنەش نەدەزانی".

– تۆ تاوانباری بەرامبەر بەخۆت، هێندە دەترسای بەردەوام گۆشەگیر بوویت. تێکەڵاوی کچە هاوەڵەکانت نەدەبووی هەتا لێیانەوە فێربیتو بزانیت کە ئەوانیش وەکو تۆنو ئیتر سڵ لەسروشتی خۆت نەکەیتەوە.

"دەترسام ئەوان تێبگەنو بەو شتانە بزاننو بچنە ماڵەوە هەموویان پێ بڵێنەوە، ئاخر دایکم بەنیوەی هاوپۆلەکانمی گوتبوو هەر شتێکتان لێ بینی یا لەرێگا لەگەڵ کوڕدا قسەی کرد خێرا وەرن لەماڵەوە بەمن بڵێنەوە، (جا ئەو کاتە چەند شتی جوانتان بۆ دەکڕم) ئیتر دوای ئەوە ئەگەر تێکەڵاویان ببومایە دەبوو هەموو شتێکیان بەقسە بکەم، تەنانەت هەموو رۆژێ پارەی رۆژانەکەمیان لێ دەسەندم خۆ ئەگەر رۆژێك پارەی رۆژانەم وەرنەگرتایە بەوانم بگوتایە پێم نییەو وەرم نەگرتووە، دەهاتنە لای دایکم بوختانێکیان بۆ دروست دەکردم کە سزاکەی لەوان زیاتر بوو.

ئیتر بەتەواوی لەهەموو کەس دوور کەوتمەوەو ئێستا یەك هاوڕێم نییە نەکچو نەکوڕ.

بەڵام نازانم تۆ چۆن بەمانەت دەزانیت، ئاخر سەرم سوڕماوە، من ناوەوەی خۆم هەرگیز نەدرکاندووە بۆ ئەوەی کەس پێی نەزانێتو لای کەس ئاشکرا نەبێت کەچی تۆ هیچت لانهێنی نییە"

– ئاخر گەر تۆش بتوێرایە پراکتیکی ئەو راستییە بکەیت کە خواردنی سێوەکە گوناە نەبوو بەڵکو بەمەعریفەکردنی شتەکان بوو، ئێستا هیچت لانهێنی نەبوو!

"نائیتر ناترسم هەموو ئەو شتانەی لام پیرۆزن بەرجەستەیان دەکەم، ئیتر بڕیار دەدەم بۆ خۆم بژیم نەك بۆ خەڵك.....

بڕیار دەدەم رووبەڕووی هەموو سروشت ببمەوە، نەك تەنها سروشتی خۆم، یاچاکتر وایە بۆ ئەوەی لەهیچ شتێك نەترسم، ئەمڕۆ لەبەردەمی ئاوێنەیەکدا خۆم رووت دەکەمەوەو بەوردی لەخۆم رادەمێنم هەتا هەموو سڵ کردنەوەکانم دەڕەوێتەوە"

ئەوەی کە تا ئەو کاتەش نەمدەزانی کێیە، جارێکی دیش قاقا دەنگی لێ هەڵبڕیو گووتی:

– ئەی دەبەنگ هەنووکە ئەوەندە ئازایت حەز دەکەم خەڵاتێکی گەورەت بکەم، کە بەخۆتدا چوویتەوە بەزەمەنیشدا بچۆرەوە، ئەوکات وەکو دەڵێی سەیری ئاوێنە بکە.

– ئاوێنە؟ بۆ من باسی ئاوێنەم کردووە؟

"وەکو وشەکانی دایکم، لەوشەی ئاوێنەش دەترسام، بۆیە خۆم سەرقاڵ کرد بەڕوانین بەهەر چوار لای خۆمدا. ئەو کورسییە هەمیشە دایکمی

لەسەر دادەنیشتو لفکەی دەچنیو فەرمانی بەسەر منداڵ دەکرد هەتا هەموو کارەکانی ناو ماڵی پێ تەواو دەکردم، دایکمی لەسەر نەمابوو، سەندەڵەکە بەتەواوی قاچەکانی رزیبوونو یەکێکیشیان کەوتبووە خوارێ.

ئەو ریزە لفکەش بەردەوام بەتەنافی بەردەم پەنجەرەکەدا هەڵی خستبوون، نەک خۆیان شوێنەواری تەنافەکەش نەمابوو.

ماڵێکی ئارامو بێ دەنگ وەکو ئەوەی سەدەیەک بێت، هیچ زیندەوەرێك رووی تێ نەکردبێ. ژوورەکەم هەموو گەچەکەی هاتبووە خوارەوە بەردەکانی دەرکەوتبوون سەماوەرە زیوەکەش لەگەڵ دەسکی پەنجەرەکاندا بەشێوەیەك ژەنگ دایڕزاندبوون پووش پووش دەوەرێنە خوارەوە. دەستێکم هێنا بەسەرمداو ویستم ئاوێنە شکاوەکە بهێنمو لەدیمەنی خۆم بڕوانم، کەچی دوو پرچی سپیم بینی بەسەر سنگمدا شۆڕببونەوە.. سڵەمیمەوە لەو تەماشاکردنەش پەشیمان بوومەوە، خێرا بەپەلە پرچەکانم خستە ژێر ملیوانی کراسەکەمەوەو شاردمەوە.

دیسان ئەو دەنگەی چەند چرکەیەك بوو وازی لێ هێنابووم لەو سەغڵەتو رێگە پێ گرتنە بەپستە رەقەکانی دووبارە هەڵی دایەو گووتی:

– تۆ درۆ لەگەڵ خۆشتدا دەکەیت، ئەوەتا رابردوو لەژێر ملیوانی کراسەکەتەوە ئاودیو دەکەیت.

– تۆ ... تۆ کێیت، خۆ جادووگەر نیت ئاگاداری هەموو شتێکی.

– من دەنگی ئەوێم.. ئەوێی ناخت، ئەو ناخەی کە تەنها بەپستەی کریستاڵی گوزارشتی لێ دەکەیتو ئەو رستانەی زۆر لەپراکتیکیان دوور دەخەیتەوە، ئەو ناخەی لەگەڵ سێبەرەکەتدا لێت هاتوونەتە زووبان.

هەنگاوەکانم شێلگیرانە گەیاندمی بەبەردەمی پەنجەرەکەو نەختێك شیپانەکەم وەلا ناو سەیرێکی دەرەوەم کرد، بەبیرم نایە، چەند ساڵ پێشتر لەو پەنجەرەیەوە سەیری دەرەوەم کردبوو، ئەوەی لەزاکیرەمدا مابوو، ئەو چەند گۆڕە بوو بەدامێنی گردەکەی بەرامبەری ماڵەمانەوە بوو، کە جار جار بەدەم سەعی کردنەوە سەیرێکی دەرەوەم دەکردو دایکیشم خێرا لێم تووڕە دەبوو، دوایش خۆی بەپەنجەرەکەوە بەهەر چوارلادا چاوی دەگێڕا، دەیگووت بزانم کێت لێوە دیارە.

ئەو کاتە دیمەنی گوڵاڵەو گژوگیا بووبوون بەڕووپۆشی گۆڕەکانو سەرنجی رادەکێشام، کە وێنەی پوڵی دۆمینە ئەم لاو لای ئەو شێوە بچووکەی گرتبوو ئەو شێوەی بەنێوان هەردوو گردەکەدا دەڕۆیشت بەڵام ئێستا بووە بەمەملەکەتی مردووان، نەگوڵاڵەو نەگژوگیای وەکو جارانە، هێندەی گۆڕ لێ دراوە مردووان جێگەیان بەگوڵاڵەو سروشتیش لێڕ کردووە، ئەڵێی چنینی ئەتەمینن هێندە لێکەوە نزیکن، لەوانەیە لەژێرەوە دوو کەس لەگۆڕێکدا بن، کە هەرگیز لەژیاندا بەیەکەوە نەیانکرابێ، لەناوەڕاستیانیشدا ئەوە گۆڕێکی بۆرەکە بەسەر خۆڵەمێشیدا دەیڕوانی، دیار بوو پێشتر سپی بوو بوو، لەبەر کۆنی وای دەنواندو ئەو رەنگەی گرتبوو، لەسەر کێڵەکەیو رێك بەرامبەر بەپەنجەرەکەی ماڵەوەمان ناوی دایکمی لەسەر نووسرابوو...

ئایاری ۱۹۹۸

بێزەوەری

چیرۆکی: پرابهاکار ماچوی

لەئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن

_ ئەوە تۆیت؟

_ ئا.. بەڵێ!

_ دوای ئەو هەموو ساڵانە جارێکی تر دەتبینمەوە!

_ کەچی تۆ رۆژێك لەرۆژان لەمنت نەپرسی!

لەپاش پێکەنینێکی کەم.

_ حەز دەکەی قاوەیەك بەیەکەوە بخۆینەوە؟

_ زۆر چاکە.

_ لەو چێشتخانەیە دانیشین؟

_ نەخێر.. هاتو هاواری زۆرە.

_ ئەی ئەوەکەی ئەولاتر؟

_ نەخێر.. ئەویش پڕە لەخەڵك. بەزەحمەت کورسیەکت دەست دەکەوێ.

_ دەچاکە.. با بچینە ئەو قاوەخانە چکۆلەیە، لەوێ قوژبنێکمان دەست دەکەوێ.

_ .....

گەرچی بەدرێژایی ئەو وەختە پیاوە قسەی بۆ ژنە دەکرد، پڕ بەهەردوو چاوان سەروخوار لێی ورد دەبۆوە، نا.. نەگۆڕاوە. گوێبیستی ئەوەبوو کەزستانی رابردوو شووی کردووە. خۆ ئەوەشی بیستووە کەکچان دوای شووکردن شتێکیان لێ دەگۆڕێ یان ئەوەتا خڕو خۆڵو تەڕو پاراو دەبن هەروەکو میوەی "مانگۆ"، یان ئەوەتا زەردو لاواز دەبن هەروەك لاولاوی لەرەگەوە قرتاو، بەڵام لەمدا هیچ نەگۆڕاوە، بەر لەشووکردنەکەی چۆنی دیوە.. هەر وایە.. هەر دەڵێی درەختێکی هەمیشە سەوزە، بەرزوبڵند.. ناسك و باریك.. شۆڕەژنێك لەوێنەی شۆڕەبی.

بەڵام ژنە لەپیاوەدا دونیایەکی جیای بەدیدەکرد، هەردوو ئێسکی ژێر کوڵمە سیسەکانی دەرپەڕیبوون، هەردوو چاویشی بەقوڵاچووبوون، سەر ڕووخساریشی بەهێڵی ڕەش و قووڵ ڕەسمکرابوو. تۆ بڵێی هەر هەمووی لەسۆنگەی ئەوەوە بووبێ کەشووی پێ نەکرد؟ بەڵام خۆ زەماوەندەکەیان مەحاڵ بوو. بۆ هەر جۆرە زەماوەندێکی لەو بابەتە کۆمەڵێ کۆسپ و تەگەرە دێنە پێشێ: هەر لەپایەو مەقامی خێزانداری، هەندێ جاریش جیاوازی چینایەتی وەك لەکۆمەڵگای ئەمڕۆکەدا دەبیندرێ، خۆ هەمیشە خەڵکی واش هەن کەبەردەوام دەگۆڕێن، هەمیشە هەواو هەوەس دەگۆڕن، جیوە ئاسا ناجێگیرن. بەڵام ئەی ئەم.. ئەم پیاوە بۆ نەگۆڕاوە؟



هەنووکە لەگۆشەیەکی قاوەخانەکـەدا جێیـەکیان بۆ خۆیان کردەوە.

+ حەزت لەچیە؟

_ قاوە.

+ لەگەڵ کەمێ خۆراك؟

_ نا.. زۆر سوپاس.

+ قاوەکەت سارد بێ یان گەرم؟

_ با سارد بێ.

+ بەڵام جاران حـەزت لـەقاوەی گـەرم دەکرد.. وانیە؟

_ ئۆو .. ئەو رۆژانـە بەسـەرچوون.. ئـەو وەختـە مرۆڤ حەزی بەگەرمو گوڕی دەکرد.

+ مەبەستتە بڵێی کەلـەم رۆژگـارەدا ئـەوەندە دەنێو گەرمو گوڕیدای کەلێی تێربووی؟

_ ئمـمـم – ئـەرێ بەراسـت.. دەڵـێی وازت لەنووسین هێناوە؟

+ بەڵێ.

_ بۆچی؟

+ هۆیەکی دیاریکراوم نیە.

_ بەڵام خۆ دەبێ هۆیەکی لەپشتەوە بێ؟

+ هۆیـەك؟ گـەر راسـتگۆیانە بیدرکێنـم ئەوەیـە کەبەتەواوی لەژیاندا وەڕسم، لەهەموو شتێك بێزارم، هیچ شتێکی تازە نابینم سەرنجم رابکێشێ.

_ هـەتا بینـینو چێـژ وەرگرتـن لەفیلمـە ئینگلیزییەکانیش؟

+ هەتا ئەوەش..

_ ئاخر بۆ..؟

+ چونکە هیچ پارەیەکی ئەوتۆم پێ نییە.

_ بەڵام تۆ چـی لـەو هـەموو پارەیـەی خـۆت دەکەی؟

+ لای تۆ وایـە کـەباوکم مـرد مـیراتێکی زۆری بۆ بەجێهێشتم؟ نەخێر خانمەکەم.. وانییە. ژمارەیەکی زۆر لـەخاوەن قـەرزو داواو سـکالاّ دەوریـان دام، بەشێکی زۆر کـەمم بۆ مایـەوە.. بـەڵام مەسـەلەکە بەتەنها پارە نییە.

_ ئەی کەواتـە بۆ هـەوڵ نـادەی کـارێك بۆخـۆت بدۆزیتەوە؟

+ ئۆو.. نا.. من ماتۆڕێکم هەیەو حەز دەکەم تیژ بـەو جادانـەدا لێی بخـوڕم.. بـێ ئامـانج بـەو شـارەدا دەسووڕێمەوە.. لەوە زیاتر ناکەم.

_ بەڵام ئەوەیان راست نییـە کـەتۆ بـەم شـێوەیە توانـاو بـەهرەکانی خـۆت بـەفیڕۆ بـدەی، وەك گەمیـەکی بـێ سـەرو شـوێن نـاخودا خـۆت بـدەی بەدەم ئاوەوە.

+ لێی گەڕێ با بێسەرو شوێن بێ! زۆر مەبەستم نیە. وا بزانە پاپۆڕێکمو رووگەی خۆم ون کردووە.

_ کەواتـە دەبـێ ئـەم جـۆرە پـاپۆڕە هـەتا زووە رووەو کەنارێك رابیکێشین تا لەنگەر بگرێ.

+ ئەی ئەگەر هیچ کەنارێك لەو ناوەدا نەبێ؟

_ دەبێ هەر لەشوێنی خۆیدا بوەستێ.

+ تـۆ ناخۆشـت کـردووە.. بـۆ هـەر گرفتێـك چارەسـەرێکی سـازو ئامـادەت لـەلا هەیـە، وەڵامـی هـەموو پرسـیارێك. بـەڵام سـەبارەت بـەحاڵی خـۆم مەسـەلەکە لای مـن وا کەوتۆتـەوە کـەتا رادەیـەك پەستو قەڵسم.

_ لەچی پەستیت؟ لەوەی کەهیچ کارێکت نییە یا هی ئەوەی کەکارت زۆرەو سەرقاڵیت؟

+ کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە ئیشت دەستگیر بێ، شتێك نییە چاوەڕێی تۆ بکات.

_ بەڵام تۆ دەتوانیت کارێکت دەست بکەوێ. تۆ دەرچووی زانکۆی، لەیەکەمەکان بووی.

+ کەمرۆڤ بەدوای کارێکدا دەگەڕێ سووك و ریسوا دەبێ، ئەوە جگە لەدەردەسەری. پاش ئەوە گەرەکە جۆرەها فۆرم پڕ بکەیتەوە دەیەها سکالانامەو داواکاری، جگە لەکۆکردنەوەی نامەی ستایش و پشتگیری، سەرەڕای بینینی جۆرەها کەسی وا کەتۆ قەت حەزت نەکردووە بیانبینی. ئەم هەموو هەڵاڵیە زۆر بێزەوەن پاشان بۆ ئەو هەموو بەزمە بکەم لەکاتێکدا کەدەزانم دوای ئەو هەموو غارغارێنە هیچ ئیشێکم دەست ناکەوێ، واز لەوەش بێنە کەکارێکی باش بۆ ئێمەمانان هەرنییە. بەرای تۆ ئەو هەموو شتە رۆح ناکوژێ؟

_ بەڵام تۆ چۆن دەتوانیت ئابەم شێوەیە بژیت و بەردەوام بیت؟

+ دەی چاکە، من تاهەنووکە ڕەبەنم. سوپاسیش بۆ باوکی ڕەحمەتیم- کەبایی ئەوەندەی بۆ بەجێهێشتووم پێ بژیم بۆ ئەو ماوەیەی کەدەمێنم کەوا زەن دەکەم عومرێکی ئەوەندە درێژم نابێ. خۆ گەر پێویستیشی کرد لەبرسانا نامرم، برادەری زۆرم هەیەو خەڵکێك هەن بەزەییان بەمندا بێتەوە، گەر بمەوێ چەند رۆژێك لەلای یەکێکیان بمێنمەوە.. وابزانم کەسیان دەرمناکەن.

_ بەڵام ئەوەیان شێوە ژیانێکی شایەستەو رێزدارنییە.. لەسەر بەزەیی خەڵکی بلەوەڕێی. تۆ چ جۆرە پیاوێکی؟

+ جا کێ هەیە لەم کۆمەڵگایەدا لەسەر ئەوی دیکە نەڕێ؟ تۆ..؟ خاوەنی ئەم قاوەخانەیە، کابرای قاوەگێڕ، خاوەن رۆژنامە گەورەکان؟ کێ دەتوانێ بڵێ: من سەربەخۆم.. تەواو.. پشت بەخۆی ببەستێ؟

_ تۆ تەواو.. زۆر نالەبارییت. لەوە دەچێ بەتەواوی هەرچی حیکمەتو ژیری هەیە لەدەستت دابێ.

بەبێدەنگی قومێکی دیکەی لەقاوەکە فڕ کرد، چیتر تامی هیچی نەدەدا.

ژنەش چیتر قسەی نەکرد، گەمەی بەقژو ساریەکەی دەکرد. نەیتوانی لەوە زیاتر بەرگەی ئەو بێدەنگییە ترسناکە بگرێ کە درێژەی کێشا، ویستی دەروازەیەك بۆ گفتوگۆیەکی دیکە بکاتەوە، لەوە دەچێ ژیانی خەڵکانی ناو پایتەخت هەڵەیەکی تیابێ، چونکە وات لێ دەکا کەهەمیشە بەخۆت نامۆبیت، بێزارو وەڕس.. ژەنگ ڕۆحت بخوا.. وات لێ دێ کەخۆیشت نەزانی ڕوو لەکوێ بکەیت.

+ نا.. نەخێر.. وانییە، لە ((کریسمسی)) رابردوودا توانیم بچمەوە گوندەکەی خۆمان، مەڵبەندی باوو باپیرانم، مامێکم هەنووکەش لەوێ دەژی، لەوێش بارودۆخەکە ئەوەندە دڵخۆشکەر نییە، لەوێش خەڵکی بێزارن لەقسەی زۆرو بەڵێنی درۆ، ئەوانیش وا هەستدەکەن لەقۆڕ چەقیون و ڕەوڕەوەی ژیان ئاواهی پێشناکەوێ، بەهیچ بارێکدا بەڕێوە ناڕوات.. هەر دەڵێی هەموو کارو کردەوەیەك لەو گوندەدا گەیشتۆتە بن بەست. هیچ بڕوایەکیان بەخۆیان نەماوە، هیچ ئومێدو ئایندەیەك لەئاسۆدا بەدیناکەن. تۆ قەت کۆمەڵێ مشکت دیوە کەبەتەڵەوە دەبن؟ بەو دەموچاوە درێژکۆلانەو زەردانەوە هەردەڵێی ئەو مشکانەن. بەکولەمەرگی دەژین.

_ تۆ لەگەڵما نیت کەئەو هەموو ڕەشبینییە بەتەنها دیدی خۆتە بۆ دونیا؟ لەراستیدا لەناو خودی تۆدا پیاوێکی زۆر بەزیو هەیە کەشتەکان وەکو خۆیان نابینێ، تۆ ئاسانترین ڕێگە دەدۆزیتەوە تاوەکو خۆت دەرباز بکەی. منیش چەندین گوندم بینیوە، دەکرێ بڵێین ئەو گوندانە لەخۆشی و کامەرانی بەدوورنین. پڕ لەباخی مانگۆ، دارو درەختی جۆراوجۆر، چریکەی مەلان، کوکوختی و قومری، ناعوور.. خەڵکێك کەسەرگەرمی سەماو گۆرانین.. هەروەك بڵێی لەجەژناندا بن.

+ (بەمەزاقەوە پێ دەکەنێ) ئەو جۆرە گوندانەی تۆ باسیان دەکەی، مەگەر تەنها لەنێو فیلمەکانی سینەمادا بیانبینی، ئەم جۆرە گوندانە شتێك نین کە واقیعی بن، گوندە راستەقینەکان پڕن لەبێکاری، نەخۆشی و تۆڵەو دوژمنکاری، هەردەڵێی میکرۆبێك کەوتۆتە ناوانەوە. پەیوەندی پیاوەکان بەیەکدییەوە خۆرە لێداوە، لەوانەیە مەسەلەکە بەهوشیاری چینایەتییەوە پەیوەست بێ. یان کەس لەڕووی ڕۆحییەوە ئامادە نییە بگۆڕێ.

_ ئەوەتا دیسانەوە هەر دەڵێی ((هاملێت))ی قسەدەکەی. ئەی ئەو کچە چی بەسەرهات کەبەتەماڵووی بیخوازیت؟

+ هەڵگەڕایەوە.. هەڵوەشایەوە.

_ مەبەستت چییە؟

+ کەدیم وامزانی لەدڵەوە بایەخم پێ دەدا. بەڵام زۆر بەداخەوە.. لەوە دەچێ من دەستخەڕۆ بووبم.

_ دەتەوێ بڵێی هەرهەمووی ڕووکەش بوو.. هەر هەموو مەسەلەکە فرۆفێڵێك بوو؟

+ بەڵێ. کچەو خزمەکانی وایان زەن دەکرد کەهەرچی موڵکو ماڵی باوکم هەیە بەمیراتی بۆ من ماوەتەوە. هەر بۆیە کچە بەتیژی ڕۆکێتێك ڕوەو لای من هات، کەزانیان من پیاوێکی بێ پوڵی سەر ئەو جادانەم، وایان کرد کچە بەهەمان تیژی ڕۆکێتێك بگەڕێتەوە قەوانەکەی خۆی.

_ بەڵام من بیرمە کەوەختی خۆی زۆر جوان ستایشی ئەو کچەت دەکرد.. زۆر شاعیرانە وەسفت دەکرد.

+ بەڵێ وابوو.. بەڵێ هەموو ئەو قسانەی کەئەویش بۆ منی دەکرد، درکاندنی رازەکان.. رازی ئەوەی کەئەو بەبێ من دەمرێ: هەرهەمووی.. هەرهەمووی درۆ دەرچوون.

_ بەڵام تۆ پێت ڕاگەیاندم کەعیشقی ئێوە زۆر دوور ڕۆیشتووە، گوایە تۆو کچە هەنگاوی گەورەتان ناوە.

+ ئۆ.. من بێزارم لەوجۆرە وشانەی وەك (عیشقو ئەڤین) بۆمن هیچ مانایەکی نییە. یاە..! مەسەلە لەشە .. جەستەیەو بەس. پەیوەندییەکی ماددیو شەهوانی، من لەهەموو پەیوەندییەکی ماددیو فیزیکی وەڕسو بێزارم. تۆ نایزانی.. زۆر چاکە، کەنایزانی کەوا لەشی ئافرەت.. هەتا لەشی ئافرەت کالایەکی ئەوەندە بەبەهاو دوورەدەست نییە.. حەزپێکردنی مەحاڵ نییە.. کەپارەت هەبوو هەمووی دێتە بەردەست.

_ من دەڵێم بێدەنگ بە.. ئەم وڕێنەیەت لەچییە؟ تۆ کابرایەکی هیچ ئارەزوویەکت بۆ ژنو کارو ماڵ دانان نییە.

+ ئۆوە.. من داڕزاوم.. هەر دەڵێی ژن خواردووەی، هەروەك پەیکەرێکی بەردینمو بەئەزمیلێك گەرد بەگەرد لەمن ببنەوەو بمتاشن.

دیسانەوە کابرا بێدەنگو خامۆش، مایەوە، ژنەش قسەی نەکرد.

کوچی قاوەکان بەتاڵ بوونو لەسەر مێزەکان هەڵنەگیران. کابرا بیری کەوتەوە، ئەوکاتەی بۆ یەکەمین جار یەکتریان بینی، ئایی.. چ سۆزێکی گەرم ڕوەو یەکدی دەیبردن، هەستیان دەکرد کەشتێکی زۆر جوانو ناسك، شین، نەرمو نیان.. بەیەکەوەیان دەبەستێ.. شتێك کەهەر لەدرەختی سەندەل بچێ، کەس ناتوانێ وەسفی ئەو ئەزمونە بکات. بەڵام هەنووکە.. کەسەیری ژنە دەکا، قوڕو لیتە لەچاوانی بەدی دەکا، لەنێو قژیشیدا تەونی جاڵجاڵۆکە. لەوانەشە ماکو پەڵەی ترشیات بەسەر کراسەکەیەوە هەبێ.

ژنەش بیری لەکابرا دەکردەوە، ئەو وەختەی کەبۆ یەکەمجار بینی، ئەوسا زیندووتربوو، شینایی ئاسمانت لەچاوانیا بەدیدەکرد، بزەکان چۆن ئەستێرە لەسەر لێوانی دەبارین، وشەکانیش هەردەتوت پەڕەی گوڵن لەزاری دەکەوتن.. هەر دەتوت – حەڵوان، قسە لەزاریدا شکۆفەی گوڵی سپی بوون.. دەنگی لەمۆسیقایەکی سیحرئامێز دەچوو. کەچی ئێستا قژی ئاڵۆزو شانەنەدیوی هەردەڵێی سوتووی جگەرەی بەسەردا ڕژاوە، یەخەی گەچڵاوی کراسەکەی جێپەڵەی قەڵەمی لێوی وا بەسەرەوەیە، خەیاڵی هەر دەتوت ڕژانی تافگەیەکی بەخورمە کەچی هەنوکە هەر دەڵێی زەلکاوێکی مەنگەو بۆگەن کردوو.. پڕ لەقەوزە .. نیشتوو.

ئەی کوان پەپولەکان؟ لەهەر چوارلاوە جگە لەمارمێلکە، هیچ دیارنییە.

_ کاتژمێر چەندە؟

+ بۆچی؟پەلەتە؟ مێردەکەت لەئۆفیس دەگەڕێتەوە؟

_ لێدەگەڕێی ئێستا بڕۆم؟

+ کەواتە ناونیشانەکەتم بەڕێ.. لەوانەیە ڕۆژێکیان حەز بکەم سەردانێکت بکەم.

قەڵەم پاندانێکی لەژنەکە خواستو بەشەڕەپشیلە لەسەر پاکەتی جگەرەکەی ناوونیشانی ئەمی نووسی، بەڵام لەوە دەچوو پاکەتەکە بەبەتاڵی لەسەر مێزەکە جێبهێڵێو هەموو شتێکی، لەمیانەی چرکەیەکی ئایندەدا، لەبیربچێتەوە، پاشان باوێشکێکیدا.

هاواری کرد (هێی قاوەگێڕ.. پەرداخێك ئاوم بۆ بێنە)

*

پرابهاکار ماچوی: لەسالی (١٩١٧)دا لەدایك بووە. یەکێکە لەگەورەترین ڕەخنەگرانی کۆمەلگەی هیندی، لەهەموانیش ئازاترە بۆ پەردەهەڵدانەوە لەسەر کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگا. ڕوانینی وردو شیکاری گەورەی هەیە لەم بوارەدا، تەکنیکی باڵا، زمانێکی سادە، شۆڕبوونەوە بەنێو ناخی پاڵەوانەکاندا بێ ئەوەی لەتەمومژدا نوقمت کا.. بێ ئەوەی زۆر لەخۆ بکاو بێ دەستکرد دەتباتە ناو دوو جیهان بەیەکدا دەدا کەلەپەیوەندی نێرومێیەکدا بەرجەستە دەبێو سەیرێکە زەمەن چۆن کەسەکانو حاڵەتەکان دەگۆڕێو چۆن دەمامکەکان دەکەون.

سەرچاوە:

Hindi Short Stories
Edited by
Sharwan Kumar
1970
Bombay
Jaico Publishing House

پەراوێز:

چیرۆکی هیندی وەک خۆی

نەشونمای چیرۆکی هیندی مەسەلەیەکی بەرجەستەو بەرچاوە وەک لەهەر زمانێکی زیندووی دیکەی دونیادا هەیە، گەر کەسێک نۆد بەوردی ئاگای لەسەرەتاکانی ئەو هونەرە بێ تادەگا بە پێچی سەدەی نۆزدەم ئەوە ناتوانێ، بەبەراورد لەگەڵ ئەم هونەرە لەمرۆکەدا، هەموو ئاکارەکانی سەردەمی زووی بناسێتەوە. بەهەرحاڵ لەو شەست ساڵەی دواییدا پێگەیشتو تابێ رووی درەوشاوەتر دەبێ، هەمیشە لەگەشەکردنو تازەبوونەوەدا بووە، ئەمرۆکەش پتر تاووتینی خۆی وەدەست هێناوەتەوەو دەزانێ چۆن خۆ لەگەڵ دونیای دەرەوەدا دەگونجێنێ.

نووسەرانی هیند دەرکیان بەوە کرد کەئەگەر بیانەوێ لەبواری هونەری چیرۆکنووسیندا تازەگەربن، ناکرێ رەگو ریشەی خۆیان لەبنو بۆتکەوە بقرتێنن، زانیان پشت کردنە ئەو میراتە زەرەیان لێ دەدا، بۆیە گەر لەچیرۆکی تەقلیدی هیندیش ورد بینەو؛ بەئاشکرا دیارە کەکەڵکی نۆدی لەئەفسانەو ئایینو حەکایەتی میللی وەرگرتووە کەپێن لەسەرگوزشتەو رێنمایی ئەخلاقیو تێڕامان لەدونیاو گەڕان بەدوای پرسیارەکان، دەکرێ بڵێین —فۆلکلۆر— بەردی بناغەیەک بووە بۆزیاتر سەرهەڵدانی هونەری گێڕانەوە — Narration— کەدیارە نەوە دوای نەوە ئەو کەلتوورە دەوڵەمەندەی هیندەچ سەرزارەکی بوویێو چبەنووسین گواستراوەتەوە. شایانی باسە کەبزاندرێ چیرۆکی هیندی قەرزاری چیرۆکی ((بەنگالی))یە کەئەویش بەودیودا قەرزاری چیرۆکی ئینگلیزیو فەرەنسییە، بەڵام دواجار چیرۆکی هیندی توانی لەسەر پێی خۆی بوەستێ، خاوەنی سیماو رەنگی خۆیبێ.

مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی تازەی هیندی دەگەڕێتەوە ساڵی (١٩٠١) کەلەسەر دەستی ((مادهاڤ راو)) هاتە پێشێو گەشەی کرد، دەکرێ چیرۆکی ((سەبەتەیەک خۆڵ)) لەم بوارەدا نوقڵانەی لەدایکبوونی چیرۆکی تازەی هیندی بوبێ. دیارە وەک لەچیرۆکی کوردیدا مشتومڕی زۆرو رای جیاواز هەیە لەسەر یەکەمین چیرۆکی هونەری، لەنێوان رەخنەگرانو نووسەرانی هیندیش هەمان مشتومڕ هەر بەردەوامە. هەندێک سەرەتای ئەو مێژووە دەگەڕێننەوە ساڵی (١٩٠٠، ١٩٠٣، ١٩٠٧، ١٩٠٩) هەندێکیان یەک ران لەسەر ساڵی (١٩١١). بەڵام هەر هەموویان یەک ران کەچیرۆکی —بەنغالی— و وەرگێڕانی دەیەها چیرۆکی فەرەنسیو ئینگلیزی ئەم هونەرەی بردە پێشەوە، دیارە لەو پێشەنگی هونەرەو سەرقافڵەچییە هەرە داهێنەرەکانیان ژنە نوسەرەکان—ی هیندوستان بەشداریەکی تابڵێی گەورەیان هەبووە، لەو نووسەرانەش ((بەنگامە هالیا))و ((کیشۆرلای گۆسوامی)) کەدیارە ئەوەی دوایی چ بەتەکنیکو چ بەناوەرۆک لەژێر کاریگەری چیرۆکی بەنگالیدا دەینووسی. بەڵام هیچ رایەک لەمانەدا ئەو قەناعەتە دروست ناکات ئاخۆ یەکەمین چیرۆکی هونەری تازە لە چ ساڵێکداو لەسەر دەستی کێ خوڵقاوە.

ئەوانەی کەسەرگەرمی لێکۆڵینەوەن لەمەڕ ئەدەبی نووسراو کەپێی دەوترێ ئەدەبی (هیندی— ئوردو) یەکەمین هەوڵەکانی چیرۆک بۆسالانە (١٨٠٣) دەگەڕێننەوە کەبەقەناعەتی هەندێ لەرەخنەگران نووسەرێکی وەک ((ئینشائەڵڵاخان)) کەلەو سەردەمەدا چیرۆکی نووسیوە نۆد لەم چیرۆکە تازانە دەچێ کەهەنووکە دەنووسرێن.

دیارە لەم کەیْنوبەینەدا زۆر لەنووسەرانی پێشەنگی ئەم کاروانەدا غەدریان لێدەکرێ. بەڵام بەهەموو ئەو ناوە زۆرانەی کەعاشقی ئەم هونەرە بوون، ئەوانەی کەناویان زۆرتر دێو ئەوانەشی کەفەرامۆش کراون: بەهەر هەموویان ئەو ژانرە ئەدەبیەیان رەنگینترو دەوڵەمەندتر کردووە. راستە هیند وڵاتێکە کەدەکرێ بڵێین خاوەن کەلتورێکە لەسەر ناعەقڵانیەتو غەیبانیەت کاری کردووە، بەڵام ئەوەیان رێگر نەبووە لەبەردەم نووسینەوەی ئەو هەموو خەمو گرفتەی لەسەر زەوی هەیانە، قسەکردن لەسەر پەیوەندی مرۆڤ بەمرۆڤ ناوەرۆکی ئەو بابەتانە بوون کەئەوان دیانوروژاند. هەندێکیان واتوندوتیژبوون کەهەر دەتوت بەچەقۆ دەنووسن نەک قەڵەم، دیارە ((سێکس)) یەکێک بوو لەو بابەتانەی کەپانتاییەکی بەرینی لەسەر رووبەری ئەو هونەرە دروستکردووە. تێکەڵبوونی نووسەران یان هاتنیان لەخێزانە هەرە هەژارەکانو توانەوەیان دەنێو ژیانی میللیدا وای کرد جوانتر لەو مەرگەساتەی ژیانی پڕ لەکوێرەوەری رەشە خەڵکەکە نزیک ببنەوە. هەندێ لەنووسەران لەژیانی ئەمرۆکەی هیند غەرق بوونو وازیان لەهەموو شتێک هێنا پەیوەندی بەرابردووەوە هەبێ؛ بۆ نموونە چیرۆکنوسێکی وەک ((کەمال شوار)) لەهەنووکەدا کاری کردو رابردووی تەڵاقدا. نووسەرێکی وەک ((راج کەمال)) لەوەشی تێپەڕاند کەوتی:— ((تازە هیچ بوارێک نەماوە بۆ گەڕانەوە رووەو رابردوو))

نووسەرانی نەوەی تازەی وەک (هیمانشو جۆشی، کیشۆر، کاتاناس، رامکۆمارو رامیش...هتد) تەواوێ باوەشیان بۆ هەرکەس و بیرۆکەیەک کردۆتەوە کەبانگەشە بۆ بێهودەیی و پووچی دونیا دەکا، لەچاوی ئەواندا هەموو شتێک ناجێگیرو جێی گومانە، تادێ بەهاکان بێ مانا دەبنو پەیوەندیەکان هەلاهەلاتر، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایە کەئەوانە بڕوایان بەهیچ بەهاو ئەخلاقێک نییە، بەڵکو ئەو نووسەرانە داڕووخانی بەهاکان لەدونیای دەرەوەدا دەنووسنەوە. ئەوان ئەخلاقیان بەوەی کەلەقوڵایی رۆحیاندا دەرک بەکارەساتەکان دەکەن، هەستکردن بەدرزی گەورەی نێوان ئایدیاو واقیع، لەوەش خەراپر کەچیتر بوار نەماوە ئەو درزە پڕ بکرێتەوە. بەهەرحاڵ ئەوان خوێنەرانی خۆیان هاندەدەن کەبەوەڵامی حازربەدەست دڵیان ئاونەخواتەوە، قەت بەو داوو دەرمانەش رازی نەبن کەگوایە هەموو نەخۆشیەکانیان لادەبات.

نووسەرە مێینەکان (ئوشا، ڤارما، سونیتا) لەو جۆرە کەسانەن کەتوانیویانە دەم لەحەرامەکان بدەنو لەبەرامبەر کۆمەڵگایەکی تەقلیدیدا قسەی خۆیان بکەن. لەرووی فیزیکیو سایکۆلۆژی، لەتوخمی خۆیان وردبینەوە، سەبارەت بە (ئوشا)و (سونیتا) دەتوانن ئازایانەتر دەنگ هەڵبڕن بەوەی کەئەمرۆکە نیشتەجێی ئەمریکان.

سەبارەت بە ((ڤارما))ش، راستە ئەویش لەهەندەران بووەو زۆریش دەوڵەمەند بووە بەو ئەزموونانەی ئەوێ، بەڵام هیچ شوێنێک وەکو هیند سیحری لێنەکردووە.

بۆ وڵاتێکی وەکو هیند کەسەدەها شێوەزمانی تێدایە، کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە سەرومڕ مێژووی ئەو هونەرە وەکو خۆی بنوسرێتەوە، بەتایبەتیش کەلەو چەند ساڵەی رابردوودا ئەو خەڵکە لەرووی رامیاریو کۆمەڵایەتیو ئابووریەوە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. بەوپێیە هونەرو ئەدەبیش گۆڕانی گەورەتری بەخۆوە دیوە، بەڵام زمانی هیندی کەوزەیەکی گەورەی تەعبیری تیایە، لەم چەرخەدا لەسەر دەستی کۆمەڵێ نووسەری کارامە ئەو زمانە ئەمرۆکە دەتوانێ پترو جوانتر تەعبیر لەخەمەکانی خەڵکی بکاتو پتر هەناسە بدات.

چ غەمێکە سوتێنراوە

١- وائەمشەو بۆنکرووز دنیای گرتۆتەوە؟

شیعری: سەلام محەمەد

ئەمشەو نازانم، شیوەنە یا شایییە
وا بۆنکرۆز لەدووا مەڵبەندی ئەم قوتبە

سەرەتا یا کۆتاییە
تەزیوەوە

ئۆخەی ماچە، یاناڵەی مالّئاواییە
بەری ئاسمانی گرتووە

ئەمشەو شەوێکە دووبارە نابێتەوە
بەجۆرێ لەمنیش تێکچووە

شەوی یادگاری وڵات و شارو گوندو ئاواییە
نازانم ئەمشەو شیوەنە یا شایییە

شەوێکە تەمی سپی و جوان
نازانم ئاهەنگی چرا کۆژانەوەی کاڵوقوتە

وەك سەروپێشی (سەڵاح شوان)
یاشەوچەرەی کاکەییە

نا ... نا دووکەڵی هەناسەی
یا پەلکەزێڕینەی شووشەی ئەندێشەیەو

کەبۆتە گڕی تەنووریان
هەر وڕێنەی تەنیاییە

تێکەڵاوی رنووەبەفری بەرگڵۆپە زەردەکانو
کێ؟ چووزانێ:

بۆنی زوقم و زریان بووە
ئەمشەو لەدوای دواپەرداخ و

لەوەش ئەچێت
دوای تەقینەوەی دۆزەخی سووری ناخ و

غەمە سوورتاوەکەی ئەو بێت
وەستانی کات



دواگیانەڵای تەمەن نییە؟
ئەوجایش ئێتر ((کۆچی یارەو
کۆچی سوورەو))
نۆرەی کۆچی ئەبەدییە
نا.. نا ئەمشەو شەوێکی ((دیار))و درێژە
شەوی خەڵوەتی ((مەولەوی))و زیکرو
نوێژە
لەم شەوەدا: بێدەنگی بۆتە ڕۆمانو
لەزمانی حەرف یاخیی‌یە
شەوی‌گڕگرتنی گیانە
زەماوەندی مەرگ‌و ژیانە
شیوەنی داخبوونی بیدوبرژانی ئێسقانەکانو
هەڵقرچانی ڕۆحی خوایە
شەوێکەو هەتا بەیانی
ئاهەنگی سەمای زۆربایە
نا.. نا.. شەوی
((نالی))و دەیجوورو یەڵدایە
شەوی خامۆشی ((هەژار))و
ئەستێرەی گەشی بەزریوەو
زوڵفە ڕەشەکەی لەیادیە
چ لافاوێکی هێمنە
چ ئازارێکی بەتامە
چ شەوێکی بێ‌ڕەنگ‌و بێ‌دەنگ‌و ونە
چ تاریکی‌یەکی خۆشە
تا چار هەڵخەی لەدەرەوە:
بەفرە.. بەفرە.. بەفرەباری
تا سەرنجدەی لەناوەوە:
ژەهرە.. ژەهرە.. ژەهرەباری

ئای لەم شەوە پڕ گوناهە
لەم تەنیاییە پیرۆزە
چ ژانێکی بەئارامە ...

تێبینی: ناونیشانی شیعرەکە دێڕە شیعرێکی سەلاح شوانە

٢- دڵت بۆ کێ ئەکەیتەوە

سەعات

ئیمشەو دووکەس
بێدارن، خەویان زراوە
یەکەمیان زۆرپەلەیەتی
وا هەست ئەکات کات وەستاوە
ئەوەی تریش خواخوایەتی کات راوەستێ
بەترسەوە ئەڕوانێتە سەعاتەکەی ناوگیرفانی
ئەبینێ وامیلی سەعات
فڕکان فڕکان بۆ پێشەوە تەکان ئەدات
خێراتر لەجاران ئەڕوات
ئەوەی یەکەم بۆ بەیانی
چاوەڕوانی ژوانی یارە
دووەمیش: پەتی سێدارە

خەم

خێرایی تیشکی هەتاو
سێسەد هەزار کیلۆمەترە، لەچرکەیەکدا
خێرایی تیشکی بیری مرۆڤیش لەچرکەیەکدا
ملیۆنێ سالّی هەتاوییە!

گورگ‌و مرۆڤ

کاتێ گورگ
هەڵمەت ئەباتە سەر بەرخێك‌و ئەیخوات
هەموومان وەکو سۆز

لا یەنگری بەرخ‌و دژی گورگین
کەچی خۆمانیش
بەکوڵاوی‌و بەبرژاوی
گۆشتی بەرخ ئەخۆین

زۆربا

فشەناکەم‌و حەز بەفشەکەران ناکەم
بەڵام ئەزانم زۆربای یۆنانی هەیە
زۆربای کوردستانی هەیە
زۆربای عەرەب هەیە
زۆربای جیهانیش
منیش زۆربایەکی گەردوونیم..

خۆشەویستی

خۆشەویستی جۆرێ زۆرە
بەڵام لای من بەهێزترینی دوو جۆرە
یەکێکیان پێویستی لەش‌و
فەرمان‌و قەدەری خوایە
ئەوەی تریش وەك هەوایە
گشت چرکەیەك بەبێ ئەوەی ئاگاداربیت
لەناخی ناخی ناخەوە هەڵێ ئەمژیت
تائەم دنیایە دنیایە
ئاوی ڕۆحە، ناگۆڕێت‌و وەك خۆی وایە
ئەم جۆرە خۆشەویستییە
زمانێکی تایبەتییە
بەبێ ئەوەی دەم بجوڵێیت، لێو چرپەکات
هەر بەسووکە تەماشایەك
بەڕامبەرەکەت تێیت ئەگات..



ئەژی گۆران

گۆردەرە..

لەم بنارا..
کانییەکانمان..
چاو بەفرمێسکە پایزەن..
لەشەوانی مانگەشەوا..
بەشەرمەوە..
باسی چاوبرکێی مانگ و تریفە..
بۆیەکتری ئەکەن ...
ناکا هەورێ..
داکاتە شەست و رەهێلە..
شەرمیان بشکێ..
ئاخ..!
گەوالە هەورەکان..

بۆچی ئێوە دڵتان بۆ یەکتری ناکەنەوە؟..
بۆ شوێن پێیە جێ ناهێڵن؟
ئێمە ئەوسا..
لەسکی دایکمانا..
زۆرترین شوێنمان بەرئەکەوت..
زەمەن..
بەشی زۆری ساڵێکی بۆ ئێمە بوو..
بەڵام نەک هەر بچوک..
نوتفەیە بووین..
رازی دڵمان دەرنەئەبڕی..
ئەوا ئێستاش..
کەگەورەبووین ...



لەزەمەنا..

تەمەنێکی کەمان هەیە..

گرمۆڵەبووین ...

لەسەربالّی مێشولەیە..

بگرە کەمتر..

لەئەندێشەو..

لەسەر بالّی خەیاڵ..

گرمۆڵە بووین..

هەموو رۆژێ بەدوای یەکدا..

شوێن پێی شەوانە هەڵئەگرین..

شەوانەش..

لەکۆردەوەی پێڵەشتێکا..

دڵمان بۆ سەرچاوە هەڵئەڕێژین..

ئاخ!

لەسیا سالّێکی وادا..

بۆ کوێ بچین..؟

نەکۆردەوە..

نەوشکەسی..

لەباوەشی سەرچاوەدا..

هەڵنەپەڕین..


وێڵبوون لەدەم کۆردەوەدا..

ئاسەواری جێناهێڵێ ...

کۆردەوە: ئەو ئاودڕۆ جۆگە وشکانەن کەلەپێڵەشتەکانی
گەرمیانا زۆرن.

١٩٩٩

کچێك



قوبادی جەلی زادە

کچێك
تکای لێکردم، ڕووت ڕووتی نەکەمەوە،
کەچی کردم.

خودایە
پاداشتی ئەم چاکە بچکۆلەیەم
بدەرەوە.

بێوەژنێك..،
تکای لێکردم، شەوێك لەپاڵیدا بخەوم
کەچی نەخەوتم.

خودایە
لەم گوناهە
گەورەیەم
خۆشبە.

پیاوێك لەسێبەر

ئاراس عەبدولکەریم

پێشکەشە بەهاوڕێی شیرینم (کەمال حەمە نجم)

لەوعومری دووکەڵەی ئەوێندەر،
بەتەنها تەنیایی سەوزەکەی ئەودەرختە ڕووخۆشەم
لەوهەموو ساڵە چاو تەڕانە،
لەیادە
تەنها ئەو سەحەرەم لەیادە
کەبەیانیەکی تەماویی،لە هەیئەتی کەمالی
کەدوا مسوەدەم کۆکردەوەو
هاوڕێیا
هەموو حەرفەکانم تەکان و لەسەر خۆ پێم وتن:
بەبۆنی خەڵووزو باوەشێك حوزنەوە
(ئیدی ئێرە تەواو)

لەو هەموو ئاوێنە درز بردووانە،
دەمو چاومی خستە ناو لەپی هەردوو دەستەکانیو
بەتەنها ئەو لەتە ئاوێنە وەریوەم لەیادە
لەناو گڵێنەکانیا خۆم دی تەماشای لێوەکانیم
کەسیمام لەناویا تائەهات کاڵتر ئەبووەوە
ئەکرد
سەریشم بەدیوی چەپا لاربووەوەو پێی وتم :
کەپێیان ئەوتم :
(ئیدی ئێمە تەواو..)
(درۆزن..تۆش ئەڕۆیت..؟!)

لەو هەموو تارمایی کالآنە،
لەوهەموو پاییز بەسالآچووانەی

لەناو ئالتوون بارینا ،وەك حەشیشە (با) یان
ئەكێشا
بەتەنها وەرینی ناونەشئەی ئەوسەحەرە پێڵوو
قورسەم لەبیرە
كەبەدزیی دار تێلە ڕاپۆرتنووسەكان ومنارە زۆر
بڵێكانەوە

هەردوو گلێنەكانم ڕژانە ناو لەپی دەستمەوەو
بەسەفەرم وت

هانێ ئەوەچاوم،
بەناوی گەلاوە بمخەرە سەرشانی چەپی (با)
هێند بمبە
تازەینی تەماشام ئەچێتەوە سەر زەینی دەرختێكی
پشت كۆم..
لەوسەحەرە دریژەی كەهەمو باخچەكان
لەمسەری گوڵەوە هەتاكو ئەوسەری چۆلەكە
بەبیانووی پایزەوە نۆرەیان بۆ وەرین گرتبوو،
هەرهێندەم لەیادە
كەبەنەرمی پێڵووی چاوەكانم داخست و
سەرێكم بۆسەفەر لەقاندو
لەژێر لێوی خۆڵەوە پێم ئەوت :
تەڕم كە ، هانێ ئەوە سەرم
هێند برۆ
تاهەمو كەنارەكان بەخیلیم پێئەبەن..
هێند بمبە
هەتا دوا نەورەسی ئەودیو ئاوا بوونیش
پەنجەی شایەتمانی هەڵئەبڕێ وپێم ئەڵێ :
(شاهێدی ئەدەم،هیچ قەرەجێك نیە غەیری تۆ..)!
ئەو سەحەرە

كەیەكەمجارم بوو دڵم بێ
ڕۆژ باش لەباڵندە نەكەم وسلاوی باران نەسێنمەوە ،
بەر لەوەی سەرم وەك پریاسكە بەسەفەر بسپێرم
بەغروری ژەنەڕاڵە كانی دوای شەڕو زاوا پیرە كانی
دوای شەوی پەردەوە
بیرم دێ سیگارێكم پێ كرد
سیگارێك، لەوانەشە بەساویلكەیی ئەو دیلە چاو
بەستراوانە وە بووبێ
كەلەپێش گوللە باران كردنا،
بەرلەوەی بەدەم جنێوێكی ساردەوە سەری خۆیان
بدەن بەشەڕیكی گەرم
داوای مۆڵەتی كێشانی سیگارێك لە
جەلادەكانیان ئەكەن و
بە دووكەڵ سرودێك ئەنووسن و لەناویا ون ئەبن ...
مشتێك دووكەڵی سپی بۆ ئەو بەیانیە كپەم كەم
نەبوو
تا وەك لاولاوێكی بێ شەرم
تەماشام بكات بەپەنجەرەو ڕووت و قووت بەمدیو
ئەودیودا خۆی بادات ؛
منیش لە مدیو چاومەوە
پەنجەوەریوەكانم بە پرچە تەڕەكانی سەفەرا بگێڕم و
بەوسەما خۆڵەمێشیە بڵێم :
چەند برۆیت، ئەم پەنجەرە باڵگرتووە ون ناكەیت..
چەند كاڵتر بیتەوە،
ئەبینیت ڕۆژێ دێ ئەم تاجی شێتیە
كەللە سەرمی كردۆتە تۆپەڵێك هەڵمی سارد !
ئیدی تۆش، لەناو مەملەكەتی دوو كەڵ
ئەڕژێیتە ناو زەلیلترین كرنووشەوەو لەبەرپێما
ئەڵێی :
(بەڕەكەت لە دیدارت گەورەم..) !

لەو سەحەرە شێتەوە
لەوەتەی گرەوم لەگەڵ سەفەرا کردووە ؛
ئیدی زەینم ئاوەو ئاو چووە !
نازانم دوای ئەو ئاوابوونە ، ڕێگاکانی چەند
سەحەری ترو چەند سەفەری تریان ژماردووە
شەڕگەکان، چەند کەلاوەی ترو چەند تەرمی ترو
چەند سوالکەری ترو
چەند سۆزانی تریان خستۆتە ناو لیستی تازەوە ...
نازانم کەمالی هاوڕێشم
بەچەند قەرەجی تریشی وتووە (درۆزن) ...
لەو سەحەرە کاڵەوە
زاکیرەم ئولفەتی پاییزی گرتووە !
بە ئاستەم بیرم دێ، لەناو دوا ئاوڕما بەرقە
نیگایەک هەبوو
لەناویا تابۆرتێک، تا نیوەی کتێب و نیوەکەی



تریشی ئاودامان فیشەک لغ !
لەناویا مەرقەدێک، نیوەی لە گوناە و نیوەشی لە
نزا !
لەناویا کفنێک هەبوو
کفنێک لە ڕەگەزی خۆڵ !
بەر لەوەی لە پێچی سنوورێکا ونی کەم،
دووراو دوور شتێکم وت ... شتێکی سارد !
نازانم مالئاوایی بوو یان گلەیی..
بەرلەوەی لە پێچی گۆڕێکا ونم کا،
دووراو دوور شتێکی تێ گرتم.. شتێکی تەڕ !
نازانم دوا ماچ بوو یان دوا تف..
ئیدی لەو تەمتوومانی ئالتوونەوە
شتێکی تەڕ بەتەوێلمەوەیەو
هەر دەختێک ئەبینێ،
بەرزەپێ لەبەرم هەڵئەسێو بە سێبەر باوەشم پیا
ئەکا..
لەو سەحەرە پیرەوە
بەناوی (نووح) ەوە بەسەر پشتی ئاوەوەم،
شتێکی شین بە تەوێلمەوەیەو
هەر مەلێک ئەبینێ،
بەشەرمەوە پەنجەی شایەتمان هەڵئەبڕێ ...
لەو شەفەقە بالگرتووەوە
بەناوی (یەسووع) ەوە وام لەسەر شانی (با)
شتێک وەکو بزمار بەنێو چاوانما داکوتراوەو
هەر تاڵە دوو کەڵێک ئەبینێ
سەری دائەخات و ساڵوات لە دیدارم ئەداو پێم
ئەڵێ :
بەرەو ژوور.. بەرەو ژوور هەڵکشێ سەروەرم ... تۆش
... ئەی خەونی جێماوی دوا سەحەر..
ئەگەر بیرت کردم

له ژێر لێوی تەزیوی ئەو نیوە پەیکەرەوە
دوورلو دوور بە نیوە سیگارێك ئەچم

کەبەلەتێك جامانەو دەستێك ڕانك و چۆغەی
خۆرنشین نەفەسم لێ ئەداو

خاکیەوە منالیمان پێی ئەوت (نیشتمان) ،
بەسەری خۆڵەمێشیەوە ، دانیشتووم شیعرێکی (

سیگارێك پێ بکەو دوو کەلێك ڕاوبنێ
جەمال غەمبار) ئەخوێنمەوە

من لەوێم !
ئەگەر بیرت کردم،

بەسەر پشتی ئەسپێکی خۆڵەمێشیەوەم !
پرسیار لە زاکیەی پاییزکە

وەکو سوارچاکی ناو ئەفسانە گەرمەکان، ئاو زەنگ
لەوێندەر

لێ ئەدەم و پێی ئەڵێم :
بەناوی هەموو گەڵاکانەوە لەسەر عەرشی (با) م

هێند برۆ
و

تا دوا مەملەکەتی ناو حیکایەتەکانی (جن) پش
تاجێکی تەڕم کردۆتە سەر..

لەبەر پێی ئەم غەزا سپیەما ئەکەوێ..
لەوێندەر، لە خەیاڵی تەمێکا ئەمبینیت

هێند بمبە
لەشێوەی تارمایی سنەوبەرێکی کورتام

هەتا لە حزورما ، لەناو ئەم فانۆسە سپیەوە
پیاوێکم لە سێبەر

(سندیباد) بە خۆی و کەللە سەری هەموو
سەفەرێکی سپی بەتاڵە موەکانی سەرما

پایتەختەکانەوە دێتە دەر..
هەڵئەزنێ و

ئەگەر بیرت کردم،
هێند کاڵبوومەتەوە

لەسەر شووشەی تەماوی سەحەرێك
تا لەناو دووعا کزۆڵەکانی ئومەتی قەرەجا

بەسەری پەنجەی داگیرساوی سیگارێك، ڕەسمی
بوومەتە جوانترین پێغەمبەر..

دووکەڵێکی خوارو خێچ بکەو
لە ژێریا بنووسە _ نیشتمان)..

وام لەوێ..
ئەو لە جوگرافیای داروبەرد جوانتر

پڕە لە پەنجەرەی کەڵەگەت،
هەر یەکەی بەقەد خەونێك ئەبێ..

ئەگەر بیرت کردم
لەو عومری دووکەڵەی ئەوێندەر

لەو هەموو ساڵە چاو تەڕانەو
ئێوارەیەك داگیرسێنەو

لەناو ئاوابوونا ، تەمێکی پرتەقاڵی هەیە
من لەوێم !

نەوەیەک پیرەمندالّ

بەرزان هەستیار

لەئینجانەی گۆڕەکانا
جوانترین سوورەگوڵێو
هەمیشە بەچەپک
ئەگریجە پیسەکانی مەرگ بۆن خۆش ئەکەین
جوگرافیای گۆڕمان تێکداوەو
لەگۆشەکانی تەنیاییدا ئێمە هەمیشە
بەکۆمەڵ ئەمرین

***

شتێ گۆڕەپانە تەماوی‌یەکەی (زاکیرە)مان
جێناهێڵێ.. خوێن
ئەوەی نازانین بیخوێنینەوە شتێکە ...
لەپی دەست
کەچی مێژووی ئەو گوناهانەش بەڵەدین
کەهێشتاکە نەکراون


***

وێڵو نامۆین بەکەلاوەکانی کامەرانی،
خانەخوێی کۆشکە بڵندەکانی (پرسە)
زەلیل وەک حەقیقەتە تەڕەکانی
سەرتەنافە قرچۆکەکانی ڕۆحمان

***

بەپێی لەگۆڕەکانی ڕەحمی دایکمان هاتینە دەر
چەند جوان بووین ئێمە!!
نەوەیەک منداڵی پیر، ڕژاینە نێو
کۆڵانەکانی نیشتمانەوە
پشتێنمان لەفیشەک لغو
گۆچانمان تفەنگی باوک
هەر لەیەکەم جەنگمانەوە
مەداڵیای چاونەترسییان لەیەخەداین
شەڕێک بوو نەمانهێشت ڕۆحی منداڵیی
لەبەر خۆرا خۆی هەڵبخا

شەڕێك، نەوەیەك گۆڕەلێكەنی
پیری تیا باڵق بوو
شەڕی منداڵە كەنەفتو چاوكزەكان
ئەو منداڵانەی هەمیشە
لەنزیك گۆڕەكانەوە سەرمان لەخوێن رشتن
ئەخودا
نەك ژیان بمانفرێنێ
ئەو منداڵانەی بەپیری دانی گورگێتیمان ڕوا
تا كارژۆڵەی بەرائەتی پێ راوبكەین؛
حەسرەت بۆ رووباری ئاڵی ئەو رۆژانەی
چكیان كردو
ئەنگوستێكیان تەڕ نەكردین
بەچرای رۆن گەرچەكەوە كۆڵانەكان داگیرسێنن
زارۆیەك بدۆزینەوە
لەترسی شمشێری عەشرەت
لەزوقمی سەرەنوێلكێكا تووڕەرابێ
بمانكات بەكۆیلەی فێربوونی
تاقە حەرفێك لەمناڵیی،
جیهانێك لەخەونی نەبینراو



نۆكتۆبەرو نۆڤەمبەری ١٩٩٨
ئەڵمانیا- نیورنبێرگ




وەرزەکان کۆچ دەکەن

لەزەوی

هوشیار أنور

ساتێ کەسەرەتای شێیت بوونی بەردێك، بە
شکان دەست پێدەکات
ساتێ کەپەریەکانی من و تۆ...
فڕینی ئاواتیان،
بەرەو سنوری جیهانێکی نوێ
لەمیهرەبانی ئەندێشە
بۆ سەر کانی پڕ فوارەی خەیاڵی منداڵی
بەرەو چەپکێ لەڕۆشنایی
بۆ بەیانییەك، کەتیایدا پتر یەکدی ئەناسین..
بیردەچێتەوە
دەنگی حەسرەتیان،
لەودیو دەریای بەختەوەریە دۆڕاوەکانمان
بەوەهمی زەمەن
جزیرە دەکات و دەبێتە تەمی بیابانی پەشیمانی
گوێ گرتن لەخۆمان
کاتێ، کەهەتاوی پاکی خۆزگە
بەتاریکی بەدی دەروون خۆی داپۆشێ
کەهەستمان دەبێتە چارۆکەیەکی وێڵ و
ڕەشەبای تەپوو تۆزی شەهوەت شڕی دەکات
ساتێ کەئاگرو دوکەڵی جەستەی وێرانەمان
بەئاوی ڕووبی تەمەنی دەریەدەرمان
یاخی بوونی من، بەرەزامەندی تۆ تێکەڵ دەبێ
وەرزەکان کۆچ دەکەن لەزەوی
کۆچ دەکەن لەزەوی و...
تەنها شتێك، کەپۆشاکی ڕەشەبای
چەند سەدەیەکە
ماڵئاواییان لێ دەکات...
تەنها نەورەسێك،
کەخوێنی ئاڵودەبووی مێژوویەك،
لەنەفرەت و ئاشوبمان
بەئاوی دەریا ئەشواتەوە، ماڵئاواییان لێدەکات

*



بەهاری کەم تەمەنی ئەم چەرخە
حاڵیان لێ دەهات

بەڕەنگی تاڵان کراوی گوڵ بۆ ماددە
پەشیمانە لەمنی تاریك و لەتۆی ڕۆشن

بەئاوازی دروست کراوی بولبول
ئیدی هیوای بەشێتبوونی ئێمە نەما

بەدزینی تیژڕەوی ئەسپ بۆ ماشێن... پەشیمانە
ئاواتی بەئێمە نەما

پەشیمانە لەو نێرگزانەی
جارێکی دی، بەڕووتی و بەسادەیی

کەگوڵە دەستکردەکانی ڕیا ڕەنگی
بچینەوە بەر تاوە بارانەکانی خۆشەویستی..

لێ زەوت کردن
لەمن و لەتۆ پەشیمانە.

لەو پەپوولانەی کەبەسیحری ڕەنگ
هاوینی بێ تینی سەردەمی گومڕایی

باڵیان لەزەوی گەورەتر دەخستە بەرچاومان
ئاواتی بەو درەختە گەرمانەی بوون نەما،

لەو کانیاوانەی،
کە لەبەر سێبەری کۆشکی غروری دروشم،

کەڕێبوارانی سەفەرە ڕەهاکانی گومان
ئەحەسێنەوە

تواینوێتی بیابانێك لەپرسیاریان پێ دەشکان و
هیوای بەو هەتاوە نەما،

تیایدا سەیری وێنە، بێ ڕوخسارەکانی
کەخەنجەری تاریکی وەشاندو ڕەنگی ڕۆژی

خۆیان دەکرد
لەیادچوو

لەو پەلکەزێڕینانەی
لەڕۆشنایی ئەستێرە شەرمنەکانی

کە دەیانویست لەهەور بەرزتر بفڕن و
شەو بێ بەریە

ڕەنگیان نەبوو
کەعەشقی گڵۆپی ناپاکی،

لەو دەرێشە، عاشقە، شمشێر کولانەی خورافە
بەسەریاندا سەرکەوت

کە بە نمە بارانێك لەدووکەڵی دووعا
پرسەی شنەباکانی ناگرێ،

کەپەڕی پانکەی بەدخویی دەیانکوژێ
خۆزگەی بەئێمە نەما،
لەناو شەپۆلی کازیوەدا،
بەڕەهایی بڵێین بەیانیت باش
لەمنی سێبەرو لەتۆی هەتاو پەشیمانە

*

پایزی دۆڕاو بەگۆشەگیری گەلاّ
بێ چڵەکانی دووری
بەگلەییە لەو ڕێشۆڵە بەدەمەستانەی،
کە لە ئاهەنگی کۆچ کردن دا،
نمایشی ئەو پەڕە سپییانەی جەستەیان دەکرد،
کەخواوەند پێی نەبەخشی بوون...
زویرە لەو گوڵە پایزانەی، کەبێهود
ڕەنگی خۆیان
دەڕشتە چاوی ڕێبوارانی کوێری ئێمەوە
لەو ڕووەکە ماسۆشیانەی، کە بەڕازی نازەوە
دەچوونە ناو سادیەتی سڕبوونەوە
لەمنی ساردو لەتۆی فێنک
لەمنو لەتۆ پەشیمانە

*

زستانی چاخی گومانی ناوەخت...
بۆ هەڵدانی تۆپەڵە بەفرێک لەعەشق
هەزار دەست لەسەر دەستی بوو
بۆ گۆرانیی گەردەلوڵێ لەتەرزەی بێنەوایی
سەدان گوێ لەمشتی بوو
زستان.. زستانێکی نیگەران
نیگەرانە، لەو مێروانەی نهێنی ژیان دەزانن
بەڵاّم ئەیانە گەروی بۆق و دەنوکی باڵندەکان
نیگەرانە

لەو ساتە پڕ لەڕق و سەهۆڵانەی کەتیایدا
کڕێوە، نمایشی ڕیا بەمنو تۆ دەکات
لەمنی بەفرو لەتۆی باران پەشیمانە

*

هێندە فریشتە مەبە..!
سەردەمی صنالّی نەما...!
ڕۆژگارێک کەتەنها بۆ منو تۆ بوو نەما..!
ئێستاش، کەهەواری دلّ، لەزەردەپەڕدا وێرانە
ئەو ساتانە ڕۆیشتن،
کە دەمانووت، ڕەنگە بەیانی تۆخ تر بنوێنێ..!
من، بەر لەپارانەوەم بۆ کۆچی ئەم وەرزانە
شکامو وورد بوومو بووم بەهیچ...!
تۆ، بەر لەگریانت بۆ کۆچی ئەم وەرزانە
گرێت گرتو سوتایتو بوویت بەتۆز...!
ئەم وەرزانە، بەر لەبوونی منوتۆ نەبووە...!
ئەم زەویە، بەر لەبوونی ئێمە،
پڕ بوو لەو ڕەنگانەی کەهەرگیز نەماندیوە....!
لەم هەواری وون بوونەدا
تەنیاییش بەجێی هێشتم،
بۆ سەفەرە نامۆکانی بوون
لەسەر ڕێگایەک چاوەڕوانم،
کەکەسی لێوە نایەت...
هیچ کەسێک نایەت سێبەری سپی خۆم نەبێ....
هیچ دەنگێک نایەت
سەدای پێی بێدەنگی نەبێ....
چەرداخی دڵنەوایی بەدی ناکەم سەراب نەبێ...
هیچ ساتێک هەست پێناکەم
کاتی بێمێژوو نەبێ...
سەردەمانێ کەمنالّ بووم

دڵی سادەم لەژێر سزای باوکیش دا،
واتای کۆی نەدەزانی
هەنووکەش، کەخۆری غوربەت،
بەسەرمەوە پەرژینێکە لەنامۆیی
ئەم تەنیایی ئەمداتە دەست ئەو تەنیایی
تەنیایم عەشقێکی بێ ناونیشانە
باڵەکانی لەودیوو دەریاوەن
سەریشی لەقوڵایی ئاسمانە
سەدای، تەمێکی دوور لەئاوایی، ئەیپارێزێ
نائومێدی ڕەشەبایەکی سەرخۆش
بەلێستنەوەی عەرەقی جەستەی شارێك،
ئەیپارێزێ
ڕۆژگاری من، خونچەیەکە
پڕ لەڕەنگی غەمگینی
تەمەنی دەشتێکی بێچەرداخ
بۆنی سەدەیەکە لەجەنگ
دەنگی چاخێکی پڕ گومان
کتێبێکی بێناو پڕ لەدووبارە
تابلۆیەکی سپی لەیادەوەری
ئاوێتەی جەستەیەکی وێرانە
پڕ لە وون بوونو ئاشوبو دەرد

*

بەسەر درکەکانی بوونا دەڕۆم
زەخمی نادیاری تەمەنم،
بەخەزانی پایز خۆی دەپێچێ
شوێن پێم پڕ دەکاتەوو لەکەنار دەریا دەکەوێ
لەوێ... لەتەنیشت هەناسەی سواوی پیرێکەوە
سەرلەنوێ خوێنی لێ دەتکێ
هەنووکە، هەرچیەك بێت، زەخمێکی تری

دەنگی نالینە لەترپەی ئەم دڵە
پێدەچێت ئەمەش هیوایەکی دی بێت
چاوبەستی تریفەی چێژێکی دیم بێت
سڕبوونی هەزاران ووشەبێت لەزستانی قسەدا
چیتر، دەستی فریاد ناهێنم بۆ ئێوە
کە زەردەخەنەتان دەمامکی دوو ڕووە
گوێی دڵنەوایی ناگرم لەئێوە
کەدەمتان گەنجینەی هاوارە خەسیوەکانە
یادەوەری، بەبۆن کەوتووی، مێژوویەك،
لەپەشیمانی
خوێنو شەهوەتو ترستان بکەنەوە
بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی بوون
سەری بەتاڵی بێجەستەتان بخەنەوە،
بزرگەی پرسیار
چەند سەیر بوو؟ لەئاگردانی
تەمەنە بێ وەرزەکانمان دا
کڵۆبەفری ئاسمانێك لەهەستمان ئەسووتان
چەند سەیر بوو؟
بەژماردنی خاڵی زارەکان
کارمان بۆ ئاینەەی بێ ڕوو دەڕەخساند
چەند سەیربوو؟
ئەندێشەی شەوە بێ ئەستێرەکانی، گومڕاییمان
بە لەخۆبایی بوونەوە
لەڕۆژی بێخۆری ئاسودەییمان، دووبارە دەکردەوە
چیتر، باوەشی ئارامیم
بەجەستەی تەماویتان بەچڵکی لەزەت،
گەرم نابێتەوە
بەتاڵیی ئێوە پڕبوونی منە
ئاسودەییتان وون بوونی منە

ئێوە کەناتوانن، لەفڕین دا،
لەحەقیقەتی با بگەن
باڵی خەیاڵتان بۆچیە؟!
ئێوە کەناتوانن لەسەفەردا،
لەحەقیقەتی ڕێگا بگەن
ئەم هەموو کۆچ کردنەتان بەقاچی گومانەوە
بۆچیە؟!
ئێستاش کە چاڵی بێئۆقرەی قەدەر
تەرمی بەرزی غرور ئەنێژێ
کە زەردەپەڕێ هیواتان
بێهودە، ڕۆحە قاچاخەکانی تاراوگەتان
ڕەنگ دەکات
ئیدی، کۆچ کردنی مەلە باڵ شکاوەکانی
هیواتان
بۆ ئاسمانێکی دی نیە...
ئیدی، کاروانی خەوە سەرابیەکانتان
بۆ سەردەمێکی نوێ نیە

*

من پاشماوەی ڕۆحێکی بابردووم
لەئاوێنەی چاخەکان دروست بووم
بەڕێی سەدەکانی نەفرین دا هاتووم
بۆ وێرانەی ئەو بەهەشتە ئەگەڕێم
کەخواوەندەکانی گومان بۆیان جێهێشتووین
تۆش وێرانەی کەشتیەکی دەریای ئەفسونی
لە ساڵە تەلأییەکانو
زادەی ڕۆژە قەرەجەکانی مێژوو
دروست بویتو لەکۆلأنە تاریکەکانی
ئەندێشەوە هاتوویت
بەدووی ئەو کتێبە بێ پەڕانەی
پەیامبەراندا ئەگەڕێی

کەپەریە مەستە وون بوەکانی یەقین،
لەسەریان دەخەون
من بەباڵێك لەئاگرو بەباڵێك لەئاو
لەگێژەڵوکەی عەشقێکی خوێناوی دا
بەدووی ئەو سێبەرە تەڕە،
یاخی بوانەی تۆدا دەگەڕێم
تا لەتەقسیکی بێناوەکانی
خۆمیان پێ پڕ بکەمەوە
تۆش، بەپێیەك لەبەردو بەپێیەك لەبا
بەچاوێکی ئاقڵەوە،
لەدڵی سەرابێکی تاوان باردا،
بەکوشتنی مژدە وەهمیەکان
بەدووی غوربەتی منا ئەگەڕێی
تا لەبەر ئاوێنە شکاوە نەناسراوەکانی عەشقا
لەجەستەی خۆتی بسووی
شێتی من غوربەتە
ئاقڵی تۆ غوربەتە
شێتی من ئاقڵی تۆیە
غوربەتی من غوربەتی تۆیە
هەمو[illegible]لەتەك زەلامێکی کەتەی
چوارشانەدا دەکرد.
پرسیار: ـ تۆ بەرگری ناکەیت؟
وەلأم: ـ هێشتا برپیارم نەداوە، بامندالەکانم
بەرمە ئەودیو، ئەجا بیرێکی لێدەکەمەوە.
بەیانی.. هەتاو تێم ئالأ، ئەجا بەخەبەر هاتم..
بەرلەوەی چاوێك بەدەوروبەرەکەی خۆمدا
بگێڕم.. دایکی منداڵەکان لێی پرسیم: ـ
ئیمشەو خەونی خۆشت دی؟.
ـ نازانم.. ئافرەت جارێ لێم گەڕێ بابیرێکی
لێبکەمەوە.

١٩٩٨/٨/٣

جگە لەچیاکان هاوڕێیان نییە


جۆن بلەچو هارفی مرۆیس

خوێندنەوەی: پەیوەند

(جگە لەچیاکان هاوڕێیان نییە) ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە جۆن بلەچو هارفی مۆریس دەبارەی کورد لەدوای راپەڕینی کوردەکانی باشور لەبەهاری ١٩٩١دا نووسیویانەو لەدوتوێی (٢٥٨) لاپەڕەی قەوارە مامناوەندیداو بەزمانی ئینگلیزیو لەسالّی (١٩٩٣)دا لەدەزگای چاپەمەنی پێنگوین بەچاپیان گەیاندووە. بێگومان هەرکەس چاوی بەم ناونیشانە بکەوێت کتێبەکەی تۆرد ڤالسترۆمی نووسەرو رۆژنامەنووسی سویدی بیر دەکەوێتەوە کە بەناونیشانی (جگە لەچیاکان هاوڕێیان نییە) کە بریتییە لە رێپۆرتاژێك کە ئەم رۆژنامەنووسو نووسەرە سویدیە لەئەنجامی گەشتێکیدا بۆ باشووری کوردستان لەگەرمەی شۆڕشی ئەیلولدا نووسیویەتیو بەتایبەتیش ئەو کتێبە رێپۆرتاژێکی مەیدانییە لەکوردستان کە لە پاییزی سالّی ١٩٧٤دا بەرهەم هاتووە. هەردوو کتێبەکە لەناونیشانەکانیاندا نزیك لەیەکترنو خودی ناونیشانەکانیش ئەوە نیشان دەدەن کە کورد نەتەوەیەکە هیچ دۆستێکی نییەو تاکە پشتو پەنای چیاکانی ولّاتەکەی خۆیەتی، دیارە ئەو چیانەش تەنیا دەتوانن کورد لەئامێزی خۆیاندا حەشار بدەنو لەدەستی دوژمنان بیپارێزن ئەگینا ئەو هێزە مادییەیان نییە کە پالّپشتی کورد بکەن بۆ دژایەتی کردنی دوژمنەکانیو بیگەیەننە ئاستی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی.

(جگە لەچیاکان هاوڕێیان نییە) واتە کتێبەکەی بلەچو مۆریس لە (دە) بەش پێکهاتووە کە زۆر لایەنی ژیانی سیاسیو کۆمەلّایەتیو مێژوویی کەلتووری کورد دەگرنەوەو گرنگی زۆریش دەدەن بەبزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردو رووداوە دیارەکانی مێژووی کورد لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی سەبارەت بەکوردستانی گەورەو بەتایبەتیش لەشێوەی رێپۆرتاژدا باسی راپەڕینی جەماوەری گەلی کورد دەکەنو هەندێ لەو بڕیارانەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەربارەی عێراق لەدوای جەنگی دووەمی کەندراو کە پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە تاوتوێ دەکەن. هەروەك دەربارەی هەرێمی پارێزراوی باکوری هێڵی (٣٦)یش دەدوێن کەچ گرنگییەکەی هەیە.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە دەربارەی راپەڕینی جەماوەریی بەهاری (١٩٩١)ە. کە تیایدا باسی ئەوە دەکەن کە چۆن بارودۆخی شکستی عێراق لەبەرامبەر هێزی هاوپەیماناندا رێگای بۆ سەرهەڵدانی راپەڕین خۆش کرد لەهەموو عێراقدا، بەتایبەتی دوای ئەو شکستە هەمەلایەنەی عێراق ئەو ئومێدە لای گەلانی



عێراق دروستبوو کەچی تر رژێمی بەعسی سونە مەزهەب ناتوانێت فەرمانڕەوایی عێراق بکات، بەتایبەتی شیعە لەباشوورو کورد لەباکوردا لاوازیو بەزینی رژێمی عێراقیان قۆزتەوەو دەستیان دایە راپەڕین. کوردەکان توانیان لەماوەی سێ هەفتەدا بەشی هەرە زۆری کوردستان لەهێزەکانی رژێمی بەعس پاك بکەنەوە.

لەم بەشەدا دەربارەی بارودۆخی سیاسیو کوردستانو حاڵەتی هەڵچوونی شەپۆلی شۆڕشگێڕی کورد دەدوێ کە چۆن لەدوای شکستی کوردەکان لەپرۆسەکانی ئەنفالو وێرانکردنی کوردستانو هەوڵدان بۆ تەواوی دەستەمۆکردنی کورد لەلایەن رژێمی داگیرکەری بەعسەوە رۆحی شۆڕشگێڕی کوردی گەیشتە ئاستی بزاوتو رابوونەوەو جارێکی تر بزووتنەوەی ئاوارەکراوی کوردی گەیشتەوە ئامێزی نیشتمانو لەناو جەماوەری گەلدا جێگای خۆیی کردەوە. هەروەها لەم بەشەدا نووسەران باسی کارەساتی هەرەسی راپەڕینو ئاوارەبوونی بەکۆمەڵی جەماوەری گەلی کورد دەکەن لەگەڵ ئەو بەرگرییەی کە هەندێ لەهێزەکانی بەرەی کوردستانی لەو کاتەدا ئەنجامیان داو تاڕادەیەك سەنگەریان چۆڵ نەکرد. سەرباری ئەمانە دەربارەی کاریگەری کۆڕەو لەسەر سۆزو بەزەیی دنیا بۆ کورد دەدوێن.

لەبەشی دووەمدا دەربارەی بڕیاردان لەسەر ناوچەی پارێزراوی باکوور دەدوێن کە چۆن لەپاش کۆڕەوی جەماوەری کوردی باشوور لەترسی تۆڵەی هێزەکانی رژێم، هەروەها لەوە دەدوێن کە چۆن چۆن مێجەری سەرۆك وەزیرانی بەرتیانیا پێشنیاری پاراستنی کوردەکانی کرد لەدەستی رژێمی عێراقو دواتریش سەرۆك میتران پشتگیری ئەو پێشنیارەی کرد کە ئەنجام دروستکردنی ناوچەی پارێزراوی باکوری هێڵی (٣٦) دروستبوو، کوردەکان ئەو کاتە توانیان لەئاوارەیی ئێرانو تورکیا بگەڕێنەوەو لەو ناوچە پارێزراوەدا نیشتەجێ ببنەوە، ئەگەرچی بەشێکی دیاری ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە.

لەبەشی سێیەمدا دەربارەی ئەسڵی رەگەزی کورد دەدوێنو بەپشت بەستن بەسەرچاوە مێژووییەکان رەگو ریشەی کورد دەخەنە روو، کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی ئەم نەتەوەیەوە پێش کەش دەکەن، چۆنێتی ئامادەبوونی لەدێر زەمانەوە تاکو ئێستا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەخەنە روو، هەوڵدەدەن بیسەلمێنن کە ئەم نەتەوەیە خاوەنی مێژوویەکی دێرینە لەناوچەکەداو سەرباری ئەوەی کە دەورێکی دیاری بینیوە لەبەشداری کردنی شارستانێتیەکانی ئێرانو میزۆپۆتامیاشدا، دیسان توانیویەتی دەوڵەتی خۆیشی دروست بکات لەمێژووی کۆنداو پاشانیش چەندین میرنشینی دروست کردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی توانیویەتی هەندێ جار فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی ئێران یان ئیسلامی بکات.

هەروەها لەم بەشەدا هەوڵیان داوە کە جوگرافیای کوردستان دەست نیشان بکەنو بۆ ئەو مەبەستەش پشتیان بەستووە بەسەرچاوە مێژووییەکانو ناوی زۆربەی جێگاکان کە چۆن لەڕووی مانای وشەکانەوە دوای گێڕانەوەیان بۆ ئەسڵەکانیان دەردەکەوێت ئەو ناوچانە کوردنو بەشێکن لەجوگرافیای کوردستان، هەورەها لەم بەشەدا ئاماژەیان بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد کردووەو لەبارەی هەندێکیانەوە دواون، بەتایبەتیش دەربارەی بارودۆخی کوردستان لەژێر سایەی چەپۆکی هەردوو داگیرکەری عوسمانیو سەفەوییەکانو پاش سەفەوییەکانیش دەربارەی دەوڵەتی ئێرانی نوێو رەفتار کردنی لەگەڵ کورددا ئاخاوتنیان کردووە. هەروەك لەم بەشەدا دەربارەی بارودۆخی کوردستان لەدوای جەنگی یەکەم دوواون.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بەناونیشانی (گەورەترین فریودان)ە کە لەم بەشەدا باسی راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمدینان دەکەن کە چۆن سەری هەڵداو چۆن شێخ نامەی بۆ ئینگلیزەکان نووسی هەتا یارمەتی کورد بدەن و چۆن لەنامەکەیدا بەئاشکرا شێخ عوبەیدوڵا هەوڵێ رزگارکردنی کوردی دەدا لە دەستی جەورو ستەمی داگیرکەران و چۆن ئەو نامەیە سەرهەڵدانی هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان دەدات، بەڵام باسی ئەوەش دەکەن کە چۆن چارەنووسی شێخ عوبەیدوڵا و بزووتنەوەکەشی چارەنووسێکی ڕەشبوون. هەر لەم بەشەدا باسی بزوتنەوەی بەدرخانیەکان دەکەن لەسەدەی نۆزدەداو چۆنیش بزوتنەوەکەیان هەرەسی هێناوە. دیسان لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە دەدوێن و لەو بوارەشدا قسە لەسەر ولایەتی موسڵ دەکەن و پاشان گفتوگۆی بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی پەیمانی سیڤەر دەکەن کە پەیوەستن بەکوردەوە و جێ بەجێ نەکردنی ئەو بەندانەو دەرچوونی پەیمانی لۆزان بەفریودانی گەورەی کورد دەزانن، هەرچۆن دەستگیرکردنی شێخ عوبەیدوڵا و شکستهێنانی بەبزوتنەوەی بەدرخانیەکان و پاشانیش فریودانی شێخ مەحمودو فێڵ لێکردنی و دوای ئەوەش روخاندنی کۆماری مهابادو دواتریش شکست هێنان بەشۆڕشی ئەیلول و فریودانی بەرزانی.. سەرجەم (بەگەورەترین فریودان) ناو دەبەن. کە چۆن دنیای خاوەن بڕیاری سیاسی دژی بەرژەوەندی کورد یەکیان گرتۆتەوە.

لەبەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا دەربارەی کۆماری مهاباد دەدوێن کە چۆن لەکۆتایی ساڵانی سی و سەرەتای چلەکاندا هەستی نەتەوایەتی کوردی زیاتر بەرەو گەشەسەندن دەچوو، لەئەنجامی ئەوەدا چەند ڕێکخراوێکی سیاسی وەکو هیواو کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دروست بوون و لەئاکامدا (ژ.ک) قازی محەمەدیان کرد بە سەرۆکی خۆیان و پارتی دیموکراتی کورد دروستبوو، لەئەنجامی بارودۆخی کۆتایی جەنگی دووەمدا بەیارمەتی سۆڤیەتی ئەوسا کوردەکان کۆماری مهابادیان دروستکرد، بەڵام کاتێ دواتر بەرژەوەندی سۆڤیەت و ئێران لەیەکتر نزیک بوونەوە، سۆڤیەت پشتی کردە کوردەکان و کوردەکانی فریوداو لەئەنجامدا سوپای ئێرانی توانی بێتە ناو مهابادەوە و قازی و زۆربەی ئەندامانی حکومەتەکەی دەستگیر بکەن و بەمەش کۆماری مهاباد ڕوخێنراو قازی و هاوەڵەکانیشی لەسێدارەدران. لەم بەشەدا باسی کۆماری ئازربایجان کراوەو هەروەها باسی دەوری سۆڤیەتی کراوە کە چۆن بەزوترین کات لەپێناوی کۆمەڵێ ئیمتیازدا کە چاوەڕوان بوو لە حکومەتی ئێران دەستی بکەوێت پشتی لەکوردو ئازەرییەکان کرد. ئەمەش ئەو ڕستەیەمان وەبیر دێنێتەوە کە لە سیاسەتدا دۆستی بەردەوامو هەمیشەیی نییە بەڵکو بەڕژەوەندی هەمیشەیی هەیە، بەڵام بەداخەوە کە ئێمەی کورد باش لەو ڕاستییە تێ ناگەین و سیاسەت بەترازووی ئەخلاق دەکێشین. هەر لەم بەشەدا باسی ئەوە دەکەن کە چۆن بارزانی خۆی نەدا بەدەستی هێزەکانی ئێرانەوەو توانی بگەڕێتەوە نێو سنووری عێراق و پاشان بەخۆی و بەشێك لە هێزەکەیەوە بگاتە سۆڤیەت، مانەوەیەکی زۆر لەوێ و دوور لەبزوتنەوەی بەعس لێنێتەوە.

لەبەشی شەشەمدا دەربارەی خەباتی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی دەدوێن. هەروەك دەربارەی بزوتنەوەی کورد لەباشووری کوردستاندا دەدوێین هەر لەساڵی (١٩٦١)ەوە هەتا ڕێکەوتن نامەی جەزائیر لەنێوان شای ئێران و سەدام حسێندا کە چۆن ئەو ڕێکەوتنە بوو بەهۆی هەرەس هێنانی بزوتنەوەی کورد. لێرەدا بەدرێژی باسی بزوتنەوەی کورد لەماوەی ئەو چواردە ساڵەدا دەکات کە چۆن خەباتیان کردووەو چۆن دروشمی ئۆتۆنۆمی بووە بەئاستی ئەوپەڕینی داواکاری خەباتی کوردو چەندین جار ڕژێمەکانی عێراق و سەرکردایەتی کوردی گفتوگۆیان کردووە هەتا ئەنجام ڕێکەوتن نامەی ئازار لەنێوان ڕژێمی عێراق و سەرکردایەتی بارزانیدا ئیمزا کرا، باسی سەرجەم ئەو هەوڵانەش دەکەن کە چۆن ڕژێم لەماوەی چوار ساڵی ئاشتیدا خستوویەتیە کار بۆ تێکدانی ئاشتی و تێرۆرکردنی کوردەکان تەنانەت هەوڵی تێرۆرکردنی بەرزانی خۆیشیان داوە. دوای چوار ساڵیش لە ڕێکەوتن نامەکە ڕژێمی عێراق لەبەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەو ئەنجام جارێکی تر شەڕ دەستی پێکردەوە.

لەم بەشەدا نووسەران باسی ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی دەکەن و لەوە دەدوێن کە چۆن ئەو ناکۆکیانە بوون بەهۆی درزبردنی بزوتنەوەی کورد لەم بەشەداو ئەنجامەکەشی سەرجەم گەلی کورد لێی زەرەمەند بوو. لێرەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت یەکێك لەهۆیەوە سەرەکیەکانی مانەوەی کورد بەم شێوەیەو بەبێ ئەوەی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت ناکۆکی و ناتەبایی ناوخۆیە، کە پێچەوانەی ئەمەش یەکگرتن و یەکبوونە، هەتا یەکگرتن و یەکبوونیش لەکوردستاندا دروست نەبێت گەیشتنی کورد بەئامانجەکانی مەحاڵە.


لەبەشی حەوتەمدا باسی کارەساتی هەڵەبجە دەکەن کە چۆن رژێمی عێراقی هەموو رێکەوتنە نێو نەتەوەییەکانی لەبارەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییەوە شکاندو ئەو چەکەی بەدژی دانیشتوانی وڵاتەکەی خۆی بەکارهێنا. هەروەک لەم بوارەدا باسی کاریگەری شەڕی عێراق و ئێران و دەوری حیزبە کوردییەکان دەکەن کە چۆن دوورو نزیک پەیوەندییان بەو کارەساتە ترسناکەوە هەیە، بەڵام تاوانباری یەکەم هەر رژێمی عێراقە چونکە چ شەڕی عێراق و ئێران و چ ناچاربوونی کوردەکان بۆ هاریکاری کردن لەگەڵ ئێراندا بەهۆی فشاری سەختی رژێمی عێراقەوە بووە. هەروەک لەم بەشەدا باسی چاونوقاندن و گوێ ئاخنینی دنیا دەکەن بەرامبەر بەم کارەساتە مرۆییە کە بەرامبەر بە نەتەوەیەکی تەنیاو بێ پشت ئەنجام درا. هۆی ئەم بێ دەنگ بوونەی دنیاش ئاشکرایە و پەیوەندی بەبەرژەوەندییەکانیانەوە هەبوو لەعێراق.

لەبەشی هەشتەمی ئەم کتێبەدا باسی کوردەکانی باکور دەکەن کە رژێمی تورکیا پێیان دەڵێن (تورکی چیایی). کە لەدروستبوونی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا کورد لەوێ لەهەموو مافێك بێ بەش کراون. پاشان باسی زیندووبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردی لەم بەشەدا دەکات و دەربارەی دروستبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و دەوری ئەو پارتەو دەوری تایبەتی سەرۆکی ئەو پارتە عەبدوڵا چۆجەلان قسە دەکەن لەزیندووکردنەوەی هەستی کوردایەتی و دەستپێکردنی شۆڕشدا کە ئێستا دەورێکی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەو بەشەی کوردستانداو بگرە لەڕووی بزاوت و رابوونەوەی نەتەوایەتی کوردەوە دەوری رۆحی رێنسانی کوردی دەبینێت. هەروەک بەوردی لەسەر بەرنامەو ستراتیژی ئەم پارتە دەدوێن و ئاخاوتنیش لەسەر شوێنی ئەم پارتە لەکوردستانی گەورەدا دەکەن و دەربارەی هەڵوێستیان لەسەر حیزب و رێکخراوە کوردییەکانی تری سەرجەم کوردسانەوە قسە دەکەن.

لەبەشی نۆیەمدا کە بەناونیشانی (تاوانی کوشتن لە ڤیەنا)دایە دەربارەی شەهیدکردنی سەرۆك قاسملۆو هاوڕێکانی دەدوێن و لەوێشەوە دەگەڕێنەوە بۆ قسەکردن لەسەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر لەسەردەمی راپەڕینی سمایل ئاغای شکاکەوە هەتاکو ئێستاو زۆر وردەکاری راپەڕینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەخەنە روو، هەروەك باسی دەوری کوردەکان دەکەن لەراپەڕینی گەلانی ئێراندا دژی رژێمی شاهەنشایی، پاشان باسی هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی کورد دەکەن لەو بەشەداو چۆنێتی ئەو گفتوگۆیانەی لەنێوان بزوتنەوەی کوردی ئەو بەشەو کۆماری ئیسلامیدا کراوە لەسەر داخوازییەکانی کورد کە ئەویش لەسنووری ئۆتۆنۆمیدا خۆی بینیووەتەوە، دەخەنە روو.

هەر لەم بەشەدا باسی حاڵی کوردەکانی سۆڤیەت دەکەن کە چۆن ئەمانیش هەمان شێوەی کوردی دابەشکراو بەسەر دەوڵەتەکانی تری ناوچەکەدا خاوەنی مافی خۆیان نین و بگرە بەشێکی زۆریشیان لەسایەی سیستەمی سۆڤیەتیدا پەرش و بڵاو کراونەتەوەو لەزێدی خۆیان دوور خراونەتەوە. هەروەك دەڵێن سەرباری ئەوەی کوردەکانی سۆڤیەت ئەندامی حیزبی شیوعی بوون بەڵام ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانیان لەبیر نەچووەو ئەوان زیاتر چاویان لەبارودۆخی ژیانی سیاسی کوردی بەشەکانی تر هەوە بووە نەك بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی سۆڤیەتی.

لەبەشی دەیەمدا کە دوا بەشی کتێبەکەیەو بەناونیشانی (خێڵ و نەتەوەیە). دەربارەی بنیادی پێکهاتنی کۆمەڵگای کوردی دەدوێن و لەو بارەیەوە پێیان وایە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی خێڵایەتییەو ئەوەش هۆی پەرتبوون و پەڕەوازەییە لەنێو ئەم کۆمەڵگایەدا. بەڵام سەرباری ئەم پێکاهتە خێڵایەتیە وای دەبینن کورد نەتەوەیەکی دێرینەو خاوەنی سەرجەم پایەو بنەماکانی نەتەوایەتیەو تاکە کەمو کورتیەك کە هەیەتی ئەوەیە کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە، ئەوەش وایکردووە کە داگیرکەرانی وڵاتەکەی بەهەموو شێوەیەك هەوڵبدەن سیمای نەتەوایەتی کورد بشێوێنن و جوگرافیاکەی بکەن بەهی خۆیان و لەبنەڕەتەوە کورد لەناو ببەن، بەڵام ئەوەش کارێکی بێ ئەنجامە چونکە بەدرێژایی مێژووی دوای روخاندنی دەوڵەتی (میدی) کورد لەبەردەم هەمان هەڕەشەدایە، بەڵام هەروەکو نەتەوە ماوەتەوە. هەروەك لەم بەشەدا باسی سەرهەڵدان و بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی کوردی دەکەن و ئەوەش بەهۆکاری بەهێزبوونی پایەی نەتەوایەتی کوردی دادەنێن و بەرەو یەکبوون و یەکگرتنیش کورد ئاڕاستە دەکات کە ئەوەش پێچەوانەی پەرتبوونی خێڵایەتیە.



دەربارەی تابلۆی بەرگ

مەسعود رەحیمی

ناتوانین بڵێین ئەوانی کە خوێنەوارنین ناتوانن شتەکان بخوێننەوە. خوێندنەوە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە وشەکان بە نوێنەرایەتی لە لایەن شتەکانەوە لە دەزگای پیرۆزیدا بە چەندو چۆنیەتی تێکئاڵانیان میکانیزمی واتاو تێگەیشتن ساز دەکەن. بەواتایەک خوێندنەوە، ناسینەوەی کۆدو ژمارەی شتەکانەو سپاردنیانە بەو سیستەمەی کە پێوانەی ژماردنو ریزکردنی لە هەر کەسێکدا بەپێی ڕێزمانو ئەساسی پێشتری لەگەڵ کەسانی دیکەدا جیاوازە.دەزگای زمان بەو خانەو خشتانەی کە وشەی پێ ئەوترێ ساز بووەو ئەوەی کە لەم ئامێرە بەهرەی وەرگرتووە ئەتوانێ شتەکانو دیمەنەکان بخوێنێتەوەو لە سەر بنەماو سیستەمی ڕاڤە کردنی خۆی ئاسۆی لێکدانەوەو ناسینی بەرفراوان بکات. لەوکاتەوە کە زمان دروست ئەبێت شتەکان و دیمەنەکان ئەکەونە بازنەی گرافیکەوەو جۆرێکی تازە لە بینین ئەخولقێ.لەم جۆرە چاو لەجێگای چێژبردن لە ئاوازی ڕەنگو هێماکان بەدوای ئەو بابەتو دیاردانەدا ئەگەڕێ کە بتوانێ لە چارچێوەی تەسکی ڕستەیەکدا خۆی بە ناسینەوەو لێکدانەوەیەکی بچوکیان دڵخۆش بکات. لەم جۆرە بینینەدا ڕەگو ریشەکانی پەیوەندی یەک شت لەگەڵ شتەکانی دیکەدا وەبیردێتەوەو بەم شێوە یەک شت لە کۆمەڵەی تایبەت بە خۆیدا ئەخرێتەوە ئەو خانەیەی کە پێشتر بوویەتی. ئەم جۆرە بینینە ریزو ڕێکوپێک کردنی خشتو ژمارەکانی میکانیزمیادە بەو جۆرە کە دەزگای هەزرو جەوهەرەی زاتیو شەخسیاتی هەر کەسێک جیاواز لە کەسانی تر لێی پێک هاتووە. ئەم جۆرە بینینە گونجاندنی ناوونیشانو ژمارەی ناسینەوەی شتەکانە لەگەڵحسابات و ئەساسی دەزگای بیرکردنەوەو باوەڕو شەخسیاتی بینەردا. یاخود گۆڕانکاریو دەست تێبردنی هەقیقەتی شتەکانە بۆ ڕاگرتنی ساختارو بینای (من). بەنەوعی ڕاڤەکردن، تەئیدکردنو پاداگرتنە لەسەر (من). لەو کاتەوە کە زمان دروست بووە بینین بەجۆرێ خوێندنەوەیە یاخود بینین هەر خوێندنەوەیە نەک بینین. شتەکان نیشانە گەلێ گرافیکینو خوێندنەوەی ئەم نیشانانە بەشو بەهرەی هەموو خوێنەرانو نەخوێنەوارەو خوێندنەوە تایبەتە بەهەموو دیمەنێکی، سروشتو

تابلۆیەکی رەسم. لەم پڕۆسەی خوێندنەوەداتەرکیز لەسەر ناسینەوەی ژمارەو کۆدەکان ئەبێ بەهۆی لەبەر چاو نەگرتنی کارامەیی دیاردەکانی تەسویر لەسەر مێشکۆ رەواندا و هەر لم حاڵەیشدا شەپۆلی فیزیاویی و رەنگ و هێما و کارامەیی سایکۆلۆجی خاڵ و هێڵ و ریتم و ئاوازی ئەم دیاردانە جیا لە میکانیزمی دەزگای پیردۆزی، لەش و هەست و نەست ئەدۆزێتەوە و ئەیانخاتە یاری.

لەبەر ئەوەی بینین بەبێ تەزویرکاری زمان و ووشە و رووداوێکە لەڕێگەی دەزگای بینایییەوە ئەگات بەمێشک و لەوێوە چنگ ئەخاتە نێو دەمارەکان و دەزگای عەسەبی و غوددەکان و ئۆرگانیزمی لەشەوە. بەم جۆرە بینین وەڵامی هەموو ئەندام و خانەکانی لەشە بە کارامەیی دیاردەکانی تەسویر. بینین رووداوێکی بایۆلۆجیە و ئەم رووداوەیە بەشەرتی یەکگرتنی دوو ئاوازی دەرەوە و ناوەوە ئەبێ بەمایەی ئۆخژن و بەپێچەوانەوە ڕەزی ئەهێنێتە ئاراوە. ئاوازی دەروون کۆمەڵەی ئەوریتم و تیقاعەیە کە خوڕپەی دڵ و هەناسە و بروسکەی عەسەبی لەشی پێ ئەگەڕێ و ئاوازی دەرەوە ئەوریتم و ئیقاعەیە کە ئەم کەونە و ئەتۆم و گەردیلەکانی ناوی بەپێی ئەو دەگەڕێن و بەردەوامی ژیانیان بەئەستۆوەیە. بەردەوامی جەوهەرەی جوانییەو ئاواتی میکانیزمی هەبوون و ژیانە کە لە ناخی هەموو بوونەوەرێکدایە. جەوهەرەی بەردەوامی لە ئاوازدا ئەو جەوهەرەیە کە مەشخەڵی ژیانی دەروونمان پێ ئەگرێ و شێوەی پێوەندی دیاردە تەسویریەکان لە تابلۆیەکدا دیاری ئەکات کە ئەم ئاوازەی لە دەروندایە یانا.

لێکدانەوەی هەر تابلۆیەک لە دوو ڕوانگەوە بە ئەنجام ئەگات یەکەم لە ڕوانگەی پێکهاتەیەکی تەسویریەوە و بەپێی زانستی زمانی تەسویرەو، وەلە دوایدا وەک دیاردەیەکی زمانی و لەم حاڵەدا رەهەندە بیردۆزییەکانی ئەخرێتە بەر باس. روانگەی یەکەم جوانی و جوانکاری لە فۆرم و ساختماندا ئەدۆزێتەوە و ڕووانگەی دووەم لە بابەت و ناوەرۆک و هەزرو جیهانبینی دا.

ئێمەش سەرەتا لە ڕووانگەی جوانکاریەوە لەڕووی تابلۆکەی هونەرمەند "بێگەرد عوسمان" ئەروانین دیاردە تەسویریەکانی بە پێوانەی زانستی تایبەت بە خۆی ئەپێوین. ڕووبەر یەکی لە گەردیلە بنەمایی یەکانی تەسویرە کە چۆنیەتی شکڵ و ڕەنگ و مەسەلەکەی کارامەیی جیاوازی لەسەر بینەردا هەیە. کارامەیی ڕووبەری ئاسۆیی و ڕووبەری ستونی لەگەڵ یەکدا جیاوازە ڕووبەری چوارگۆشە و سێگۆشە و بازنەیی سێ دنیای جیاوازن. ڕۆحیان و ڕەوانی ڕووباری چوارگۆشە لەگەڵ ڕەنگی سوور، تامی توند (وەک بیبار) و دەنگی "تڕۆمپێت" نزیکایەتی هەیە. ڕووبەرێکی گەرم و بەگوڕەمێشکێکی عەشایەری هەیە. کارامەیی ڕووبەری سێگۆش وەک ڕەنگە زەردو تامی ترش دەهۆڵە ڕووبەرێکی وشک و تیژو دڕندەیە جۆرێ لە مەترسی لە سیمایدایە، دەم بە هاوارە بەڵام ڕووبەری بازنەیی نەرم و نیانە وەک تامی شیرین وایە، دەنگی شمشاڵ، ڕەنگی شین، ڕوحیاتێکی ژنانە، لەسەر خۆ، مێهرەبان، سرک و ناسک، بەسیاسەت، فێنک، تەرش و بەلەنجە و لارە ئەم سێ ڕووبارە وەک ئاگرو خاک و ئاوە. سەرەکیترین فۆرمی دنیای تەسویر و هەموو فۆرمەکانی تری دنیا لە تێک ئاڵانی ئەم سێ فۆرمە بە دەست دێ. تابلۆی ئەم هونەرمەندە لە ڕووبەرێکی ستونیدا کراوە. بێدەنگی و بەرفراوانی و پشوودان لە زاتی ڕووبەری ئاسوویی دایە و بە پێچەوانەوە بەرەنگاری، وزە بەرزایی و پتەوبوون لەگەڵ ڕەوانی ڕووبەری ستوونیدا سازگارە. ڕووبەری ئەم تابلۆیە بە هیچ ڕووپەرێکی سەرەکی دیکە دابەش نەکراوە و ئەو ڕووبەرە بچوکانەی کەژمارەیان لە سەد زیاترە و لە ڕووبەری "نەک زۆر گەورەی" تابلۆکەدا پێکهاتوون وەک مەلمەسی گاشە بەردی کەناری دێنە بەر چاو کە بەردەوام بە ئاو ئەشورێنەوە. دیاریکردنی بەش و ڕووبەری تابلۆیەک وەک دیاریکردنی بەشەکانی کتێبێک، ڕۆمانێ یاخود هەر بابەتێکە زۆر پێویستە. تەنانەت بەشەکانی شیعرێکی درێژ (ڕۆمانە شێعر) دیاری ئەکرێت و سەرتاسەر مەلمەس نیە. ئەم ڕووبەرە بچوکانە ڕوحیاتی ڕووبەری بازنەییان هەیە و بە ئاهەنگی ڕەوانی ژنانەوە کراون نەوعی حەرەکەتێکیش کە هێماو ئاماژەکان بەم ڕووبەرانەی ئەکەن هەر بازنەییەو نەرم و ژنانەیە. ڕەوتی حەرەکەتەکەش هەڵسوورانێکی تیایە کە نزیک لە چوارچێوەی تابلۆکە چاوی بینەر هەڵئەگرێ و بەو هەورازە سەخت و بەردەڵانیەدا سەری ئەخات و دای

ئەبەزێنێتوئەم سەفەرە پڕلە کەندو کۆسپە بەردەوام دووپات ئەکرێتەوە. سەهمی حەرەکەت لە چەپەوەیە بۆ راست وك سەعاتو بەردەوامی رەوتەکە جەوهەرەی زمانی کێشاوەتەوە ناو تابلۆکەو دڵێکی پێ بەخشیوە کە ئەگەرچی بە زەحمەت بەڵام لە خورپەو لێدان ناکەوێتو هەتا کۆمەڵەی خۆر لە هەڵسووراندا بێت ژیانی بەردەوامە. هەبوونی ئەم دیاردەیە لە تابلۆدا واتای وەرگرتنی ئیجازەی مانەوەی یەك بەرهەم لە هەموو چاخەکاندایە وەرەمزی جوانیش لە بەردەوامیو تەسەلسولو تەناسەلدایە. بەردەوامی بە واتای حاشاکردن لە مردنو دارزینە. سەرهەڵدانەوەو نوێ بوونەوەی دیداری وەرز بە وەرزی بەهارو شینکەو وەچە تازەکان، فێنکیو هیوائەخاتە دڵو دەروونەوەو لەگەڵ ئاواتی بەردەوام بوونی خورپەی دڵو ژیان لە دەرونی مرۆڤدا یەك ئەگرێتەوە. ئاهەنگو مۆسیقای هەست بزوێن ئەوەیە کە لەگەڵ ریتمی ئاوازی ژیان لە سیستمی نێگڕۆتیەكو بروسکە بایۆ ئەلیکتریکییەکانی مێشكو میکانیزمی مادی لەشی مرۆڤدا بخوێنێ. ئەمە بەو مەعنایە کە ژیانو پەیوەندی کەرەسەی ئەم دیاردەیە پێکهاتەیەکی مۆسیقاییە یاخود سەمفۆنیایەکە کە رەمزی بەردەوامی لە زاتیدایە. هەر ئاوازێ کەلەم رەمزە بەهرەمەندبێت ئەتوانێ سەمفۆنیای دەروون بەهەژێنێو شەرت نیە کە هەر بەرهەمێك ئەم رەمزەی تێدا هەبێت تەنانەت ئەگەر ریتمو ئیقاعیشی تیا بدۆزێتەوە لەبەر ئەوەی کە ئەو سیکلانەی کە رۆحی بەردەوامی لە ئاوازێکدا تۆمار ئەکەن بەجۆرێکی تایبەتی لە نێوان دوو هەناسەی بە دوای یەکدا زەمان ئەهێنێتە کایەوەو مەسافەی دوو خورپە بەجۆرێ رائەگرن کە لێکدانەبڕنو لە هەمان کاتیشدا هەژانیان تێدا هەبێ هەروەها کە لە زیاتر لە سەد هەزار مەسافەی دوو خورپەی دڵی مرۆڤدا لە شەوو رۆژێکدا، زیاتر لە سەد هەزار جار جێگۆرکێ بوونو نەبوون، مانو نەمانو مەرگو ژیان لە ئارادایەو هەژانو ئاوازو رەوتو ژیان لە ناخی ئەم جێگۆرکێیەدایە.

لەم تابلۆیەدا ئەگەرچی بە شێوەیەکی لێکدابراو ریتمو ئیقاع لە جۆری دووپات کردنەوە چەندی هێڵۆ روویەری چەماوەدا ئەبینین بەڵام ئەم رووداوانە لە هەموو بەشەکانی تابلۆدا بەرچاو ئەکەوێو نە هیچ پەیوەنیەکی ئاهەنگین لە نێوان ئەو بە شەنایشدا هەیە کە بەو دووپات کردنەوانە گیانی ریتمای پێ بەخشراوە ئەمە تا ئێستا بەراوەردێ بوو کە لە سەر بابەتی حەرەکەت لەم تابلۆیەدا کەوتە بەر باس. لە بارەی رەنگو چۆنیەتی دابەش کردنی سووکایەتی و قورسایی ئەم دیاردەیە لە ناو تابلۆکەدا سەرەتا ئەتوانین بڵێین کە جگە لە بەشێکی کەم لە هەموو بەشەکانی ئەم بەرهەمەدا رەنگی نۆد ڕوون بەکارهێنراوەو قورسایی کەمە. چەند پەڵە رەنگێکی شینی تۆخ کە بە غەڵەت لە بەشی سەرەوەی تابلۆکەدا دانراون نە قورساییان هەیەو نە ئەرکێکی تەسویری بەجێیان بە ئەستۆوەیە. هیچ پاساز (پرد) ێکی رەنگی لە نێوان رەنگی ساردو گەرمدا نابینینو لەگەڵ ئەمەشدا ژمارەی ئەو رەنگانەی لە تێکەڵ کردنی پرتەقاڵیو سوورو سەوزو سپی و شین پێکهاتوون زۆرنو تابلۆکە لەم بارەوە دەوڵەمەندەو لە هەندێ شوێندا جەوێکی هارمۆنیك سازبووە بەڵام رەنگی زاڵ بەسەر تابلۆکەدا دیاری ناکرێتو پێناچی هونەرمەند پێشتر بیری لەم بابەتە کردبێتەوە. وابا شە کە قیاسی تابلۆ رەنگی زاڵ، تەکنیکو مەتریاڵی پێویست لەگەڵ فیکرو بابەتی هەر تابلۆیەکدا هەر بەیەك جار لەدایك بنو هونەرمەند لەگەڵ بروسکەی ئیلهامێکی هونەریدا بەپێی بواریکە ئیشی تیا ئەکات فۆرمو قیاسو تەکنیکی هاوسەنگ لەگەڵ بابەتو ناوەرۆکدا هەڵبژێرێت. ئێستا دێینە سەر بابەتو ناوەرۆك. بەبۆنەی هەبوونی چەند شتێك کە ناویان هەیە (پێشتر کۆدیان بۆ دەستنیشان کراوە) وەك پەنجەو دەستو دەموچاو ئەم بەرهەمە لە خانی مەدرەسەی تەجریدیدا ناخوێنرێتەوەو لە بازنەی فیگەراتیڤدایە ئەم چەند شتە یا باشترە بڵێن "چەند ووشە" بینەر بەدوای واتایەك لە ناو دەزگای بیردۆزیدا ئەگەڕێنێو ئەیخەنە کاری دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ئەو ووشانە. واتە بە حەساوێکی عامیانە دەیانەوێ لە تابلۆ تێبگەنو ئەڵبەتە زۆر ناڕەواش نیە لەبەر ئەوەی کە خودی هونەرمەندیش دەستو دەموچاوو پەنجەی هەر وەك ووشە بەکار هێناوەو گرنگی بەو ئاوازی کە لەسیمای ئەمانەو هەموو دیمەنێکدا هەیە نەداوە. لەوانەیە ئەگەر لە جێگای ئەو چوار پەنجە لاوازە، مردووە، بێ رەنگو

وشکه، به خەتێکی خۆش وشەی دەستی نووسیبا هەر بەو ئەندازە شێعرو ئەفسوونی تەسویری ئەبوو قیاسو جێگەو رەنگو ساختمانی دەمو چاوەکانیش هەروەها. و بەراستی کێ ئەتوانێ ئەو سرتە کپە ناتەواوە لە ناو هاژە هاژی ئەو جەوە ئاڵۆزەی دەورو بەریدا ببیستێو لە رستەیەکی بچوکدا بیگێڕێتەوە. چی دیارەو کامە فیکرو هەڵوێستو تێبینی لە رەهەندەکانی ئەم تابلۆیەدا ئەخوێنرێتەوە زۆر بینەری بەسەزمانیش هەن کە لە پاش سەیرکردنی وەها بەرهەمێك؟ بە داماوییەوە ئەڵێن بە داخەوە ئێمە لە رەسم تێناگەین بەڵام با بزانن کە زۆرجار ئەوان بە تەنیا داماو نین. بەڕاستی من تێناگەم ئەگەر مەبەستێکی لەم چەشنە هەیە بۆچی بە ئاشکرا ناوترێو لە حاڵەتێکدا کە وێنە شانزە کەرەت زووتر لە وشە بینەر لە بڕووسکە تێئەگەیەنێ، بۆچی بەجێی کەڵك وەرگرتن لەم تایبەتیە، مەبەستەکەمانی پێ تەماوی ئاڵۆزاوی ئەکەین. هەروەها کە پێشتر وتوومە لەو کاتەوە کە شتەکان لە دەزگای زماندا ئەبن بە وشە، ئەچنە بازنەی گرافیکەوەولە دەرەوەی چوارچێوەی تابلۆکانیشەوە هەر وەك نووسراوەیەك بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە ئەخوێنرێنەوەو ئەم خوێنەواریە بەهرەیەکی بەلاشە کە جەماوەر لێی بەهرەمەندەو بە تایبەت رەسام بەباشە ئەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ بۆ ئەوەی کە قسەی دڵی خۆیو هەڵوێستو بیرو بۆچوونی پێ رابگەیەنێ. ئەمە بەو واتا نیە کە پێمان وایە مەبەستو ناوەرۆکی تابلۆیەك بە هەموو رەهەندەکانیەوە ببێت بە پارووپەکی نەختو پوختو بینەر هەر لە یەکەم روانیندا هەموو دنیاکەی وەربگرێتو بتوانێ وازی لێ بهێنێو تەنانەت واباشە لە جێگەی ئەوەی کە شتەکان لە چوارچێوەی تەسكو مردووی وشەکاندا بچووك بکرێنەوە، پڕ لە بریسکەو ئاوازو شێعرو سەماو لەنجەی خۆیانەوە بە کار بهێنرێنو لەو قاپۆرە گرافیکییە بێنە دەرەوەو لەم هەوڵەدا بێنەر بکێشنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کە وێنەی بەبێ رووبەندی وشە ئەبینیو دڵداری لەگەڵ ئەکردو ئێستاش لە مەجالی جۆرە سەرخۆشییەکدا دیسانەوە بەبێ نەقب لەگەڵی ئەدوێ. واباشە بینەر بەبینینی نرخی راستەقینەی رەنگو هێماو نەخشو مەلمەسو سەمفۆنیای تەسویر رابهێنینو ئەگەر شتەکانیشمان لە تابلۆدا خستە بەر دەستیان بەبریسکەو تیشکێکەوە بینوێنین کەنەتوانی رووبەندی ناونیشان دابپۆشێ، لەم حاڵەدا دەرگایەکمان بۆ بینەر کردووەتەوە کە ئەتوانێ لەوێوە بەرەو دنیای بێ کۆتایی بریسکەو ئیشارەتە دڵرفێنەکانی وێنە بکەوێتە ڕێو کۆسپو پاردەی ژمارەکان رێگەی هەڵمژینو راموسینو پشکنینی لێ نەبەستێ. لە حاڵەدا بینەرمان بەرەوڕووی دەرگایەکی داخراو نە کردۆتەوە کە لە سەری نووسراببێت لەم کۆتایی ناسینەوەی شتەکاندا دنیاوخەیاڵە کۆتایی هاتووە یاخود لەو دیو ئەم دەرگاوە بۆ هیچ مەگەڕێن. ئەرکی سەرەکی رەسام بەستنەوەی پردی دڵداری لە نێوان نیگارو نیگادایە، ئامازە بۆ جوانیو هەژاندنی ئیحساسی جوانکاری بینەرەو لەگەڵ ئەمەیشدا ئەگەر لە بازنەی خوێنەواری گشتی شتەکاندا. بڕووسکەی هەندێ پرسیاریشی هەبێ واباشە بە زمانێکی نەك زۆر ئاڵۆزو بە شێوەیەکی هونەرمەندانە سەرنجی بینەری بۆ رابکێشێتو لەم حاڵەیشدا رەسام بۆی نیە بە پرسیارەکان وەڵام باتەوە بەڵکو ئەبێ سەرەتاڵی ڕێژنەی ئەو پرسیارانە دەربخات بە خەیاڵی خەڵکێکی ئاسایی‌دا نایەتو بەم بەشێوە بازنەی پرسیارەکانی جەماوەر بەرفراوان بکات و رێگەی وەڵام دانەوە بە پرسیارەکانو پشکنینو دۆزینەوە بۆ ئەوان خۆش بکات.

ڕێساکانی گێڕانەوە

عەبدولفەتاح کیلیتو
و: حەسەن مەحمود مستەفا

باسکردنی ڕێساکانی گێڕانەوە بۆ یەکەم جار سەیر دێتە بەرچاو، چونکە قۆناغێکی ڕۆشنبیری کۆنمان دێنێتەوە یاد، ڕەخنەگر ڕۆڵی ڕێنمایی کەری تێدا دەبینێو ئەو نموونانەی دەخستە بەردەستی نووسەرەکە کە دەبێ بەبێ لێدوان پەیڕەویان بکات، کاتێ (قودامەی کوڕی جەعفەر) ڕێساکانی شیعری دەرئەنجام دەهێنا شاعیرەکانی پێیان دەبەستەوە.

کاتێ وشەی (ڕێساکان) بەکار دەهێنم مەبەستم ئەم جۆرە ڕێنماییە نییە، ڕێساکان وا دانانێم کە مۆرکێکی پەیوەستکاریان هەبێ وەکو: بەویستی من بنووسە یان دەستت دەبڕم، تەنها ئەوەم دەوێ ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییەی نێوان گێڕەرەوەو ڕێساکان لەلایەکو پەیوەندی نێوان وەرگری گێڕانەوە بەهەمان ڕێسا لەلایەکی ترەوە بکەم. هەرچی وتراوە لەبارەی جۆرەکانو ڕەوایەتییانو هەرچی دەوترێت لەبارەی ڕێسای جۆرەکان، گێڕەرەوە دەبێ لەئەزموونی گێڕانەوەوە دەست پێ بکات دەبێ لەئاستیاندا هەڵوێستێکی هەبێت بەپەیڕەوبوون یان بەیاخی بوون، هەرچەندە تۆ پەیڕەوکردنی تەواو یان یاخی بوونی ڕیشەیی نابینی، وەرگری گێڕانەوە لەلایەنی خۆیەوە هەمان کاردەکات بەڵام بەپێچەوانەکەی. چونکە لەدەقی گێڕانەوەوە دەست پێ دەکاتو لەپاشان بەو نموونانەی گێڕانەوانە کە دەیانزانێت بەراووردیان دەکات. هەردوو لەگەڵ ڕێساکانی گێڕانەوەدا لەئەم سەرو ئەو سەردان.

* * *

یاری ڕاستی خۆیی هەیە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە یاریزان بەپەیڕەوکردنی ڕێسای چەسپاو، کە دەست پێش کەریەکانی سنوردار دەکاتو بواری جموجوڵی لەچواچێوەیەکی تەسکدا دەدا، قایلە. ئەم ڕێسایانە یاریزانو بینەر لەزانینیاندا وەکو یەک هاویەشن، هەرچەندە هەموو یارییەک زنجیرەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لەوانەی تردا نییەو دەبێتە هۆی ئەوەی دەگمەنی چەشنی خۆی بێتو توخمی کەمەندکێشیو بەدڵ گەرمی بەدوادا کەوتنی بۆ دابین بکات. بەڵام ئەم شێوەیە کە هەمیشە لەنوێ بوونەوەدایە هیچ شتێک لەڕێساکان ناگۆڕێت کە بەچەسپاوی دەمێنێنو لێ دوان لەسەریان قەدەغەیە.



ئەگەر بەوە قایل بوین کە گێڕانەوە وەکو رامیاری‌و رێکەوت یارییەکە، دەبێ بگەڕێین بەدوای ئەو رێسایانەی کە دەبێ ملکەچیان بێت. چونکە یاریزان‌و بینەر بەروونی‌و ئاشکرا رێساکانی یارییەکە دەزانن. لەکاتێکدا کە گێڕەرەوەو خوێنەر بێ ئاگابن لەو رێسایانە یان نەیانزانن، یا ئەگەر بیشیزانن، ئەوە مەگەر بەشێوەیەکی تەم‌و مژاوی بێت‌و لەقۆناغی هەست پێ کردنی لێڵ تێنەپەڕێت.

لەنێوان هەست کردن بەبوونی رێسایەک‌و بەروونی ئاشکراکردنی جیاوازی هەیە.

چەندین هەوڵ بۆ دیاریکردنی رێساکانی گێڕانەوە درابوو، لە (ئیفلاتۆنەوە) تا (هینری جێمس)و لەنێواندا (حەریری‌و ئیبن خەششاب‌و دێدرۆ)، بەڵام زۆربەی پێشینەکان رەچاوی هەندێ لایەنی فەلسەفی‌و ئایینی‌و قوتابخانەییان دەکرد. ئەمە وای لی دەکردن لەهەڵوێستی دژایەتی یان بەرگریدا بن. یان گرنگی بەجۆرێکی تایبەت بدەن. یان هەموو هەوڵ‌و کۆششیان لەوەدا دەبوو کە دەبێ گێڕانەوە چۆن بێت. بەڵام تابڵوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکەی (فلادیمیر پرۆپ) دەربارەی حەقایەتی فۆلکلۆری هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ریشەیی تایبەت بەڕێساکانی گێڕانەوەمان نەبینی. خودی (پرۆپ)یش پێشبینی ئەو پێشکەوتنانەی نەدەکرد کە لەئەنجامی کتێبەکەیدا رووبان دا، چونکە ئەو پێشنیاری نموونەیەکی کرد تاقە جۆرێکی دەگرتەوە کە حەقایەتی فۆلکلۆریە. بەڵام لێکۆڵەرەوەکانی پاش ئەو بۆیان دەرکەوت کە ئەو نموونە پێشنیارکراوە دەکرێت جۆری تر بگرێتەوەو کەوتنە دەستکاری کردن‌و گشتاندنی بابەتی لێکۆڵینەوە -کە بوو بەگێڕانەوە- بەشێوەیەکی گشتی، نەک ئەم جۆرە گێڕانەوەیە یان ئەویان، بەواتایەکی تر گرنگی درایە خودی رێساکانی یارییەکەو (ئەگەر هەر باسی بواری فەرەنسا بکەین ئەمە لای گریماس‌و رۆلان بارت‌و قوتابییەکانیان تێبینی دەکەین ئەگەر هەر تەنها بێینە سەر مەیانی فەرەنسی).

ئەم لێکۆڵینەوانە وەکو بزانم دەنگدانەوەی ئەوتۆیان نەبوو، دەشێ هۆکارەکە لەوەدا بێت کە لێکۆڵەرەوەی عەرەب لەبەر ئەو قۆناغە رۆشنبیریەی تێیدا گوزەری دەکرد بەپلەی یەکەم سەرقاڵی (ناوەڕۆک) بوون، ئەمە کارێکی وای کرد لێدوانەکان لەبنچینەدا لەدەوری پەیوەندی نێوان رۆمان‌و کۆمەڵگاو ئەو رۆڵەی کە دەبێ رۆمان بینوێنێت لە کۆمەڵگادا کۆببنەوە. ئەوسا لەچوونە ناو (جەنگی ئایدیۆلۆجیا)و نرخاندنی بەرهەمەکان چار نەبوو ئەمە لێکۆڵەرەوەی دەکردە رەخنەگر (بەگوێرەی کۆنە هێمای وشەکە) یانی (شارەزایەکی دراو گۆڕەوە- صراف)، کە دراوی راستەقینەی لەساختە جیادەکردەوە، نابێ ئەم قسەیەم بەبەرگری لە شێوەگەری لێکبدرێتەوە، تەنها دەمەوێت سەرنج بۆ ئەو ئاستە جیاوازانە راکێشم کە لەکاتی ئەنجام کاری رەخنەییدا رەچاو بکرێن، هەروەها بۆ پەیوەندی نێوان ئەو ئاستانە تێبینیەکانی خوارەوە (بەمۆرکە شێوەگەرییەکانیانەوە)و بگرە بەهۆیانەوە گرنگی بەدەستنیشان کردنی ئەو خاڵە دەدەن کە ناوەڕۆک خۆیی تێیدا دەسەپێنێ‌و لەیاری گێڕانەوەدا تاقە دەسەلاتدار دەبێت.

* * *

لەسەرەتادا بابەخۆیندنەوەی ئەم پارچەیەی خوارەوە دەست پێ بکەین!

(وتی ئەی پادشای بەختەوەر لەسەردەمانێکی کۆنداو رۆژگاری رابردوو، لەشاری (چین دا) پیاوێکی بەرگ دروو هەبوو رۆژی فراوان، ئارەزووی رابواردنو خۆشی هەبوو، هەندێ جار خۆیو ژنەکەی بۆ تەماشاکردنی سەیرانگا سەیرکانی دەرەوە، رۆژێکیان لەسەرەتای رۆژدا هاتنە دەرێو لەدواییەکەیدا سەر لەئێوارە گەڕانەوە بۆ مالّ. لەڕێگەی گەڕانەوەدا پیاوێکی قەموریان بینی، دیمەنی تووڕە دێنێتە پێکەنینو خەمو خەفەت بەبا دەدا، بەرگ دروەکەو ژنەکەی بۆ تەماشاکردنی لێی چوونە پێشێو لەدوایدا داوایان لێ کرد لەگەڵ خۆیاندا بۆ شەوچەرە ئەو شەوە بیبەنە ماڵەوە، بەوە قایل بوو، لەگەڵیاندا بۆ ماڵەکەیان چوو، بەرگ دروەکە بۆ بازاڕ هاتە دەرەوەو شەویش داهاتبوو، ماسی سورکراوو نانو لیمۆو حەڵوای بۆ دەم شیرین کردن کڕی، لەپاشان گەڕایەوەو ماسییەکی لەبەردەمی قەمورەکە داناو بۆ نان خواردن دانیشتن، ژنی بەرگ دروەکە پارچەیەکی گەورەی ماسییەکەی گرتو خستیە دەمی قەموورەکەو بەدەستی دەمی داخستو ووتی: بەخوا دەبێ بەیەک جارو بەیەک هەناسە بیخۆیتو مۆڵەتی جوێنیشت نادەمێ، ئێسکێکی رەقی تێدا بوو لەبەر ئەجەل تەواو بوون لەقورگی گیراو مردو بەیانی فریای شەهرەزاد کەوتو لەقسەی رێگە پێدراو بێ دەنگ بوو).

ئەوەی ئەم پارچەیە بخوێنێتەوە بەرگری لەوە ناکات کە حەقایەتێکی تەواو پێک ناهێنێت، چونکە راهاتنی بەخوێندنەوەی حەقایەت یان گوێگرتنی لەحەقایەت هەستێکی لادروست کردووە وای لێ دەکات بەشێوەیەکی بڕاوە بڕیار بدات ئەو لەئاستی حەقایەتێکە یان نا، بانەش توانێ پێناسەیەکی ورد بۆ حەقایەت بکات. هەروا راهاتنی بەزمان توانای ئەوەی دەداتێ بەبێ دوو دڵی بڕیار بدات لەکوێدا ئەو بەرامبەر رستەیە باپێناسەی رستەیش نەزانێ، بگرە دەشێ هەرگیز وشەی (رستەی) نەبیستبێت. بەهۆی ئەم هەستەوە دەزانێت ئەم حەقایەتە تەواو نییە، هەروا کاتێ شەهرەزاد لە قسەی رێگە پێدراو بێ دەنگ دەبێتو لەیادی ناچێت ئەم بێ دەنگ بوونە بۆتە هۆی بڕینەکە، بگرە دەشێ ئەم بڕینە وای لێ بکات دەست بەکۆڵەکەیەک لەکۆڵەکانی حەقایەتەوە بگرێت. شتێکی خۆشیشە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو بەیانییەی فریای شەهرەزاد دەکەوێو حەقایەتەکە بەبڕاوی رادەگرێت چەشنی ئەم هونەرە لەهەندێ ولاتدا هەیە، وەک ئەوەی کاتی کە (تەلەفزیۆن) شریتەکە لەگەرمو گوڕا بۆ پەخشی بانگەوازێکی بازرگانی رادەگرێتو لەپاشان لەسەر بڵاوکردنی شریتەکەی خۆی بەردەوام دەبێت.

وەکو سەرەتای پێناسین دەڵێین حەقایەت کۆمەڵێك روداوە یان (کرداری گێڕانەوەیە) بۆ کۆتاییەك بەتاسەوەن یان بەرەو ئامانجێك ئاڕاستە کراون (←) ئەم کرداری گێڕانەوەیە لەچوارچێوەی چەند زنجیرەیەک کەم یان زۆر بەگوێرەی درێژیو کورتی حەقایەتەکە ریز دەبن. هەموو زنجیرەیەک کرداری کانی پێوەندێکی کاتیو لۆژیکی دەیانبەستێتەوە بۆ نموونە چوون بۆ سەیرانگا گەڕانەوەی بۆ مالّ بەدوادا دێت، چوونو گەڕانەوە لەیەکەم زنجیرەدا ریز دەبن (سەیرانەکەیە) هەمان شت دەوترێت دەربارەی بینینی قەموورەکەو شادبوون بەدیمەنو داوەت کردنیو وڵامدانەوەی بەقایل بوون، ئەم کردارانە زنجیرەی دووەم پێک دێنن (داوەتەکەیە) لەپاشان زنجیرەی سێهەم هەیە کە چوونە دەرەوەی بەرگ دروو بۆ بازاڕەو کڕینی ماسییەکەو گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە (بازاڕەکەیە) لەکۆتاییدا زنجیرەی چوارەم (خوانەکەیە)، خوێنەر دەتوانێ پێکهاتەکانی دیاری بکات.

پێوەندی کاتی کە کردارەکانی گێڕانەوە گرێ دەدات کۆسپێکی وا نییە شایانی باس بێت. بەڵام سەرچاوەی کێشەکان وەختێک دەبینین کە لە پێوەندی لۆژیکی بکۆڵینەوە، ئایا لۆژیکێک هەیە بۆ زنجیرە بوونی رووداوەکانی گێڕانەوە؟ ئەگەر وەڵامەکەمان بەڵێ بوو دەبێ بەوردی جۆری ئەم لۆژیکە دیاری بکەین.

گێڕەرەوە لەهەموو خاڵێکی حەقایەتەکەدا خۆی بەرامبەر چەند هەڵبژاردنێك دەبینێت. کە لە ئەگەری ئێجگار زۆری گێڕانەوەدا بەرجەستە دەبن و بۆ ئەوەی حەقایەتەکە بەڕێگەی خۆیدا بەردەوام بڕوات، دەبێ گێڕەرەوە لەهەموو ساتێکدا یەکێ لەئەگەرەکان لەهێزەوە بۆ کردار بگوێزێتەوە، ئەمەش وادەکات ئەگەرەکانی تر پشت گوێ بخرێن.

بۆ نموونە گێڕەرەوە دەیتوانی وا لەقەمووڕەکە بکات بەداوەتی بەرگ دروو قایل نەبێت، هەروا ئێسکەکە دەبوو بەناوقوڕگی میوانەکەدا بەئاسانی تێپەڕ ببێت هتد..

بەرامبەر ئەم ئەگەرانەی کە خەریکە بێ کۆتایی بێ، ئازادی گێڕەرەوە رەهایە، چونکە دەتوانێت هەر ئەگەرێك ئارەزوو بکات -لەهێزەوە بۆ کردار- بگوێزێتەوە، بەڵام ئەوەی کەمێك لەم کێشەیە ورد ببێتەوە بڕیاری بڕاوەی پێچەوانەکەی دەدات و ئەو ماوە تەنگە بەرەی کە گێڕەرەوەی تیادا دەسوڕێتەوە دەردەکەوێت. چونکە گێڕەرەوە هەر لەناو سێ کۆتدا (بەلای کەمەوە) هەڵس و کەوت دەکات کە لە جوڵەی دەخەن بەشێوەیەك کە توانای هەڵبژاردنی نامێنێ.

* * *

ڕێسای یەکەم تایبەتە بەوەی کە دەشێ بەپەیوەست بوونی پێشگر بەپاشگرەوە ناو بنێن، یانی هەڵبژاردنی ئەگەرێکی پەیوەست بەئەگەرێکی دوای خۆی کە گێڕەرەوە رەچاوی دەکات و بەگوێرەی ئەوەوە هەڵبژاردنی ئەگەری پێش خۆی ئەنجام دەدرێت.

مانای ئەمە ئەوەیە کە دوایین ئەگەری لەلایەن گێڕەرەوە هەڵدەبژێرێت کە دەبێتە کۆتایی حەقایەتەکە کار دەکاتە سەر ئەگەری پێش خۆی و ئەمیش کار دەکاتە ئەگەری راستەوخۆی پێش خۆی بەم شێوەیە تادەگەینە ئەگەری یەکەم کە سەرەتای حەقایەتەکەیە بەواتایەکی تر کۆتایی کار دەکاتە سەر هەموو ئەوانەی پێش خۆی دەبن و ئازادی گێڕەرەوە هەر لەهەڵبژاردنی کۆتاییەکەدا دەردەکەوێت و هەر ئەوەندە ئەم هەڵبژاردنەی ئەنجام دا ئیتر جڵەوی لە دەست نامێنێ و دەبێتە دیلی ئەم هەڵبژاردنەی خۆی.

لەبەر ئەوەی ماوەی ئەوەمان نییە لەم ڕووەوە حەقایەتی بەرگ دروەکە بەتەواوەتی بخوێنینەوە ئەوەندەمان بەسە ئەم پارچە کورتەی حەقایەتەکە، کە پێشتر نووسیمانەوە باس بکەین و لەکۆتاییەوە دەخوێنین:

قەموورەکە مرد چونکە ئێسکێك لەقوڕگی گیرا، ئێسەکەکە لەقوڕگی گیرا چونکە قووتی دابوو، قووتدانەکە لەبەر ئەوە بوو کە ژنی بەرگ دروەکە پاروەکەی خستە دەمی، ئەم لەبەر ئەوە خستیە دەمییەوە چونکە نانیان دەخوارد، نانیان دەخوارد چونکە بەرگ دروەکە نانی شێوی بۆ کڕین، بەرگ دروەکە نانی شێوەکەی کڕی چونکە قەموورەکە بەداوەتەکە قایل بوو، قەموورەکە بەداوەتەکە قایل بوو چونکە بەرگ دروەکە داوای لێ کردبوو، بەرگ دروەکە داوای لایێ کرد چونکە لەسەیران گەڕانەوەیدا دییووی، بەرگ دروەکە لەسەیران گەڕایەوە چونکە لەسەرەتای ڕۆژدا هاتبووە دەرێ، لەبەر ئەوەی هاتە دەرێ چونکە هەندێ جار بۆتەماشاکردنی سەیرانگا سەیرەکان دەهاتە دەرێ، بۆ تەماشاکردنی سەیرانگا سەیرەکان. چونکە ئارەزووی ڕابواردن و خۆشی هەبوو، ئەم ڕاهێنانەی ئەنجاممان دا کارتێکردنی دوایی لەسەر پێشوو دیاری دەکات و وامان لێ دەکات دەرك بەفەرمانی هەموو خاڵێکی ناو حەقایەتەکە بکەین، بۆ نموونە چۆن لەم ڕستەیە دەگەین؟ (شەو داهاتبوو) هەڵبژاردنی خودی ئەم کاتە نابێ بەوەی پێشوو لێکبدرێتەوە و دەبێ بەوەی کە دێت لێکبدرێتەوە، چونکە بەرگ دروو لەگەڵ ژنەکەیدا قەموورە مردووەکە هەڵدەگرن و بۆ مااڵی پزیشکی دەبەن و لەپاشان هەڵدێن، کاتێ پزیشکەکە دادەبەزێت تاریکی ناهێڵێت قەموورەکە ببینێت، ئەوسا پێی پێ هەڵدەنوتێت و قەموورەکە دەکەوێت و پزیشکەکە وا دەزانێت کە خۆی کوشتوویەتی.

لە ئەمانەوە دەگەینە دەرئەنجامێك کە دەشێ حەقایەتەکە بەدوو خوێندنەوە بخوێنرێتەوە،

خوێندنەوەی یەکەم (ئاساییە)و لەراستەوە بۆ چەپ یان لەسەرەتاوە تا کۆتایی (←)، خوێندنەوەی دووەم کە دەشێ بەخوێندنەوەی (زانیار)ی ناو بنێین. چونکە وامان لێ دەکات لەنزیکەوە دەرک بەبوونیادی گێڕانەوە بکەینو وامان لێ دەکات جارێکی تر حەقایەتەکە پاش هەڵوەشانەوەی پێکهاتەکانی داڕێژینەوە، ئەم خوێندنەوەیە لەکۆتاییەوە بۆ سەرەتا، لەچەپەوە بۆ راست (←) ئەنجام دەدرێت.

خوێندنەوەی (ئاسایی) بەتوندی بینی خوێنەر دەگرێتو رووداوەکانی بێ جوێن پێ قووت دەدات و بەسەر لاپەڕەکاندا بازی پێ دەدات بۆ ئەوەی لەدواییدا بگاتە ئەو کۆتاییەی کە بۆ زانینی بۆی بەتاسەوە بوو. ئەو خۆشیەی ئەم خوێندنەوەیەی پێی دەبەخشێت نرخەکەی گرانە، چونکە خوێنەر بەدوای وەهمدا رادەکات و خۆی ناگرێتو دەسەلاتی بەسەر خۆیدا نامێنێتو ماوەیەک بەلەخۆنامۆبوون دەژی، ئەوەی کە بەوەهمەوە دەیبەستێتەوە دوو دڵی بەردەوامە لەنێوان چەند ئەگەرێکدا، ئەم دوو دڵییە تاخاڵی کۆتایی دەرنەکەوێت خامۆش نابێت، خوێندنەوەی (زانیار) پێچەوانەی ئەمەیە، خوێنەر لەوەهمو هاوسۆزی رزگار دەکات و بۆ پلەی بەشداربوونی بەرزی دەکاتەوە، بەشداربوونی نەک کەسایەتیەکان بەڵکو خودی گێڕەرەوەکە، خوێندنەوەی ئاسایی لۆژیکی گوزەربوونی بەسەردا زاڵە بەشێوەیەک کە چوون دەشێ هاتنەوەی بەدوادا بێت یان نەبێت، بەڵام خوێندنەوەی زانیار لەژێر دسەلاتی لۆژیکی پێداویستیایە بەشێوەیەک کە بە هاتنەوە دەست پێدەکات ئەوکاتە لەچوون بەولاوە چارێکی تر نییە.

* * *

سەرەڕای پەیوەست بوونی پێشوو بەدواییەوە، رێسای دووەممان هەیە کە پەیوەندی نێوان زنجیرەی رووداوەکانە بەجۆری حەقایەتەکەوە، جۆری حەقایەت زۆرن، هەندێ جۆر زنجیرەیەکی تایبەت دەسەپێنێو دەبێ گێڕەرەوە رێزیان بگرێت تێپەڕبوون لەخاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر لەحەقایەتەکەدا، بەپێی خشتەیەکی رووداوەکان ئەنجام دەدرێت کە پێویستە دووبارە ببنەوە. وەکو لەهەندێ چیرۆکی میللیو (مەقامات)دا تێبینی دەکرێت، ئاشکرایە کە دانەری (مەقامات) بەشێوەیەکی گشتی رێزی زنجیرەی چەسپاوی کرداری گێڕانەوەیان دەگرت، لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەنجامدانی ئەگەری کۆتایی کە وتمان تاقە بوارێکە ئازادی گێڕەرەوەی تیدا دەردەکەوێت، ئەمیش بەجۆرەکەوە پەیوەستە، بەشێوەیەک ئازادی هەڵبژاردن بەتەواوەتی نامێنێت، بۆ نموونە سەیری کۆتاییە دووبارەبووەکانی رۆمانی گاوانەکانو رۆمانی پۆلیسی بکە..

* * *

رێسای سێهەم تایبەتە بەدابو نەریتەکانەوە یان بۆ ریزبوونی شیکردنەوەیەک بۆ ئەم هەواڵە دەگمەنە. ئەگەر بۆی دەرکەوت دەقەکە بواری ئەم روونکردنەوەو شیکردنەوەیە نادات، هەواڵەکە دەخزێنێتە چوارچێوەی حەقایەتێکی ئومێدبڕەوە، ئەم جۆرەی دواییان هەیە یان دەشێ دابهێنرێت، لەم تێبینیەوە دەگەینە دەرئەنجامێک کە هەموو جۆرێک داب و نەریتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، باداب و نەریتە جۆرەکییەکە دژی ئەو داب و نەرێتەی خوێنەرەکە بێت، کە لەژیانی رۆژانەیو بیرو باوەڕەکانیا مل کەچیانە، ئەو حەقایەتانەی لەسەر گیاندارانەو ئەو حەقایەتانەی مرۆڤ و جنۆکەی تێدا هاوبەشنو ئەو حەقایەتانەی رووداوی سەر ئاسایان تێدا روودەدات، ئەم جۆرانە هەموویان داب و نەریتو سەربەخۆیی سەیری خۆیانیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر بەسنگێکی فراوانەوە وەریان دەگرێت، چونکە خۆی دەچێتە ناو یارییە جۆرەکییەکەوەو بیرو باوەڕەکانی خۆیو کرداری گێڕانەوە، بەندە بەبیروباوەڕی خوێنەر سەبارەت بەکارو رووداوەکان. گێڕەرەوە ناچارە بەڕێزگرتنی ئەم بیرو باوەڕانە تاڕادەیەک دەشێ بگوترێت کە گێڕەرەوەی راستەقینە خودی خوێنەرەکەیە.

گێڕەرەوە بیروباوەڕی خوێنەر باش دەزانێتو بەگوێرەیان گێڕانەوەکە ئاڕاستە دەکات، بۆ نموونە

ئەگەر باسی گەیشتنی گورگێك بەمەڕێك بكات، ئەوە مەحاڵە باسی پەلامارداني مەڕەكە لەلایەنی گورگەكەوە نەكات. ئازادییەكەی لێرەدا بەئەگەرێكەوە بەندە كە بەجێ هێشتنی مەحاڵە، گریمان كارەكەی بەپێچەوانەوە كرد، چی رووەدات؟ ئایا وێنای ئەوە دەكات مەڕی بەستەزمان پەلاماری گورگەكە بدات كە لە خۆی بەهێزترە ، سەرەڕای ئەوە كە مەڕ گۆشت خۆریش نییە؟ دەشێ ئەمە لەچیرۆكی گاڵتەجاڕیدا رووبدات‌و ئەوسا خوێنەر بەزەردەخەنەیەكەوە پێی قایل دەبێت، بەڵام ئەگەر شێوە زمانی گێڕەرەوە راستییانە بێت، ئەوە خوێنەر والێ دەكات بەدوای روون كردنەوەیەكدا بگەڕێ یان دەیخاتە نێو دوو كەوانەوە.

مەسەلەی ئەگەرەكان‌و داب‌و نەریتەكان ئەو مەیدانە فراوانەن كە ئایدیۆلۆجیای تێدا مت بووەو دەشێ تاڕادەیەك گێڕەرەوەو گوێ گرەكە (لێرەدا خوێنەرەكەیە) تیا هاوبەشبن دەبێ ریزبوونی رووداوەكان لەم گۆشەیەوە لێكبدرێنەوە، بەشێوەیەك دەرك بەوە بكەین چۆن بیروباوەڕەكان (ئاشكراو شاراوە) گواستنەوە لەكردارێكی گێڕانەوە بۆ كردارێكی دوای ئەو ئاڕاستە دەكەن.

ئەمە داوامان لێ دەكات بەوردی خەریكی (رەوەنی رۆشنبیری) بین روونیبكەینەوە چۆن حەقایەتەكە بەخۆیەوە دەبەستێت‌و كار دەكاتە رووداوەكانی.

* * *


ئەم سێ پێوەندەی بەخێرایی باسمان كردن (پەیوەست بوونی پێشوو بەدوایی، جۆری حەقایەت‌و ئاسۆی ئەگەرەكان، داب‌و نەریتەكان) رێساكانی یاری گێڕانەوە پێك دێنن. دەشێ یەكێك بڵێ: ئای كە زۆرن ئەو حەقایەتانەی كە خۆیان بەم رێسایانەوە نابەستنەوە، بەتایبەتی لەم سالانەی دوایدا لەگەڵ پەیدابوونی ئەزموونە تازەكاندا لەبواری گێڕانەوەدا، بەڵام رێزنەگرتنی رێساكان، رێساكان ناسڕێتەوە، بەڵكو لەڕێسالادان دەبێتە هۆی بەڕوونی دەركەوتنیانەوە، چونكە رێسا لەئەنجامی بێ راهاتنی خوێنەر وەكو سروشتی شتەكانی لێ دێت. بەڵام كاتێ لەڕێسا لادەدرێ سەرنج راكێش دەبێ‌و وەكو بەڵگەنەویستێك نامێنێ‌و رێژەیی خۆی ئاشكرا دەكات، مەبەستم پەیوەند بوونی بەجۆرێكی تایبەتەوە، یان ماوەیەكی تایبەت، یان بواریكی رۆشنبیری، ئەم هوشیاریيە بەڕێژەیی بوونە دەبێتە هۆی نالێین (لەناوچوونی رێسا ئاساییەكە) بەڵكو پەیدا بوونی رێسایەكی نوێ لەجۆرێكی گێڕانەوەی نوێ كە تیایدا خۆی دەسەلاتدار دەبێت.

لەم چوارچێوەدا ئامازە بەهاوكات بوونی دەركەوتنی رۆمانی نوێ‌و لێكۆڵینەوەی بوونیادگەری دەكەین بەبۆچوونی من رێكەوت هیچ رۆڵێكی لەم جووتە لەدایك بوونەدا نەبووە، پەیڕەونەكردنی ئاشكرای رێساكانی گێڕانەوە كە رۆژئاوا پێی ئاشنا بوو زۆر بەڕوونی دەردەكەوێت لەئەفسانەی هەندێ كۆمەڵگا (سەرەتاییەكان – البدائیە)كاندا وەكو ئەفسانەی هیندی، لە ئەمریكاییەكاندا كە (كلود لیڤی شتراوس) شیكردوونەتەوە، ئەم ئەفسانانە (بێ سەرو كلك) دیارن، یان لەگەڵ نمونەی ئاساییدا جیاوازن، ئەمە دیاردەیەكە دەبێ مێژوونووس خەریكی بێت. ئەگەر كێشەی ئەفسانەكان بەلاوەوە بنێین، تێبینی ئەوە دەكەین كە بوونیادگەرییەكان لەسەرەتادا خۆیان بەهەندێ جۆری تایبەت لەگێڕانەوەدا خەریك كردبوو، كە رێساكانی ئامێز ئاسا كاریان تێدەكەن، وەكو چیرۆكی میللی‌و چیرۆكی وێنەدارو رۆمانی پۆلیسی، بەواتایەكی تر جۆرە (ویستەمەنی – استهلاكی)یەكان كە كۆیرانە رێزی رێسا ئاساییەكان دەگرن، ئەمە لەكاتێكدا بوو رۆمانی نوێ لەلایەنی خۆیەوە ئەم رێسایانەی دەزدەخست، بەڵام بەشێوەیەكی (نەرییانە) یان بڵێن بە لادان‌و ژاوەژاوكردنە سەریان، پێویست بەوە ناكات بڵێین ئەم دوو دیاردەیە كاریان لەیەكتر دەكرد.

پەراوێز:

ئەم گوتارە بەناونیشانی (قواعد السرد)ە لەلاپەڕە (٢٩-٣٩) كتێبی الادب والغرابة- دراسات بنیویه فی الادب العربی- عبدالفتاح كیلیطو – استاذ في جامعة الرباط) وەرم گێڕاوە دەبێ ئامازە بەوە بكەم كەسێ بڕگەی یەك لەدوای یەكی ئەم گوتارەم وەرنەگێڕاوە كە لە لاپەڕەی ٣٧و بەشی سەرەوەی لاپەڕە (٣٨)ن چونكە نموونەیەكی نووسینی كۆنەو شی كردنەوەیەتی، نموونەكە پڕ لە (سجع‌و تشبیه)و بڕوا ناكەم وەرنەگێڕانیان كاری كردبێتە سەر شێوەو ناوەڕۆك‌و مەبەستی نووسەرەكە. (وەرگێڕ).

پێنج ژمارە ناوازەکەی رۆژنامەی (کوردستان)ی ساڵی ١٩٦١




کاوە حاجی عزیز

لەبەر جێگیرنەبوون‌و نائارامی باری رامیاری کوردستان، کەهەمیشە وەکو فاکتەرێکی بەهێزو هۆکارێکی نالەبەر بۆتە بەردەوام نەبوونی راگەیاندنێکی سەرتاسەری چ لەکوردستانی گەورە، یان لەپارچە جیاجیاکانی کوردستاندا، وەك ئاشکرایە رۆژنامەش لەم حاڵەتە بەدەر نییە. عیراق بەگشتی‌و کوردستانیش بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨دا، بەواتایەکی تر لەدوای رووخاندنی رژێمی پادشایەتی‌دا، نیمچە سەربەستیەکی بەخۆوە گرتووە، نکولی لەوە ناکرێ کەئەم ئازادییە دەرگای چاپەمەنی کوردیشی خستە سەرپشت. بۆیە دەبینین کۆتایی ساڵی ١٩٥٨و ساڵەکانی ١٩٥٩و ١٩٦٠ بەساڵانێکی لەبارو سەردەمێکی درەوشاوەو زێڕینی رۆژنامەنووسی کوردی لەعیراقدا دادەنرێ[1]، هەرلەو ماوەیەدا بەچەندەها رۆژنامەو گۆڤاری جۆراوجۆر، چ بەزمانی عەرەبی یان کوردی سەریان هەڵدا، وەك رەنگدانەوەیەکی باری واقیعی سیاسی کەتوانرا ئاڵۆ گۆڕێکی باش بکرێت، وەچەندەها کاری باش‌بوون بەهەوێن بۆدروستکردن‌و پێگەیشتنی دەیان نوسەری هۆشمەندو بەتوانا، ئەتوانین لەم مەیدانەدا بەچەندین رۆژنامەو گۆڤار دەستنیشان بکەین کەلەو رۆژگارەدا سەربیان هەڵداوە، وتوانیوییانە تارادەیەك رۆژنامەنووسیی بگەیەننە ئەم پلەی ئێستاکە کوردستان بەخۆیەوە دەبینێ، کەلەمەیدانەکانی ئەدەبی‌و رۆشنفکری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌دا کەڵکیان بەخوێنەرانی کورد گەیاندووە. کەبوونەتە سەکۆی بڵندگۆی بیری ئازاد بۆ داکۆکیکردن لەمافە رەواکانی گەلی کورد. یەکێك لەو رۆژنامانەی کەلەو ماوەیەدا سەریهەڵداوە، رۆژنامەی (کوردستان)ە

گوردلەداواکردنی هاوی نەتەوایەتی و
کامڕادی دەسکەوتەکانی وانەهێنی


کوردستان
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە
خاوەن ئیمتیاز: ئەمیر ئەکرەم قەدیری
سەرنووسەری ئەرکی: جەلال تاڵەبانی
چاپخانەی کوردستانی نوێی چاپکراوە
دانەیەک بە (٥٠) فلسە


خەبات هاشتەڵی کوردستانە ـ باشماوە



پرۆژەیاسای گومانەکانی کورد لە ئەوروپا لایەکی سۆفیەت

لە لایەن چەند کەسایەتیەکی کوردستان

پێویستە بەگەڕانەوەی پارلمانی هەڵەبژێرین



جەخت لەوە دەکرا کەڕۆژنامەیەکی هەفتانەی کوردی بڵاوبکرێتەوە، چونکە ڕۆژنامەی خەبات کەئۆرگانی پارتی بوو، زیاتر بەزمانی عەرەبی دەردەچوو... ئەمەش پەیوەندی بەبارودۆخی ئەو ڕۆژانەدا بووە کەئەوسا پارتی ڕەچاوی دەکرد، ئەو ڕۆژگارە پارتی دەیویست بیروباوەڕو سیاسەتی خۆی بەجەماوەری عیراق رابگەیەنێ. ئەمەش هەر بۆیە بەزمانی عەرەبی بووە تا حکومەتی مەرکەزی لەنیەتو مەرامەکانو داواکارییەکانی باشتر بگا، جگە لەوەی ئەمەش داواکارییەکی حکومەت بووە، هەرچەند ئیمتیازی ڕۆژنامەکە بەزمانی عەرەبیو کوردی بوو، لەو ڕۆژگارەدا پارتی بیری لەدەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی کردەوە، بەڵام لەبەر هەڵوێستو بیرویاوەڕی ئەو نووسینانەی کەلەڕۆژنامەکەدا بڵاوئەکرانەوە هەر زۆر بەزوویی و بەتوندیو خەستی بەڕۆکی پارتی گرتەوەو کار گەیشتە ئەوەی ڕۆژنامەکە لەدوای ئەو پێنج ژمارەیە دابخرێ، لەدوای چەند مانگێکیش زەنگی شۆڕشی ئەیلول لێدرا.

بایەخو کەڵکی رۆژنامەی کوردستان

هەرچەندە ئەم رۆژنامەیە، زۆری نەخایاندووەو تەمەنکورت بووە، بەڵام ئەگەر بەسەرجەم لاپەڕەکانیدا بچینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر دوژمنانی کورد، لەوساتەوەختەدا مەودایان بدایە، ئەوا بواری رۆژنامەنووسی کوردی، وەرچەرخاندنێکی گەورەی روونا‌کبیریو سیاسیانەی بەخۆیەوە دەبینی، چونکە ئەگەر سەیرێکی ستافی رۆژنامەکە بکەین، هەر هەموویان چەرخی رۆژگار سەلماندی کەکێ بوونو چ نیازێکیان بووە کەهەموویان لەخانەی خزمەتگوزارییدا بۆ مەسەلەی گەلەکەیان لەریزەکانی هەرەپێشەوەدا بوون وەهەمیشە بەرووی کێشەی کوردا لایەنی ئیجابیانەی دەگرن، کەئەم گۆڕانو وەرچەرخاندنە لەخۆیدا گەورەیەو ماوەیەکی دوورودرێژی پێویستە تابگا بەئەنجام، هەروەك ڤۆلتێر دەڵێ:[٣] (رۆژنامەنووسی دەزگایەکە بەکەس ناشکێ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەروخێنێ بۆ ئەوەی جیهانێکی نوێ دامەزرێنێ) بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم کەروناکبیرانی ئەو سەردەمانە بەباشی توانیویانە، خزمەت گوزارانە چەند مەڵۆیەك بخەنە سەرشارای رۆژنامەگەری کوردی، هەر لەو بوارەشەوە بەرەو خوارەوە شۆڕبوونەتەوە بۆ کایە رۆشنبیرەکانی تر، کەلەرۆژنامەوە چەکەرە دەکاتو گەشەو گەورە دەبێ. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کەپەرەگرافێك لەسەرووتاری یەکەم ژمارەی ئەو رۆژنامەیە کەلەرۆژی ١٩٦١/٣/٤ دەرچووە کەئامانجو رێبازی رۆژنامەکە دەردەخات بنووسمەوە کەدەڵێ: (بەهیواین کەکوردستان بتوانێت شان بەشانی (خەبات)ی هەڤاڵی نازداریو پێ بەپێی رۆژنامە دیموکراتییە نیشتمانییەکانی تر لەخەباتی سەختو مەردانەی گەلەکەماندا دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی، وەبۆ چەسپاندنو گەشەپێکردنی خۆی سەربەرزانەو جوامێرانە بەجێ بهێنێت، وە هاوکاریەکی باشو تەواو بکات لەپێشخستنی بزوتنەوەی نەتەوەکەماندا بەرەو جێبەجێکردنی ئاوەتەکانی وەهێنانەدی ئامانجەکانی پارتی پێشڕەوی خەڵکی کوردستان) تا دەڵێ: (بێگومان خەڵکی کوردستانیش بەکرێکارو جوتیارو کاسبکارو خوێندەوارو رەنجبەرو هەموو کوردپەروەرێکییەوە هەر بەوچاوە ئەنوارنە کوردستان، کەرۆژنامەی خۆیانە، هەموو کۆششو خەباتی لەپێناوی ئامانجەکانی ئەوانو هەموو خەڵکی عیراق لەئاشتیو دیموکراسیو رزگاریدا تەرخان دەکات... کوردستان هەر (خەبات)ەکەی جارانەوە هەمیشە هەر هەڵگری ئاڵای خەباتی نەبەردانەی خەڵك ئەبێت بۆیە، دڵنیاین کەخوێندەواری بەڕێز لەهەموو سوچو قوژبنێکی کوردستانەوە زۆر بەگەرمیەوە پێشوازی لێ ئەکەنو دلێرانە یارمەتی ئەدەن. وەسکالاو رەخنەو رازو نیازی دڵی خۆیانی بۆ ئەنێرن).

ئەگەرچی کوردستان چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچووە، بەڵام رۆڵێکی گەورەی بینیوە لەوانەیە کەسانێك بڵێن: دەبێ تەنیا پێنج ژمارەی رۆژنامە چ کاریگەرییەکی هەبووبێ تا دەسەڵاتدارانی ئەوسای سەغڵەتو نیگەران کردبێ؟ حەز دەکەم بەوتەیەکی ناپلیۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کەدەڵێ: (تەنیا سێ رۆژنامە لەسەدهەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنێ)[٤] جگە لەوەش کەرۆژنامەیەك بەتەواوەتی چووبێتە ناو هەموو چین‌و توێژێکی کۆمەڵی کوردەواریو لەدەرگای هەموو ماڵێکی کوردیدابێت؟ ئیتر چۆن بایەخی کاریگەریی سیاسیو رۆشنبیری خۆی نابێت؟ بەتایبەتی کەلەورۆژەدا ئەو رۆژنامەیە مینبەرو بڵندگۆیەکبێ بۆ پەرچدانەوەی بیروباوەڕی شۆڤێنیستیانەی کەئەوسەدەمانە شالاوێکی بەرفراوانیان بۆ تواندنەوەی کورد لەبۆتەی نەتەوەیی عەرەبدا دەستدابوویە..

هەزار ئەفسوس هەر ئەوداخلەدڵانەش بوونە هۆی داخستنی ئەو رۆژنامەیە، ئەوەبوو کەلەرۆژی ١/نیسانی١٩٦١دا دوازمارەی لێبڵاوکرایەوە، ئیتر بۆدواجار سەریٰنایەوەو دەرگای رونا‌کی لەسەر داخرا، هۆی داخستنی رۆژنامەی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی مەبدەئی نەگۆڕی دەستەی نووسەرانو هەڵوێستی شەرەفمەندی ئەو قەڵەمانەی کەلەدەرکردنی کوردستاندا هاوکارییان دەکرد. لێرەدا دەتوانین لەزۆر رووی کلتوریەوە، کەڵكو گرنگی ئەو رۆژنامەیە بەچەند خاڵێك بنرخێنین:


یەکەم: هۆشیارکردنو بەئاگاهێنانەوەی کورد لەمەڕ سیاسەتەکانی حکومەتی بەغدادا...



مام جەلال



ئیبراهیم ئەحمەد



هەژار موکریانی

هەوڵێکی زۆر دراوە کەخوێندەوارانی کورد لەسەرتاسەری کوردستاندا، بەئاگابهێنێتەوەو هۆشیار بکاتەوە لەو گۆڕانکاریانەی کەلەعیراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا رووياندا وە... کەلەو ساتە وەختەدا بەتایبەتی لەدوای روخاندنی رژێمی پاشایەتی کەگۆڕانکارییەکی مەزنی نەتەوایەتیو کۆمەلایەتیو فیکری هێنابووە ئاراوە، بۆیە پێداویستیەکی مێژوویی بوو کەگەلی کورد بەئاگا بێت، وەلەو وەرچەرخاندنە مێژوویيەدا هۆشیاربێتو کەڵك وەربگرێ، هەتا چیتر ماقەکانی پێشێل نەکرێتو قوربانیەکان وەك یادەوەریو تۆڵە لەبیرنەکرێت...

جگەلەوەش، چەسپاندنی مەسەلەی بوونی کورد وەك نەتەوەیەكو قوربانیو گیانفیداکردنو تێکۆشان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە رەواکانی گەلی کورد کەچالاکانە، داکۆکی لەسەر دەکرد، هەروەها گرنگیدان بەخوێندنەوەی شکستەکانی کورد لەهەستانەوەو نسکۆدا، وەبەهەند وەرگرتنی دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ نەتەوەی کورد. دەتوانین لەمیانەی خوێندنەوەی سەرووتارەکانی هەر پێنج ژمارەکە ووردبینەوەو، وەك بەڵگەیەکی مێژویی بیکەینە شایەتی بۆچوونەکانمان. چ جای کەبەچەندەها ووتارو نووسین بۆهۆشیاری نەتەوایەتیو بیری کوردایەتیو بەئاگاهاتنەوە لەکێشەی کوردا تۆمار کراون.

ئەمەش لەخۆیدا کارێکی گرنگی رۆژنامەنووسییە کەرۆژنامەی (کوردستان) زۆر گرنگی پێداوەو بەئەرکی خۆی زانیوە، هەر ئەم کارەش ئەوەی چەسپاندووە، کە مەسەلەی رۆژنامەنووسی کوردی دەبێت بەشێك بێت لەژیانی فەرهەنگی کوردو خەبات و تێکۆشانی لەو سەردەمە چارەنووسسازەیدا.

دووەم: هەڵوێستەی سیاسیی لەنێوان بێ دەنگیو بەگژا چوونەوەدا!

گومان، رۆژنامەی کوردستان، وەك رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانە خۆی بەخوێنەر ناساندبوو، نکولی لەوەش ناکرێ کەناوەرۆکی ئەو پێنج ژمارەیە، پڕبەپێستی ئەو مەبەستانە بوو کەبۆی تێئەکۆشا، بۆیە زۆر ئازایانە بەگژ ئەو بیرو باوەڕو بۆچوونە گەندەڵانەی ئەوسای شۆڤێنیيە عەرەبەکاندا دەچووەوە، کەبەرامبەر بەخەباتی رەوای گەلی کورد دەریاندەبڕی، جێگای وەبیرهێنانەوەیە رۆژنامەی (الثورة)ی ئەوسا لەژمارە (٥٥٥)ی ساڵی ١٩٦١دا بەچەند وتارو نووسینێك هێرشێکی ناڕەوای کردبووە سەر نەتەوەی کوردو بەراشکاوی داوای تواندنەوەی دەکرد، لەوەش زۆر خراپتر پێیان وابوو کەسوکی لەگەڵ ئەوانەدا نەکرێ، کەدوو دڵن لەتێکەڵاوبوونو تواندنەوە لەناو بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا! (وەك لەناوەرۆکو کاکڵەی بۆچوونەکانیاندا لەو سەردەمانەدا بەزەقی دەردەکەوت). هەر لەهەمان رۆژنامەدا واتە (الثورة) چەند هێرشێکی ناڕەوای تر، کلارابووە سەرخەباتی رەوای گەلی کورد کەهەر هەموویان لەبازنەی رق و کینەی داخلەدڵدا خولیان دەخوارد بۆ بەدەستنەهێنانو دروستکردنی کۆسپو

تەگەرە لەپێش گەشەسەندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ کوردو پێشێلکردنی مافە رەواکانی جەماوەر. رۆژنامەی کوردستان زۆر بەتوندی بەگژ ئەو بۆچوونانەدا چۆتەوەو هەمیشە لەسەنگەری هەقدا بووەو بەرگری کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد، دەبێ ئەوەش بڵێین لەژمارەکانی یەکەو، دوو، سێدا بەچەندەها وتارو شیعرو، ریپۆرتاژو نووسینی تەنزئامێز، وەڵامی رۆژنامەی (الثورة)و هاوبیرەکانی داوەتەوە، وەچەند چاوپێکەوتنو ریپۆرتاژێکی باڵاوکردۆتەوە کەلەگەڵ پیاوە ناسراوەکانی کوردو عەرەب بەمەبەستی راوەرگرتن بۆ پوکانەوەو لەباربردنی ئەو هەوڵە شۆڤێنیانە ! هەروەها چەند وتاری سیاسی گرنگ کەئازایانە بەتوندی بەگژ ئەو بیرو باوەڕە شۆڤێنیانەدا چووەتەوە. هەر بۆ نمونە لەژمارە یەکدا ریپۆرتاژێك کەلەعەرەبییەوە کراوە بەکوردی کە (لەرۆژنامەی خەبات –النضال– لەژمارە ٤٤٥ی رۆژی ١٩٦١/٣/٢دا باڵاوکراوەتەوە) کەچاوپێکەوتنێکە لەگەڵ دوو وەزیری کورد لەحکومەتی قاسمدا کەئەوانیش (زەعیم فوئاد عارف وەزیری دەوڵەت، مامۆستا حەسەن رەفعەت وەزیری ئیسکان–ی ئەوسای بوون) هەروەها چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەقید (فاضل عباس المهداوی) سەرۆکی دادگای گەل ((محکمة الشعب)) بەشداری کردووە، لەوەڵامی پرسیارێکدا: دەربارەی بانگەشەی (الثورة) بۆ تواندنەوەی کورد لەبۆتەی عەرەبدا، خوالێخۆشبوو مەهداوی دەڵێت: ئەم داوایە راست نییەو خەڵك لەرێگا لادەدا، کۆنەپەرستانەو فاشیستانەیەو بەهیچ بارێك خزمەتی گەلو نیشتمانو جەمهوریەتی شەعبی عیراق ناکات، ئەوجار دەڵێ: شەریکایەتی کوردو عەرەب لەم نیشتمانەدا مانای تواننەوەی هیچ (قومیەت)ێك نییە عەرەب بێ یا کورد یا غەیری ئەوانە. ئەم داوا پڕوپوچو فشەو گاڵتەیەو کاڵای ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستو دەرەبەگەکانی نۆکەریەتیو لەوڵاتی ئێمەدا بازاڕی کەسادە).

جگە لەوەش هەژاری موکریانی لەگۆشەی دنیایەکی سەیرەو لەژێر ناونیشانی (ئەمەیە ئەڵێن کەس ئاگای لەکەس نییە)دا وتارێکی درێژی نووسیوە کەهەندێکی لەلاپەڕە سێو پاشماوەکەشی لەلاپەڕە حەوتو هەشتدا باڵاوکراوەتەوە. وێڕای ئەوەی کەبەشێوەیەکی مێژوویی هەڵوێستی داگیرکەرانی کوردستانی خۆتسۆتە پوو، زۆر بەتوندیش وەڵامی نیازە گڵاوەکانی رۆژنامەی (الثورة)ی داوەتەوە. هەروەها خوێنەوارو رۆشنبیران لەمەڕ ئەو بانگەشە نەفرەتاوییە، بێدەنگ نەبوون وەك ناڕەزایی دەنگیان لەو رۆژنامەیەدا بەرزکردۆتەوە، بۆ پەرچدانەوەو لەباربردنی مەرامە دژێوەکانی (الثورة) حەز دەکەم لێرەدا ئاماژە بەشیعرێکی (ئوستاد بەشیر مشیر) بدەم کەلەژمارە سێدا و لەلاپەڕە سێدا بەناونیشانی (دووەنگ) باڵاوکراوەتەوە. دەڵێ:

دەنگێ دەرکەوت بۆ لەناوچونم
بۆ تاوانەوەی زمانو بوونم
رۆژنامەنووسێك کوندەبومی شوم
لێی قراندبووم لای وابوو مردووم
کزبووم، دایگرتم خەمناکیو پەستی
تابیستم دەنگی پڕ خۆشەویستی
کوردێك بۆی هانیم موژدەی کوردستان
نوشتەی سەر دلی وڵاتپەرستان
لەپیشم رەوی تەمی خەمباری
جوان بوومەوە هەر بەیەکجاری
نایێ ئازایە بێتە دوکانم
بەزەبری گوباڵ دەردی ئەزانم
کێ ئەڵێ پیرم کاملۆو ژیرم
بەشیر موشیرم دەس بەشمشێرم[٥]

هەروەها لەمیانەی ئەو بەگژداچوونەو بەدەنگەهاتنەدا، رۆژنامەی کوردستان هەمیشە دووپاتی کردۆتەوە، کەخەباتی گەلی کورد بۆ لێدانو فەوتانو سەرکوتکردنی بزاڤی عەرەب نییە، وەك دەزگا ئیمپریالیزمەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکو هەمیشە کورد رەچاوی هەموو مافە نەتەوایەتیەکانی عەرەب دەکاتو لەهەمان کاتیشدا بەبرای دادەنێ.

سێهەم: چەردەیەك لەخەباتی گەلانو چەند زانیارییەکی سیاسی

ئەگەر بەهەر پێنج ژمارەکەدا بچینەوە، دەبینین هەوڵو تەقەلایەکی باشو تێرو تەسەل دراوە، بۆ ئاشناو شارەزابوون لەخەباتی گەلاندا. هەروەها بایەخێکی باش دراوە کەخوێنەر شارەزای چەند زاراوەیەکی سیاسیانەی سەردەم بێت ئەو زاراوانە

شیکراونەتەوە بۆ نمونە باس لەم چەند زاراوانە کراوە:

(کۆسمۆپۆلیەت) چییە؟ هەروەها بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە چەمکی (شۆڤینایەتی) خراوەتە روو، جگە لەمەش هەر لەگۆشەی زیانیاری سیاسیدا باسێك بڵاوبۆتەوە بەناونیشانی (رەگەزایەتی) بیرو باوەڕێکی کۆنەپەرستانەی هیچ و پوچە کەبەشێوەیەکی زانستیانە لەچەمکی راسیزم دەدوێ. ئەم هەوڵانە رووی گەشی بزاڤی چالاکی فیکری نووسەران و هاوکارانی ئەو سەردەمەی رۆژنامەکە دەخەنە روو. ئەمەش بێگومان کەڵکی پۆزەتیڤانەی بۆ دەرس و عیبرەت وەرگرتن و نوشستی ئەو شۆڕشانەی خامۆشبوونەتەوە یان بەتەواوەتی سەرکەوتنی مەزنیان بەدەستهێناوە. هەروەها هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی ئەو چەمکە سیاسیانە کە خۆی لەخۆیدا کارێکی ناوازەو سودمەندە، خوێنەر چەردەیەك لەژیان و ژیاری شارستانیەت نزیك دەکاتەوە. ئەگەر ئەو رۆژنامەیە بەردەوام ببوایە خزمەتێکی مەزنی لەو بوارەدا بۆ کورد دەستەبەر دەکردو بەردی بناغەی بۆ چەندەها چەمك و دەستەواژەو زاراوەی سیاسی دادەنا.

چوارەم: بیری ناسۆشیالستی و شێوازی بیرکردنەوە:

لەخوێندنەوەی هەر پێنج ژمارەکەدا، بەئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کەروخسارو شێوازی بیرکردنەوەو بۆچوونی رۆژنامەنووسی هەر لەخاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری نوسین و سکرتێرو پەیامنێرو کارمەندانی تر، چ سیاسی یان حزبی ئەوسەردەمە بریتی بووە لەکاکڵەو ناوەڕۆکی بیری نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیستی)ی رۆشنبیری کوردایەتی، ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەقوڵایی سەردەمو رووداوەکان سەرچاوەی وەرگرتووە، دوور لەپاشاگەردانی ئەو بارودۆخەی کەبەعیراقدا (بەتایبەتی لەدوای روخانی پاشایەتی هاتۆتە ئاراوە). هەلومەرجێکی باش رەخساوەو رۆشنفکرانی ئەوەمەی کورد، ئەوبارەیان قۆزتۆتەوە، بۆیە چەندەها بابەتی فیکری و رۆشنبیری بوێرانەو دلێرانە، بەقەڵەمی چەند نوسەرو روناکبیرو سیاسی تێگەیشتوانەوە بەبێ سڵەمینەوە روبەڕوی رۆژنامەکەی گرتۆتەوە.

پێنجەم: بواری ئەدەبو خزمەتێکی ناوازە

لەهەر پێنج ژمارەکەدا، لاپەڕەیەك بەناونیشانی گوڵزاری کوردستان، تەرخان کراوە بۆ گەشەسەندنو خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی ئیتر چ بەشیعر یان بابەتی پەخشانو فۆلکلۆری کوردی، یاکاری ئەدەبی تر چ بەوەرگێڕاوی یا بەنامادەکراوی بێت. (زیاتر لەبواری ئەدەبی گەلاندا)، ئەو ناوانەی لەوبوارەدا کاریان کردووەو هاوکاری ئەو لاپەڕەیەیان کردووە بەدەقەکانیدا دیاربن، بۆنمونە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، چەند شاکارێکی تیا بڵاوکردۆتەوە وەك (بەرەو روناکی، دواتیری کەوانی خۆت...و چەند بابەتێکی تر) جگە لەمەش دەمە تەقێی (بایزو پیروت)ی هەژار موکریانی کەبەشیعر دەینوسیو زیاتر رەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی ئەوکاتانەی لەئامێز دەگرت هەروەها چەند شیعرێکی ناوبراویش ناوەناوە بڵاوکراوەتەوە، ئەمە جگە لەچەند دەقێکی پیرەمێردو کاردۆخیو بەشیر موشیرو بەنگینەو چەند شاعیرێکی تر. جێی خۆیەتی کەلایەنی ئەدەبی منالان لەم رۆژنامەیەدا باس بکرێو بخرێتە روو. مەکسیم گورکی[٦] دەڵێ (پێویستە بۆ منالان بنووسین وەك چۆن بۆ گەورەکان دەنووسین بەڵکو زیاتریش). ئەگەرچی لەکاتێکا رۆژنامەی کوردستان رۆژنامەیەکی بەروالەتو ناوەرۆك سیاسی بووە، بەڵام بواری ئەدەبی منالانی فەرامۆش نەکردووە. جێی سەرنجە لەهەر پێنج ژمارەکەدا بەشێوەیەکی تێروتەسەل لەگەڵ هەلومەرجی ئەوکاتەدا بایەخ بەجیهانی منالان دراوە، لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێك بۆ بەشی منالان تەرخان کراوە، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کەشیعرەکان لەوەرگێڕانو ئامادەکردنی خوالێخۆشبوو هەژار موکریانییە.

شەشەم: ئاگاداریو پروپاگندە

رۆژنامەی کوردستان وەك دابونەریتی رۆژنامەگەرێتی بایەخی بەبواری ئاگاداریو چەند پروپاگەندەیەکی یاسایی داوە کەدیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلەبواری زمانی کوردیشدا هەیە وەك زمانەکانی تر شتی ئاگاداریو بازرگانی بڵاوبکرێتەوە، ئیتر لەدایکبوون یان کۆچیدوایی یا سوپاسگوزاری یاناگاداری دادگاکان وەیاخود کردنەوەی کارگەیەك یان عەیادەی دکتۆرێك، جگە لەوەش بایەخی بەچاپکردنو خستنەڕووی چاپکراوە کوردییەکانی زۆر بەباشی داوە.

حەوتەم: چوونە ناو جەماوەرو کاریگەری لەسەر خوێنەوارو نەخوێنەواراندا.

ئەتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین کەرۆژنامەی کوردستان زۆر بەباشی توانیوێتی بچێتە ناو جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانەوە، بەش بەحاڵی خۆی کاریگەری هەبووە بەسەر هەزرو بیرکردنەوەیاندا، وەرۆڵی وشیاری خۆی بینیوە. لەهەووی گرنگتر ئەوەیە تەنها لەلای خوێندەواران وانەشکاوەتەوە، بەڵکو کەسانێك لەنەخوێنەوارانیش بەهۆی بڵاوبونەوەی رۆژنامەی کوردستانەوەو خۆشەویستیو پەرۆشیان بۆ خوێندنەوەی ئەو رۆژنامەیە فێری خوێندنو نووسین بوون، هەر بۆ نمونە لەچەمچەماڵ هاوڵاتی (کاکی رەشید) کەناسرابوو بە (مام کاکی) کەکرێکار بوو لەکۆمپانیای (C.A.T) بۆ دروستکردنی جادە تازەکەی نێوان سلێمانیو کەرکوك بەهۆی بڵاوبوونەوەو خۆشەویستی رۆژنامەی کوردستان فێری خوێنەواری بووە کەلەوەوبەر هیچ بنەمایەکی خوێندنی نەبووە[7]... ئەو پیاوە ئێستا نەوەکانی لەشارۆچکەی چەمچەماڵنو شایەتی ئەوکارەی بۆ دەدەن. بایەخو کەڵکدان بەرەوتی رۆژنامەنووسی بۆ جەماوەر، رۆڵێکی گرنگ دەبینێ، چونکە لەپێشخستنی رۆشنبیری جەماوەردا کاردەکات. گەورەترین گرفتی رۆژنامەش ئەوەیە کەجەماوەر لەخۆی کۆنەکاتەوەو بایەخ بەکێشەکانی نەدا، چونکە هەروەك جون هوهبزگ دەڵێ (راستە رۆژنامە گیانو لەشە، بەڵام کۆمەڵانی خەڵك دڵە زیندوەکەیەتی، هەر ئەوانیش ژیانو گەرمایی بەگیانو لەشەکە دەبەخشن، چونکە هەر ئەوانەن رێیازو رەوتی رۆژنامەکە دەستنیشان دەکەن)[8].

لەسەرووی ئەم حەوت خاڵەوە دەبێ پێ لەو راستیە بنێین کەرۆژنامەی کوردستان گەلێك بایەخی بەزمانەوانیو رێنوسی کوردیداوە، هەرچەندە بەژمارە کەمە بەڵام بەناوەرۆك گەلێ زۆرە ئەمەش ماندووبوونو مەزنی ئەو کەسانە دەردەخات کەلەو کاتە پڕ لەمەینەتیو ناسکانەدا ئەم بواڕە گەورەیەی رووناکبیریان فەرامۆش نەکردووە.

جێی خۆیەتی کەنووسەرانو سەرپەرشتیاری ئەو رۆژنامەیە باس بکرێن کەبریتین لەم زاتە بەڕێزانە: (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، هەقاڵ مام جەلال، لەگەڵ خوالێخۆشبوو حلمی علی شریف، عبدالرحمن زەبیحی، هەژاری موکریانی).

پەراوێزەکان:

(١) چەند لایەنێکی رۆژنامەنووسی کوردی- حەمەصالح فەرهادی لا٣٨ -٣٩.

(٢) لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەو یاداشتە بکەم کە هەژار موکریانی لەچێشتی مجێوردا لە لا٣٥٣ ئاماژەی بۆ کردووەو دەڵێ: (رۆژێك برایم ئەحمەد کوتی: "کاکە وەرە حیسابێك بکەین.. خەڵك چاپخانەیەکیان هەیە، چەند ماڵی پێ بەخێو دەکەن، ئێمە دوو چاپخانەمان هەیە بڕۆ ئیستیعفا بدە لەئیدارەکەت، وەرە لای حیزب کار بکە" تائەو شوێنەی دەڵێ: "کە لەژمارە چوار هەزاری هەوڵەوە، بۆ هەشت هەزارو هەر بەشی نەدەکرد، هەر ژمارەش دەمە تەقەیەکم تێدا دەنووسی...). بەم پێیە بێ ئەو ناوی چاپخانەیە خواستراوەو ئەو تیراژەش لەوە زۆرترە کە باسی لێوەکراوە.

(٣) تێگەیشتنی راستیو شوێنی لەرۆژنامەنووسی کوردیدا- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لا١٨.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٥) دەربارەی ئەو دەقە کە گۆیا (بەشیر موشیر) نوسیوێتی.. پێویستە ئاماژە بەچەند وتەیەکی هەژار موکریانی بدەم کە لەچێشتی مجێور لە لاپەڕە ٣٦٠دا هاتووەو دەڵێ: (خەیاتێکی نەخوێنەوار بوو، تەواو نەیدەتوانی ئیمزای خۆی بنوسێ.. مەقالەو کتێب نوسینی لێ ببو بەنەخۆشی، هێندەیان گاڵتە پێ گوتبوو مامۆستا باش دەنوسی خۆی لەخۆی لایێ گۆڕابوو.. بەیەکێکی دەگوت "تۆ فلان شت بنوسە، من تەئلیف دەکەم!!" تەنانەت جارێك شیعری منیشی تەئلیف کرد!... هەر چۆنێك بێ ئەحمەقێکی خوێن شیرین بوو). پێدەچێت ئەم دەقەش بەمەرەدی ئەوە چووبێ کە خوالێخۆشبوو هەژار موکریانی باسی لێوە دەکات!

(٦) منداڵو ئەدەب- نەوزاد عەلی ئەحمەد لا١٠٣.

(٧) ئەمەم لەبەڕێز مامۆستا محمد نوری تۆفیق بیستووە، لەکاتێکا خۆی لەچەمچەماڵ بووە. لەو بارەیەوە جێ خۆیەتی بزانین هەژار موکریانی لەیادداشتەکەیدا باسی دەکات ئەوەتا دەڵێ (رۆژێك جەمال شاڵی کەوەکیلی بڵاوکردنی نوسراوی پارتی بوو لەسولەیمانیەوە هات بەوپەڕی شانازیەوە گوتم- ها رۆژنامەی کوردستان دێت کە لەخەباتە عەرەبیەکە زۆرتر مشتەری هەیە؟ گوتی: هیچ فەخر مەفرۆشە بەخودا مشتەریەکانی هەموو دێ نشینی شارەزوون هیچیان سیوادیان نیە دەمەتەقە بەزاراوەی ئەوانە، دێن دەیکڕن بەیەکێك دەڵێن بۆمان بخوێنە وەقاقا پێدەکەنن. کەسیان نااڵێن رۆژنامەی کوردستان هەر دەڵێن ئاباوە دەمە تەقەیەکمان بەرێ) بڕوانە چێشتی مجێور لاپەڕە ٣٥٣.

(٨) الصحفی المحترف- جۆن هنبرگ لاپەڕە٢٨٣.

کچان چیان بەسەردێت

لەسویدیەوە: زۆراب

وتاری یەکەم:

بەسە ئیتر دایکان مەکە بەتاوانبار!

کچێکی پێگەیشتوو لەئامێزی دایکیدا. دوو ژن کە لەهەمان جیهاندا دەژین. دایکو باوک هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بۆ منداڵەکانیان گرنگن کەچی کاتێک کچەکە وەزعی باش نابێت دایکەکە پەنجەی تاوانی بۆ درێژ دەکرێت. ئیتر ئێستا کاتی خۆیەتی ئەم هەڵوێستە بگۆڕدرێت.. ئیتر کاتی ئەوەیە لایەنە پۆزەتیڤەکەی ئەوەی دایک ئەتوانێت پێی هەڵسێت ببینرێت.

لەزنجیرە وتارەکەی Expressenدا کە ماوەی هەفتەیەکە بەڕێوەیە ئێمە ئەو هەڵوێستە وەرگرتنانەمان وەسف کردووە کە کچێک رووبەڕووی دەبێتەوە لەڕێگایدا بەرەو بوون بەژنێکی پێگەیشتوو. هەوڵمان داوە رووبکەینەوە کە ئەوەی لەکیژێک چاوەڕێ دەکرێت چۆن لەهەڵکشاندایە.

بەسە ئیتر دایکان مەکە بەتاوانبار!

کچێکی پێگەیشتوو لەئامێزی دایکیدا. دوو ژن کە لەهەمان جیهاندا دەژین. دایکو باوک هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بۆ منداڵەکانیان گرنگن کەچی کاتێک کچەکە وەزعی باش نابێت دایکەکە پەنجەی تاوانی بۆ درێژ دەکرێت. ئیتر ئێستا کاتی خۆیەتی ئەم هەڵوێستە بگۆڕدرێت.. ئیتر کاتی ئەوەیە لایەنە پۆزەتیڤەکەی ئەوەی دایک ئەتوانێت پێی هەڵسێت ببینرێت.

لەزنجیرە وتارەکەی Expressenدا کە ماوەی هەفتەیەکە بەڕێوەیە ئێمە ئەو هەڵوێستە وەرگرتنانەمان وەسف کردووە کە کچێک رووبەڕووی دەبێتەوە لەڕێگایدا بەرەو بوون بەژنێکی پێگەیشتوو. هەوڵمان داوە رووبکەینەوە کە ئەوەی لەکیژێک چاوەڕێ دەکرێت چۆن لەهەڵکشاندایە.

کە چۆن دەورووبشتەکە هەرزوو فێری دەکەن چەند گرنگە دڵی خەڵکی رابگرێت. وەچۆن بناغەی ئەو پەیامە دادەڕێژرێت کە رووکەش گرنگە بۆ کچ.

نۆربەی ئەو کیژانەی لەگەڵیان دواوین هەست بەنەبوونی مرۆڤی گەورە دەکەن.

کە دەیانەوێت یەکێک هەبێت لەگەڵی بدوێن، بەڵام وا هەست دەکەن دەورووبشت کاتی نییە.

کە بۆ تێڕامانو بیرکردنەوەی ئەوان هیچ جێگایەک نییە. ئێمەی گەورە نابێت واز لە رۆڵی خۆمان وەکو گەورە بهێنین. ئێمە، پیاوانو ژنان، باوکانو دایکان هەموو پێویستە باشتر گوێ لەهاواری گەنجەکان بگرین. هاوارەکەیان بێ دەنگ یان بەرز دەنگ بێت.

ئەوەی پەیوەندی بەپەیوەندی نێوان دایکو کچەوە هەیە هەمیشە هۆکارەکەی جێگای لێکۆڵینەوە بووە. لەمێژووی سایکۆلۆژیدا هەمیشە دایکەکە بەزەرەبین سەیر کراوە.. ئەنجامەکەشی ئەوە بووە زۆربەی دایکەکان ویژدانیان هێند ناڕەحەت بووە کە هێزی ئەوەیان لەبەردا نەبووە وەک گەورەیەک هەڵسو کەوت بکەن ئەو کاتەی تەنگژە پەیدا بووە.

لەلێکۆڵینەوەیەکدا لەبارەی خێزانەوە کە (شیەر هایت– Sher hite) ئەنجامی داوە دەرکەوتووە کە سەدی هەشتای ئەو کچانەی پرسیاریان لێ کراوە هەرگیز خوازیارنین وەکو دایکەکانیان دەربچن.

بێ گومان زۆر ئاساییە کە لەتەمەنێکی دیاریکراودا کچەکە خۆی ئازاد بکات.

بەڵام پرسیاری دوای ئەوەش (بۆچی؟). راستییەکی تر لەخۆ دەگرێت، کچەکان پێیان وابوو دایکیان زۆر بێ هێزە، بەتایبەتی لەپەیوەندیدا لەبەرامبەر پیاوەکەیدا.

- ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کچەکان پێیان وایە دایکەکانیان خراپن.. بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کچانە دەوری دایکەکانیان وا دێتە بەرچاو کە لەگێژەنی دەسەڵاتی پیاوانەدا بێت، ئەمە بەپێی گووتەی (میا ئەندەرسۆن – Mia Andersson)، کە سایکۆلۆژە (واتە پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونیەکانە)و ئەو کێژانە چارەسەر دەکات کە نەخۆشی (ئەنۆرۆکسیا– Anoroxia) یان هەیە. شێوازی چارەسەرکردنەکەشی ئەوەیە کە لەهەمان کاتدا خەریکی دایکو کچ پێکەوە دەبێت.

ئەو کێژانەی لەتەمەنێکی زۆر ناسکدانو واهەست دەکەن دەرەقەتی داواکارییەکانی دەوروپشت نایەن.. پێیان وایە کە دایکەکەش هەمان هەڵو مەرجی هەیە. کە دایکەکەش واهەست دەکات دەرەقەت نایەت.. وەکاتێک کێژە گەنجەکە ئەبینێتو حاڵەتەکە لەلای دایکی دەناسێتەوە حەز ناکات ببێتە ئەرک بەسەریەوە. نایەوێت ئەرکی دایکی گرانتر بکات.

سەرباری ئەمەش لەسیمای ئەو کچانەدا کە ئێمە قسەمان لەگەڵ کردوون بەڕوونی دەبینرێت کە خولیای ئەو پەیوەندییەن کە بەدایکیانەوە گرێیان دەدات.

(ساگا – Saga)ی نۆزدە ساڵ کە بە درێژایی ساڵانی هەرزەکاری خۆی بەبێدەنگی لەحەسرەتدا بووە بەم جۆرە دەدوێت: (گەر دایکم هەڵی ئەوەی لەبەردەستدا بوایە یارمەتیم بدات، پێ دەچێت بەم جۆرە کار لەکار نەترازایە).

وەزۆربەی ئەو دایکانەی لەبەرامبەر کێژۆڵەکانیاندا بەتەنگژەیەکی لەم جۆرەدا تێپەڕیون، هەر زوو هەستیان کردووە هەڵەیەك لەئارادا بووە. بەڵام پێ دەچێت نەیانوێرابێت یان حەزیان نەکردبێت بەردەوام بن لە پرسیارکردن ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە رەتکراونەتەوە.

ئەو کێژۆڵەیەی دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری (مراهقی) دەڵێت کە هەست دەکات دنیای دەوروپشت گوێ بۆ دەنگی رانادێرێتو بیرۆکەکانی هێند پڕ بایەخ نین. هەر بۆیە ئەو بێدەنگ دەبێت!

گەر ئێمە ئەم حاڵەتە نەبینین ئەوا مەترسی هەیە ئەو کێژۆڵانە گەورە ببنو ببن بەکەسایەتی ژنی وا کە کەمتر باوەڕ بەغەریزەی خۆیان بکەن.

پێویستە لەسەرمان کە بێ پێچو پەنا خۆمان باشتر بکەین لەوەدا کە بوێرین گوێ بدەینە کەسانی تر.

وەدایکانو کچانیان سوودمەنتر دەبوون بەوەی باسی ئەو پاڵەپەستۆیە بکەن کە ئێمەی ژنان لەژێریدا دەژین.

ئەو پاڵەپەستۆ بازرگانییەی[1] لەسەر ئێمەی ژنانەوە بەپێی هەموو لێکدانەوەکان هەر بەردەوام دەبێت.

ساویلکەیی دەبوو باوەڕ بەهەر شتێکی تر بهێنین.

بەڵام گەر ئێمە خۆمان هەڵوێست وەرگرینو باسی ئەو کێشەیە بکەین.. پێ دەچێت هێند تەشەنە نەکات. لەمەشدا هەموو دایکێك دەورێکی کاریگەری هەیە بیگێڕێت.

ئێمە بەڕاستی دەتوانین پێکەوە شۆڕشێك بەرپا بکەین.

نووسینی: ستینا سێدەر هۆڵم
Stina Cederholm



لەئامێزی دایکدا. دایکانو کچەکانیان زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە. لایەنی کەم ئەو پاڵپەستۆیەی لەلایەن جیهانی دەروپشتمانەوە دووچاری دەبین. ئێمە پێکەوە دەتوانین هەڵوێست وەرگرینو یارمەتی یەکتر بدەین، لەوەدا کە دەبوو بەڵگە نەویست بێت. چونکە ئێمە بەکەڵك دێین، بەتەواوی بەو جۆرەی کە هەین. (ئەم وێنەیە رێکخراوەو کەسەکانی ناو وێنەکە هیچ پەیوەندییەکیان بەوتارەکەوە نییە) بەپێی رۆژنامەکە !

وتاری دووهەم:

بەهەمان شێوە لەنوسینی (ستینا سێدەرهۆڵم)ەو دایە لەئەنۆرۆکسیاکە رزگاری کردم



کارین یاخی ببوره بەوەی خۆی برسی دەکرد. ئەمەش شێوازی ئەو بوو تابڵێت کە ئامادە نییە پێ بگات. یەکەم شتێك کە (بیرگیت– Birgit)ی دایکی هەستی پێکرد ویژدان ناڕەحەتی‌و خۆ تاوانبارکردن بوو. بەڵام لەچارەسەرکردنی هاوبەشدا باوەڕ بوو بەدایکەکە، کە وای کرد (کارین – Carin) توانی خۆی رزگار بکات‌و چاك ببێتەوە. کارین دەڵێت:

- دەرك کردن بەوەی کەسێك هەبوو حەزی بەچاکەی من دەکرد وای کرد هێزو بڕشتم بداتێ.

بیرگیت دەڵێت:

- من لەوە تێگەیشتم کە بۆ (کارین) چەند گرنگ بووم.. سەرباری ئەوەی ئەو رەتیشی دەکردمەوە.

کارین، (٢٠) ساڵ

[لەبیرمە کە ئەو رۆژەی سیانزە ساڵم پڕ کردەوە بەخۆمم وت کە (ئێستا ئەبێت یاخی بم یاخی بوونی هەرزەکاری)، بەڵام بۆم جێ بەجێ نەکرا.

لەناخی خۆمدا هەستم دەکرد کە هەموو شتەکان قەبەترو بێزراوتر دەبوون. بەڵام بۆ ئەوە وشەم نەبوو.

هەستەکە ئەوە بوو (من چی بکەم لەژیانی خۆم؟).

ژیانی من وەکو گلۆپێك بوو لە کەفی سابوون. زۆر دەترسام بتەقێت. هەموو کەسەکانی دەوروبەرم تەنها (کارین)ە بەختیارە، زیرەکە کراوەکەیان دەبینی. کەس نەی ئەبینی لە چ عەزابێکدام.

هەر بۆیە لەبری یاخی بوون دەستم کرد بەخۆبرسی کردن. ئەمە هەرگیز پرۆسەیەکی بەئاگای کێش دابەزاندن نەبوو. وام هەست دەکرد کاتی ئەوە نییە پێبگەم (گەورە ببم)و هەوڵمدا خۆم بکەمە زیندوویەکی مردووی لەسێکس دابڕاو (نیوترالْ لەسێکس).

ئەو کاتە کارین (١٥) ساڵان بوو. بەدوو مانگ کێشی (١٠) کیلۆ دابەزی. پاش چوار مانگ. دایکی تێگەیشت کە ئەو نەخۆشە. کارین خۆی هەر زوو تێگەیشتبوو کە ئیتر نابێت کێشی زۆرتر دابەزێت.. بەڵام کێش دابەزینەکە نەتوانرا رێی لێ بگیرێت.

(بۆ من هیچ سوودی نەبوو گەر دایکم پێشتر پێی زانیبا. مرۆڤ دەبێت خۆی خوازیار بێت یارمەتی بدرێت. بەڵام ئەمڕۆ دەزانم کە من زۆر پێش ئەوەی نەخۆش بکەوم وەزعم خراپ بوو. هەمیشە سەرم ژانی دەکردو ماندوو بووم. دەترسام‌و هەستم بەتەنهایی دەکرد، بەڵام بۆ کەسم باس نەدەکرد.

لەوانەیە گەر باسی وەزعی خۆم بکردایە حاڵم بەجۆرێکی تر بوایە. ئەو هاوینەی کە بەدوایدا هات سەمام دەکرد لەنێوان پزیشك‌و سایکۆلۆژەکاندا.. کە بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵیان دەدا وام لێ بکەن کێشم زیاد بکات، بەڕاستی ببوم بە (ئەنتی سایکۆلۆژ).

ئەوکاتەی دایکم‌و من پەیوەندیمان کرد بە (میا ئەندەرسۆن– Mia Andersson)ەوە لە (کلینیکی ئەنۆرۆکسیا) هێند لاواز بووم نەمتوانی بەرەنگاری بکەم.. سەرباری ئەوەی دەمبینی خێزانەکەم چەند هەستیان بەپەشێوی دەکرد. بۆیە بیرم کردەوە (لەبەر خاتری دایکم دەچم بۆ ئەوێ). یەکەم جار تێنەدەگەیشتم دایکم لەوێ چی دەکات.. بەڵام هەستم پێ کرد کە (میا – Mia) چەند کاریگەرییەکی هێمن کەرەوەی بەسەر دایکمەوە هەبوو. ئەمە وەکو ئەوە وابوو گرێ کوێرەکانی نێوانمان بکرێتەوە، ئەم هەستەشم ماوەی چەند رۆژێك درێژەی کێشا.

من نااڵێم خەتای دایکمی تیدا بوو کە نەخۆش کەوتم. راستە باوك‌و دایکم لەماوەی گەورەبونمدا کاریان زۆر دەکرد. من هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە لەماڵەوە گوێم لێ گیراوەو هان دراوم.. بەڵام ئەوان ئەو چرکە ساتەی پێویستم بەیارمەتی بوو کاتیان نەبوو پاڵپشتیم بکەن.

چارەسەرەکە (تێراپییەکە) وای لێ کردم تێ بگەم کە بەڕاستی کەسێکم هەیە دەتوانم پشتی پێ ببەستم. دایکێك کە تاڕادەیەکی زۆر باشەی منی مەبەست بوو.

ئێمە هەردووکمان باوەڕمان بەیەکتر پەیدا کرد. بناغەکەی لەوێدا هەبوو.. بەڵام ئێمە بەڕادەی پێویست پێکەوە هەڵس‌و کەوتمان نەکردبوو. وام هەست نەدەکرد دایکم لەژیانمدا بەشدار بوو. پاش ماوەیەك لەتێراپییەکە باوەڕێکی گەورە کە لەلام دروست بوو ئەوە بوو رێم بەدایکم دا ژەمە خواردنەکانم بۆ دابنێت. من خۆم نەمدەزانی ژەمی ئاسایی چەندە.

لەراستیدا لەو باوەڕەدا نیم کە پێویستە دایکم یارمەتیم بدات کاتێك نەخۆشم.. بەڵام بەڕای من مرۆڤ پێویستی بەلایەنگرێك هەیە، کەسێك کە مرۆڤ متمانەی پێ بکات).

بۆ ئەوەی بتوانێت گەورە ببێت.. کارین ناچار بوو یەکەم جار بچووك بێت. بەڵام شان بەشانی ئەوەی تەندروستی باشتر دەبوو خۆ ئازادکردنی لەدایکی بروەی سەند ئەم جارەیان بەشێوازێکی دروست.

(من هەست بەلەش ساغییەکی زۆرتر دەکەم لەو کەسانەی کە نەخۆش نەبوون لەهەڵوێستمدا بەرامبەر لەشی خۆمو بەرامبەر خواردەمەنی.. من پێویستم بەم تەنگژەیە بوو. لەو باوەڕەدام کە دایکەکان دەتوانن یارمەتی باشی کچەکانیان بدەن.. بەوەی کە خۆیان واهەست بکەن بەکەڵك دێنو سودبەخشن.

بەڵام، سەرباری هەموو شتێك، لەهەمووی گرنگتر خۆشەویستییە بێ مەرجەکەیە.)}.

بیرگیت، (٥٠) ساڵ

[(زۆر پێم سەخت بوو قبووڵ بکەم کارین نەخۆشە. ئەو هەمیشە توانیبووی بدوێتو هەرگیز لەخۆیدا خۆی مۆڵ نەدابوو. بەڵام ئێستا لەدوای رووداوەکە تێدەگەم کە ئەو ئاگادارکردنەوەی وردی دەنارد. ئەو دەیوت کە (قوتابخانە ناخۆشە).. (ماندووکەرە)و کە (دڵگیر نییە). بەڵام هێشتا ماڵەوە باش بوو. ئێستا تێ دەگەم کە ئێمە هەردووکمان، منو مێردەکەم، کارمان زۆر دەکرد. پێکەوە (کاتی پڕ ناوەڕۆك– Kvalitetstid)[٢] کارمان دەکرد تا ئاستێکی بژێوی بەرز بۆ منداڵەکان دابین بکەین.

من بەو جۆرەم دەکرد کە پێم وابوو دروستەو کۆششم دەکرد نمونەیەکی بەهێزو باش بم بۆ کچەکانم. دەمویست نیشانی بدەم کە ژنێکیش دەتوانێت پێش بکەوێت (واتە کارێر Karriar کە بە ئینگلیزییەکەی – Career)ە بەدەست بهێنێت).

راستە من نیشانەی ئەوەم لی دەرکەوت کە هەمیشە لە هەڵپەدام. ئێستا تێ دەگەم کە (کاتی دوورو درێژیش – Kvantitetstid)[٢] زۆر گرنگە.)

کاتێك (بیرگیت) تێگەیشت کە (کارین) نەخۆش بوو.. خەبات لەجیهازێکی تەندروستی ریز درێژو پڕ چاوەڕوانیدا دەستی پێ کرد. پاش هاوینێك لە (چارەسەری کتوپڕ).. ئەوان گەیشتنە کلینیکی ئەنۆرۆکسیاکەی (میا ئەندەرسۆن).

(خۆ من تاسەرو گوێچکەم پڕ بووم لەخۆ خەتابار کردن. نەم دەزانی تاچەند مافی ئەوەم هەیە خۆم لەشتێك هەڵقورتێنم کە بۆ (کارین) زۆر شەخسی بوو. لەشی ئەو. زۆر سەختە بوێریت یەکێك بێزار کەیت لەکاتێکدا هەر رەت بکرێیتەوە.

بەڵام کتوپڕ واهەست دەکرا کە ئێمە جێگەیەکمان بەدەست هێناوە. گۆڕەپانێك کە تیایدا هەردووکمان بتوانین ترسەکەی خۆمان دەربخەین. توانیمان خەتابار کردنەکە بۆ چرکەساتێك واز لێبهێنینو خۆمان چڕ بکەینەوەو خەریك بکەین بەوەی پێویستە لەسەرمان چی بکەین. توانیمان راستەوخۆ رووبەڕووی یەکتر ببینەوە. ئەوەی لەو ژوورەدا بنیات نرا باوەڕی ئەوەی لا دروست کردین کە دەتوانین بەسەریدا سەرکەوین. پێکەوە. توانام هەبوو دەری بڕم کە من تەنها خێزی (کارین)م دەویستو کە ئەوەش هەستێکی پاك بوو. تەنها ئەو غەریزەیە هێزی دامێ.

پشتگیریم بەدەست هێنا کە گوێ لەناخی خۆم بگرمو رووبەڕووی ناڕەزایی دەربڕینەکانی (کارین) ببمەوە بەوەی بڵێم کە دەبینم ئەو زۆر باریکە.. کە ئەو پێویستی بەخۆراك بوو بۆ ئەوەی نەمرێت.).

(کارین) بەخێرایی خراپ نەخۆش کەوت، بەهەمان شێوە بەخێرایی چاك دەبۆوە. بۆیە ئیتر (بیرگیت) ماوەی زۆرتر هەبوو کە بیر لەخۆشی بکاتەوە.

بەرامبەر منداڵیش مرۆڤ وەکو لەگەڵ ژنو مێردایەتی (زواج)دا هەڵسو کەوت دەکات.. مرۆڤ شتەکان وەکو بەڵگەنەویست وەردەگرێت.. منداڵ کەسێکە دێتو دەچێت.

لەلام سەخت بوو ببینم ئەو نەخۆش بوو.. سوودی زۆرم لەو دەرك پێ کردنە بینی. نیشانە لەوەی کە ئەو لێی دەرکەوت رووتر نییە.

لەبناغەوە ئەو بیرۆکەیەم خۆش دەوێت کە دەربارەی لەشمە. فۆرمی لەشی خۆمم خۆش دەوێت، بەڵام کەچی هەمیشە بەرەنگاری کیلۆ زیادەکان بوومەتەوە. لەناو ژنە هاوڕێکانیشمدا بەهەمان شێوەیە. خۆ مرۆڤ پێی خۆش نییە لەتەمەندا گەورە ببێت. رووەو ئاشکرایە کە گەورەکان نیشانەی ناڕەزاییان لێ دەردەکەوێتو منداڵەکانیشیان هەست بەوە دەکەن خۆ ناتوانیت لەدەرگا بچێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی پەیامێك رووبەڕووت ببێتەوە کە مرۆڤ دەبێت باریك بێت.).

خەبات دژی مردن بەسەر چوو، ئێستا خەباتەکە لەپێناوی ژیانێکی باشتردا بوو. رێگا بەرەو دواوە دوورو درێژە.. خۆ راهێنانیش لەسەر ئەوەی سنوورەکان دیاری بکرێت.

(سەخت بوو لەسەرەتادا زاتی ئەوە بکرێت سنوور دابنرێت بۆ مەسەلەی خواردن. (کارین) داوای لێ کردبووم سنوور دابنێم: (دایکە کاتێك خواردنەکە زۆرە پێم بڵێ، بالێی نەڕژێت).

بەڵام وردە وردە کەسی ئەوم ناسییەوە. ئیتر توانیمان ژەمە خواردن پێکەوە بخۆین‌و چاودێری قاپەکانی یەکتر نەکەین. هەستێکی خۆش بوو کە دووبارە لەدەوری مێزی خواردنەکە کۆببینەوە.

کاتێك وتی دەیەوێت لەماڵەوە بگوێزێتەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا، لەراستیدا، ئەوە باشە.. بەڵام ئەو روون‌و ئاشکرا بوو. بیرم کردەوە کە ئەم جارەیان نابێت پەیامەکە تێ نەگەم.

ئەمڕۆ ئێمە پەیوەندییەکی زۆر جوانمان لەگەڵ یەك هەیەو بە روونی هەست دەکەم ئەو کەسێکی سەربەخۆیە.

فێری ئەوەبووم کە گرنگە پرسیارەکان بکەم‌و نەترسم کاتێك ڕەت دەکرێمەوە.. کە بوێرم باوەڕ بەوە بکەم ئەوەی ئەیبینم‌و لەزگمدا هەستی پێ دەکەم راستە.. کە نیشانی بدەم خوازیاری شتێکم‌و بوێرم باوەڕ بکەم کە گرنگم بۆ منداڵەکانم. لەو هەلو مەرجەدا ئێمەی تیا بووین پێویستمان بەپاڵپشتییەکی تێڕاپییانە بوو.

مرۆڤ پێویست ناکات بەتەنها بەسەر هەموو کۆسپەکاندا زاڵ بێت. تەنانەت دایکێکیش پێویستە بوێرێت داوای یارمەتی بکات)].

وتەی پسپۆڕەکان

(پێویستە لەسەرمان وازبێنین لەوەی وەکو فاکتەری هۆکار سەیری دایك بکەین. هەرچی هەیە (لە A ەوە تا O) لە سایکۆلۆژیدا دژی دایکەکە ئاڕاستە کراوە. ئەو یان زۆرتر یان کەمتری پێشکەش کردووە. دایکان هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە راست بن. ئێستا کاتی ئەوەهاتووە ڕووی پێشەوەی مەدالیاکە هەلگێڕینەوەو بە دایکەکە بڵێین: تۆ زۆر گرنگی).

میا ئەندرەسۆن

سایکۆلۆژ

کالینیکی ئەنۆرۆکسی

(بەوەی دایکەکان تاوانبار بکەین ناگەینە هیچ شوێنێك زۆربەیان لەروانگەی هەلو مەرجەکانەوە ئەوەندەی لە توانایاندا هەیە کۆشش دەکەن.).

ماریانا ڤۆلکەرتس

کلینیکی لاوانی قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵم

(خۆ دایکەکەش هەمان کۆمەلگا فۆرمی کردووە کە کچەکەی تیادا دەژی. دایکەکە پێ دەچێت خێزانەکەی خستبێتە پلەی یەکەمو وەکو ژنیش لەمەسەلەی دەسەلاتو پارەدا لەخوارترەوەیە. کچان ئەمە دەبینن. زۆر بەسادەیی شۆڕشێکی دایك‌و کچ پێویستە.. کە بەهۆیەوە وابکەین ڕووخساری دنیای دەرەوە ببینرێت‌و یارمەتی یەکتر بدەین.).

میا ئەندەرسۆن

(ئەبێت زاتی ئەوەبکەین منداڵەکانمان ببینین‌و چاودێری بکەین وەزعیان چۆنە. تەندروستیان چۆنە، وە زۆر زوو دەستیان لی بەرنەدەین. منداڵەکان دەبێت هەست بکەن کە ئێمە کاتمان هەیە بۆیان).

ماریانا ڤولکەرتس

(زۆر جار بۆ دایك‌و باوکان باسی ئەوە دەکرێت کە لەهەرزەکاریدا هاوڕێکان گرنگن. واهەست دەکەم زۆر کەس هەست بەبێ دەسەلاتی دەکەن‌و بەتەواوی دەوری خۆیان ناناسن. حەز دەکەم بڵێم دایك‌و باوك زۆر گرنگن، بەتایبەتی لەکاتی هەرزەکاریدا).

هێلێنا موودین

لێکۆڵەرەوەی کۆمەلایەتی (Kurator)

لاوانی قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵم.

* * *

بەم جۆرە بەشی هەشتەم کۆتایی هات. ناونیشانی وتارەکانی ڕۆژانی پێشوتر بەم جۆرەی خوارەوەیە:

١. تەمەنی شەش ساڵەو کەچی گەورەکان خیانەتیان لێ کردووە.



٢- کچە منداڵەکان بەبێدەنگی خۆیان عەزاب دەدەن.

٣- تەمەنی پێنج ساڵەو لەرۆڵێکدا زیندانییە.

٤- (١٠) ساڵو هەموو شتێك رێی تێ دەچێت.

٥- بەم جۆرە کیژان بێ دەنگ دەکەین.

(تێبینی: ئەمەیان بەشی چوارهەمە لەزنجیرە رێپۆرتاژەکەو لەخوارەوە ئەو نووسینەمان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە لەسەری نووسراوە لەو ژمارەیەدا کە بەشی هەشتەمی تێدا بڵاوکراوەتەوەو لەلاپەڕە -٤-ی کلتوردا بڵاوکراوەتەوە).

٦- بۆیە کیژۆڵەکان واز لەوەرزش کردن دێنن.

٧- (١٥) ساڵو مۆرکراو بە بەرەڵاو بەسۆزانی.

٨- ئایا ئەو نێچیرێکی چەورە؟



وتاری سێیەم

کە لە بەشی کلتوردا بڵاوکراوەتەوەو رادەربڕینێکە لەسەر رێپۆرتاژی چوارهەمو لەلایەن سەرپەرشتیاری کەلتوری لاپەڕەکەوە (ماریا شۆتێنیۆس – Maria Schottenius)ەوە نووسراوە.

– – –

حەزرەتی مەسیح، کیژان!

(ماریا شۆتێنوس) تێ دەفکرێ کە بۆچی منداڵ دەبێت وەکو گەورەبن.. یان بەپێچەوانەوە.

لەلای مێزی مەتبەخەکەوە زرمەیەك و دەنگێك بیسترا. کوڕە هەژدە ساڵانەکەمان بەدوادا خۆی فڕێدایە سەر کورسییەکەو جنێوی‌دا. وام زانی قومێك شیری ترشاوی قووت داوە. رۆژنامەکەی دابۆوە بەیەکداو بەردەوام بوو لەسەر بۆڵە بۆڵ.

- شەیتان، چەند ناشیرینە.
- ئێمە هەریەکەمان لەلایەکەوە بەپەلە گوڕمان دایە خۆمان.
- چی بووە هاوڕێ چکۆلە؟ سەیرێکی کردم.
- دەمی ئەو کیژە. خۆ پێکەوەیان دووریوە!

کچە (١٦) ساڵانەکەمان تائەم کاتە

فۆتۆمۆنتاژەکەی (ئیلفا ئینگڤێسۆن – Ylva Yngvesson)ی (Expressen) چوار شەمەی رابردوودا بینیبوو.. کە تیایدا ئەو کیژۆڵە جدییە، کە سەیرمان دەکات، دەمی بەگوش پێکەوە دووراوە. تەقەڵەکان هەڵئاوساوو هەوکردوو دێنە بەرچاو.



کچەکەمان وتی:

- باشە، وێنەیەکی باشە.

ئەو کیژۆڵە ئاقڵە، ژیرە، پاکو تەمیزو خاوێنە ئەمجارەیان هەروا بەبەردەممانداا تێ نەپەڕی.

ئازایەتییەکی ژنانە لەسوید بوونی هەیە: ئەو ئازایەتییە لای کیژۆڵەی بچکۆلەو ژنی گەنجی تێکۆشەر دەبینرێت.. بەڵام لەبەرامبەر هەر کیژۆڵەیەکی دەرکەوتوودا (١٠) کیژۆڵەی بێ دەنگ دەبینرێت.

گوێڕایەڵی ژنانە تەنگژە (Dilemma)یەکی کلاسیکییە.. بەڵام ئایا ئیتر بەس نییە؟ ژنانی سویدی خۆیان پارەی خۆیان پەیدا دەکەن. کەمیان راستەوخۆ لەڕووی ئابوورییەوە بۆ بژێویان پشت بەپیاوێك دەبەستن.

کەواتە بۆچی دەبێت کیژۆڵەکان لەتەمەنێکی منداڵیدا بۆیاخ بکەنو جۆرێك بن، لەهەمان کاتدا، لە کۆرپەو لەسۆزانی،و رێگا بدەن کوڕان سوکایەتییان پێ بکەن؟

لەهەر کوێیەك دەگەڕێین، لەناو وێنە جۆراوجۆرەکاندا، مرۆڤی بەتەمەن دەبینین کە وازیان لەگەورەیی خۆیان هێناوە. لەرێپۆرتاژەکەی چوار شەمەی (ستینا سێدەرهۆڵم)دا دەبینین کە پزیشکەکە هیچ قسە ناکات کاتێك کوڕەکە لەکاتی وانەدا دەست بۆ کیژۆڵەکە دەبات. قوتابخانەکانیش دەبینین کە یاساکانیان ڕوون نینو رێگا دەدەن پشووەکان، یان تەنانەت کاتی وانەکانیش، ببنە جێگای زۆرانبازی ئەو کەسەی بەهێزە. دایکانو باوکان دەبینین کە هێند بێ چارەو سەر لێشێواونو رێگا دەدەن منداڵەکان دەسەڵات بگرنە دەستو بەبێدەنگییەکی خراپ ئاڕاستەکراو رێگا بدەن منداڵ گەشە بکاتو ببێت بە(بەڵا)یەك.

ئەو کاتەی بەربەستەکان لابران لەبەردەم پەروەردەکردنێکی لیبراڵانەی منداڵاندا، زۆڵی دایكو باوك کێشەی تێ کەوت. ئەبوایە نموونە (ئەو کتوودیتێری[٣])یەکان تێك بشکێنرێن، لەناویاندا ئەوکتوریتێتی دایكو باوك. کێ دەڵێت گەورەکە راست دەکات؟ لەواقیعدا پێدەچێت منداڵەکە زیرتر بێت. بەدڵنیاییەوە ئەمەوایە. چەندەها لاوی زیر هەیە لەکاتێکدا چەندەها دایكو باوکی بێ مێشك هەیە. بەڵام بەبوونی هەڵوێستێکی گشتییەوە سەرگەردانییە گەر لەکۆمەڵگایەکدا باوەڕ بەتاقیکردنەوەو شارەزایی گەورەکان نەکرێت.. باوەڕ نەکرێت بەوەی دایكو باوك شتێکیان پێیە منداڵەکانی خۆیانی پێ گۆش بکەن.

گەر گەورە خۆی وەکو هاوڕێ یان وەکو هاوڕێی یاری کردن بەمنداڵەکانی خۆی نیشان بدات، مانای ئەوەیە کە مرۆڤ شان ناداتە بەر ئەو ئەرکەی لەسەرێتی وەکو دایكو باوك. کۆمەڵگایەك کە تیایدا گەورەکان کۆشش دەکەنو وادەردەکەون کە بیست ساڵانن، ناخوازن یان ناوێرن وەك گەورەبنو هەموو پەنجا ساڵانەکان دەیانەوێت حەوت ساڵان بن.. ئەمە جێگای داخەو ئەبێتە هۆی منداڵ بازاڕی کلتووری.

وادەردەکەوێت کە ئێمە ئەوەی دەست لەناو دەستیو هاوکارییە فرۆشتوومانە.

لەو جێگایەدا کە لەوەپێش تەونێك لەپەیمانی ڕەوشتیی هەبوو بۆشاییەکی گەورە هەیە. من نااڵێم کە ئەو پەیمانانە باش بوون، یان کە ئەوانە پێویست بوون.. بەڵام دەڵێم کە وەکو ئێستا پرۆسەی ئیدۆلۆژی دروستکەر واز لێ بهێنن بۆ هێزە بازرگانییەکان شتێکی مەترسیدارە. کێ سوودەمەندە لەوەی ژن بکرێت بەکەڵو پەڵو کێ حەز دەکات ژنەکە لە تەمەندا بچێتە ئاو؟ ئەوە هیچ لایەنێك نییە بێجگە لە کاپیتالیزمی کاڵ وکڕچ، معامەلەکردن بەنابەڵەدی مرۆڤانەوە.. بەنادڵنیایی سێکسوالیتیەوەو بەجیاوازی سێکسەکانەوە ڕاکێشەرە. وەلەبەر ئەوەی گەورەکان ئەمڕۆ لەڕۆڵی خۆیاندا هێند نادڵنیان.. وەحەز ناکەن بەرپرسێتی بگرنە ئەستۆو خۆڕاگرین.. ئەوا رێگا والایە. ئەوان منداڵەکان بەرەڵا دەکەن، یان بەبێ مەرج بۆ دانان بەقسەیان دەکەن تاخۆلابدەن لەناڕەحەتی ویژدان.

ئێمە کۆمەڵگایەکمان بووە بەتووشەوە کە بێ هیواو ئامانجە. ئێمە دەمانەوێت چۆن بینو ببین بەچی؟ ئێمە چیمان هەیە وابکات جێگای خۆی بێت قوربانی بدەین؟ تاچەند دەتوانین ئەرك بگرینە ئەستۆی خۆمان؟ خۆی هەرچی هەیە بێ ماناو بێ هوودەیە، هەرچی هەیە بۆی هەیە بەدوو چرکە داڕمێت.

دڵنیایی لەزهنیەتێکدا نایەتە ئاراوە کە بیرکردنەوە لەئایندە ڕەت دەکاتەوەو تەنها (ئێستا)ی بەلاوە گرنگەو دەیەوێت پێویستییە ڕاستەوخۆو هەنووکەییەکانی تێر بکات.

ئەو زهنیەتە تەنها کەسایەتی منداڵانە بەرهەم دێنێ.. کەسایەتی وا کە نایەوێت بەرپرس بێتو یان نایەوێت خۆی فێر بکات بەرپرسیارەتی بگرێتە

ئەستۆ. پاشان دەبێت یەکێکی تر، بۆ نموونە تێراپێڤتەکە (Terapeuten)، هەستی بەخراپی کردنەکە لابەرێتو ئەرێ نیشان بداتو دڵ بداتەوە.

ساویلکەییە گەر باوەڕبکرێت کۆمەڵگایەك دەبێت رێگا بەرەو دوایان بەرەو پێشەوە بۆ کۆمەڵێك رێساو کۆدی رەوشتی بدۆزرێتەوە کە بەشێوەیەکی بنیاتنەرانە فەرهەنگ هەڵگربێت، زۆربەی نموونە نوێکانی گردبوونەوە لەدەوری بەهای هاوبەش ترسێنەرن.

کچەکەم دەگێڕێتەوە کە پێویستی نەدەکرد ئێمە ئەو (٤٧) بووکەی بۆ بکڕین.. یان مەلەگای باربیەکە (Barbia).. یان ئوتومبیلی باربیەکە. یان خانووی باربیەکە.. یان هەموو ئەو ئەسپە بچوکانە (My Little Ponny) کە رەنگی مۆرو سەوزی (مینت)[٤] باویان هەیە. لەم شەوانەدا کچەکەمانو هاوڕێکەی منداڵیی لەقاوەخانە دانیشتبوون، ئێستا وەکو دوو خاتوونو یارییەکانی منداڵییان بەسەر کردبۆوە. رێکلام وای دەکرد ئەوان (بێ گومان) هەموو پۆنییەکانیان بوێتو.. هەموو باربیەکانیان بوێت. کە روو بەبزەبوون.. وە دەیان درایێو دەیان درایێ. بەڵام ئەوپەڕی یەك کاژێر یارییان بەمانە دەکرد. کچەکەم ئاشکرای کرد:

- ئەو یارییانە هیچ نەبوون، ئێمە تەنها لاسایی رێکلامەکەمان دەکردەوە. پاشان هەرچی هەبوو چێشتی مجێور بوو.. پاشان دەستمان دەکرد بەوەی بەڕاستی یاری بکەین: بەبەرد، بەگەڵو بەچیلکە.
- من هەموو شتم دەدرایێ، بەڵام دایە تۆ پێویستی نەدەکرد هیچ شتێك بکڕیت.. ئەوەی یاری راستەقینەی ئێمە بوو خۆڕایی بوو.
- من دەپرسم کەواتە مرۆڤ چی بکات لەو هەموو کیژۆڵە بێ دەنگانە؟ دەڵێم:
- بەهێزیان بکەین، تەنها پێیان بڵێین بەشی خۆتان بەرن. کیژۆڵەیەکی گەنجی نادڵنیا.. کە لە ناوەڕاستی جیهانێکی بازرگانیدا وەستاوە، جیهانێك کە دەیەوێت پارەی پێ پەیدا بکات، ئەو کیژۆڵەیە دەبێت لەو جیهانە چی بۆ خۆی بەرێت؟ کچەکەم دەڵێت:
- بۆ کوڕی مێردمندالی شەڕانگێز چەند گرنگە کە نموونەیەکی پیاوانەی بەهێزی هەبێت، واتە باوکێك، بەهەمان شێوە بۆ کیژۆڵە بچوکەکانیش گرنگە کە دایکێکی دڵنیاو هاندەریان هەبێت.. دایکێك کە کیژۆڵەکە خۆی تیادا ببینێتەوە.. کەسێك کە هانی بدات هەستێتە سەرپێو تێبکۆشێت.
- سەرباری هەموو هۆشیاریو کاری یەکسانی.. باسو خواسی هەڵو مەرجی واقیعیی کیژەکان راپۆرتێکی زۆر ترسێنەرە. نابێت هیچ کیژێك دووچاری ئەوە بکرێت کە زنجیرە راپۆرتەکەی Expressen نیشانی دەدات.

ئەوەی روودەدات لەژووری پۆلەکاندا، لەحەوشەی قوتابخانەکانداو لەناو کۆمەڵی هەرزەکارەکاندا بەرەو دواچوونێکی زۆر گرانە بۆ هەموو کۆمەڵگاکەمان.

دیبلۆمێکە بۆ ئەوەی نەمان توانیوە کیژەکانمان بپارێزین لە بەرژەوەندییە ئابووریەکان کەسڵ لەهیچ ئامرازێك ناکەنەوە.

ئێمەی دایکو باوك پێویستە چی بکەین، بێ گومان گوتنی ئاسان نییە. بەڵام کە پێویستە لەسەرمان خۆمان بخەینە ناو ئەوەی کیژۆڵەکانمان دووچاری دەبنو مەترسیەکەی ببینین، بەتەواوی پێویستە. پاشان دەبێت قیبلەنوماکەی ناوەوەمان بێنینە دەرەوەو ئەو ئاقڵییە بخەینە گەڕ کە سەرباری هەموو هەڵو مەرجێك لەلای ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ هەیە.

دایکو باوکو گەورەکان دەبێت لەخۆیان رابببنن کە ئاقڵترو دنیا دیدەترن لەمندالەکانیان. وەپێویستە لەسەرمان نیشانی منداڵەکانمانی بدەین کە گەورەبوون مغامەرەیەکی پڕ بایەخە. کە شت هەیە فێری ببن، داگیری بکەنو ئاشکرای بکەن. هەموو کۆمەڵگاکەی ئێمە هاوارێتی بۆ مرۆڤی پێگەیشتوو کە هێزیان لەجەستەدایەو دەخوازن گرنگی بدەنو ئارەزوومەندن بۆ منداڵەکانو بۆ لاوەکان.

کیژۆڵەیەك کە هەست دەکات هەڵبژێر دراوە (شازە)، بەجدی هەڵسو کەوتی لەگەڵ دەکرێت، نرخی ئەوەی هەیە گوێی لێ بگیرێتو نرخی ئەوەی هەیە بەڕێزەوە پێشوازی لایی بکرێت.. نابێت ناچار بێت دەمی پێکەوە بدورێت.

پەراوێز:

(١) بۆ ئەوەی بەهەڵە نەخوێنرێتەوە وشە سویدیەکە دەنوسم: Kommersiellt tryck

ئەم لێکۆڵینەوەیە (بەشی هەشتەمە) لەزنجیرە رێپۆرتاژێك کە لە رۆژنامەی ئێوارانی سویدی (Expressen)دا بڵاوبۆتەوە..

سەرچاوە: رۆژنامەی Expressen
ژمارە (٦٠)ی ساڵی ١٩٩٨
یەك شەممە، (١)ی ئازاری ١٩٩٨
باسی ژیانی ژنانو کچانی سوید دەکات.. لەلایەن ژنانەوە نووسراوەو گفتوگۆی لەسەر کراوە. (وەرگێڕ-ن)

کەلتوورەکان لەململانەدان، یان گفتوگۆ؟



(وتارێکە لەوتارەکانی کۆنگرەی نێو دەوڵەتی قاهیرە کە لەسەر ململانەی شارستانی و ململانەی کەلتوورەکان کە لە ١٠-١٢ مارس/ ١٩٩٧ سازکرا).

د. حەسەن حەنەفی*

و/ کامل محەمەد قەرەداخی

١- پێشەکی:

کەلتوورەکان بونەوەری زیندوون، مرۆڤ هەڵیاندەگرێ و ملکەچی یاساکانی ژیانن، هەر لەلەدایك بوون و مردن و ململانەو دۆستایەتی و، ململانەو گفتوگۆ، ئەم دوو نموونە ئەڵتەرناتیڤ بەیەکانە هەردووکیان تێیدا ئامادەن، کەواتە چاوپۆشی کردن لەململانەکەو بانگەشەکردن بۆ گفتوگۆ کۆمەڵێك قسەی داڕێژراوەو هیچی تر، مێژووی کەلتوورەکان ئەوە روون دەکاتەوە کە کەی و لەچ بارو دۆخێکدا هەردوو نمونەکە هەبوون.

هەر کەلتوورێك دوو لای هەیە: لایەکی تایبەتی و لایەکی گشتی، لا تایبەتییەکە ئامرازی ناسنامەی خۆیی و تەئکید کردنی خۆیی و ناکۆکییە، بەڵام لایەنە گشتییەکە شتێکی هاوبەشە لەنێوان (خودو ئەوی دیکە)دا، (چارەسەرکردن لەبالاییدا– Solvitur in Ecselais) ئامانجی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتیە، و پەیوەندی نێوان تایبەتی و گشتیش وەك پەیوەندی نێوان گۆڕان و بەردەوامی وایە.

ئەگەر کەلتوورەکان گوزارەکردن بن لەخەڵکی خەڵکیش لەپێناوی مانەوەدا لەململانەدابن کەواتە کەلتووریش دەبێت بەهێزێك و بەئامرازێك بۆ مانەوە. چونکە کەلتوورەکان وێنەی (خودو ئەوی دیکە)و سیستمی بەها پیرۆزەکان و پێوەرەکانی رەوشت و ئامرازەکانی رەوایی دەدەن بەدیدگاکانی جیهان و خۆیان مێژووی تایبەت بەخۆیان دروست دەکەن بەئیرادەی خۆیان و بەو هەلانەی لەیادەوەرییەوە دەڕەخسێن نوێ دەبنەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کەلتوور هێزە. کەلتوورێکی بێوەیی واش لەئارادا نیە کە داوای

خۆشویستنی دراوسێ‌و که‌شکه‌ڵانێ خوایی بکا، مه‌گه‌ر له‌ئامۆژگارییه پوچ‌و ره‌سمیه‌کاندا، شتێکی وا له‌زانستی سۆسیۆلۆژیشدا چنگ ناکه‌وێ، چونکه هیوا خواستن شتێکه‌و واقع گوزه‌راندنیش شتێکی دیکه‌یه.

که‌واته هه‌ر به‌م شێوه‌یه کار لێک کردنی که‌لتووریش گوزاره کردنێکه له‌هاوسه‌نگیی هێزی نێوان که‌لتوره‌کان. گفتوگۆش ته‌نها گفتوگۆیه‌کی ئاڵوگۆڕکراو نیه، به‌ڵکو په‌یوه‌ندییه‌کی دیاله‌کتیکیانه‌ی نێوان هه‌ردوولایه‌نه. کاتی خۆی هێزی ئاوه‌زی یۆنانی (لۆگۆس) بزوێنه‌ری هه‌ڤپه‌یڤینی که‌لتووری نێوان فه‌لسه‌فه‌ی تایۆنانی‌و ئیسلامی تازه سه‌ر هه‌ڵداو بووه، په‌یوه‌ندی که‌لتوریی نێوان زانست‌و فه‌لسه‌فه‌ی ئیسلامی له‌لایه‌ک‌و، سکولائیکه‌ی چاخی ناوه‌ڕاست (فه‌لسه‌فه نه‌سرانیه باوه‌که‌ی ئه‌و چاخه) له‌لاکه‌ی دیکه‌دا هێزی تێپه‌ڕاندنی ئه‌وی دیکه‌ی له‌پشته‌وه بووه.

له‌ئیسپانیاشدا هێزی به‌یه‌کگه‌یاندنه ئه‌نده‌لوسییه‌که له‌پشتی پێکه‌وه ژیان‌و هاوکوفیی که‌لتووره ئیسلامی‌و جوله‌که‌یی‌و فه‌له‌ییه‌کانه‌وه بووه، جاران‌و ره‌نگه هه‌تا ئێستاش هێزێکی ده‌سته‌ڵاتخوازی له‌پشتی کارلێک کردنی که‌لتووریانه‌ی نێوان که‌لتووری ئه‌م چاخه نوێیانه‌ی ئه‌وروپا و که‌لتوره‌کانی ئاسیا و ئه‌فریقا و ئه‌مریکای لاتینی پاش ئاشکرابوونی جوگرافیاییان بێ، واتا ده‌سته‌ڵاتخوازی له‌که‌لتورێکی مه‌زنه‌وه بۆ سه‌ر چه‌ند که‌لتورێکی بچوک (له که‌لتورێکه‌وه که پیته‌کانی به‌وشه‌ی (تاج ئاسا) نوسرابن بۆ سه‌ر که‌لتوورێ که به‌پیتی ئاسایی نوسرابێ) واتا له‌سه‌نته‌ره‌وه بۆ ده‌ورو به‌ر. نمونه له‌سه‌ر ئه‌م دوو نمونه ئه‌ڵته‌رناتیڤه زۆرن، نمونه‌ی ململانه‌و نمونه‌ی گفتوگۆ، ئه‌و کێشه‌یه‌ی که رووبه‌ڕوومان ده‌بێته‌وه ئه‌وه‌یه که که‌ی‌و له‌سایه‌ی چ بارودۆخێکدا هه‌ردوو نمونه‌که ده‌بن؟ بۆیه ئه‌گه‌ر ئێستا نمونه‌ی ململانه‌که له‌ئارادا بێ، که‌واته ئه‌و ڕێگاو ئامرازانه چین نموونه‌که له‌ململانه‌وه بگۆڕین به‌گفتوگۆ؟

۲- نموونه‌ی ململانه‌گه

نموونه‌ی ململانه کاتێک روده‌دات که یه‌کێک له‌که‌لتووره‌کان خۆی به‌باڵا ده‌ست بزانێ‌و که‌لتووره‌کانی دیکه‌ش به‌بچوک. که په‌یوه‌ندیی نێوانیان په‌یوه‌ندییه‌کی میتافیزیکیانه بێ. په‌یوه‌ندیی نێوان تاکێک له‌گه‌ڵ زۆر. په‌یوه‌ندییه‌ک له‌نێوان خواوه‌ندو ئافرێندراو، یان بڵێین په‌یوه‌ندییه‌کی ئاکارییه له‌نێوان ئه‌وه‌ی که هه‌یه‌و ئه‌وه‌ی که پێویسته ببێ، واته تاکه که‌لتوورێک له‌هه‌وڵی به‌هێزبووندا هه‌موو که‌لتووره‌کانی دیکه تێده‌په‌ڕێنێ‌و به‌سه‌ریاندا زاڵ ده‌بێ، وه‌ک زاڵ بوونی خواوه‌ندی زیۆس به‌سه‌ر چیاکانی ئۆڵێمپ دا، ریزبه‌ندیی که‌لتووره‌کان ریزبه‌ندیی به‌هاکانه، واته که‌لتووری مه‌زن باڵاتره له‌که‌لتووره‌کانی دی، که که‌لتووره بچوکه‌کانه، یه‌کێک له‌ناوه‌ند (سه‌نته‌ر) دایه‌و ئه‌وانی دیکه‌ش له‌تخوبه‌کان.

پاش ئه‌وه‌ش پرۆسه‌ی خۆڕۆشنبیرکردن ده‌ست پێده‌کات، که‌لتووری مه‌زن وازه‌ین ده‌کات که خۆڕۆشنبیرکردن مانای فرێدان‌و وه‌رگرتنه، فرێدانی شته ره‌سه‌نه‌کان‌و وه‌رگرتنی شته ده‌ره‌کیه‌کان، که ئه‌مه‌ش ره‌وگه‌یه‌کی پێویسته له‌دواکه‌وتنه‌وه بۆ پێشکه‌وتن، له‌پاشکه‌وتنه‌وه بۆ نواگرتن، له‌به‌راییه‌وه بۆ نوێخوازی، له‌مه‌رگه‌وه بۆ ژیان، به‌ڵام خۆڕۆشنبیرکردن له‌زه‌ینی که‌لتووره بچوکه‌کاندا مانای تێکشاندنی که‌لتووره نیشتمانیه بچوکه‌کانه بۆ جێبه‌جێ کردنی خواستی که‌لتووره ئیمپریالیستیه مه‌زنه‌کان، ئه‌مجا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که که‌لتوور گوزاره کردنه له‌ناسنامه‌ی نیشتمانی، که‌واته تێکشاندنی که‌لتووره نیشتمانیه‌کان مانای تێکشاندنی قه‌واره نیشتمانیه‌کان‌و کۆمه‌ڵگه‌و گه‌له‌کانه.

باری که‌لتووری ڕۆژئاوایی له‌پای که‌لتووره ناڕۆژئاوایی‌و ئه‌فریقی‌و ئاسیایی‌و ئه‌مریکا لاتینیه‌کاندا ئاوا بووه باڵا ده‌ست بوونی که‌لتووری پیاوی سپی بووه به‌سه‌ر که‌لتووری گه‌لانی ره‌ش‌و سوور زه‌ردا.

ئه‌وه‌تا ئه‌وروپا له‌ناوه‌نددایه‌و سێکسیشوره‌که‌ش له‌تخوب. جوڵه‌که‌ش له‌و کاته‌وه ده‌ستی پێکردووه که ده‌زینه‌وه جوگرافیاکان‌و سه‌ره‌تای ئیستعمارکردنی جیهانی کۆن له‌لایه‌ن ڕۆژئاوا‌وه‌و پاش ئه‌وانه‌ش په‌یامهێنه مژده به‌خشه‌کان ده‌رکه‌وتن. له‌وکاته‌وه‌و له‌سه‌رده‌می چاخه نوێیه‌کانی ئه‌وروپادا گه‌وره‌ترین پرۆسه‌ی به‌تاڵان بردن له‌میژووی جیهاندا ده‌ستی پێکرد، شه‌پۆڵی سه‌رمایه‌و زێڕ‌و کۆیله‌بردن له‌ده‌ورو به‌ره‌وه به‌ره‌و ناوه‌ند

کەوتنە جوولّە، بۆ بونیادنانی ناوەند دەوروبەر تێك شکێنران. هەموو کەلتوورەکان بوون بەجۆگەو رژانە کەلتوورێکی جیهانیەوە. کەلتووری رۆژئاوایی لەچەند کەلتورێکی ناوەندیی (بەریتانیو فەرەنسیو ئەلّمانیو ئیتالیو ئیسپانیو هۆلّەندیو پورتوگالیو... هتد) پێکهاتووە. و هەریەکەش لەم کەلتوورە ناوەندیانە خۆی بەسەرەکی (کەلتوری دایك) دەزانێت. ئەوەتا کەلتوری فەرەنسی کەلتوورە عەرەبیو ئیسلامیەکانی باکورو ناوەندو رۆژئاوای ئەفریقیاو بەتایبەتیش جەزائیری تێکدەشکێنێ.

کەلتووری بەریتانی لەهندو کەلتوری هۆلّەندی لەئەندەنوسیاو کەلتوری پورتوگالیو ئیسپانی لەئەمریکای لاتینو کەلتوری ئیتالی لەئەسیوبیاو سۆمالّو کەلتووری روسی لەکۆمارە ئیسلامیەکانی ئاسیای ناوەڕاست هەمان شتیان کردووە. هەموویان بەناوی رۆژئاواوە کەلتوورە نیشتمانیەکانیان تێکشاندووە. وەك هندیە سورەکانی ئەمریکای باکوریان لێ بەسەر هێناون. بەم شێوەیە گەلە رەسەنەکان قەلاچۆکران، یان لەبۆتەی دابڕان نران. ئەمە مێژوویەکە لەیاد نەچێ بەتایبەتیش لەپاش سەردەمی پاکتاوکردنی ئیستیعمارو روخانی کەلتوری ناوەندو ژیانەوەی کەلتورەکانی دەوروبەر.

ئەم پرۆسەی خۆڕۆشنبیرکردنە، تێکشاندنی کەلتورە بچوکەکان لەپێناوی زاڵ بوونی کەلتوری بالّادا لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز رودەدات، یەکەم ئاستەکان ئاستی زمانە، لەبەر ئەوەی کە زمان ئامرازی فێربوونو پەیوەندی گرتنە، لەڕێگەی روخاندنی خوێندنگەکانەوە زمانە رەسەنەکان قەدەغەکرانو زمانێکی نوێ چێنرا کە ئەویش زمانی تازەهاتووەکان بوو،و بەقۆناغ رەگی وەچە نوێیەکان لە کەلتوری خۆیان هەلّکێشراو لەناو کەلتوورێکی نامۆ بەخۆیاندا چێنرا، بەمەش مێژووە خۆجێییەکان پوکێنرانەوە، مێژووی روسیاو فەرەنسا (ی سەرەکی) وەك مێژوویەکی ئەلّتەرناتیف هاتن، خۆناسین چوە نزمترین ئاستەکانیو ئەوانی دیکە ناسینیش گەشتە ئەوپەڕی ئاستی خۆی. دابو نەریتیو ئاکارە خۆجێییەکان بوون بەفۆلکلۆرێك کە ئەوانی دیکە سەیری بکەن، یان لەمۆزەخانەکاندا بپارێزرێ. یاسا تەقلیدیەکەی خود گۆڕرا بەیاسایەکی دیکەی شارستانی.و مەلّبەندەکانی فێرکردنی ناوەند کەوتنە کێش کردنی فێرخوازانی تازە دەست پێکردوی دەوروبەر. فێربوون هەمیشە هەر بەیەك ئاڕاستەدابووە، لەمامۆستایەکی هەمیشەییەوە بۆ فێرخوازێکی هەمیشەیی. ناوەند بوو بەبەرهەمهێنەرو دەوروبەریش بەکار بەر. واتە کەلتووری بالّا ئەفراندن دەکات و کەلتوورە وردەکانیش ئەفراندنەکەی ئەوان بەدەست دەهێنن، پرۆسەی ئەبستمۆلۆژیا گواستنەوە هەمیشە وابووە، لەوانەی کە هەیانە بۆ ئەوانەی نیانە. رۆژهەلّاتناسیش پێشڕەویی ئەم دەست پێشکەرییەی کرد، کەلتوری بالّای خستە باری چاودێریکارو کەلتورە بچوکەکانیشی خستەباری چاودێریکراوەوە. واتە ئەو وێنە هەڕەمەکیانە باووبلّاو بوون کە ناوەند لەسەر دەوروبەر دروستی دەکردن، ئەوانەبوون بەئەلّتەرناتیڤی راستی و بەکاری ئامرازەکانی راگەیاندن پەردەی لەیادچوونەوە بەسەر رابوردووی مێژینەی کەلتورە بچوکەکاندا دادرایەوەو سەردەم ئەوانی خەفەکردو سەربردەی مرۆیی کەلتورە بالّاکە هەر بەهۆی کەلتورەکە خۆیەوە نوسرایەوەو بوو بەشای کەلتورەکان. سەنتەربەندیی ئەوروپایی بوو بەیاساو سیستەم.

٣- نموونەی گفتوگۆکە

کەلتورەکان بالّابن، یان نەوی، نمونەی گفتوگۆ کاتێك رودەدات کە هەموو کەلتورەکان یەکسان بن. چونکە هەموو کەلتورەکان بەرهەمی مێژوون، خەلّك دروستی کردوون، وێنەی (خود)ن دەستکردی مرۆڤن. بۆیە بەچاوپۆشین لەڕەنگ، ئەگەر هەموو گەلان لەبەهادا یەکسان بن ئەوا کەلتورەکانیش وەك بەرهەمێکی گەلان، یەکسان دەبن.

لەکاتی جموجوڵّە مێژووییەکانو سەرهەلّدانو شکست خواردنی ئیمپراتۆریەتییەکانیشدا ئەگەر ئەو گەلەی کە لەسەر حسابی گەلە شکست خواردوەکان بالّادەست دەبن، یاسایەکی شمولی تری ئاکار پێشکەش بکەن کە هەموو مرۆڤەکان وەك تاکەکەس لەئاستیدا یەکسان بن، ئەوا کەلتورەکان هەر یەکسان دەبن. لەنمونەی ململانەکەدا جموجوڵّە مێژووییەکانی نێوان گەلان لەشێوەی (غەزو)دا رووەدات. بەڵام لەنموونەی گفتوگۆدا جموجوڵّەکان لەشێوەی جموجوڵّی ئازادیخوازانەدا لەنایەکسانی

نێوان گەلان، یان نێوان فەرماندارو ژێر فەرمانەوە بەرەو یەکسانی دەڕوات.

ئەم بارە وەك باری ململانەکە نیە، تایبەتمەندێتی گەلانی ئازادیخواز تێك ناچێ، بەڵکو بەرەڤانیشی لێدەکرێ. ئەو ئاکارو نەریتانە دەمێنێتەوە کە لەگەڵ یاسای ئاکاری گشتیدا ناکۆك ناکەونەوە. بەڵام ئەوەی ناکۆك بکەوێتەوە دەپوکێتەوە. ئەم تایبەتمەندییەش کە تازە لەبەر کەمال بوونداید هەر یەکسانە بەناسنامەی تاکە کەسی نیشتمانی. یاسای کۆگیریی ئاکاریش خەڵك لەکەلتووری خۆیاندا دانامالێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە باشترو باشتر لەکەلتووردا رەگیان دادەکوتێ. لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا لەمالیزیو ئەفریقا بەم تەرزە کارکرا، واتە ئەوکاتە ئیسلام بوون مانای مالیزی بوونو ئەفریقی بوون بوو.

پەیوەندی نێوان کەلتورەکان لەنمونەی گفتوگۆدا پەیوەندییەکی تاکلایەنانە نیە، کە وەك نمونەی ململانەکە لەکەلتوری بالاوە بۆ کەلتورە بچوکەکان بێ واتە (وەرگرتنو بەخشین) فێربوونیش پرۆسەیەکی دوو جەمسەرەیە لەنێوان دوو مامۆستا، یان دوو فێرخوازدا، واتە دەوڵمەندکردنێکی ئالۆگۆڕکراوەو ئەفراندنێکی بەکۆمەڵە. ئەوەتا هونەری ئەرەبیسك لەئاسیای ناوەندەوە دێ، ئەم هونەرە لەپێش ئیسلامدا هەبووەو درێژ بوونەوەو کشانی خۆیی گەیاندۆتە هونەری پاش ئیسلامیش. کەوانی رۆمانیش لەپاش ئیسلامەوە بوو بەکەوانی عەرەبیو گوزارەیان لەدارخورمای عەرەب پێدەکرد.

نمونەی گفتوگۆ لەمێژوودا بەڕوونی لەپەیوەندیی نێوان فەلسەفەی ئیسلامی لەلایەکو فەلسەفە یۆنانیو فەلەیی و جولەکەییەکاندا لەلایەکی دیکەوە دەردەکەوێ، ئەوەتا فەلسەفەی ئیسلامی زمانو ئاوەزو وێنەو مادەو هۆو جوڵەو ناوەڕۆکو نمایشی لەفەلسەفەی یۆنانیەوە خواستووە ئەو فەلسەفەی یۆنانی بۆ گوزارەکردن لەناوەڕۆکێکی نوێ وەرگرت، ئەوەبوو سەرلەنوێ لۆژیکی یۆنانی لەچێوەی تێۆرێکی مەعریفی ئیسلامیدا وەرگێڕدراو شیکرایەوەو داڕێژرایەوە سەرلەنوێ ئاکارە یۆنانیەکە دووپات کرایەوەو تەکامولّ پێدرا. بەمشێوەیە فەلسەفەی ئیسلامی زمانە کۆنەکەی وەرگرتو مانایەکی نوێی پێ بەخشی، واتە شەرابێکی نوێی کردە دەفرێکی کۆنەوە. ئۆینەدەکانی ئەم کارە ئەو وەرگێڕە عەرەبانە بوون کە ئاینیان فەلەیی و کەلتوریان عەرەبی بوو. لەپاش ئەوان فەیلەسوفە جولەکەو فەلەکان هاتنو مانا نوێیەکانیان لەفەلسەفەی ئیسلامی وەرگرتو بەزمانە تایبەتیەکانی خۆیان گوزارەیان لێکرد، موساش هەروەکو (محمد) پەیوەندی بەسروشەوە کردو بەپێی شەریعەت تەوراتی داڕشتەوە. تەسەوفی ئیسلامی لە (زوهار)یش دەرکەوتو بیریارە جولەکەکان (سعید بن یوسف الفیومی و ابن میمون) بۆ سەلماندنی راستبوونی ئاینی جولەکە زانستی زمانزانیە ئیسلامیەکەیان وەرگرت. فەیلەسوفە فەلەکانیش لە سەرەتای رێنیسانسدا هەروایانکرد، بێگەردبوونی ئیسلامیو یەکێتیو دادپەروەریو یاسی ئاکاری گشتیو (یۆتۆپیا) و نەمریی گیان، هەمووی لەپشت عەقڵانیەتە فەلەییەکەی سەردەمی (ئینسلمو ئەبیلارو تۆمای ئەکوینی)یەە بوو، واتە ئەمان لەویان وەرگرتبوو دێنیزسکۆتو ویلیەم ئۆکامو رۆجەر بیکۆن هەمووبان زانستە ئیسلامیە ئەزمونگەریەکانیان بوو بوو بەسەرمەشقیان، (گفتوگۆ) لە (خوزاری)یەکەی (یەهودا لاوی)دا بووە بەشێوازێکی ئەدەبی. لەکتێبێکی (ئەبیلار)دا کە گفتوگۆیەکی نێوان جولەکەیەك و فەلەیەك و فەیلەسوفێکە، فەیلەسوفەکە موسڵمانەو لەئاستێکی زۆر بەرزدا قسە دەکات.

لەنموونەی گفتوگۆدا هەموو کەلتورە یەکسانەکان دەتوانن لەئامانجی هاوبەشدا بەشداربنو هەمووبان لەسەر بنەمای ئاوەزو مافیان لەمەعریفەو سروشتو یاساکانی سروشتو مافی مرۆڤو گەلان لەئازادیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو خۆشنوودیدا لەهەمان یاسای گشتی بەهرەمەندبن . هەموو گەلو کەلتورەکان بۆ ئەو رۆشنگەرییە تێکۆشاون کە لەپێکەوە ژیانەکەی (ئەندەلوس)دا دەرکەوتووە، بەڵام لەنموونەی ململانەدا هەرکەسەو نمونە ئەندەلوسیەکەی بۆ خۆی دەوێ، نەك بۆ ئەوی دی، چونکە ئەوی دی پێویستە لەتەمومژی نەزانینو تەڵەزەمو ترسو سەرکوتو نەهامەتیو هەژاریدا بژی. ئەو نمونەی ئەندەلوسییە دوو نموونەی رۆشنگەریی لێکەوتەوە، رۆشنگەریی ئەوروپاییو رۆشنگەریی ئیسلامی. ئەوەی ئەوروپایان لەسەر مەرزی گەلانی

ئەوروپا تێکشێنراو نمونەی ململانەی لێکەوتەوە، بەڵام رۆشنگەرییە ئیسلامیەکە وەرزی کەڵو نەتەوەکانی تێپەڕاندو نمونەی گفتوگۆی لێکەوتەوە.

٤- ٤/ گۆتایی:

ئەگەر نمونەی گفتوگۆکە لەرابردوودا ئامادەیی هەبووبێو لەئێستاشدا نموونەی ململانەکە سەروەرتربێ، ئەوا ئێستاو لەڕێگەی چەند شێوازێکی دیاریکراوی بەمشێوانەی خوارەوە دەکرێ نموونەی گفتوگۆکە بهێنرێتە کایە:-

أ) خستنەگەڕی هەوڵی بەردەوام بۆ دانانی سنورێك بۆ جەمسەرگیریی نێوان کەلتوری مەزنی ناوەندو کەلتوورە وردەکانی دەوروبەر، چونکە کەلتوورەکان گەر یەکسان نەبن ئەوا ناتوانن گفتوگۆ بکەن چونکە هەرچەند گفتوگۆش هەبێ، ئەگەر گرێی خۆبەزل زانینی کەلتوورەکانی ناوەندو گرێی هەست بەکەمایەتیکردن لەلای کەلتوورەکانی دەوروبەر هەبێ ئەوا سەر لەنوێ نمونەی ململانەکە پەرە دەسێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ژمارەی ناوەندە رۆشنبیریە بەها یەکسانەکان پتر بکرێ، ئەوا بوار بۆ بونیادنانی پەیوەندی نێوان هەردوولا دەڕەخسێ پرۆسەیەکی وەرگرتنو بەخشینو پرۆسەی فێربوونو دەوڵەمەندبوونی ئاڵوگۆڕکراو دێتە کایەو هەموو کەلتوورەکان فێری ئەوشتانە دەبن کە نایزانن.

ب) ئەمەش پێویستی بەهەڵی مێژوویی یەکسان هەیە. بۆیە هەرچەند ئەوروپا ئەو ناوەندە مێژوویە بێ کە هەموو کەلتوورەکانی تێدا بەرجەستە دەبێ، نمونەی ململانەکان باو دەبێ، بۆیە لەمەوە پێویستە کە کەلتوورەکانی دەوروبەر هەڵێکی یەکسان لەنوسینەوەی مێژوودا بۆ خۆیان دابین بکەن، چونکە مێژووی جیهان لەچاخی نوێوە دەست پێناکاتو ناکرێ حەوت هەزار ساڵی تەمەنی مرۆڤایەتی کورت بکرێتەوە بۆ وەرزێك لەچاخی نوێ. چاخی نوێ سەرچاوەی مێژوو نیەو کەلتوری ئەوروپاش تازە ئەفرێنراوو بێ پێشینەیە. بۆیە لەکاتی سەرلەنوێ نوسینەوەی مێژوودا پێویستە کەلتورە ئەوروپاییەکە بگەڕێنینەوە سەر قەبارە سروشتیەکەی خۆی. دەبێ ئەو کەلتوورە بگەڕێتەوە سەر مەرزە جوگرافییەکانی سروشتیەکانی خۆی، ئەوکاتە کەلتورەکانی دەوروبەریش دەتوانن لەناو خۆوەو بەبێ فشاری دەرەکی هەناسەیەکی حەسانەوە هەڵبکێشنو ببوژێنەوە.

ج) دانانی سنورێك بۆ ئەو وێنە نەژۆکانەی کە لەکاتی ململانەدا هەر کەلتورێك بۆ ئەوی دیکەی دروست دەکات. ئەوەش شتێکی ئاسایی بووە کە کەلتووری ناوەند وەك ئامرازێك بۆ ئیستعمارکردن سیمای کەلتورەکانی دەوروبەریان شێواندووەو وتویانە نەزانو دواکەوتونو هەڵایسانو قەرزو گەندەڵیو دیکتاتۆریەتیان هەیە، سزادەدەن، مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، کێشەی خێڵەکیو شەڕی ناوخۆو تیرۆرو هەژاریو زیادە مەسرەفیان هەیە، وێنەی نابودی عەرەب لەلەندەنو فرەژنیو کۆمەڵگای باوکسالاریو بێکاریو پشت بەخەڵك بەستنیان هەیە. بەکورتی ئەمانە هەموو وێنەی (کۆیلە) بوون، ئەوەش شتێکی سروشتیە کە داگیر کەر وێنەیەکی وشکو نەزۆك لەسەر داگیرکراو پێشکەش بکات. بەڵام ئیستعمارو ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو بۆرژوازیو پاوانخوازیو شەڕخوازیو راسیزمیو قەڵاچۆکردنی مرۆیی و مەتریالیستی (بەکورتی) وێنەی سەرۆك بوو،، بۆیە لەو کاتەدا کە پاکتاو کردنی ئیستعمار هاتە دی، هەندێکی ئەم وێنانەی دوایی گرنگیی خۆیانیان لەدەستداو بێبەها بوون، هەر کە کەلتوورەکانیش یەکسان بوون ئیتر سەروەریی هەموو کەلتورەکان دەردەکەوێ، زانستو هونەرەکانی چین،و بیرکاریو ئاکاری هند،و سیاسەتو ئیدارەی فارسو زانستو فەلسەفەی جیهانی ئیسلامی دەربکەون.. رۆڵی ئامرازەکانی راگەیاندن لەمەدا گرنگە، ئێمەش پێویستمان بەڕۆژهەڵاتناسییەکی نوێو بەئەنترۆپۆلۆژیایەکی نوێ هەیە، مرۆڤایەتی زۆری بەدەست نمونەی ململانەوە نالاند، بەڵام نمونەی گفتوگۆکەش دورە دەست نیە.

سەرچاوە: کتێبی (صراع الحضارات أم حوار الثقافات؟ تحریر د. فخری لبیب مطبوعات/ التضامن ١٩٩٧).

* د. حسن حنفي/ پرۆفیسۆری فەلسەفە لەزانکۆی قاهیرە.

وێژە چاکە، زانست چاکترە



فوئاد تاهیر سادق

سەرەتای دەستپێکردنی فێربوون‌و زانین زۆر کۆنە، کۆنی مرۆڤی ژیر کە بەپێی بۆچوون‌و لێکدانەوەی زانایانی مرۆڤزانی Anthropology‌و مێژووزانی‌و شوێنەوارزانی شەست هەزار ساڵێکە.. بەڕای ئەوان، مرۆڤی ژیر لە ئەوکاتەوە پەیدا بووە کە فێری ئاگر هەڵکردن بووە، پێستەی بۆ لەبەرکردن خۆش کردووە، ئامرازی راوشکاری داهێناوە، کۆریتی بۆ حەوانەوەو ژیانی خۆی دروست کردووە، پەلەوەرو ئاژەڵی بۆ گۆشت‌و هێلکە‌و شیرو گواستنەوە راگرتووە، لەجیاتی تەنیا کۆکردنەوەو هەڵگرتنەوەی دانەوێڵەو میوە دەستی بەلێنانی خواردەمەنی خۆی کردووە.. لەئەنجامی کارکردن‌و هەڵەکردن‌و راستکردنەوە شتی زیاترو باشتر فێر بووە. مرۆڤ بەهۆی کارکردن‌و ژیری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکەیەوە تاهاتووە پتر لەسروشت‌و تاقیکردنەوەکانی خۆی فێر بووە.. شارەزایی‌و زانیاری زیاد کردووەو بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە.

زانیاری Knowledge کە خووێکی گردبۆوەی هەیە، کشانی رابردووە.. زریزەیە لەپێشینانەوە بۆ داهاتووان. تاهاتووە پێشکەوتووەو بەش‌و لکەکانی لەیەک جیا کراونەتەوەو شاکاری‌یان تێدا کراوە.. بلیمەت‌و هەڵکەوتووانی کۆمەڵانی مرۆڤایەتی پێشیان خستوون.. شارەزاو پسپۆڕانی لک‌و بەشەکانی پەیدا بوون‌و ئەم شێوانەی ئێستایان وەرگرتووە.. تا دێتن پسپۆڕی وردو قووڵ دەبێتەوەو شارەزایی‌و تایبەتمەندی لایەنێکی بچووک‌و دیاریکراوی بەشێکی لقێکی زانیاری دەگرێتەوە.

دیارە رۆشنبیری بەگشتی‌و بەشەکانی زانیاری بەتایبەتی لەناوەندی یەکەم هەزاری پێش زایین گاڤی جۆری‌و پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە دی. زانیاری کە لە وێژەو هونەرو زانست‌و دانایی زانی (فەلسەفە) پێکهاتووە، بۆ مەبەستی ئەم وتارەم تەنیا دەربارەی وێژەو زانست دەدوێم.

گومان لە ئەوەدا نی‌یە کە هەموو بەشەکانی زانیاری پێویستن‌و تەواوکەری پێکهاتن‌و کۆتەڵی زانیارین.. بەڵام بەهاوکاریگەری‌و گرنگی‌یان بەجۆرو پلە جیاوازن. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کورتە بەراوردێکی نێوان وێژەو زانست بخەمەڕوو بۆ دەرخستنی راستی‌و دروستی ئەو وتەیەی سەرەوە دەربارەی چاکتربوونی زانست بەبەراورد لەگەڵ وێژەدا.. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بەناساندن‌و خستنەڕووی جۆرو لکەکانی وێژەو زانستەکانە.

وێژە لێکدانەوەیەکی ئەندێشانەی ژیانە.. مێژووەکەی زۆر کۆنە‌و سەرەتای زانیاری‌یەوە..

وتەی نەستەق، پەندی پێشینان، هۆنراوە، چیرۆك، شانۆنامە، لێکۆڵینەوەی وێژەیی، رەخنەگریی وێژەیی‌و وتارو بەشەکانی وێژە پێك دەهێنن بەباوەڕی من ئەو بوێژانەی کە ئاستی زانیارییان باشەو بەتوانان لەبواری وێژەدا، پێویستی‌و پرکردنەوەی کەلێنە زۆرەکانی وێژەی کوردی ئەوها دەخوازێت کە روو بکەنە کارکردن لە بەشەکانی لێکۆڵینەوەی وێژەیی‌و رەخنەگریی وێژەیی‌و وتار.. ئەم سێ بەشەی وێژە چاوەڕوانی بوێژە کارامەکانمانن!

پەیامی وێژە دەرخستنی باری ژیانە.. گۆڕینی ژیان بەرەو چاکترو پێشخستنی لەدروشمەکانێتی.. وێژە دەربڕو وەرگرو راگەیەنەری تاقیکردنەوەو شارەزاییەکانی کۆمەڵە.. تۆمارکەرو پارێزەری کەلەپووری وێژەیی نەتەوەیە.. دەرخەری خراپەو ناڕێکی‌و ستەمکاری نێو کۆمەڵە.. نیشانکەری کەم‌و کورتی‌و کەمتەرخەمییەکانی کاربەدەستانە.. بەهۆیەوە زمان‌و نووسین پێش دەخرێن.

پارچە نووسراوێکی وێژەیی بەپێزو واتەدار هەست‌و بیرمان دەبزوێنێت‌و ئەندێشەمان دەکشێنێت.. چێژی بەرزەو کار لەدەروون دەکات. نوسینە وێژەییەکان بیرەوەری خۆشیان هەن‌و بارو چۆنێتی سەردەم‌و هیواو ئاواتی کۆمەڵ دەردەبڕن.. لەبەرهەسەکانی هەن وەك گرمەی تریشقەو زەوی لەرزە وریامان دەکەنەوەو رامان دەچڵەکێن.. یان وەك تکەتکی بارانی بەهار دڵنیامان دەکەن.. یاخود وەك ورشەی لەرینەوەی گەڵاکانی چنارن، چریکەی مەلن، چرپەی ڤیانن لەژووانداً دڵمان خۆش دەکەن.

هەرچی زانستە کەپاست ئەوهایە بڵێن زانستەکان، بەهۆی کارو بەرهەم هێنان‌و دابین کردنی پێویستییەکانی ژیان‌و بەڕەنج‌و کۆششی بلیمەتانی مرۆڤایەتی پێکهێناون‌و پەرەیان سەندووە.. بەپراوەو بەکار هێنان‌و بەجێگەیانەکانیانەوە پێش خراون.

بەهۆی زانستەکانەوە مرۆڤ بەسەر بەشێك لە دیاردەو روداوەکانی سروشت زاڵ بووە.. کارو گوزەران‌و ژیان ئاسانتر کراون.. ژیانێکی کەرەستەیی چاکترو پێشکەوتووتریان بۆ مرۆڤ سازداوە.. زۆر مرۆڤیان لەبیری شێواوو ئەندێشەی نادروست‌و نەدیاری‌و ئەفسانە دەرباز کردووە. زانستەکان‌و دۆزینەکانیان، داهێنانە گرنگ‌و سوڕمینەکانیان، پەیڕەو کردن‌و بەکار هێنانەکانیان بارو ئاست‌و پێکهاتنی رۆشنبیری‌و شارستانێتییان گۆڕیوەو پێشخستووە.. پتر وزەو کەرەستەو کانزاکانی سروشت بەکار هێناون‌و سوودیان لێ وەرگیراوە.. زیان‌و گرانی‌و تەگەرەکانی ژیان کەم کراونەتەوە. مرۆڤ بەهۆی زانستەکان ئاسمانی کردە ڕێگەی گواستنەوە.. دەنگی خۆی بەهەموو لایەکانی زەوی گەیاندووە!

لەبەر چاومانە کە زانستەکان چ جۆرە پیشکەوتنیان لەژیانی مرۆڤ‌و شارستانێتیدا پێکهێناوە.. دۆزین‌و دەرمان‌و داهێنانەکانی ئامێرو ئامرازەکانی نۆشدەری، پەین‌و دەرمان‌و بگێڕەکانی کشتوکاڵی، پترکردنی هەندو چاککردنی جۆری بەرهەمەکانی پیشەسازی، داهێنان‌و دروستکردن‌و چاککردنی جۆرەکانی گەڕێن‌و قەتارو کەشتی‌و فڕۆکە لەبواری گواستنەوەدا، تەلەفۆن‌و بێ تەل‌و تەلێکس‌و فاکس وەك هۆیەکانی پێوەندی، رادیۆ‌و تەلەفزیۆن‌و ڤیدیۆ سینەماو چاپ وەك جۆری راگەیاندن‌و رابواردن، بەفرێن‌و بەستێن‌و کوڵێت‌و بادفێنککەرو بادخۆشکەرو کەل‌و پەلی ناوماڵ بۆ حەسانەوەو ئاسانکردنی ژیان‌و زۆری تریش!

ئێمە لەسەردەمی زانستەکان دەژین.. ئەگەر لە ئەم بوارو مەیدانەدا کار نەکەین، وەچانی داهاتوو چاکمان پێ ناڵێن. کارکردن لەچێوەی زانستەکاندا هەرچەندە مەزن‌و گرانە، بەڵام بەرامبەر ئارەزوو ویستەی بەتینی مرۆڤ خۆی ناگرێت. لێکۆڵینەوەکانی زانستەکان تێکڕای سروشت لەگەردیلەوە تا گەلەستێرەکان، لەژمارەی بچووك‌و سادەوە تائاڵۆزترین‌و گرانترین یاساو بیردۆزی بیرکاری‌و ئەندازیاری، لەشیکردنەوەی رەفتاری مرۆڤ تاهەموو لایەنەکانی ئابوری‌و رامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌و مێژوو و رێبەری‌و یاساو سەرجەمی کێشەکانی مرۆڤایەتی، هەروەها هەموو لایەنە ئەندازیاری‌و دروستکارییەکانی راوو شکارو پیشەسازی‌و کشتوکاڵی‌و ئاوەدانی‌و ئابووری دەگرێتەوە.

زانستەکان بالاترین بەری ژیری مرۆڤن.. مرۆڤ نەك هەر بۆ پێشخستن‌و چاککردنی ژیانی خۆی بەکاری هێناون، بەڵکو بەهۆی بەڵگەو تاقیکردنەوەکانی زانستەکان باشتر لەجیهان‌و ژیان گەیشتووە. مرۆڤ بۆ گەیشتنە راستی‌و پەیداکردنی زانیاری، دوو رێبازی گرتۆتەبەر: یەکیان بەڵگەیە، ئەوی تریان تاقیکردنەوەیە.. بەڵگە بەتەواوی لەزۆر چۆنێتیدا گومان لانابات تا بەتاقیکردنەوە دروستییەکەی دەرنەخرێت.

جۆرەکانی زانستەکان بەچەند شێوەیەك پۆلێن کراون.. هەن زانستەکان دەکەنە دوو بەشی سەرەکی: زانستە بیرەکییەکان Theoretical Sciences‌و زانستە کارەکییەکان Practical

Sciences.. بابەتی یەکەم بەزانستی "پوخت"یش Pure Sciences ناوەبرێن کە بۆ زانین‌و پترکردنی تێگەیشتنن.. هەروەها پێشیان دەوترێت "زانستە بنچینەییەکان Fundrmental Sciences".. هەرچی بابەتی دووەمن ناونانی "زانستە بەکارهێنراوەکانی"شی وەرگرتووە بەئەو باوەڕەی کە بۆ مەرامی کار بەکار دەهێنرێن. بەڵام جیاکردنەوەی زانستی بیرەکی (یان پوخت یاخود بنچینەیی) لەگەڵ زانستی کارەکی (یان بەکارهێنراو) ئاسان نییە، چونکە لەڕۆر بارو چۆنێتیدا زانستی پوخت بۆ کارو پێویستی‌و بەکارهێنان سوودی لێ وەرگیراوە !.. لەبەر ئەمە بەڵای منەوە ئەم جۆرە پۆلێن کردنەی خوارەوە بۆ زانستەکان پەسەندترە:

١. زانستە کۆمەڵایەتییەکان (مرۆڤایەتییەکان): پێکهاتوون لە: کۆمەڵزانی، زانستی ئابووری، زانستی رامیاری، مێژووزانی، مرۆڤزانی Anthropology، دەروونزانی، زانستی رێبەری، زمان زانی، زانستی یاسا، بیرسازانی Logic، جوان زانی، رەوشت زانی.

٢. زانستە سروشتییەکان: ئەوانە دەگرنەوە: کیمیا، سروشت زانی Physics، ژیواری Biology، رەووەکزانی Botany، زەوی زانی Gedgarphy، ژیرزەوی زانی Geology، گەردوونزانی Cosmology، کارەندرمزانی Physiology خۆرەزانی Bacterology.

٣. زانستە بیرکارییەکان: ژمێرەزانی، بیرکاری، ئەندازیاری، جەبر، ئامار Statics، ژمێریاری، وردیاری.

٤. زانستە کارەکییەکان: ئەندازیاریی شارستانی، ئەندازیاری میکانیك، ئەندازیاری کارەبا، ئەندازیاری تەلارسازی، ئەندازیاری بەست‌و ئاودێری، ئەندازیاری نەوت، ئەندازیاری ئەلەکترۆنی، ئەندازیاری کانزاسازی، هونەری پیشەسازی Technology.

زانستەکان لەسەر نبچینەی بەڵگەو ئەنجام، جیاکردنەوەو پێکەوەنان، شیکردنەوەو بڵاوکردنەوە، وەرگرتن‌و دەرهێنان، تێبینی‌و تاقیکردنەوە، پراوەکردن‌و ساغ کردنەوە، بیردۆزی‌و پراوەکردن‌و بەجێگەیاندن دامەزراون.

زانستەکان رێساو یاسای دیاردەو رووداوو پێکهاتن‌و پێوەندییەکانی نێو دەوروبەری سروشتی‌و کۆمەڵایەتین.. بەوردی‌و بەجێی‌و بیرکارانە داڕێژراون.. چارەی گیروگرفت‌و کەم‌و کورتی‌و شێواوی باری ژیان دەکەن.. بۆ گۆڕین‌و پێشخستنی ژیان بەکار دێن. زانستەکان راستی‌و داکەوتن Reality، هۆکارو ئەنجامن، کارتێکەرو کارتێکراو بەیەکەوە دەبەستنەوە.. ئاستی رۆشنبیری مرۆڤیش بەرز دەکەنەوە.

رۆشنبیرانی نەتەوەیەك، بەتایبەتی نووسەرانی، دەبێت بزانن چ لایەنێکی رۆشنبیری نەتەوایەتییان ساماندارەو کامیشیان هەژارە.. لەکام بەش لەدوایەو کاری زۆری دەوێت‌و لەکامیشیان پێشکەوتووە.. دەبێت کار بۆ کەلێن پڕکردنەوە بکرێت نەك کەڵەکەکردنی ئەوانەی زۆر هەن.. بۆ نموونە، ئەگەر بێت‌و لەئاست‌و رادەی رۆشنبیری نەتەوایەتیمان بەگشتی‌و زانیاریمان بەتایبەتی وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە وێژەی کوردی لە بواری وتەی نەستەق‌و پەندی پێشینان‌و هۆنراوەو چیرۆك‌و شانۆنامە هەژار نییە.. لەبەر ئەمە دەبێت هەوڵی پڕکردنەوەی کەلێنە زۆرەکانی تر بدرێت.

دروشمی (زانست لەوێژە چاکترە) دروست‌و پێویستە بەتایبەتی بۆ کۆمەڵانی دواکەوتوو کە زۆری توانا‌و رەنجەکان بۆ کەڵەکەکردنی بەرهەمە وێژەییەکان‌و زانستەکان خراونەتە پشت گوێ.. لەجیاتی بیری بابەتی‌و زانستی، بایەخدان بەلێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو شیکاری، نوقمی ئەندێشەی نادروست‌و سۆزو خۆێتی بوون!

سەردەمی ئێستامان سەردەمی زانستەکانە.. رۆژی دروستکاری‌و شاکاری‌و داهێنانە.. دەمی شیکاری‌و پەروەردەی زانستی‌و دانایی‌یە.. بەستنەوەی رووداوو ئەنجامە بەهۆکارەکانیانەوە.. باویی بەڵگەهێنانەوە تاقیکردنەوەیە.. هافڕکێی هونەری پیشەسازی‌و بەرهەم هێنانە.. تەنیا خەریك بوون بەرازاندنەوەی وشەو سەروادارکردنی رستە لەبەشکانی تری زانیاری‌و بوارەکانی ژیان دوامان دەخات.. ژیانمان پێویستی بەدیاریکردنی دەردە کۆمەڵایەتی‌و رامیاری‌و ئابووری‌و رۆشنبیرییەکانمانە.. دۆزین‌و دانانی چارە بۆیان.. پێویستیمان بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی رۆڵانی نەتەوەکەمانە لەڕوی کۆمەڵایەتی‌و نەتەوایەتی‌و رامیاری‌و خۆناسینەوە.. چی بکرێت ریزەکانی نەتەوە یەك بخرێن‌و گاڤی پێویست بنرێت بۆ پێشکەوتنی.. نەخشەو بەرنامە دابنرێت بۆ پاراستنی سەروت‌و ئاسوودەیی نەتەوایەتیمان‌و پاراستنی لەهەڕەشەو مەترسیەکانی داگیرکەرانی کوردستان کە بەهەموو شێوەیەك لەدژمان لەکاردان!

دەبا پێنووسە دڵسۆزو نەتەوە پەروەرو بەتواناکان بۆ ئەو ئەرك‌و مەرامە پیرۆزانە بکەونە کار.

(پاش نوێگەری) چییە؟
داواکاری

جان – فرانسوا لیوتار
و: لەتیف هەڵمەت

ئەمە کاتو دەمی چك بوونە– من ئامازە بۆ رەنگی سەردەم دەکەم. لەهەموو لایەکەوە بانگەشەمان لێدەکرێو هاندەدرێین بۆ ئەوەی کۆتایی‌یەك بۆ ئەزمونگەری لەهونەرو بابەتی دیدا دابنێین. شتێکی مێژوو کارێکی هونەریم خوێندەوە کەستایشی ریالیزمی دەکاتو لەپێناوی هاتنەکایەی خودگەرییەکی نوێدا تێدەکۆشێ.

بابەتی رەخنەگرێکم خوێندەوە هاتوهاواری دەکردو رچەیەکی پێشڕەوکاری Transavantg mrdism دەفرۆشێ لەبازاڕی وێنەسازی‌دا.. لەو بارەیەوە خوێندمەوە کە بیناسازەکان لەژێر ناوی: لەدوای نوێگەری‌دا کەوتوونەتە دەربازبوون لەپرۆژەی باوهاوس Bauhausو زاڕۆڵەی ئەزمونگەرییان لەگەڵ ئاوی خۆششتنی رچەی وەزیفەکاری‌دا تووڕداوە.. خوێندمەوە کە فەیلەسووفێکی نوێ ئەوە دەدۆزێتەوە کە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی ناوی (جوولەکەیی – عیسایی) لێ دەنرێو نیازیشی وایە کۆتایی‌یەك بۆ ئەو داوێن پیسی‌یە دابنێ کە بەگریمانە ئێمە بڵاومان کردۆتەوە.. لەبڵاوکراوەیەکی هەفتانەی فەرەنسایی‌دا خوێندمەوە کەهەندێ کەس کتێبی هەزار گردیان ((mille platcaux) بەدڵ نیە کە (دیلۆز)و (جاتاری) دایان ناوە... چونکە ئەوان وا چاوەڕوان دەکەن بەتایبەتی کەکارێکی فەلسەفەیی دەخوێننەوە بەهەندێ مانا خەڵات بکرێن. بەرهەمی قەڵەمی مێژوونووسێکی ناسراوم خوێندەوە دەڵێ نووسەرانو هزرەندانی بزووتنەوە پێشڕەوکارییەکانی سااڵنی شەستەکانو حەفتاکان زەبرو زەنگی تۆقاندنیان لەبەکارهێنانی زماندا بڵاوکردۆتەوە..و دەبێ هەڵو مەرجی ئاڵوگۆڕکردنێکی بەروبوومدار لەڕێگای سەپاندنی رێبازێکی هاوبەشی قسەکردنەوە بەسەر رۆشنبیراندا بهێنرێتەوە کایە.. کە ئەویش رێبازی مێژوونووسانە.. نووسینی یەکێ لەفەیلەسووفە لاوەکانی زمانم خوێندەوە گازندەی ئەوە دەکات کە بیرکردنەوەی

کیشوەری ئەورووپا لەژێر قورسایی بەرهەڵستی ئامێرە قسەبێژەکاندا کۆڵی لەبایەخدان داوە بۆ ئامێرکانو نموونەی چاوگەبیشیان بەنموونەی adlinguis- ticity گۆڕیوەتەوە.. (کە مرۆڤ دەربارەی قسەکردن قسە بکاتو دەربارەی نووسینیش دەقانگیری بنووسێ)

ئەم فەیلەسووفە لەو باوەڕەدایە کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سەر لەنوێ چاوگە بکرێتەوە لەنگەریەکی تووندو تۆڵی زمان. نووسینی تیۆرکارێکی بەهرەمەندی شانۆیم خوێندەوە (لەدوای نوێگەری) لەلای ئەو بەهەموو گەمەو فەنتازیاکاریەکانیەوە سەنگێکی گەورەی نیە لەڕووبەڕووبوونەوەی دەسەلاتی رامیاریدا بەتایبەتی لەکاتێکدا کە بیرۆڕای گشتی بێزار سوڵتە هان دەدات کە سیاسەتگەلێکی سانسۆری گشتگیر پێڕەو بکات بەرامبەر بەهەڕەشەکانی جەنگی ئەتۆمی.

نووسینی هزرمەندێکی ناودارم خوێندەوە بەرگری لەنوێگەری دەکات دژی ئەوانەی کە ناوی پارێزگارانی نوێیان لی دەنێ.. لەژێر ئالای لەدوای نوێگەریدا.. ئەمانەی دوایی بەگوێرەی مەزنە دەیانەوێ لەپرۆژەی نوێگەری ناتەواو.. پرۆژەی رۆشنگەری دەربازبن.. تەنانەت دوا بەرگریکاران لە رۆشنگەری کەسانی وەکو (پۆپەر)و (ئەدۆرنۆ) هیچیان پێ نەگوترا ئەوە نەبێ لەهەندێ بواری تایبەتی ژیاندا بەرگرییان لەم پرۆژەیە کردووە.. وەک بواری رامیاری لەلای دانەری (کۆمەڵگەی کراوە) the open socicty و بواری هونەر لەلای دانەری (تیۆری جوانکاری)و هەروەها یۆرجن هابرماس (کە سەرجەم دەیناسن) لەو باوەڕەدایە نوێگەری ئەگەر نوشستیشی هێنابێ.. نوشستێکەی لەوەدایە کە بواری بەگشتگیریەکانی ژیان داوە ببێ بەتایبەتمەندیگەلێکی پرشو بڵاوی سەر بەخۆی سپێردراو بەلێهاتوویی ناتەواوی شارەزایان.. ئەمە لەکاتێکدا کە شارەزایی تاکە کەسی شتکاری وەک مانایەکی ناتەواو بەشێوەیەکی نادیار مایەوە.. نەک بەو گوزارشتەی کە نازاد بوونە بەڵکو لەسەر شێوەی ئەو تەنگەبەرێیە زەبەلاحەی (Chmui) کە بۆدلێر پێش زیاتر لەسەدەیەک باسی کردووە.


کانت

پێ بەپێی پێناسەیەکی (ئەلبرێشت ڤیللەر)یش – هابرماس– وای دادەنێ کە چارەسەرکردنی ئەم هەڵوەشاندنەوەیەی رۆشنبیریو جیابوونەوەی لەژیان تەنها لەگۆڕانکاری بارودۆخی شارەزایی جوانکاریەوە ئەنجام دەدرێ بەجۆرێك ناتوانی لەحوکمەکانی زەوقدا دەربپن لەبارەیەوە هەڵێنجی.. بەڵکو لەکاتی بەکارهێنانیدا بۆ دۆزینەوەی هەڵوێستێکی میژوویی زیندوو هەڵیدەهێنجی. واتا کاتێك پەیوەست دەکرێ بەتەنگو چەڵەمەکانی بوونەوە.. چونکە ئەم شارەزاییە ئەو کاتە دەبێتە بەشێك لەگەمەی زمانێك کە ئیتر گەمەی رەخنەی جوانکاری نیە.. بەڵکو لەکرداری هەستکاریەکانو بۆچوونە خەملێنراوەکاندا بەشداری دەکاتو ئەو شێوازە دەگۆڕێ کە ئەو ساتە جۆر بەجۆرانەی تیادا دەکات بەیەکدیی.. بەکورتی ئەوەی کە هابرماسی لەهونەرو ئەو شارەزاییانەی دەوێ کە هونەر دەیخاتە روو ئەوەیە کە هەڵدێری نێوان گوتارە هەستکاریو رەوشتسازیو سیاسەتبازیەکان پڕ کاتەوە.. بەو کارەش رێگا بۆ یەکێتی شارەزایی سازدەکات.

پرسیارەکەم ئەوەیە: ئەوە چ جۆرە یەکێتیەکە بەزەینی –هابرماس–دا دەگەڕێ؟ ئایا ئامانجی پرۆژەی نوێگەری دامەزراندنی یەکێتیەکی کۆمەڵایەتی – رۆشنبیریە کە لەچوار چێوەکەیدا هەموو رەگەزەکانی ژیانی رۆژانەو هزر جێگاکانی خۆیان دەدۆزنەوە لەیەکانگیریەکی جەمسەردا..؟

یاخود ئەو رێگایەی کە دەبێ لەنێوانی گەمە جیاخوازەکانی زماندا- گەمەی هەستکردن و ڕەوشت و سیاسەت دابکێشرێ سەر بەگروپێکی دی جیاوازە؟ خۆ ئەگەر هات و ئەمە وابێ.. ئایا دەتوانێ لەهەموویان گرتەیەکی ڕاستەقینە دروست بکات؟

گریمانەی یەکەمی لە -هیگل- هەڵهێنجراو لەو گوتەیە زیاتر نیە کە شارەزاییەکە بەشێوەیەکی جەدەلی مۆرکێکی گشتی هەیە.. بەڵام گریمانەکەی دووەم نزیکترە لەڕوحی کتێبی -ڕەخنەی فەرمانڕەوایی- (کانت)ەوە بەڵام ئەویش هەروەکو ڕەخنە پێویستە ملکەچی دووبارەبوونەوەی پشکنینێکی تۆندو تیژ بێ کە - لەدوای نوێگەری- بەسەر هەزری ڕۆشنگەریدا دەیسەپێنێ لەسەر بیرۆکەی ئامانجێکی یەکگرتووی خودو مێژوو. ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە کە نەک هەر (فتجنشتین)و (ئەدۆرنۆ) گرتیانە بەر.. بەڵکو هەندێکی دیش لەهزرەندانی فەرەنسایی یاکەسانی تریش پێڕەویانکرد کە شایانی ئەوە نین مامۆستا - هابرماس- بیانخوێنێتەوە بەجۆرێك کە هەر نەبێ لەوە دەربازیان کات پلەی نزم وەرگرن بەهۆی ڕەوتی پارێزگارانەی نوێیانەوە.

ریالیزمی

ئەو داواکارییانەی کە کەوتمە ناوبردنیان هەر هەموویان هاوکوف نین بەڵکو لەوانەیە ناتەباش بن. هەندێکیان بەناوی -لەدوای نوێگەری-یەوە دادەڕێژرێن و هەندێکی تریشیان بۆ بەربەرەکارییان. زەروورییش نیە هەمان شت لەداڕشتنی داواکارییەکدا بەگوێرەی چاوگەیەك (دۆخێکی بابەتی)و بەگوێرەی مانایەك (بڵندبوونەوەیەکی شایانی تێگەیشتن) یابەگوێرەی ئاڕاستەکراوێك و (جەماوەرەکەی) یابەگوێرەی ئاڕاستەکارێك و (دەربڕینکاریەکی خودیی) یابەگوێرەی دەنکۆیەکی بەردەوام و (جفرەیەکی گشتیی ئاڵوگۆڕکاری وەك جۆری گوتاری مێژوویی) دەربڕدرێ.

بەڵام ئێمە لەبانگەشە جۆربەجۆرەکاندا کە بۆ وەستاندنی ئەزموونی هونەری دەکرێ، هاودژێك بەدیی دەکەین.. کە نوێنەرایەتی سستەم بکات وەك ئارەزوویەك بۆ یەکێتی لەناسنامەو لەئاسوودەگیدا یالەشەعبیەتدا بەمانای offchtlichkcit یاخود (پەیداکردنی جەماوەر) پێویستە هونەرمەندان و نووسەران بگێڕدرێنەوە بۆ جەرگەی کۆمەڵ یاخود بەلای کەمەوە ئەرکی چارەسەرکردنی کۆمەڵیان بخرێتە ئەستۆ ئەگەر وادابنرێ کە کۆمەڵ نەخۆشە.

ئەم زەوقە گشتییە دروشمێکی هەیە پووچ ناکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە هەمو ئەم نووسەرانە لەسەر هیچ شتێك ئەوەندەی بنەبڕکردنی کەلەپووری بزووتنەوە پێشڕەوکارەکان پێ داناگرن.. ئەمەش لەڕووی تایبەتکاریەوە حاڵەتێکە بەناوی -لەڕێی پێشڕەوکاریەوە- ناودەنرێ... ئەو وەڵامانەش کە (ئەتشیلی بۆنیتۆ ئۆلیڤا) خستیە ڕوو لەبارەی پرسیارەکانی (برنار لامارش- ڤادیل)و (میشیل ئەنریك)ەوە هیچ بوارێکی گومانکردن لەو بارەیەوە نامێڵێتەوە هاوبەشی کردنی بزووتنەوەی پێشڕەوی یەکان لەکردارێکی ئامێتەسازیدا هونەرمەندو ڕەخنەگر والێ بکات بەبڕواوە هەست بەوە بکەن کە بەم جۆرە زیاتر دەتوانن سەرکوتی کەن لەوەی کە هێرشێکی ڕاستەوخۆی بکرێتە سەر. چونکە توانای دەربڕینی زۆربەی سەگانەترین مۆدە خۆسازێنەرەکانی هەیە وەکو ڕێگایەك بۆ تێپەڕاندنی مۆرکی هەپروون بەهەپروون بووی شارەزاییەپێشووەکان. بەڵام ئەگەر بەتەواوی پشتی تێکرد ئەو ساتە دەکەوێتە مەترسی ئەوەوە کە وەکو تەواوی ئەکادیمیکارێکی نوێو بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی دەرکەوێ.. لەزەمەنێکدا کە برژوازییەت بوونی خۆی لەمێژوودا پتەو دەکرد، قاوشە ئەدەبییەکانو هەروەها ئەکادیمگەکان توانای ئەنجامدانی کردەی پاکژکردنەوەو بەخشینی خەڵاتی هەڵسوکەوتی شێوەکاریو وێژەیی شایستەیان هەبوو لەژێر پەردەی ریالیزمیدا.. بەڵام سەرمایەداری توانای شاراوەی هەڵوەشاندنەوەی ریالیزمگەری شتەکانو قۆناخە کۆمەلایەتییەکانو دامو دەزگا راهاتووەکانی بەجۆرێکی وایە ئەوەی کە ناونراوە نواندنە ریالیزمکاریەکان ناتوانێ بارودۆخ بەرجەستە بکات بەشێوەی سۆز یاگاڵتەجاڕی نەبێ.. وەکو بۆنەیەك بۆ ژانو ژوور نەك بۆ تێڕبوون.. وادیارە مۆدی کلاسیزم لەجیهانێکدا کە نائاسوودەگی بارودۆخ بەڕادەیەکە بۆنەیەك بۆ شارەزایی ناهێڵێتەوە.. بەڵکو بۆ خانەبەندیو ئەزموونگەریش.

ئەم بابەتە رووناکی لای هەموو ئەو کەسانەی (ڤالّتەر بنیامین)یان خوێندۆتەوە. بەلاّم پێویستە مەودای وردی هەلّبسەنگێنرێ. وێنەی فۆتۆگرافی بەشێوەیەك نەهاتە کایە کە بەرەنگاری کردنی وێنە بێ لەدەرەوە... زیاتر لەوەی کە سینەمای پیشەسازی دەربارەی ئەدەبی گێڕانەوە بەرەنگاری کرد. وێنەی فۆتۆگرافی دوا دەستی تەنها لەبەرنامەی ریزبەندکردنی ئەو بینراوە دەدا کە هونەرەکانی سەدەی پانزەهەمی ئیتالیا پەرەیان پێدا.. ئەمە لەکاتێکدا سینەما دوا هەنگاوی نووسینکاری بوو لەنێوان ریزبەندکراوەکاندا بەو شێوەیەی کە گشتگیرییەکی بەرجەستەیەو ئەمەش ئەو هۆیە بوو کە نموونە بەرزەکانی رۆمانە فێرکاییە مەزنەکانی سەدەی هەژدەی دەنواند. هاتنەکایەی میکانیککارو پیشەسازیی لەبری دەستکارو پیشە خۆی لەخۆیدا کارەساتێك نەبوو – مەگەر مرۆڤ وابزانێ هونەر لەجەوهەردا دەربڕینکاریی دەربارەی بلیمەتمەندییەکی تاکەکەسی کە پیشەیەکی سەرکەوتوو پشتگیری دەکات.

لەبنەڕەتدا هەڕەشەکاری لەوەدا بوو کە کارە فۆتۆگرافییەکانو سینەمایییەکان دەیانتوانی بەشێوەیەکی باشترو خێراتر بەلاّوبوونەوەیەکی سەد هەزار جار گەورەتر لەریالیزمی گێڕانەوە یاوێنەگەری ئەو ئەرکە جێ بەجێ بکەن کە مۆدی ئەکادیمیایی بەڕیالیزمی سپاردووە: ئەرکی پارێزگاریکردنی هەمە جۆرەی وێنەی هەست.. لە گومان لێکردنو فۆتۆگرافو سینەمای پیشەسازی بەسەر وێنەو رۆماندا سەردەکەوێ، هەر کاتێ ئامانج چەسپاندنی ئاسوودەگی چاوگەبێ ریزبەندکردنی پێ بەپێی بۆچوونێك مانایەکی وای دەداتێ بتوانرێ بناسرێتەوە. دووبارە کردنەوەی بەرهەمهێنانی سازگەریو فەرهەنگ کە توانای خوێندنەوەی جفرەی وێنەو ریزبەندکراوەکان بەخێرایی بەکەسی ئاڕاستە بۆ کراو دەدات. بەم جۆرە بەئاسانی دەگاتە ئاستی هەستکردن بەناسنامەی خۆیو هەروەها ئەو رەزامەندییەش کە لەوانی ترەوە دەستی دەکەوێ. ئەو بونیادانەی وێنەو ریزبەندکراوەکان دەبێتە نموونەی جفرەی بەردەوامی هاویەش لەنێوانی هەموویاندا. ئەمە ئەو شێوازەیە کە کاریگەرێتی



ئادرنۆ

بارودۆخی تیادا پتر دەبێ.. یاخەز دەکەی بڵێ: فانتازیاگەری ریالیزمی.

وێنەگرو رۆمانووسیش ئەگەر ئارەزووی ئەوەیان کرد لەدەورەکانی خۆیاندا پشتیوانی یەکدی نەکەن (سەربازی ئەوەش بایەخیان کەمە) لەوەیدا کە هەیە.. پێویستە لەسەریان چی دی پەرۆشی بەکارهێنانی ئەو چارەسەرییانە نەبنو دەبێ بنەماکانی هونەری وێنەگرتن یاگێڕانەوە وەکو لەوانەی پێشووی خۆیانەوە.. وەریان گرتووە بخەنە بارودۆخی پرسیارەوە، ئەوکاتە بەخێرایی بۆیان دەردەکەوێ ئەو بنەمایانە هۆکارگەلێکن بۆ فریودانو هەڵخەڵەتاندنو دڵنیایی کردن.. بەجۆرێك کە مەحاڵە راستگۆبێ. لەژێر ناوی وێنەگرتنو ئەدەبدا پەیوەندی پچڕانێکی وارووەدات پێشتر نەبووە. ئەوانەش کە رەفزی دووبارەکردنەوەی پشکنینی بنەماکانی هونەر دەکەن دوای کارێکی سەرکەوتوو دەکەون لەڕەزامەندی کۆمەڵگەییدا بەگواستنەوەیان بەهۆی بنەما دروستەکانەوە بۆ خواستە پەتاییەکانی بارودۆخ بەشتگەلو هەڵوێستگەلێك توانای تێرکردنی ئەم ئارەزووەی هەبێ.. هونەری زایەندکاریش (بۆرنوگرافیا) هونەری بەکارهێنانی فۆتۆگرافیاو

فیلمە بۆ ئەو مەبەستەو کەوتۆتە ئەوەی ببێتە نموونەیەکی گشتی بۆ ئەو هونەرە بینینگەریو گێڕانەوە ئامێزانەی کە بەرەنگاری هەڕەشەی کەناڵەکانی راگەیاندن نەبوونەتەوە.

بەڵام ئەو هونەرمەندو نووسەرانەی کە بنەماکانی هونەری شێوەکاریو گێڕانەوە دەخەنە بەرپرسیارو لەوانەش لەڕێگای بەکارهێنانی کارەکانیشیانەوە گومانی هاوبەشیان هەبێ.. چارەنووسی ئەوانە ئەوەیە رەزامەندییەکی گەورەیان دەست نەکەوێ لەدیدی ئەو کەسانەوە کە بایەخ بەدۆخو ناسنامە دەدەنو هەروەها جەماوەری زامنکراویشیان نیە. بەم پێیە دەتوانین جەدەلکاریەکانی بزووتنەوەی پێشڕەوەکان پابەند بکەین بەو چاوقایمیەوە کە بارودۆخی پیشەسازیو هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەریی رووبەڕووی وێنەگرتنو هونەرەکانی گێڕانەوەی دەکاتەوە. کارە هونەرییە ئامادەکانی – دۆشامپ– هیچ شتێك ناکات لەوەزیاتر کە بەتوندیو شێوازێك موفارەقە بوورووژێنێ ئەم کرداڕە بەردەوامە بوورووژێنێ بۆ زەوتکردنی مولکداری پیشەی وێنەگرتن.. یاتەنانەت نەهێڵێ مرۆڤ هونەرمەندبێ. هەروەکو (تیێری دی دۆف) Thcrry de Duve بەشێوەیەکی کاریگەر سەرنجی دەدات پرسیاری جوانکاری نوێ ئەوە نیە (جوان چییە) بەڵکو ئەوەیە دەتوانرێ چ شتێك ناو بنرێ هونەرو (ئەدەب)؟

ریالیزمیو تەنها راڤەکەی ئەوەیە کە هەوڵ دەدات خۆی لەپرسیاری دۆخی ناخی پرسیاری هونەر دوورەپەرێز بگرێو هەمیشە لەشوێنێکی نێوان رەوتی ئەکادیمیاییو هەڕاجکاریدا دەوەستێو کاتێ سوڵتە ناوی حزبێك لەخۆی دەنێ ئەو دەمە ریالیزمیو کلاسیکی نوێی تەواوکەری سەردەکەون بەسەر پێشڕەوانی ئەزموونگەریدا.. ئەوەش لەڕێی بەدناوکردنیو بەربەست کردنی – بەمەرجێك ئەو وێنە دروستانەو ئەو گێڕانەوە دروستانەو ئەو شێوازە دروستانە بێتە دیو بەگشتی بیچەسپێنێ کە حزب دەیەوێو.. جەماوەرێك پەیدا بکات حەزی لێ بکات بەشێوەیەك کە چارەسەرێکی گونجاوە بۆ ڕاڕاییو دڵتەنگییەك کە ئەو جەماوەرە بەدەستیانەوە دەنااڵن. داواکاری ریالیزمی.. واتا داواکاری یەکێتیو ئاسانیو توانای بەردەوامیو هتد هەمان چڕیو پڕیو بەردەوامی نەبوو لەکۆمەڵگای ئەڵەمانیای نێوان هەردوو جەنگی جیهانیو کۆمەڵگای رووسیشدا لەدوای شۆڕش (شۆڕشی ئۆکتۆبەر. ل.ه) ئەمەش بەبناغەیەکی جیاوازی دادەنرێ لەنێوان ریالیزمی نازییەتو ریالیزمی ستالینیەتدا..

بەڵام ئەوە رووبەڕووی کە شالاو بردنە سەر ئەزموونگەری هونەری کارێکی کۆنەپەرستانەیە.. بەتایبەتیش کاتێ دەزگایەکی سیاسی ئەو شالاوە ئەنجام ئەدات؛ حوکمی جوانکاری پێویست نابێ بۆ ئەوە نەبێ بڕیار بدات ئەم کارە یانەوەیان پێ بەپێی بنەما چەسپاوەکانی ئەوەی جوانە دەڕوات.. لەبری ئەوەیش کە کاری هونەری بۆ شتێك بگەڕێ کە بیکات بەکارێکی هونەریو مشوری ئەوە بخوات ئایا جەماوەری دەبێ یا ئەکادیمیای سیاسی پێودانگی خێڵەکی خۆی هەیە دەربارەی ئەوەی جوانەو دەیسەپێنێ.. ئەوەش پێودانگێکە کارگەلێکی دیاری کراوو جەماوەرێك بەیەك زەبر بۆ هەتا هەتایە دەستنیشان دەکات.

بەم جۆرە گوتەکانی حوکمی جوانکاری لەهەمان سروشتی گوتەکانی حوکمی هەستکاریدا دەبێو ئەگەر هاتو وەکو (کانت) قسەمان کرد ئەوە هەردوو حوکمەکە حوکمێکی سنوردار دەبن: دەربڕین داڕشتنێکی باشی لەزەیندا هەیە لەپێشدا.. تەنها حاڵەتێکی شارەزاییش کە پارێزگاری لێ دەکرێ ئەوەیە کە لەم دەربڕینەدا ریزبەند دەکرێ. کاتێکیش سوڵتە. سوڵتەی سەرمایەدار دەبێ نەك سوڵتەی حزب.. چارەسەر لەڕێی پێشڕەوێتی یالەدوای نوێگەری (بەو مانایەی کە چنیکس مەبەستێتی) دەچەسپێنرێو ئەمە باشترە لەچارەسەری دژ بەنوێگەری.. میانەڕەوی پلەی سفری رۆشنبیری هاوچەرخە: مرۆڤ گوێ لەمۆسیقای (ریجی) دەگرێو سەیری فیلمی (ویسترن) دەکاتو خۆراکی (ماکۆنااڵد) بەسەر خواردنی نیوەڕۆو خواردنی خۆمااڵی بەسەر شێودا دەخواتو عەترێکی پاریسی لەتۆکیۆ لەخۆی دەداتو لەهۆنگ کۆنگیش جلێك لەبەر دەکات سروشتی گەڕانەوەت بۆ رابردوو دەداتێ: زانستی مەسەلەی یاریگەلێکی تەلەفزیۆنیەو ئاسانە جەماوەر بۆ کارگەلێکی میانڕەو بدۆزێتەوە.. هونەریش لەڕێی سووك کردنی خۆیەوە دەبێ بەجارچییەك بۆ ئامێتە بازی زەوقی هونەرپارێزان.. هونەرمەندانو خاوەنی هۆڵەکانی هونەرو رەخنەگرانو جەماوەر هەر

هەموویان تەپاوتل دەکەن لەخەرەندی هەر شتێکدا کە بە کەڵک بێ.. سەردەمەکە دەبێتە سەردەمی چەک بوون.. بەڵام واقیعکاری (هەرشتێك بەکەڵك بێ) لەراستیشدا ئەوە واقیعییەتی (دراو)ە..: لەئاوابوونی پێودانگی جوانکاریدا دەتوانرێ و واباشە بایەخی کارە هونەرییەکان پێ بەپێی ئەو قازانجانەی دەیدات هەڵبسەنگێنرێ. ئەم جۆرە ریالیزمییە جێی هەموو رێبازەکانی تیادا دەبێتەوە.. وەکو چۆن سەرمایە پێویستییەکان دەگرێتە خۆی بەو مەرجەی کە رێبازەکان و پێویستییەکان هێزێکی کرێنکاری بن.. بەڵام لەبارەی زەوقەوە پێویست نیە مرۆڤ نەرم و نیان بێ کاتێ کەسەرنج دەدات یاخودی خۆی دەخاتە روو.

مەترسی دوو جار هەڕەشە لە هونەرو ئەدەب دەکات.. جارێکیان لەلایەن سیاسەتی رۆشنبیرییەوە و جارێکیشیان لەلایەن بازاڕی هونەرو کتێبەوە. ئەو ئامۆژگارییەش کە هەندێ جار لەنێوان ئەم کەناڵەوە و هەندێ جاریش لەو کەناڵەی تردەوە پێشکەش دەکرێ.. بریتییە لە پێشکەشکردنی کارگەلێك: یەکەم سەر بەباتگەلێکە کە لەدیدی ئەو جەماوەرەدا بوونی هەیە کە ئاڕاستەی دەکات.. دووەمیش دروستکراوە (دروستکردنەوەی چاکە) بەجۆرێك جەماوەر مەبەستی تیا دەسدەکەوێ.. و بەجۆرێك لەمەبەستی دەگات.. بەجۆرێك دەتوانێ رەزامەندی بەدەرك لێکردنەوە بداتێ و لێشی قەدەغە بکات.. تەنانەت دەتوانێ ئەگەر بۆی لووا لەو کارگەلەوە بڕێ پشووی دەسنیشانکراو بۆ خۆی دابین بکات.

ئەو روونکردنەوە کارییەی کە ئێستا خستمانە روو لەبارەی پەیوەندی نێوان هونەرە پیشەسازییەکان و میکانیکییەکان و نێوان ئەدەب و هونەرە جوانەکاندا.. لەهێڵە گشتییەکانیدا راست و دروستە.. بەڵام رەوتێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی تەسکی دەبێ – یابەدەربڕینێکی دی، ئەو ساتە ئەگەر هاتوو پەرێزگرییەکانی (بنیامین) و (ئەدۆرنۆ)مان تێپەڕاند.. دەبێ لەیادمان بێ کە زانست و پیشەسازی ئێستا لەهونەرو نووسین ئازادتر نین.. لەگومانکارییەك کە پەیوەستە بەبارو دۆخەوە.. باوەڕی پێچەوانەی ئەوە بڕوا بوون دەگەیەنێ بەگوتەیەك لەڕەوتە مرۆڤایەتییەکەیدا بۆ کاروباری (مفیستوفیلی) زانستی و تەکنەلۆژیاسازی.. ئێمە ئەمڕۆ نکوڵی لەدەستبالایی زانستی تەقەنی ناکەین.. واتا ژێر دەستەکردنێکی گشتیی گوتراوە هەستییەکان بۆ مەبەستی باشترین ئەنجامدانێك کە لەتوانادا هەبێ.. کە ئەوەش پێوانەیەکی تەکنەلۆژییە.. بەڵام چ میکانیکی و چ پیشەسازی بەتایبەتی کاتێ کە دەچنە بوارێکەوە بەشێوەیەکی ئاسایی بواری تایبەتی هونەرمەندانە.. شتێك لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن زیاترە لەکاریگەرێتی سوڵتە.. و بابەتەکان و هەزرە دەرئەنجامەکانی مەعریفەی زانستی و ئابووری سەرمایەداری یەکێ لەو بنەمایانە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ کە پشتگیری تواناکانی دەکات: ئەوەش ئەو پێودانگەیە کە هیچ واقیعێك نیە.. تاوەکو سەرجەم هاوبەشان شایەتی لەسەر مەعریفەیەکی دیاریکراوو پەیوەستگەلییەکی دیاری کراو نەدەن.

ئەم پێودانگە کەم بایەخ نیەو پووشینێکە بەسەر سیاسەتی جیهانیدا دەدات و جێی موتمانەیە بۆ سەرمایەو جۆرێکە لەڕاکردنی واقیع لەیەقینەکانی میتافیزیکی و ئاینی و ئەو سیاسەتەش کە عەقڵ وای دەزانی واقیع جیا دەکاتەوە.. ئەم گەڕانەوەیەی زۆر پێویستە بۆ پەیدابوونی زانستی و سەرمایەداری.. هیچ پیشەسازییەك نایەتەدی بەبێ گومان کردن لەتیۆری جموجوڵی ئەرەستۆیی و هیچ پیشەسازییەك نیە بەبێ پووچ کردنەوەی رەوتی ئامێتەگی هونەرکاری و بەبێ پووچ کردنەوەی (مەرکەنتێلی فیزیۆکراتی) و نوێگەری لەهیچ چەرخێکدا دەرناکەوێ بەبێ تەفروتوناکردنی یەقین و بەبێ دۆزینەوەی پێویستی بارودۆخ بەبارودۆخ شانبەشانی داهێنانی جۆری نوێی بارودۆخ.

ئەم پێویستییە بەبارودۆخ چیە ئەگەر هاتوو مرۆڤ هەوڵی دەربڕینیدا لەشیکردنەوەی تەسکی مێژوو؟ رستەکە نزیکە لەوەوە کە نیتشە ناوی – نەهلیستی– لێ دەنێ.. بەڵام من لەو ڕاڤەکردنەدا کە –کانت– بۆ –بڵندەگی– کردوویەتی ناواخنێك بەدیی دەکەم پێش تیۆرگەرییەکانی نیتشە کەوتوون و لەو باوەڕەشدام هەر بەتایبەتی جوانکارییەکانی بڵندەگی هێزی بەرەوپێشەوەچوون بەهونەری نوێ دەبەخشێ (هەروەها ئەدەب) و لۆژیکی بزووتنەوە

پێشڕەوی‌یەکانیش بەدیهییاتەکانی خۆیی تیادا دەدۆزێتەوە.

هەستکاری بڵندەگی کە هەستکردنە بەبڵندەگی.. پێ بەپێی -کانت- سۆزێکی بەهێزی هاودژەو چەژو ژان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ.. یاڕوونتر بیڵێین سۆزێکە لەزەت لەژانەکەیەوە لەدایك دەبێ. لەچوارچێوەی داب‌و نەریتەکانی خودیشدا کە لە (قەشە ئۆغستین)و (دیکارت)ەوە دێو -کانت-یش بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەرهەڵستکاری ناکات.. دەبینین ئەم ناکۆکی‌یە کە هەندێ کەس ناوی خەمۆکی یاماسۆکی لێ دەنێ.. وەکو ململانێیەك لەنێوانی دوو بەهرەدا پەرە دەسێنێ لەهەموو خودێکدا.. هەستکردن بەشتێك..و بەهرەی پێشبڕکێ‌یە مەعریفەش هەیە...: یەکەم ئەگەر بێژراوەکە وابێ لێی تێبگەی.. دووەم ئەگەر توانرا هەندێ لەشارەزایی‌یە هاووەچەکانی هەڵهێنجرێ.. جوانی لەحاڵەتێکی دیاری کراودا هەیە ئەوەش (کاری هونەری‌یە) سەرەتا لەچەژکاری‌یەوە دێ بەبێ هیچ چەمك دیاری کردنێ.. ئەوەش هەستکردنی لەزەتە بەجیاکاری لەهەموو بایەخێك کە کارەکە دەیوروژێنێ. ئەگەر هاتوو گونجا لەگەڵ رەوتی کۆی گشتگیردا (ئەوەی لەوانەیە هەرگیز نەیگەینێ) کەواتا زەوق شایەتی دەدات کە ئێمە لەنێوانی توانای هەستکردن‌و توانای شتێکدا ڕووبەڕووی چەمك بێتەوە دەتوانین لەزەت تاقیبکەینەوە بەو سیفەتەی کە ڕێکەوتنێکی نادیاری کراوو بێ بنەمایەو حوکمێکی لێ پێك دێ -کانت- ناوی وردبوونەوەی لێ دەنێ. بەڵام بڵندەگی هەستێکی جیاوازەو بەپێچەوانەوە ڕوودەدات.. کاتێ خەیاڵ لەپێشکەشکردنی شتێکدا شکست دێنێ کە ڕووبەڕووی چەمکە ئەگەر تەنها بەشێوەیەکی مەبدەئیش بێ. بیرۆکەی جیهانمان هەیە (کۆی گشتی ئەوەی کە هەیە) بەڵام توانای ڕوونکردنەوەی نموونەیەکیمان نیە.. هەروەها بیرۆکەی ئاسمانمان هەیە (کە ناکرێ دابەش یالەتو پەت بکرێ) بەڵام ئێمە ناتوانین بەشتێکی هەستپێکراو ڕوونی بکەینەوە کە ببێتە بارودۆخێك بۆی. دەتوانین هەست بەناکۆتایی مەزنی‌و ناکۆتایی هێز بکەین بەڵام پێشکەش کردنی هەموو شتێك کە مەبەست لێی ئەوەبێ مەزنی یاهێز (بینراو) بێ بەشێوەیەکی ژاناوی ناشایستە دێتە بەر چاومان.. ئەوە هزرگەلێکە پێشکەش کردنیان مەحاڵە.. دوایی لەبارودۆخەوە هیچ مەعریفەتێك ناگوێزێتەوە (شارەزایی) هەروەها دیسان یەکێتی ئازاد لەنێوان بەهرەکاندا قەدەغە دەکات کە هەست بەجوانی کردنی لێ دێتە کایە.. هەروەها پێکهاتن‌و لەنگەرگرتنی زەوق قەدەغە دەکات.. دەتوانین بڵێین پێش خستنی پەسەند ناکات..

من ناوی نوێ لەو هونەرە دەنێم کە بەپێی گوتەی دیدرۆ شارەزایی بچکۆلەی تەقەنی خۆی دەخاتە کار بۆ خستنەڕووی راستی‌یەك ئەوەیە کە ئەوەی پێش خستن پەسەند ناکات بوونی هەیە.. بۆ ئەوەی وامان لێ بکات شتێك لەوێ ببینین کە دەتوانرێ هەستی پێ بکرێ.. بەڵام ناتوانرێ ببینرێ یابکرێتە شتێکی بینراو: ئەمەش بابەتی پێشبڕکێ‌یە لە وێنەگرتنی نوێدا. بەڵام چۆن بینراو والێ دەکەین کە شتێك هەیە ناتوانرێ ببینرێ؟ -کانت- خۆی ئاماژە بۆ ئەم ڕێبازە دەکات کاتێ کە -ناپێکهاتن- ناو دەنێ وبووني پێکهاتن.. بەڵام ئەمە ئاماژەیەکی چاوەڕوانکراوی ئەوەیە کە پێش خستنی پەسەند ناکات.. هەروەها دەربارەی ڕووتگەری بۆش کە کەڵکەڵە ئەزموونکاری تیادا دەکات لەگەڕانی‌دا بەدوای پێش خستنی ناکۆتایی‌دا (چەمکێکی دی‌یە پێش خستنی پەسەند ناکات): هەمان ڕووتگەری وەکو پێش خستنێکی ناکۆتایی‌یە.. ئەمە پێش خستنی سەلبی‌یە.. و ئامۆژگاری‌یەك دەخاتە ڕوو (پەیکەرێکی تاشراو بۆ خۆت مەکە) (سفر الخروج) بەڵام ئەمە بڵندترین کۆپلەی کتێبی پیرۆزە چونکە هەموو پێش خستنێکی ڕەهاکاری حەرام دەکات.. ئیتر پێویستمان بەوە نیە شتی دی بخەینە سەر ئەم سەرنجانە جگە شتێکی کەم نەبێ بۆ ئەوەی هێڵە سەرەکی‌یەکانی زانستی جوانی تابلۆ مەزنەکان بکێشین. بەو وەسفەی کە وێنەگرتنە. بێگومان ئەم تابلۆیانە شتێك دەخەنە ڕوو ئەگەر بەشێوەیەکی سەلبیش بێ.. دواییش خۆیان لەدەستنیشان کردن‌و نواندن کەنار دەگرن‌و. سپی دەبن وەك چوار گۆشەکانی -مالیڤیتش-و توانای بینینمان بەجۆرێك دەداتێ کە بینین بکەن بەمەحاڵ. تەنها لەزەت لەدایك دەبێ ئەوەش بەهۆی ژانەوە. لەم ڕاهێنانکاری‌یانەدا مرۆڤ بەدیهی‌یەتەکانی بزووتنەوە پێشڕەوەکانی وێنەگرتن دەدۆزێتەوە.. ئەوەندەی ئەوەی کە ئەم بزووتنەوانە خۆیان دەخەنە کار بۆ

ئامازەکردن بۆ شتگەلێك كە خستنەروو قبوولّ ناكەن لەڕێی خستنەڕووكاری بینراوەوە.

ئەو نەسەقانەش كە بەناویانەوە یابەهۆیانەوە ئەم ئەركە توانیویەتی پشتیوانی خۆی بكا یا خۆی بسەلمێنێ گەورەترین بایەخدانی لێ دەوێین.. بەلاّم ناكرێ لەئەركی بلّندەگیدا بێتە كایە تەنها بۆ رەوا پێ بەخشین نەبێ.. واتا شاردنەوەی.. هیچ تەفسیرێكیش ناكرێ بەبێ بوونی گونجاندن لەنێوان باروددۆخو چەمەكدا بەو شێوەیەی كە لە فەلسەفەی بلّندەگی –كانت–دا ناواخن كراوە.. مەبەستم لێرەدا ئەوە نیە ئەو شێوازە بەفراوانی شیبكەمەوە كە بەهۆیەوە بزووتنەوە پێشڕەوییەكان لەبایەخی واقیعیان هێنایە خوارەوەو جێیان پێ لەق كرد.. ئەوەش لەڕێگای پشكنینی تەقەنیاتی وێنەكاریيەوە كە هۆكاری جۆر بەجۆر ئامادە دەكات بۆ ئەوەی وامان لێ بكات بڕوا بەم واقیعە بكەین. (پلەی جێگەری رەنگو وێنەكێشانو ئامێتە كردنی رەنگەكانو دیدگەی هێلّكاریو چۆنیەتی ئامێرو هۆكارە یاریدەرەكانو چارەسەركردنو خستنەڕوو مۆزەخانە): بزووتنەوە پێشڕەویيەكان بەردەوام هۆكاری پێش خستنی دەوروژێنێ بەجۆرێك كە لە توانادا ببێ هزر پابەندی روانین بێو ئەركەكانی خۆی لەڕێگایەكەوە بەڕێوە بەرێ كە ناكرێ پێش بخرێ. خۆ ئەگەر (هابرماس)یش هەروەكو مارکۆز واتێدەگات كە ئەركی هەلّوەشاندنی واقیعیەت لایەنێكی (هەلّوەشاندنەوەی بلّندەگی) (سەركوتكردنە) كە تایبەتمەندێتی پێشڕەوكاریيە. ئەوە لەبەر ئەوەیە بلّندەگی –كانت–ی و –بلّندەگی– فرۆیدی تێكەلاّو دەكاتو هێشتا جوانكاریيەكان بەلایەوە جوانكاریيەكانی جوانیيە.

ئەدوای نوێگەریخوازی

كەواتا لەدوای نوێگەری چیە؟ لەگێژاوی ئەو پرسیارانەدا كە ئاڕاستەی بنەماكانی وێنەو گێڕانەوە دەكرێ چ جێگایەك دەگرێ؟ ئەمە بەبێ گومان بەشێكە لە نوێگەریخوازی. هەرچیمان وەرگرتووە ئەگەر لەدوێنێشەوە بێ وەكو بترونیوس راهاتبوو وابلّێ پێویستە گومانی لایێ بكرێ. ئەو پانتاییيە چیە كە –سیزان– Cezanne بەرەنگاری دەبێتەوە. ئەوە ئینتباعی كارەكانە.. ئەو بابەتە چیە كە پیكاسۆ picassoو براك Braque هێرشی دەكەنە سەر؟ بابەتەكانی سیزان.. ئەی ئەو گریمانە پێشینەیە چیە كە دۆمشامپ Duchmp ساڵی ١٩١٢ پەیوەندی لەگەلّدا دەپچڕێ؟.. ئەو گریمانانەیە كە مرۆڤ هەر دەبێ تابلۆیەك بكێشێ ئەگەر بەشێوەیەكی تەكعیبیش بێ. هەروەها –بۆرین– گریمانەیەكی پێشینەی دی دەخاتە روو كە لەو باوەڕەدایە باغو سەلامەتی لەكردەی دۆشامپ رزگاری بووە: واتا جێگای پێشكەشكردنی كار لەپێشبڕكێیەكی سەرسوڕهێنەردا كە وەچەكان خۆیان پێشبڕكێی تیادا دەكەن.. هیچ كارێك ناتوانێ ببێ بەنوێكاری بەجۆرێك نەبێ كە یەكەم: دەبێ لەدوای نوێگەری بێ.. لەدوای نوێگەریش پێ بەپێی ئەم تێگەیشتنە ئەوپەڕی نوێگەری نیە.. بەلّكو حالّەتی لەدایكبوونی نوێگەریيە كە ئەمەش حالّەتێكی بەردەوامە.

بەلاّم من نامەوێ زۆر لەگەلّ مانای وشەكەدا بمێنمەوە كە نەختێ میكانیكیيە. ئەگەر راست بێ نوێگەری لەحالّەتی كشانەوەی واقیعیدا.. رووەدات و بەپێی پەیوەندی بلّندەگی لەنێوان هەلّگرو هەلّنەگری پێشكەشكردنی هەستكاریدا.. دەتوانرێ لەبۆتەی ئەم پەیوەندییەدا جیاكاری لەنێوان دوو مەقامدا بكرێ (ئەگەر زمانی مۆسیقاكارانمان بەكارهێنا) دەتوانرێ جەخت لەسەر بێ توانایی بەهرەی پێشكەشكردن بكرێ لەبارەی سۆزەوە بۆ ئەو ئامادەگیيەی كە خودی مرۆڤایەتی هەستی پێ دەكات.. بەسەر ویستی ئالّۆزو نەزۆكدا كە بەپێچەوانەی هەموو شتێكەوە لەو خودەدا دەژی.. هەروەها دەتوانرێ جەخت لەسەر هێزی بەهرەی هەستكردن بكرێ لەبارەی نامرۆڤایەتییەكەیەوە ئەگەر بمانەوێ. (ئەمەش ئەو مۆركەیە كە ئەپۆلۆنێر لەهونەرمەندانی نوێگەری ویستووە) ئەوە پەیوەندی بەتێگەیشتنمانەوە نیە كە ئایا چەژكاری یاكەلّكەلّە دەتوانێ ببێ بەبەرهەلّستكاری ئەوەی كە هەستی پێدەكات یان نا.. هەروەها دەتوانرێ جەخت لەسەر ئەو بەربلاّوییەی بوونو ئەو خۆشییە بكرێ كە لەداهێنانی بنەمای نوێی گەمەكەوە دروست دەبێ.. جا ئەم گەمەیە چ وێنەكاری بێو یاهونەری بێ.. یاشتی دی.. ئەمەی كە بیری لێ دەكەمەوە روون

دەبێتەوە ئەگەر هاتوو بەڕێگایەکی زۆر هێلکاری هەندێ ناومان لەسەر تابلۆی شەترەنجی مێژووی بزووتنەوە پێشڕەوەکان ریزبەند کرد: لەسەرلای رەشبینیدا دەربڕینکارە ئەڵەمانیەکانو لەسەرلای نوێخوازیدا براك و بیکاسۆ، لەسەر لای یەکەمدا مالیڤیتشو لەسەر لایەکەی تردا لیسیتسکیو لەسەر لای یەکەمدا شیریکۆ Chiricoو لەسەرلای دووەمدا دوشامب. لەوانەیە ئەو تارمایییەی کە ئەم دوو مەقامە لێکدی جیادەکاتەوە زۆر زۆر بچوك بێو زۆر جاریش هەردووکیان لەهەمان پارچەی هونەریدا هەنو جیادەکرێنەوەو ناکرێنەوە. بەڵام گەواهی لەسەر بوونی جیاکارییەك دەدات کە سەرەنجامی هزر پشتی پێ دەبەستێو تازەمانێکی زۆر جێی بڕوا دەبێ لەنێوان پەژارەوە هەوڵداندا.

کارەکەی برۆستو هەروەها چوێس ئاماژە بۆ شتێك دەکات پێشکەشکردنی ئاسان نیەو لەوانەیە ئاماژەکردنەکە، کە لەم دواییەدا (پاولۆ فابری) Paolo Fabbri سەرنجی بەلایدا راکێشام.. شێوەیەك بوونێ لەو شێوانەی دەربڕینە کە بۆ ئەو کارانە پێویستە کە سەر بەجوانکاری بڵندەگین لەلای برۆست. دەشبینین کە ئەوەی دوور دەخرێتەوە.. وەکو نرخێك بۆ ئەم ئاماژەکردنە ناسنامەی تێگەیشتنەکە دەبێتە قۆچی قوربانی زیدەڕۆیی زەمەن. بەڵام قوربانییەکە لەلای چوێس ناسنامەی نووسینە.. کە دەبێتە قۆچی قوربانی زێدەڕۆیی نووسەران یاخود ئەدەب.

پرۆست ئامادەکارییەك دەکات کە پێشکەش کردن پەسەند ناکات بەهۆی زمانێکەوە بەبێ گۆڕانکاری لەڕێزمانو دەستەواژەکانیو نووسینێك کە هێشتا لەزوربەی گەیاندنەکانیدا لایەنگری رەگەزی گێڕانەوەکاری رۆمانە.. لەراستیشدا ئەو دەزگا ئەدەبییەی کە پرۆست لەبلزاکو فلۆبێرەوە میراتگرێتی.. لەوەوە تەفرو تونا کراوە کە ئیتر پاڵەوان کەسایەتییەك نیە.. بەڵکو ئاگاکاری ناوەکییە بەزەمەن. بەجۆرێك رەوتی هەقایەتەکە بەو شێوەیەی کە فلۆبێر تێکشاندووە.. لێرەدا دەخرێتە بارودۆخی پرسیارکارییەوە بەهۆی دەنگی گێڕانەوە ئامێزەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەڵستکاریەکی گەرمو گوڕ ناوروژێنرێ بۆ یەکێتی کتێب.. ئۆدیسا ئەو ئاگاکارییەی تیایە.. تەنانەت ئەگەر لەبەندێکەوە بۆ بەندێکی تر دوا بخرێ. ئەو چاوشارکێیەی نووسین لەگەڵ خۆیدا لەنێوان هەموو ئەو ونگەگێڕانەوە ئامێزانەدا کە تەواو نابن بەسە بۆ مسۆگەرکردنی ئەو یەکێتییەی کە لەگەڵ فینۆمۆنۆلۆژیای ئاوەزدا بەراورد کراوە.

بەڵام چوێس بواری دەرك کردن لەخودی نووسینەکەیدا دەڕەخسێنێ بۆ شتگەلێك کە پێشکەش کردن پەسەند ناکەن لەمانادا.. تێکچڕژان لەنێوانی هەموو بواڕە راگەیاندنکارییەکانەوە ئامێزەکانو تەنانەت شێوازکارییەبەردەستەکاندا ئەنجام دەدات بەبێ بایەخدان بەیەکێتی کۆی گشتی. هەروەها راگەیاندنکاری نوێش تاقی دەکرێتەوە.. نەڕێزمانو نەدەستەواژەکانی زمانی ئەدەبی ئیتر وەك دەرهاویشتە نانوێنن بەڵکو باشتر بڵێین وەك شێوەگەلێکی ئەکادیمی دێنە کایە..و وەك جۆرە تقوسێك لەتەقواکردنەوە دروست دەبێ (بەپێی گوتەی نیتشە)و بەربەستی دەرکەوتنی ئەوەش دەکات کە پێشکەش کردنی زەحمەتە.

کەواتا جیاکارییەکە لێرەدایە.. جوانکارییە نوێگەرییەکان جوانکاری بڵندەگین هەرچەندە جوانکاری سۆزنو بواری دەرکەوتنی ئەوە دەدەن کە پێشکەش کردنی مەحاڵە.. ئەوەش بەوەسفکردنی ناوەڕۆکە ناتەواوەکان: بەڵام شێوە بەهۆی نەزمی ڕوونییەوە بەردەوام بابەتێکی دڵنەواکاری یاخود بەلەزەت پێشکەش بەخوێنەر یابینەر دەکات.

بەڵام ئەو هەستو سۆزانە هەستکاری بڵندەگی راستەقینە پێکناهێنێ.. کە بریتییە لەئامێتەکارییەکی لەزەتو وروژان: لەزەت چونکە ئاوەز هەموو پێشکەش کردنێك تێدەپەڕێنێ.. ژانیش چونکە کەڵکەڵە یاچەڕ نابێ بەهاوکووفی چەمك.

(لەدوای نوێگەریدا)..لەنوێگەریدا ئەوەیە کە ئەوە دەخاتە ڕوو کە لەخودی پێشکەش کردندا پێشکەش کردن قبووڵ ناکات.. ئەوەیە کە ئینکاری دڵخۆشی دانەوەی خۆی دەکات دەربارەی شێوازە پەسەندەکان.. هەروەها کۆزەوقێك کە هاوبەشییەکی کۆمەڵکاری دەرەخسێنێ بۆ سۆز هەڵڕشتنی کە توانای پێگەیشتنی نیە.. ئەوەیە کە بۆ پێشکەشکاریەکی نوێ دەگەڕێ.. نەك بۆ ئەوەی چەژی لێ ببینێ بەڵکو هەستێکی بەهێزتر بگوێزێتەوە بەجۆرێك پێشکەش کردنی پێ ئەنجام

نەدرێ.. هونەرمەند یانووسەری (لەدوای نوێگەری) لەبارودۆخی فەیلەسووفدایە: ئەو دەقەی کە دەیبینووسێ و ئەو کارەی کە دەیهێنێتە بەرهەم بەشێوەیەکی مەبدەئی و پێشبینی بنەماگەلێکی چەسپاو هەڵیان ناسەنگێنێ و ناشتوانرێ پێ بەپێی حوکمێکی دابڕاو تەواو لەرێگای ئەنجامدانی گوتەگەلێکی دابینکراوەوە حوکم بەسەر دەقەکە یابەسە کارەکەدا بدرێ.. ئەم بنەما گەل و گوتەگەلە ئەوانەن کە خودی کاری هونەری بۆیان دەگەڕێن.

هونەرمەندو نووسەر بەم پێودانگە بەبێ بنەما کار دەکەن، بۆ ئەوەی بنەما گەلێك دابڕێژن کە لەڕاستیدا داڕشتنیان تەواو بووە. لەڕاستیدا لێرەوە دەردەکەوێ کە کارو دەق مۆرکی نوێیان هەیە.. دیسانەوە لێرەوە هەمیشە هەردووکیان پێ بەپێی دانەرەکەیان زۆر لەدواوە دێن.. ئەگەر هاتوو هەمان شتمان بەشێوەیەکی دی گوت.. ئەوە بارودۆخیان لەکردەی جێبەجێ بوونیاندا – ئەنجامدانیاندا– هەمیشە زۆر زوو دەس پێ دەکات. پێویستە لەسەرمان لەدوای نوێگەری پێ بەپێی ناکۆکی پاشەڕۆژی پێشین تێبگەین.

واشم بۆ دەرکەوێ کەوتاری (مۆنتانی) لەدوای نوێگەرییە. لەکاتێکدا بۆ نموونە (ئەسبنیوم) Athaeneum نوێگەرییە.

لەدواییدا دەبێ ئەوە روون بێ کە ئەرکی ئێمە پێشکەش کردنی بارودوخێك نیە بەڵکو داهێنانی ئاماژەکارییەکە بۆ شتگەلێك کەهەست پێ دەکرێ و ناتوانرێ پێشکەش بکرێ. ئێمە بۆیشمان نیە چاوەڕوانی ئەوە بکەین ئەم ئەرکە کاربکاتە سەر دوا تەبایی نێوان (گەمەکانی زمان کە –کانت– وای بۆ دەچێ لەژێر ناوی بەهرەکاندا هەڵدێرگەلێك لێکیان دەترازێنێ).

واهیمەی بەرزەفڕ –لەلای هیگڵ– تەنها شتێکە هیوای ئەوەی لێبخوازرێ هەمووی لەیەکێتییەکی راستەقینەدا کۆبکاتەوە. بەڵام (کانت) دیسانەوە زانیویەتی ئەو نرخەی بەرامبەر بەو واهیمەیە دەدرێ تووندو تیژییە..و هەردوو سەدەی نۆزدەو بیست بایی ئەوەی بەرگەی بگرین تووندو تیژیان بۆ دابین کردووین.. نرخێکی گرانمان دابەسۆزو بۆ هەمووانو بۆ یەکێك.. بۆ تەبایی نێوان چەمكو هەستو نێوان شارەزایی رووەو شارەزایی شایستەی گەیاندنو لەژێر پێویستی گشتیدا بۆ چك بوونو هێزربوونەوە.. دەتوانین گوێمان لەگرمو هۆڕی ئارەزووبێ بۆ گەڕانەوە بەرەو تووندو تیژی.. ئەوەش بۆ ئەنجامدانی واهیمە لەپێناوی دەسگیرکردنی واقیعدا.. وەڵامەکەش ئەوەیە: باجەنگێك دژی گشتگیری بەرپاکەین.. باشایەت بین بەسەر ئەو شتانەوە کە لەبارنین بۆ پێشکەش کردن.. باجیاوازییەکان ببوژێنینەوەو شکۆمەندی ناو رزگار کەین.

سەرچاوە:
کتێبی (الوضع مابعد الحداثي)
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ئەحمەد حەسان

پاش نوێگەری (پۆست مۆدێرنیزم)

گفتوگۆیەك لەگەڵ "ژان فرانسوا لیۆتار"

ئامادەکردنی: رامین جهانبگلو

وەرگێڕانی: نادیا نەمر

پ/ لەیەکەم کتێبتاندا، ((دیارەدەناسی)) نوسیوتانە: بۆ فەلسەفە ئەرکێکی راستەقینەتر لەدەرکی مێژوو، بوونی نییە، هێشتا لەسەر ئەو باوەڕەیت؟ و ئەگەر وەلامەکەت بەڵێیە، فەیلەسوفێکی وەك تۆ چۆن دەڕوانێتە پایانی ئەم سەدەیە؟

و/ لەراستیدا من هەمیشە لەو باوەڕەدام کەدەرکی مێژوو گرنگترین ئەرکی سەرشانی فەلسەفەیە. شایەتیشم ئەو نووسینانەیە کەئێستا لەوباڕەوە دەیاننوسمو ئەوانی تر من بەبیریارێکی سیاسی دەناسن، لەحاڵێکدا بێگومان من زۆر گۆڕاومو لەکاتی یەکەم کتێبمەوە تا ئێستا گۆڕانکاری زۆرم تێدا دروست بووە. سەرەڕای ئەمانەیش، تەنانەت گریمانە (تیۆری) پۆست مۆدێرنیزمی من بەشێوەیەك هەمان ئەو شتە دەگرێتەوە کەلەم کۆتایی سەدەدا، لەخۆرئاوادا تێدەپەڕێ. کەواتە بەشێوەیەك تەوەرەی سەرەکی کارەکەی من مێژووە. بەڵام رەنگە پێویست بێت وشەی ((مێژوو)) بەهەموو لایەنەکانیەوە لەبەرچاو بگرین، واتە مێژوو تەنها بەمانای تۆمارکردنی رووداو نەبێ، یان تەنانەت مێژووی گشتیو هاوبەشی گەلان، بەڵکو هەروەها مێژوویەکی تایبەت کەهەر کام لەئێمە هەمانەو گەلێکیش لێی بێ ئاگاین، چونکە نازانین چی ئەکەینو چی ناکەین. لێرەوە ئەگەر بەمانایەك ووشەی ((مێژوو)) (Histoire) زۆربەجدی بەکاربهێین، واتە لەراستیدا بەمانای وشە کۆنە یۆنانییەکەی ((هیستۆریا)) (Historia) کەبەمانای ((گەڕانو سوسەکردن))ە، – سوسەکردن لەمەڕ ئەمری واقعەوە، نەك لەسەر سەرچاوەو سەرەتای واقعییەت– ئەو کاتەیە دەرکی مێژوو لەو مانایەدا ئەرکی هەموو فەیلەسووفێکە.

پ/ بەرای جنابتان بەشێوەی فۆکۆیاما قسەکردن لەسەر جۆرێك ((پایانی مێژوو)) شێوازێکی راستە بۆ شیکردنەوەی گۆڕانکاریەکانی ئەم جیهانەمان؟

و/ بەرای من مێژوو هیچ جۆرە پایانێکی بۆ نییە، باسی پایانی مێژووکردن شتێکی بێ مانایە. ئەوەی کەرووی‌داوە، خامۆش بوونی بابەتگەلێکە کەیارمەتی خۆرئاواییەکانی دەدا –هەڵبەت نەك هەر خۆرئاواییەکان– تاکو خەریکی مەسەلەی مێژوو بن. واتە (لانی کەم لەدوو سەدە بەم لاوە) مێژوو بەشێوەی تراژیدیایی لەنێوان دوو ئەسڵی تێگەیشتنو کێشانەوەدا (ئەمە تەنانەت لەمەڕ وێنەیەك کەقدیس ئاوگۆستینۆس کێشابوویەوە لەکتێبی ((مدینە الاهی))دا هەر راستە)، وئەو دوو ئەسڵەیش یەکێکیان دەسەلاتو ئەوی‌تریان رەتکەرەوەی دەسەلات بوو، کەدەبوایە توانای ئەوە بەدەستبهاتبایە تاکو

بەهۆی ئەوەوە بتوانێ کاروباری مرۆڤ رێکبخات، ئێستا ماهییەتی ئەم رێکخستنە هەرچی دەبێ بابێ. کڕینەوەی تاوانەکان، کە قدیس ئاوگۆستینۆس قسەی لەسەر دەکرد، هەر ئەمە بوو. ئەو ئازادییەیش کەرۆشنگەری دوای کەوتبوو هەر ئەمە بوو. بیرۆکەی کۆمەڵگای خودموختاری کرێکارانیش کەمارکس خەونی پێوە دەدی هەر ئەمە بوو. من پێم وایە ئەم وێنەیە لەجیهان، وبەڵکو ئەم رەفتارە بەجیهانیش، لەمێژە لەئارادایە، چونکە تەنها ئایدیۆلۆژیەک نییە، بەڵکو جۆرێک رەفتاری سیاسیو کۆمەڵایەتیشە. کەواتە ئەم بیرۆکەی ((پایانی مێژوو))ە لەراستیدا پەیوەندیی لەگەڵ چەمکی تراژیدیادا هەیە. تراژیدیایەک کەتیایدا، وەک شانۆنامەکانی شکسپیر، لەلایەکەوە پادشایەکی دڕۆزنو داگیرکەر هەیەو لەلایەکی ترەوە شازادەیەکی راستەقینە کەشایانی ئیرادەی کۆمەڵگایە، بەڵام لەدەسەڵات دوورکوتووەتەوەو پێویستە دووبارە بەدەستی بهێنێتەوە. ئەم دۆخە لەجەنگی نێوان میلەتەکانیشدا دەبینرێت، تەنانەت لەناو خودی میللەتەکانیشدا دەبینرێت. من لەسالانێکی نەهێندە دوورەوە، لانیکەم لەکاتی نووسینی کتێبی ((هەلومەرجی پۆست مۆدێرنیزم))ەوە، رێگەچارەکانی مارکسیستی رادیکاڵو دژەستالینو دژەترۆتسکیستی-م خستوەتە لاوە (چون من پێم وایە ترۆتسکیستەکان تۆنەدەگەیشتن لەوەی لەسۆڤیەتدا رووی دەدا). ئێمە لەگروپی ((سۆسیالیزم یان دڕەندەخوویی (توحش))) تەنها خەریکی رەخنەی ستالینزمی نەبووین، بەڵکو رەخنەمان لەسەرمایەداریش دەگرت کەلەوکاتەدا، پاش دەربازبوون لەقەیرانێکی سیساڵە، واتە پاش دوو جەنگی جیهانی، لەترۆپکی گەشەو گەرمەی بیناکردنەوەی خۆیدابوو. بەڵام، ئەمڕۆ من ئەم شێوە بیرکردنەوەم خستوەتە لاوە. من هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کەلەو وێنەیەدا هەڵەیەک هەبوو وئەو کرداریش راست نەبوو، چونکە من رۆشنبیرێکی پابەند (متعمد) بووم. لەبەر ئەوەی بەرای من هیچ نیشانەیەک لەبکەرێکی مێژوویی تر نەبوو کەچاوەڕێی بەدەستهێنانی دەسەڵات بێت، و ئەو نیشانانەیش کەهەوڵمان داوە لەئاستی خەباتی چینایەتیدا ئاشکرای بکەین هیچ مانایەکیان نەبوو، وتەنانەت خەباتەکانی دژ بە ئیستعماریش لەملایەنەوە پیشاندەری هیچ شتێک نەبوونو نەیاندەتوانی ئەمپریالیزم بروخێنن. لەگەڵ ئەمانەیشدا لەساڵی ١٩٨٦دا من لەریزی یەکەمدا بووم، بەڵام دەشمزانی کەئەو بزووتنەوەیە شۆڕش نیە، بەڵکو شتێکی تڕە، هەروەها من لەو باوەڕەدا نیم کە مێژوو کۆتایی پێهاتبێت، بەراستی نازانم ئەم چ مانایەکی هەیە.


ژان فرانسوا لیۆتار

تەنها دەتوانم بڵێم کەمێژوو ئاراستەی خۆی گۆڕیوە،و ئێمە ئێستا لەسیستەمێکدا دەژین کەهیچ رەقیبێکی لەبەرامبەردا نییە، لەگەڵ روخانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتو لینینیزم، ئێستا دەزانین کەئالتەرناتیڤێکی راستەقینە وجودی نییە. ئەو دژایەتییانەی کەلەئارادان بەتایبەت لەپەراوێزی سیستەمەوە پەیدادەبن کەئەوانیش بەدەست خودی سیستەمەوە لەرەنجو ئازاردان. لێرەوە، ئێمە لەمێژوویەکدا دەژین کەئیتر تراژیدیای تێدا نییە، مەبەستم تراژیدیا ((بوونناسی))یە. دژایەتیگەلێك لەئارادان کەدەتوانن ترسناك بن، بەڵام لەریزی گۆڕینی گشتیی کۆمەڵگاکاندا نین. کەواتە ئەمە بەو مانایە نییە کەئیدی مێژوو بوونی نییە، بەڵکو بەو مانایە کەسیاسەت لەوڵاتەکانی پاش تەکنۆلۆژی بریتییە لەچاك یان خراپ بەڕێوەبردنی پرۆسەی کۆمەڵایەتیەکانو بزوتنەوەکانی خەڵکو پرۆسەی پارەو لەم بابەتە.

پ/ لەیەکێك لەگوتارەکانی کتێبی ((ئاکارەکانی پاش نوێگەری))تاندا کەباڵاوبۆتەوە، نووسیوتانە: ((لەپێشبڕکێی نێوان سیستەمەکاندا، کراوەیی‌و یاری (Iejeu) لەخەسڵەتە دیاریکەرەکانن کەئەمانە لەرەفتارەکانیاندا رەچاوی دەکەن)). مەبەستی ئێوە لەوشەی ((یاری)) چییە؟ چونکە لەبیرمە لەکتێبە سەرەتاییەکانتدا ((یاری))ت لەئاستی زباندا باسکردووە. ئایا مەبەست هەمان ((یاری))یە؟

و/ نەء، مەبەستم ئەوەیە کەسیستەم لەسی ساڵ پێش ئێستا بەمدواوە بەتواناتر بووە، سەرمایەداری ناسکتر بۆتەوە، ئاڵۆزتربووە، سەرمایەداری هەموو قەڵەمڕەوی فەرهەنگ (کەلتوور)ی بەلای خۆیدا راکێشاوە، کەواتە بەوپەڕی تواناوە هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بردوەتە ئاستی بازرگانی. ئەو گوتارە لەراستیدا دەقی گوتاری کۆڕێکی منە لەئەمریکا لەبەرامبەر هاوڕێ مارکسیستی‌یەکاندا کەهیچ ئەزمونێکی خەباتی سیاسی‌یان نەبوو. دەمەویست بەوان حاڵی‌بکەم کەسیستەمی سەرمایەداری، بەپێچەوانەی خەسڵەتی تۆتالیتاربوونی –لەو رووەوە کەهەموو نوێنەرایەتی‌و هەموو چالاکی‌یەك تێکدەشکێنێ– لەبەر نەرمبوونی‌یەوە، لەرادەبەدەر بەتوانایە، لەبەر ئەوەی کەناو کۆمەڵەی دیش‌و گێڕەکانیدا جێگایەکی بۆ ((یاری))یش هێشتۆتەوە، بەشێوەیەك کەنوێکاری‌و شتە تازەکانیش بتوانن دروست ببن‌و گیانی هەستان بۆ کردەوە‌و پرۆسە لەئارادا هەبێت‌و کەسانێکی وەك من‌و تۆیش بتوانن رەخنەی لێبگرن. ئەو رەخنەیە تۆماردەکرێ‌و سیستەم کەلکی لێ وەردەگیرێت، ئەمەیە گرنگترین بیرۆکە. تۆ بڕوانە، کوتومت وەك ئەوە وایە کەلەتاقیگەیەکی زانستدا بین، پێش هەموو شتێك دەبێ هێزی خەیاڵمان هەبێت‌و پاشان ببینین‌و ئینجا دەبێ هەوڵ بدەین بینراوەکانی خۆمان بسەلمێنین. بەڵام ئەوەی راستی بێت سیستەمی سەرمایەداری خاوەنی هێزی خەیاڵە، کەواتە ئەوە دەگەیەنێ کەتەنها یەك مێژوو لەئارادا نییە، بەڵکو ئێمە لەگەڵ چەند مێژوودا رووبەڕووین. لێرەوە ناتوانین باسی ((پایانی مێژوو)) بکەین. تەنها مەسەلەی گرنگ ئەوەیە کەبزانین ئایا ئەم سیستەمە قابیلی کۆتاڕۆڵکردنە یان نەء؟

پ/ بەڵام ئایا ئەرکی فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرن ئەوەیە کەمەودای نێوان هەرکام لەیاری‌یە سیاسی‌یەکان بپارێزێت –بەهەمان شێوەی کەجەنابت ئەم دۆخەت لەبارەی یاری‌یەکانی زمانەوە لەکتێبەکەتاندا بەناونیشانی ((بەدروستی)) وەسف کردووە؟

و/ بەهیچ کلۆجێ وەك یاری‌یەکانی زمان نییە، چونکە سەر بەدوو ئاستی جیاوازن. زمان ئەچێتە خانەی ((بوونناسی))یەوە کەمن هەوڵمداوە، لەکتێبی ((ناکۆکی))دا بەپشتبەستن بەبیری وینگشتاین وەسفی بکەم. ئەو یاری‌یەی کەمن لێرەدا باسی دەکەم لەجۆری میکانیزمێکی ناسکە کەدەکرێ بەسیستەمێکی لەقەڵەمبدەی کەلەناو دڵی سیستەمێکی تر مۆدینامیکی‌دا جێگیر بووە کەلەگەڵ ئەنترۆپی‌دا لەجەنگدایەو دژە ئەنترۆپیی پەروەردە دەکات. ئەمە سیستەمێکە کەوزە هەڵدەلووشێ‌و لەهەمان کاتدا دەتوانێ وزەکان لەگەڵ یەکدی ئاڵوگۆڕ بکا (واتە وزەکان بگۆڕێ). ئەم سیستەمە بەردەوام لەگەشەدایە. کەواتە فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرن دەبێ چی بکات؟ ئەرکی ئەو بیرکردنەوەیە لەسەر ئەم بارودۆخەو هەوڵدانە بۆ دەرکی شێوازی کارکردنی ئەو سیستەمە. بەڵام ئەرکێکی تر کەهەیەتی ئەوەیە کەبۆچوونەکان‌و پابەندبوونە گەوجانەکان کەلەمەڕ بەدووپارچەکردنە کۆنەکان وەك راست–چەپ لەئاراداان بەهیچ بزانێ‌و ئەنەما نازانن کەجیاوازیی چەپ‌و راست لەسەر شێوەی بەڕێوەبردن‌و دابەشکردنی مووچەو سەرمایەگوزاری‌و مەسەلەی کۆچکردنە. تەنها جیاوازی لەسەر ئەمانەیە. لەم مەسەلانەدا، گۆڕینی تەنها یەك ژمارەی کەرتی دەیی لەبوجەداکنا ئاکامێکی زۆر گەورەی بەدواوەیە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی کەلەسەردەمی گەنجێتی منداء –پێش جەنگی دووەمی جیهانی– رووی دەدا، ئێستا ئیتر کەس ئامادەنییە لەسەر دروشمی راست یان چەپ خۆی بەکوشت بدات. من پێم وایە کەئێمە لە((کۆتایی مێژوو))دا نین، بەڵکو لەکۆتایی رزگاردەرە جیهانی‌یەکاندا، ولەپایانی قارەمانگەری‌یە تاکی‌یەکاندا دەژین –قارەمانگەرایی بەمانای بەرگری لەئامانجێکی دیارو مردن‌و لەرێگای ئەو ئامانجەدا. من گفتی ئەوە بەتۆ دەدەم کەئەمڕو تەنانەت راستێکی تۆندڕەویش ئامادەنییە لەپێناوی بیروباوەڕیدا خۆی بەکوشت بدات، وبەهەرحاڵ بێگومان لۆپن (Lepen) کاری وا ناکات.

پ/ بەڵام فەیلەسوفێك چۆن دەتوانێ لەزیانی سیستەمێکی ئاوهادا کەجەنابت وەسفی دەکەی خۆی بپارێزێت؟

و/ هیچ پەناگەیەك نییە. من تەنها دووشت ئەڵێم، کاتێك کەدەنووسین، کاتێك دەچینەبیری فەلسەفیەوە، مەسەلەکە لێرەدایە کەبزانین بۆچی بابەتی فەلسەفی دەنووسین. ئەگەر مەبەستی راستەوخۆمان پەیداکردنی بەرامبەر (مخاطب)ی تازەو هەروەها، زیادکردنی نرخی خوێنەرانو لەئاکامدا، فرۆشتنی زیاتری کتێبەکانمانو بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەبازاڕدایە، ئەوا پێم وایە تاوانمان کردووە. من بەئانقەست وشەی ((تاوان)) بەکار دەبەم، چونکە بەراستی کاتێ فەیلەسوفێك بیردەکاتەوە، کاتێ قسەدەکات، تێدەکۆشێ وەلامی مەسەلەیەکی دژوارتر بداتەوەو پێویست ناکات ئەو مەسەلەیەش پەیوەندی بەخەڵکانی تریەوە هەبێت.و کاتێ فەیلەسوفێك لەسەر مەسەلەیەك دەنووسێت، راست لەبەر ئەوەیە کەخۆی دەیەوێ بزانێ ئەو مەسەلەی چییە. لێرەوە بەرامبەر نەناسراوە. بەڵام بەهەرحاڵ بەرهەمەکەی تۆ بەئەرشیف دەسپێردرێت، چونکە سیستەم هەموو شتێك دەخاتە ئەرشیفەوە، کەواتە تەنانەت ئەگەر تۆ دەستنووسێکی بچووکیش لە ٢٠٠دانەدا لەناوچەیەکی دوورەدەستی سویسرا بڵاوبکەیتەوە، ئەوەیش دەچێتە ئەرشیفەوە، ئەوەیش دەچێتە ناو کۆمپیوتەرەکانی کتێبخانەی کۆنگرێس لەواشینگتۆن، کارێك کەزۆر ئاسانەو رەنگە رۆژێك بەکاربێت. بڕوانە، لەم حاڵەتەدا هیچ پەناگەیەك نامێنێتەوە، بەڵام رەنگە بەرهەمەکەی تۆ رۆژێ لەرۆژان بەکاربێت. ئەمە وەك ئەوە وایە کەئەنشتاین کتێبی ((ڕێژەی تایبەت))ی بڵاوکردەوە، بەڵام دەسااڵی کێشا تا ئەو کتێبە کەشف کراو بەکاربرا.

لێرەوە ڕێگای فەلسەفە لەراستیدا ئاشکرایە: پاراستنی ئەو شتەی کەپرسیار دەکاتو بەم حاڵەیشەوە هێشتا ناتوانێ پێناسە بکات. ئەمەش بەو مانایە کەفەیلەسوف وەك هاوواڵتییەك ئاگا کەرەکەی ئەنجام بدات، واتە باسی ئەوەبکات کەچ شتێك عادلانەیەو چ شتێك ناعادلانە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین کارێکی ئاوها بکەین پێویست ناکات حەتمەن دەبێ فەیلەسوف بین.

پ/ بەڵام چۆن دەتوانین لەکۆمەڵگای ئەمڕۆدا بۆ دادپەروەری بجەنگین. لەحاڵێکدا دەبینین کەپێوەرو ئەندازە بۆ قانونو دادپەروەری لەپێشدا ئامادەکراوە؟

و/ یەکەم ئەوەیە کە گەڵ بابەت هەن کەتیایاندا پێوەرەکان روونو ئاشکرانین، تەنانەت لەسیستەمێکی کۆماریدا کەتیایدا دەربارەی بابەتگەلی جۆراوجۆر دەبێ بڕیار بدرێت. من پێم وایە بەرپرسیاربوون لەبەرامبەر چەمکی دادپەروەریدا کەتاکێك تێدەکۆشێ خۆی، لەلایەن خۆیەوە دایبڕێژێت، بەم مانایە کەبڵێ: ((سەرنج بدەن، هیچ ڕێسایەکی لەپێشدا داڕێژراو نییە))، (ئەرکی منە کەیاسا بدۆزمەوە، ئەرکی منە کەدیاری بکەم کێ مافی بەدەستەو کێ ناحەقە، ئەرکی منە لایەنگری لەفلان یان فیسار لایەن بکەم. یان ئەوەی کەبپرسم ئایا پێویستە حەتمەن لایەنی باڵێك بگرم؟)) دەبێ داهێنەری کێشمەکێشی نێوان دوو لایەنەکە بیت. هەندێجار هەلومەرجەکە سادەترن. بەڵام کاتێ لەکۆمەڵگایەکی زۆر ئاڵۆزدا دەژین، هەلومەرجەکانیش رۆژبەرۆژ ئاڵۆزترو زیادتر دەبن.

پ/ ئایا سەرەنجام مەسەلەکەی ئێمەیش هەمان مەسەلە تراژیدیاکەی ((ئانتیگۆنە))ی سۆفۆکل–ە؟

و/ هەرگیز. هەڵبەت وەکو لایەنی دادپەروەری نمونەیەکی زۆر باشە، دژایەتی لەنێوان یاسای کۆمەڵگاو یاساکانی دەرونی ئێمەدا بەردەوام لەئارادایە. رەنگە هەندێجار ئەو یاسایانەی کەلەکۆنگرێسدا دەردەکرێن –کەئەندامانی ئەو کۆنگرێسە بەشێوەی دیموکراتی هەڵبژێردراون– بەلای کەسێکەوە ناعادلانە بێت.

پ/ نەخێر لەمەو پێش باسی چەمکی ((ئەرشیف))و ئەم راستیەت کرد کەسیستەم هەموو شتێك بەبیری خۆی دەسپێرێو هەموو شتێك تۆمار دەکات. بەڵام من لەیەکێك لەبەرهەمەکانتدا ئەم بیرۆکەم بینیکە: ((پۆست مۆدێرنیزم فەرامۆشکردنی مۆدێرنێتیە)) ئەمە بەو مانایە کەلەجیهانی ئێمەدا بەشێکیش تایبەتە بە ((فەرامۆشکردن)). وایە؟

و/ تەواو راستە. بەشی فەرامۆشکردن لەجیهانی ئێمەدا زۆر مەزنە. ئەمە، ئەو فەرامۆشکردنەیە کەبەردەوام بەبیرمانا دێتەوە. ئەم پارادۆکسە هەیە، بەڵام رەنگە تەنها نیوەی هەبێت. چونکە ئەوەی کەسیستەم بەشێوەیەکی بڕاوە فەرامۆشی کردووە،

ئیتر بەبیری ناهێنێتەوە، فەرامۆشکردن، کارێکە کەئیتر بەبیرنایەتەوە، کارێکە کەئەرشیف نەکراوە، ئەو کارەیە کەتەنها لەحاڵی حازردا بوونی هەیە، بەڵام لەهیچ رابردوویەکدا جێگیر نەبووە، ئەوەی کەلایەنی رەخنەیی هەبێت، کوتومت ئاوایە، کارێکە لەحاڵی حازردا روودەدات بەڵام نایەڵێ بەئاسانی بچێتە ناو ئەرشیڤەوە.

پ/ ئایا ئەم دیدە فەلسەفییە بەرەو لایەنی ((ڕێژەگەرایی گشتی))مان نابات؟ ئایا تۆ لەگەڵ ئەوەدا هەیت کەڕێژەیگەرایی‌و پۆست مۆدێرنیزم لەیەک جیابکرێتەوە؟

و/ پۆست مۆدێرنیزم گەلێجار بەمەیدانی ئاشکرابوونی ڕێژەگەرایی یان تەنانەت فرەبوون‌و زۆربوونی گشتی لەقەڵەم دەدرێت. بەرای من پۆست مۆدێرنیزم ئەمە نییە. من دیدێکی رەخنەیی‌یانە ترم بەرامبەر بەپۆستمۆدێرنیزم هەیە. لەبەر ئەمەیش کەلە بەرهەمەکانی ((کانت))و لەرەخنەی سێهەم، واتە ((رەخنەی هێزی هێزی داوەری (حەکەمییەت)))دا بەشوێن رەگە فکرییەکانی خۆمدا دەگەڕێم. چونکە، بەپێچەوانەوە، کاتێ دەبینم کەبۆ داوەریکردن پێوەرێک وجودی نییە –وەک ئەوەی کەکانت دەڵێ– ئەو کاتەیە کەدەبێ لەگوتنی ((ئەمە جوانە)) یان ((ئەمە راستە))دا جدی‌تر بین. هەست دەکەم لەکانت نزیکترم، هەرچەندە کانت ڕێژەگەرانییە. ڕێژەگەرایی بێرێکی زۆر روکەشی‌یانەیە. بۆ ئەوەی کەبڵێین ((ئەمە جوانە)) یان ((ئەمە راستە)) دەبێ هەلومەرجی مەعریفەیی وشەکە بەماناکانی‌یەوە بەجێ بهێنین. لەگەڵ ئەم بیرۆکەی دیاریکردنی ((هەلومەرجی مەعریفە))دا هاودەنگم، هەر لەبەر ئەوەیشە کەڕێژەگەرا نیم. بەڵام لایە کەجیهانی هەنووکەیی جیهانێکی خەمساردو کارئاسانکەر بێت، واتە جیهانی پشێوی کەئیتر ((یاسا))ی تێدا بەدی ناکەیت. چەمکەگەلێک وەک ((پێشکەوتن))و ((ڕزگارکەری)) ئیتر مانایان نامێنێ، لەبەر ئەوەی کەئیتر ((یاسا)) بوونی نییە. جیهانی دڵەڕاوکێ‌یەو خۆڕئاوا دووچاری ئەم دڵەڕاوکێ‌یە.

پ/ ئایا ئەم پەڕێشانی‌و دڵەڕاوکێ‌یە –بەمانا هایدگەریەکەی– ئەوجادانە نین کەلەهیچ کۆتاییان نایەت؟

و/ دەزانیت کەمن هایدگەری نیم، بەڵام لەگەڵ ئەو بیرۆکەی هایدگەردا هاودەنگم کە ((بوون لەجیهاندا)) هەمان ((بوونی پەڕێشانی (دڵەڕاوکێ)))یە. ئاشکرا، هەرکە رەخنە لەبەهاکۆنەکان دەگرێت، ڕووبەڕووی پەڕێشانی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی کەڕووبەڕووی بیرۆکەی بەرپرسیارێتی دەبێتەوە. ئەم بیرۆکەی کە ((من کێم؟))، ((لەکوێدام؟))، ((دەبێ چ بکەم؟)) دەقاودەق لەرایەکانی فرۆید لەکتێبی ((ژیارەو ناڕەزامەندی‌یەکانی))دا دەیبینی. ئەمە هەمان بیرۆکەیە، واتە بەو ئەندازەی کەژیارە پێشدەکەوێت‌و گەشە دەکات، بەهاکانیش لەبەین دەبات، وپەڕێشانی بەلەناویردنی سیمبوڵەکان تەنها توندتر دەبێتەوە.

پ/ دەکرێت بۆ چەند ساتێك بگەڕێینەوە سەر چەمکی ((پاش نوێگەری))؟ چۆن پێم وایە تەمومژێکی زۆر دەوروبەری ئەم چەمکەی گرتووەتەوە، چ چەپ،و چ ڕاست ئەم چەمکە بەشێوەیەکی گومڕاکەرانە، بەکاردەبەن لەمەڕ سینەماو ئەدەبیات‌و سوسیولۆژی‌و فەلسەفەوە. لەکاتی باڵوبوونەوەی ((مەرجەکانی پۆست مۆدێرن))، لە پانزە ساڵ لەمەوپێش‌دا، ئایا دەربارەی ئەم بابەتە بیروڕات گۆڕاوە، یان ئێستاش ((پاش نوێگەری)) بەهەمان شێوە پێناسە دەکەیت؟

و/ پێم وایە نەختێك مانای وشەکەم بەرفراوانتر کردوەتەوە، چونکە نزیکەی پانزە ساڵ لەمەوپێش زانکۆی ((کبکە)) داوای لێکردم کە ڕاپۆرتێك لەسەر بارودۆخی مەعریفە لەکۆمەڵگای ((پاش پیشەسازی))دا ئامادەبکەم. لەبەر ئەوە من دەربارەی زانکۆو تیۆرییە زانستی‌یەکان هەوڵێکم دا، بەڵام لەوکاتەوە تائێستا وشەی پۆست مۆدێرن (پاش نوێگەری) گەڵ بەرفراوانتر بۆتەوەو پەیوەندی‌یەکی لەگەڵ بیرۆکەی مۆدێرنتی‌دا نییە کە، وەک تۆ دەڵێی، بەرەنگاری‌یەکە لەبەرامبەر فەرامۆشیدا، ئێستا من واراهاتووم کەبڵێم: ((وریابن، ئێستا مەبەست لە پۆست مۆدێرن شتێکی ترە)) دەتوانم سێ نوسەری سەدەی شانزە ناو ببەم کەلەجۆری پۆست مۆدێرنن. کەیەکێکیان ((مۆنتنی))یە لەبەرامبەر ڕۆمانەگەورەکانی کریستیانیدا. گوتارەکانی مۆنتنی جۆرە فەرامۆشکردنێکی کۆتایی هەڵنەگرە. ئەوی‌تریان ((ماکیاولی))یە، کەلەبەرامبەر سیاسەتدا بەپۆست مۆدێرن لەقەڵەم دەدرێن. چونکە ئەمە ئیتر نەسیاسەتی ڕۆمایەو نەسیاسەتی دەوڵەتە کۆماری‌یەکان، بەڵکو فەرامۆشکردنی سیاسەتە وەک کڕینەوەی تاوانەکان (redemption).و پاشانیش

سـروانتس، لەبـەر ئـەوەی کەکارەکـەی ئـەو فەرامۆشکردنی شتێك بوو کەبڕیاربوو ببێتە ڕۆمانی بورژوا. واتـە نووسـین لەسـەر کەسـێك کـەدەیتوانی ببێتە قارەمان. کەواتـە لەراستیدا ئـەم سێکەسـە نوسـەرانێکن کەجێگـەیان لەئاسـۆی مۆدێرنیتـەی دووەمدایە، واتەی ئـەوەی کەئیتالیـیەکان بـە ریسـۆر جێمینتۆ (riror gimento) ناوی دەبـەن. ئـەوان یـەکدی ناناسـن، بـەڵام هەرکامـەیان لەقەڵـەمڕەوی خۆیاندا ڕەخنە لەفەرامۆشکاریو فەرامۆشی دەگرن.

پ/ لەراستیدا ئـەو سـێ نووسـەرە لەپێشـدا لـە ((لەداهاتوویەکی دواتر))دا دەژین.

و/ بەڵێ، لەبەر ئـەوەی لـەم بابەتـەوە توانایـەکی ئاوها بـۆ بێمتمانـەیی وجـودی هەیـە، وأتـە نـەبوونی بڕوا بەو شتەی کەبـەناوی ئایدیالـەوە بەسـەر ئێمـەدا دەسـەپێندرێت ئایدیـالێك کەلەمـەر هەرسـێکیانەوە یەکسانە. بێگومـان ئـەم ڕەخنەیـە لـە ((جۆیـس)) و ((بکـت))یشـدا دەبینـم، توانـای بڕوانـەکردن بەئایدیالێك، وەێنانە ئارای ئەم پرسیارە بنەڕەتیە کە ((شـێوەکاری چییـە؟)) لـە ((سـیزان))و ((فـۆن گۆگ))یشدا دەبینم. بەرای ئەوان وێنەکێشان جۆرێـك سـتایشکردن، یـان بەبیرهێنانـەوە نییـە. بـەڵای جۆیـسو بکتیشـەوە لەئاسـتی زمـاندا هەربـەم شـێوەیە، (بـەڵام) نـەء، لـێرەدا کاتمەندیـیەکی تـر هەیە. ئەو کاتمەندیـیە لەگـەڵ کاتمـەندیی سـەردەمی مۆدێرنیتەدا جیاوازە –کەبریتیە لەئارایشتکردنی یەك لـەدوای یـەکی قۆناغـەکانی گەشـەی شـتێك. بـەڵام لەپۆست مۆدێرنیزمدا گەشەییەك وجودی نییە، ناکرێ بڵێین بیکیت لەمونتنی چاکترە. ئەم قسانە بێمانایە، کەواتـە گۆڕانکاریـیـەك لەچارەنووسـی پۆسـتمۆدێرنیزمدا ڕووێداوە، بـەو مانایـەی کەلەراسـتیدا ئیـتر مەسـەلی مـن خـەریکبوون بـەبارودۆخی زنجیرە گفتوگۆی زانستیـیەوە نییـە– بەو شێوەی کەلـەپانزە ساڵ لەمەوبـەر بوو– بـەڵکو خەریکی هونەرو سیاسەتیش دەبم. بێگومان ئەمەیان ئـاڵۆزترە، لەبـەر ئـەوەی ئیـتر کـاری ئێمـە دەستنیشـانکردنی نیشـانەی نەخۆشـی لـەئێرەو لەئێستادا نییـە، بـەڵکو تێفکرانێکـی گشـتی تـرە دەربـارەی ئـەو شـتەی کەبـەمانای بیرکردنـەوەو نوسینە.

پ/ بیر لەوە دەکەیتەوە کەمەترسی ئەوە هـەبێت کەپۆست مۆدێرنیزم خۆی ببێتـە فەلسـەفەی مێـژوو، لەهەمان کـاتدا کەرەخنـە لەفەلسـەفەکانی مێـژوو دەگرێت؟

و/ ئەگەر ناوی ((پۆست مۆدێرنـیزم))ی لێبنێـین، ڕەنگە بەم شێوەیە بێت. بەڵام من هیـچ کاتـێ باسی ((پۆسـت مۆدێرنـیزم))م نـەکردووە. ئەمریکییـەکان پاشـگرێکی ((ئـیزم))یـان لکـان بـە ((پۆسـت مۆدێرن))ەوەو دەسـتیان کرد بەقسـەکردن لەسـەر ((پۆست مۆدێرنیزم)). من باسی (پۆست مۆدێرن)) (Post moderne)م وەك ناوو وەـم وەك سـیفەت کـردوەو لەحاڵـەتی پێویسـتدا، لـە ((پۆسـت مۆدێرنیتە)) (Post moderrinte)یش دواوم. بـەڵام هـەرگیز ((پۆسـت مۆدێرنـیزم) (Post modernisme)م بەکارنـەبردووە. چونکـە پۆسـت مۆدێرنیزم بووە بەجۆرێك فەلسەفەی مێـژوو کەدەڵێ ئیدی فەلسەفەکانی مێژوو بونیـان نییـە. ئـەم قسـانە بێ مانان. لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی هەڵەیەکی مەنتیقی دەبینەوە، دژایەتیەك لەزاراوەکاندا. ڕاسـت وەك ئـەو کاتەیـە کـە ئەرەسـتو دەیگـوت نـاتوانین ((ئەسـڵی دژەکان)) پیشان بدەیـن، لەبـەر ئـەوەی کـەخودی پیشاندان لەخۆیدا پێویستی بە ((ئەسڵی دژەکان))ە.

پ/ لەکۆتایی ئەم گفتوگۆیـەدا، حەزدەکـەم بـزانم بیروڕای جـەنابتان سـەبارەت بەچۆنییـەتی فەلسـەفە لـەدونیای ئـەمڕۆی خۆرئـاوادا چییـە. چونکـە لـەگوتارێکدا بـەناوی ((animd minimd)) لـەم کتێبەی دواییتاندا، ((ئاکارەکانی پۆسـت مۆدێرن))، ئـەم ڕستەیەك بـەڕچاو کـەوت کـە ((نیشـانەگەلێك بەدەستەوەن کـە ژەهـری جوانناسـی فەلسـەفەیشی دەردەدار کـردووە، تائـەو ڕادەیـە کەبـەهیوای دۆزینـەوەی دەرمانێکـە بـۆ ناکامییـەکانی لەناوجوانناسیدا)). مەبەسـتتان لەم ڕستەیە چییە؟

و/ مـن بەهایـەکی زۆر بـۆ فەلسـەفەی سـەردەم دانـانێم، تەنـها بایـەخ بەچـەند فەیلەسـوفێکی هاوچەرخی ئەوروپاو ئەمریکا دەدەم. هەرچەند ئەوان بایەخێك بۆ من دانانێن.

ئەگەر مەبەستت لەفەلسەفەی ئێستا، ئەو فەزایـە کەوا دەقە فەلسەفییەکانی ئەمڕۆ وێنەی دەکەن، من سـەرم سـوڕدەمێنێ لـەوەی کـەدەبینم پـتر لـەپێش مـەیلێکی ئـەوتۆ لەبەرامبـەر بەجوانناسـی لـەنێو فەیلەسـوفەکانی ئـەمڕۆدا دروسـت بـووە. سـەد سـاڵ لەمەوبـەر بنـەمای ئـەکادیمیو ڕەسـمـی فەلسـەفەو فێرکردنی فەلسەفە، تیۆرەی زانستو ئەپستمۆلۆژی

بوو. لەئەڵمانیاو ئینگلتەراو فەرەنسادا بارودۆخی فەلسەفە بەو شێوەیە بوو. بەڵام ئەمڕۆ قەوارەی ئەو کارانەی لەبواری ستاتیکیدا دەکرێت زۆر زیاترە. لەفەرەنسادا فەلسەفەی زانستەکان هەیە، بەڵام تەنها بەشێکی کەمی قەڵەمرەوی بیرکردنەوەی فەلسەفەی داگیرکردووە. فەلسەفەی زانستەکان لەفەرەنسادا بەزۆری پەیوەندی هەیە لەگەڵ فەلسەفەی شیکاریی ئەنگلۆساکسۆن، یان پۆزیتڤیزمی مەنتیقی، کەسەرچاوگەیەکی رەسەن نییە بۆ بیرکردنەوە. مەبەستم رەخنەی فەلسەفەی شیکردنەوە نییە- کەهەندێجار زۆر بەکەڵکە، بەڵام زۆریش وەرەزی هێنەرە.

پاشانیش نەریتی وینگشتاین هەیە کەئەویش هێشتا شتێکی جیاوازە. بۆنمونە وینگشتاین بەهێنە بەرچاو، ئەو لەژێر کاریگەریی پۆزتیڤیزمی لۆژیکیدایەو تراکتانۆس دەنوسێ، بەڵام پاشان بیرۆڤای دەگۆڕدرێتو دەست دەکا بەنووسینی زنجیرە گوتاری فەلسەفی کەبەرەو توێژینەوەی زمانی ئاسایی‌و رێگەی بەوجودی بوونی دەباو پاشان بەرەو مەسەلی جوانناسی‌و ئاکاری دەکشێنێ.

بەرای من ئەم رەوتە شەپۆل ئاسای ویتگنشتاین تارادەیەکی زۆر پیشاندەری بارودۆخی زاڵی ئەمڕۆیە بەسەر فەلسەفەدا. وەلەراستیدا پرسیارەکەی من ئەوەیە کە بۆ دەبێ ئەم سەرنجە بەرامبەر بەئیستاتیك هەبێت. من لەوە دەترسم کەبەگوێرەی باو، فەلسەفە درەنگخۆی بگەیەنێ، واتە فەلسەفە کاتێك خەریکی جوانناسی بێت کەبارودۆخی گشتیی هونەرەکان کارێکی وایان کردبێت کەئیتر جوانناسی هەر باوی نەمابێت. ئەم بارودۆخە دەیتوانی کاتێك پێش بهاتبایە کەئێستاتیك بونیات نرا، واتە لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا، ئەمە بیرۆکەیەکە تارادەیەك دواتر کەکانت‌و هیگڵ گەیاندیانە ترۆپکی خۆی.

بەڵام بەرای من ئیتر جێگایەك بۆ ئیستاتیك نەماوەتەوە بەمانا کانتی‌و هێگڵییەکەی. جوانناسی کانت دەبووایە لەگەڵ زەوقسەلیقەدا هاوئاهەنگ بووایە، لەحاڵێکدا هونەری هاوچەرخ هیچ پابەندییەکی بەو شتانەوە نییە. لەدیدی هێگڵەوە، جوانناسی تەنها یەکێکە لەقۆناغەکانی کاتی رۆح لەپرۆسەی گەیشتن بەخۆیدا. بەرای هێگڵ ئەمە قۆناغێکی کاتییە چونکە هاتنە دی راستەقینەی گیان (رۆح) هەمان فەلسەفەیەو ئەمەیش شتێکە کەبێگومان ئەمڕۆ کەس بڕوای پێی نییە.

کەواتە، ئەم جوانناسییەی ئەمڕۆ چییە؟ بەجەنابت دەڵێم، لەبنەڕەتدا فەیلەسوفەکان بەرهەمی هونەری ناناسن، ئەمە نەریتێکی کۆنە. نەهێگڵ‌و نە کانتیش شارەزاییان لەبەرهەمە هونەریەکاندا نەبوو، جگە لەو چەند بەرهەمە گەورە کلاسیکییانەی میسرو ئێران کەلەسەردەمی ئەواندا لەمۆزەخانەکانی ئەورووپادا پەیدا دەبوون. ئەگینا ئەوان هونەرمەندە هاوچەرخەکانی خۆیان نەدەناسی، ئەمڕۆیش مەسەلەکە هەر وەك ئەو کاتە وایە. فەیلەسوفەکان هونەرمەند هاوچەرخەکان ناناسن. من نیگەرانی ئەوەم.

ئێستا میژووی نووسینی بەرگی دووەمی کتێبی ((ناکۆکی))م، تاکو باسی ئەو مەسەلانە بکەم کەلەو کاتەدا (لەکاتی بەرگی یەکەمدا) باس نەکراون، واتە مەسەلەی لەش، مەسەلەی جیاوازی رەگەز،و هەروەها مەسەلەی ((جوانناسی)) لەبەرهەمە هونەرییەکاندا.

بەڵام دەزانم کەئەمە جوان ناسی نییە، دەبێ ناوێکی تری پێبدرێت.

پ/ ئایا ئەمە گەڕانەوەیەکی دووبارە نییە بۆ مەسەلەی جێسەرنجی خۆت، واتە مەسەلەی مەیل؟

و/ تەنانەت ئەم بابەتە کەپێشتر کارم لەسەر کردووە پێویستی بەوەیە کەدووبارە بدرێتەوە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. بەواتایەکی تر، مەبەست لە ((مەیل)) چییە؟ مەبەست لەمەیلی نائاگا چییە؟ ئەوەی ئاشکرایە، من بەردەوام حەزم لەدەروونشیکاری‌و مەسەلەی مەیلبووەو مەزەندە دەکەم مەسەلەی لەش (جەستە) یەکێکە لەمەسەلە گەورەکانی جیهانی مۆدێرن.

سەرچاوە:

کتێبی نقد عقل مدرن- رامین جهانبگلو

۹۹/۵/۱۱

کتێبێك دەربارەی نوێگەری و پاش نوێگەری
مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة

ئا/ ع.ت.ب



دوو پەوتی سەرەکی لە بیری فەلسەفی رۆژئاوادا هەن ماوەیەکی دوورو درێژە دوودن لەیەکو بە بەردەوامی جیاوازی پووتو قوت بەرهەمدێنن. بەڵام لایەنی کراوەی هەردووکیان جۆرە بایەخدانێکی هاوبەشی لێدەرچووە دەربارەی نوێگەری و پاش نوێگەری.

بیری رۆژئاوا بە دەوری دوو تەوەری چەسپاوی دژا دەسوڕێتەوە، یەکەمیان پێکهاتەییە و دووەمیشیان بە شیتەڵگەری بەناو بانگە. ئەگەر خوێنەر پوو لەبەشی رۆژئاوای رۆژئاوا بکات چاوی بە فەلسەفەیەکی چەسپاوو نەگۆر دەکەوێت لە ئەڵمانیاو فەرەنساو ئیتالیا، وەك کەلە پوری فەلسەفی لە سنوری میتافیزیقیای رۆژئاوادا دەستنیشان دەکرێت، واتا لە رێگای گەڕانەوە بۆ هەبوون و زەمەن و خودگەری. ئەمەش لە رێگای چەند چەمکێکی وەك (جوداسازی و نووسین وهیرمینویتك) وە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەگەر خوێنەر پوو بکاتە پۆژهەڵاتی رۆژئاوا فەلسەفەیەکی ئەنجڵۆ سەکسۆنی بەدی

دەکـاتو بـیری ئینگلـیزی و ئـەمریکی و ئوسـترالی دەخاتە چوار چێوەی خۆیەوەو بەپێی فەلسەفەیەکی ئیپستمۆلۆجی، لە زانستەکان دەکۆڵێتەوە ئەمیش بە پاڵپشتی ریازیاتو مەنتیق.

ڕەوتـی یەکـەم فەیلەسوفی وەك نیچـە و مـارتین هایدگەری هەیە، دووەمیش فەیلەسوفی وەك هیـوم و لۆدفیگ فیتجنشتاینی هەیە. دیارە هـەر یـەك لەمانە تۆمەت دەخەنە پاڵی یـەکتر. شیتەڵگەرەکان ئـەوانی تـر بـەوە تاوانبـار دەکـەن گوایـە لکـاون بـە گوتـاری میتافیزیقیـەوە کـە بەرهـەمی بیرکردنـەوەی شـتە ڕووتەکانە بە شـێوازێکی پێچاو پێچ. ڕەوتـی نیچـەو هایدگـەریش دەڵـێ: شـیتەڵخوازەکان خۆیـان لـە بیرکردنـەوەی وەزعـی تەسك دەربـاز ناکـەن. واتـا زانست دەکـەن بەچارەسـەری کێشـەکانی فەلسـەفە. هەر لێرەوە زیانێکی زۆر لـە خۆیـان دەدەنو خۆیـان دوور ئەخەنەوە لە خوێندنەوەی تـەئویلی فەلسـەفەو ستاتیکا، فەلسەفە لەلایەنی کۆمەڵایـەتی و سیاسـەت وئـەخلاق دائـەبڕن. وەك لـە پێشـەوە وتمـان جـۆرە نزیکبوونەوەیـەك لـە نێـوان هـەندێك فەیلەسـوفی هەردوو لادا بەدی دەکرێت. ئەوەهابرماسـە زیـاتر لـە کیشـەکە دەگـاتو هەوڵـەدات سـود لـە فەلسـەفەی شیتەڵگەری بێنێتو جۆرێك لە گونجان دروست بکات لـە نێـوان کۆڵەکـەکانی فەلسـەفەی پێکهێنـەریو نوێکردنەوەکانی فەیلەسوفەکانی زمان بـە مەبەسـتی داهێنانی تێۆری کرداری پرکماتیکی.

بەهـەمان شـێوە فەیلەسـوفی سـەر بـەڕێبازی شیتەڵگەری ریچارد ڕۆرتـی سـوود لـە جینالۆجیـای نیچەو هایدگەرو جوداسازی دریدا دەبینێت.

موجادەلـەی نێوان ئـەم دوو بـەرە فەلسـەفیە، لەسـەرەتادا، پێکهێنان کارییەکـە، پاشـان بـەرەی دووەمیـش ، وای کـرد هـەردوولا بایـەخ بـە کێشـەی نوێگەری و جێگای شارستانی ڕۆژئاوایی لە نوێگەریو پاش نوێگەریدا بدەن. لێکۆڵـەرەوەکان ئـەو کێشـەیە دەوروژێنـن: ئایـا بەڕاسـتی ئێمـە لـە سـەردەمی نوێگەرییـەوە چووینەتـە سـەردەمی پـاش نوێگـەری. ئەگەر ئەم گواستنەوە ڕووی دابێت دەتوانین ئەم بارو دۆخە دەستنیشـان بکـەین کـە پـەلی بۆ ئـەم گۆڕانـە ڕاکێشاوین.

هەر یـەك لـەم پرسـیارانە بـەجۆری جیـاواز وەلام دەدرێتەوە. ڕچارد ڕۆرتی نوێگەری دەگەڕێنێتەوە بۆ بۆچونـەکانی دیکـارت، هابرمـاس دەیگەڕێنێتـەوە بـۆ سـەردەمی ڕۆشـنگەری. بەمـەدا دەڕئەکـەوێت جـۆرە قورسییەك لە سەرهەڵدانی نوێگەیدا دەبینرێت. ئـەم بـڕز بوونـی ڕونییـە لـە سـەرهەڵدانی نوێگـەریدا لـە زارەوەی پاش نوێگەریشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەگـەر کەسـانێك دژی بـیری پـاش نوێگـەری وەستابن، ئەوە کەسانێکی زۆریش هەن زۆر بەتوندی داکۆکـی لـە بڵاوکردنـەوەی دەکـەن. جـان فرانسـوا لیوتـار سـەردەمی پاشنوێگەری بەسـەدەی کۆتـایی (حکایەتـە گـەورەکان) دائـەنێت واتـا مردنـی ئـەو مەزهەبـە گەورانـەی دەیانویسـت بـە شـێوەیەکی شمولیانە تەفسیری واقیع بکەن.لیوتار پاش نوێگەری بە بەرجەستەکەری حاڵەتی ڕۆشنبیری دادەنێت پاش ئەو هـەموو گۆڕانکارییانـەی کـە لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیەمەوە سەریان هەڵداو دەستیان لە بنـەماکانی زانست و ئەدەب و هونەر وەردا.

دیارە پشێوییەك لەم دوو چمکەدا بەدی دەکرێت. چونکە هەردووکیان دەلالەت لە ڕووداو ناکـەن بـەڵکو دەلالـەت لـە خـەملاندن دەکـەن هەردووکیشـیان بونیـادی هەست، نـەك بونیـاتی واقیـع، دەڕئـەبڕن. هەسـتکردنی تـاکیش بـە زەمـەنو سـەردەمە مێژووییـەکان ڕێژەییـە هـەر لەبـەر ئەمـە بۆچـوونو تەقدیرانیشیان بۆ نوێگەریو پاش نوێگـەری ڕێژەیـی دەڕئـەچێت، و لـە ڕووی ئـابوری و کۆمەڵایـەتی و فەلسـەفەوە سـەیر ئـەکرێت. ئـەم کتێبـە وەك ناونیشانەکەیشی دەریئەبڕێت (مقاربات في الحداثة وما بعد الحداثة) تیشك دەخاتە سەر نوێگەری فەلسەفیو پاش نوێگەری، کۆمەڵێك چاو پێکەوتنیشی تیا دایـە هەر لەو دوو تەوەرەدا دەسوڕێنەوە.

لـەم کتێبـەدا ئاماژە بـۆ ئـەوە کـراوە کـە بنـەما سەرەکییەکانی نوێگەری فەلسەفی بریتین لە :

١- خودگـەری (الذاتیـة). ٢- عەقڵانیـەت. ٣- (نهلیزم).

خـود گـەری یەکێکـە لـە بنکـە سـەرەکێکانی نوێگەری، ڤیتۆ دەڵێت: ((نوێگەری زاڵکردنی خـود، وسەرکەوتنی خود، ودیدی زاتییە بـۆ جیـهان.مرۆڤی نوێ وەك خودێکـی سـەربەخۆ سـەیریخۆی دەکـات، خۆیدەبێت بە پێـوەر بـۆ تەفسـیر کردنی شـتەکان، هـێزێك لـە دەرەوەی خۆیـدا دەسـکاری ئـەم تەفسیرکردنە ناکات. هایدگەر نوێگەری بە سەردەمی هەڵقوڵانی دیدو تەسەوروبۆچونی ئینسان بۆ جیـهان، لەقەڵـەم دەدات. ئەنجامـەکانی خودگـەرایی لـەم دووخاڵەدا دەرکەوت:

أ- جیهان بوو بە وێنەیەك ، بە بوونێك کـە توانرا داگیر بکرێتو بکرێت بە بابـەت. دیـارە بەپێچەوانـەی بیرکردنەوەی جارانەوە کـە بەشـێوەیەکی نزیك ، لـە پێوەری حیسابی، دەپێورا.

ب- خودگەرایی و عەقڵانیـەت وایـان کـرد جیـهانی لاهوت دوورکەوێتەوە لەجیهان. سیستمی نـرخو بـەها کەوتە دەستی مرۆڤ خۆیەوە.

٢- عەقڵانیـەت: دیکـارت لـە رێگـای دانـانی بـاوەڕی خود گەراییەوە(کۆجیتۆ) بـۆ گەیشـتن بـە حەقیقـەت توانـی بـەردی بناغـەی نوێگـەری فەلسـەفی دابنێـت، خود گەرایی دوو هێڵی جیاوازی لەیەك دورخسـتنەوە ئەویش هێڵی لاهوتە لـە هێڵـی ئینسـانی نـوێ. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا لایبنـتز یەکـەم کـەس بـوو کەلەسـەربناغەی عەقلانیـەت نوێگـەری فەلسـەفەی دامەزراند. گۆڕانێکی گەورە بەسەر بیری مرۆڤدا هات. لـەجیاتی ئـەوەی مـرۆڤ لـە گـەردونو سروشـت، بەسەرسوڕمانیەوە ڕابمێنێ، بوو بە کەسێك گـەردوون داگیربکاتو بە دوای نهێنیـەکانا بگـەڕێت. وەرگرتنـی عەقلانیەت بە چەند شێوەیەك لە گوتاری فەلسـەفەی نوێدا ڕەنگـی دایـەوە لەوانـە زانست بـوو بەڕێبـەری گوتاری فەلسـەفی، دووەمیش سـەرهەڵدانی چـەمکی گشتگەری، واتا سەبرکردنی شـتەکان بـە شـێوەیەکی گشتی فراوان. بەم پێیە فەلسـەفەی ڕاسـتەقینە ئـەو فەلسەفەیە بـوو کـە تـا چ ڕادەیـەك بتوانێـت هـەموو شـتەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی بگرێتـەوە. سـێیەم کۆڵەکەی عەدەمیەتە: هیچ نرخێك بۆ بـەهاکان نییـە، نوێگەری هەموو شتانەی پوچ کردەوە کە لەسەردەمە کۆنەکاندا بوو بوون بەباوەڕو پەندی بەرزی چەسپاو، ماناو ڕاسـتی بـۆ هیچیـان نەهێشـت. دیـارە لـەم بارەیەوە ڕۆشنگەری پێش نیچە کەوتووە، بەڵام ئـەم ئەم عەدەمیەتەی ناونا ((عەدەمیـەتی ناتـەواو)) واتـا مـرۆڤ بـە هـۆی ئـاوابوونی لاهوتوهەسـتکردنی بـە گۆڕانی بەردەوم وای لە فەلسەفەی نوێ کرد بە دوای بەهای نوێدا بگەڕێت تاجێگای بەها ڕوخاوەکانی تـر بگرێتەوە. فەلسەفەی نوێش بۆ ئەمە بەدوای نەریتو بـەها کۆنـەکانا ناگـەڕێت واتـا بـەها میتافیزیقیـە هـەڵچووەکان. بـەڵام بـۆ دەربـازبوون لەمـە نیچـە((عەدەمیـەتی کـاملی) هێنایـە کایـەوە یـا ((عەدەمیەتی چالاك))واتا ئەو پوچگەریانەی کە گوێ بە هەرسهێنانی بەها کۆنەکان نادات و خەفـەتیان بـۆ ناخوات و بەڵکو دەیەوێت بە دوای بە ها گـەڵێکی تـرا بگەڕێن دوورین لە بەها میتافیزیقیەکان.

لەسەر ئاستی فەلسەفەی پاش نوێگەری لـە سـەر چەند بنەمایـەك بـەرزبووەوە وەك دوورکەوتنـەوە لـە ڕەوتی نوێگەری بە تایبـەتی لـە هونـەری بیناسازیا، سـەرهەڵدانی ڕەوتێکـی فەلسـەفی بەهـەوڵی میشـێل فۆکـۆو جـاك دریـداو جیـل دۆلـۆزەوە کـە جـەختیان لەسـەر پـاش بونیـاد گـەری دەکـرد. هـەروەها کەسانێکی وەك دانییل بـل، ئـالان تۆرین سـەردەمی نوێـی دنیایـان بـە(سـەردەمی پـاش پیشەسـازی) لەقەڵەم دا.

چـی لـەم کتێبـەدا هـاتووە چاوپێکەوتنـە لەگـەڵ کۆمـەڵێك بیریـارو فەیلەسـوفی ئـەڵمانیا کـەدەربارەی نوێگـەریو پـاش نوێگـەریو لایـەنی چاکو خراپیـان دەدوێـن. بـەڵام کـاری چـاکی هـەردوو وەرگـێڕیش لەوەدایە کەپێشەکی درێژو شەرحو ئیزافـاتی خۆیـان بـۆ هـەموو بابەتـەکانی کتێبەکـە هەیـە، هـەموو گفتوگۆکان بە دەوری ئەم دوو بابەتەدان: نوێگـەریو پاش نوێگەری خاوەنەکانیشان کۆمەڵێك فەیلەسوفن وەك؛ یاکوب تـاوبێسو کۆمـەڵناس نیکـۆلاس لۆمـان، چەند کەسێکی تریان سەر بەنەوە گەنجـە تازەکـانن، وەك ئـودو مارگـارد، و هـانس بۆهرینغـەو پیتـەر زلوتردیكو غرنوتو هارتمون بۆمـە. جـا ئـەو بیریـارە

ئەڵمانیانە چۆن چۆنی گفتوگۆ لەسەر تەنگەژەی نوێگەریو پاش نوێگەری دەکەن.

نیکلاس لومان کە کۆمەڵناسێکی گەورەی ئەڵمانیایە نەسەقە کۆمەڵایەتیەکان بەکار دەهێنێت بۆ وەرگرتنی چەندەها جۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی نوێو نزیکبوونەوە لە ئەرکو پەرەسەندنیان. ئەو ئەم نەسەقانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە خۆشەویستی جیهانی نوێدا بەکار هێناوە. بە پێی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە نوێیەی ئەورووپا، لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو پاشماوەیکاریگەری دەدوێ. عەقڵو پەرەسەندنی عەقڵانیەت وەک ڕەوتێکی فەلسەفی ج کاریگەریەکیان کردۆتە سەر بابەتی خۆشەویستیو پەیوەندییە قوڵە بەسۆزەکانی؟ بەردەوام بوونو لە یەکتر گەیشتن چۆن چۆنی بە بۆنەی هاتنە ناوەوەی عەقڵانیەتەوە دەشێوێ. نوێکردنەوەی دەلیلی خۆشەویستی بەندە بەنوێکردنەوەی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا، بەڵام نیکۆلاس لومان لەدواییدا ئەوە دەوروژێنێ کە عەقڵانیەت چەندێ دەسەڵاتی هەبێتو بگاتە هەموو شتێکی کۆمەڵگا بەڵام باش نییەو حەق نییە پەنابباتە بەر دەسەڵاتی خۆی بۆ ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی ژیان. بە تایبەتی سەبارەت بە مەسەلەیەکی گرنگو ناسکی وەک خۆشەویستی کە دەبێت سەربەخۆیی تەواوی هەبێت. یاکوب تاوبس بەجۆرێکی دی لە گۆشە نیگایەکی تردەوە سەیری خۆشەویستی دەکات. یاکوب تاوبس فەیلەسوفێکی ئەڵمانی ئیشراقییە. جۆرێکی تری لە خۆشەویستی گرتووە ئەویش خۆشەویستی خودایییە، خۆشەویستی سۆفی پەیوەندی بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە هەیە. تاوبس مێژووی جیهان دەکات بەسێبەشەوە ١_سەردەمی یەهودی یەکەمو دەرکەوتنی کتێبی عیبری پیرۆز لەم قۆناغەیشدا چەمکی مێژوو لە سەر دەستی یەهود سەریهەڵدا. زەمەن لەم سەردەمەدا ئامانجو کۆتاییو مانای بۆ پەیدا بوو.

دووەم قۆناغیش قوڵکردنەوەی بۆچوونی ئیشراقییە لێرەدا سۆفیەکانی یەهود وایان دانا کە مێژوو سەرەتای هەیە کە لە داهێنانو خولقاندنەوە دەست پێدەکاتو کۆتایشی هەیە کە ڕۆژی قیامەتە. قۆناغی سێیەمیش لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات تا کۆتایی سەردەمی نوێگەری. لەم قۆناغەدا مۆرکێکی سیاسیانەدا دەدرێت بە مێژوو، ڕەنگی سیاسەت دەڕژێنرێت بەسەر دیدە قیامەتیە ئایینیەکەدا. بێجگە لە نوێکردنەوە لە مێژوودا تاوبس دێتە سەر نوێکردنەوەی لە سەر ئاستی ئەنسرۆپۆلۆجیو سیاسی، سەبارەت بە نوێکردنەوەی یەکەم جیهان مرۆڤی ئابووری بەخۆیەوە بینی، ئەم چەشنە مرۆڤەیش بەزەوییەوە لکاوەو خەریکی مالّو شتی مادی بوو، تەواو جێگای چەمکی مرۆڤی ڕۆحی گرتوە کەلەسەردەمە کۆنەکاندا دەژیا. لەنوێکردنەوەی دووەمیشدا جەخت لەسەر چەسپاندنو هێنانەدی مەملەکەتی خۆدابووە لەسەر زەوی واتە چەسپاندنی سەربەستیو وەدیهێنانی بەهەشت لەسەر ڕووی زەوی. هەر لێرەیشەوە مەیلی شۆڕشگێڕی بەرپابوو وبڵاوبووەوە، تاوبس جگە لەوەستان لەسەر نوێگەری دێتە سەر کێشەی پاش نوێگەریو لەسێ خاڵدا خەسڵەتەکانی دەستنیشان دەکات:

أ- زاڵبوونی عەقڵانیەت بەسەر بیری فەلسەفیدا وایکرد کەفەلسەفەی نوێ پشت بەشێوازی نوسینی نەسەقی (سیستمی) ببەستێت، بەڵام فەلسەفەی سەردەمی پاش نوێگەری ڕووی کردە شێوازی پەرتبوونو خاشکردنەوە. ئاماژە بۆ نیچە دەکات کەشێوازی نەسەقی خستۆتە لاوەوەو وردە شتی لەشێوەی (شەذەرات) نووسیوە.

ب- یەکێکی تر لەسیماکانی پاشنوێگەری ئەوەیە کەپاش نوێگەری باسی پاش مێژوو دەکات، بەپێچەوانەی سەردەمی نوێگەریەوە کەفەلسەفەی مێژووی خستەوە لەو وەختەدا کەکۆنەکان نەیاندەزانی مێژوو فەلسەفەی هەیە.

جـ- سەردەمی پاشنوێگەری سەردەمی بیرکردنەوەیە لەکارەساتەکانی دنیاو قورساییەکانی، ئەمە بۆخۆی چەمکی زەمەنی گۆڕی زەمەن هەتا هەتا نامێنێتەوە، بەڵکو لەسەردەمی پاشنوێگەریدا زەمەن دەلالەتی لەبیرۆکەی چاوەڕوانیو ئەجەلو تەواوبوون کردووە. چەمکی زەمەن لەبیری

پاش‌نوێگەریدا زۆر گونجاوە، لەگەڵ ئیقاعی دڵەڕاوکێو شعورکردن‌و هەستکردنی مرۆڤی نوێ بەوەی کەنەمان‌و ئاوابوون لەهەڕەشەکردندان، دیارە چەمکی ئینتیزارو کۆتایی‌و قیامەت لەئاینەکانیشا هاتووە، بەڵام لەبیری پاش‌نوێگەریشدا، رەنگە بۆمبی ئەتۆمی ببێ بەرەمز بۆ ئەم بۆچوونە قیامەتی‌یە.


هەردووبرا (گرنوت بومەو هارتموت بومە) لەگفتوگۆکانیاندا دەست بۆ مێژووی عەقڵانیەت دردێژ دەکەن‌و دێنە سەر ئەو لایەنانەی کەمێژووی هەموویان لەوتێڕوانیە گشتگەرایانە کەوتبوونەوەو ئارەزووی دەسەڵاتیش حوکمی دەکردن، سەردەمی پاش نوێگەری وەهمی گشتگەری‌و (ئەصڵ)ی میتافیزیکی دەخاتە روو، سیمای دووەمی سەردەمی پاش نوێگەری ئەوەیە کەپاش نوێگەری بایەخ بەبیرکردنەوە دەربارەی کارەساتی گەورەی دژ بەمرۆڤ دەدات، واتە زەمەنی بیرکردنەوەیە، لەقیامەت‌و تێکشکانی سروشت‌و رەنگە قیامەتەکەش بەجۆرێکی دی بێت.

بیتر زلوتردیك لەقسەکانیا دێتە سەر باسکردنی نوێگەری‌و چارەسەکردنی تەنگوچەڵەمەکانی سەردەمی نوێگەری بەسەردەمی سەرگەردانی دادەنێت، سەردەمی بزربوونی ناسنامەی ئەوروپی، هەروەها دەڵێت سەردەمی نوێگەری مۆرکی بتگەراییەکی سەرمایەداریی وەرگرتووە، لەلایەکی ترەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەسەردەمی نوێگەری، سەردەمی لکانی مەعریفەیە بەدەسەڵاتەوە، واتە مرۆڤی نوێ خەمی مەعریفەی نییەو بەس، بەڵکو خەمی ئەوەیشێتی ئەو شتە بدۆزێتەوە کەدەیگەیەنێتە دەسەڵات، هەروەها سەردەمی نوێگەری سەردەمی عەدەمییەتە بەڵام چۆن ئەم سەردەمی نوێگەرییە بەجێدێڵین بۆ سەردەمی پاشتر. بیتر زلۆتردیك دەڵێت: شۆڕشێکی عەقڵی هێمن‌و پاك‌و خاوێن بەرپا بکەین دژی عەقڵی سەرگەردان‌و خراپ، بۆ شۆڕشی عەقڵی بێدار کاربکەین دژی عەقڵی دوگمایی. ئەمەش لادانە بەلای پاش‌نوێگەریدا.



عەقڵانیەت فەرامۆشی کردوون، ئەو فەرامۆشکرداوانەیش بەبنەمای سەرهەڵدانی پاش‌نوێگەری داده‌نێن، لەلایەنی فەلسەفی‌یەوە سەردەمی پاش‌نوێگەری دوو سیمای هەیە: یەکەمیان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەزەمەنی دروستکردنی تەسەور دەربارەی جیهان تەواوەو بەسەرچووە، هەروەها سەردەمی دانان‌و بنیادنانی تیۆری گشتی‌و پێکهێنانی سیستەمێك کەبۆ هەموو شتێك بشێ‌و بالّ بەسەر هەموو شتێکا بگرێ ئاوابووە، بەتایبەتی کەچەندەها نمونەی ئیرهاب‌و تۆقێنەرمان بینی‌و

مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة/ حوارات منتقاة
من الفكر الالماني المعاصر-
محمد الشيخ وياسر الطائري- دارالطليعة



پاش نوێگەری و گێڕانەوەی پاش نوێگەری

عبدالله تاهیر بەرزنجی

سەرەتا بەباشی دەزانین لەوەرگێڕانی (Post modernism)دا کوردییەکی رەوان و دوور لەئاڵۆزی دابنێین. ئەگەرچی مۆدێرن‌و پۆست‌و مۆدێرینزم داهێنانی رۆژئاوان بەڵام بۆ ئەوەی بیری خوێنەری کورد تووشی ئاڵۆزی نەکەین پێشنیازی ئەوە دەکەین لەبەرامبەر ئەم زاراوەدا بەکوردی (پاش نوێگەری، یا پاش نوێخوازی، یا پاش نوێسازی) بچەسپێنین. خۆشبەختانە، ئەگەر ئەلفوبێی پاش نوێگەری لەلای خوێنەری کورد نەزانراوبێت، ئەوە زاراوەکە بەپێچەوانەی زۆر لەچەمک‌و زاراوەکانی تر‌ەوە، لەسەر ئاستی وەرگێڕانی بەکوردی ئاسانەو خۆشیشە لەسەر زمان. ئەوەی کەزاراوەی پاش نوێگەری دەبیستێ یا بەرچاوی دەکەوێت وادەزانێ مەبەست لەدوو قۆناغی مێژوویی، بەتایبەتی (پاش)ەکە وای لێدەکات تەسەوری جیهانێکی تری پاش نوێگەری بکات، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی کەتا ئێستا لەسەر پاش نوێگەری نووسراون مشتومڕو گفتووگۆی جیاواز لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی سەرەتاکانی پاش نوێگەی دەخەنەڕوو، روونی دەکەنەوە کەئایا قۆناغە یا نا؟ جیایە لەنوێگەری یا بەردەوامبوونەوەی نوێگەرییە؟ تایبەتمەندییەکانی جیاوازەکانی ئەدەبی پاش نوێگەری لەتەک نوێگەریدا چین؟ ئایا کۆمەڵگایەک هەیە پێی بوترێت کۆمەڵگای پاش نوێگەری، یاخود پاش نوێگەری هەر دیاردەیەکی رۆشنبیرییەو بەس؟

دیارە پاش نوێگەری تیۆرداڕێژی خۆی هەیە رۆریشن ئەوانەی کەکتێبیان لەسەر پاش نوێگەری داناوە بەڵام بۆچوونی تایبەتی‌و جیاوازیان هەیە.

ئەوانەی کەئاماژە بەبۆچوونەکانیان دەربارەی پاش نوێگەری دەکرێت زۆرن، بەڵام ناودارترینیان جان فرانسوا لیوتارو ئیهاب حەسەن‌و ژیل دۆلوزو چارلزجنکزو چەندەهای ترن.

هەندێك وای بۆدەچن کەپاش نوێگەری قۆناغێکی جودانییە لەنوێگەری چونکە هەر لەسەر زەمینەی نوێگەری سەریدەرکردووەو لەناو سکیا پەروەردە بووە. بەڵای ئەوانەوە کەوتە بەناوبانگەکەی هاپرماسیان بەدڵە (نوێگەری پڕۆژەیەکی ناتەواو و کامڵ نەبووە) ئەوە پاش نوێگەری لەنوێگەری جودا نییە، قۆناغێکی جیاواز نییە وەك دەزانین جێگیر نەبوونیشی یەکێکە لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی نوێگەری بۆیە هابرمازیش بەپڕۆژەیەکی ناتەواوی دادەنێت، واتا ئەوە نییە لەخاڵ یا قۆناغێکدا بوەستێت، تەواو نابێ و کامڵ نابێت چونکە جێگربوونی بۆ نییە.

کەسانێکی تریش هەن باوەڕیکی پتەویان بە پاش نوێگەری هەیە وادەبینن قۆناغێکە خەریکە خۆی دەخاتەڕوو دەبێت بەشێوەیەك.

لەگەڵ ئەمەشدا زاراوەکە ئاڵۆزییەك لەگەڵ خۆیدا دەردەبڕێت و چەندێك دووبارەیش بکرێتەوە خۆی لەبیرێکی روون ناسوێت.

لەدوای حەفتاکانەوە تێکەڵاوبوونێك لەنێوان بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەو (پاش نوێگەری)و بیری پاش پیشەسازی دروست بووە وەك ئەوەی بیری پاش پیشەسازی بەکاربهێنرێت بەرامبەر بیری پاش نوێگەری. و کەبوترێت کۆمەڵگای پاش پیشەسازی یەکسەر پاش نوێگەریت بێتە پێش چاو. ئەمە هەر لەبەرئەوەیە کە پاش نوێگەری (لە هەندێك رووەوە یەکسانە بەچەمکی پاش پیشەسازی)

هەندێك لەنوسەرانی پاش نوێگەری زیادەڕۆیی تەواو دەکەنو بەجیهانو قۆناغی تەواوی دادەنێن بەڵام کەسانێکی تریش هەر بەهەڵچوونی تەنگوچەڵەمەکانی نوێگەری دادەنێنو بەڕوداوێکی مێژوویی پاش نوێگەری لەقەڵەم نادەن (پاش نوێگەری) مانایەکی مێژوویی روونی نییە و مەبەستیش لەپیشاندانی. سەرهەڵدانی رووداوی (پاش نوێگەری) نییە ! بەڵکو مەبەست وردبینی کردن، کاملکردنی بۆ پتەوکردنی بۆچوونی ناو ئەو چەند دێڕەی کەوانەکە وتەیەکی لیوتار دێنینەوە کەیەکسەر بەدوایاندا هاتووە:

لیوتار کەبەیەکێك لەتیۆر داڕێژە دیارەکانی پاسش نوێگەری دادەنرێت دەڵێت: پاش نوێگەری (دەرکردنی نوێگەرییە لەگەڵ خستنەسەری هەموو تەنگژەو تەنگوچەڵەمەکانیوە)

نوسەرێکیتر دەڵێت شتێك کە هێشتا کۆتایی نەهاتبێتو تەواو نەبووبێت چۆن باسی قۆناغی پاشی خۆی دەکرێت؟

بێگومان مەبەست لەبۆچوونێکی ئاوها ئەوەیە کەهێشتا بوون بۆ نوێگەریەو رووداوێکی جیاواز نییە بەدوایدا هاتبێتو سیمای تایبەتی خۆی هەبێت، بەتایبەتی کە (هێشتا رووداوی یەکەم - واتە رووداوی نوێگەری نەگەیشتۆتە کۆتایی) بەڵکو رووداوی یەکەم بەردەوامەو کێشەو تەنگژە کۆمەڵایەتیو هونەریو ئابووریيەکانی قوڵتر دەبن، ئەگەرچی ئەم وتانەو چەندەها وتەیتری لەم چەشنە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەپاش نوێگەری دابڕان نییە لەنوێگەری، بەڵام تیۆرداڕێژی تری وا هەیە کەبەساتو خولەکو کاتژمێر زەمەنی کۆتایی هاتنی نوێگەری دیاری دەکات. بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٧ چارلز جنکز، کەبایەخی زۆری بەپاش نوێگەری داوەو کتێبێکی بەنرخی دەربارەی پاش نوێگەری نووسیوە، رایگەیاند کەنوێگەری لەسەعات سێو سیودوو دەقیقەی پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٥ جولای ساڵی ١٩٧٢ کۆتایی هات. دیارە لەوکاتەدا پڕۆژەی بیناسازی بینای پرویت ئیگۆ رۆخێنراوە، کەبیناسازی نوێخواز مینورد یاماساکی لەشایر سنت لویس دایمەزراندبوو.

رۆبرت ت.ب.ری لەلێکۆڵینەوەیەکیدیا بەناوی پاش نوێگەری چییە؟ بەپرسیار دەیەوێت مێژووی چەند رووداوێك بکات بەسەرەتای سەرهەڵدانی بیری پاش نوێگەری، بەڵام ئەوە نییە ئەویش بەیەکجاری یەکێك لەو مێژووانە یا رووداوانە ببڕێنێتەوەو بیکات بەسەرەتای تەواو بەڵکو پرسیارکردنەکەی خۆ دوورخستنەوەی خۆی لەوکارە دەرئەخات. بۆ نموونە دەپرسێت ( ) ئایا پاش نوێگەری ساڵی ١٩٨٤ دەستی پێکرد؟ ئەو ساڵەی کەتیایدا دیوانی بااڵی وڵاتە یەکگرتووەکان یاسایەکی دەرکرد کەحەقی شریتی فیدیۆیی بوونی نامێنێت.

یاساڵی ١٩٧٢ دەستی پێکرد کە ژمارەی ئەو ئەمریکیانەی کەکاروباری خزمەتگوزارییان دەکرد دوو ئەوەندەی کرێکارانی کارخانە بەرهەمهێنەرەکانیان لێهات؟

روبرت ب.ری دوازدە پرسیاری تری ئاوها دەربارەی دوازدە مێژووی‌تر دەکات، وەك: رووداوی ساڵی ١٩٧١، ١٩٦٨، ١٩٦٢، ١٩٥٤، ١٩٥٢، ١٩٤٦، ١٩١٣، ١٨٦٣، ١٨٥٥، ١٨٥٢، ١٨٥٠، ١٨٣٦.

بۆ نموونە دەپرسێت، ئایا پاش نوێگەری ساڵی ١٩٦٨ دەستیپێکرد کەیاخیبوونی قوتابیانی ئەمریکیو ئەوروپی چەند بزوتنەوەیەکی هێنایە کایەوە لەپەیدابوونی بیری بەربااڵوی دژی جەنگ، و فیمینیسمو داواکردنی مافی کەمایەتییەکان؟ واتا سەرهەڵدانی پاش نوێگەری دەکرێت ببەسترێتەوە بەشۆڕشی قوتابیانی ساڵی ١٩٦٨وە.

لەجێگایەکیترا بااڵبوونەوەی کەناڵی راگەیاندن دەکات بەسەرەتاو دەپرسێت: یا ئایا پاش نوێگەری ساڵی ١٩٥٤ دەستی پێکرد، وەختێك بۆ یەکەمین جار تەلەفزیۆن چووە ناو زیاتر لەنیوەی ماڵەکانی ئەمریکاوە.

یا لەساڵی ١٩٥٢ پەیدابوو کەکۆنفراسی چاپەمەنی چارلی چاپلین لە ئوتێل (ریستی)دا بەسەر یەکا خراو راگەیەندرا (ئێمە باوەڕمان وایە کەبێپەرواترین شێوەی ئازادی وێرانکردنی بتەکانە، بەتایبەتی کەئێستا خۆیان دەم لەئازادی دەکوتن؟)

یاساڵی ١٩٤٦ دەستی پێکرد، وەختێك ئارتۆڵد توین بێ بەناوی پاش نوێگەرییەوە یادی دەورەیەکی مێژوویی کردەوە،و راندال جار لەڕۆبرت لاولی بەپاش نوێخوازی یا دژە نوێخواز لەقەڵەم دا.

لەکتێبی (پاش نوێگەری) چییە؟ چارلزچنکز ئاماژە بەبەرهەمی نوسەری ئیسپانی فدریکودی ئونیس دەکاتو دەڵێت: وا دیارە ئەم نووسەرە بۆ یەکەم جار، ساڵی ١٩٣٤ لەکتێبی (هەڵبژاردەی شیعری ئیسپانیو هیسپانۆی ئامریکایی)دا، وشەی پۆست مۆدێرنیزم (پاش نوێگەری) بەکارهێناوە. دیسانەوە لەم کتێبەیشدا جارێکیتر ئاماژە بۆ مێژوونووس توینبی دەکات کەساڵی ١٩٣٨ لە(موتاڵایەك لەمێژوودا) ئەم وشەیەی بەکارهێناوە کەساڵی ١٩٤٧ لە(موتاڵایەك لەمێژوودا) ئەم وشەیەی بەکارهێناوە کەساڵی ١٩٤٧ پاش کۆتایی شەڕ بڵاوکرایەوە. بەڕای توینبی ئەم واژەیە تایبەتیەکی گشتی سەردەمێکی نوێبووە لەمێژوو کەساڵی ١٨٧٠ بەکۆتایی دەسەڵاتی ڕۆژئاواو، نەمانی تاکگەری، سەرمایەداریو مەسیحیەتو گەیشتنی غەیرە ڕۆژئاواییەکان بەدەسەڵات، دەستی پێکرد. لەپاڵ بایەخدان بەجۆرە فرەگەرایی و ڕۆشنبیری هەموو جیهان. لویتار لەباسکردنی پاشنوێگەریا لەسنوری هونەر دەرئەچێت بەرەو مێژوو و فەلسەفەو بنەماکانی نوێگەری.

زیاتر لیوتار لەزاراوەی پاش نوێگەریو باری نوێگەر کۆڵاوەتەوەو بەقوڵی باسی دوو لایەن دەکات، و تیشك دەخاتە سەر نوێگەریو تەنگژەکانی. لەلایەکەوە تیشك دەخاتەسەر بارودۆخێك تیایدا نوێگەری ڕووبەڕووی سەدەها کێشەو گرفت بووە بەڵام باریکی نوێ نەهاتۆتە کایەوە بەرامبەر ئەمە (باری پاش نوێگەری) واتا، سەرەتای ڕۆژگارێك کەنوێگەری هاتۆتە کۆتایی، ڕۆژگارێك کەهێشتا ناوی خۆی نەدۆزیوەتەوە)

پاش نوێگەری لەدەرەوەی بازنەی نوێگەریا نییە، پاش نوێگەری ناتوانێت بەتەواوەتی ڕەگەزو بنەماکانی نوێگەری فارامۆشبکات، بەڵام نایشکرێت بەیەك چاوو سەیری ئەم دووانە بکەین.

پاش نوێگەری هەڵوێست لەنوێگەری دەگرێت، گومان لەوە دەکات بەم شێوەیەی کەبەتەنگژە دەوردراوە بتوانێت بەدروستی ڕێبکات.

پاش نوێگەری هەموو توانا و بەرهەمی بیری نوێگەری لەبەردەستایە بەڵام باوەڕی بەوە لەق بووە کەنوێگەری بتوانێت بەم بارەوە بەردەوامبوونی تەواو ڕێك بەدیبێنێت وەك لەپێشەوە ئاماژەمان کرد، لەچەند ڕوویەکەوە سەیری پاش نوێگەری دەکرێتو باسی ئەوەمان کرد کەهەندێك بەدرێژبوونەوەی نوێگەری دادەنێنو باوەڕیان وایە لەسکی نوێگەرییەوە هاتۆتە دەریو لەسەر بنەماکانی ئەو دژی ئەمانە لەدیدی لێکچوونەوە سەیری هەردووکیان دەکەن. لای کەسانێکیتر زیادەڕۆییو تووندڕەوییەکیتر لەنوێگەریدا بەدیدەکرێت. لەپاڵ ئەمانەدا بۆچوونی سێیەمیش هەیە، تێزی تایبەتییە دەربارەی پاش نوێگەری ڕوونە، و پاش نوێگەری (بەزیاتر و زۆرتر لەدرێژبوونەوەی کزی نوێگەری یا کۆتایی دابڕاوی بێت) دەژمێرێت. لێرەدا (وەك پاش و پێشی کاتە ئەم دوو ڕەوتە بەرز نابنەوە، بەڵکو هاوکاتو بەیەکاچوو؟ دژی یەکبوون کەئەمانەش لەڕەگە فەلسەفییەکەیەوە چەندەها نوێگەری بەردەوامی لایێدەکەوێتەوە) ئەم سیفاتی لێکچوونو لێکنەچوونو دژایەتی نێوانی نوێگەری و پاش نوێگەری دەبنە هۆی بەردەوامی بەخشین بەهەردووکیان، بۆ نموونە لێکچوونو لێکنەچوون لەچەندەها ڕەگەزو سێمای هونەرو ئەدەبی نوێگەری و پاش نوێگەریا دەبینرێن، ئەگەر لە نوێگەریدا هەبن ئەوە لەپاش نوێگەریشدا دووبارەبوونەتەوە.

ئەگەرچی ڕەخنەگرتن یەکێکە لەبنەماکانی نوێگەری، واتا ڕەخنەگرتنی بەردەوام لەدەورووبەری، لە خۆی، و سەیرکردنی هەموو شتێك بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە بەڵام بۆ گۆڕینی بەردەوام و لەتەنگژە دەربازبوونو دۆزینەوەی چارە بۆ تەنگوچەڵەمەکانی نوێگەری، پاشنوێگەری پڕۆژەی بەردەوامی ڕەخنەگرتنی لەنوێگەری خستۆتە ئەستۆ بۆ نموونە نوێگەری بەدوو کاری دژ بەیەك هەڵساوە. هەر لەسەردەمی ڕۆشنگەرییەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی سەدەی بیستەم کشانو هەڵچوونی ئەوروپای

دەربڕیوە، بۆتە پاڵپشتو بیانوو بۆ رۆژئاوا تا بەناوی تەعمیمکردنێوە ولاتانی غەیرە ئەوروپی بخاتە رکێفی خۆیەوە بۆ دەستگرتن بەسەر مادەی سەرەتایی خامو هێزی بەشەریا لێرەدا هەڵگرانی بیری نوێگەری بەهۆی دەرچوونیان لەنوێگەریو لادانیان لێی دەکەونە بەر دەستی پۆلاینی نوێگەری تا هەڵیانلوشێت. واتا نوێگەری لەجیاتی شانازی کردن بەبەها پرشنگدارەکانی دەکەوێتە وەزعێکەوە تۆمەتی بخرێتە پاڵ سەرزەنشت بکرێت. یەکجۆرگەریو نموونەدارشتن، واتە کردنی رۆژئاوا بەنموونەیەکو سەپاندنی بەسەر هەموو جیهاندا زۆربوونی بەرهەمو سەرینەوەی خودو دانانی ئالەت لەجێگای، و بچوکبوونەوەی خود لەبەردەم پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیادا، پەیوەندی نێوان مرۆڤی کزکرد، بەڵکو گۆڕی بەپەیوەندی لەگەڵ سروشتێکی دامالراوو بەپیشەسازیکراو. نموونە دیارەکانی نوێگەری رۆژئاوا لەسەردەمی رۆشنگەرییەوە تا سەدەی نۆزدە، بریتی بوون لە: پێشکەوتن بەهێڵێکی هەڵچووا، وەک ئەوەی چەمکی پێشکەوتن تاک مەوداو تاک ئاسۆ بێت بۆ مرۆڤایەتی بەگشتی، عەقڵانیەتێکی رووتو روون دەرهێنانی.

ئایین لەچوارچێوەی دەوڵەت، لەقاڵبدانی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بەقاڵبی یاسا زانستیەکان بایەخدان بەنەشونماکردنو پەرەسەندنی زانستی.

پرۆسەی نوێکردنەوەی رۆژئاوایی لەلایەکێوە عەقڵانیەتی کردووە بەپنتی دەرپەڕینو رەنگی عەقڵانیەتی بەسەر بیری میژوویی و سیاسیو تەنانەت ئاینیشدا رشتووە. بەڵام ئێستا عەقڵانیەتی رۆشنگەری خۆیشی کەوتۆتە ژێر نەشتەری رەخنەگرتنو پیاچوونەوەو تیشکخستنە سەر بەربەست و چاڵەکانی.

لەنوێگەری یەکەمدا، یانوێگەری کلاسیکیدا وەرچەخانێکی گرنگ لەبیرو عەقڵی مرۆڤی رۆژئاوادا رویدا، عەقڵ لەلاهوت جیاکرایەوەو سەبەستی تەواوی خۆی پێدرا مرۆڤ بەعەقڵی خۆی کەوتە داڕشتنی ئەخلاقو رێکخستنی کاروبارو دانانی یاسا، بێئەوەی هێزێکی دەرەکی دەوری تیا ببینێت. عەقڵی کلاسیکی نوێ لەسەر ئەوە دەڕۆیشت کەگەیشتن بەحەقیقەت لەڕێگای عەقڵەوە کاری ئاسانە ئەگەر بێت رەچاوی ئەو هێڵو مەرجو یاسایانە بکەین کەخۆی دیارییان دەکاتو پشت بەمەنتیق دەبەستێو تووشی هەڵەو دژایەتی ناو خۆی نابن. لێرەدا عەقڵ بەقین دروست دەکات بەڵام ئەمڕۆ وەک محمد ئەرکون دەڵێت: ئەوروپا بیری رۆشنگەریو عەقڵانیەتی نوێی کلاسیکی بەجێدێڵێت بەرەو قۆناغی عەقڵی رێژەیی یا رەخنەگەری کە بەبەردەوامی بەخوێدا دەچێتەوە بۆ چاککردنەوەی رەوتی خۆی یا راستکردنەوەی. ئەو ئەقڵەی کەپێی دەڵێن عەقڵی پاش نوێگەری، سیفەتی رێژەیی پێوە لکاوە هێمنو قوواڵترە؛ لەجموجوواڵێکی زیاترایە، خۆی لەسیفەتی رەهاییو حوکمی رەها بەدوور دەگرێت. جیاوازی نێوان عەقڵی نوێگەریو عەقڵی پاش نوێگەری ئەوەیە کەدووەمیان، واتا عەقڵی پاش نوێگەری (لەکاتی پاڵاوتنو بەرهەمهێنانی زانستو زانیاری نوێدا دەزانێت کەناگاتە حەقیقەتی رەها، بەڵکو دەزانێت کە دەگاتە حەقیقەتە رێژەییەکان، موەقەتەکان، رەنگە درێژخایەن بن یا زۆر بن، بەڵام تا ئەبەد بەبەردەوامی نامێنێتەوە) لێرەوە عەقڵی پاش نوێگەری خۆی لەعەقڵی نوێگەری جیا دەکاتەوە هەمیشە گەیشتن بەکۆتایی بەکارێکی راست دانانێت چونکە گەیشتن بەکۆتایی یانی گەیشتن بەکپی گەیشتن بەیەقین واتە، خرانە لاوەی گومان و رێژەیی کەپاش نوێگەریخوازەکان لەگەڵی ناگونجێن. پاش نوێگەری لەو بۆچوونە دوورەکەوێتەوە کەباوەڕی وایە لەڕێگای مەنتیقەوە دەچیتە سەر یەقین.

عەقڵی پاش نوێگەری بەبەردەوامی چاوەڕوانی ناجۆریو دەستنیشان نەکراو، دەکات، پاش نوێگەری خوازەکان ئەو زانستە یەقینیانە فەرامۆش دەکەن کە خاڵین لەدژو بەشێوەیەکی رەها دەسنیشانی شت دەکەن.

زۆرن ئەوانەی کەسیما سەرەکییەکانی پاش نوێگەرییان لەنووسینەکانیانا بەخاڵ چڕ کۆکردۆتەوە. رەنگە سەدەها وتارت بەرچاو بکەوێتو واهەست دەکەیت کەئەو وتارانە درێژکردنەوەی تەواوی ئەو خاڵە چڕکراوانە بن. ئەکبەر ئەحمەد سیما سەرەکییەکانی پاش نوێگەری بەم شێوەیە چڕ کردۆتەوە:

١٠ بزربوونی متمانەکردن بەپڕۆژەی نوێگەری، و بانگهێشکردن بەرەو فرەگەری، و گومانی قوڵ

لەبۆچوونـە باوەکـان، و رەتکردنـەوەی بۆچوونـی گشتگەری.

٢- رۆڵێکی گـەورەو مـەزنی ڕێگـاو شـێوازەکانی راگەیاندن.

٣- زیندووبوونەوەی ئاینیو رەسەنایەتی ئاینی.

٤- بەردەوامبوون لەگەڵ رابوردوودا

٥- کاریگەری فراوانی پایتەختەکان.

٦- تێکـەڵاوبوونی گوتارەکـانو هاومالّییـانو زۆربوونی هەڵبژاردنگەری.

ئیهاب حەسەنیش (IHAB HASSAN) کـە یەکێکە لـەناوداڕەکانی بـیری پـاش نوێگـەری، بەئەسـڵ (میسرییە) لەخاڵی زیـاترا سیماکانی پـاش نوێگەری چڕکردۆتـەوە وای بۆ دەچێت کەبارو دۆخـی ئێستا لـەپاش نوێگـەریش زیـاترە. ئیـهاب یەکێکـە لـەتووندڕەوەکانی بـیری پـاش نوێگـەری، ئـەویش بەچەند خاڵێك ئاماژە بۆ

-دۆزینـەوەی سروشـت لـەچالاکی ئیکۆلۆجیـدا لەشۆڕشی سەوزو پڕۆسەی نوێکردنەوەی شارەکاندا دەکات

- هەموو مارەیەکی فیزیایی هونـەر دەچێتـە ژێر دەسەلاتی گۆڕانەوە.

- ئیهاب حەسەن دەپرسێت کۆمپیوتـەر دەبێت بەبەدیلی وەعی یا درێژکردنەوەی، ئیـهاب نـەفیکردن بەبنـەمای پـاش نوێگـەریدا ئـەنێ: جوداسـازی، لـەناودانی پێناسـەکردن، لـەناو دانـی گشـتگەری، رەتکردنـەوەی بـەردەوابوون.. دیـارە زۆربـەی زۆری پـاش نوێخوازەکـانی تریـش ئـەم سـیفاتانەیان دەستنیشان کردووە.



مایدگەر

رولاند ئینگهارت لەنوسینێکیا لـەژێر ناونیشـانی (نوێگەریو پاش نوێگەری) سـێ تەفسیری بۆ پـاش نوێگـەری دەست نیشان کـردوون کـە لـەگرنگترین رەگەزی رووداوێك هەڵینجنراون کەلەحاڵـەتی رووداناـن لـەوێدا ئەندێشـەی پـاش نوێگـەری دەکـات بەسـێ بەشەوە:

١-پاش نوێگەری وەك رەتکردنەوەو دەرککردنـی نوێگەری، واتا رەتکردنەوەی، عەقڵانیەت، دەسەڵات، لـەم بەخشـەدا، یـا لـەم جـۆرە پـاش نوێگەرییـەدا، عەقڵانیەتو دەسەڵات، هاوتای رۆژئاوایی بوونن. لەم گۆشە نیگایـەوە پـاش نوێگـەری وەك رەتکردنـەوەی رۆژئاوایی بوونە.

٢- پـاش نوێگـەری وەك گەڕانـەوەی ئەرزشـیو حورمەت بۆ کۆنو باو.

٣- پـاش نوێگـەری وەك سـەرهەڵدانی ئەرزشـیو شـێوازی نوێـی ژیـان، لەتـەك رەوادانـی زیـاتر بـەفرە نەتـەوەییو فـرە رۆشـنبیری، و جنسـی، هـەڵبژاردنی تاکی لەجۆری ژیانا.

ئەندێشەی پـاش نوێگـەری جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکات کەرۆشنبیریی رێژەییـەو لەتوانایـەتی سیمای مرۆڤـو هەڵسو کـەوتو تاقیکرنـەوەی ژیـانی دیـاری بکات. ئەمە بەپێچەوانەی بۆچوونی مارکسەوە هەموو گۆڕانێکو نوێکردنەوەیەك دەگەڕێنێتەوە بـۆ ئـابووری لەمەدا پاش نوێخوازەکـان لـەبیری مـاکس ڤیبـەرەوە نزیکترن، کەهەر زوو رۆڵی سەرەکی داوە بەفاکتـەری رۆشنبیری بۆ گۆڕانو نوێبوونەوە. باڵی وا هەیە لەناو پاشـنوێخوازەکانا زیـادەڕۆیی لـەهێزی بزوێنـەری رۆشـنبیری دەکـات لـەگۆڕانی کۆمەڵایـەتیا. دیـارە وێنـای زەینـی هـەر کەسـێك دەسـەڵاتی بەسـەر دەرککردنی واقیعدا هەیە، ئەمـەش لەلایەکـەوە ئـەوە دەگەیەنێت کەفاکتەری رۆشنبیری بەشێوەیەکی چاك روو لەزیادبوون دەکات بەبێئەوەی بەتەواوی بتوانرێ نەفی رۆڵی واقیعی دەرەوە بکرێت بەڵام دەرئەکەوێت کەشـتێك لەئارادایـە جیایـە لەسـەرو سـیمای

پیشەسازی. هەروەها ئەوە رووندەکاتەوە کەپیشەسازی و ئابووری وەک جاران هەڵسوکەوتی مرۆڤ دیاریناکەن.

دیارە بیرو پێشینەیەکی فەلسەفی هەبووە بۆ سەرهەڵدانی پاش نوێگەری، واتا پاش نوێگەری بەرهەمی رۆژو دوو رۆژ نییە ئەو رەخنە رۆشنانەی کەنیچەو هایدگەر ئاڕاستەی نوێگەرییان کرد وەک پشتێکی ئەستوور بۆ سەرهەڵدانی بیری پاش نوێگەری. نیچە زۆر بەوردی باسی تاریکی نوێگەری کردووە. هایدگەر رەخنەیەکی قوواڵی لەپڕۆژەی فەلسەفی نوێگەری گردووەو لەچوار خاڵدا چڕیکردۆتەوە

١- عەقڵانیەتی سیستەم، یاساوون و یاسابووری و ئابووری وەک جاران هەڵسوکەوتی مرۆڤ دیاریناکەن.

٢- دانانی خود (ذات) بەبنەمای جیهانو کردنی بەتاکە پێوەر. هایدگەر بەمە دەڵێت (میتافیزیقیای خودگەرایی).

٣- باڵکشانی تەکنیک بەسەر هەموو دیاردەکانی ژیاندا، واتا زەلیلکردنی سروشتو هێنانی بۆ ژێر دسەڵاتو لەخۆ بایبوونی ئینسان

٤- سەیرکردنی مرۆڤو بوونەوەر بەچاوێکی بیروقراتیانە وەک ئەوەی چەند ژمارەیەک بنو پەس. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی توتالیتاریەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. (لەکتیبی الحداثة ومابعد الحداثة) هاتوون.

ئەگەر پێچەوانەکانی رەخنەکەی هایدگەر لەپڕۆژەی فەلسەفەی نوێگەری، بهێنینەوە، واتا ئەو رەخنانەی کەلایەنە سلبیەکانی پڕۆژەی نوێگەری گرتووە ئەوە دەکرێت بڵێین: عەقڵانیەتی نوێگەری بەشێوەیەکی قورس خۆی سەپانبوو بەسەر ژیانا کەکرابوو بەعەقڵانیەتێکی ئالی میکانیکی بەڵام پاش نوێگەری دەیەوێت عەقڵانیەت لەو رەوتە دەرچێتو بکرێت بەعەقڵانیەتێکی پڕ لەنرخو ئەرزش پڕۆژەی نوێگەری بەهۆی پەرەسەندنی تەکنیکو بڵاوکردنەوەی بەسەر ژیانو سروشتدا، و هەوڵدانی بۆ کردنی مرۆڤ بەگەورەی سروشت، و چەوساندنەوەی سروشت بوو بەهۆی ئەوەی زۆر بەدڵڕەقانە بەربێتە گیانی سروشت. ئا لێرەوە پەیوەندی مرۆڤو سروشت بوو بەپەیوەندی گەورەو بەندەو ژێر دەستە، ئەندێشەی پاش نوێگەری بەمەدا چۆتەوە پەیوەندی نێوان مرۆڤو سروشت دەکات بەپەیوەندییەکی نەرمو پڕ لەمیهر. نوێگەری پشتی لەسونەتو کۆن کرد بەڵام پاش نوێگەری نرخ ئەداتەوە بەرابوردوو هەر لێرەیشەوە نرخی ئاینیش فەرامۆش ناکرێت ئیهاب حەسەن لەم رووەوە ئاماژە بۆ میتافیزیقیا دەکات گەر بەدڵی رۆژئاوایش نەبێت وەک: زین، بوزیەت، هندوسی، غەیبانیەتی رۆژئاوا...

فرە نەتەوەیی و فەرهەنگیشو هاومافی (تجاور) رۆشنبیری کەپاش نوێگەری لایان لێدەکاتەوە گەرانەوەی حورمەتو نرخە بۆ رۆشنبیری کەسانیتر نەک تەنها رۆژئاوا، لەپڕۆژەی نوێکردنەوەدا رۆژئاوا مەرکەز بوو و مەرکەزیەتی روئیایش رۆشنبیری میللەتەکانی تری خستە پەراوێزەوە، ئەو بەنموونە داپشتنەوە خەریک بوو (نمذجة) و بڵاو کردنەوەی تاکە نموونەیەک بەسەر کەشو شوێنیترا.

پڕۆژەی نوێگەری عەقڵانیەتی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانا سەپاندووە بەڵام گرفت لەوەدا دەرئەکەوێت کەهەموو ئەو شتانەی خستۆتە پەراوێزەوە کەلەگەڵ عەقڵانیەتدا نەگونجاون، هەر وەک هەردوو برا (گەرنۆت بومەو هارتموت بومە) دەڵێت ئەوەی کەعەقڵ فرێیداوەتە پەراوێزەوە سروشتە، جەستەی مرۆیە، خەیاڵ و رەغبەتو سۆزە، واتا ئەو شتانەی کە عەقڵ نەیتوانیوە تیایاندا بەتەواوی حوکمدار بێت.

بیری فەلسەفی پاش نوێگەری دژی ئەو سستمانە دەوەستێت کەبەدوای وتنی حەقیقەتی کاملو تەواودا دەگەڕێن؟ ئیتر ئەو سیستمە لاهوت بێت یا مارکسیەت بێت یا هەر بیرێکیتر بێت کەحەقیقەتێکی تەواو و کۆتایی بۆ شت دیاریدەکات:

فۆکۆو جاك دریدا جیل دۆلەوزو فرانسوا لیوتار بەتوندی ئەمانە رەتدەکەنەوەو پێ لەسەر جوداسازیو وردو پەرت بوون دائەگرن، رێژەگەرایی دەکەن بەبنکەی دەرپەڕین.

سەرهەڵدانی پاش بونیادگەری یەکێك لەبنەماکانی گوتارەکانی پاش نوێگەرییە.

لیوتار لەکتێبی (بارودۆخی پاش نوێگەری)دا پەرەسەندنی پاش نوێگەری بەشکستی ماریفەتی سەردەمی نوێگەری دادەنێت. لیوتار نوێگەری بەعەقڵانیەتی مۆدێرنو بیرکردنەوەی گشتگەری

لەقەڵەم داوە. بەلایەوە یەکخستنی شێوەی تیۆری‌و زانست‌و شمولیەتێك بۆ بۆچوون‌و تیوریە کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی و سیاسیەکان پەسەند نییە.

پاش نوێگەریش بۆ خۆی جۆرێکە لەدوورکەوتنەوە لەئایدیایەك کەئیدیعا بکات نوێنەری حەقیقەتی راست‌و کاملە چونکە لەبیرو کۆمەڵی پاش نوێگەریدا هەمیشە شتەکان لەگۆڕاندان.

ئەگەر بونیادگەری جەخت لەسەر رەچەڵەکی ناو دەق بکات‌و سیستمی ناوەوەی بەچەسپاو دابنێت‌و بیپارێزێت ئەوە جوداسازی یا جوداگەری لای دریدا لێی دوور دەکەوێتەوە چونکە ئەم هەمیشە ئەسڵ دەشکێنێت‌و دژ بەرهەمدێنێت، هەمەچەشنەیی دروست دەکات، بونیادگەری سنوور بۆ ئازادی بیرکردنەوە دادەنێت‌و داکۆکی لەبونیاد دەکات، پاشنوێگەری بونیادشکێنە نەفی مەرکەزە بۆیە بەبەردەوامی ئازادی بیرکردنەوە فراوان دەکات، فرەگەرایی دەڕەخسێنێ، لەناوبردنی مەرکەزیەت‌و رەخساندنی جیاسازی‌و یاری ئەمانە لەبیری پاشنوێگەریدا رەنگیان داوەتەوە ئەگەرچی ئەمانە رەگەزو گوتاری فەلسەفین بەڵام باڵیان بەسەر بواری سیاسەت‌و ئابوریشدا کشاندوە. پاشنوێگەریش حاڵەتی رێژەیی حەقیقەت دەخاتەروو باوەش بۆفرە ناسنامەیی دەکاتەوە نەك تاکە ناسنامەیەك.

دوورکەوتنەوە لەسیستمی گشتگەری (کلیانی) کەبسەپێت بەسەر هەموو شتێکا، فرەگەرایی، ورێژەگەرایی، تەمومژ، پێچاوپێچ، هەڵبژاردنگەری، رەتنەکردنەوەی سونەت‌و کۆن، تێکەڵاوکردنی فاکتەرو شێواز، دەستنیشان نەکردنی دابڕاو یەکجارەکی،و دژگەرایی...هتد کەسیما سەرەکییەکانی بیری پاشنوێگەرییان تیا خەست‌و چڕ بۆتەوە لەبیناسازی‌و ئەدەب‌و گێڕانەوەی (سرد) پاشنوێگەریدا دەرئەکەون‌و کاریگەریی خۆیان دەنوێنن، بۆنمونە لەبیناسازی نوێگەریدا دابڕان لەنێوان بیناسازی کۆن‌و شێوازەکانی نوێدا دروست بوو، کەلەپوری بیناسازی پشتگوێ خرا، نوێگەری بەم کاری دابڕانە سیمای بەها ستاتیکیەکانی سڕیەوە کەچەندەها جۆرو شێوازی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو. نوێگەری بەسیستمی گشتگەرایی‌و عەقڵانی خۆیەوە زاڵبوو بەسەر پێکهاتەی جوانکاری شارێلێکی زۆرو روخسارێکی لێکچووی بۆ شارو بیناکان هێنایەکایەوە لەلایەنێکی ترەوە ئەم بوو بەهۆی ئەوەی ئەو بیناو شارانە تایبەتمەندی خۆیان لەدەستبدەن، شێوازێکی عەقڵانی درا بەسەر بیناسازیدا کەبەرەو تەقەشوف‌و رووتکاری دەبردو کارگەی دەکرد بەنمونەی باشی بینا. دیارە تاکە تەرزێکی جیهانی ئەنجامی خراپی لێدەوەشێتەوە ئەگەر تەعمیم بکرێت بەسەر جیهاندا. لەبیناسازی نوێگەریدا زۆر بیر لەسودو قازانجی بیناکراوەتەوە تا ناوەرۆکێکی قازانجی لەخۆگرتووە. لەبیناسازی پاشنوێگەریدا چاومان بەزمان‌و شێوازی تێکەڵاو دەکەوێت کەسودی لەهەڵبژاردنگەری (انتقائیە) بینیوە، یا بیناسازی پاشنوێگەری تێکەڵ لەنوێ‌و وێنەو کەرەستەی ناوچەیی‌و کۆنیش. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوری بیناسازیدا پاشنوێخوازەکان پەنا دەبەنە بەر هەڵبژاردنگەری (الانتقائیە) ئەو وێنەو شێوازانەی لێدەخوازن کەلەگەڵ سەردەمی نوێ‌و هەستی مرۆڤی ئێستا بگونجێت. تەکنۆلۆجیاو پیشەسازی رۆڵی خۆیان دەبینن بەڵام ئەوەیە دابڕان لەگەڵ نموونە کۆنەکاندا ئاشکرا ناکەن. دیارە سوودوەرگرتن لەبیناسازی سەردەمەکانی تر چەند جۆری‌و جوانکاری‌و لەهەمانکاتدا ناجۆرییەکی رێك بەبیناسازی پاشنوێگەری دەبەخشن، هەروەها یاری بە مەواد دەکرێت‌و شێوازی دژی لێهەڵدەبژێررێت‌و پارچە لەناو یەکەی گشتی بینادا سەربەستی‌و بوونی سەربەستی خۆی هەیە. بیناسازی پاشنوێگەری خواز لەجیاتی تەقەشوف هەوڵی جوانکاری‌و رازاندنەوە دەدات‌و شێوازی سەرسوڕهێنەر بەکاردێنێت‌و جاری وا هەیە هونەری گاڵتەجاڕی تێکەڵاو دەکات بەجۆرێك بینەر دەخاتە قاقای پێکەنینەوە. رەنگە کاری بیناسازێکی پاشنوێگەریخوازت بەرچاو بکەوێت بەشێکی بەشێوەو شێوازێکی کۆن کرابێت‌و بەشێکی تری بەپێچەوانەی ئەوەوە.

ئەدەبی پاشنوێگەریش هەمان خەسڵەت‌و سیما سەرەکییەکانی ئەندێشەی پاشنوێگەری تیا دەرئەکەوێت، وبەدەوری (هونەری ناهونەردا) دەسوڕێتەوە، رێکەوت رۆڵی خۆی تیا دەبینێت، بێدەنگیش دەبێت بەخاڵی بزوێنەرو بەرهەمهێنەر.

ئەدەبی پاشنوێگەری گومان لەو بۆچوونە باوو بەناو نوێیانەش دەکات کەهەندێك هۆکاری مەنتیقی دەستنیشانیان دەکات، ئەدەب لەم چوارچێوەیەدا

گومان لەدەربڕینی حەقیقەت بەتەواوی، دەکات. مەعنا لەئەدەبی پاشنوێگەریا رێژەییە، ئەوەی کەدوێنێ رەهاو موتڵەق بوو، گۆڕاوەو لە پڕوپاگەندەکردن بۆ رەهاو حەقیقەتی جێگیر دەرباز بووە، بەرەو رێژەیی کشاوە. ئەدەبی نوێگەری. وەك هاری لیفن دەڵێت: خەسڵەتی کۆتایی عەقڵانیەتی تونده، (بەڵام نووسەرانی پاشنوێگەری ئەم عەقڵانیەتە نوێیە قڵپەکەنەوە لەخیالی بەربەرکانیو گاڵتەکردن بەئیلتزامبوون بەحەقیقەتەوە)

رەخنەگرانو رۆماننوسانو چیرۆکنوسانی


بیکیت

پاشنوێگەری زۆریان لەسەر گێڕانەوەی پاشنوێگەری وتووە، بابەتەکان لەگێڕانەوەی (سرد)، پاش نوێگەریدا تەنها بەشێوەی لێکچوون کۆناکرێتەوە، بەڵکو بەشێوازێکی کراوە کەرەنگە پڕبێت لە؛ دژ،و گۆڕانی سەرەکی.

دەیڤید لۆج بۆ دژو لێکنەچوون چەند وشەیەکی کۆتایی شانۆگەرییەکی بیکیتی هێناوەتەوە: ((پێویستە بەردەوام بیت، ناتوانم بەردەوامبم، بەم زووانە بەردەوام دەبم)). دژی ناو ئەم وشانە بەزەقی دیارە، ئەوانەی پێشەوە بەپێچەوانەی رستەکانی دواترن. لەپاڵ ئەمانەدا جۆرێك لەگومانو دڵەڕاوکێ لەوشەکانا بەدیدەکرێت.

شێوازی دابڕانو زیادەڕۆیی و دژو گۆڕین لەگێڕانەوەی پاشنوێگەریدا کارێکی وادەکەن کەبەردەوامبوون لەگێڕانەوەدا کەمبێت دیسان دەیڤید لۆج، بۆنمونە؛ ئەو رۆمانانە بەنمونە دینێتەوە کەلەسەر شێوەی بڕگەی زۆر کورت نووسراون، وتیایاندا دابڕانی نێوان بڕگەکان بەناونیشانو ژمارەو فێڵی چاپ دەستنیشاندەکرێت. لەگێڕانەوەی پاشنوێگەریدا مەرکەزییات نییە، پاڵەوانی وەك رۆمانی کلاسیکی یا نوێ بەدیناکرێت گێڕەرەوە زیاتر باسی سەرگوزشتەی خۆیو کەسانی تر دەکات، (لەگێڕانەوەی پاش نوێگەریدا شەخسیەت وەك واقیعی دەرەوە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی نازانرێت، چونکە قوواڵیی وانییە، کون بکرێت.

نیشانەناسیو کاریگەری نیشانەناسی حەوت تەکنیکی بەگێڕانەوەی پاشنوێگەری بەخشیوە؛ تەکنیکی لابردنو قرتان (حذف) ئەمەش بۆ ئاگاهێنانەوەو کۆکردنەوەی هۆشی خوێنەرە، تەکنیکی زمانبەندی، تەکنیکێك کەبەچۆڕانی دڵۆپە بشوبهێنرێت، تەکنیکی بەهەڵمبوون، تەکنیکی درۆو درۆی گەورە.


هەرچۆنێك بێت پاشنوێگەری لەگەڵ کەموکوڕییەکانیشیا، بەدوورخستنەوەی ئالیەت لەعەقڵانیەتو فرەگەرایی و رێگادان بەهەمەنەتەوەیی و فرەڕۆشنبیری ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ سەردەمێکی کراوەترو پەرەپێدانی دیموکراتیەتێکی زیاتر.

ئەم نووسینە (پاش نوێگەری..) کورتەی بابەتێکە کەلەسێ ناونیشانی جیاواز پێکهاتووە (١- پاشنوێگەری، ٢- بیناسازی نوێگەری، ٣- گێڕانەوەی پاشنوێگەری).

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە بینراوە:

١- ساختارو تأويل متن/ بابك احمدی.
٢- مدرنیتەو اندیشەی انتقادی/ بابك احمدی.
٣- پست- مدرنیسم چیست؟/ چارلز جنكز.
٤- كۆڤاری الثقافة الاجنبیه ژ٣ ١٩٨٨.
٥- مجله افاق عربیه ١٩٩١
٦- مجلة الثفاقة الاجنبية ٤٢ -١٩٨٨
٧- مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، ت- محمد الشيخ وياسر الطائري.
٨- كتابات معاصرة، ژ٢٩، ساڵە ١٩٩٧
٩- ادبیات داستانی سالّی ١٩٩٤.

* تێبینی بابەتەکانی ئەم دۆسیەیە (پاشنوێگەری) عبدالله تاهیر هەڵیبژاردوون.



مؤید الراوي


مۆئەید ئەلڕاوی) یەکێکە لە شاعیرە ناسراوو چاکەکانی سالانی شەستی شیعری عێراقی. سالّی ١٩٣٩ لە کەرکوک لە دایک بووە. جاران یەکێك لە سیفاتەکانی شاری کەرکوک ئەوەبوو کەسەدەها خێزانی لە شارۆچکەو دێهاتی دەوروبەرێوە بۆ ناو جەرگەی خۆی ڕادەکێشێت و لەگەڵ خێزانە کوردو ئاشوریەکانا دەژیان. نەوت سەدەها خێزانی هەژارو کرێکاری برسی لە گەرەکەکانی کەرکوك کۆ کردبووەوە. خێزانی موئەیەدیش کە لە باوکێکی موسڵمانو دایکێکی مەسیحی پێکهاتبوو، لەو شارەدا جێگیر بوو بوو.


هەر لەو شارەدا خوێندنی تەواو کردوو بوو بە مامۆستا لە دێهاتەکانی دەوروبەری کەرکوك و لەوێوە بیرگەی پربوو لە حیکایەتو دیمەنو سروتی کوردی و بە شێوەیەکی ناڕاستەو خۆ لە هەندێك دێڕی شیعرەکانیا دەنگیان داوەتەوە.موئەیەد کە کۆڵەکەیەکی سەرەکی گروپی کەرکوك بوو (سەرکون بۆلس، ئەنوەر غەسانی، سەلاح فایق، جان دمو، جەلیل قەیسی، یوسف حەیدەری ، و زوهدی داودی و فازل عەزاوی و...) کە لە کەرکوك دا پەروەردە بوون و گوڕو تینێکی گەورەیان بە ئەدەبی عێراقی و عەرەبی دا.

مۆئەید بەهۆی ڕادیکالێتی خۆیەوە، چەندەها جار دوور خراوەتەوە بۆ گوندەکانی کوردستان – سالّی ١٩٦٣ بەندکرا، بۆ دووەم جار لە گەڕانەوەیدا لە بەیروت، خزێنرایەوە بەندیخانە.

سالّی ١٩٦٦ خێزانی لە کەرکوك بەجێهێشت، لە بەغداد کەوتە باوەشی تاقیکردنەوە خودییەکانی خۆیەوە.

مۆئەیەد بە داڕشتنی تێوەری ئەدەبیو هونەری، ئەدەبی سالانی شەستی پتەوکرد. ئەو نووسین بە گرفتی خود دائەنێت کە لەگەڵ جیهانی جێگیردا ناگونجێت. لە پاڵ شیعرا تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندی لە ڕۆژنامەگەریدا هەیە. ڕاوی تاقە دیوانێکی شیعری هەیە، کەم دەنووسی بەڵام باسکردنی تاقیکردنەوەی ئەدەبی شەستەکانی عێراق و ئێستای شیعری عێراقی تەواو دەرناچێت ئەگەر





ناوی شیعری موئەیــەد نــەهێنرێت. لــە ســەرەتای حەفتاکانەوە لە سوریا و بەیروت و ئەڵمانیا دەژی.

چەندگەسێك لە فیزیای جەستەدا

بەو ئومێدەی سەردان بە پانتایی بزانم
بە ئومێدی ئەوەی دەوڵەت ئاوا بێت
چاوەڕوان دەبم، چاوەڕوان دەبم،
چاوەڕوانی سەردانی باران دەبم


پاش
هەڵوەرینی
پەنجەکان
لەگەڵ
هێمادا
لەناو
شووشەی شەوا

چاوەڕوانی چاندنی پاڵتۆو وەفدە بیانیەکان دەبم
تاکردارێکی پێکهێنانی ساکار ئەنجام بدەم:
خۆم، وخێزان. ئێوە و خێزان

چێشتخانەو رۆژنامەکان وئاسیا
کاتدارییەکی هاو پەیمان.
سۆزی سەیرو غەریبی پیاوێکی بیانی کۆکەمەوە
کە لە بۆرسە هێچ نازانێت
بەڵام پۆژهەڵات دەخوات
پاشان
وەك گوللەیەك
دەیخاتە
کراسەکەیەوە.

چەند شیاوێك

پۆژ رایکـرد چـەند کانزایـەکی قورســی هــەڵگرتبو
کەوتبوونە سەر دڵ
پۆژ رایکرد، ئەو پۆژەی کە لە دەرەوەی گەوە زەیی
کێڵگەو
میوەی باخەکانا ناسیمی،
لە بەفری شاخەکان دوور کەوتەوە
سەرگوزشتەی ژیانی خۆی پێچابووەوە
ئەوە شەوە کە بەخەمە قوولەکانی لوولی کردووم



یاخود گۆمی دڵمەو بەردێکێیان تێفڕێداوە.
ئەوە ئەو سپیدەیەیە کە کۆتیان کرد
یاخودئەو ڕونبوونەوەیەیە کە باڵیان قرتان
یامنم
لە بەرەبەیان
دوورکەوتومەتەوە
بە ئەگەرو شیاوی ڕونبوونەوەدا
پەرت پەرت بووم.

پرسیار

لە ئێستای ئەم شەوەدا، یا لە شەوی
ئەم کاتژمێرانەی ئێستادا چی دەکەیت؟
هێواش ڕێدەکەیت،
پێ لە خەو دەکوتێ
دەستت بە پەڕەی ڕۆژنامەکانەوەیە، تووشی
دەردی بێدار بوونەوەی بووی
چی لە دەستو پەنجەت دەکەیت کە بە خوار
چوون
چی لەم هەموو هەورە دەکەیت کە لە سەرتانە؟
تەنها مانگێك،
تەنها مێزێك،
لەوێش داوستانێکی تەماوی ڕۆح هەیە
دەمامکەکان دەپێوێ
دەڕازێنێتەوە
بەڕەنگ
بەگڕ
بە خۆڵەمێش
بە چەند باڵندەیەك کە هەموو هەوایەك لەهەوا،
لە تۆ دەسەنن،
چی لە تیشك دەکەیت
لەم هەموو تیشکەی بەرنامەیان بۆ داڕێژراوە،
لە تیشکا دانراون؟
تا مێزە ڕەشەکەت بدۆزیتەوە
کیسە بۆشەکانتی لەسەر دانرابێت؟

---

* مۆید لەعەربیدا بە (اسم فاعل)و (اسم مفعول)یش دەنوسرێت

خورپەی ناخ


نامەیەك بۆ محەمەد کوردۆ نووسینی : کەمال غەمبار شەوی ١٦\١٠\١٩٩١

بۆ بەڕێز کاك کوردۆ

بەڕلە خوێندنەوەی هۆنراوەکانت ئەم هەنگاوەت کە بەم جۆرە " نامیلکە شیعری بەرباخەڵ " ت خستۆتە بەردەم خوێنەر ، کارێکی داهێنەرانەیەو دەستپێشخەریەکی باشە ، خۆ ئەگەر بۆ ڕەخنەگر کاك زاهیر ڕۆژ بەیانی ناوی هۆنراوەکانتی بە مایکرۆ شیعر دابێتە قەڵەم، من بە پۆستەری شیعری لە قەڵەم دەدەم ...

ناڵێم سەرجەمی هۆنراوەکانت بەرزو باڵان، ئەوانیش وەك کۆمەڵە کۆڕێکی تاکە باوکێك هەڵبەتە گشتیان لە یەك ئاست و پلە دا نین بەڵام وەك باری سەرنج و تێبینی و بۆ چوونم تا ڕادەیەکی زۆر گرەوی بەهرەی شیعرت بردۆتەوە مایەی ئافەرین و دەسگوشینی .. چەند تابلۆیەکیان سەرنجیان بە تەواوەتی ڕاکێشام بە تایبەتی هۆنراوەی " باڵ " ، " گڕ " ، " بەراوورد "، "ماچ " ، " لێو ".

تۆ لە ڕێگەی ئەم نامیلکەیەدا وەك شاعیرێکی لێهاتوو ڕەگی شیعرەکانت بە خاکی شیعری کوردیدا ڕۆدەچن.. سەرکەوتنی شاعیریش لەوەدایە کە بە زۆرە ملێ سواری پشتی شیعر نەبێ و خۆی بە سوار چاکی جلیتبازی بداتە قەڵەم.



بە وشەی سادەو ئاشنا واتای قوڵ و کاریگەرت وا ڕێژتووە ، شیعرەکانت بە سانایی دەچنە دەروونەوە..

ناڵێم وەك چوکلێتی ناو دەمن ، هەرکاتێ لە ناو دەمدا توانەوە ، تامو چێژیان نەمێنێ ، نەخێر.. دوای خوێندنەوە بە ماوەیەکیش کارتیکردنیان دەمێنێ و جێگای خۆیان دەکەنەوە ، شیعری ڕەسەنیش هەردەبێ وابێ.. مەرج نیە شیعر دوورو درێژبێ ، تا بڵێن شاعیر بین و هەناسەی درێژە ، ئەراگۆن وتەنی " کورتترین هۆنراوە جوانترینیانە " شیعرەکانت کۆپلە کۆپلە پۆستەرن ، پۆستەری وێنەکێشان بەوتە ، بە دەنگێکی بەرز ، بەترپە و ئیقاعێکی کێشداری هێمن و لە سەر خۆ ...

ئەو کەسەی کەوێنەی بەراوورد لە شتێکی نائاساییەوە بکات بە ئاسایی و هەڵیگێڕێتەوەو بەم جۆرە تابلۆیەکی داهێنەرانە بڕەخسێنێ گومانی تیا نیە شاعیرە هەرچەندە ئەمەی شیعریشی ئەوەندە زۆر نەبێ، ڕاستە کورد وتەنی : " بە گوڵێك بەهار نایەت " بەڵام داهێنان بە تەمەن و ئەزموون نیە بەڵکو ئەوەی پەیوەندی بە ڕاستگۆیی و سووتان و ژان و خولیای هەساڵە سەرەکیەکەوە هەیە کە شیعرە ، وەك وتم هێز و پێزی بەهرەی شیعریت لەم بەیەك بەستنەوەیەدا کە دوو سەری هاوڕێ بەیەك دەگەیەنێ کە دەڵێت :

وەك ئەڵێن
شتی تەڕ زۆر دڕەنگ ئەسووتێ
خۆ دڵی دێوانەم زۆر تەڕ بوو
ئەی بۆ چی
پێش ئەوەی بگاتە چاوانت
ئاگری تێ بەر بوو ؟

ئینجا بە هیوام سەرکەوتووبی و شیعری تەڕو ناسك هەنگاوی داهاتووت بێ و بۆ پێشەوە.


ئەم تێبینیانەی کە دەربارەی (خورپەی ناخی) کاك محمد کوردۆ لە شێوەی نامەدا مامۆستا کەمال غەمبار دەربڕیوە ؟ ، بۆ ماوەیەك لە لای کاك محمد کوردۆ ماونەتەوە ، وا ئێستا لە سەر ئارەزوی هەردوو لایان لە گەلاوێژی نوێدا بڵاو دەکرێنەوە.

بەندەری بەرمۆدا

خوێندنەوەی: عەتا

شارۆلت برۆنتێی رابەری ر ۆمانی کلاسیکی ئینگلیزی لەسالی ١٨٥٩دا بەلویس دەلێت: هیوادارم وەکو ئافرەت بیرت لێنەکردبمەوە، تۆتا مۆلێریش دەلێت : ئافرەت بریتیە لەمندالدان. ئێمەش پێشتر لەلێکۆلینەوەیەکدا گوتومانە کەژاڵ ئەحمەد لەبنیاد نانی گوتاری مێ یەتیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە چونکە لەلایەك نەیتوانیووە لەچوارچێوەی ئەدەبەکەیدا بێترس گوزارشت لەئازارەکانی ئافرەت و بەو پێیەش گوزارشت لەویستەکانی ئافرەت بکات، لەلایەکی تریشەوە زۆرجار سەنگەری ئافرەتی بەجێ هێشتووەو وەکو پیاو مامەڵەی شیعری کردووە. ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لەگرفتەکانی ڕێگای داهێنان چونکە کاتێ ژنە شاعیرێك لەبری خەریك بون بە کێشەی ژنانەوە لە بواری ئەدەب و تەنانەت کەناڵەکانی تری ڕۆشنبیریشدا خوی بخاتە شوێنی شاعیرە پیاوەکانەوەو خۆی بەمەسەلەی سیاسەتەوە خەریك بکات مانای وایە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی جێگایەك لەنێو پیاواندا بۆ خۆی بکاتەوەو لەگەڵ ئەوانی کۆدا ئەمیش کۆببێتەوەو حالەتی تاکی و تەنیایی خۆی بەجێ بهێلیت . لەکاتێکدا داهێنان کارێکی تاکە کەسی یەو پەیرەو کردنی ئەو حالەتە جەمعی یە روحی داهینان دەکوژیت .

دیارە ئەوە شتێکی بەلگە نەویستە هەرکەناوی ژنە شاعیرێ یان ژنە نووسەرێك دەبیستین ڕاستەو خۆ خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێت داخۆ ئەو ژنە شاعیرە یان نووسەرە چ جێگایەکی لە بزوتنەوەی ژناندا هەیەوئەوەی بەرهەمی دێنێت تا چەندێ لەبەرەوپێدانی بزوتنەوەی فیمینیزمدا بەشداری دەکات . هەر



بەرهەمێکی ئەدەبی وهونەریش با داهینەرەکەی ژنیش بێت بەلام ئەگەر لە سنوری بنیادنانی گوتاری فیمینیزمدا نەبیت ئەوا ناکرێت ئەو بەرهەمە بە بەرهەمی ژن دابنرێت. دیارە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی وەکو ئێمەدا زۆر هوکار بەشداری دەکەن لەوەیدا کەتەنانەت خودی ژنانی قەڵەم بەدەست خۆیشیان بەجیدی کاری داهینانیان لە خزمەتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆیان و ئایندەی پڕ لە ئاسودەیی بۆ خۆیاندا نەبیت .

لە بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی لە کوردستاندا دەنووسن بەدەگمەن توانیوویانە لە گەوهەری گووتاری فیمینیزم تێ بگەن ئەویش بەدوو ئاراستە. ئاراستەی یەکەمیان ئەوانەن کە چوونەتە ریزی پیاوەوە لە نووسینداو خۆیان لە مەسەلەکانی ژنان دوور خستۆتەوە .

ئاراستەی دووەمیان ئەوانەن کە زۆر بە ڕووکەش لە گوتاری فیمینیزم تێگەیشتوون و وای بۆ دەچن کە گەوهەری کێشەی ژنان مەسەلەی سێکس و ئازادی سێکسە.

ئێمە مەبەستمان لەوە نییە کەمەسەلەی سێکس بەشێکی گرنگ نییە لە کێشەی ژنان ، بەڵام گرنگ تێگەیشتنە لەو مەسەلەیە . بەشێکی هەرە زۆری ئەو ژنە نووسەرانەی بە بۆچوونی خۆیان گوزارشت لە گرێی سێکسی و سەرکوتانەوەی سێکسی ژنان دەکەن ، لەشێوەیەکی زۆر ڕووکەشدا بەرجەستەی دەکەن کە ناتوانن مانایەکی ئینسانی قوڵی پێ بدەن و لە بەرهەمەکانیاندا بە ئاشکرا ئەوە دەرکەوێت کە ئازادی سێکسی و سەرجەم مەسەلەی ژنان بەوە تێگەیشتوون ژن چۆن وکەی و لەگەڵ چ کەسێکداو بە چ شێوەیەك ویستی بۆی هەیە موومارەسەی سێکسی خۆی بکات کە ئەمەش لەراستیدا ڕوویەکی نزمی تێگەیشتنە لە ژنان.

کەژاڵ ئەحمەد وەکو شاعیرێکی ژن بە تێروانینی من لە سەرجەم ژنە شاعیرو چیرۆك نووسەکانی ژری کوردستان زیاتر لە دەربڕین و بەرجەستە کردنی ئازارەکانی ژن و جەستە ویستە ڕۆحی و مادی یەکانی ژن نزیك بۆتەوە . ئەزمونی شیعری کەژاڵ ژنیکەی دەسااڵ بۆ سەرەوەیە کەلەم ماوەیەدا کەم تا زۆر جۆرێك

لەئامادەبوونی هەبووەو سالّی پار بە ژمارەیەکی کەم بەشێکی شیعرەکانی بلاّوکردۆتەوەو لە سەرەتای ئەم سالّیشدا ئەو بەرهەمانەی لە کتێبێکدا بەناوی " بەندەری بەرمۆدا " بۆ جاری دووەم بە چاپ گەیاندەوە .

کە بیستوشەش شیعری لە خۆی گرتووە دیارە ئەوەش هەلّبژاردەی شیعرەکانیەتی .

کەژال بەشێوەیەکی گشتی هەوڵی دروستکردنی هێلّێکی دیاری کراوی داوە بەو مەبەستەی جێ پێیەك بۆ خۆی داگیربکات ، لە راستیشدا بەپێی گەشەو پەرەسەندنی ئەدەبی ژنانە ئەم جێگای خۆی هەیە ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە نەیتوانیبێت بەرجەستەی گوتاری مێیەتی یان گوتاری ژن بکات . لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بنەمای پێکهێنانی ئەو گوتارە ئامادەبونی هەیە ، واتە ئەم بە ئیحساس هەست بە ئازارو ژانەکانی ژن دەکات و دەشیەوێت گوزارشت لەو ئازارو ژانانە بکات ، بەڵام ئەوەی کە رێگای نادات لە نەستیدا ئامادەبوونی هەیە بگوازرێتەوە بۆ نێو دەقەکانی بریتیە لە سانسۆرە کومەڵایەتی و کەلتوری و ئەخلاقیەکان . ئەو کەلتورەی کە هەر گوزارشت کردنێکی راستگۆیانە بەجۆرێك لە دان پێدان (أعترافات) لە قەڵەم دەدات و بۆ هەر دان پیدانانێکیش جورێك لە سزا هەیە ، ئیتر گرنگ نیە ئەو سزایە پراکتیك بکرێت یان نا .

ئەوەتا کەژاڵ ئەحمەد بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات دێت کێشەی خۆی و گەل پێکەوە دەبەستێت و پێی وایە گرفتی هەردووکیان تەنیاییە واتە ئەم هاتووە لە ئەنجامی جۆرێك لە هاوشێوە کردندا باسی گرفتەکانی خۆی وەکو ژن بکات، کە ئەمەش لەلایەك ئاراستەی گوتاری شیعرەکەی دابەشکردووە لە نێوان خۆی وەکو ژن و گەل وەکو پێکهاتەیەکی تەنیاو بێ ناسنامە . کە لە پشتی دەقەکەوە ئەو جیهانبینیە راوەستاوە کە ئەمی ژن هەمان شێوەی گەلەکەی خاوەنی ناسنامەی خۆی نیە .

گەل تەنیایە
وەك تەنیایی بابە ئادەم
بەر لە هاتنی بە فەڕی دایە حەوا
گەل تەنیایەو
منیش...تەنیام
لێرەدائەگەرچی دایە حەوا
هێمای رزگارکردنی بابە ئادەمە
لە حاڵەتی تەنیایی ،لە پشتی ئەم
گوتەیەشەوە نەگوتراوێك هەیە
ئەویش ئەوەیە کەئەمی ژنیش
چاوەروانی رزگارکەرێك دەکات
واتە باوە ئادەمێك کە بێتو لە
تەنیایی رزگاری بکات . هەر لەم
شیعرەدا " لە مریەم بە رەحم تر
" گوزارشت لە مەسەلەی مریەمی
عەزرا دەکات و بیانووش بۆ
بێگەردی مەریەم دەهێنێتەوە کە
لە پشتی ئەو بیانووهێنانەوەیە
نەگوتراویکی تر هەیەو ئەویش
ئەوەیە کە سك پڕبوون یان منداڵ
بوون بۆ ژنێکی شوو نەکردووش
کە دیارە لە ئەنجامی سێکسی
ناشەرعیدا ئەوە دەبێت ناتوانێت
پاکیزەیی ژن لە نێو بەرات ، لە
مانایەکی تر بەشێك لە جیهانبینی
ئەم شیعرە ئەوەیە کە بە نازادی
مومارەسەکردنی سێکسی یان لە
دەستدانی پەردەی خاوێنی نابنە
بەڵگە بۆ دۆڕاندنی گەوهەری
پاکیزەیی ژن . بە مانایەکی تر
ئەم دەیەوێت مەسەلەی سێکسیو
رەفتار لەیەکتر جیابکرێتەوە .

کەژاڵ ئەحمەد لە شیعری (خاڵی گومان) دا دەڵێت :

ئاواتی من گەورەترە
لە وەی بەتەنیا ئافرەت بم
یان شاعیر بم یان شای ژنان
ئەگەر ناوبانگیشم بفرێ لەم
پەر تا ئەو پەری جیهان
ئەمی شاعیر بە ئاشکرا هەست
بە جێگای ئافرەت دەکاتو پێی
وایە جێگایەکی نزمە ، بەڵام
ئاواتەکانی خۆی لەسەروی بوونی
خۆیەوە دەبینێ ، تەنانەت
شاعیرێتیو بوون بە شای ژنانیش
یان گەورەترین ناوبانگیش
هەموویان لە چاو ئاواتەکانی ئەمدا
بچوکن چونکە ئەو هەموو ئەمانە
بە هیچ دەزانێ کاتێ مەحکومی
پەیڕەوکردنی یاساکانی شوکردنو
پاراستنی شەرەفی مێردەکەیەتی
لە سنووری کۆمەڵگاو کەلتورێکدا
کە بە تێڕوانینی ئەم
نازادیپەکانی ئەمی ژن تیایدا
هەرەس دەهێنێ کاتێ دەترسێت
لەوەی کە ئەمیش وەکو هەموو
کچانی تر کە چێی وایە وادەی
شووکردنی هاتووە نەتوانێت مل
بۆ یاساکانی شووکردن نەدات و
بە ناچاری بە گومانێکی گەورەوە
لە توانای خۆی راوەستاوەو لە
ئەگەری هەرەس هێناندایە لە ژیر
کاریگەری حەزو ئارەزوەکانیدا ،
بەڵام بە گومانیشەوە بیر لە

داهاتوی خۆی دەکاتەوە کە نەگات بەو ئاواتە گەورەیەی کە بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەویش ئاواتی روخاندنی دیوارو بەربەستەکانی نێوان ئەمی ژن و ئەوی پیاوە.

واتە لەم شیعرەدا کەژاڵ ئەحمەد بانگەشە بۆ گەیشتن بە حاڵەتی یەکسانی نێوان پیاوو ژن دەکاتو لەپاڵ هەوڵدان بۆ بەرهەم هێنانی ئەو جیهانبینیەدا بنیادی کۆمەڵگاو یاساو دەستورو شەریعەتی باویش دەداتە بەر ڕەخنەو هێرش . لەم شیعرەدا کەژاڵ لە ڕووی بەرهەم هێنانی شیعریەتەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوەو زیاتر گوتاریکی کۆمەڵایەتی سیاسی دەنووسێتەوە بەزمانێکی تەقلیدی شیعر کە تەنانەت پەیڕەو کردنی سەروا وەکو ڕەگەزێکی بنیادی زمان مەودای شیعریەت بەرهەم هێنانی تەسک کردوتەوە .

(لە دوا پرجوی ڕۆح) دا کەژاڵ ئەحمەد باسی کبریای خۆی دەکات کە چۆن تاکو ئێستا ئەم ڕۆحێکی یاخیبەو بۆ کەس دەستەمۆ نابێت . ئەوەتا دەڵێت :

ڕۆحی من
ئەسپێکی ڕەسەنە
مەگیرەم ، ئازیزان
بۆ هیچ حیزبێك
بۆ هیچ پیاوێك
بۆ هیچ کەسێك
دابین نەبووەو دابین نابێت
ئەگەر سەرنجی ئەو دەلالەتە
بدەین لە پشتی ئەم شیعرەوە
ڕاوەستاوە ئەوا بە ئاشکرا
ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە
جۆرێك لە خۆ لادان لەو یاسا سروشتیانەی کە جووت ڕەگەزی نێرو مێ پێکەوە دەبەستن لێرەدا بەرجەستە کراوە . گەوهەری گوتاری فیمینیزم ئەوەنیە کە دیوارێکی گەورە لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا هەڵبچنێت بە لکو بە پێچەنەوانەوە گەوهەری ئەو گوتارە لە پێناوی روخاندنی دیوارەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدایە . کە لە ڕاستیدا ئەوەش بەوە ناگاتە ئەنجام کە ژن خۆی لە سەنگەری دژی پیاودا ببینێتەوە وای بۆ بچێت پەیوەندی لەگەڵ پیاودا ململانێیە، هەتا ژنی سەرکەوتوو ئەوەبێت

نەتاکو ئێستا نەلەئایندەشدا ئامادە نەبێت ئەو پەیوەندییە سروشتیەی کەهەموو یاسا گەردوونیو سروشتیەکان دروستیان کردووە ئەم بەیڕەویان بکات. بەتێڕوانینی من بۆچوونی لەم جۆرە لەبنە ڕەتدا دژی حەقیقەت و گەوهەری حەزو ویست و ئارەزوو ئینسانەکانی خۆیشیەتی، بەواتایەکی تر شاعیر دەیەوێت خۆی لەگوزارشت کردنی ڕاستگۆیانەی ویستە بایلۆژی و ڕۆحیەکانی دوور بخاتەوە کە لە ڕاستیدا هەرخۆ دوورخستنەوەیەك لە گەوهەری ڕاستی شتەکان باشتێکیش نەبێت ناوی ڕاستی موتلەق نەبێت دەبێتە هۆی کوشتنی ڕۆحی داهێنان . بە واتایەکی تر لەم شیعرەدا کەژاڵ ڕاستیەی ڕۆحی و غەریزییەکان دەشارێتەوە لە پێناوی ئامانجێکی تردا کە وای بۆ دەچێت نیشاندانی جۆرێك لە کبریای خۆیەتی . ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەو (کبریایە) لەم قسانەدا بە سەر کوتانەوەی حەزو ویستە غەریزییەکانی خۆی دروست دەکات ، کە لەڕاستی دا بە پێچەوانەوەیە و (کبریاء) لە دان نان بە ڕاستی و مل دانان بۆ ڕاستیدا دروست دەبێت . نەك لە شاردنەوەی حەقیقەتدا . لێرەدا خەسڵەتەکانی گوتاری مێیەتی هەرەس دەهێنێ و لە پشتی دەقەکەوە نە گوتراوێك) لای ئێمە خۆی ئاشکرا دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت :

هەموو کاتێ من لە سەر خاڵی گومانم
من شەرەفی پیاوەکەمم بەڵام ئەو شەرەفم نیە
بەڵام لە ڕاستیدا ئەم پێی وایە پیاو مل دانو دەستەمۆ بوون بە گوتەی خۆی بۆ هەر پیاوێك تائێستاو بۆ ئەمەو دواش مانای شکاندنی کبریائی ئەوە ، کە ئەو کبریائەش دەڵالەتی ئەو (شەرەفە) هەڵدەگرێت کە ئەم خۆی پێی وایە هەتا ئێستا پارێزگاری لێکردووە چونکە هیچ کەس ، هیچ پیاوێك ئەمی دابین نەکردووە و هیچ دەستێك بەر ئاڵێك لە یاڵی ئەفسانەیی نەکەوتووە . لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کەرچی ئەم خۆی دژی ئەو یاساو داب و نەریت و شەریعەتەیە کە ئەبوونی ئازادی سێکسی و پەردەی پاکیزەی بە پێوانەی شەرەف دادەنێن ، کەچی لێرەدا هەر خۆی پێی وایە ڕۆحی سەرکەش یان کبریاء و شەرەفمەندی بەندن بەوەی کە ئەم بۆ هیچ پیاوێك دابین

نەبوونێت و دەستی هیچ پیاوێك
بەر تاڵێك لە قژی نەكەوتبێت .

بەندەری برمۆدا سەربازی
كۆمەڵێ حاڵەتی دژ بەیەك و
بنیادی لاوازی بە شیعر نەبوو ،
یان خۆ لادان لە گەوهەری كێشەی
ژنان لە سایەی مەسەلەی سیاسی
و میللەت دا لەبری پرۆسێس و
دروستكردنی رووداو سەرجەمی
دەقەكان دەقی وەسفێن كە
دەقی وەسفیش لە رووكەشی
دەرەوەلە شتەكان دەدوێت و
گەوهەرو ماهیەتیانی بۆ ئاشكرا
ناكرێت . كە بە پێچەوانەوە لە
پرۆسێسو رووداودا گەوهەرو
ماهیەتی شتەكان ئاشكرا دەبێت .
لێرەدا دەتوانین بڵێین كەژاڵ
ئەحمەد لە بری ئەوەی گوتارێكی
پراكتیكیانەی فیمینیزم بنیاد
بنێت گوتارێكی وەسفی لەو
بوارەدا بنیاد دەنێت .

بەواتا كەژاڵ ئەحمەد هەمان
هەڵوێستەكەی شارلۆت برۆنتێ
وەردەگرێت، دەترسێت لەوەی كە
حەقیقەتی خودی خۆی وەكو
ژنێكی نێو پانتایی كۆمەڵگایەكی
دواكەوتوو لە ئەدەبەكەیدا
بەرجەستە بكات ، نەوەكو
كۆمەڵگا لێی قبوڵ نەكات . واتە
هیواداره كۆمەڵگا وەكو ژنێك كە
وەسفی گرفتەكانی ژن دەكات بە
گشتی حسابی بۆ بكرێت . واتە
ئەمیش هەمان شێوەی شارلۆت
برۆنتێ هیواداره وەكو ژن بیری لێ
نەكرێتەوە چونكە ژن لە ئاستێكی
نزمتر لە پیاودا دەبینێ .

عەزیز گەردی

نەوزاد عەلی ئەحمەد

* گڵكەند، ژنێكی مەمك
شۆڕی كوردەواری نیە تا شیری
عەشقی لێ بمژێن و تەمەنی
گەورەیی بنووسینەوە،
گڵكەند؛تەمی سەر بانێژەی ماڵە
كوردان نیە، تا قەیرە كچان ماچی
سەحەران دەبەر ڕەنگە سپیەكانی
شاباش بكەن. گڵكەند، هەناسەی
نێو وەرزێكی نەزۆك نیە، تا بە
بارانی ئەودیوی شاخەكان لە
هۆش بچێوخاك لەزەتی لێ
وەرگرێ، گڵكەند، دارستانی نێو
ڕەحمە خوێناویەكانەو خرۆكە
سووەكانی مێژوویەكە لە
سیاسەتی كشانەوە و دەست دانە
چەك. گڵكەند، ڕۆشناییەك بوو زۆر
جار خۆم لەبەری وشك دەكردەوە
و بەئەسپایی وەك ماڵە
بەلەنگازەكەم ئامێزی بۆم
دەكردەوە و منیش مەست
دەبووم بەلاوكی ئەو موریدەی
ئێستا شۆڕە ژنان لە خۆی
دەگرێ، مەستی دەكردم بە
حەیرانی ئەو كێژۆلەیەی بەختی
خۆی خستۆتە سەر مێزی شەوە
درێژەكانی شەڕاب و ڕۆژە
كورتەكانی تێربوون.

*گلكەند بۆ ئێمەی هەولێری
تەنبووڕێك بوو بۆ حیكایەتەكانی
نێو دوكەڵ و جوانیەكانی
قامیشەڵان، لەنێو لەپی گلكەندا
هاورێیەتی مامۆستا عەزیز گەردی
زیاتر ئاشنای هەولێری كردم و بۆ
یەكەم جار لاپەڕەی بۆچونەكانی
ئەو پیاوەی پێ ناساندم، عەزیز



گەردی واتە دوور كەوتنەوە لە
سەراب و خوێندنەوەیەكی تازە بۆ
شیعری ئادەم و بڕینە
نوورانیەكانی سەمەدی بیهرەنگیو
ڕۆشناییەكی تر بۆ دەقی گەورەی
كلاسیكیات و موصیبەتێكی تر بۆ
جوانیەكانی كلتورو هەناسەیەكی
تر لە بەردەم شووشەكانی زمان و
گەڕان بۆ ئەو هەقیقەتەی كە لە
كورد دەچێو كوردیش لە " أنا
الحق"، عەزیز گەردی واتە
خوێندنەوەیەكی تر بۆ ئەو
دەفتەرانەی تەنیا خۆی دەزانێت
لە چ باخەڵێك قەدی كردوون واتە
ئەو ئاوێنەیەی ئێوارە و عەسرو
بەیانیان یەك هەناسەی لێوە دێت
كە ئەویش هەناسەی كتێب و ڕێگا
دوورەكانی شمشێرو هەنگاوە
ڕمانەكانی زەمەنە، عەزیز گەردی
واتە پیاوێك لە سادەیی و ژوورێك
لە مەعریفە و ئومێدێك بۆ
هەڵگشتان و دەنگێك بۆ ئازادی و
مەنفایەك بۆ خوردبوونەوەو
سەدایەك بۆ هەڵگشتانو
پەنجەرەیەك بۆ ژوورێكی تر.

-كە عیلم گورگی بەر سێبەری
سنۆبەرەكانی ڕێگای ڕاونا بڕانن
قەڵەمێكە و دەیەوێ بدوێ.

-كە تفەنگێك بۆ حیوار هاتە
سەر چۆكو وتی، ڕێگام بدەن دوا
فیشەكی خۆم بتەقێنم بزانن

ده‌فته‌ره‌ێکی نه‌کراوه‌یه‌و گه‌ره‌کیه‌تی بدوێ.

–که شه‌قامێك هات دوان‌و فه‌رمووی دوا رێگام بده‌ن دوا دروشمی خۆم هه‌ڵواسم، بزانن ئه‌مه سروودی گول' گه‌نمێکی تازه‌یه‌و بانگمان ده‌کا.

–که ئاگردانێك له کورده‌واری ڕامان ئیبن مسته‌وفی‌و مزه‌فه‌ره‌دین‌و ئه‌وانی تری هێنا، بزانن زیکری حه‌رف و ده‌فژه‌نینه بۆ سه‌مای کتێب.

مامۆستا عه‌زیز گه‌ردی و خۆسازدان بۆ ناسینی‌و که‌مین دانانه‌وه بۆ گوێگرتن له قسه‌کانی‌و هه‌ڵوه‌سته‌کردن بۆ کرده‌وه‌کانی ، بۆ ئێمه‌ی لاو کۆمه‌ڵێ واتای به ده‌روونمان گرێ ده‌دا... بۆ هه‌موومان وه‌کو قه‌ڵه‌م به‌ده‌ستانی هه‌ولێری ناسینی ئه‌م پیاوه زه‌روری بوو، بۆ منیش وه‌کو گه‌نجێکی شێتی سیاسه‌ت‌و حیزبایه‌تی تۆخ‌و "کۆمه‌ڵه" یه‌کی یاخی، خوێندنه‌وه‌ی ئه‌و شه‌خسیه‌ته پێویست بوو، له‌به‌رده‌م یه‌کێك له کتێبخانه‌کانی شار ئه‌و پیاوه‌م ناسی.

–یه‌که‌م چای شیرینمان له "مه‌چکۆ" خوارده‌وه.

–یه‌که‌م قسه‌و واتا که فرێی‌دا له "کورد" ڕاده‌ما.

–یه‌که‌م پیاسه که پێکه‌وه کردمان له ته‌یراوه بوو.

–یه‌که‌م سیفات که لێوه‌ی فڕ بووم، خه‌ڵکی خراپ خۆشیان نه‌ده‌ویست.

–یه‌که‌م دانیشتن که پێکه‌وه به ته‌نیا دانیشتین له‌و گڵکه‌نده بوو که چۆن له پێشه‌وه به‌شان و باڵیم دا هه‌ڵدا.

–دوا سڵاو که له‌یه‌کترمان کرد به‌ری سێ سااڵن بوو.

پێویسته بڵێ د. عه‌زیز گه‌ردی بڵێین

–قه‌ڵه‌مێك له به‌حره‌که‌ی عه‌شایردا یاخی بوو.

–ده‌فته‌رێك که‌وته سه‌ر مێزو وه‌همی شکاند.

– به‌ڵێ به‌دوره‌وه هه‌قیقه‌تی وت.

–عه‌قڵێك له به‌زه‌یی‌و گوناح‌و ساده‌یی.

–ڕۆشناییه‌ك حه‌رفی کتێبمان ده‌به‌ری دیت.

عه‌زیز گه‌ردی واته هه‌ولێرو هه‌ولێریش واته عه‌زیز گه‌ردی.

له‌دیدارێکدا..
باکۆ سۆرانی: من سنور نابینم له‌شانۆدا بۆیه تیپی شانۆی بێ سنورمان دامه‌زراند..

دیداری: مه‌ریوان

شانۆ ئه‌و پانتاییه‌ی که ده‌کرێ هه‌میشه ناوزه‌ند بکرێ که هێڵێکی ئاڕاسته‌کراو یان ئه‌و پانتاییه‌ی گوزارشتی سه‌رجه‌م پرسیاره که‌ینونی‌و هه‌نووکه‌ییه‌کانی مرۆڤایه‌تی له‌خۆ ده‌گرێ، خه‌ونی شانۆش خه‌ونێکی هه‌میشه‌ییه چ له ئێستاو له‌داهاتوودا.. باکۆ ئه‌حمه‌د (باکۆ سۆرانی) یه‌کێکه له‌و هونه‌رمه‌نده شانۆکارانه‌ی شه‌ش ساڵه له‌وڵاتی هۆڵنده له‌شاری (ئاپڵ دۆرن) نیشته‌جێ‌و به‌رده‌وامه له‌کاری شانۆیی‌و گوزارشت له‌خه‌ونه‌کانی ده‌کات.

باکۆ ئه‌حمه‌د ده‌رچووی په‌یمانگای هونه‌ره جوانه‌کانی سلێمانییه‌و ئێستا له‌تاراوگه لێپرسراوی تیپی شانۆی (بێ سنور)ه، ئه‌ندامانی گروپه‌که هه‌ریه‌ك له که‌لتوورێکی جیاوه هاتوون‌و له (٤٢) ئه‌ندام پێکهاتووه‌و به‌رده‌وام ئه‌زموونه هونه‌رییه‌کانی خۆیان له‌هۆڵی (Gigant) نمایش ده‌که‌ن. دوای گه‌ڕانه‌وه‌ی هونه‌رمه‌نده له‌چاوپێکه‌وتنێکدا ئه‌م دیداره‌مان سازدا:





ڕۆژنامەی ئاپۆ دۆرن: (سۆرانی کەرویشکێکی فانتازییە!!)

ڕۆژنامەی ئاپۆ دۆرن: (باکۆ سۆرانی شانۆی شەقام دەوروژێنێ!!)

پ/ دەمانەوێت لەدوای گەیشتنت بۆ هۆڵندە، لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، ئایا خەونە شانۆییەکانی هونەرمەند لەتاراوگە لەچی‌یەوە دەستی پێکرد؟

و/ کاتێك كه گەیشتمه هۆڵندە هەستم بەوە کرد که پێویستە من لەکەلتووری هۆڵندەدا دەورێکی بالا ببینم، کاتێك که هەستم کرد هونەرمەندە هۆڵندییەکانو شانۆکارەکان دەورێکی بالا دەبینن. من لێرەدا توشی تەقینەوەیەکی گەورە بووم لەناخی خۆمدا هەستم کرد کە لەلای خۆمەوە وزەیەکی گەورە هەیە پێویستە ئەو وزەیە خەفە نەکرێت بەڵکو وزەکان بەرەو باش بوون بڕوات بۆیە ویستم لەپێنج مانگی یەکەمدا لەهۆڵندە پانتاییەکی تازە بۆ خۆم دروست بکەمو بتوانم ئەو وزەیەی لەناوەوەی باکۆ سۆرانی‌دایە بتەقێتەوە، بەڵام ئەم تەقینەوەیە پێنج مانگێکی خایاندو دواتر لەشانۆی (ئێستاو هەموو کاتێك باران دەبارێت) بەدەرکەوت.

ئەوەی راستی بێت تائێستا خەونەکانی من نەهاتوونەتە دی چونکە ئەو خەونانەی من بەنیازیم، یا لەبەر ئەوەی بەبەردەوامی خەون دەبینم تائێستا نەهاتوونەدی، بەڵام ئەو خەونانەی کە هاتوونەتە دی بوونەتە سەرەتایەك بۆ خەونەکانی داهاتووم، ئەوەی کە من زۆر زۆر پێخۆشحاڵم هەروەك وتم من بەردەوام لەخەون بینیندام لەبەر ئەوە بەڕای من گەر بتەوێت دەرهێنەرێکی سەرکەوتوبێت پێویستە بەبەردەوام خەون ببینیت، لەبەر ئەوەی لەجیهانی خەوندا هەست بەخۆتو هەستت بەو حاڵەتە داهێنانە دەکەیت کە لەوە دەچێ لەوەو پێش نەتوانیبێت پابەندی بکەیت بەژیانی واقعی خۆتو لەخەونەکانتا دەتوانی هەموو شتەکان بهێنیتە دی، بەڵام ئایا هونەرمەند ئەو خەونەی کە هەیەتی ئەبێت هەر خەون بێت بیهێنێتە دی؟ ئەمەش پرسیارێکەو ئێمەش هەوڵ بۆ ئەوە ئەدەین ئەو خەونانەی بەڕاست خەونی پێوە دەبینین لەسەر تەختەی شانۆ یاگۆڕەپان یاهەرکوێیەکی تردا بێت بتوانی کارەکانمان بەباشی بەشێوەیەکی جوانو لەو شوێنەی کە لێین بیگونجێنین لەگەڵیاندا.

پ/ بەڕێزتان دامەزرێنەری تیپی شانۆی (بێ سنور)ن، ئایا ئەم پرۆژەیە لەچ خاڵێکەوە دەستی پێکردو دەگەڕێتەوە بۆچی؟ ئایا بەشەکانی ئەم گروپە هونەریە چینو ئەزموونەکانتان چیە؟

و/ لەبەر ئەوەی من نامەوێ خۆم دووبارە بکەمەوە چونکە دووبارە کردنەوە وەستانە لەداهێنان یاخود بابڵێم دووبارەکردنەوە دەبێتە مردنی رۆحی هونەرمەند. بۆ ئەوەی هونەرمەند بگاتە حاڵەتی ئەفراندن پێویستە بەبەردەوامی لەگەڵ شتێکی ئەفسووناویدا بێت بۆ ئەوەی شتە نهێنییەکان یاخود ئەو دەوروبەرەی کە نهێنیە لەگەڵماندا بتوانی بیدۆزیتەوە کەواتە پێویستت بەگەشتی بەردەوامیە، گەشتی بەردەوام بوونی من لەهۆڵندە لەکۆمەڵە شانۆییەکەوە دەستی پێکرد بەڵام هەستم کرد ئەم گەشتانەی لەهۆڵندە کردم تائێستا نەیتوانی خەونەکانم بهێنیتە دی بەو شێوەیەی کە پێویستە بێری لێبکەمەوە، بۆیە دواتر بڕیارماندا تیپی شانۆیی بێ سنور



دایمەزرێنین، شانۆیی بێ سنوریش گروپێکی مۆڵتی کەلتوریە، کە ئەکتەرەکانی شانۆیی بێ سنور یاخود مۆسیقیەکان یاخود ئەوانەی سەما دەکەن زیاتر لە (٤٢) کەس پێکهاتووە کە لەخۆگی وڵاتی جیاجیان. سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی شانۆیی بێ سنور دەگەڕێتەوەبۆ من. لەبەر ئەوەی حەزم بەنوێبوونەوە تازەگەریە من نامەوێ وەک گروپێکی هۆڵندی کە شارەزاییەکی زۆر زۆر باشیان هەیە لەدەقە ئەوروپییەکاندا بێنم هەمان دەقی ئەوروپی ئیشی تێدا بکەمەوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ تیپی شانۆی بێ سنور یاباکۆ سۆرانی نەتوانێ دەقێکی شانۆیی بیانی دەربهێنێ، چونکە کاتێک من لێرە بووم لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان ئەو دەقانەی ئیشم تیادا کردووە زۆربەی نووسەرەکانی بیانی بوون و شاکارە مەزنەکانی شانۆ بوون، لەبەر ئەوەی لەوێ دەمەوێت شتێک بگەیەنم کە نوێخوازی تێدا بێت بۆیە بڕیارماندا لەوەی کە ئێمە شتێکی مۆڵتی کەلتوری ساز بکەین و هەوڵ بدەین تەقاندنەوەیەکی کەلتوری بێت لەشانۆیی بێ سنورەوە بۆ بینەری هۆڵندی بۆیە شانۆی بێ سنورمان دامەزراند چونکە شانۆی بێ سنور، بێ سنوری خۆی دەنوێنێ هەروەکو پێشتریش باسم کرد من لەشانۆدا سنور نابینم ئێمە لەکاتی پرۆڤەکانماندا حاڵەتی راگوزار واتە (ارتجال) بەکار دێنین و دائەنیشین و دەست دەکەین بەپرۆڤەی هاوبەش و دواتر لەسەر کۆمەڵێ خاڵ ڕێکدەکەوین و دواتر گەشە بەخاڵەکان دەدەین بەشێوەیەکی زانستی و تیۆری بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین تیپی شانۆیی بێ سنور تائێستا چەند بەرهەمێکی پێشکەش کردووە لەهۆڵندەدا، لەوانە (ئێستاو هەموو کاتێ باران دەبارێت) لەدەرهێنانی (بارت کەرکاست) هەروەها شانۆیی (بۆشایی) ئەمەیان دەرهێنانی خۆم بوو، هەروەها هەندێ بەرهەمی تر وەک (دابڕان، مردنی خۆشی و هەندێکی تر)، دوا بەرهەمیشمان لەشاری (هاردەرفایك) پێشکەش دەکرێت کە (٢٩)ی ئەم مانگەیە واتە مانگی پێنج کە فیستڤاڵێکی گەورەی شانۆیی گۆڕەپان یا شەقامە کە زیاتر لە (٥٠ – ٧٠) گروپی شانۆیی بەشدارەو تیپی شانۆیی بێ سنوریش بەشدارە، کارەکانی ئێمەش تەنها لەشانۆدا خۆی نابینێ لەبەر ئەوەی ئێمە لەشانۆدا ئەو جیهانە گەورە دەبینینەوە کە دەتوانین تێکهەڵکێشیەك بکەین لەهەموو ئەو شتانەی پابەندە بەژیانەوە هەڵبەتە من مەبەستم ئەوە نیە (شانۆ ئاوێنەی ژیانە!) نەگەڕ بڵێین شانۆ ئاوێنەی ژیانە تەنها پێچەوانەی شێوەکەی خۆت دەبیتەوە، بەڵام ئەگەر بڵێین شانۆ ئاوێنەی ژیانە، ئەوا لای ئێمە شانۆ ئاوێنەیەکی خڕی ژیانە کە دەتوانێ زۆر زۆر شتی تیادا ببینینەوە، نەك بەتەنها شێوەکەی خۆی، بۆیە هەوڵمان داوە لەبەرهەمەکانماندا بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین حاڵەتی هونەری خۆمان بسەلمێنین و بەرهەمی زیاتر پێشکەش بکەین، گرنگی ئەدەبن بە مۆسیقا، کارەکانی ئێمە هەروەك وتم زمانێکی مۆڵتی کەلتووریین و، پابەندبوونیشمان بەشانۆ لەگەڵ هەردووکیاندا بەم شێوەیە بەرهەمەکانمان پێشکەش دەکەین بۆ وەدیهێنانی شانۆیەکی بێ سنور کە خەونی گەورەی

هەموو شانۆی بێ سنوورەو ئاواتەخوازی ئەوەین کە لەداهاتوودا بێ سنوریمان بەربڵاوتر بکەینەوە بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە هەموو ئەو جێگایانەی ناویان لێناون سنور.

پ/ تێڕوانینتان بەرامبەر شانۆی هۆڵەندی چیە؟ بەو پێیەی ئێستا ئێوە ئامادەیتان هەیە لەو ناوەندە هونەرییەی ئەوێدا؟

و/ هەڵبەتە هۆڵندا وەک وڵاتە ئەوروپیەکانی تر دەستێکی بااڵی هەیە، لەهۆڵندا ساڵانە چەندین فێستڤاڵ دەکرێت ئەوەی جێگای داخە لێرە کەم زانیاری هەیە دەربارەی شانۆیی هۆڵندە، بەاڵم لەشانۆیی هۆڵندە رێکخستنێکی زۆر زۆر گونجاو هەیە گروپەو تایبەتمەندە بەکاری خۆیەوە ئەوەی من لەپێنج مانگی یەکەمدا فێری بووم، (رێزی چێژی کەسانی تر بگرن). لەو بڕوایەدام هەموو هونەرمەندێکی هۆڵندی رێزی چێژی کەسانی تر دەگرێت، چونکە ئەگەر رێزی چێژی کەسانی تر نەگریت ئەوکاتە خۆت وەکو (ذات) گەورە دەبیتو چێژی کەسانی تر کەمتر دەبێت لەاڵت، هەر لەم رووەشەوە هۆڵندە رێزی هەموو چێژەکان دەگرێت، گروپە هۆڵندییەکان کارەکانیان بەباشی پێشکەش دەکەن. کاری سەرکەوتوو هەیە، دەتوانم بڵێم چەندین پڕۆژەی تازە هاتۆتە پێشەوە چەندەها کاری مەزن کراوە، ئەو شتانەی ئێمە کە لێرە باوەڕمان پێیان بوو یا ئەو دەرهێنەرە جیهانیانەی لای ئێمە ناسراوبوون. دەرهێنەرە هۆڵندییەکان سوود وەردەگرن لەهەموو ئەزموونە جیهانیەکان، بەاڵم ئەوانیش بەشێوەیەکی کەم سەیری خۆیان ناکەن، چونکە ئەوان دەڵێن. هەموو کەسێک وزەی ئەوەی هەیە کەبتوانێ پرۆژەیەکی باش بهێنێتە دی. هەڵبەتە کە ئەمان ئەوە دەڵێن مەبەستیان ئەوەیە تۆ وەک ئەکتەرە یادەرهێنەر پابەند بی بەوزەی خۆتەوە چونکە کاتێک هەست بەوزەی خۆت نەکەیت هەست بەمردنی خۆت دەکەیت لەبەردەم شانۆدا، بۆیە ئەوان لەمەزنی وزەی خۆیانداو مەزنی وزەی شانۆدا پابەندبیەك دروست دەکەنو کارە هونەرییەکانیان پێشکەش دەکەن، ئەو ئیشانەی تائێستا من لەهۆڵندە بینیومە، بەشێوەیەکی گشتی باشو سەرکەوتووە، گروپەکانی ئەوێش دابەش بوون بەسەر شانۆیی بووکە شوشە، شانۆیی سەرجادە، شانۆیی ناو قوتابخانەکان، ئیتر چەندەها ئەزموونی تر، ئەزموون هەیە لەناو دارستاندا نمایش دەکرێت. ئەزموونی شانۆیی هەیە لەناو پاسدا نمایش دەکرێت، هەوڵی بەردەوامی ئەوان ئەوەیە شتێکی تازە بدۆزنەوە لەشانۆدا، هەڵبەتە شانۆیی بێ سنوریش هەوڵی دۆزینەوەی تازەگەری ئەدات، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە گروپێکی مولتی کەلتووری دابمەزرێنین چونکە ئەم گروپە مولتی کەلتوورییەی ئەم سێ بەشەی کۆکردۆتەوە یەکێکە لەگروپەکانو کەم گروپی هۆڵندی هەیە بەم شێوەیە بێت.

پ/ لەسەر ئەو قسانەی بەڕێزتان بەو پێیەی لەوێ کۆمەڵێك کاری شانۆیتان کردووە، لەو بڕوایەدا نیت جگە لە خەیاڵی داهێنانی هونەرمەند خۆی لەبواری تەکنیکو تەکنەلۆجیا زیاتر شانۆ بەرەو پێشەوە دەچێت؟

و/ هەڵبەتە من ناتوانم هیچ جیاوازییەك بکەمو بڵێم شانۆی هۆڵندی پێشکەوتووترە لەشانۆی کوردی، ئەوەی کە من بڕوام پێیەتی وەك زۆر جاریش لێرە باسم کردووە هیچ شتێك جوان نیەو هیچ شتێکیش ناشیرین نیە. من هیچ جیاوازییەکیوانابینم کە بڵێم شانۆی ئەوروپی تەکنیکی زۆر زۆر بەرزی هەیە. بەاڵم شانۆش هەر تەکنیك نیە، من ئەگەر خەیاڵی ئەوەم بێتەوە کاتێك لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان بووین، کۆمەڵێك خوێندکارمان هەبوو هەموو شوێنێکیان بەکار دەهێنا بۆ نمایش کردنی شانۆگەرییەکان، هەڵبەتە وەك تەکنیك ئەوان لە ئێمە پێشکەوتوترن، ئەتوانن زۆر زۆر شت بکەن. بەاڵم من لەو بڕوایەدام عەقڵی هونەرمەند دەبێت زۆر لەتەکنیك زیاتر بێت لەبەر ئەوە دەڵێم، هونەرمەند گەر تەکنیکیشی لەبەرنەمدا نەبێت بەتەنها لەدروزگەیەکیشدا بژی دەتوانێ عەقڵی شانۆیی بەکار بهێنێت، عەقڵی شانۆیش بەتەنها تەکنیك نیە. کۆمەڵێك شتە لەناوەوەی خۆت دروست دەبێتو تەقاندنەوەیەکی روحی وا کە

دەتوانی هەموو ئیشێکی شانۆیی بکەیت، گەر تەکنیکیش نەبێت.

پ/ دەتوانین بڵێین سەرجەم کارە شانۆییەکان لەپێناو بڕەوی شانۆدایە یا زیاتر لەپێناو خزمەت کردنی شانۆی هۆڵندیدایە؟

و/ هەڵبەتە ئەوانیش تیپی نەتەوەییان هەیە و زۆر بەخۆشحاڵیەوە دەیانەوێت شانۆی هۆڵندی بەڕەو پێشەوە بەرن. چەندەها نووسەرییان هەیە وەک (لۆدڤایک دبیور)و چەندەهای تر بەتایبەت ئیش دەکەن کە فۆلکلۆری هۆڵندی بگەیەننە بینەری هۆڵندی، ئەوان بەو شێوەیە ئیش دەکەن وەک وتمان هەرکەسەو پرۆگرامی هەیە، بەڵام ئەو ئەزموونانەی لەدەرەوی هۆڵندا هەیە ئەمان نایەن ئەزموونەکان بەو شێوەیەی (پیتەر بروک) دەریهێناوە ئیشی تێدا بکەن، چونکە لەو بڕوایەدام ئەگەر (پیتەر بروک)یش بگەڕێتەوە بۆ سالانی حەفتاکان ئەو ئیشانە ناکات کە کردوویەتی، چونکە ئەویش دەیەوێت بگەڕێت بەدوای ئیشی تازەدا هەروەکو خۆشی لەکتێبی (مکان خالی)دا دەڵێت: (هەموو پانتاییەکان بۆشن، ئەوەی کە منیشی تێدام بۆشە، ئێمە لەبۆشێتی منو بۆشایی پانتاییەکان دەمەوێ خۆم بدۆزمەوە). هەروەها تیپی شانۆی بێ سنوریش بۆشاییەکی تێدایە، دەمانەوێت ئەو بۆشاییانە پڕ بکەینەوە، بەڵام ئایا دەتوانین ئەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە.. ئەمەش ئەو پرسیارەیە کەبەدوایدا دەگەڕێین.

پ/ ئایا تائێستا شانۆی بێ سنوور لابوردنی تایبەتی هەیە بۆ پێگەیاندنی ئەو کەسانەی دەیانەوێت بێنە نێو گروپەکەوە، یازیاتر بۆ خزمەتو پێگەیاندنی کەسانی تری وەک ئەکتەرو دەرهێنەر بێت؟

و/ نەخێر ئێمە هیچ لابوردنکمان نیە کە هیچ کەسێک پێ بگەیەنین لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو کەسانەی لەگەڵمانان خۆیان پێ گەیشتوونو پێویستیان بەوەنییە کە ئامۆژگاری بکرێن، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە چونکە ئێمە پەوەیندییەکی کلتووریەیە لەنێوان کۆمەڵێ کەلتووردا هەروەها ئێمە تەنها شانۆ ناکەین بەڵکو مۆسیقاو سەماش دەکەین کە بەدانیشتنو گفتوگۆکردنو تەمرین کردن دەگەینە ئەو حاڵەتەی چۆن بمانەوێت پەیوەندی یاتەبا بوونێک دروست بکەین، بەڵام وەک لابور لابورمان نیە.

پ/ باسی، سەماتان کرد ئایا هەوڵتان داوە لەو هەڵپەڕکێ کوردیانە کە ئێمە زیاتر ئەمەمان هەیە توانیوتانە یاهەوڵتان داوە هیچ یەکێک لەوانە نمایش بکەن؟

و/ بەڵێ ئێمە لەو بەرهەمە یا لەو ئیشە شانۆییەی بۆ منداڵان کردمان ئەو یارییە شانۆییە بەناوی (رۆژباش ئەی پاشا) بوو کە توانیمان چەند هەڵپەڕکێو سەمایەکی کوردی بۆ منداڵانی هۆلندی بکەین، نەک تەنها سەما بەڵکو چەند گۆرانییەکی کوردیش بۆ بینەری هۆڵندی بکەین کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا خۆشییەکی زۆری هەیە بۆ ئەو منداڵە هۆڵندیانەی تائێستا زمانی کوردییان نەبیستووە، ئێمە هەوڵمان نەک تەنها سەماو گۆرانیو شانۆ بەڵکو هەچ شتێک لەکەلتووری کوردیدا هەبێت دەمانەوێت لەگەڵ بەرهەمە شانۆییە کە بیگونجێنین.

پ/ دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر ئەوەی دەتانەوێت بێنە کوردستان وەک گروپەکە، ئایا ئەمە لەچیەوە هاتووەو ئەم بەرنامەیە چۆن دارێژراوە؟

و/ کاتێک ئێمە کە لە بەرلین بووین لەیەکەم فێستڤاڵی شانۆی کوردی لەدەرەوەی وڵات هەڵبەتە ئێمە بەبەرهەمێکی شانۆی تر بەشداریمان کرد، بەناوی (پێکەوە تەنها) کە لەرابردوودا بەزمانی هۆڵندی نمایشیمان کردبوو، کە بەزمانی هۆڵندی پێی دەوترێت (سامن ئەیلین) من کە چەند ئەکتەرێکی هۆڵندیم لەگەڵدا بوو بەشداریمان کرد، کاتێک پەیوەندیان بەست لەگەڵ ئەکتەرە کوردەکانی تر لەوکاتەوە بڕیاری ئەوەماندا چونکە ئەوەی راستی بێت زۆر خۆشحاڵ بووین بەو کۆبوونەوەیە، مەبەستم لەو کۆبوونەوەیە لەوە نیە وەک حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی کوردی بێت. بەڵکو هەستیان کرد هونەرمەندی کورد لەناوەوە گەرمو گوڕییەکیان هەیە، بۆیە بڕیاری ئەوە درا بەڵام ئایا ئەو بڕیارە دێتە جێ ئەوەش نازانم.

مەسعود محەمەد
لە
دەستو دامانی
نالیدا

بەکر عەلی
بەرلین – ئەڵمانیا



یەکێك لەو ساتە وەختە گرنگانەی لەناو ئەدەبی کوردیدا سامانێکی دەوڵەمەندی شیعری بەجێ هێشتووە و تاوەکو هەنووکەش پاش نزیکەی سەدەیەك تێپەرین بە سەریدا هێشتا مایەی بایەخدان و جێی خوێندنەوە و ڕاڤەکاری نوێ یە، نالی بلیمەتە ... نالی وەك ئەوەی لوتکەی داهێنانی سەدەی نۆزدەی ئەدەبی کوردیە، لە هەمان کاتدا زەمینەیەکی بە پیت بوو بۆ چەکەرە کردنی لەحزەی نوێگەری ئەدەبی کوردی سەدەی بیستەم. ئیدی هەر جۆرە دیتنێك بۆ لێکدانەوەو تەئویلی شیعریەتی ئەو هەبێت ، پێویستە ئەم ئاراستەیە لەبەر چاو بگیرێ.

ئەگەرچی تاکو ئیستا یەکێك لە خاڵە دژوارەکانی ئەم کارکردنە بریتی بووە لە ساغ نەبوونەوەی تەواوی شیعرەکانی ئەو ، ئەمەش هەڵبەت ، یەکەم ، دەگەڕێتەوە بۆ چلۆنایەتی ڕێنوسی نالی لەو سەردەمەدا ، دووەم چەندینەی نوسخەکانی دیوانی نالی. لێرەوە ئیدی هەوڵ دانی ساغکردنەوەی ئەم لایەنە بە کارێکی گرنگ و بایەخدار دادەنرێ و دەشبێتە سەرەتایەکی دروست بۆ چوونە ناوەوەی جیهانی بەرفراوانی نالی. یەکێك لەو هەوڵە زانستیانەی لەم بوارەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدرێ ، بریتیە لە نووسینەکانی مەسعود مەحەمەد کە سەبارەت بە نالی نوسیونی ، لەوانە (چەپکێ لە گوڵزاری نالی) چاپکراوی ۱۹۷۸ پاشان (دەستەو دامانی نالی) چاپکراوی ۱۹۹۸. کە پێکرا دەکرێت ئەم شێوە ئیشکردنە خەسڵەتی پڕۆژە سازییانەی پێ ببەخشین ، پڕۆژەیە لەبەر ئەوەی کارێکی زانستیانەی ووردوو بەردەوامی درێژخایەنە لەسەر کۆی شیعرەکانی نالی و بەردەوامیشە لەگەڵ هەموو ئەو نووسخانەی بۆ دیوانی نالی دروست بووە ، ئەمە سەرباری ئەوەی لە پێوانە کارییەکانیدا بە پێوەرێکی لۆگیکیانە مامەڵە بە شیمانە و گریمانەکان کردووە.

سروشتی بەرهەمی نالی بەو پێیەی تا هەنووکە کار لەسەر ساغکردنەوە و لێکدانەوەی دەکرێ ، وامان لێ دەکات هەر شتێکی لەسەر بنوسری نەتوانین لە ڕێیەوە بگەینە هەوارگەی کۆتایی تێکەیشتنمان لێی ، جگە لەوەی هەبوونی زۆرینەیی ئەو خویندنەوەیانەو یەك نەرێ کەری ئەوی تر ، بەربەستن لە بەردەم ئەوەی نەتوانین بڕیارێکی ڕەها یاخود سەرانسەری بدەین ، ئیدی کارێکی لەم جۆرە پەلوپۆی زۆرەو خوێنەر دەخاتە بەردەم چەندین پرسیاری جۆراو جۆرەوە. هەڵبەت سەرەکیترین پرسیار ئەوە بێت ، ئاخۆ ئیمە لە گفتو گۆ کردنمان لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا بە چ دیدو تێڕوانینێك مامەڵە بکەین ؟

لێرە بەدواوە هەوڵ ئەدەم میکانیزمی ئەم پرسیارە بخەمە بەر تیشکی وەڵامدانەوە. هەڵبەت بە پێودانگەکەی مەسعود مەحەمەد. بەر لە چونە ناو ئەم میکانیزمەوە ، شتیکی شیاو دەبێت گەردەستپێکێك سەبارەت تێگەی خویندنەوە دیاری بکەین. دیارە کاری خوێندنەوەی دروست لەوەدا نیە بەپێی پێوانەی پلەی چاکی و خراپی دەق بپێورێ. وەك خوێندنەوەی تەقلیدی دەیکات ، بەڵکە خوێندەوەی سەرکەوتوو دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چ ڕادەیەك ڕۆبچێتە ناوەوەی جیهانی دەقەکەوە و لێوەی ڕوبەری فراوانی ماناکان پەخش بکاتەوە. بەبێ ئەوەی خۆمان بخەینە ناو گێژاوی تێوەرەی ڕەخنەییەکانەوە. ڕەنگە بڕیاری شتێکمان لەسەر چیلەتی خوێندنەوە دابێت ، بەڵام لەڕاستیدا کارەکە لەم سنورەدا بنە بەست نییە ، بەڵکو بە

پێچەوانەشەوە ناکرێ ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ماناکانی هەر دەقێك دەستەبەرداری ئەو مێتۆدە فیکری و تیورە ڕخنەییانەبین ، بەتایبەت گەر کاری ئێمە هەوڵدانی تێگەیشتن بێت لەسەر یەکێك لە هەرە ئاڵۆزترین دەق ... هۆی سەرەکی ئاڵۆزی ئەو دەقانەش یەکەم شت دەگەڕێتەوە بۆ ساغبوونەوەی لایەنی ڕێنوسی و زمانەوانی دەقەکان ، پاشان بە بەکارهێنانی زمانێکی کلاسیکی دێرین و تێکەڵ لە وشە دێرینەکانی زمانی دی وەك زمانی عەرەبی و فارسی کە شاعیرە کلاسیکیەکان بە شانازییەوە دەگەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانە ، دیارە (نالی) ش لەم ڕووەوە زۆر زیرەکانە توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو سەرچاوانە بکات.

بەم جۆرە هەوڵی یەکەمی تێگەیشتن دەگەڕێتە سەر ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەو ووشانەی کەلە چەند دەقێکی جیاوازدا جۆراو جۆر نوسراونەتەوە. ئەمەش کارێکی گرنگی زمانەوانیە.

سەرەڕای زیاد لە چەند دانەیەك لە دیوانی نالی کەچی هێشتا گومان لە ساغێتی نوسخەکان دەکرێ " گومان کە پێ دەچێت ڕەوایەتی خۆی هەبێت ، پاش ئەوەی هەندێ لەو هەوڵانە خوێنەرانیان ئارام کردەوە لە مانا دۆزینەوەی شیعرەکانی نالیدا ...

دیارە یەکێك لەو هەوڵانە ئەم کتێبەی دوایی مەسعود مەحەمەدە، کە ئەمیش درێژە کراوی سەرەتایەکی تڕە لە مەڕ پرۆژەی ساغکردنەوەو لێکدانەوەی چەندەها بەیتی ناونوسخەکانی دیوانی نالی کە دەشێت بڵێین تاکە هەوڵە بۆ ساغکردنەوەی واتای لۆگیکییانەی ووشە بە ووشە و بەیت بە بەیتی هەر قەسیدەیەکی نالی. کاری ئێمەش لێرەدا هەڵسەنگاندن و بەراوردکردنی ئەو نوسخانەی دیوانەکە نیە هێندەی دەخوازێن ئامازە بدەین بەلایەنێکی گرنگی خوێندنەوەی نالی لە پرۆژەی مەسعود مەحەمەد دا ، بەر لە هەر شت ئەم کتێبە هەوڵێکی جیددییە بۆ کردنەوەی پانتایی فراوانتر بەردەم واتا ئارایی شیعریەکانی نالیدا ، هەوڵێکە دەمانخاتە گێژاوی گومانێکەوە کە بگەڕێنەوە بۆ سەرەتایەکی تری خوێندنەوەی نالی ، خوێندنەوەی دروستیش ئەوەیە بتهەژێنێ و لە جێی خۆت بترازێنێ و بەرەو جیگای دیکەو خاڵی دەستێکی دیکەت ببات.

دۆزینەوەو ئاشکرا کردنی ووشە ئارایی نوێ لە شیعرەکانی نالیدا ، کارێکی سانا نییە. کاری خوێندنەوەیەکە ڕۆچوبێتە ناو قوڵاییەکانی شیعری ئەوەو بە هەمە ڕەنگ توخمی جیا جیا خۆی بارگاوی کردبێت (زمانەوانی ، مێژوویی ، کۆمەڵایەتی و ئایینی) نالی بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە دەبێت کەسێك ڕۆبچێتە ناوییەوە ، کە هێندەی خۆی قەوارەی هەبێت ، کەسێك ئازاییەتی فیکری ئەو تۆی هەبێت لە بەردەم لێکدانەوەکانیدا چ بیانوییەکی ئایدۆلۆگیو چ ڕازێکی دۆگماتیکی لە پشتەوەی نەوەستابێت. بۆیە ئیدی تا ئەوەی ئێمە ئازادی فیکریمان نەبێت ، ناتوانین ماناکانی چ دەقێك ئاشکرا بکەین. ئەمەش تەوەرەی گرنگ و ستراتیژی ئیشکردنی مەسعود مەحەمەد لە خوێندنەوەی نالیدا.

ئەو سەرباری ئەوەی نەیویستووە خۆی لە قەرەی لێکدانەوەی جیهانبینی فیکریانەی نالی بدات ، کەچی ئەم ئیشکردنە بە پالەوە ئیشکردنە بە بنەما فیکرییەکانی هونەری لیکدانەوە. ئەم جۆرە مامەڵەیەش وای کردووە ئازادانە لە ناو دەریای شەپۆلداری نالیدا سەوڵ لێبدات و خۆی هەماهەنگی هارمۆنیەتی ماناکانی هەڵبەز و دابەزی ئەو شەپۆلانە بکات و پابەندی لوگیکی واتاداری وشەکانیش بێت ...

بۆ نمونە بابڕوانینە ئەو ووشانەی مەسعود مەحەمەد ئاشکرای کردوو بەرامبەر بە ووشە دیاری کراوەکانی ناو دیوانە باوەکان و بپرسین : ئایا لەگەڵ ساغکردنەوەی وشەکانیدا لوگیکی واتاداری بەیتەکان دوورتتر لێکنادرێنەوە ؟؟.

+ بڕوانە دەستەو دامانی نالی ل ٥ ووشەی << مەل >> ی دیوانەکەو وشەی (مول – شەراب)ی لێکدانەوەکەی م.م

+ ووشەگەلی << شیرەیی جانە >> ی دیوانەکەو (شێوەی جامە) ی م. م.

+ وشەی << سەنا >> لە دیوانەکەیدا و شەرحەکەی ل ٣٢ ی م. م.

+ وشەی << شیعری >> ل ٥٠ و وشەی (شەعر ، مووـ) ی م. م.

+ وشەی << پڕ >> ی ل ٦١ دیوانەکەو وشەی (گڕ) ی م. م.

وە دەیەها وشەو زاراوەی لەم جۆرە لە ڕەوتی کارەکەدا هاتووە ... لایەنێکی تری میکانیزمی پرسیارەکە ڕووی ئاراستەمان دەگۆڕێ بەرەو پێگەیەکی تری جیهانبینی نالی ، بەو پێیەی دەسپێکی تێگەیشتن لە دنیای نالی لە زمانەوە دەرچێت. ئەم مامەڵەیەش پێوانەیەکی گشتگیری تێگەیشتنە لە دنیای نالی ، چونکە زمان بە هەموو پێچاو پێچەکانی خۆیەوە لای نالی ، وەک سەرەتا ئاماژەی پێدراوە. بە تێگەیشتنێک و شارەزاییەکی قوڵی شیعری دادەنرێت کارکردنیش لە سەر ئەم تەوەرە ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەم لێکدانەوەکانمان دەکاتەوە. هەڵبەت لێرەدا نامەوێ سەبارەت ستراتیژی زمان لای نالی بدوێم ، بەڵکو ئەوەی مەبەستە لێرەدا تەنها ئاماژە دانە بەو ستراتیژەی دەبێتە ڕێچکەی تێگەیشتن لە نالی.

لێرەوە ساغبونەوە و تەندروستکردنی ڕێنوسی نالی دواجار دەچێتەوە ناو ستراتیژو ناو فەزای زمانی ئەوەوە. واتە گەر بخوازین دیدێک بۆ تێگەیشتن لە نالیدا ببینەوە ئەوا دەبێت ئەو دیدە لێکدانەوەی زمانی شیعرەکانی ئەو بێت. پاش ئەمە دەکرێ خشتەی پڕۆژەی لێکدانەوە و ڕاڤە کردنی شیعرەکانی بکێشرێ. بەمەش کاری ڕڤە کردن و لێکدانەوە خەسڵەتێکی هیرمنۆتیکی وەردەگرێ کرۆکی ئەم خەسڵەتەش بریتیە لە هونەری تێگەیشتن لە دەق بە لێکدانەوەو ڕاڤە کردن لە ناوەوەی دەقەوە. هیرمنۆتیک (هونەری ڕاڤە کردن) تیورو هونەری لێکدانەوەی دەقەو لێوەی کاری تێگەیشتن لە ماناکان ئاسانترو بەرجەستە تر دەبێت.

بەم پێودانگە گەر مامەڵە لەگەڵ ئەم پڕۆژەی خوێندنەوەی مەسعود محەمەد بکەین دەشێت هەماهەنگییەکی مێتۆدیانەی هیرمنۆتیک لە ناوەوەی مامەڵەکردنەکەیدابینیەوە. مەسعود محەمەد سەرباری ساغکردنەوەی وشەو زارو بەیتەکان ، هەروەها هەر وشەیەک و پتر لە چەند مانایەکی پێ بخشیووە و هەر بەیتێکیش لێکدانەوەی واتاداریانەی لەسەرکردووە. بەمەش بوارێکی بەر فراوانی خستۆتە بەردەم کۆدەکانی خوێندنەوە.

ئەمەش ستراتیژی هەرکارێکی هیرمنۆیتیکیە. خۆ ئەگەر ئێمە بڕوانینە کارە هیرمنۆیتیکیەکانی فیلەسوفێکی وەک (هایدگەر) کردوویەتی لە نێو لێکدانەوەی مانا نهێنیەکانی دەقەکانیان و هەوڵدانی بۆ تێگەیشتن لێیان. بە چاو پۆشین لە بەراورد کردنی فیکری میتافیزیکی‌یانەی هایدگەرو خوێندنەوەکانی. لەگەڵ هەوڵدانی مەسعود محەمەد بۆ تێگەیشتن لە کارەکەی هەر بەو پێی سروشتی هیرمنۆتیک ڕۆچوبێتە ناو ماناکانی نالییەوە بەڕادەیەک کە لەمەودوا ئێمە پتر چێژ لە خوێندنەوەی نالی وەربگرین ...

هونەری ڕاڤە کردنیش سەرەڕای ئەوەی بریتی‌یە لە هونەری تێگەیشتن ئەوا گرنگییەکی تریشی هەیە کە بریتی‌یە لە هونەری تێگەیشتن ئەوا گرنگیەکی تریشی هەیە کە بریتی‌یە لە هونەری چێژ بینینەوە.

سەرچاوە: دەستەو دامانی نالی/ مەسعود محەمەد/ چ١ سوید ١٩٩٨ بلاوکراوەی کتێبی هەرزان.

زەردەشت چی دەلێت

عەلی تاهیر بەرزنجی

لەپێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەبۆئەوە کراوە کەئەو تۆژینەوانەی دەربارەی زەردەشت کراون بەپوونی تیشکیان نەخستۆتەسەر خاڵە گرنگەکان و خۆیان بەدوورگرتووەلەوەلامی پرسیارە گرنگەکان

لەوانە زەردەشت لەکوێ ولەچ ڕۆژگارێکدا ژیاوە، کەسیان بەڕاستی وەلامی ئەم پرسیارەیان نەداوەتەوە.

هەندێ لەتوێژەرەوانەکان زەردەشتیان بەیەکەم پاشای (هەخامەنشینی)لەقەڵەم داوەو هەندێکی تر مێژووی ژیانیان گەڕانۆتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ پێش لەدایك بوونی حەزرەتی مەسیح.

دەستەیەکی تر زادگای ئەویان بەشاری (ڕەی) ناوبردووە و بەپێچەوانەوە هەندێکی تر جەخت لەسەر (ئورمێ) ی ئازربایجانی ڕۆژئاوا دەکەن. لەلایەکی تری کتێبەکەدا هاتووە: ناوی زەردەشت بەلاتینی (زۆزار ستریا) ی پێوتراوە وەزۆر جار یش وایان ناسیوە کە جادوگەرو سیحر بازبووبێت، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆئەوەی کە(ئیفلاتۆن) لەپێشەکی کتێبێکدا بەناوی (ژان وارن) زەردەشت چی دەلێت



سسیباد)وە ئاماژە بەجادوگەریو سیحربازی زەردەشت دەکات، ئەم بۆچونە هەڵەیەش سەرچاوەکەی لەوەوەهاتبوو کەزەردەشتیان بەخەڵکی (کلدە) زانیبوو، کلدانیەکانیش لەو سەردەمەدا بە ئەستێرە ناسی ناوبانگیان دەرکردبوو، ئەمەش دەچووە قاڵبی جادوگەرییەوە چونکە هەردووکیان لەیەك گۆشە نیگاوە دەبینران.

بەشێکی تری کتێبەکە ،دەرکەوتنی زەردەشت دەگەڕێنێتەوە بۆساڵەکانی ٥٨٢ـ ٦٦٠پ.ز

ئەمەش لەگەڵ دروست بوونی ئیمپراتۆرێتی ئێران لەساڵی ٥٤٦ ی پێش زایندا یەك دەگرێتەوە.

لەمەڕەچەڵەکی ئاریەکان لە کتێبەکەدا بەم شێوەیە هاتووە کەلەسنووری سێهەزار ساڵ پێش زاین ئاریەکان بەشێوەی کۆمەڵی جیاجیا ،بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوا و سەرووی ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە، لەهەمان کاتیشدا چەند نەتەوەیەکی تر وەك یۆنانی، لاتن، ژەرمەنی، سلاڤەکان جێگای ئەوانیان داگیر کردووە، ئاریەکانیش لەئێران و هندستان پەراگەندە بوون.

لەچەند باسێکی تری ناو کتێبەکەدا ئاماژە بەئایینە کۆنەکانی پێش زەردەشتو ئاینی هندییەکان کراوە، تیشك خراوەتە سەر ئەوە کە سەرهەڵدانی زەردەشت لەناوچەکەدا وەرچەخانێکی گەورە بووە لەبواری هزردا،و جۆرە شۆڕشێکیش بووە بەسەر فرە خوداییدا لەناوچەکەدا.

دەربارەی سنووری باڵوبوونەوەی ئایینی زەردەشت ئاماژە بۆ ئەو زانیارییانە کراوە کە وتراوە دەربارەی ئەوەی ئایا هەخامنشینەکان زەردەشتی بوون، یان نا، هەروەها ئەوە رووندەکاتەوە کە سەردەمی ساسانییەکان لەئێراندا ڕۆژگاری زێڕینی ئایینی زەردەشت بووە.

دەربارەی لەدایکبوونی زەردەشت (ژان وارن) بەشێوەیەك گوزارشتی لێدەکات کە بەرگێکی ئەفسانەیی تێکەڵاو بووە، کاتێك دەڵێت: (دوغدو) دایکی زەردەشت منداڵەکەی پێنج مانگ دەبێت، خەوێکی زۆر ترسناك دەبینێ، گەوادوکەڵێکی ڕەش دەوروبەری مانگی گرتبوو، لەئەنجامی ئەمەدا تاریکی بەسەر هەموو جیهاندا گێشابوو، هەموو گیانلەبەرە ترسناکەکان شێر، گورگ، مار بەرەو مالی (دوغدو) دەکەونەڕێ، یەکێك لەئاژەڵە ترسناکەکان سلکی دەدرێتو منداڵەکەی دەفڕێنێ، ئەمیش بەدەم هاوارو ناڵەوە ڕادەچڵەکێو خەبەری دەبێتەوەو هاوار

لەخەڵکی دەوروبەرەکەی دەکات و دەڵێت، ڕۆگارم کەن، ئالەم کاتەدا زەردەشت دێتە بەرچاوی و پەیدا دەبێت پێی دەڵێ: ئارام بە دایە گیان، ئەوان ناتوانن، هیچ بەرانبەر من بکەن، چونکە پەزدان پەناگای منە، هاوار مەکە تەنها خوا بناسە تا.. کۆتایی.

چەند لاپەڕەیەکی تر لەکتێبەکە تەرخان کراوە بۆ موعجیزەکانی زەردەشت و نەبەردی لەگەڵ سیحر بازەکاندا.

کاتێک زەردەشت دەگاتە بارەگای پاشا (گشاسب) (دوارا نفارون) سەرۆکی سیحربازەکان دەبێت، فرمان دەر ئەکات بۆ هەموو سیحر بازەکان کە کۆنگرەیەک ساز بدەن بۆ ئەوەی بڕیار بدەن چۆن بەرەنگاری زەردەشت بکەن، چەند پیلانێکی لەسەریان و پلەڕ پایەی کەم دەکردنەوە لای پاشا، بەڵام زەردەشت بەهۆی نواندنی موعجیزاتەوە توانی لەهەمووی ڕزگار بێت. هەموو کۆششەکانی سیحربازەکان بێهودە بوو، لەئەنجامدا بڕیاریاندا پیلانێکی گەورەی بۆ بگێڕن، ئەوە بوو کەرەستەکانی سیحریان لەناو ژورەکەیدا داناو چوون بەپاشایان ڕاگەیاند ئەو کەسەی تۆ دەڵێیت زانایە و حەکیمە ئەویش خەریکی سیحرە.

دوای پشکنینی ژوورەکەی لەلایەن دام و دەزگای پاشاوە، هەموو کەرەستەکانی سیحر دەدۆزنەوە و زەردەشت دەخەنە زیندانەوە، بەڵام بەنواندنی چەند موعجیزاتێك لەم پیلانەیش ڕزگاری دەبێت و پاشا دێتە سەر ئاینەکەی.

مەسەلەی (ڕۆح) یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی کە نووسەر لەناو کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، دەڵێت: زەردەشتییەکانیش باوەڕیان وایە، کە لەش دەفەوتێت و نامێنێت، بەڵام ڕۆح نەمر دەبێت، دوای جیابوونەوەی لەلەش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەمێنێت بەسەر لاشەکەوە، دوایی بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕوات، ئەگەر ڕۆحەکەی پاک بێت ئەوا کچێ جوان بەجل و بەرگی جوانەوە پێشوازی لێدەکەن، بەڵام ئەگەر ڕۆحەکەی پیس بێت ئەوا شەیتان پێشوازی لێدەکات. ڕۆحی پاک بەسەر پردی (صنوات)دا بەبێ مەترسی گوزەر بەرەو بەهەشت ڕەوانە دەکرێت، بەڵام ڕۆحی پیس دەکەوێتە خوارەوە بۆ ناو چاڵی تاریکی، جەهەنەم، پێشوازی لێدەکات. لێرەدا جۆرە نزیکایەتیەکی تەواو هەیە لەنێوان ئەمەی زەردەشت و پردی (صراط)دا کە لەئاینی ئیسلامدا ئاماژەی بۆ کراوە (ئامادەکەر).

نووسەر لەباسێکی تری ئەم کتێبەدا، تیشك دەخاتە سەر ئەو بۆچوونانەی کە دەیانگوت زەردەشت باوەڕی بەدوو خودا هەبووە، ئەم تۆمەت دانەی پاڵ زەردەشتیش لەژێر کارتێکردنی ئایینی مانەویەتدا بوونە کەسەردەمی ساسانیەکان دژی ئایینی زەردەشتی وەستان.

ئایینی زەردەشت.. یەکتاپەرستی بوو، هیچ جۆرە باوەڕێکی بەفرە خودایی نەبووە، چاکەو خراپە هەبووە، مرۆڤ کامیان هەڵدەبژێرێت سەربەستە. لێرەشدا جۆرە نزیکایەتیەك هەیە لەگەڵ چاکەو خراپە لەئیسلامدا (ئامادەکەر).

نووسەری کتێبی (زەردەشت چی دەڵێت) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زەردەشت چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەهرومزدا دەکات پێش ئەوەی بگاتە بارەگای یەزدان، چەندین فریشتە دەبینێ، هەریەك لەو فریشتانە لێپرسراویەتیەکیان هەیە، بەرانبەر مرۆڤ، لێرەشدا دیسانەوە وێکچوونێك هەیە لەنێوان ئەمەو ئەسراو معراج لەئیسلامدا (ئامادەکەر).

دوا بابەتی کتێبەکە سەرودەکانی زەردەشتە کە ژمارەیان (٢٠) پارچەیە لەشێوەی پرسیاردا ئاڕاستەی ئەهرومزدای دەکات.

سەرچاوە: زرتشت چەمیگوید زان وارن– انتشارات سعیدی، و: عنایت الله شکیباپور.

پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی ڤیستڤاڵی سالانەی خۆی ساز کرد

رۆژانی (٨-١٦\٥\١٩٩٩) وە بەچاودێری بەڕێز وەزیری پەروەردە، پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشەکانی (مۆسیقا، شانۆ، شێوەکار) ڤیستڤاڵی سالانەی خۆیان سازدا بەم شێوەیە:-

ڕۆژی شەممە ١٩٩٩\٥\٨ پێشانگایەکی بەشی شێوەکاری کرایەوە کە پێکهاتبوو لە بەشەکانی (وێنە کێشان، پەیکەرسازی، گرافیک، سیرامیک) و تیایدا خوێندکاران نوێترین بەرهەمەکانی خۆیان نمایش کردبوو، هەروەها ڕۆژی ١٩٩٩\٥\١١ بەشی مۆسیقا لە هۆڵی ڕۆشنبیری بەرهەمە مۆسیقیەکانی خۆیان پێشکەش کرد کە لە نێوان مۆسیقای جیهانی و نەتەوەیی بوو، هەروەها چالاکیەکانی بەشی شانۆ لە ڕۆژی ١٩٩٩\٥\٨ وە پێشانگایەکی ماکێتی جل و بەرگ و دیکۆر دەستی پێکردو پێشانگاکە بە سەرپەرشتی مامۆستا (ئەفین غریب، ئازاد جەلال، حسین کاکە حەمە) بوو، پاشان ڕۆژی ١٩٩٩\٥\١٠ نمایش کردنی شانۆی (گوڵەکانی مەنفا) لە هۆڵی پەیمانگا دەستی پێکرد کە لە دەرهێنانی (بەدیعە دارتاش و گەزیزە) و داڕشتنی دەق (دڵشاد مصطفی) بوو، پاشان لە ڕۆژی ١٩٩٩\٥\١٢ نمایش کردنی شانۆی (سروتە دۆزەخەکان) لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان و داڕشتنی دەق (دڵشاد مصطفی) و دەرهێنانی (موفەق عارف) بوو.. دواتریش شانۆیەکی جوڵە ئامێز نمایش کرا لە ڕۆژی ١٩٩٩\٥\١٥ لە ژێر ناوی (سەمفۆنیایەك بۆ شمشێرە خوێناویەکان) لە هۆڵی پەیمانگاو لە ئامادەکردن و بەرجەستەکردنی خوێندکاران (لوقمان عەلی، دیلمان سەلاح، زمناکۆ کەریم) بوو.



شانۆ گەری جەنابی وەزیر نمایش کرا

تیپی شانۆی نەتەوەیی بە هاوکاری تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی و تیپی نواندنی سلێمانی، شانۆ گەری (جەنابی وەزیر) یان نمایش کرد لە ڕۆژی ١٩٩٩\٥\١١ و بۆ چەندین ڕۆژ نمایش کرا لەسەر هۆڵی ڕاپەڕین و شانۆگەریەکە لە نووسینی (ست کۆستیف) و ئامادەکردنی (کاوە ئەحمەد میرزا) و دەرهێنانی (ئازاد حەمە بچکۆل) و شانۆگەریەکەش بە جەستەی هونەرمەندان (شیلان عبدالله، کەمال عەلی، ئازاد پێنجوینی، سمکۆ عزیز، یاسمین قادر سعید، مصطفی ئەحمەد، نەوال سعید، کریم صالح، جەزا حەمە سعید، ژیان ابراهیم، نەرمین



قادر، حیکمەت هندی) نمایش کرا...

پێشانگای تایبەتی ئاری بابان




وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کەرکوک بە هاوکاری یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان لقی کەرکوک لە ڕۆژی یەک شەمە ڕێکەوتی ۱۹۹۹\٥\۲ پێشانگای تایبەتی بۆ هونەرمەند



ئاری بابان ساز کردو پێشانگاکە کارە هونەرییەکانی ئاری بابان، لە قۆناغی هەفتاکانەوە تا قۆناغی نەوەتەکانی لەخۆ گرتبوو بەشێوەیەکی نوێ پێشکەشی کردووە و ئەویش بە گەورە کردنی تابلۆکان بە فۆتۆگرافو پیشاندانی لە دوای تەواو بوونی ئەم ئەزموونە لە چەمچەماڵ بە نیازە لە ڕۆژانی دوای‌دا لە دەربەندیخان و کەلاری کفری و رانیەو کۆیە دووبارە دەبێتەوە.

پێشانگایەکی تایبەتی هونەرمەند عەلی جۆڵا کرایەوە

گەلەری زامـوا لە درێژەی



چالاکیەکانی هاوینەی خۆیدا پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەندی شێوەکار (عەلی جۆڵا) لەڕۆژانی ۲۰/-۱۹۹۹/٥/۲٤ لەحەوشەی گەلەری زامـوادا کردەوە کە هونەرمەند (۱۲) تابلۆی ساتە جیاوازەکانی تەمەنی هونەری خۆی تیادا نمایش کرد لەژێر ناوەکانی (دایک، دایک، خۆشەویستی، پاکی، تەمەن، دارشتن، شێوە، نەهەنگ، مردن، باس، دوا ماچ، ڕێگا) شایانی باسە هونەرمەند (عەلی جـۆڵا) لەدایک بـووی سـالی ۱۹٤۲ی شـاری هەڵەبجەیـەو لەسـالی ۱۹٦٦دا ئـەکادیمیای هونەرەجوانـەکانی بەغدای بەپلەی ئیمتیازی تـەواو کردووەو لـەو ساتەوە تائـەمڕۆ لەکاروانی هونەری شـێوەکاری‌دا خـاوەنی چـەندین پێشـانگەی هاوبەشو تایبەتە.. شایانی باسـە لـەدوا ڕۆژی پێشـانگەکەدا هونەرمـەند (اسمـاعیل خـەیات) کۆپێکی لەسەر کارەکانی مامۆستا عەلی جۆڵا سازکرد.

هەوتەمین فێستیڤاڵی هونەری کەرکوک کۆتایی هات

ڕۆژانـی ۱۹۹۹/٥/۱۸-٥/۱٥ بەسەرپەرشتی (جـەمال عەبدول) وەزیری ڕۆشنبیری‌و بـەهاوکاری یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان لقی کەرکوک حەوتەمین فێستیڤاڵی (هونەری کـەرکوک)ی لەشـاری دەربـەندیخان سـازکرا کەچەندین بەرهـەمی شێوەکاری‌و گۆرانی‌و حـەوت نمایشـی شانۆیی شاری کەرکوکی لەخۆ گرتبـوو.. فێسـتیڤاڵی هونـەری کـەرکوک سـاڵانە وەک نـەریتێکی خـۆی بـەردەوام ئـەم فێسـتیڤاڵەی سازکردووە لەسەر ئەرکی یەکێتی هونەرمـەندانی یـەکگرتووی کوردستان‌و ئەمساڵ بـۆ یەکـەم جارە کە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری هاوکـاری سـازدانی فێسـتیڤاڵەکەیانی لەئەسـتۆ گرتووە. جێی سەرنجە یەکێك لـە دەسکەوتەکانی فێستڤاڵی ئەمساڵ پەردەلادان بوو لەسەر دیواربەندی (تاردۆنی) بوو کە لـە ۱۸۰۰ سـاڵ پ.ز لەلایـەن هونەرمـەندە لولوەکانـەوە لەشاخی دەربـەندی بێلوولـەی بـەمۆ هـەڵکۆڵراوە.. شـایانی باسـە یەکـەم ڕۆژی فێسـتیڤاڵەکە بەپێشـانگایەکی شێوەکاری‌و دوو ئاهەنگی مۆسیقا

دەستی پێ کردو پاشان بەرهەمە شانۆییەکان نمایش دەکران‌و دواتریش خەڵات بەسەر بەرهەمە بەشدارەکاندا دابەش کرا.


تیپی هونەری رەنگانەو

قوتابخانەی گێڕەشێوێنەکان

تیپی هونەری رەنگاڵە لەدوای دامەزراندن‌و پێشکەش کردنی بەرنامەی هەمەڕەنگ، توانیان گوڕێکی تر لەبواری کاری شانۆیدا بەخۆیان بدەن‌و ئەمڕۆش شانۆیی (قوتابخانەی گێڕە شێوێنەکان) پێشکەش دەکەن کە لەنووسینی (عەلی سالم)و وەرگێڕان‌و ئامادەکردنی (تۆفیق عەبدول)و دەرهێنانی (سامان عوسمان قادر)و بەجەستەی هونەرمەندان (ئالا عومەر، بەکر مستەفا، کەمال چالاک، بەهادین نوری، ماهیر حەسەن، ئاریان عومەر، فەریدون حەمەصاڵح، جەمال عزیز، نەوزاد ئەحمەد)، نمایشەکە پێشکەش کراو شانۆییەکە لەسەر هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد پێشکەش کرا.. شایانی باسە ئەم شانۆگەرییە لەلایەن کۆمەڵێک ئەکتەری ناوداری میسرییەوە پێشکەش کراوە لەمیسرو ئەمڕۆش ئەم هونەرمەندانە توانیان بەشێوازێکی سەرکەوتوو پێشکەشی بکەنەوە ببێتە جێ سەرنجی ئامادەبووان.



پێشانگای تایبەتی هونەرمەند (محمد کاکە محمد عەبدوڵڵا)



هونەرمەندی شێوەکار (محمد کاکە محمد عەبدوڵڵا) لەساڵی ١٩٣٧ لەشاری سلێمانی لەدایك بووەو یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لەساڵانی ١٩٦٢دا پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووەو ئەمڕۆش بۆ ڕێزلێنان لەم هونەرمەندە گەلەری زاموا لەزنجیرەی چالاکییەکانیدا پێشانگایەکی تایبەتیان بۆ کردەوە کە تیایدا (١٢) تابلۆی زەیتی تیادا نمایش کردوو پێشانگاکە لەڕۆژی ١٩٩٩/٦/١دا کرایەوەو تا ڕۆژی ١٩٩٩/٦/٥ درێژەی هەبوو.. شایانی باسە گەلەری زاموا بۆ زیاتر ئاشنابوونی بینەران لەکارەکانی ئەم هونەرمەندە لەدواڕۆژی پێشانگاکەدا کۆڕێك بۆ هونەرمەند (قادر میرخان) دەبەستێت کە بەدوورو درێژی باس لە هونەرمەندو شێوازی کارکردنی دەکات.. جێی وەبیرهێنانەوەیە ئەم هەنگاوەی کە سەرپەرشتیارانی ئەم گەلەرییە پێی هەڵساون کە لەدوای گشت پێشانگایەك هونەرمەندێك باس لەسەر کارەکانی هونەرمەندی خاوەن پێشانگاکە بکات کە ئەوەش جێی ڕێزو پێزانینە.

ئا: بەختیار سەعید

لەوێ

یۆنسکۆ و نزار قەبانی



بۆ ڕێز لێنان و یادکردنەوەی شاعیری بەناوبانگی عەرەب (نزار قەبانی) بۆڕێز لێنان و یادکردنەوەی شاعیری بەناوبانگی عەرەب (نزار قبانی) یونوسکۆ لە چوارچێوەی پڕۆژەی ڕۆشنبیری خۆیدا ولەشێوەی

(کتێب لە ڕۆژنامەدا) ژمارەیەکی تایبەتی بۆ ئەم شاعیرە ناسراوە دەرکرد، کەتیایدا چەندەها بابەتی بەنرخی نووسەرانی تیایە. یەکەم وتاری ئەم پڕۆژەیە هەدبائی کچی نزار نووسیویەو تیایدا یادگارەکانی خۆی لەگەل باوکیا دەگێڕێتەوە و بەکەسێکی دادەنێت کە هەموژیانی بۆ داکۆکی کردن لەمافی ئافرەت تەرخانکردبوو. لەپاڵ ئەم وتارەدا هەدباء قەبانی کۆمەڵێك لەشیعرەکانی باوکی هەڵبژاردوە. لەچوار چێوەی گێڕانەوەی یادگارەکانیا هەدباء باوکی بەکەسێکی نەرم دەخاتە ڕوو؛ هەروەها دەڵێت هەموو کاتێك ئەو گوێگر بوو ومنیش قسەکەر، بەوردی بێ بڕینی قسەکانم گوێی بۆ شل دەکردم. شایانی باسکردنە شاعیری ئاوارەی عێراقی شەوقی عەبدولئەمیر سەرپەرشتیاری گشتی ئەم پڕۆژەیەیە.

بڕووسك ناسا

ئەدۆنیس لەشیعرو وتارە کورتەکانیا بەبەردەوامی ڕەخنە لە عەرەب ومێژووی عەرەبو واقیعی ڕۆشنبیرو ولاتی عەرەب دەگرێت.



بەڵام ئەم ڕەخنە گرتنە کە بەنوسینەکانیۆە لکاوە تەنانەت خۆی گواستۆتەوە بۆ ناوجەرگەی ئەو نووسینە کورتانەیشی کەلەژێر ناو نیشانی (مدارات)دا لە ڕۆژنامەی (الحیاة)دا لە شێوەی خاتیرەی ڕۆژانەدا دەیاننووسێ. لە یەکێك لەو نووسینانەدا ئەدۆنیس دەڵێت: شارە عەرەبیەکان ئەو بۆچوونە بەدرۆ دەخەنەوە کە دەڵێت:موعجیزەی زانستی ئەوەیە مرۆڤ بەسەر ڕووی مانگدا ڕێ بکات یا بگاتە مەریخ، بەڵکو شارە عەرەبیەکان دەیسەلمێنن کە موعجیزەی ڕاستەقینە ئەوەیە مرۆڤی عەرەب لە ولاتی گەورەی خۆیدا بتوانێت لەم شارەوە بچێت بۆ ئەو شار.

کۆچی دوایی خالید حبیب الڕاوی

ماوەیەك پێش نیستا پرۆفیسۆر خالید حەبیب الراوی کۆچی دوایی کرد.خالید حەبیب لە ڕاوەی باشووری عێراق لەدایك بووە. یەکێك بوو لە چیرۆکنووسە ناسراوەکانی عێراق.ئەگەرچی کەم کەم چیرۆکی بڵاو دەکردەوە بەڵام دەنگێکی ناسراوی شەستەکانی چیرۆکی عێراقی بوو. چیرۆکەکانیشی زۆر کورت بوون، شێوازی بروسکەییان لە خۆ گرتبوو.یەکێك لە کۆمەڵە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی لەژێر ناونیشانی (چاوەکان) دایە. لە پاڵ چیرۆکدا خالید پسپۆری بواری ڕۆژنامەگەری بوو ئەگەرچی کاتی خۆی بۆ کارکردن لەم بوارەدا تەرخان نەکردبوو، بەڵام بەوانە وتنەوە سالانێکی دوورو درێژ وەك مامۆستایەکی سەرکەوتوو لەکۆلێژی ڕۆژنامەگەریدا خزمەتێکی زۆری کردو چەندەها گەس لەسەر دەستی پەروەردە بوون.

ساراماغو لە کۆڕێکی مەدرەیدیا لە ئەمین مەعلوف ئەدەبی



رۆمانووسی گەورە خوسێ ساراماغو (کە تۆبڵی ساڵی ١٩٩٨ی وەرگرتووە) لە ئیسپانیا بەشداری کۆڕێکی فراوانی کرد کە مارکیزیش تیایدا ئامادە بوو. کۆڕەکە سەنتەری فۆرو سازیدابوو کە کار بۆ پتەو کردنی داهێنانە رۆشنبیرییە جۆراو جۆرەکانی نیمچە دورگەی ئیبیریا و ئەمریکای لاتینی دەکات. پاشان ساراماگۆ پرۆی کردە هۆڵی مۆزەخانەی سیسین تا باسی کتێبێکی ئەمین مەعلوف بکات کە تازە کەوتبووە بازارەوە.

کتێبەکەی ئەمین بە ناونیشانی (ناسنامەکوشندەکانە) کە تیایدا نووسەر دەست بۆ بابەتێکی گەورەو دیار درێژ دەکات ئەویش کێشەی (ناسنامەیە) کە چەندەها دڕی بەرهەمهێناوە، وەک: شەڕو هاوپەیمانی. هەر لێرەوە ئامازە بۆ پرۆاوەکانی رواندا و بەلقان و یەکێتی ئەورووپا دەکات، لەو کۆڕەدا ساراماگۆ ستایشی زۆری ئەمین مەعلوف و کتێبەکەی کرد. هەوڵدانی لە شیکردنەوەی ناسنامە و پرۆاوەکانا بەچاکی نرخاندو وتی: ئەم کتێبە بۆ هەموومان گرنگە چونکە کێشەی ناسنامە هەموومان دەگرێتەوەو پێمانەوە لکاوە. ئایا دەکرێت ئەوانەی کە ناسنامەخوازن دوور لەیەک و بەجیا بژین یاخود دەبێت لەڕێگایەکی گونجاوەوە بەیەکەوە بژین؟ ئایا ئێمە لە جیهانێکی یەککرتوو نزیک دەبینەوە یا لە جیهانێکی پەرت یا جیهانێکی پارچە پارچەی هاوشێوە. پاشان ساراماگۆ کەوتە خوێندنەوەی چەند بڕگەیەک لە کتێبەکەی



ئەمین مەعلوف ((هەموو کەسێم بریتیە لە ناسنامە، بەڵێ وایە، ئەمیش لەبەر ئەوە نییە ئەم بۆسنێییە، یا قەتلۆنییە یا باسکییە، لکان بەشوێنێکەوە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لەناسنامە.

لە کۆتایی ئێوارە کۆڕەکەدا ساراماگۆ و ئەمین مەعلوف داوایان لە جیهان کرد کە بە دوای ناسنامەو رۆشنبیری پڕ لە (لێبۆرن)دا بگەڕێن، رۆشنبیرییەک کە ناسنامەیەکی نەرمو نیان و کراوەی لە دواوە بێت . نابێت کەسی بەرامبەرو ناسنامەی تر بسڕینەوە. هەر لە وێدا ساراماگۆ وتی: پێویستە دان بە بوونی کەسی ترا بنێین وەک چۆن دان بە بوونی خۆمانا دەنێین.

کارلۆس فوینتس لە ڕۆمانی (سانێکی درێژ لەگەڵ لورا دیاز دا)

کارلوس فوینتس بەم ڕۆمانە نوێیەی خۆی دەڵێت: حیکایەتی سەردەم. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ڕوونی بکاتەوە کە ڕۆمانەکانی پێشووی باسی مێژووی دووری مەکسیکیان دەکرد، بەڵە پێچەوانەوەی ئەم ڕۆمانەوەیە کە لکاوە بە سەردەمی نوێوە.

فوینتیس بەوە ناسراوە کە لە ڕۆمانەکانیا بەبەردەوامی موحاکەمەکردنی مێژووی مەکسیک خەریکی کردووەو بووە بە سیمای زۆر لە ڕۆمانەکانی. هەر بەشێک لە بەشەکانی ئەم ڕۆمانە ناوی کەسێک یا ناوچەیەکی مەکسیکی



لە خۆ گرتووە. . (سالانێکی دوورو درێژ لەگەڵ لاورا دیازا) چیرۆکی کۆچکردن و ڕووخان و بنیاتنانەوەی کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتییە. یەکێك لە شێوازە تازەکانی ئەم ڕۆمانە سوود وەرگرتنە لە تابلۆ و وێنە.

وەرگێڕانێکی تری بیدرو پارامۆ

چیرۆکنووس و ڕمانووسی مەکسیکی خوان رۆلفو نووسەرێکی گەورەی جیهانە، یەکەم چیرۆکی خوان رولفو سالی لەحەفتاکانا کرا بەکوردی بەوناونیشانی پێیان بڵێ نەمکوژن، لەهەشتاکانیشا ڕۆمانی (بیدرۆ پارامۆی) لەعێراقدا کرا بەعەرەبی، ئەم سالّ بۆ جاری دووەمو لەلایەن وەرگێڕێکی تری لەدیمەشق کرا بەعەرەبی و چاپکرا.

بیدروپارامۆ لەو ڕۆمانانەیە کە زۆر چڕو بەیەکا چووە وەك ڕەمزێکی هەڵێنجراو وایە لەئەفسانەی مەکسیکی.


شایانی باسکردنە بیدروپارامو لەلایەن هەردوو برا کاك ئازاد بەرزنجی و ڕێبورا سیوەیلی یەوە کراوە بەکوردی و لەم ڕۆژانەدا کەوتە بازارەوە.

جۆنکۆر بۆ ڕۆمانووسێکی بیست و دووسالّ

خوێندکارێکی ٢٢ سالّە خەڵاتی جۆنکۆری وەدەستهێنا ئەویش بەهۆی ڕۆمانی ((گەڕاوە))وە، ئەم خوێندکارە تەمەنی بیست و دوو سالّە.

دیارە ئەمە شتێکی سەیر نییە چونکە لەچەندەها ڕووداوی ڕۆشنبیری تردا رووی داوەو، چەندەها خەڵات دراوە بەنوسەری وا کەلەسەرەتای تەمەنی ئەدەبییا بووە.

سەرجەم بەرهەمەکانی گونتەر گراس وەرەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی



شاعیرو ڕۆمان‌نووس‌و نوسەرێکی سیاسی‌و وێنەکێشی گونتەرگراس بەیەکێك لەناودارترین ئەدیبەکانی ئەڵمانیا دەژمێردرێت لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی‌یەوە، سەرەتاکانی لەکاری داهێناندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەنجاکان لە ڕێگای هونەرەری شێوەکاری‌یەوە بوو پاشان ڕووی لەدنیای شیعرو دواتریش ڕۆمان‌و چیرۆکردووەو لەساڵی ١٩٥٦دا یەکەم کتێبی بەچاپگەیاندووە کەپێکهاتبوو لەکۆمەڵە شیعرێك بەناوی (جوانیەکانی باڵندەکانی ڕەشەبا).. گراس لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٧ی شاری (دانزاك)ە پۆلۆنی‌یەو ئێستاش لەگەڵ خێزانەکەیدا لەئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبەن.

نووسینەکانی گونتراگراس ژیانی واقیعی تاڵی خەڵکی ئەڵمانیا دەگێڕێتەوە چ لەپێش جەنگی دووەمی جیهانی‌و دوای جەنگ بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانەی واقیعییانەو خاوەنی خەڵاتەکانی (شیعری گۆرانی ١٩٥٥)، وخەڵاتی (کۆمەڵەی ٤٧))ی ئەدەبی لەساڵی ١٩٥٩، وخەڵاتی ئەدەبی (هەرێمی بریمەن)و چەندین خەڵاتی تر، ناودارترین بەرهەمەکانی گراس پێکهاتووە لە (مشك‌و پشیلە) ڕۆمان، ١٩٦١، و(ژوان لەتەڵغەتە) ڕۆمان ١٩٧٩،و (لافاو) شانۆگەری ١٩٦٨،و (٥١) کۆمەڵە شیعر ١٩٧١، (مشك) ڕۆمان ١٩٨٦... هەربۆیە ئەمساڵ دەزگای چاپ‌و باڵوکردنەوەی (الجمل) لەئەڵمانیا کەخالید المعانی سەرپەرشتی دەکات بەهاوکاری دەزگای باڵوکردنەوەی ئەڵمانی (شتایدل) بڕیاریان‌داوە سەرجەم بەرهەمەکانی گونتەرگراس وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی.

کتێبخانە

لەمەڕ ڕێکخراوە دیموکراتی یەکانی باشووری کوردستان



ئەم کتێبەی کاک (کاک مەلا بەختیار) گەلێ بابەتی ڕێکخراوەیی گرنگی لەخۆ گرتوە .نیوەی بەئەڵقە ئەڵقە لەئێزگەی مەڵبەندی سلێمانیدا لەبەرنامەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی مەلبەندەوە پێشکەش کراوە .

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٨ەو هەزار دانەی لێچاپ کراوە ولە((بلاوکراوەکانی هوشیاری وڕوناکبیری مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک).

باس لەخەباتی ڕێکخراوە دیموکراتییە کانی کوردوستان وعیراق وئەوروپا دەکات .

تیشك دەهاوێتە سەر خەباتی پیشەیی ولایەنە بەسودەکانی ودەستنیشان کردنی زیانەکانی فرە ڕێکخراوە دیموکراتی یەکان.

باس لەخەبات وتایبەتمەندێتی خەباتی پیشەیی دەکات لەکوردستانی باشوردا .هەروەها بەرهەم هێنان ،بەرهەم هێنان وبەرهەمداری ،وزۆر بابەتی ئابووری تر...

لەکۆتایی نوسراوە کەشدا سەرچاوەکان دەستنیشان کراون و فەرهنگۆکێکیشی بۆ ئامادە کراوە .

هۆشیاری ئابووری

دانەیەکی تر لە نوسراوەکانی مامۆستا ((تاهیر سادق))کەدەربارەی ئابووری نوسیویەتی ئەم نوسراوەیە (٢٥٠)دانەی لێ چاپ کراوە وژمارەی سپاردنی ٢٦ی ساڵی ١٩٩٩ی دراوەتێ .یەکێکی تر لەچاپکراوەکانی ((زنجیرەی کتێبی سەردەم)) ژمارە (٨) .



ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم نوسراوەیە (٢٨١)لاپەڕەیە لەناو نیشانە سەرەکیەکانی ئەم نوسراوەیە (ئابووری چییە؟، هۆشیاری ئابووری ،ئابووری بنچینەی ژیانی کۆمەڵە،ئابووری وڕەفتاری مرۆڤ ،هۆکارەکانی

هێلانە

ڕۆمانێکی ڕۆماننوسی ناسراو مامۆستا ((حسین عارف))ەو



لەبەرگێکی قەشەنگدا بەچاپ گەیشتووە .

ئەم ڕۆمانە چاپکراوەی))زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم))

ژمارە (٦) لەچاپخانەی ڕۆژن لەسلێمانی چاپکراوە وهونەرمەند قادر میرخان بەرگی یەکەمی نەخشاندووەو (٥٠٠)دانەی لێ چاپ کراوە وژمارەی سپاردنی ٢٥ /١٩٩٩ ی پێدراوە.

مامۆستا ((حسین عارف))ی ڕۆماننوس بێلەڕۆمان چەندین کتێبی گورتە چیرۆکی باڵاو کردۆتەوە گەشوێن دەستێکی دیارو باڵای هەیە لەسەر چیرۆکنوسین.


کتێبخانە

ئەم بڕگانە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧ _ەتا شوباتی ١٩٩٩ نوسراوە .

ژمارەی لاپەڕکانی ئەم بڕگانە (٣٠٠) لاپەڕەیە شایانی باسە ئەم بەرهەمە سێ هەمین بڕگانی مامۆستا ((حسین عارف))لەدوای بڕگانی ((شار)) وبڕگانی ((ئەندێشەی مرۆڤێك)) وە

بڕگانی ناوەڕیم لەسویسرە

بریتیە لەبیرەوەرییەکانی نوسەری دورەوولاّت (پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز)



بەشێکن لەو یادەوەرییە گرنگانەی کەلەوڵاتی سوێسرە نوسیونی

ئەم کتێبە لەبڵاوکراوەکانی (بنکەی ئەدەبی وڕوناکبیری گەلاوێژە).

ژمارەی لاپەڕەکانی (١٣٠)لاپەڕەیەو لەقەوارەبەکی مام ناوەندیایەو (٥٠٠) دانەی لێچاپ کراوە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە یادەوەریو چەندین بەڵگە نامەو وێنەی لەخۆ گرتوە .جێی سەرنجە کەئەم بیرەوەری نامەیە لەگۆڤاری (دلانبار)دا لەژمارە (٤،٣،٢) ی ساڵی دەیەم ١٩٩٦ لەشاری هەلسنکی (فیللەندا) بڵاو بۆتەوە .کاك ئاشناکەمال بەرگی بۆکردووە .

چناری شیر

ئەم بڕگانە لەنوسینی بڕگاننوس (جەمال غەریب)ە



ژمارەی لاپەڕکانی (٦٤) لاپەڕەیە ولەچاپخانەی داناز چاپکراوە ووەزارەتی بڕگشنبیری هەرێمی کوردستان ژمارە(٣٠)ی ساڵی ١٩٩٩ی پێ سپاردوە

نوسەر دەڵێ (زەنگۆڵەیەك بەسەرمادێ ،دەنگی زەنگۆڵەیەك دەکەوێتە سەر بەفر .زەنگێنك لەنێو ئەو گوڵینکە وشك وبرینگە دەنگ دەداتەوە ،لەسەرکێوێك بەفر ،وەك دڵۆپە خوێنی نوێ دەبریسکێتەوە ،ئەو گوڵینکە نی ئەو نێرییە مرۆ نێوی کەڵە مێردیان لێنابوو.) ئەم بڕگانە چاپی یەکەمەو لەبڵاوکراوەکانی (بنکەی ئەدەبی و بڕوناکبیری گەلاوێژ)ەژمارە(٢)یساڵی ١٩٩٩.

شۆڕش یا بڕیفۆرم

ئەم کتێبە لەقەوارەیەکی مام ناوەندیدا چاپکراوە ژمارەی لاپەڕەکانی (٧٤)لاپەڕەیەو




نوسەرو وەرگێڕ کاك (ئازاد بەرزنجی)لەفارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەرزمانی کوردی، ناونیشانی کتێبەکە لەدەقە فارسییەکەدا (انقلاب یااصلاح) کەگفتو گۆیەکە لەگەڵ هیر برت مارکوز و کارڵ پۆپەردا. ئەم کتێبە زنجیرەی (٢) ی‌بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (مرۆڤایەتی)ە.ژیاننامەی سیاسی هربرت مارکۆز وکارڵ پۆپەری لەخۆ گرتوە وهەروەها ڕەخنە وبەرنامەی هەردوکیانی تیا تۆمار کراوە دەربارەی کۆمەڵگای تۆی.

لەلاپەڕە (٤٨)دا دەربارەی زەمینەی تیۆری لای هیربرث مارکۆزو لەلاپەڕە (٥٣)دا زەمینەی تیۆری لای کارڵ پۆپەر .لاپەڕە (٦١) کە (ئەنجام)ی‌گفتو گۆیەکە پرسیار لە هیربرث مارکۆز

کتێبخانەی

هەژاران


کراوە سەبارەت بەدوا هاندەری ئەخلاقی لەلای بۆ ئیلتیزام لەسیاسەتی رادیکالیزمدا ئەم کتێبە لەلایەن وەزارەتی پۆشنبیریەوە ژمارەی سپاردنی (٥٨) ی سالّی ١٩٩٩ی دراوەتێ .



ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەڕۆمانەکانی ڕۆمانتوسی ڕوسی بەناو بانگ (فیدۆر دۆستۆیێفسك)و (کاك ئارام قەرەداغی)وەرگێڕ لەزمانی ئینگلیزییەوە کردویەتی بەکوردیو لەچاپەمەنی (زامۆا) پڕۆژەی پاراستنی دەستنوسەکان ژمارە (٥)ەمین کتێبی چاپکراوەو سالّی ١٩٩٨ بەچاپ گەیشتوە .کاك ئارام قەرەداغی لەپێشەکیەکەیدا نوسیویەتی (پانزەسالّ لەمەو بەر وەك یەکێك لەخوێنەرە دلگەرمەکانی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەمی ڕوسیا کەوتمە خولیای ئەوەی هەندێك لەبەرهەمەکانی دۆستۆیێفسکی بکەم بەکوردی). کاك ئارام قەرەداغی وەرگێڕ دوو ڕۆمانی دۆستۆیێفسکی (هەژاران) و (شەوانی سپی)کردوە بەکوردی

بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ١٩٧٠_١٩٨٠

نامەیەکە خاتو (ئەحلام مەنسور)ی چیرۆکنوس پێشکەش کۆلیجی پەروەردەی (ابن رشد)ی زانکۆی بەغدای کردووەو بەشێکە لەپێداویستیەکانی پلەی ماجستێر



لەئەدەبی کوردیدا .ئەم نامەیە د.کاوس قەفتان سەرپەرشتی کردوە .

پێکهاتەی ئەم نامەیە سێبەشی سەرەکیەو تایبەتە بەتوێژینەوەی بینایی هونەری لەکورتە چیرۆکی کوردی دا لەنێوان سالآنی ١٩٧٠ بۆ ١٩٨٠ .ناونیشانی بەشی یەکەمی ئەم نامەیە (هەڵدانەوەی چەند لایەنێکی مێژوویی چیرۆکی کوردی)یەو بەشی دوەمی ،لایەنی هونەری کورتە چیرۆك _سەرهەڵدان _لایەنی سێبەمی تایبەتە بە توێژینەوەی چیرۆکی ئەم چیرۆك نوسە بەڕێزانە (حسین عارف ،د .کاوس قەفتان ،مستەفا صالح کریم ، محمد مولود ،مەم)،ڕۆوف بێگەرد ،عبدولآ سراج ،کاکە مەم بۆتانی ،احمدمحمد اسماعیل ،محمد امین احمد ڕۆوف حسن ،شێرزاد حسن ،غفور صالح ،محمد ڕەشید فتاح ،محمد فریق حسن ،محمد موکری)

خاتو احلام لە(ئەنجام)دا دەڵێت (سالآنی حەفتاکانی ئەم سەدەیە زێڕینە لەڕەوتی چیرۆکی کوردیدا چونکە کەش وهەوای ڕامیاری وڕۆشنبیری بەرفراوانێکی باشی بەخۆیەوە بینی)ئەم کتێبە ژمارە (٩)ی زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

خوان

کتێبێکە لەچاپ کراوەکانی (زنجیرە کتێبی چاپکراوی دەزگای سەردەمەو سێبەم کتێبی چاپکراوی ئەم دەزگایەیەو، ئەم کتێبە (خوان) لەنوسینی ئەفلاتون _ەو برای وەرگێڕ (کاك ئاوات ئەحمەد)وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .ژمارەی لاپەڕەکانی (٩٦)لاپەڕەیە و لەچاپخانەی بابان چاپکراوە ژمارەی سپاردنی (٣١)ی سالّی ١٩٩٩ی دراوەتێ.



وێنەیەك پڕبڕ لە کۆمەی جەرگ




کتێبێکی تایبەتە بەهەندێ نوسین و وێنەی فۆتۆ گراف و زانیاری دەربارەی شەهید سیروان ڕوف .هەروەها هەندێنوسین و شیوی شاعیران وڕۆژنامە نوسانی گرتۆتە خۆ کەدەربارەی پێشانگانی و بەهۆی شەهید بونیەوە نوسراوەو بلاّو کراوەتەوە برای شاعیرو ڕۆژنامەنوس کاك سەلام مستەفا کۆیکردۆتەوەو ئامادەی کردووە .لەقەوارەیەکی مام ناوەندیدا لەنێوانی (٧٠) لاپەڕەدا بەچاپ گەیشتوە سەلام مستەفای شاعیر لەپێشەکیەکیدا نوسیویەتی :(بەڵێ شبر شەوێکی سامناکی بینی ..بەلاّم گەشتر لەتیشکی خۆر ..گەشتر لەلێوی نازەنین ..گەشتر لەفرمێسکی دایەو گەشتر لەناسۆری بابە ..١٧/١٨ ی /٢ بووشبر تەواو تەواو گریا ..گریا چونکە ئەم جارەیان گەورەتر لەگەورەیی).ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لەچاپ دراوە.

قەڵای ڕاز

مەستی
هێندەی مەستی ئەو خەیاڵەم
کەئەم شەو بۆتە میوانم
هەموشتێك ئەبن بەدوو
لەبەرچاوی هیوا کانم

دووجار دێیت و دووجار
تەقولباب ئەکەیت و
دووجار دڵم دانەخورپێ
بەلاّم ئەفسوس
پشت دەرکەی چۆڵ
مەستیم لەسەر ئەپەڕێنێ
ناهومێد ددانی ڕیچ ئەکاتەوە
خەوی خۆشم ئەڕەوێنێ
دەربارەی ئەم دیوانە شیعریە
_نامیق بۆرەکەیی _صفی زادە
_لەدەرگای بۆرەکەیی
(دەرگای بۆرەکەیی شانازی




بەمەوە دەکا کەسەرجەمی بەرهەمی ئەم شاعیرە گەورەیە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بلاو دەکاتەوە یەکێلە ئامانجەکانی ئەم ناوەندە لایەنگری لەبزوتنەوەی فەرهەنگی ئافرەتانی کوردە)ئەم دەزگایە لەبەرگێکی قەشەنگدا سەرجەمی بەرهەمی وێژەیی شاعیری ژن _ژیلا حسینی _ی جوانە مەرگی بەچاپ گەیاندوە .ئەم بەرهەمە لەلایەن _ناهید حسینی _پێدا چونەوەو گردەکۆیی کراوە .

ژمارەی لاپەڕەکانی (١٤٤)لاپەڕەیە و ساڵی ١٩٩٨لەلایەن دەزگای ناوبراوەوە چاپکراوە بەکۆی (٣٠٠٠)سێهەزار دانە ژیلا حسینی یەکێکە لەدەنگەشیعریەکانی کوردستانی ئەو دیو ،بەکوردیو بەفارسی شیعری نوسیوە .بەداخ و کەسەرێکی ڕۆژەوە لەئەیلولی ١٩٩٨ دا لەڕێگای تاران بەکارەساتی ئوتومبێل چرای گیانی ئەکوژێتەوەو مالّئاوایمان لێئەکات.خوشکە (نەجیبە ئەحمەد)ینوسەر کەدوەم پێشەکی نوسی ئەم بەرهەمەیە دەلێت (ژیلا خانم دەنگی ڕاستەقینەی ئەمڕۆی ئافرەتانی ئەم بەشەیە ،دەنگێك بەئەو پەڕی سادەیو ڕاستگۆییوە بوو بەبالاّنوێنی زام وحەسرەتەکانی مێینەی سەردەمەکەی خۆی).....

لەحزوری زیکری ئەمشەو

کۆمەلّە شیعرێکی کەژاڵ ئیبراهیم خدرە، کە لەبەرگێکی قەشەنگی (١٤٨) لاپەرەیدا لەچاپخانەو ئۆفسێتی تیشك چاپ کراوەو (٢٩) پارچە شیعری لەخۆگرتووە، ئەم بەرهەمە ژمارەی سپاردنی (٧٢)ی ساڵی ١٩٩٩ی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە.



تاك ڕەهەندیی لەنووسینداو ترس لەداهێنان!



جەمال غەمبار

جاران ئاوی تەقلیدێك وا ڕژابوو، واخرابووە زەینی ئێمەوە کە پڕۆسەی نووسینو کاری داهێنان مەودایەکی سنووردار هەیەو پێویست وابوو هەرکەسەر لەبوارەکەی خۆیدا (وەك دەوترا: ئەسپی ڕەسەنی خۆی تاوبدات!).. قسەم لەسەر ئەوە نییە هەندێ کەس چۆن ئەر ئەسپە داماوەیان بەرەو هەڵدێڕی هەزار بەهەزار دەبرد، بەڵکو زیاتر قسەم لەسەر ئەوەیە کە زۆر جاران خۆمان دەبووینە ئەسپەکەو بەتەنها بەیەك ئاڕاستەو لەیەك ڕەهەندی مەودا بۆ کێشراودا خەریکی جوواڵە بووین.. ئاڕاستەو ڕەهەندی مەودا بۆ کێشراو ئەوە بوو؛ ئەوەی بۆنی بەگوڵی شیعرەوە دەکرد نیدی بۆی نەبوو سەفەر بەدنیای ڕۆماندا بکات.ر باس لەتەقنیانی ڕۆمان بکات، بۆی نەبوو دەم بدات لەباسکردنی کەڤاڵێکی تەشکیلیەوە، ئەگەر باسی لەسیمفۆنیایەك کردبا سەرکۆنە دەکرا کە بۆچی لەبوارەکەی خۆیدا ناسرەوێ.. دێتە بیرم لەکۆتایی هەشتاکاندا جەسارەتم کرد وتارێکم تەرجەمە کردو بڵاوم کردەوە، وتارەکە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئیقاعی شیعرو هونەری مۆسیقاوە بوو، برادەرێکی نووسەر پێی وتم؛ چیبە دەتەوێ ببێتە مایستڕۆ؟ لەکاتێکدا من سەرزەنشتو سەرکۆنەی خۆم دەکەم کە دەبوو لەجیاتی تەرجەمەکردنی ئەو وتارە یان لەجیاتی ئەوەی بەتەنها بەتەرجەمەکردنی ئەو وتارەوە بوەستم، دەبوو لەبارەی بێتهۆفن و فاگنەرو خاچادۆریانەوە وتارو لێکۆڵینەوە تەرجەمە بکەم.. دیارە گەلێ هۆکار لەپشت خولقاندنو ڕاگرتنی ئەو حاڵەتەوە بوون، لەسەروو هەموویانەوە سەروەریی ئایدیۆلۆژیا بوو لەپێش داهێناندا و پاشان چەسپاندنی ئەو تەقلیدی تاك ڕەهەندییە لەزەمان و زەمینی خۆیدا کە یاخی بوون لێی، یان بەزاندنی تخوبەکەی سەرێشەی بۆ خاوەنەکەی دەخولقاند.. بۆیە وەها تێڕوانینێك بۆ سنووردارێتی کاری نووسین و داهێنان بۆ خۆی ئەو ترسە کوشندەیەی لەناخی ڕۆریەماندا چاند کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ماکەکەی بەزیندوێتی مایەوە.. دەشێ دواتر بەحوکمی تەوژمی ئەو کرانەوە ڕووناکبیرییەی کە لەسەرەتای ئەم عەقدە زەمەنییەدا (مەبەستم دوای ڕاپەڕینە وێڕای ئابڵووقەی ناجۆری ڕووناکبیریش، بەرپا بوو، ئیدی تەمی ئەو تەقلیدە لەلای هەندێکمان بەرەو ڕەوینەوە چوو، لەلای هەندێکی ترمان هێشتاکە نەڕەویوەتەوە.. ئەو کرانەوە ڕووناکبیرییەی ئەم چەند ساڵەی دوایی بووە مایەی دەرەوشانەوەی ئەستێرەی گەلێ بەهرەو توانای ڕووناکبیریی وەها کە بەحوکمی خوێندنەوەی بەردەوامو دەوڵەمەندکردنی زەخیرەی ڕووناکبیریان توانای قسەکردنیان لەزیاتر لەچەند بوارێکدا هەیەر ئەگەر لەسەر ئاستی تاکەی خۆشیان بێ دەسەڵاتی وتنیان لەئاستێکی بەرزدایەو دیارە لەپشت قسەو وتنو نووسینەکانیانەوە مانای قووڵو دەروشاوە هەیەو دواتر مەسئولیەت هەیە بەرامبەر وتنو نووسین..

ئێستاش لەلای هەندێکمان سەیرە یەکێك چیرۆك نووس بێو باس لەسینەما بکات لەکاتێکدا پەیوەندیی نێوان هونەری چیرۆکو هونەری سینەما پەیوەندیی نێوان خوێنو دڵە.. ڕەنگە مانەوەی ئەو ترسە یان ئەو دوودڵییە بەرامبەر فرە بەهرەییو فرە ڕەهەندیی بوارەکانی داهێنان لەوێوە سەرچاوەی گرتبێ کە ڕووناکبیریی ئێمە تاکو ئەم دەمەش ڕووناکبیرییەکی دامەزراو نەبێ وەك پرۆژەیەکی سەربەخۆو مەحکەمو خاوەن دەسەڵاتو، لەزۆربەی جارەکانیشدا لەهەمان ئەر بازنەیەدا خول بخۆین کە تیایدا عەقڵی باوی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی ئێمە سەرجەم گوتارو پەیامەکانی خۆیی تیادا بەرهەم دێنێو دووبارەو دەبارەیان دەکاتەوە. زەمەنی ئێستا، زەمەنێکی هێندە تیژڕۆو ئاڵۆزە، ئەگەر لێڕاوانە ململانێی لەگەڵدا نەکەین، هەر زوو دەمانخاتە پەراوێزەوە.. هاوشان لەگەڵ بەرەو پێشوونە زانستیو تەکنۆلۆژییەکانی دنیادا، مەسەلەی ڕووناکبیرییش فراوانو قووڵتر دەبێ.. لێرەدا؛ ڕەنگە پرسایەك هەبێو بپرسێ: لەکاتێکدا ئەو سەرچاوانەی کە ئێمە ئاوی ڕووناکبیریی‌یان لێ دەخۆینەوە زۆر تەنکتر بێ لەچاو تافە تافی ئەو ئاوە ڕووناکبیرییەی کە دەڕژێتە دەریای مەعریفەی ئینسانیی هەموو دنیاوە، ئێمە لەکوێوە بتوانین ڕووناکبیرو ڕووناکبیرییەك بخولقێنین کە دەسەڵاتی قسەکردنی هەبێ لەهەموو، یان لەزۆربەی کایەکانی فیکرو ئەدەبو هونەردا؟!

لێرەوە دەبێ واسەرنج بدەینە ئەم مەسەلەیە کە وێڕای هەموو شووڕاکانی تاریکی، وێڕای ئابڵووقەو داخرانی دەرگاو پەنجەرەکان، پێویستە ئێمە خەمی زیاتری فێربوونو دەوڵەمەندترکردنی زەخیرەی ڕووناکبیریی خۆمان بخۆین.. ئەی مەگەر ڕووناکبیرییش بۆ خۆی لەملانێدا نییە لەگەڵ ئەو تاریکیو ئابڵۆقەیەدا.. ئێمە چۆن خەم لەپەیداکردنی نانو بژێوی دەخۆین، ئاوهاش لەهەوڵی بەردەوامی پەیداکردنی سەرچاوەی زیاتری خۆ ڕووناکبیرکردندا بین.. پاشماوەکانی ئەو تەقلیدە ڕەگاژۆیەی باسم کرد دیسانەوە ڕای لەهەندێکمان کردووە بەجۆرێك لەغەرابەتەوە بڕوانینە هەڵوێستی نووسەرێك کاتێ دەیەوێ لەکێشەیەکی ئینسانی وەك کێشەی ژنانو ئافرەتاندا بێتە دەنگ، یان بەرامبەر دیاردەیەکی ناشیرینی وەك زەبرو زەنگ دژ بەمنداڵان قسە بکات.. ڕەنگە زۆربەمان ئاگاداری هەڵوێستی ئەو چەند نووسەرە لاوە نەبین کە ماوەیەك بەر لەئێستا وێستیان ناڕەزایی لەدژی لێدانی منداڵ لەقوتابخانەکاندا دەربڕین (بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە کە نیایدا منداڵێکی قوتابخانەیەکی سلێمانی بەهۆی لێدانەوە دووچاری نەخۆشی ببوو)، کەچی ئیهانە کرانو کەسیش لەئێمە پشتی نەگرتن..! ■

لەگەڵ وەرگێڕو نوسەری بەناوبانگ

(ئیبراهیمی یونسی)دا

سازدانی: دڵشاد خۆشناو - بەختیار کەریمی

- *کەسێك بیەوێت ئەدەبیات وەربگێڕێت دەبێت زەوقی ئەدەبی هەبێت.*
- *تۆ، ئەگەر لەوەرگێڕاندا شێوازی شکسپیر نەپارێزیت ئەوە شکسپیر نییە.*
- *ئیشکردن بۆ زمانی یەکگرتوو کاری دەوڵەتو فەرهەنگستانە.*
- *شاربەدەری حسین شیربەگی، نیوەی باشە، وەلێ نیوەکەی تری تێکدەچێت.*
- *لەم لاوە مهاباد تورکیمان بەسەرا دەسەپێنێ. لەولایشەوە برادەران عەرەبی دەسەپێنن.*
- *ئێستایش دەڵێم ئەدەبیاتی سوریالیستی و کافکاوی بۆ ئێستای کورد سوودمەند نییە.*



محەمەدی قازی، ئیبراهیمی یونسی، پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵو چەند ڕۆشنبیرو نەدیبێکی تر- تاران ١٩٦٩

پ/ مامۆستا بەو پێیەی بەڕێزتان چارەیەکی دیارو ڕووناکن لەمەیدانی وەرگێڕاندا لەئێران، دەکرێ چەند ڕووکردنەوەیەك دەربارەی ژیانی خۆتان بفەرموون؟

و/ نازانم چی دەربارەی ژیانم بڵێم. بەڵام بەکورتی ساڵی ١٣٠٥ لە شاری بانە لەدایك بووم. لەسەرەتادا من نیزامی بووم. دواتریش کە لەسەربازی هاتمەدەر بەندکرام. دووبارە دەستم کردەوە بەخوێندن. بەهەر جۆرێك بێت دکتۆرام تەواوکردو بڕوانامەم لەسوربونی پاریس وەرگرت، دکتۆرای (ئابووری پەرەپێدان) بەڵام هیچ کاتێك نەهاتووم لەو بوارەدا کە پەیوەندی بە بڕوانامەکەمەوە هەیە، کار بکەم. سەرەتا لەزیندانا دەستم بەخوێندنەوەو خوێندنەوەی ئەدەبی چیرۆك کرد. بۆ ناسینی چیرۆکو خوێندنەوەو نوسینی چیرۆك ساڵی ١٣٣٦ یەکەمین کتێبم وەرگێڕا. ساڵی ١٣٣٨ کتێبێکی چارلز دیکنزم بەناوی (ئارەزووە گەورەکان)ەوە وەرگێڕا. لەزیندانا بەرهەمم وەرگێڕانی چوار پێنج کتێب بوو. دوای هاتنە دەرەوەم لە زیندان، بەجۆرێکی تر بەردەوام بووم. ساڵی ١٣٤١ کتێبێکی خۆمم بەناوی (هونەری چیرۆکنووسین) بڵاوکردەوە، دیارە ئەمە یەکەم کتێبی دانراوی خۆم بوو. هەر لەو کاتەوە تائێستا نزیکەی (٨٠) کتێبم چاپکردووە، لەبواری نوسینو وەرگێڕاندا. کتێبەکانی خۆم نزیکەی حەوت هەشتێکن. ئەوە کورتەیەکی ژیانی منە. ئێستایش نزیکەی ٧٦ ساڵ تەمەنمە، رەنگە زیاتریش بێت، چونکە کارمەندان بۆ ناسنامە نووسینو ناو نوسی درەنگ هاتنە لای ئێمە. نازانم بەشی دووەمی پرسیارەکە چی بوو؟

پ/ بەڕێزتان وەك وەرگێڕ، چ پێناسەیەکتان هەیە بۆ وەرگێڕان.

و/ بۆ وەرگێڕان؟ وەرگێڕان ئەوەیە وەرگێڕ لەئەسڵی رستەو زمانێکی ترەوە دەقەکە داڕێژێ بۆ زمانەکەی خۆی، واتا بۆ زمانی مەخسەد، من کە ئێستا کاری فارسی دەکەم لە ئینگلیزییەوە، دەقێك وەرگێڕم دەبێت لەهەردوو زماندا لێکبچن. ئەگەر گفتوگۆ بێت فەلسەفە بێت، یا پەخشان بێت، دەبێت وەك یەك بێت، بەڵام وەرگێڕانی بابەتی بازرگانی کارێکی تر، چونکە لێرەدا مەسەلەی پارە دەکەوێتە بەینەوەو هەوڵدەرێت کەمترین پارەی تێبچێت. بەڵام لەبواری ئەدەبیاتدا وەرگێڕ دەستی کراوەیە بۆ ئەوەی رستە جوان بێت دەتوانی لەسنورێکدا مەعناو قاڵبی ئەسڵەکەی نەشکێنێت.

دەبێ جگە لەوە دەقەکە جوان بێت، پێویستە وەرگێڕ تۆزێك وەستایی خوێشی تیادا بەکار بهێنێ، لەسنورێکدا کە ماناو چەمکی راستی خۆی لەدەست نەدات و لەچوارچێوەی مەسەلە ئەسڵییەکە دەرنەچێت.


ئەبێت وەرگێڕ هەردوو زمانەکە بزانێت، بەتایبەتی ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕێ نەك ئەوەی لێیەوە وەردەگێڕێ. هەروەها پێویستە خوێندنەوەی چاکی لەهەردوو زمانەکەدا هەبێت، نەك لەیەکێکیان شارەزا لەوی تریان نەشارەزا بێت. بۆ نموونە ئەگەر دەقەکە کوردی بێت دەبێت وەرگێڕ شارەزای ئەدەبیاتی کوردی بێتو کوردی چاك بزانێت،و خوێندنەوەی باشی هەبێت تا بتوانێ بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دایڕێژێت.

پ/ لای ئێوە وەرگێڕان زانستە یاهونەر، یاتەکنیك؟

و/ من پێم وایە، هەر کەسێك کە وەرگێڕ بێت، دەبێت زەوقی لەگەڵ شتەکەدا هەبێت، بۆ نموونە کەسێك کە بیەوێ ئەدەبیات وەربگێڕێت دەبێت زەوقێکی ئەدەبی هەبێت، یان کەسێك کە بیەوێ مێژوو وەربگێڕێت دەبێت زەوقێکی لەمێژودا هەبێت، ئەگەر دەقێکی فەرەنسی یاشیعرێکی ئینگلیزی وەرگێڕا پێویستە خۆی لەهونەری خاوەن دەقەکە نزیکردبێتەوە، چونکە کاتێك کە دایدەڕێژێتەوە بەشێوەیەکی جوان دەرئەچێت.

لەبەر ئەمەیە وەرگێڕان بەشێکی دەبێت بەهونەر، زەوقنامە، هاوکات لەگەڵ هونەرەکە دەبێت تەکنیکیشی هەبێت، لەلایەن ڕێزمانەوە دروست بێت. من ناتوانم بڵێم وەرگێڕان هونەری هونەرە، پێم وایە شتێکی ئاوێنەییە. بریتییە لەهونەرو تەکنیکو زەوقو..

پ/ مامۆستا تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕان چین؟



و/ وەرگـێڕان دەبێـت بـەوردی ئـەنجامبدرێتو بەجۆرێکی رەسەن بێـت. لـە دەق لانەدانو تێکەڵو پێکـەڵ نـەبێت. قسەیەکی باو دەربارەی وەرگێڕان هەیە، دەڵێن: وەرگێڕان وەکـو ژن وایـە ئەگـەر جـوان بێـت عـەفیف نییـە، ئەگەر عەفیفیش بێت جـوان نییـە. ئیـتر لەسـەر ئـەم بنەڕەتـە دەبێت هـەم جـوان بێـتو هـەم عـەفیفیش. نەئـەولا زۆر بێـتو وەرگـێڕ لایدابێـتو نوسـەری ونکردبێت، نـەوایش بێت کـە بـۆ خۆیشی نەدرەوشێتەوە.

پ/ ئـەی تایبەتمەندییـەکانی وەرگێڕێکی سەرکەوتوو چین؟

و/ وەڵڵاهی تایبەتمەندی وەرگێڕی سەرکەوتوو، بەشـێکی پەیوەستە بەکۆمەڵـەوەو بەشـێکی تـری پەیوەستە بەئاسـتی رۆشـنبیری کۆمەڵـەوە. بـۆ نموونـە، خـەڵك ناتوانن جیاوازی لەنێوان کارەکانی شکسـپیرو هەمـەنگوای بکـەن، بەڵکو بەجۆرێکی دی تەماشـایان دەکەن حوکمیان بەسـەرا دەدەن، ئەمـە سـەنگینە، ئـەوی تریـان تەنکە. جا وەك وتم زۆربەی خـەڵك ناتوانن جیاوازی لەجیهانی هونەرییاندا دەستنیشـان بکـەن. لـەکامیان باشتر بگات ئـەوەیان پەسـەند دەکـات، ئەمـەیش پەیوەسـتە بەمەسـەلەی زەوقو مەسـەلەی خـودی نوسـینەکەوە. لـێرەدا نـاکرێت خوێنـەری ئاسـایی بکەیت بەئەندازە بۆ ئەو مەسەلەیە. مەگەر خوێنەرێك ئاستی رۆشنبیری بەرز بێت.

تۆ ئەگەر شێوازی شکسپیر لەوەرگێڕاندا نـەپارێزیت، ئەوە شکسپیر نییە. من زۆر جـار بـەوەرگێڕم وتـووە بۆ فلان کـار وەرناگێڕیت؟ وتوویـە: مـن کـاری خـۆم خـراپ ناکـەم، بـۆ کـاری خـۆت خـراپ ناکـەیت؟ زمانەکەی کۆنە، زمانەکەیشی کـۆن بێت خـەڵك لێی

ناگـات. ئەمـە کـاری خـۆی دەکـات، ئـەم بۆچوونـە کۆمەڵایەتییە لەتەك کارە ئەدەبیکەدا یـەك نـابن. تـۆ ناتوانی بڵێیت ئیلیادەی هۆمیرۆس لای هـەموو کـەس پەسـەندەو، هـەموو کـەس پێـی خۆشـە. دە نەفـەر، بیست نەفـەر پێیـان خۆشـە، خـەڵکێکی تـر پێـین ناخۆشە، چونکە لێی تێناگـەن. ناتوانم بڵێم کۆمـەڵ بەگشتی لەیـەك ئاسـی رۆشـنبیریان تـابتوانن حوکـم بـدەن. پێویسـتە وەرگـێڕ لەدەقـە وەرگـێڕاوەاندا شـێوازی تایبـەتیو مرۆکـی نووسـەرو دەقـەکانیش بپارێزێت. بۆ نموونە، من ئێستا کتێبێکم وەرگـێڕاوە، پەیوەستە بەسەدەی حەوتەمەوە. ئەزانم ئـەم کتێبـە قورسە، خوێنەرێکی وای نییە، رەنگە چەند کەسێکی پسـپۆڕی ئـەو بـوارە بیخوێننـەوەو دەزانم بـاش

نافرۆشرێت. بەڵام من کتێبەکەم بەلاوە خۆش و چاکە، واتا زەوقی خۆم رۆڵی لەهەڵبژاردنیا بینیوە، ئەگینا هەموو وەرگێڕێك وەرینا گێڕێت چونکە هەم لەلایەنی مەعنەویەوەو هەم لەلایەنی مادییەوە گونجاو نییە. کابرای ناشیریش پێی خۆش نییە پارەی تیا خەرج بکات.

پ/ ماموستا وەزیفەی وەرگێڕ لەکۆمەڵدا چیە.

و/ وەرگێڕ بۆ خۆی هۆیەکە لەنێوان دوو مەودای رۆشنبیریدا. دوو کەس (دوو نووسەر)و دوو میللەتو دوو رۆشنبیری لەیەك نزیکدەکاتەوە، رۆشنبیری لەنێوەندێکەوە بۆ نێوەندێکی تر دەگوێزێتەوە، جا دەبێت ئەو پەیامە بەڕاستیو دروستی، بەئەمانەتەوە بگەیەنێتە خوێنەری زمانی دووەم. وەرگێڕان وەسیلەیەکە بۆ یەکتر ناسینو لەیەکتر حاڵیبوون. بەڵێ دووری نێوان رۆشنبیری میللەتان ناهێڵێت.

پ/ ئەی چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەل هەیە؟

و/ کاتێك کە وەرگێڕ بابەتێك وەردەگێڕێو پێشکەشی کۆمەڵی دەکات، بمانەوێو نەمانەوێ شتێکی نوێ بەکۆمەڵ دەدات، بەم شێوەیەیش زانیاری گشتی کۆمەڵ زیاتر دەبێت. بۆ نموونە، وەختێ وەرگێڕ بەرهەمێك لەئینگلیزی، یا فەرەنسییەوە دەکات بەکوردی بیرو نەریتو هەڵسوکەوتی کۆمەڵی ئەو میللەتانە بەکورد ئاشنا دەکات، جیهانو رۆشنبیرییەکی تریان پێدەگەیەنێت.

پ/ سەبارەت بەوەرگێڕە کوردەکان چی دەڵێن؟

و/ سەبارەت بەوەرگێڕە کوردەکان، ئێمە کەسانێکی کەمان هەیە. لەو بەڕێزانە، کاك محمدی قازیو زەبیح الله مەنسوریو مەسعود فەرزادمان هەیە. کە کاری زیاتریان لەئەدەبیاتدا کردووە، ئەوانی تر چ کاریگەرییەکیان بۆ کوردستان نەبووە، چونکە بەدوای نوسینە کوردییەکانو مێژووی کوردو کۆمەڵناسی کوردو مەسەلەی کوردا نەچوون. دوایی وەرگێڕەکان کەم کەم کەوتنە وەرگێڕانی مێژووی کوردو هەندێ بابەتی تر. قازی کوردو کوردستانی وەرگێڕا. من بۆ خۆم بیرم کردەوە ماوەیەکە هەوڵئەدەمو خزمەتی ئەدەبیاتی ئینگلیزیو فارسی دەکەم بەڵام هاتمە سەر خۆمو وتم ئەو میللەتەیش خزمەتی منی کردووە، منیش نانی ئەو میللەتەم خواردووە، من دەزام ئەو میللەتە چییە یادەتوانم چ خزمەتێکی بکەم. ئەڵبەتە من چەند کتێبێکم چاپکردووە. ئێستایش چەند کتێبێکم ئامادەیە، یەك لەوانە مێژووی هاوچەرخی کورد کە ئێستا لەوەزارەتی رۆشنبیرییە، کۆمەڵناسی کوردم هەیە، مێژووی بەشەکانی خۆرهەڵاتم هەیە، هەموویان مۆڵەتی چاپیان تەواو بووە، بەڵام هێشتا چاپنەبوون. نزیکەی حەفدە کتێبێکم وەرگێڕاوە، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە بەسەرچاوەم زانیون. بۆ ئەوەی کێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکەن و خوێنەریش لەئایندەدا بگەڕێتەوە سەریان. نووسەرە بیانیەکان، ئەوانەی کە دەربارەی کورد دەنوسن، خۆیان بەمێژووە زۆر دوورەکەوە خەریك نەکردووە. ئەوانەی کە دێرینە ناسین، یا، زمانناسین، یامێژوو دەخوێنن، یائەوانەی کۆمەڵناسی دەخوێنن دەبێت بگەڕێن تابزانن -بۆ نموونە- دیالیکتەکانو دەنگەکان لەکوێوە هاتوون، لەوە بکۆڵنەوە کورد چ پەیوەندییەکی لەگەڵ میللەتانی ئێرانو میللەتانی ترا هەیە، چ کاریگەرییەکی بووە، چ چاك خراپ. دەبێت بۆ خۆمان بەدواياندا بچین، ئەوانەی کە خەڵك نوسیونی. ماشەڵا کورد دەوڵەمەندی زۆری تیایەو قاچاخچی زۆریشی تیایە، بەڵام هیچ کەسم نەدیوە پولێك بەقوتابیەك بدات تابچێت بەدوای کارێکدا بگەڕێت. رۆژێك لەشوێنێك دانیشتبووین وتیان فلان کارێکی کردووەو زیندانی بووە. وتم بۆچی، چییان لێکردووە؟ وتیان پەنجا ملیۆن تومەنیان جەریمە کردووە. وتم پەنجا ملیۆنەکەت دا؟ وتی: بەڵی. وتم کاکی برا مادەم تۆ پەنجا ملیۆنت هەیە بەلایەنی کەمەوە کتێبخانەیەك دابنێ بۆ ئەوەی خەڵکەکە سوودی لێ ببینن. جەنابت پەنجا ملیۆنت داوە دەبێت چەند پەنجا ملیۆنێکی ترت هەبێ، قوتابی بنێرە خوێندنەکەیان تەواو بکەن. خۆ ئێمە لەبارەی زمانناسییەوە تەحقیقمان نەبوو، یالەبارەی شوێنەوار ناسییەوە، موسابیەکان هاتوون هەرچی گۆڕو

ئاسەواری باستانی خۆمان هەبوو تالانیانکردووەو بردوویانە.

پ/ بەڕای ئێوە چاکترین وەرگێڕ کێیە؟

و/ ئەوەیان خوێنەر بڕیاری لەسەر دەدا. ڕەنگە ئەو شتەی کە تۆ وەریدەگێڕی موشتەری‌و خوێنەری زیاتری لەو کتێبە بێت کە من وەریدەگێڕم. ئەوە پەیوەندی بەهەڵبژاردنی خوێنەرەوە هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی ڕۆشنبیری. خوێنەری وا هەیە سەیری ناوی وەرگێڕ دەکات، خاوەنەکەی کێ بێت ئەم دەیکڕێت، ڕەنگە چاکترین وەرگێڕ ئەوە بێت کە خەڵک دەیخوێننەوە. مەبەستم ئەوەیە میزانی ئەولەویەت سوودبەخشیە. بۆ نمونە نووسینەکانی شکسپیر یان ئەوانەی کە سەنگینن. بەڵام چ دەڵێی ئەگەر چوار کەس نەیخوێننەوە. دیارە سەلیقەیش دەور دەبینێت. من سەلیقەم هەیە فڵان وەرگێڕ پەسەند دەکەم، بەڵام فیسار کەسێکی تر قبوڵ ناکات.

پ/ لەگەڵ محمدی قازیدا چ پەیوەندییەکتان هەبوو؟

و/ من یەیوەندیم لەگەڵ قازی خۆش بوو لەسالی (١٣٢٢)ەوە دۆستایەتیم لەتەکیا پەیدا کردووەو تارادەیەک چاك ئاگاداری یەکتری بووین. کاتێ ئەوان ماڵیان لەیوسف ئاباد بوو ئێمەیش هەر ماڵمان لەوێ بوو، بەیەکەوە بووین، دوایی کە ئەو ماڵەکەی گواستەوە منیش قاچم نەما، ئەویش بەرەو پیری ئەچوو نەی دەتوانی شۆفێری بکات، چونکە ئەوکاتە هەمیشە خۆی ئەهات بەدوامدا، ئەگەر کارێك یان چالاکییەك هەبوایە پێکەوە دەچوین. ئیتر هەر لەو وەختەوە پەیوەندیمان کەم بووەوە، تابەم دواییە دە ڕۆژێکی پێش ئەوەی کە کۆچی دوایی بکات من دیم، ئەویش لەڕێگای چەند برادەرێکەوە کەهاتن بۆ لامو منیان برد بۆ ماڵی قازی، بەداخەوە ئەو نەخۆش بوو. من کاتی خۆیشی کە لەزیندان هاتمەدەر یەکەمجار ئەو ئیشی بۆ دۆزیمەوە، لەکۆمپانیایەك پێکەوە بوین بەوەرگێڕ پاش ئەمە وردە وردە بەرەو پیریی چوین، نەمان ئەتوانی سەردانی یەکتر بکەین، مەگەر من یا ئەو یەکێکمان دەست بکەوتایە تابمانگەیەنێتە لای یەکتر.

پ/ گەلەیی هەندێك لەکوردەکان دەربارەی محمدی قازی چی بوو؟

و/ من پێم وایە ئەگەر خزمەتی ئەدەبیاتی فارسی کردبێت کارێکی خراپی نەکردووە، چونکە ئەدەبیات پانتاییەکی ئێجگار بەرفراوانە، پاشان پەیوەندیەکی بەتین هەیە لەنێوان ئەدەبیاتی فارسیو ئەدەبیاتی کوردیدا، هەر کەسێك کە ئەدەبیاتی فارسی دەخوێنێتەوە ناتوانێت کوردی خۆش نەوێت یان مرۆڤی خۆش نەوێت، ئەگەر خوێنەر بەباشی لە (حافظ)و (سعدی) بگات مرۆڤی خۆش دەوێت کوردیش مرۆڤە.

پ/ دەڵێن ئەو کارانەی کە قازی کردوونی زیاتر خزمەت بوون بۆ ئەدەبی فارسی؟

و/ بەڵام خزمەتیشن بەکودرو خزمەتیشن بەمرۆڤایەتی. ئەڵبەتە خزمەتکردن جۆری هەیە، نازانم ئێوە ڕۆمانەکانی منتان خوێندۆتەوە؟

پ/ ڕۆمانەکەنات نا بەڵام کتێبە میژووییەکانت؟

و/ بەڵێ ئاخر کورد بەدبەختیەکەی لەوەدایە کە نازانێ ڕۆمان دەروونناسی کۆمەڵە. من پێم وایە بەمانای تەواو ڕۆمان کۆمەڵناسیە، بەمانای دەقیقیش میژوو نیە، بەڵام هەم جۆرێکە لەکۆمەڵناسی، چونکە لە ڕۆماندا کەسێکی کۆمەڵێکی ناسراو دەخەیتە ڕو، ئەم کەسایەتیەی کە دەیناسێنی سەپان بێ یان وەرزێر یان نووسەر یان هەر کەسێکی تر بێت قابیلی ناسینەو پیشان دەدرێت کە کوردە.

پ/ سەبارەت بەگەلەییەکان، لە هەموو کوردستاندا گرفتێك هەیە ئەویش تێکەڵاوبوونی ئەوەیە بۆ نمونە لەعێراقدا یەکێك لەگەورەترین شاعیرانی بڵند حەیدەریە، یان لەتورکیا یەشار کەمال کوردەو بەتورکی دەنوسێت، ئەمانە کوردن بەڵام لەئایندەدا نوسینەکانیان دەگەونە خزمەت کردنی فەرهەنگێکی تر‌ەوە.

و/ من خۆم کاتێك شتێك دەنوسم بەتایبەتی لەڕۆمانەکاندا هەموو تامو بۆیەکی کوردی تێدایە،

جوگرافیاکەیشم سنورداروە هەر ئەو بەشەی کوردستانە. هەندێ شت کە دەینوسم تۆمارکراوی زەینو بیری خۆمە، وەهەندێ شتی تر یادەوەرییەکانی منالیمەو بیستومن. بۆ نمونە رۆمانی (نزا بۆ ئەرمەنیەکان) ئەوە رۆمانێکە من لە ژینگەدا بیستوومە، سەرگوزەشتی ئەرمەنیەکانە، لێرە ئێمە رۆمانمان بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی خەڵکەکە هێشتا ئاشنایەتی تەواوی لەتەکدا پەیدا نەکردووە، ئەم چەند ساڵە بیروڕای لاوەکان زۆر چاك پێشکەوتووە، بەشێکی زۆریان هاتونەتە زانکۆکانی شارە گەورەکانو زانستی جیا جیا دەخوێنن. شتێکی تریش هەیە ئەوەیە کە ئەوانەی دەیانەوێ کتێب بکڕن پارەیان نیەو ئەوانەی پارەیان هەیە کتێب ناکڕن، جاری واهەیە کابرا دێتە تاران بۆ مانگێك ژورێکی پلە یەك بەکرێ دەگرێو نزیکەی پێنج سەد تا شەش سەد هەزار تمەن لەگەڵ سۆزانیەکدا خەرج دەکات. هەرچەندە کابرای وا چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت کە پارە لەکاری فەرهەنگیدا خەرج بکات، بەڵام پیاو بەوە ناڕەحەت دەبێت.

پ/ ئەی سەبارەت بەپاڵەوان لەچیرۆکدا؟

و/ لەچیرۆکنووسیندا ئەگەر نووسەر ئەزموونی نەبێت دەبێت لەدەوروبەرەکەیەوە دەستپێبکات. لەدایکو باوکو براو هاوڕێکانی یادراوسێکانێوە. ئەگەر ئەزموونی پەیدا کرد ئەوکاتە دەتوانێت بۆ خۆی کەسایەتیەك دروست بکاتو دایڕێژێتو دوای کەوێت. ئەگەر شەخسیەت چنکەوت ئیتر کاری بەنووسەرەوە نامێنێت خۆی بەڕێدا دەڕوات. من زیاتر بەدوای شەخسێتی خۆمدا دەچم، بەو شێوە لەدەوروبەردا بیستوومە کە بۆتە خۆم رۆمان ژیانێکە پەخش ئەکرێتەوە. ئەگەر رۆمان لەگەڵ هەستی خوێنەرا تێکەڵ بوو، ئەوا دیارە رۆمانووس سەرکەوتوو بووە. لەگەڵ ئەمانەیشدا پێویستە رۆمان تەکنیکی چاکی هەبێت زیاتر لەبارەی ئەوەیشەوە کە شەخسیەتو رۆداوەکانی رۆمانەکەی دیار بێتو بزانێت کوردەو ناسنامەی کوردی هەیە. من لێرەدا رام بەپێچەوانەی بۆچوونی هەندێك لەنووسەرەکانی کوردستانی عێراقەوەیە. یەکێك لەوانە عبداللە سەراجە. من رۆمانی (هەڵکشان بەرەو لوتکە)یم خوێندۆتەوە. شاری حسێن عارفم خوێندۆتەوە. یەکێکی تریان حەمە کەریم عارفە. چیرۆکەکانی حەمە کەریم عارفم بەلاوە ناخۆش بوو، چونکە مەسەلەی کوردستانی لەگەڵ مەسەلەی ئوروپای بۆرژوازیا جیاوازە، سێکس لەلای ئەوان زۆر ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەمانەیشدا مەسەلەی فەرهەنگیش هەیە. ڕەنگە ژنێکی لەشفرۆش ببینێ لەشوێنێك دادەنیشی کتێبی یەکێك لەنووسەرە گەورەکان بخوێنێتەوە تاموشتەرییەك پەیدا بکات.

کورد ئێستا گەلێکی وایە کۆچ دەکات. لەوڵاتی خۆی دەرئەچێتو دەچێت بۆ وڵاتانی دەرەوە، بۆ ئەڵمانیا، بۆ سوید، بۆ فەرەنسا، ڕەنگە لەوێ بکەوێتە سوالکردنو بەدبەختی. بەڵام خۆ ناکرێت وادەربچێت. حەمە کەریم عارف لە چیرۆکێکیدا دەڵێ: (لەخیابان تووشی خێزانێك بووینو زانیمان کە کۆچیان کردووە. سڵاومان لێکردن. خێزانەکە ژنێکو پیاوێکو منداڵێکی بچووك بوون تێڕ پرسیارو پرسیارکردن. لەکوێوە دێن وتیان: لەعێراقەوە، ئیتر چوونە دیسکۆیەکو لەوێ بەئافرەتەکەم وت: ئەوانە هیچ کامیان ژنو مێردو دەسگیرانین.. منداڵەکە کاری ئاودەستی هەبوو. ژنەکە لەگەڵ منداڵەکە چوونە ئاودەست. ئیتر منیش وتم: تۆ ڕێگا نازانیت. بامن ڕێگات پیشانبدەم. ئیتر چووینە ئاودەست دەرپێکەم داکەندو، وام کردو وام کرد.

ئەوە عەیبە، ئەوە ئەدەبیات نییە. هەموو کەسێ دەزانێ کەسی ئاوارە بەدبەختە، ڕەنگە بۆ تیکە نانێك خۆی بفرۆشێ.

پ/ مامۆستا بەرهەمی چیرۆکنووسەکانی کوردستانی عێراقت خوێندۆتەوە، بۆ نموونە لەگەڵ شێرزاد حەسەن ئاشنایەتیت هەیە؟

و/ چەند چیرۆکێکم پێگەیشتووە. تیایاندا چیرۆکی باش هەیە بەڵام درێژدادڕە. جاری واهەیە ئەندێشەی وردی هەیە بەڵام ئەوەندە لەسەری ئەڕوا خوێنەر بێزار ئەکات. ئەڵبەتە من گەڕەکی داهۆڵەکانیم خوێندۆتەوە. پێم وایە ئەگەر چیرۆکەکانی

کۆبکاتەوەو بەکورتی دەریانبڕێت ئەوە نووسەرێکی باش دەرئەچێت.

پ/ ئەمە لەبارەی هونەرییەوە یاپێکهاتەوە؟

و/ مەبەستم پێکهاتەیە. پێم وایە ئەگەر چیرۆکێك خوێنەر ماندوو بکات ئیدی سەرکەوتوو نییە. من حسین عارفم خوێندۆتەوە. دەبینم ئەو لەژێر کاریگەری ئەحمەد مەحمودایە. واتێدەگەم (شار) لەژێر کاریگەری رۆمانی (همسایەها)ی ئەحمەد مەحمودایە لەگەڵ رۆمانی عبدالله‌سەراجیشا نیم. لەرۆماننوسیندا دەبێت نووسەر جێگاو رێگاو بزووتنەوەی پاڵەوان دیاری بکات. لەسەر زاری کەسەکان لەهجەکان تێکەڵو پێکەڵ نەکات. داتاشینی وشەو دەسکاریکردنی لەهجەو دروستکردنی زمانی یەکگرتوو کاری دەوڵەتو فەرهەنگستانە. ئەشێ دەوڵەتێك هەڵسێو بەهاوکاری زمانناسان زمانێك هەڵبژێرێو بڵێ ئەمە زمانی ئەسڵییە. تۆ ناتوانی زمانێك دروست بکەی، هەموو لەهجەکان تێکەڵ بکەیت. لەرۆماننوسیندا، لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ئەوان دەیکەن. یان بابێمە سەر باسکردنی ئەدەبی سوریالیو جۆرە تەکنیکێك. رام ئەوەیە نووسەری کورد لەم قۆناغەدا دەبێ شت بۆ خەڵك رۆشنبکاتەوە، دەبێت پەیامی هەبێت.. شت بدات بەخەڵك.

دەبێ ئامانجێکی هەبێ، نازانم رۆمانی (مادرم دو بار گریست– دایکم دووجار گریا)تان خوێندۆتەوە یان نا. من لەو رۆمانەدا مەسەلەی ئازەریو کوردەکانم خستۆتە روو. من لەو رۆمانەدا مەسەلەی ئازەریو کوردەکانم خستۆتە روو. منداڵ بووین ساڵی ١٣٥٨ شەڕی نەغەدە بوو. ئەمە هەمیشە دەوڵەتی مەرکەزی لەلێکدانی ئەو کەمایەتیانە سودی خراپی بینیوە. ئەوانیش بەهۆی نەخوێندەواریو ناڕۆشنبیریانەوەو تەعەسوبیان هەمیشە وەڵامی پڕوپاگەندەکانی دەوڵەتیان داوەتەوەو بەگژ کوردەکاندا چوون. و مەسەلەی ئەرمەنییەکانیش لەساڵی ١٩١٥ کە قەتڵوعامیان کردن بەدەست کوردەکانەوە ئەو کارەیان کرد کە سەردەمی شێخ سەعیدی پیران بوو. من پێم وایە نووسەری کورد تائێستا پێویستەو ئەرکی ئەوەی هەیە کە وەکو نووسەرانی سەدەی نۆزدەهەمی روسیا دەبێ پەیامێکی هەبێ، ئەگەر نا، شتەکەی وەکو کاك حەمە کەریم عارفی لێدێو باسی مەسەلەی سەیر سەیر دەکات، جا نازانم ئەو جۆرە کارانە بەکاری چی دێن، هیچ بابەتێك نەبوو تەنیا ئەوەنەبێ کە بینوسی.

پ/ وەك دەزانین هەندێ لەوەرگێڕانەکانتان سەبارەت بەمێژووی کوردن، چی هانیدان کە ئەو کارانە بکەن؟

و/ هەڵبەت من دوای ئەوەی کە حەفتا کتێبێکی ئەدەبیم وەرگێڕاوە، بەم دواییانەش چەند کتێبێکم لەسەر مێژووی کورد وەرگێڕا، پێش ئەوانە من کاری زۆرم وەرگێڕاوە لەئینگلیزیو فەرەنسییەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەدەبی سەدەی هەژدەهەم، ئەوانە کارێك بوون کە هەموو کەس نەیدەویرا ئەنجامیان بدەن، چونکە زەحمەتی زۆری دەویست و خەڵك تخونی نەدەکەوتن، من ئەوانەم وەرگێڕاوە بۆ زانکۆی تاران وەکو مێژووی ئەدەبی یۆنانو سەردەمی ئەدەبیو مێژووی ئەدەبی ئەفریقاو مێژووی ئەدەبیاتی روسیاو ئەوانە، هەندێکیش لەنووسینەکانی کلاسیك وەکو نوسینەکانی ئەدەبی. وەکو رۆمانەکانی (جاك کارلی) رۆمانەکانی تر. لەروسیەکانیش دستێۆفیسکیو گۆرکیو چیخۆفو ئەوانی تریش. لە نووسەرە ئینگلیزەکانی سەدەی هەژدەهەم. جۆرج (جۆرج ئیلیوت). دوای ئەوانە بیرم لەوەکردەوە، خەڵکی خۆمانو کورد هەمیشە کۆمەکی کردومو یارمەتی داومو لەناو ئەو خەڵکەدا گەورە بووم. من تائێستا چیم کردووە بۆ ئەم خەڵکە. ئیتر هاتم دەستم کرد بەوەرگێڕانی ئەم چەند کتێبە. لەگەڵ ئەوانەشدا لەکوردستان کارێك نەکراوە، یان بۆ خۆمان کە دەچینە پێشەوە، مەمو زینێك هەیە ئامارێکی بۆ دەکەین، بەپێچەوانە، خەڵکی تر زوو بەم ئەنجامە گەیشتوون.

پ/ مەنزورم ئەوەیە چی وای لێکردن کە مەسەلە مێژوویەکە بەدڵتان بێ؟

و/ من وا دەبینم کوردستان کاری وای بۆ نەکراوە. نە بۆ خۆمان کەخەڵك لەدەوری کۆببێتەوەو میللەت

قەبوڵی بکاتو خۆی بناسێنێ.ئێمە ئەم شتەمان نەبووە. ئەگەر مەلایەك کاتی خۆی دوو شیعری گوتووە ئەمەی بۆ خۆی گوتووەو رەونەقێکی وای نەبووە. ئیتر من پێم وایەو وای تێگەیشتووم کە مێژووی کوردەێشتاش بەردەوام بواری کارکردنی تێدا ماوەو هەم جێگای دواکەوتنیشی تێدایە. من هاتم بۆ ئاشنایەتی خۆم چەند کتێبێکم هەڵبژارد کە سودیان لی ببینرێ، رەنگە کەمو کوڕیشیان هەبێ. جا هەندێکیان مۆڵەت نەداو.. هیچ وەختێکیش لەشوێنێك نەنووسراوە کورد لەنەژادی ئێرانی نیە، ئێران دەبوایە پارێزگاری بکات. وەکو تورکیا کە پارێزگاری لەچوار تورکی دورگەی قوبرس دەکات. نازانم ئەو میللەتە بەسەر کێدا ساغ دەبێتەوە. هەڵبەت خەتای خۆشمانی تێدایە. بۆ نموونە کاتێ راپەڕینی کوردستانی عێراق هاتە کایە ئیدی خەڵکەکە خۆی خۆی تاڵان کردو خۆی روتانەوەو هەرچی هەبوو فرۆشتیە ئەوانی تر، نازانم حزبو گروپە دەسەڵاتدارەکان چۆن نەیانتوانی چوار کەسی ژیر دابنێنو ئەم چەند شتە کەمە بپارێزن.

ئەو کۆمەکە خێرخوازیانەی کە دێن لەناو خەڵکدا بەیەکسانی دابەش بکرێن. چۆن نەیانتوانی خەڵك فێر بکەن جەنگەڵەکان لەنێو نەبەنو دارەکان نەبڕن. نەیەڵن فڵان کارخانە پیادەبێتو ئۆتۆمبیلەکان بەتاڵان ببرێن بۆ وڵاتانی دەوروبەر.

ئەوە هی خۆتانە. ئێستاش بیر دەکەمەوە ئەم وڵاتانە بۆ سەرمایەگوزاری لەکوردستاندا بکەن؟ ئایە ئیحتیمال نییە سبەینێ بیانەوێ لێرەوە تاڵان بکەن؟ دەوروبەرەکە خۆی نازانێ. لەو باوەڕەدام دەبێت چەند نوقتەیەك پێکبێنن، خەڵك لەدەوری کۆببنەوە بڵێن بابە ئێمەش میللەتێکمان هەیە مێژوویەکمان هەیە، مافێك بەخۆمان رەوا دەبینین.

پ/ یاداشتێك لەسەری ئەنوسی؟

و/ عەرزت دەکەم نەیانهێشت. بۆ نموونە مامۆستا کێشەی کوردەکان وتارەکانی کەنداڵو ئەوانە، خۆ وتارێکیشی تیا بوو، بەپێنووسی قاسملو بوو. ئێمەیش نەمانتوانیوە بەجۆرێك بنوسین خۆمان دابین بکەینو خەڵکی تریش ناڕەحەت نەبن. ئێمە لەئەوەڵەوە دەستپێدەکەین، بۆ نموونە کە ئەم کتێبەم چاپکرد لەمهابادەوە یەکێك تەلەفۆنی بۆ کردمو وتی: ئەرێ کاکە ئەی بۆ ئیعدامەکانی فڵان کەست لەوێدا نەنوسیوە؟ جا سەیرکە. خۆ ناکرێت هەموو شتێ بنوسرێت. جا تۆ کەسێکی خوێنەواری، مامۆستای، ئەبێت ئاگاداری چەند شتێك بیت. تۆ هەر لەمن دەپرسی: ئەی بۆ فڵان کەسو فڵان کەس، تۆ هاتویتە ئێرە جا نایەڵن. جاهەندێ وائەزانن پیاو نازانێت چی ڕوێداوەو چی ڕوینەداوە. یاکتێبە چاپەکرێت من بۆ خۆم دەزانم کتێبەکە ناونیشانەکەی ئەمەیە.

(میللەتی بێ دەوڵەت) تەلەفون دەکات. ئەو کتێبەیان بەهەڵە وەرگێڕاوە. ئەم کتێبە بەم شێوەیە. وتم: کاکە ئێمەیش دەزانین، ئەوەندەمان خوێندووە دەزانین میللەتی بێ دەوڵەتە، بەڵام رێگا نادەن. بەڵێ میللەتی بێ دەوڵەتە، تۆزێ شعورت هەبێت. ئەم بێشعورییە، بەداخەوە کاری خەڵکی فیشاڵو بێعەمەلن. هەڵبەتە من مەبەستم هەموو کەس نییە، هەموو تاوانبار ناکەم.. هەندێ تەوقوعی غەریبو عەجیبیان هەیە.

پ/ لەنوسینەکانتا دیارە، پەیوەندییەگی چاکت لەتەك چیرۆكو رۆمانا هەیە، چۆن سەیری چیرۆكو رۆمانی ئێران دەکەیت؟ لەچ قۆناغێکدان؟

و/ بەبڕوای من چیرۆكو رۆمانی ئێران پێشکەوتووە، ئەگەر لێکەڕێن. ماوەیەك، چوار پێنج سالێك کۆسپ خرابووە ڕێگایان، هەندێك وای بۆ دەچوون رۆمان زەرەمەندە، بەڵام جارێکی تر مۆڵەتیان داوە. ئەگەر ئاگادارین هەندێك کارم چاپکراوە. ئەگەر بوار بدەنو بڕێك ئازادی هەبێت، لەو باوەڕەدام میللەتی ئێران میللەتێکی ئامادەیە. لەسەر ئاستی تەکنیکیش دوانەکەوتووە. هەڵبەتە کەسانێك هەن (وەکو لەهەموو شوێنێك هەن) زۆر مۆدێرنن. هەندێك هەن زۆر کۆنەگەرن. پێم وایە ئەگەر نوسەر رەگەزەکانی چیرۆك بزانێت، بیاناسێت، بەلای کەمەوە بۆ خوێندنەوەی رۆمانو چیرۆك باشن. واتا دەزانێت ئەم چیرۆکە کوێی شلەق نییە. هێزی

لەکوێدایە، یاخود سومبلی چییە. بۆ ئوسولی چیرۆک، کتێبێکم لەزیندانا وەرمگێڕا هەر بۆ ئەوە وەرمگێڕا تاخۆم بزانم، خەڵکیش کە داستان بخوێنێتەوە بزانن چیرۆک دەبێت ئەم ڕەگەزانەی هەبێت، ئەگەر نەیبێت چیرۆک نییە، ڕۆمانیش مەسەلەیەکی گرنگە وەک موتاڵەعەکردنی کۆمەڵناسییە. بێ گومان زبانناسی تیایەو تێیدەکەوێت. ئەگەر دەوروبەرەکە کۆمەڵناسی بێت سەبکی تێئەکەوێت، ئەخلاقیشی تێدەکەوێت. کە ئەڵێن کۆمەڵناسی واتا ئەم کۆمەڵە لەسنوریکدان کە ئەم سنورە بەناوی کۆمەڵە یەکەم خەڵک بیناسێو بزانن چۆنە. ئینجا لەوڵاتی ئێمەدا بەتایبەتی لەکوردستان هێشتا ناتوانین بڵێین جێنەکەوتووە چونکە ئێوە لەعێراق تۆزێ ئازادیتان زیاتر بووە، بەکوردی خوێندوتانە. جالێرە نەە، لێرە لەکوردستان. بەم دواییە ڕۆمانێکم دەستکەوت بەناوی شاربەدەر؟

پ/ بەڵێ ڕۆمانی حسین شێربەگییە.

و/ بەبڕوای من نیوەی ڕۆمانێکی زۆر باشە، وەلێ نیوەیەکی تری تۆزێك تێکدەچێت. هێواش هێواش گەنجەکان دەستیان پێکردووەو شتێکی لێدەچێت، هەندێکی تریش هەن بەپەلەن، پەلە دەکەن. من تەنها گلەییەکم ئەوەیە کابرا دەنوسێت وادەزانێت ئەبێت یەکەم جار زبان ئیستلاح بکات. بیست موتەرادیف دێنێت. ڕۆژێکی ڕووتو قووتو مووتو باوکم بایەکێکیان بێت بادوانیان بێت. تۆ دێی بەدوای وشەیەکی کوردی کۆنا دەگەڕێی هەزار ساڵە مردووە، نەقشی قەبری ئەکەیت، دێیت ئەیهێنیت، خۆ من نازانم ئەوە چیە. دوای ئەوە وایش دەزانن پیاو هەرچی ناخۆشترو ناکۆکتر وشە بنوسێت کوردیترە، بەڵام وانییە. وشە کە لە دەم دێتە دەرو دەوترێت ئەبێت بزانم، ئایە ئەمە جوتیارە قسە دەکات، مەلایە قسە دەکات، دەبێت ئەمانە بزانیت، نازانم ئێمە لەکوێ، بۆ نموونە تۆ مەریوانیت. کاکم خەڵکی سلێمانییە خەڵکی سلێمانیت؟

پ/ نەخێر.. هەولێر.. هەولێریم.

و/ هەولێری.. منیش بانەییم. نازانم لەکوێدا من دەنووسم (بەعەردی دادا) عەرد. نەمانبیستووە. ئەگەر کوردییەکەی. ئەوەڵەن ئێمە بەعەرز دەڵێین زەوی. لەئەوەڵیشەوە ریشە ناسینەکە هاتووە هەر ئەوەیە، زوایەو زەویەو بۆتە زەمین. ئەویش زەوی سنەییە. ئەم عەردە لەکوێوە هات؟

پ/ لەعەرزەوە هاتووە. لەعەرەبییەوە.

و/ باشە ئێمە تازە عەرزەکەیش عرت بە ئیستلاح، تازە ئەویش تازە ئەویش زمانی ئاریاییە کە ئێمە بەکوردی دەڵێین هەرد، لە (هیندیشا) دەڵێین حەرگ (هەرگ) کاسەو کلیتەو بەلوڕستانو فورو ئەمانە پێی دەڵێن حەرگ. ئەم حەرگە چۆتە زمانی عەرەبییەوەو بۆتە ارض.

وەلێ ئەسڵەکەی حەرگە، حەرگی سنەیی. جا مەبەستم ئەوەیە چەند وشەیەك دێنن. ئەگەر نووسەر بیەوێ وشەیەك بخاتە ناو خەڵکەوە یەکەمجار دەبێت بەوتن، واتا لەسەر ئاستی زاردەربڕین جوان بێت. واتا بەدەم خۆش بێت بەگوێ بنیشێت. وەختێ ئەمانە خۆش بوون، خەڵك پەسەندیاندەکات. وەختێکیش.. باوکم، سەیری ئەم وشەیە بکە (عەزیەتدەکەم). باوکم (عەزیەتدەکەم). بەتەواوی دێهاتییە. دێهاتیەکی پاڕو پوڕیشە، هەموو کەسیش نایڵێت. ئەمە چییە هێناوەتە. عیبری، ئەگەر گوێ لەزمانی عیبری بگرن. ئاخر نازانم، لەڕاستیدا عیبری لەلایەن فۆنەتیکەوە زمانێکی ناخۆشە، بەڵام نوسەرەکان هاتوون ئیستلاحیان کردووە. هەرچی قسە دەکەیت تەماشا دەکەیت حروفی باوکم عەرەبیش وانییە فارسی هەخامنشینیش هەر وانەبووە. زمان وائیستلاح ناکرێت زمان کاری تۆ نییە، کاری تەداولە، کاری لێکگەیشتنە. تۆ ئەبێت وشەیەك بەکارپهێنی بەلای خەڵکەوە خۆش بێت. وشە ناخۆش بێت پەسەند ناکرێت.

پ/ ماموستا ئەم پرسیارەمان دەربارەی کوردستانی عێراقە. تاج رادەیەك ناشنایەتیت لەگەڵ بلاوکراوەکانی ئەو دیودا هەیە؟

و/ عەرزم کردی. خۆ من رامانم بۆ دەهات پێم وایە ناوی دڵشاد بوو. بەدرەدین بوو، ئەو بۆی دەناردم. هەڵبەتە من لەگەڵ زمانەکە موافیق نیم. چونکە زمانەکە عەرەبیی تێکڵاو بووە. لەم لاوە مەهاباد

تورکیمان بەسەردا دەسەپێنێ، لەولایشەوە برادەران عەرەبی دەسەپێنن. جائاشکرا نابێت ئەم زمانە چی بەسەر دێت. بەئاغای قازی دەڵێم بۆ باوکم تۆ وشەی تورکی لە گۆڤاری سروەدا بەکار دێنی؟ دەڵێ: ئاخر لەسەر دەشت واقسە دەکەن. جا کاکە تۆ حەقت نییە بەسەر خەڵکی سەردەشتەوە. وشەکە تورکییە. لێرەیشەوە کەتەماشا دەکەی.. بۆ نموونە چاوپێکەوتنێك بوو لەتەك عبدالله سەراجدا تەماشا دەکەم ئەمە زیاتری عەرەبییە. جا عەرەبی بۆ من بۆ. خۆ من لێرە بۆ خۆم لێرە لەفارسیەکەوە نزیکم. بەڵای کەمەوە فارسیەکە ریشەی نەژادی و ریشەی زبانی وەك کوردییە. من وەك عەرزم کردی چەند کتێبێکم پێگەیشتووە، خوێندوومەتەوە زیاتر کورتە چیرۆکم بۆ دەنێرن. تائەو رادە ئاگاداریم هەیە. بەڵام حسێن عارف دەمێکە خوێندومەتەوە. چەند داستانێکی شێرزاد حەسەنم خوێندۆتەوە، حەمە کەریم عارف چەند چیرۆکێکم لەی خوێندۆتەوە. زۆریشم پێ ناخۆش بوو ئێتر نوسەری تر ناناسم. جا ئێتر هی تر نازانم، ئێوە ناوی کێی تر.

پ/ ئێستا لەهەولێر رۆمانووسێك هەیە نوای سەڵاح عومەرە؟

و/ چی بڵاوکردۆتەوە؟

پ/ وەڵا چوار پێنج کتێبێکی هەیە.

و/ هێڵی نوسینەکانی چۆنە؟

پ/ زیاتر مەسەلەی رەوانییەکەیە.

و/ رەوانییە؟

پ/ ڕەوانی وانا، بۆ نموونە، رەوانشوناسیەکەی وەکو شێرزاد حەسەنە.

و/ وەڵا من لەو باوەڕەدام ئێستا بۆ کوردستان، رەوانشناسی و رەوانکاوی ئەمانە شتێکی جیایی و نابەجێیە. ئیدیعایەکی زیادەیە. رەوانکاوی و دەروونناسی چی دەکەیت؟ کێشەی کوردستان ئێستا کێشەیەکی تڕە، باخەڵکەکە لەتەك ئەرکەکانی خۆیان ئاشنا بکەن، بزانن ئەرکەکانیان چۆنە، لەگەڵ خۆیانا چۆن بن؟ لەگەڵ ئەترافو دەورەبەریانا چۆن بدوێنو ببزوێن؟ دەبێت خەڵکەکە وا ئاشنا بکەن، ئەگینا، نازانم ئێوە چی دەڵێن. بەبۆچوونی من بەکارهێنانی دەروونناسی بۆ چیرۆك شتێکی مەنتیقیو تەواو نییە بۆ ئێستای کوردستانو ئینسانی کورد.

پ/ مامۆستا پرسیارێکمان دەربارەی رۆمانی کوردی هەیە. ئایا کورد رۆمانی هەیەو لەچ قۆناغێکدایە؟

و/ هیچ کەسێك ناتوانێ بڵێ رۆمانی نییە، کورد یامەسەلەن میللەتێکی تر.

پ/ مەبەستم رۆمانێکە تایبەت بەکورد؟

و/ مەبەستت ئەوەیە کە کورد بۆ خۆی قوتابخانەیەکی هەیە بەناوی رۆماننوسییەوە. مۆدێرنیزم نا. چونکە رۆمانووسی کارێکی کتوپڕییە. تەنانەت لەئێرانیشا سابیقەی پەنجا سالّی زیاتر نییە. جا بەپێناسەی کورتە چیرۆکێکی رادیۆی ئێران. نا. رۆمانمان بەو شێوەیە نەبووە. رۆمان بەو شێوەیە هەتا لەئەوروپایشا هەورا نەبووە. تەکامولێکی پەیدا کردبێت. بێگومان کوردیش نەیبووە. کورد دواکەوتووە. دەوروبەرەکە بەبەردەوامی ستەمی دوژمنان بووە. وای بۆ دەچم رۆمانووسین پێداویستییەکە ئەمانە دەبێت لەگەڵ خەڵك مەتەرەحی بکەن. دەتوانن. ئەو زەحمەتو ناڕەحەتیشی نییە.

پ/ مامۆستا لەگەڵ نوسەرەکانی کوردستانی عێراق چ پەیوەندییەکت هەیە؟

و/ وەڵاهی، چ پەیوەندییەکی وام نییە.

پ/ هیچ کامیان ناناسی؟

و/ دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ دەناسم، دیومە، یەکمان بینیوە. بەڵام وەك نوسینو خوێندنەوە، ئێستا پەیوەندی وام نییە.

پ/ هەندێك مێژوونوسی گورد، نووسەرانی گورد، نوسەرانی گورد، ناوەگانمان هەڵبژاردوون،

دەمانەوێت رای جەنابتان دەربارەی ئەو ناوانە بزانین:
(دکتۆر کەمال مەزهەر).
و/ بەداخەوە هیچیم نەخوێندۆتەوە .

پ/ (حسین حوزنی موکریانی)
و/ لە دووڕەوە ناوم بیستوون ، بەڵام نازانم چیان کردووە . وڵاتانی ڕۆژئاوایش گلەیی لە کورد دەکەن دەڵێن . بەکەم دەڵێن : بیاو دەبێت مێژوی کوردلە ناو نوسینی میللەتانی ترا پیدا کات . نوسینی مێژووی سەربەخۆی نییە . ئەبێت مێژوی عەرەب بخوێنیتەوە ، مێژووی تورك و ئێران بخوێنیتەوە .دیارە لە ناو ئەمانەدا ، چەندەها کێشەو بابەت لەو مێژووانە دەربهێنێ ، چونکە کورد زیاتر لە خزمەتی ئەواندا بووە. نەچەسپاوە. گلەیی تریان هەیە، دەڵێن، کورد بۆ خۆی زەحمەتی وا ناکێشێت. تابزانێت ئەمە دەوروبەرەکەی خۆیەتی. چی هەبووە بینوسێت. ئەمانەی خۆیشمان، زۆریان لەدەرەوە دێنەوە. دەڵێن فلان نوسەری دەرەوە دەرەبارەی کورد وادەڵێ، وای نوسیوە، باشە، برا، خۆ تۆ خۆت لەکوردستاندا بوویت، خۆ تۆ باوکت، باپیرت لێرە بوون، بۆ خۆتان چیتان کردووە؟ ئێمە ئەمانەیە گرفتەکەمان. ئێستاش کە گەنجە کوردەکان دێن بۆ ئێرە هەموو جارێك دەپرسن مێژوو چییە؟ مێژوو هەر ئەوەیە لەدێکەتا ڕوو دەدات. داب‌و نەریتە، زەماوەندە، داب‌و نەریتی زەماوەند لای ئێوە چۆنە، رسومی پرسە چۆنە. یەکێك حیکایەتێك ئەگێڕێتەوە، تۆ دوای ئەوە کەوتوویی بزانیت ریشەکەی چییە، بۆ کوێ دەگەڕێتەوە. ئەمانە مێژوون بۆ خۆیان جۆرێکن لەساغکردنەوە.

پ/ ڕات دەربارەی ڕەشیدی یاسمی؟
و/ وەڵا، چی بڵێم. کتێبێکی نوسی بەناوی (کوردو پیوستگی نژادی او) کارێکی خراپ نییە، کارێکی باشە، بەڵام ئەیانوت بەبۆنەی پەیمانی سەعد ئاباداوە ئەو کتێبەی داناوە. لێرەدا کێشەیەك هەبوو لەنێوان ئێران‌و عێراق‌و تورکیادا، ئەو پەیمانە بەپەیمانێکی دژ بەکورد لەقەڵەم دراوە. بۆئەوەی ئەوە ژارەکە بگرن وتیان دەستوریان بەرەشید یاسمی داوە کە شتێك بنوسێت، یا ڕەنگە ڕەشید یاسمی پێش ئەوە نوسیبێتی تا بڵاوبکرێتەوە.
وتیان، وەك شتێك، با لەڕۆژی ئیمزاکردنی پەیمانەکەدا بڵاوبکرێتەوە تاژارەکەی بگرێت. چونکە ئەگەر کوردەکان لەم سێ دەوڵەتەدا سەربان بەرزکردەوە، ئەمان بەهاوکاری یەکتر، سەرکوتیان بکەن. بەڵام کارەکەی یاسمی باشە.

پ/ چیرۆکنووس عەلی ئەشرەفی دەروێشیان؟
و/ دەروێشیان خۆی ماندوو کردووە، پەندو حیکایەت‌و زمانی کوردی ساغکردۆتەوە. سەبارەت بەچیرۆکەکانیشی بایەخی بەدەوروبەر داوە. کەسێکی دڵسۆزبوە. ئینشائەڵا سەرکەوتوو دەبێت، دوعای بۆ دەکەم.

پ/ مامۆستا وتەو ئامۆژگاریت بۆ خوێنەرو نوسەرانی عێراق هەیە؟
و/ وەڵا، من سەبارەت بە کوردستانی عێراق قسەو ئامۆژگاری بکەم، ناتوانم چونکە من ئاشنای تەواوی نوسین‌و تایبەتمەندی ئەوێ نیم. برادەرانی ئەوێ خۆیان بنیاتیان ناوە، خۆیان دەیڕازێننەوە. وەکو شێرزاد حەسەن پرسیویە خوێنەرانی ئێران چی بکەن؟ ئینسان کە دەپرسێ دەبێت وردبین بێت.
ئێستاش دەڵێم ئەدەبیاتی سوریالیستی‌و کافکاوی دەروونناسی بۆ ئێستای کورد سوودمەند نییە. چونکە ئێمە چەندەها قۆناغ هەیە تێماننەپەڕاندووە. جا ئێستا لێرەوە بازبدەین‌و بچینە سەر ئەدەبیاتی کافکاوی. ئەمە نابێت. ئەدەبیاتی کافکاوی زیاتر دەیبەستنەوە بەسەردەمی بشێوی سەرمایەداری. کاکە، ئێمە هێشتا وەك میللەت قاڵبمان نەگرتووە، دابەشنەبووین بەسەر بەش‌و چیندا، هێشتا لەناو ئێمەدا عەشیرەتگەری‌و تایفەگەری ماوەتەوە، زۆریش ماوەتەوە، جا دەبێت خەڵکەکە بەبیری دیاریکراوی کۆمەڵ ئاشنا بکەین، نەك بیروبۆچونێك کە لەوپەڕی نوێخوازی‌و مودێرنەوە بێت، ئەم دەرپێداکەندن‌و ئەم

شتانه بیری نوێ نییه، ئەمە فەسادە. جا دەبێت خەڵك ئاگادار بكەینەوە بڵێین لەو لاوە بڕۆن، لەوێوە مەڕۆن.

بەڵام ئەگەر هەر لەئێستاوە بێینو بپەڕینەوە بۆ ئەدەبیاتی كافكایی ئەمە كارێكی زەحمەتە. تەنانەت ئەگەر كەسێك مۆسیقاش فێر ببێت لەسەرەتاوە فێربدەكەن، چۆن تارەكە بگرێتە دەستو وردە وردە لەسەر رەدیفەكان كاردەكات، وفێردەبێت ئەمە مقامی فلانە ئەوە مقامی فلانە. جادوای ئەوانە ئەگەر بێتە سەر شتی تر قەیناكا. جانازانم هەر لەئێستاوە ئەدەبیاتی كافكایی چی؟ تۆ سەرمایەداری سەری والێ شێواندووی ئێستە دێی بۆسەر ئەدەبیاتی كافكایی، دێیت ئەدەبیاتی كافكایی دەنووسێت، دەڵێ سیمۆن دیبۆڤوار وادەڵێ، فلان وائەڵێت. باوكم ئەمە هی ئێرە نییە هی ئەوێیە. ئێمە شتێكی ترین.

پ/ ئەو كوردستانەی كەئێوە پێش پەنجا ساڵ بینیوتانە لەبارەی رۆشنبیریو سیاسییەوە چ جیاوازییەكی لەگەڵ ئێستادا هەیە؟

و/ من ١٣٥٨یش لەوێ بووم. بەڵام بۆ ماوەیەكی كەم. من باوەڕم بەوە هەیە كوردستان گۆڕاوە. خەڵكەكە گۆڕاون، گەنجەكان خوێندنیان تەواو كردووە، زانكۆ هەیە، شتەكان گۆڕاون، لەبارەی رۆشنبیرییەوە پێش كەوتووە. كتێب دەخوێندرێتەوە، فەرموو من كتێب چاپ دەكەم، ٥٠٠٠ دانەی لەكوردستان دەفرۆشرێت، جاران نەتئەتوانی دەدانە لەكوردستان بفرۆشی، ئێستە هەر لەكتێبێك پێنج، شەش هەزار دەفرۆشرێت، دەروبەرەكە ناتوانێت وەكو خۆی بمێنێتەوە. رێگا كراوەتەوە، خەڵك هاتۆتە زانكۆ، نەخشە كێشراوە، خەڵك تێكەڵاوی یەكتری بوون، كورد ئاوارە بوون، ئاخر ئاوارەبوون مەسەلەیەكە. كوردێكە لەپاوەوە لەكرماشانەوە دێتە تاران لەمەیدانی میوەفرۆشان بەشەروالەوە دەوەستێ، دووجار كوردە. خەڵكەكە دەڵێن ئەمە كوردە لێرەبوو، پەتاتەی دەفرۆشت، بۆخۆیشی دەزانێ كوردە، تەماشای خەڵكیش دەكات دووبارە دەزانێ كوردە، چونكە خۆی دواكەوتووە، بەدبەختە. ئەمە ئێستا گرفتارییە. ئەم ئاوارەییە تەنها ئاوارەیی ئابوری نییە، ئاوارەیی فەرهەنگیش هەیە، لەئاوارەیی رۆشنبیرییا هەروەكو لەكوردستانی توركیا كەخەڵكەكەی بەزۆر لەدێهات دەردەكرێن، دەیانبەنە ئەستەمبوڵ دووجار دەبنە كورد، كوردێك بوون كەلەپێشا نەیانزانیوە، كوردێكن تا ئێستا بەزۆر پێیان دەڵێن كوردنو رەنگە گاڵتەشیان پێ بكەن، گاڵتە بەزمانەكەیانو شێوەی قسەكردنیان دەكەن، ئەمە گرفتارییە، خەڵك ئەمەیشیان زانیووە، من لە١٣١٧وە لەكوردستانەوە هاتووم بۆ ئێرە، لەتاران خوێندوومە، هەڵبەتە سەرم داوە. ماوەیەك لەرەزاییە بووم، لەوێ، لەناو كوردەكانا خزمەتم دەكرد، لەشنۆ، لەنەغەدە لە ١٣٥٨وە بۆ دەورەیەكی چوار مانگە، ئاخر من پارێزگاربووم، هاتمەوە چوار مانگێك لەوێ بووم، سنە پێشكەوتووترە، بێ ئیدیعان لەمهاباد پێشكەوتووترە، لە١٣٥٨ بەدواوە وەختێك شەڕەكە بەرپابوو دەوڵەت هێزشی هێنا كۆچ دەستی پێكرد، كوردستان لەبونیادەوە گۆڕا، لێرە یەكتر دەبینین، چالاكییان هەیە شەوی شیعر سازدەكەن.

د. فەرهاد پیربالّ:

ئێمە جیلی شەپۆلی ئاوارەو هەلاهەلابووی

نێوان بەرداشەکانی ئەو هەموو جەنگە؛

لەسوریالیزمەوە نزیکترین وەک لەریالیزم

گفتوگۆی : تەڵعەت تاهیر



پاریس: ئابی ۱۹۹۲– ئیسماعیل دەروێش، فەرهاد پیربالّ، رەمزی قوتبەددین


گەلاوێژینوێ/ باسەرەتا لەواتاو مەبەستی (مانیفێست)ەوە دەست پێ بکەین، کە یەکەمین وشەی بەرگی دیوانە شیعرییە تازەکەتە. (مانیفێستی دوەمی وێران) چی دەگەیەنێت؟

د. فەرهاد/ قامووسی لاروسی فەرەنسی Larousse لەلاپەرە (٨٦٩)دا بەم شێوەیە واتای مانیفێست Manifeste یان (بەیاننامە) لێک دەداتەوە: (راگەیاندنێك بەنووسین لەلایەن حزبێك گرووپێکی نووسەران یان هونەرمەندانەوە.. هتد کە تێیدا بۆچوونەکانیان یان پرۆگرامی خۆیان دەستنیشان بکەن. هەروەها بەو بەرهەمەش دەگوترێت کە بەقەد راگەیاندنێکی ئەوتۆ برێشتی هەبێت).

کەواتە، ئەم ناميلکە شیعرییەی من، لەدوو سەرەوە مافی هەیە ناوی لێ بنرێت (مانیفێست). یەکەم: لەبەر ئەوەی بەرهەمێکەو برێشت ئەو راگەیاندنەی هەیە؛ دووەم: بەردەوامبوونی مانیفێستی یەکەمە کە لە بەهاری سالّی ١٩٩٤دا لە هەولێر بلاوکرایەوە.

گەلاوێژینوێ/ بەلاّم ئەو مانیفێستەی بەهاری ١٩٩٤ مانیفێستێکی پێکەوەیی بوو، چەندین نووسەرو هونەرمەند پێکەوە ئیمزاتان کردبوو و کارتان بۆی دەکرد. ئەمەی ئێستا تەنیا هی خۆتە، کەسی دیکەت لەگەلّدا نیە!

د. فەرهاد/ ئەمە راستە. هەلّبەتا هەر یەکێك لەو هاوڕێو برادەرە نووسەرانەم، ئەوانیش بۆ خۆشیان دەتوانن هەریەکەو بەتەنیا مانیفێستی خۆیان هەبێت. نووسەرە داداییەکان Dadaiste تەنانەت هەندێك لەسوریالیستەکانیش Surrealiste هەر کەسەو بەتەنیا بۆ خۆی مانیفێستێکی هەبوو. مانیفێست چوارچێوەی زندانێك نیە، ئەوەندەی (خۆڕوونکردنەوە)و بەرنامەی قۆناغێکە. من نموونەیەکی سادەو ساکارت بیر دەهێنمەوە: رێبازی ریالیزم Realisme، بەو هەموو شەپۆلو جۆرو ریچکەو جۆراوجۆرانەی کە تائەمڕۆش بەردەوامە، بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مانیفێستێکی بچکۆلەی سادەو ساکار، کە دوو نووسەری فەرەنسی (شامپ فلێریو دوورانتس) لەسالّی ١٨٥٦دا لەڕێگەی گۆڤارێکەوە بلاویان کردەوە بەناونیشانی Realisme. ئیتر دووای ئەوان، هەر نووسەرێك بەشێوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ پەرەی بەم رێبازەداو تاگەیشتە رۆژی ئەمڕۆ. کەواتە، گرنگ ئەمەیە: تێگەیشتنێکی نوێو جیاواز هەبێت، فریزەکە هەبێت! چی شتێك دەڕوێت، ئەمە ئاسانە.



لەبەردەم گۆشکەکەی هاملێت لەکرۆنبۆرگ (دانیمارك)،١٩٨٦

گەلاوێژینوێ/ کەواتە، تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە (وێران) ئەو فریزەی رووندەبێت؟

د. فەرهاد/ هیوادارم. چونکە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (وێران)، لەبەهاری ١٩٩٤دا، کاتێ بلاوکرایەوە، هیچ گۆڤارێکی کوردی لەئارادا نەبوو (جگە لە کاروانی وەزارەتی رۆشنبیری کە دوو سالّ جارێك ژمارەیەکی بەدبەختی نابووتی لێ بلاودەکرایەوە. لەو دەمەدا (١٥٠ نوسخە) بەجارێك، لەماوەی یەك مانگدا لەبازاڕ نەما! ژمارەی دووەمو سێهەمیش بەهەمان شێوە، لەبەرگەوە بۆ بەرگ نوێو جیاوازو راچڵەکێن بوو.

من دەمەوێ تێگەيشتنى سەپاوى (كۆمەلانى خەلكى كوردستان) لەبارەى شيعرەوە بشلەقێنم.

سپى). چ نوێكارييەك لەم ديوانە تازەيەتدا دەبينى؟

د. فەرهاد/ گرنگترين شتێك كە هيوادارم توانيبێتم تێيدا سەركەوتبم ئەوەيە كە من بەم ناميلكە شيعرييە، پێش هەموو شتێك تێگەيشتنى سەپاوى (كۆمەلانى خەلكى كوردستان) لەبارەى شيعر بشلەقێنم! من ئەم كارەم تەنيا بە(تەنزيرات)و مانيفێستەكەى پێشەوە نەكردووە، بەلكو بەكردەوەش كردووەمە. من ئەوەڵ جار تێكستەكم نووسيوە، پاشان ئێستاتيكاى تازەى ئەو تێكيستەم كار دەكاتە سەر چێژى خەلكو دەيشلەقێنێ.

نوێكارييەكانى ئەم ناميلكە تازەيەم، بەردەوامبوونى هەمان ئەو نوێكارييانەيە كە براوەرە شاعيرەكانم لەڕێگەى گۆڤارى وێرانەوە دەستيان پێى كرد. من لێرەدا، بەبڵاوكردنەوەى ئەم دووەم مانيفێستە- كە تەنيا ئيمزاى شەخسيى خۆمى پێوەيە- جەختم لەسەر دوو خاڵى گرنگ كردووە:

١- ديناميكيەتى ئەم رەوتە ئێستەتيكييە ديناريكراوەى (وێران)، كە لەبەهارى ١٩٩٤ بەولاوە دەستى پێ كرد.

٢- بڵاوكردنەوەى هەمان ئەو ئەزموونو تێگەيشتنە جوانيناسييەى پێشوو، بەشێوەيەكى پەرەسەندووترو فراژووتر.

بەكورتى: بەردەوامبوونم لەبەخشين. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ كە (ئەم ئەزمونو تێگەيشتنە ئێستەتيكييە جياوازەى وێران) دەكرێ پەرەى پێ بدرێتو گەلاو گوڵى جۆراوجۆرى لێ بكەوێتەوە؛ شياوى پێ نووسينو بەردەوامبوونو پێشكەوتنە.

گەلاوێژێنوێ/ تۆ دەڵێى (لەبەهارى ١٩٩٤ بەولاوە دەستى پێ كرد). بۆ چما پێش بەهارى ١٩٩٤ هيچ جۆرە تێكستێكى هاوشێوەى ئەوانى گۆڤارى وێران، نەبوو؟ نەنووسرابوو؟!

د. فەرهاد/ ئەگەر هەشبووبن، ئەوا جورئەتى حۆبەدەرخستنو سەردەرهێنان يان بڵاوبوونەوەيان نەبوو. ژمارە يەك لەدووای يەكترەكانى وێران بوو بەهاندەرێك؛ رچەيەك بوون هەنگاوى دێكەيان بەسەردا تێپەڕى.. من چەند نموونەيەك دەهێنمەوە:

١- عەباس عەبدوڵڵا يووسف، كە هەر لەكۆتايى سالانى حەفتاوە لەهەولێر ياخيبوونى تونديوتيژانەى خۆى راگەياندبوو و رۆڵێكى بەزەبرى هەبوو لەتازەكردنەوەى شيعرى ئەمڕۆيى؛ بەڵام تاكو بڵاوبوونەوەى گۆڤارى وێران قەناعەتى ئەوەى لەلا دروست نەببو كە ئەو شيعرە وێنەييانەى خۆى (ديوارو دوو چوارچێوەكەو.. هتد) بڵاوبكاتەوە. دووا بەدووای ئەم، شاعيرێكى ئەزموون جياوازى وەكو نەوزاد رەفعەتيش كەوتە ژێر كاريگەرێتيى ئەم تاقيكردنەوە فۆرماليستيەوە، وەك لەشيعرى (پەرداخەكە)و (شەپ)دا دەبينين لەژمارە (٣-٤)ى (وێران)دا. هەڵبەتا گۆڤارى وێران زۆر خۆى بەقەرزارى ع. ع. يووسف دەزانێت.

عەباس عبدالله يوسف هەر لەكۆتايى سالانى حەفتاوە رۆڵێكى بەزەبرى هەبوو لەتازەكردنەوەى شيعرى ئەمڕۆييدا.

٢- گۆڤارى وێران باوەشى بۆ هەموو ئەزموونە ناجۆرو تازەكانى ئەو شاعيرانە كردووە كە پێشتر دەرگا لەڕووى تێكستە نامۆو ئەزموونە نامەئلووفەكانيان داخرابوو: ئەمەش، هەر لەبەرهەمەكانى (ئەحمەد رۆڕۆ)و (سەركەوت

ره‌سوول)و ئه‌وانی دیکه‌وه بگره تا ده‌گاته (مانیفێست)وی (پاقلاوه‌کانی) فه‌ریدا زامدار.

۳- ئه‌زموونی نووسینی پێکه‌وه‌یی Collective یان (کۆنووس) که ئێمه له‌سه‌ره‌تادا، له‌ژماره (۱)دا به‌نووسینی شانۆنامه‌یه‌ك به‌ناونیشانی (ن) ده‌ستمان پێکرد (سه‌لاح عومه‌ر، هاشم سه‌راج، عه‌باس عبدالله یووسف، رزگار عبدالله، فه‌رهاد پیربال) پاشان له‌نووسینی چه‌ندین تێکستی شیعریدا دووپاتمان کرده‌وه: ڕێگه‌ی خۆش کرد که ده‌یان ئه‌زموونی دیکه‌ی له‌لایه‌ن شاعیرانی دیکه‌وه به‌دووادا بێت، به‌تایبه‌تیش له‌لایه‌ن برا‌ده‌رانی (زناك)و (محه‌مه‌د ره‌نجاو)و که‌سانی دیکه‌وه.

هه‌ر هه‌موو شیعره‌کان بریتی نین له‌ته‌نیا یه‌ك شیعر. واته یه‌ك ده‌زووه داو – ده‌زووی ته‌سبیحێك ئاسا– سه‌رتاپای شیعره‌کان به‌یه‌کتر نابه‌ستێته‌وه، ته‌نیا (یه‌ك رووانین) که‌ره‌سته‌کان به‌قسه ناهێنێت. ئه‌مه به‌بۆچوونی من عه‌یبێکی دیارو زه‌قه، له‌گه‌ڵ ئه‌زموون‌و ته‌مه‌نی دوورو درێژی من ناوه‌شێته‌وه. بۆیه من پێم وایه ئه‌م نامیلکه‌یه‌م، هێشتاش هه‌ر



ستۆکهۆڵم ۱۹۸۷/۸/۲۰، ریزی سه‌ره‌وه: فازڵ جاف، فه‌رهاد پیربال، پشتیوان عه‌بدوڵڵا،سمیر.– ریزی خواره‌وه: قاسم عزیز، کوردۆ گه‌ڵاڵی، رزگار عه‌بدوڵڵا، کاتی پێشکه‌شکردنی شانۆگه‌ری گێژه‌ن.

هه‌ر شتێك واته رووخاندنی شتێکی دیکه، تۆ له‌م نامیلکه شیعرییه تازه‌یه‌ی خۆتدا چیت رووخاندووه‌و وێستووته چی بنیاد بنێیت؟

د. فه‌رهاد/ (سپیاتیه‌کانی ناو ره‌ش، ره‌شاییه‌کانی ناو سپی) که‌ناونیشانی نامیلکه شیعرییه‌که‌یه، **خۆی له‌خۆیدا** هێمای ئه‌وه‌ت پێ ده‌به‌خشێ که من **وێستوومه** مامه‌ڵه‌یه‌کی نوێ‌و جیاواز له‌گه‌ڵ **(رووه‌ری** کاغه‌ز) بکه‌م‌و تۆپۆگرافیای Topography شیعری ئه‌مڕۆمان سه‌ر له‌به‌ری یه‌کتر **هه‌ڵبوه‌شێنمه‌وه**. ئه‌مه‌ش به‌شێوازێکی تایبه‌تی **خۆم‌و** به‌چه‌ندین هه‌وڵدان‌و ته‌کنیکی له‌یه‌کتر جیاواز. **واتاو** جوانی‌یه‌کی نامۆ دانسقه ببه‌خشمه پانتایی‌و **رووبه‌ڕی** کاغه‌ز.

له‌وانه‌یه که‌موکورتیی هه‌ره دیاری ئه‌م نامیلکه **تازه‌یه‌م**، به‌پێچه‌وانه‌ی نامیلکه‌ی Exil، ئه‌وه بێت که جارێ له‌قۆناغی تاقیکردنه‌وه‌دایه.

به‌ڵام سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش، له‌وه دڵنیام که من تۆپێکی گه‌وره‌م به‌تێگه‌یشتنه شیعرییه سه‌له‌فییه‌کانه‌وه ناوه، ئه‌و تێگه‌یشتنه شیعرییه سه‌له‌فییانه‌ی که تاکو ئه‌مڕۆش له‌سه‌ر ئه‌مجادی سالانی حه‌فتاو هه‌شتایان ده‌ژین‌و له‌هه‌ر بۆنه‌یه‌کی یادی شه‌هیدو سه‌رکرده‌و جه‌ژنی ژنان‌و رادیۆ‌و سالیادی رۆژنامه‌یه‌ك، حه‌فده هه‌ژده لاپه‌ڕه‌ی فۆلسکاپ به‌ناوی (شیعر!) ره‌ش ده‌که‌نه‌وه!

گرنگترین لایه‌نی نوێکاری که من له‌م **نامیلکه‌یه‌دا** بنیادم نابێت، ئه‌وه‌یه که هه‌وڵمداوه به‌تێگه‌یشتنێکی مۆدێرنه‌وه بنوسم. تێگه‌یشتنی من بۆ شیعر، وه‌ك له‌م نامیلکه‌یه‌دا ده‌رده‌که‌وێت، به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ناچێته‌وه سه‌ر تێگه‌یشتنی هیچ شاعیرێکی هاوجیلی خۆم. له‌وانه‌یه له‌هه‌ندێ باردا له‌گه‌ڵ (ئه‌نوه‌ر

مەسیفی)و (عەباس عبداللە یووسف)و (عبدالله طاهر بەرزنجی)و هەندێکی تر یەك بگرمەوە، بەڵام هەر یەکەمان گیایەکی لەیەکتر جیاوازین.

کەواتە، تۆ ئەگەر توانیت تێگەیشتنێکی تازەو تایبەت بەخۆت لەبارەی شیعر (یان هیچ نەبێ تێگەیشتنێکی مۆدێرن) بنیاد بنێیت، ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تێگەیشتنە کۆنەکانو دەسەڵاتدارەکان (ئەوانەی کە من ناوم ناون عەقیدو عەریفو نائیب عەریفو پاشاکانی شیعری ئەمڕۆی کوردی) وردە وردە هەڵدەوەرێنو مایە پووچییان دەردەکەوێت.

لەسەر بنچینەی ئەم سینتێزەوە، شیعر لەئاکامدا دەبێتە جەنگێك: دژی عەقیدو عەریفو نائیب عەریفو پاشاکانی شیعر؛ دژی چێژی باو! هەر بۆیەش، من لەم جەنگەدا دەکەومە سەنگەری – ئەگەر رێگەم بدەن– شاعیرە گەنجە نوێخوازەکان!

- من ویستومە تۆپۆگرافیای شیعری ئەمڕۆمان، سەر لەبەری یەکتر، هەڵبوەشێنمەوە.

گەلاوێژێنوێ/ تۆ هاتوویت شیعرێکی (لەتیف هەڵمەت)و (گۆران)ت هێناوەو کارت لەسەر کردوونەتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ دژی (لەتیف هەڵمەت)و (گۆران)یت؟

د. فەرهاد/ من کارم لەسەر شیعرێکی (شێرکۆ بێکەس)و (ئەی رەقیبەکەی دڵدار)یش کردووە، لەسەر (خورشیدو خاوەر)و (حوسێن حوزنی موکریانی)ش. من دژی ئەوان نیم – بەپێچەوانەوە: ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیم بۆیان هەیە– بەڵام دژی نەمەطی شیعریی ئەوانو تێگەیشتنی ئەوانم بۆ شیعر تێکیان دەشکێنمو دەیانشێوێنم، لەهەمان کاتدا خۆمیان لەسەر بنیاد دەنێم. ئەمەش تەنیا تەکنیکێکە؛ باك گراوندو مەغزاو ناواخنو مەبەستی خۆی هەیە.

گەلاوێژێنوێ/ لەدیوانەکەتدا زۆر گرنگی بەڕەنگ دەدەی، ئایا وشە لای تۆ ڕەنگی هەیە؟

نەوزاد رەفعەتیش کەوتە ژێر کاریگەریێتی فۆمالیزمی وێرانەوە.

د. فەرهاد/ شیعر لای من پێش هەموو شتێك، خۆی تێکەڵ بە (وێنە)یان (تابلۆ) دەکات. وێنەیی کردنی دەربڕین Visualisation، یان نیگاراندن Imagisme ئەنانەت جارەقکەڕاییش Letrisme (کە لەبنەڕەتدا جموجوڵێکی بواری شێوەکارییە) بۆ من بووەتە کەناڵێکی جوانی بەهرەو سوودوەرگرتن. (کەسك‌و سۆری شینێك) کە ناونیشانی شیعرێکمە، راستە پێکهاتەیەکی ڕەنگی‌و شێوەکاریت دەداتێ، بەڵام لەهەمان کاتدا واتای (پەلکەزێڕینەی شیوەنێك) دەبەخشێت. بەهەمان شێوە (ڕەشترین شین)، (پەمبەترین ئامۆژگارییەکان لەبارەی مۆر)، (مۆرێکی باریکی زەردەلکەڕاو)..هتد، چەند بۆیەکردنی رامبۆ ئاسای وشەیە، هێندەش – لەهەمان کاتدا– واتای مەجازیشیان هەیە. ئەمە جیاوازییەکی‌گرنگە لەنێوان ئەم کارەی منو ئەو کارەی رامبۆ کە (٩٠) ساڵ پێش ئێستا کردوویەتی. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندیی زمانی کوردی‌و بلیمەتایەتی هۆشی کۆللەکتیفی (اللاشعور الجمعی)ی کورد کە هەر ڕەنگێك، لای کورد، خاوەن واتاو سیحرو تەڵزمێکە. من هەوڵمداوە دەرگاو پەنجەرەکانیان بکەمەوە. ئەرکی شاعیر، ئیتر، ئەم کارە (بچووك)و فەرامۆشکراوانەیە. لەوانەیە یەکێك لەهۆیەکانیش ئەوەبێت کە من خۆم جار بەجار ڕەسم دەکەم‌و شەیدای هونەری ڕەسم‌و شێوەکاریم.

گەلاوێژێنوێ/ ئەگەر بکرێ پەیوەندی‌و ئەزموونی ئەدەبیت لەگەڵ سوریالیزم‌و فۆمالیزم ڕوون بکەیتەوە! چونکە زۆر کەس باس لەم پەیوەندییە دەکات..

د. فەرهاد/ من تاکو ئاخرین ڕۆژی لەکوردستان بووم (ساڵی ١٩٨٤)، بەهۆی دژە پڕۆپاگەندەو (مقالات)و نووسینەکانی ئێرەوە بەزمانی عەرەبی‌و کوردی، زۆر بەهەڵەو بەشێوەیەکی چەوت‌و چەوێڵ لەسوریالیزم‌و دادایزم‌و فۆرمالیزم تێدەگەیشتم. کاتێ گەیشتمە

فەرەنساو بەرهەمەکانم راستەوخۆ بەزمانی فەرەنسی خوێندنەوە، نەک هەر قەناعەتم گۆڕا، بەڵکو هەستم کرد ئێمەی جیلی شەپۆڵی ئاوارەو هەلابووی نێوان بەرداشەکانی ئەو هەموو جەنگە لەسوریالیزمەوە نێزیکترین وەک لەریالیزم.

من لێتی ناشارمەوە: سوریالیزمو دادایزم، لەکۆتایی سالانی هەشتاوە، وردە وردە، وەک دوو دەمارە خوێنی تازە دەڕژانە نێو جەستەو گیانی ئەدەبیمەوە.

بەتایبەتیش لەو ڕۆژەوەی – دەبێ دانی پێدا بنێم– کە نووسەری یاخیو سەرگەرمی عێراقی (عبدالقادر الجنابی)م ناسی لەپاریس. ئەویش لەماڵەکەی خۆیاندا ناساندمی بە (سرگون پولص)و (خالد المعالی)و (فاضل العزاوی)و (عالیة ممدوح)و (محمد شكري)و (مؤيد الراوي)و (عبدالرحمن طهمازي)و دەیان نووسەری دیکەی مەغریبیو جەزائیریو میسریو تونسیو لبنانی،کە هەفتەی جارێك یان دوو هەفتە جارێك، بەدرێژایی دوو سێ ساڵ لەماڵەکەی (عبدالقادر الجنابی)دا لەشەقامی Clichy کۆدەبوونەوەو جاری واهەبوو لەکاتژمێر ١٢ی شەودا گفتوگۆ گەرمەکانمان دەگواستەوە قاوەخانەیەك. لەقاوەخانەکانیشدا، هەر (عبدالقادر الجنابی)، دەیناساندم بەنووسەرە فەرەنسیو عەرەبیو ئەوروپاییەکانی دیکەی وەك (جان دمو)و (ئۆکتاڤیۆپاز)و (احمد بیضون)و (فواز طرابلس)و (ادونیس)و (جلیل العطیة)و (طاهر البكري)و (بێدرنارد نۆێل)و (مۆریس نادۆ)و (گی گۆفێت)و (پیەغ میشۆن)و.. هتد. ئیتر کەوتبوومە ناو پرۆژەو شەپۆ فەرتەنەکانی (النقطة)و (فرادیس)و تەنانەت هاموشۆی کۆمەڵەی نووسەرە سوریالیستەکانی یۆنانیش کە لەپاریسی هەژدەهەمدا بارەگایان هەبوو. ئەوکاتە، تازە لەشاری ڤیشی Vichy فێڕی زمانی فەرەنسی ببوومو گەڕابوومەوە پاریس، لەقاتی دووەمی ئاپارتمانێکی شەقامی Poissonnier لەپاریسی دەیەم دەژیام. ڕۆژێکیان وابزانم مانگی چواری ساڵی ١٩٩١ بوو هاوڕێی شاعیرم، صلاح الحمدانی – کە شاعیرێکی ئاوارەی عێراقی بوو و دە دوازدە ساڵێك بوو لەپاریس دەژیا– لەگەڵ هاوڕێم، کۆپنهاگن، ١٩٩٢– لەبارەگای گۆڤاری (بەکگرتن) فەرهاد پیربال، هەڵکەوت عەبدوڵڵا، (خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر)، لوقمان (ئەندامی دەستەی نووسەران، ڕێبوار سیوەیلی.

نووسەری عێراقی کاظم جهاد (کە لەگەڵ من قوتابیی دکتۆرا بوو لەزانکۆی سۆربۆنو لەقاوەخانەی سۆربۆن یەکترمان ناسیبوو) هاتن پێیان گوتم: ڕابیتەی نووسەرانی عێراقی بەبۆنەی بۆمباردمانی هەڵەبجە، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە ساز دەکات و پێویستە تۆش شیعرێکی خۆت لەوێ بخوێنیتەوە. لەگەڵ کاظم جهادي هاوڕێم، شیعری (پیرەدار)یان (سۆراغ)مان تەرجەمە کردە سەر عەرەبیو لەو بۆنەیەدا، کە لەناو کەنیسەیەکدا، بەئامادەبوونی زیاتر لە ١٥٠ نووسەری عەرەبو فەرەنسیو ئەوروپی سازکرا، ئەو شیعرەی خۆمم بەزمانی کوردیو عەرەبی خوێندەوە. دووای کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمی موناسەبکە، کاظم جهاد بانگی کردمو بەعبدالقادر الجنابی ناساندم، گوتی: (کاك عبدالقادر الجنابی گۆڤارێك بەناونیشانی (فرادیس) بڵاودەکاتەوەو حەز

دەکات ئەم شیعرەی تۆ لەگۆڤارەکەی خۆیدا بڵاو بکاتەوە. شیعرەکەم بەناونیشانی (البحث) لە لاپەڕە (٧٢)ی ژمارە (٢)ی (فرادیس)دا لەمانگی تەمموزی ١٩٩١دا بڵاوکرایەوەو ئیتر لەو رۆژەوە لەگەڵ (عبدالقادر) بووینە دوو دۆستو دوو هاوڕێی شەیدای شیعر.

عبدالقادر الجنابی لە پاریس دڵی ئۆپۆزیسۆنی نیشتمانی عەرەبو داینەمۆی بزاڤی نوێخوازی بوو؛ ماڵەکەی لەگەڕەکی Clichy گرنگترینو گەورەترین مەڵبەندی تیشکهاوێژی سوریالیزمو مۆدێرنیزم بوو. نازانم ئەو هەموو نووسەرو رووناکبیرو هونەرمەندە سوریالییە عەرەبو فەرەنسی و یۆنانیو ئەوروپاییەانەی لەکوێوە دەناسی؟ لەکۆبوونەوەو گفتوگۆو کۆڕە هەفتانەییە بەردەوامەکانیاندا، کە زۆربەی جار لەماڵی خۆیاندا یان لە قاوەخانەی Clichyو Café de Fleureدا دادەنیشتین، من تاقە کوردێك بووم لەناویاندا، گفتوگۆو زمانی لەیەکتر حاڵی بوونمان، زۆربەی جاران فەرەنسی بوو.



فەرهاد پیربال، ئەحمەدی مەلا- گردی مۆنمارت لەپاریس- ١٩٩٢/٨

بەکورتی: عبدالقادر الجنابی، بۆ من لەپاریس، وەك ئەوە وابوو ئەندرێ برۆتۆن-م ناسیبێت. دەروازەیەکی گەورە بوو لەڕوومدا کرایەوەو پێیدا گەیشتمە ئەوەی کە ئەمڕۆ هەم. ئەدەبیاتو هونەری فەرەنسی ئۆقیانوسێکە بۆ خۆی. عبدالقادر دەهات ئەو زێباو جۆگەلە بچکۆلە گرنگو جوانانەی پێش پیشان دەدامو دەناساندم کە ئەو ئۆقیانووسە پێکدەهێنن. رێبەرایەتی دەکردمو هەرچی سەرچاوەیەکی بمویستایە، دەمو دەست دەیخستنە بەردەستم.

هەرچۆنێك بێ، ئیتر لەو ماوەیەدا بوو (لەکۆتایی هەشتاکاتنو سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠دا) لەپاریس، کە من پەیوەندیو ئەزموونی ئەدەبیم لەگەڵ سوریالیزمو دادایزمو فۆمالیزمو رێچکە مۆدێرنەکانی دیکەی وەکو Lettrisme دەستی پێ کرد. لەپاریس، قوتابیی دکتۆرا بووم، ئیشم نەدەکرد، زەمالەی حکومەتی فەرەنسیم هەبوو. هەر هەموو وەختو ژیانم تەرخان کردبوو بۆ جوانیو هونەرو ئەدەبیات. لێوانلێو، پڕ ببووم لەوشتانەی کە خۆم حەزم لێدەکردنو بەدووایندا عەوداڵ بووم. لەو ماوەیەدا هەموو مۆزەخانەو گەلەریو ئەرشیفخانەو پیشانگەو سینەماو شانۆو کۆنسێرتو یانەو کتێبخانەکانی پاریسو لەندەنو ئەمستردامو ستۆکهۆڵمو کۆپنهاگنو وارشۆو ژنێف لەژێر پێمدا بوون. جەنتایەکی سەفەریم بەشانمەوە دەکردو.. بڕۆ.. بۆ ئەو شوێنەی ئەستێرەیەکی دیکەی تێدا ماچ بکەم.

ئەوکاتە، ئەحمەدی مەلای هاوڕێم، لەشاری (بێزەنصۆن) لەباشووری فەرەنسا ماجستێری دەخوێند. بەبیرم دێ لەهاوینی ساڵی ١٩٩٠دا بوو، لەمۆنماخت Monmartre لەسەر گردە گەورە ناوارەکەی پاریس، لەناو قەرەباڵغی تابلۆو پۆرترێتو هونەرمەندە نیگارکێشەکاندا یەکتریمان ناسی. ئەحمەدی مەلا. هەستم کرد، تاقە شاعیرێکی کوردە لەئاوارەییدا کە لەتێگەیشتنی شیعری خۆمەوە نێزیکە، بۆیە زوو بوونە برادەرو زوو زووەش سەرمان لەیەکتر دەدا: ئەو دەهاتە پاریسو من دەچوومە بێزەنصون. باسی شیعرو جەنگو کوردستانو ئاوارەییو سوریالیزمو عەشقو ئەوروپاو بەدبەختییەکانی ژیانی مرۆڤمان دەکرد.

هەر لەو کەشو هەوا قەرەباڵغە جوانەدا بوو، لەیەکێك لە سەردانەکانی ئەحمەدی مەلادا بۆ لای من

لەپاریس، لەژوورەکەی خۆم، کە شـوققەی قـاتی دووەمی ئاپارتمانێمی سەر شەقامی Lefebvre بوو، لەئێوارەیـەکی زۆر درەنگـی بارانـاویی رۆژی ١٩٩١/٦/٢٧دا بـوو، پێش چوونـە دەرەوەمـان، پێکـەوە، یەکـەم ئـەزموونی نووسـینی شـیعری ئۆتۆماتیکیمـان Ecriture Automatique ئـەنجامدا کـە تـەکنیکێکی دادایـیـەکان بـوو. ئـەم کارە پێکەوەییەی منو ئەحمـەدی مـەلا – کە جـارێ هێشـتا باڵومـان نەکردۆتـەوەو بریتییـە لـە ٨٠ لاپەڕەیـەکی فۆلسـکاب– یەکـەمین بەرهـەمو هـەنگاوی سەرکێشانەی ئێمە بـوو لـەژێر کاریگەریێتی سوریالیزمو دادایـیزمی ئەوروپیدا.

لەگفتوگۆیەکی رۆژنامەنووسی کورتی ئاوهـادا، تـەنیا هێندەم پێ دەکرێ کە ئـەم یەکـەمین پەیوەندیـەتان بۆ باس بکەم کە کردم. ناوەڕۆکی ئـەم پەیوەندییـەو ئەزمونەکەش هەڵدەگرین بۆ کاتێکی دیکە: هەرچـەند تۆمـەت دانـەپاڵو لێکدانـەوە چـەوێڵو تێگەیشـتنە رووکەشو هەڵەکان لەبارەی ئەزموونی منەوە لەگـەڵ سوریالیزمو فۆرمـالیزم، پێـم وابـێ، هـەر بـەردەوام دەبن.

گـەلاوێژینوێ/ ئـەزموونی نوێخـوازی، لای ئێمـە، تـاچ رادەیەک سوودی لەئەدەبی رۆژئاوایی وەرگرتووە؟

د. فـەرهاد/ لـەماوەی سـاڵانی ١٨٩٨– بـەرەو سەرەوە، کورد بۆ یەکەمین جار لـەمێژوودا دەتوانێ پـەیوەندی بـەکولتووری رۆژئـاواوە بکـاتو یەکـەمین ئەزموونی خۆی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەورووپا (بەتایبەتی فەرەنسا) تـاقی بکاتـەوە. ئـەم بابەتـە یەکێکـە لـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە ئێسـتا کـاری لەسـەر دەکـەم. ئـەزموونی (قوتابخانـەی دیمەشـقی Ecole de Damas)یـش، واتـە بەرهەمـەکانی جـەلادەت بـەدرخانو کامـەران بـەدرخانو نووسەرەدیـن زازاو عوسمـان سەبریو ئـەوانی تـر لـە ١٩٣٢– ١٩٤٥دا دەکەوێتە هەمان خانەوە.

دووا بەدوای ئـەوە، هیـچ کـەنالو هیـچ نووسـەرێکی دیکـەمان نیـە سـوودی لەئـەدەبیاتی رۆژئـاواییوەرگرتبێت: تەنیا (گۆران) نـەبێت لـەماوەی سـاڵانی ١٩٣٠–١٩٥٠دا، ئەویش لەسنوورێکی دیـاریکراوی کـە دەیزانین.

کەواتـە، لـەدوای عـەبدوڵڵا گۆرانـەوە تـاکو ئـەمڕۆ،

لەدوای عەبدوڵا گۆرانەوە تاکو ئـەمڕۆ، نووسـەرانی کـورد، لەچوارچێوەیـەکی داخـراودا، بـەهیچ شـێوەیەک نـەیانتوانیوە سـوود لەکـەلتووری ئەوروپایی وەربگرن.

نووسـەرو هونەرمـەندو رووناکبـیرانی کـورد، لەچوارچێوەیـەکی داخـراودا، بـەهیچ شـێوەیەک نـەیانتوانیوە هیچ پەیوەندییـەکی سـوود وەرگرتـن لـەکولتووری رۆژئـاوایی دروسـت بکـەنو بزانـن ئەدەبیاتو کولتـووری ئـەورووپایی چ باشـەو جوانـیو خێرێکی بۆ کورد تێدایـە!؟ لـەعێراق کاریگـەرێتی ئەدەبی عەرەبی (عێراقی)و بـەم دووایـیـەش لـەئێران کاریگـەرێتی ئـەدەبی فـارس. ئـاوێ بینـەو دەسـتان بشۆ! وەک چۆن حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

یەکتان نەچوونە گەردش، واتێدەگەن لەدنیا
هەر پادشا هی رۆمەو شاهی عەجەم لەتاران

گـەلاوێژینوێ/ ئـەدی ئـەو جموجۆڵـەی سـەردەمی گۆڤـاری گـەلاوێژ (١٩٣٩–١٩٤٩)و گۆڤـاری رووانگـە (١٩٧٠)..؟

د. فەرهاد/ گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩–١٩٤٩ کە لەلایەن ئیـبراهیم ئەحمـەدو عەلائـەدین سـەجادیو ئـەوانی دیکەوە بەڕێوە دەبرا، پرۆژەیـەکی بـاش بـوو: بـەڵام زەمینەیەکی کۆنو کلاسیکیانەو خۆماڵیانەی هـەبوو، ئەمـەش –دیسـانەوە هـەر– لـەژێر کاریگـەرێتی ئـەدەبیاتی فارسو عـەرەبیدا (بەتایبـەتی گۆڤـارە میسـریەکان وەکـو الهـلال). بۆیـە دەبینـین تەرجەمـەکانیش هـەر.. زۆربـەی زۆریـان– لەعەرەبییەوەو لەو گۆڤارە میسریانەوە کـراون. جگـە لـەوەش ئایدیۆلۆژیـەتی مـاوێو مـارکسو رێبـازە سـۆڤیەتیەکانی وەکـو ریـالیزمی شۆڕشـگێڕێو سۆشیالیسـتی بەشـێکی زەمینـەی پرۆژەکـەی

(گـەلاوێژ)ن. ئەمانـەش هـەموی، بەشـێوەیەکی رووکـەش، لەڕێگـەی کولتـووری عەرەبەکانـەوە دەگەشـتنە دەسـت ئـەوان. پەیوەندییـەکی سوودوەرگرتنی راستەوخۆو رەسـەنو هەمەلایەنـە نەبوو. بۆیەش، بەبۆچوونی من: گۆڤـاری گـەلاوێژ ١٩٣٩–١٩٤٩ ناوەڕۆکێکی خزمەتکارانەی هەیە، نـەک داهێنەرانە! واتە زۆر بەباشیو سەرکەوتووانە توانیی خزمـەتی ئەدەبی کوردی بکـاتو جیلێك پـەروەردە بکات کە مایەی سـتایشو ئافەرینـە؛ بـەڵام نـەیتوانی هیچ داهێنانێکی ئەوتۆ تۆمـار بکـات کـە ئێمـە ئـەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر بکەین.

لەبارەی گۆڤاری رووانگەشەوە (١٩٧٠)، کەتەنیا سێ تاقە ژمـارەی لـی بڵاوکرایـەوە، بـەئیعترافی زۆربـەی نووسـەرەکانیان: لـەژێر کاریگـەریێتی راسـتەوخۆی نووسـەرانی عـەرەب (بەتایبـەتی ئـەوانی بـەغدا) لـەدایکبوو؛ ئـەگینا هیـچ کامێکیـان تائـەو وەختـە نەیاندەزانی ناوی خۆشیان بەئینگلیزی بنووسن.

کەواتـە، ئـەزموونی نوێخـوازی لای ئێمـە – لـەڕووی سـوودوەرگرتنی لـەکولتووری رۆژئـاوایی– بەستراوەتەوە بەهیممەتو توانای ئەم جیلەی ئـەمڕۆ کە ١٠–١٥ ساڵێکە پەڕاگەندەی ئەوروپا بووەو جارێ هیچیشی بەتەواوەتی دیار نیە!

گەلاوێژینوێ/ کەواتە جـەنابت لەگـەڵ شـەپۆلبی ئـەو نووسەرە گەنجانە یەك دەگریتەوە کە دەڵێن: (کـورد بەدرێژایی مێژوو هیچ پرۆژەیـەکی مەعریفیی نەبووە)؟

د. فـەرهاد/ نـەخێر، بـەهیچ شـێوەیەك. رێنسانسـی ١٨٩٨ بـەرەو سـەرەوە، یەکێکـە لـەو پـرۆژە مەعریفیانـەی کـە کورد شانازییان پێوە دەکات. ئەو قسەیەی ئـەم نووسـەرە گەنجانـە لەسـەر لاپـەڕەی رۆژنامـەو گۆڤارەکاندا دەیلێێن، وەك بینایەکی بنکۆڵ وایـە. بنکۆڵییەکەش بەم شـێوەیە روون دەکەمـەوە: ئـەوان سـەرچاوە عـەرەبیو فارسـییەکان، یـان سـەرچاوە تەرجەمـەکراوەکانی سـەر عـەرەبیو فارسـی دەخوێنـنەوەو حەز دەکـەن یەکسـەر تـەتبیقی بکـەن لەسەر کۆمەڵگای خۆیان. ئەمە وەکو ئەوە وایە کاتێ منداڵ بووین دەچووین فیلیمێکی شەمشوون یـان تەرزان یان رینگۆمان دەدیت، کاتێ لەهۆڵی سینەما دەهاتینە دەرەوە حەزمان دەکرد وەکو شومشـوونو تەرزانو رینگۆ ئەو خەڵکـەی دەوروبـەرمان بدەینـە بەر گوللەو شەقو شوللاق.

ئـەم نووسـەرە گەنجانـە، بەداخـەوە، نوقسـانیەکی گرنگو دیار لەنوسراوەکانیاندا هەیە، ئەویش ئەوەیـە کـە شـتێکی ئـەوتۆ لـەبارەی کەرەسـتەکانی مێـژووی گەلەکەی خۆیان نـازانن. زەحمەتیشـە بـۆ ئـەوان کـە لەسەرەتادا، واتە پێش ئەم تەنزیراتەی خۆیان، بچـن چاوێك بـەم کەرەسـتانەی مێـژووی نەتـەوەییماندا بخشـێنن. مـن بەداخـەوەم بـۆ ئـەوان، چونکـە لـەداهاتوودا، هـەر رۆژێـك، مێـژووی ئـەم گەلـە بەدبەختەی ئێمە بەتەواوەتی نووسرایەوە، ئیـتر ئـەم تەنزیراتانـەی ئـەوانیش هیـچ بایـەخێکی نامێنـێ. فرێدریـك هیگـل، بـەو فەلسـەفەو گەورەییـەی خۆشـیەوە، لـەکتێبی (عـەقڵ لـەمێژوودا) کاتـێ تـەنزیراتی خـۆی لـەبارەی پـەیوەندی نێوان نەتـەوە Nationو تاکەکـەس Individuدا روون دەکاتـەوە،



فینیز (ئیتالیا) ١٩٩٣/٦

بەردەوامو بەشێوەیەکی پراتیکی هانا دەباتە بەر نموونەو کەرەستەو رووداوە مێژووییەکانی ئەڵمانیاو ئەورووپا. من پێم وانیە، تەنزیرات لەسەر ینچینەیەکی بۆش‌و بنکۆڵ بنیاد بنرێت! لەلایەکی دیکەشەوە، دەبینین، مێژوونووسێکی وەکو د. کەمال مەزهەر، بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە، رێگەی نەداوەتە خۆی ئەو قسانە بنوسێت کە ئەو گەنجانە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بەناوی (پرۆژەی مەعریفی)و (ناسنامەی کەسایەتی کوردی)یەوە دەینوسن!

گەلاوێژینوێ/ ئایا شتێك هەیە لەهەندەران ناوی بنێین ئەدەبی مەهجەری کوردی؟

د. فەرهاد/ ئەگەر تۆ چوارچێوەیەکی ئەدەبی مەهجەری عەرەبیت بەدەستەوە گرتبێتو داوا لەکوردەکەش بکەیت دەقاو دەق لەئەوەی عەرەبەکان بچێت، شتێکی بێ مانایە. چونکە بارودۆخی هەر قۆناغێك‌و هەر میللەتێك لەگەڵ یەکتر جیاوازە.

ئەرمەنیەکان (ولیەم سارۆیان‌و ئێلیا کازان‌و ئادامۆف) لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا بەشێوەیەك مەهجەریان دیوە کە لەگەڵ مەهجەری ئەڵمانیاکان (برتۆلد بریشت‌و تۆماس مان) لەسالانی ١٩٤٠دا جیاوازە، هی ئەوانیش لەچاو مەهجەری ئەمریکاییە لاتینییەکانی ئەم سالانەی دووایی جیاوازە. کەواتە مەهجەری کوردیش تام‌و بۆن‌و خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە.

هەموو شتێك بەنیسبەت کوردەوە لەسالی ١٩٨٠ بەولاوە دەست پێدەکات: کوودەتاکەی کەنعان ئیڤرین لەتورکیا، لەگەڵ جەنگی کەندا‌و لەعێراق‌و ئێرانداا، وادەکەن وردە وردە بەهەزاران کورد لەتورکیا‌و عێراق‌و ئێرانەوە رووبکەنە ولاتانی ئەورووپای رۆژئاوا (ئەڵمانیا، سوێد، فەرەنسا، دانمارك، هۆڵەندا، بەلژیکا، بریتانیا، ئەمریکا... هتد). ئێستا حاڵی حازر، واتەخمین دەکرێت ژمارەی کورد لەم ولاتانەدا بگاتە چوار پێنج ملیۆن.

کورد لەم ولاتانەدا، بەسەدان نەقابەو کۆمەڵەو یانەو چێشتخانەو مەڵبەندو ئەنستیتیدوو فێدراسیۆن‌و گرووپ‌و تیپ‌و یەکەیتی رێکخراوی جۆراوجۆریان هەیە. لەسالی ١٩٨٠ بەولاوە تاکو ئەمڕۆ، بەپێی سەرژمێرییەك کە خۆم کردوومەو لەلامە: زیاتر لەدوو هەزار کتێبیان چاپ کردووە، زیاتر لە ٤٥ رۆژنامەیان بڵاوکردۆتەوە، زیاتر لە ١٨٧ گۆڤاریشیان دەرکردووە، کە بەشی زۆریشیان هێشتا هەر بەردەوامن. ئەمە جگە لەو هەموو فیلم‌و کاسێت‌و پیشانگا وێنەیی‌و شێوەکارییانەش کەنەمتوانیوە هەموویان تۆمار بکەم.

میللەتێك بەهەموو گوڕو خوێن‌و خەم‌و خەونێکی خۆیەوە، لەوێ، شەپۆل دەدات‌و دەجوولێت.. ئیتر.. تۆ چۆن ئەدەبیاتی مەهجەرت نیە؟! چی شتێکی لێزەت هەیە، عەینەن شت، لەوانەیە باشتریش، لەوێش هەتە.

گەلاوێژینوێ/ لەبارەی تۆوە دەڵێن: (د. فەرهاد بڕوانامەی دکتۆراکەی دەربارەی چیرۆکی کوردییە، کەچی هەتا ئێستا هیچ تەنزیراتی نیە لەم بارەیەوە..)!؟

د. فەرهاد/ ئەو کەسانەی ئەم جۆرە قسانە دەکەن خۆیان زۆر بەکەمتر حسێب دەکەن بەرامبەر ئەو کەسانەی بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە. چما دکتۆرا چیە؟ چما هەر کەسێکی دکتۆرای لەچیرۆکی کوردی وەرگرت پێویستە تەنزیرات بدات‌و تەنزیراتی هەبێت؟

دەست بۆ هیچ شتێك نابەم، کەخەڵکی تر دەستی بیگاتێ. هیچی واش نالێم، پێشتر گوترابێ.

من لەوە زۆر بچووکترم. ئەو شتانەی دەشینووسم‌و دەیڵێم، ناوی دەنێم: تێگەیشتنی شەخسی خۆم. ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێت کە من لەدوای بڕوانامەکەمەوە لێکۆڵینەوەم لەسەر چیرۆکی کوردی کەم بڵاوکردۆتەوە، دیسان دەڵێم: (وانیە)، چونکە لەماوەی ئەوچوار ساڵەی کە هاتوومەتەوە کوردستان، هیچ نەبێ توانیومە دوو تۆژینەوەو ساغکردنەوەی بێ هاوتا لەبارەی مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی کوردی بڵاوبکەمەوە کە تائێستا هیچ کەسێك غەیری خۆم نەیکردووە – هەر باسیشی نەکردووە: (چیرۆکەکەی مەم‌و زینی مەلا مەحمودی

بایەزیدی ١٨٥٦، لەگەڵ چل چیرۆکەکەی ریسالەتی حەکایەکان ١٨٦٠).

ئەگەر مەبەستیش ئەوە بێت کە من لەسەر چیرۆکەکانی فلان کەس‌و فلان چیرۆکنوس نانووسم، ئەوا راستە: چونکە من ئەمڕۆ پێم وانیە هێندە چیرۆکی ئەوتۆی جوان‌و باش بڵاوکرابێتەوە شایستەی لەسەر راوەستان بن. دەیان جار چیرۆکیان داوەمەتێ بۆ لەسەر نووسین، نەمکردووە. لەبارەی پرەنسیپیشەوە: دەست نادەمە شتێك کە خەڵکی تر بتوانێت دەستی بداتێ. دەست بۆ شتێك نابەم، کە خەڵکی تر بتوانێت دەستی بگاتێ. لەسەر هیچ شتێکیش نانووسم، لەسەری نووسرابێت، هیچی واش نالێم پێشتر گوترابێت! ئەمەیە پرەنسیپی کارکردنی نووسینی من.

دوا وشەم لەبارەی پرسیارەکانەوە: من بۆ ماوەی نۆ ساڵی رەبەق، لە ١٩٨٥ تا ١٩٩٤، لەسەر چیرۆکی کوردی گەڕام‌و پرسیم‌و خوێندمەوە‌و نووسیم. بەری داری ماندووبوونەم، تێزێکی ٣٧٠ لاپەڕەیی بەزمانی فەرەنسی‌و هیوادارم رۆژێك تەرجەمەی کوردیی بکەم‌و چاپی بکەم. باشە، دووای ئەم نۆ ساڵە، قەیدی چیە ئەگەر پشوویەك بدەم؟ بەڵام دووای ئەم پشوودانەشم، ئەگەر تەنزیراتیش بدەم، بائەو کەسانە باش بزانن: تەنزیراتەکانم لەبەرژەوەندیی ئەدەبیی ئەواندا نابێت!

گەلاوێژینوێ/ ئاستی چیرۆکی کوردی ئەمڕۆ، چۆن دەبینی؟

د. فەرهاد/ من رقم لەم جۆرە پرسیارە سەرجەکگیرانەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەڵێم: چیرۆکنووسی ئەمڕۆی ئێمە بەهیچ شێوەیەك نازانێت تەکنیك چیە! زۆربەی هەرە زۆریان رووداو دەگێڕنەوە: پیاوێك، ژنێك، فەللاحێك، قوتابیەکی زانکۆ، بێوەژنێك، کرێکارێك فەرمانبەرێك.. چ زۆرە خەڵکی توێژە جۆراوجۆرەکان زۆرن.. شتێکیش بەسەر هەر یەکێك لەم کەسانەدا هەر هاتووە.. قابیلە.. ئێستر چیرۆکنووسێك بەزمانی کەسی یەکەمی تاك، ئەوی تر بەزمانی کەسی دووەمی تاك‌و ئەوی یکە بەزمانی کەسی سێیەم‌و بڕۆ باژۆ بڵاوی بکەوە: (چیرۆك)، (نۆڤلێت)، (رۆمان).

پێودانگە ئێستەتیکییەکانی ئێمە، هەموویان، تا رۆژی ئەمڕۆش، پەیوەندییان بەعەقڵیەتی عەلائەدین سەجادی‌و شاکر فەتتاحەوە هەیە.

زۆر بەدەگمەن دیومە: چیرۆکنووسێك هونەری گێڕانەوەی لەلا گرنگتر بووبێت لەچاو گێڕانەوەکە، خۆی. زۆربەی چیرۆکنووسانی ئەمڕۆ لەپرەنسیپە ئێستەتیکییەکانی تازەکردنەوەی چیرۆك بێ خەبەرن؛ نەیانتوانیوە سوود لە فۆرم‌و شێوازو تەکنیکە نامۆو مۆدێرنەکان وەربگرن. ئەو رەخنەگرانەی لەسەریشیان دەنووسن، لەخۆیان، غافڵتر، بێ ئاگا، دۆڵیان بۆ لێدەدەن‌و ئەم نەمەطە باوە لەخوێنەرانی بەستەزمان دەکەنە (ئەستێرە)‌و (مانگ)‌و (پەلکەزێڕینە). لەهەموویشی سەیرتر ئەوەیە، کاتێ، جار جار، پێچەوانەی ئەم نەمەطە سەپاوەی خۆیان دەبینن، یان کاتێ تەکنیکێکی نوێ دەکەوێتە بەرچاویان، دژایەتی دەکەن‌و بەچاوی سووکەوە تەماشای دەکەن.

گەلاوێژینوێ/ هەندێ کەس پێیان وایە تۆ بەداهێنان لەچیرۆك نزیکیت، کەچی زیاتر گرنگی بەشیعر دەدەیت..؟! راستە؟

د. فەرهاد/ من کاتێ چیرۆکی (شیزۆفرینیا)م لەژمارە (١٠-١١)ی گۆڤاری (ئێستا)‌و لەژمارە (٢١)ی گۆڤاری (رامان)دا بڵاوکردەوە، لەدڵی خۆمدا دەمگوت: (ئێستا دووای بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکەم، لەناوەندە رەخنەییەکاندا دەبێە مقۆمقۆو هەرایەك، نەبێتەوە! دەیان وتارو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەنووسرێت!). ئەمەش چونکە: هەموو کەس دەزانێت، بەدرێژایی مێژووی چیرۆکی کوردی، تاکو ئەمڕۆش، ئەمە یەکەم جارە چیرۆکێکی لەم بابەتەی من، بەم شێوازو تەکنیکە سەیرو سەمەرەو مۆدێرنە دەنووسرێت! من شانازی بەم چیرۆکەمەوە دەکەم. بەڵام ئەگەر هیچ چیرۆکنووس‌و رەخنەگرێکی زیرەك‌و بەهرەداری بەویژدان ئاوڕ لەم داهێنانە دانسقەیەی من نەداتەوە، گوناهی من چیە؟ ئەسڵەن ئەم جۆرە دیاردانە ئەوە دەسەلمێنن کە پێودانگە

ئێستەتیکیەکانی ئێمە، هەموویان، تاکو ڕۆژی ئەمڕۆش، پەیوەندییان بەعەقڵیەتی حوسێن حوزنی موکریانیو عەلائەدین سەجادیو شاکر فەتتاحەوە هەیە. ئەم دیاردە زۆر ئەزیەتی ڕۆحیەتی داهێنەرانەی من دەدات. ناوەندە ڕەخنەیی- ئێستەتیکییەکە بەهیچ شێوەیەك، هەرگیز، نەلەپشت منداا، نە لەپشت هیچ نوێکارییەکی ئەم سەردەمەدا نەوەستاوە. ئەمە گەورەترین هەڵەو گوناحی (ڕاگەیاندن)و ناوەندە ئەدەبیەکانە. من پێش هەموو لایەنێك، دەزگاکانی (ڕاگەیاندن) تاوانبار دەکەم. چونکە ئەدەبیاتەکە لەژێر کۆنترۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندایە: پاشکۆی ئەدەبو هونەری (کوردستانی نوێ)و (برایەتی)و (ڕێگای کوردستان)و (ئێستا)و (گەلاوێژی نوێ)و (رامان)و کاروان)و هتد.. هەموویان بەئیعازو داخوازیی عەقڵیەتێکی ئیعلامی کار دەکەنو (تەوەر) دەکەنەوەو فلان چیرۆکنووس‌و شاعیر بەرز یان نزم دەکەنەوە!

عەقڵیەتی ئیعلامیش هەرگیز ناتوانێت ستراتیژیەتێکی ڕەخنەیی ئەدەبی بۆ پێشکەوتن بەرەو داهاتوو دابڕێژێت: چونکە ئەم عەقڵیەتە ئیعلامیە هیچ شتێك لەئیستاتیکاو پێودانگە ڕەخنەییەکان تێ ناگات‌و نازانێت!

کەواتە، منێك کە لەدەرەوەی ئەم چوارچێوە شلوشۆقەدا کاری خۆم دەکەم، لەکەسیش قبوڵ ناکەم ئامۆژگارییم بکات‌و بڵێت: (تۆ چیرۆك بنووسەو واز لەشیعر بێنە!) هەروا بۆ ئەوە پێت دەڵێم کە تووڕەترو سەغڵەتتر ببیت: من جار بەجار ڕەسمیش دەکەم.

گەلاوێژینوێ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥ دا، لەگەڵ هونەرمەندان: سلێمان شاکرو محەمەد عارفو دارا مجەمەد علیو فەیسەل عسمان‌و جمال مشیر، لە هەولێر، گەلەرییەکتان بۆ هونەری شێوەکاری کوردی دامەزراند. تۆ بەڕێوەبەری ئەو گەلەرییە بووییت. چۆن باسی ئەم ئەزموونەت دەکەیت؟ بەڕاستی پەیوەندیت بە ڕەسمەوە چیە؟

د. فەرهاد: بەڵێ، تەمەنی ئەو گەلەرییە تەنیا ساڵێك بوو، بووە قوربانی شەری ناوخۆ. بەڵام ئێمە توانیمان هیچ نەبێت یەکەمین گەلەری لە شاری هەولێر دامەزرێنین. نیازی ئەوەشمان هەبوو ببێتە هەوێنێك بۆ مۆزەخانەیەکی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ کە بەردەوام لە شارەکەدا دەرگای کراوە بێت. بە تەمویلی خانمی هونەر دۆست، هێرۆ خان، بە ڕێوە دەچوو، مەرسەمێك‌و کافتیریایەکی هونەرمەندانیشی لێ بوو. هەروەها هەموو پێنج شەمەیەك لە ناو هۆلێکی ژێرزەمینەکەدا کۆڕێکی هونەریمان ساز دەکرد. بە درێژایی سێ چوار دەورە دەیان پێشانگامان پێشکەش بە خەڵکی شارەکە کردبۆ هەڵبژاردنی تابلۆکانیش لیژنەیەك بریاری لە سەر دەدا. لە حاڵەتی فرۆشتنی تابلۆش، کۆمیسیۆن وەرنەدەگیرا، هەرهەموو پارەکە بۆ هونەرمەندەکە بوو. بایی زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ دوو سەدو پەنجا هەزار دینار تابلۆمان بۆ هونەرمەندان فرۆشت. هۆڵی میدیای هەولێر، دوای دامەزراندنی گەلەرییەکەی ئێمە بوو کە ناوی گۆڕاو بووە "گەلەری میدیا". ئنجا بە ڕاستیش گەلەری ئەربێلا، کە لە جێی مالی شەهابەدین چەلەبی بوو لە گەرەکی قەڵا، تەنیا ئەزموونێك

نەبوو بۆ هونەرمەند، شێوەکارەکان، بەڵکو بۆ خۆشم. من سالێك زیاتر، بەردەوام لە ناو تابلۆو ڕەسمو پۆرترێت‌و ڕەنگو فلچەو بۆیەدا دەژیام، لە ناو مشتومڕی شیوەکارییانەی هونەرمەندا. ئەمە منی پڕترو قەڵەبالغتر دەکرد. هەرچەند من بە درێژایی ژیانم، لە هەر شوێنێك بووبم، ڕاستەو خۆ، لە نزیك یان لە ناو هونەرمەندانی نیگارکێشدا ژیاوم. بۆ نمونە لە بەرگەلۆ لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ کاتێ لە ناو شاخ بووم لەگەڵ (ڕەمزی قوتبەدین) و (گارا ڕەسوول) لە یەك ژوور دەژیاین، لە کەرەج لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٤ لەگەڵ هونەرمەندی عێراقی (علی الربیعی) لە یەك ژوور دەژیاین، لە دانمارك لەگەڵ (نزار بابان) و (ئامانج خانەقینی)، لە فەرەنساش بەردەوام بەرهەم‌و ستۆدیۆگاکانی (لالە عەبدە) و ٠هونەر سەلیم) و (حەمید دەرویش) و (هیممەت کاکەیی) و (بشار عیسا).. جوانترین پەناگەو مالم بوون بۆ وردبوونەوە لە ڕۆحی (شێوە) و (شێوەکارییەکان). هەروەها شەقامی (سێن)، کە بەقەد شەقامی سەهۆلەکەی سلێمانی دوورو درێژەو تەنیا پێشانگای ڕەسم و ستۆدیۆی تابلۆ و گەلەرییەکانی لێیە، هەفتەی جارێك یان دوو جار، لە پاریس، لەوە دەچوو لەبەر خاتری ڕۆحی عەوداڵی من بۆ جوانی،

جلوبـەرگی ڕازاوەی خۆیـان دەگـۆڕێو سـەرلەنوێ خۆیان لە پەلکە زێڕینەیەکی تازە هەڵدەکێشا.
ئیدی، کەمن لـە پاریسـەوە هاتبوومـەوە هـەولێر، بەهـەمان هەناسـەی پـاریس دەژیـامو حـەزم دەکـرد باوەش بـە هـەرچی شتێکی جـوانو ڕەنگیندا هەیە بکەم.ئەم گەلەرییەش، یەکێك بوو لەو شتە جوانانـە، شیعرێکم بوو؛ چیرۆکێك...
سـەرەتای پەیوەندیشـم بـە هونـەری ڕەسمـەوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٦-١٩٨٥، بـۆ ئـەو دووسـاڵەی کـە لـە دانیمـارك پەناهـەندەبووم و بـێ ئیشو کار بـووم. ڕێبـەرە کۆمەڵایەتییەکـەم Social Adviserکە ژنێکی کەڵەگەتی جوانی چاو شین بـوو، Bergitte ، لـە شـارۆچکەی (غۆسـکیلە) و (تۆسـت غۆب) لە باشوری کۆپنهاگن، بـەردەوام هـانی دەدام، کە مادام بێ ئیشو کارمو هیچ ناکەم، خۆم بە کـاری ڕەسمو سیرامیکەوە مەژغوڵ بکەم. پاشان ناردمی بۆ کۆرسێکی هاوینەو لەوێ چوار مانگان لەبـەر دەستی مامۆستای ڕەسمـی ئـەو کۆرسـە، کـە نـاوی بنیامین پۆڵسـۆن بـوو، دەرسـی تێۆڕیو پراکتیکـی ڕەسمـم خوێند.
بەڵام هەشت-نۆ سال پێش ئەو کاتە لـە هـەولێر، بـە قسەی هونەرمەند (نامیق علی قـادر) و "یەکێك لە باشترین وتارەکانم" لە سەر پێشانگایەکی تابلۆکانی نامیق علی قـادر نووسـیبوو کـە لـە هۆڵـی ئەیووبیـە سـازی کردبـوو. نـامیق وتارەکـەمی خوێنـدەوەو پاشـان ناردمـان بـۆ گۆڤـاری (ڕۆژی کوردستان) لـە بـەغدا. وابزانمسـاڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ بوو.
مـن لـە فەرەنسـا، چـەنێك سـەرقاڵی ئەرشـیفو جوگرافیاو مێژوو بووم، هێنـدەو زیـاتریش سـەرقاڵو شەیدای هونـەرە دیتـەنی و شـێوەکارییەکانی بـووم. مـن واتێدەگـەم، کـاتێ نووسـەر (شاعیر یـا چـیرۆك نووس) فێری هونـەرەکانی شـێوەکاری دەبێت و لـە زمـانی ڕەسـم تێدەگـات، یەکسـەر کـار دەکاتـە سـەر وردبینیو شێوازی نووسینی. هونـەری ڕەسـم چـاوی شـاعیر یـا چـیرۆکنووس دەشـواتەوە؛ وای لێدەکـات پەیوەنیەکانی نێـوان ئـەو شـتانەی باسیان دەکـات، باریکبنتر، ڕەنگیتر ببینێت، هەروەها حساباتی نوێو جیـاواز بـۆ بـەکارهێنانی وشـەو هێمـاو ڕسـتەکان - تەنانەت نوقتەو فاریزەکانیش بکات. من دەبـێ دانـی پێدا بنێـم: لـە نامیلکـەی Exil دا کـە لـە پـاریس لـە ١٩٩٢ دا چـاپم کـرد، سـوودی ڕاسـتەو خـۆم لـە لـە شـێوازی ڕەسمکردنـی ڤـان کـووخ V.Gogh وەرگرتووە بۆ گەلێك لەو دەربڕینە شـیعرییەکانم، بـە تایبەتیش لە کاتی بـەکارهێنانی تـەکنیکی (بـەمرۆڤ کردنی شتەکاندا). تا ڕادەیەکی کەمتریش سوودم لـە تابلۆکانی (مۆدیلیانی) و (سلفادۆر دالی) وەرگرتـووە. لەم نامیلکـە تازەیـەشمدا، کاریگـەرێتیی Lettrisme هـەرچۆنێك بێـت، مـن وایدەبینـم کـە ئێمـە پێویسـتە هەریەکێکمان لە شوێنی خۆمانەوە ئەختەبوتیك بـین: دەسـتو مـڵو قاچـەکانمان لـە هـەموو شـتەکانی دەوروبـەری خۆمـان ئـاڵاندبێت ئینجـا دەتوانـین ئـەو داهێنانـە "ڕاچڵـەکێنین"و ئـەو نامەئلووفـە دروسـت بکەین کە ئەندرێ بۆتۆن باسی دەکات.
من زۆر سەیرم پێ دێت: شاعیری وامـان هەیـە، تـاکو ئێسـتاش لـە سـەر قەبرسـتانی "کوردایـەتی" و "سیاسەت" و موناسەبەتە "نیشتمانییەکانی" وەکـو (خیانـەتی فـاڵان حـزب) و (مـافی ئـافرەت) و (موناسـەبەی دامـەزراندنی فـاڵان ڕۆژنامـەو ئێزگـە) .. دەلەوەرێت؛ یان شاعیری وامان هەیـە هـەموو دیوانـە شیعرییەکانی بریتین لە کەپتو سۆزو حەژمـەتی نـاو گەڵی خۆی بۆ ژنێك، کچێك. ئەمە لە کـاتێکدا ئـەمڕۆ، شیعری نوێ، لە هەموو دنیادا، بۆتە ئەو ئەختەبوتەی کە من باسیلێوە دەکەم: باوەش بۆ هـەموو زانستو مەعریفەو فەلسەفەوهونەرەکانی دنیا دەکاتەوە. هەر دوور مەڕۆ، بۆ نمونـە، سـەیری ئـەو پانتاییـە فراوانـە بکە کە (مێژوو) لە شیعرەکانی (کافافیس)دا داگیری کردووە، یان (فەلسەفە) لە بەرهەمـەکانی (سان ژۆن پێرس)دا.
بـەکورتی: نووسـەر ڕوانینێکـی تـاکڕەوی شەخسـیو فراوانـی هەیـە، هەسـتی شـێوەکارییانەش (الحـس التشکیلی) وەکو هەستی مێژوویی (الحس التأریخی) و بوعدەکانی دیکە، ئەگەر پێکەوە بن پێکهاتەی ئەو ڕووانینەی نووسەر جوانترو فراتر دەکەن.
ئێمەی نووسەرانی کورد، مـادام سـەر بـە میللـەتێکی کۆتو کوێرین، پێویستە بڕیار بدەین هەموومان ببینە ڕەسسـام و نیگـارکێش؛ لـە هـەر شارێکیشدا دەیـان مەڵبـەندی فـێرکردنی ڕەسـمو چێژوەرگرتـن لـە شێوەکاری بکەینەوەو دەیان گۆڤـاری تایبـەتیش بـە

هونەری ڕەسمو شێوەکاری لە هەر هەفتەیەکدا بڵاو بکەینەوە!

هەموو هەفتەیەک چەندین ملیۆن بەند کاغەزو مەرەکەبو پلێت لە کوردستاندا لە پێناو پڕو



لەگەڵ د.جەمال نەبەز- ئەڵمانیا ١٩٩٢/١٢

پاگەندەی حزبایەتیو شتی قۆڕی دیکە سەرف دەکرێت کە هیچی میللەتیش بۆ پێشەوە نابات، کەچی دوای ئەوەندە ساڵەی ڕاپەڕین، تاکو ئێستاش، یەک تاقە گۆڤاریش چیە بۆ (چاو) تەرخان نەکراوە. با بیبڕمەوە، چونکە من چەند قسەی زیاد لە بارەی ئەم هونەرە بەستەزمانە فەرامۆشکراوە بکەم، هێندە زیاتر هەستی بەزەییم بەرامبەری و بەرامبەر کوێرایی میللەتەکەمان دەبزوێت.

گەلاوێژی نوێ: زانکۆکانی کوردستان، مەبەستمان بەشە مرۆڤایەتیەکانە (کۆلێژی ئاداب و زمان و پەروەردە و بەشی کوردی و عەرەبی و دەروونناسی و فەلسەفە و مێژوو جوگرافیا و هتد) چ ڕۆڵێکیان هەبووە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا.

د. فەرهاد: من کاتی خۆی وەلامی پرسیارێکی هاوشێوەی ئەم پرسیارەی ئێوەم لە گۆڤارێکی هەولێردا دایەوە، خەریک بوو لە زانکۆ فەسڵم بکەن و حەیاشم ببەن: بەناوی (مەجلیسی زانستی بەشی کوردییەوە لە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین) بەیاننامەیەکیان دژی من بڵاو کردەوە و داوای موحاسەبەکردنی منیان کرد بوو.

من لەسەر بیروڕاو بۆچوونەکانی ئەوێم هەر سوور بووم. زانکۆکانی کوردستان نەک هیچ ڕۆڵێک لەم بوارەدا نابینن، بەڵکو ڕێگرو کۆسپێکی گەورەشن لەبەر پێشکەوتنی ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکاندا. زانکۆکان لە کوردستاندا، مەکینەیەکن بۆ دروستکردنی بێ ئیش (بطالة)، مەروەها وەکو مەکینەی دەواجن تەنیا ئەوە دەزانن کە (ماجستێر) و (دکتۆرا) هەڵبهێنن. نازانم چۆن دەکرێت ڕۆشنبیران ڕۆژێک موئامەرەیەکی گەورە لە پێناو هەڵتەکاندنی زانکۆو سەرلە نوێ بنیاد نانەوەی، بەرپا بکەن؟

گەلاوێژی: لە دیوانی Exil دا کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە پاریس بڵاوت کردۆتەوە، نۆستا لژیا زاڵە. لەم دیوانە شیعرییە تازەیەتدا تەکنیکو زمان زیاتر گرنگی پێ دراوە. کامەیان زیاتر تەعبیر لە ڕوئیای شیعریت دەکەن.

د. فەرهاد: جارێ پێش هەموو شتێک Exil ئەزموونی ساڵانی ١٩٨٢-١٩٩٢ م بوو، واتە ئەزموونی ساڵانی دەربەدەریم: ئێران- ئەستەمبوڵ، دیمەشق، ئۆسپانهۆف- کۆبنهاگن- ئۆلبۆرگ- ڤیشی- پاریس...هتد. پێویستە بڵێم: هەم ژیانم، هەم بینینی شیعریم جیاواز بوو لە چاو دوای خۆی.

هەستی غەریبیو نۆستالژیا، خۆی لە خۆیدا، لیریکە، واتە غینائی بە Lyrique. ئەم غینائیەش ئیشکردنی لە ناو زماندا کەمتر پێویست: چونکە تۆ هیچ فەلسەفەیەکی قوڵ دەرنابریت. من لە Exil دا، بۆیە، تەنیا هێندەم پێ کراوە نۆستالژیاو غەریبیەکە بکەمە هاوکێشەیەکی فەلسەفیو لە (ڕووکەشایەتیی) دەربازی بکەم. {تەنیا سێ چوار پارچە شیعری کۆتایی دیوانەکە نەبێت کە لە ژێر کاریگەریێتیی بۆ

دلێرو رامبۆدا موعالەجەی "جوانی" دەکەم، ئەوانی دیکەم هەمووی هاوکێشەی غەریبی‌و نۆستالژیایە}. دروستکردنی ئەم هاوکێشەیە، کە رووانینی شیعری من دەردەبڕێت لەوێدا، گرنگترین دامێنانی دیوانەکەیەو من شانازی پێوە دەکەم.

ئەگەر ئێوە باوەرتان وایە لە Exil دا تەکنیک‌و زمان بایەخیان پێ نەدراوە، بە بۆچوونی من: بەسەهوو چوونە. چونکە وەکو گوتم: جگە لە ئاستی رووانینەکە (هاوکێشەفەلسەفییەکە)؛ ئاستە تەکنیکیەکە توانیویەتی Exil لە غیابیەتی رووکەشی دوور بخاتەوەو بیکاتە (شیعر).لە Exilدا بە دەگمەن تەکنیکی وا دەکەوێتە بەر چاوت کە لە تەکنیکی شیعریی کوردیی سالانی پێش خۆی یان هاوسەردەمی خۆی بچێت.

لە باری زمانی شیعریشەوە، ڕاستە، جوانتان پێکاوە:لەم دیوانە تازەیەمدا زیاتر گرنگیم بە زمان داوە. ئیشکردنم لە ناو زمان قوڵترو باریکتر دەردەکەوێت. ئەمەیان لەگەڵ ئێستامو ئەویان لەگەڵ ئەو کاتم دەگونجێت. ئەمەش لەبەر ئەدەبی روئیای شیعریی ١٩٨٢–١٩٩٢ م هەمان روئیای ئەمڕۆم نیە.

گەلاوێژینوێ: قسە زۆر بووە لەسەر (اقتناص) لە چیرۆکی ئەمڕۆی کوردیدا! ئەگەر (اقتناص) هەبێت، ئایا بەڕەوای دەزانیت؟

د. فەرهاد: بەڵێ، لەم ماوەی دووایيدا لە ڕێگەی هەندێ لە وتارەکانی عەتا قەرداغی‌و غەفوور صالح– ەوە لە بارەی هەندێ لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن، هەستم بەم دیاردەیە کرد. بە بۆچوونی من ئەم دوو ڕەخنە گرە (كاك عەتاو كاك غەفور)، لەگەڵ ڕێزم بۆیان، غەدر لە بەرهەمەکانی شێرزاد حەسەن دەکەن. من بەم دووایيە لە ڕۆمانێکی (طاهر بن جلون) دا بە ناونیشانی (ڕۆژێکی بێدەنگ لە تەنجە/ يوم صامت في طنجة) هەستم بە هەمان اقتناص کرد لەگەڵ چیرۆکێکی شێرزاد حەسەن بە ناونیشانی (کەوتنی ژمارەکان). لە هەردوو بەرهەمدا پاڵەوانێك تەماشای دەفتەری ناونیشانەکانی (کارنێتەکەی) خۆی دەکات‌و دەبینێ براوەرەکانی زۆربەیان سەفەریان کردووەو ژمارەی تەلەفۆن‌و ناونیشانەکانیان سڕاونەتەوە... هەمان پاڵەوان... هەمان حاڵەت... هەمان ڕووداو... هەمان گرێ... هەمان موعانات.

باشە! بەڵام ئەمە دەکەوێتە سەر چیرۆکنووس خۆی: ئایا چی شتێکی تازەی خۆی گوتووە، بە کام تەکنیک‌و شێوازی جیاوازی خۆی ئەمەی گێڕاوەتەوە. اقتناص ئەگەر ڕەواش نەبێت، کەرەستەیەکی هەبڕوشت‌و چاکە بۆ ئەدەبی بەراوردکاری. لە هەموو حاڵەتێکدا من تەنیا لە یەک شت دڵنیام: تۆ ئەگەر هونەرمەند بیت، هەمیشە شتێکی خودی خۆت هەر هەیە بیڵێیت کە جیاوازو تازە بێت!

گەلاوێژینوێ: ئێمە دەزانین کە شیعری دامێنەرانە لە (تفرد) هوە دێت، کەچی (ڕووانگە) شیعری بەرەو (تعميم) برد، بەرەو دەرەوەی ئەرکەکانی شیعر.

د. فەرهاد: من ڕوخسەت لە جەنابتان وەردەگرم و ئەو ڕاستییە ڕوون دەکەمەوە کە شیعری کوردی بۆ خۆی پێش (ڕووانگە)، واتا بەر لە ڕووانگەیش لە ناو تەعمیم‌و هەمە گۆییدا دەژیا و ئەرکەکانی غەیری ئەرکەکانی شیعری جێبەجێ دەکرد: لە ئەحمەدی خانیيەوە بگرە تا قانیع‌و پیرەمێرد و بێکەس‌و ع.ج.ب‌و دیلان‌و کامەران موکری‌و زۆری دیکەش. شیعری کوردی، ڕاستیەکەی، ئەگەر نالی‌و مەحوی‌و چەند شیعرێکی دەگمەنی مەولەوی‌و کوردی‌و سالمی لێ دەربهاوێژین، سەرتاپای شاعیرەکانی دیکەمان، پێویستە حسێب تەنیا بۆ هەندێ لە بەیتەکانیان بکەین‌و بەس. کلکی ئەم تەپوتۆزەی ئەوان تا سەردەمی شێخ نوری شێخ صالحیش (١٩٢٠–١٩٣٠) هەر لە مەیدانەکەدا بوو. عەبدوللا گۆران، بە پێی ئەو سەر زەمینەی کە ئەوانی تێدا دەسووڕانەوە، گیایەکی "بیژی" بوو. لە قۆناغی هاوچەرخی ئێمەدا، گۆران یەکەمین شاعیرێکمانە کە بەرهەمەکانی لە "تفرد"ەوە هاتبن‌و زادەی روانینێکی شەخسی‌و تاکرەوانەبن، لە هەمان کاتدا ئەرکە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئەخلاقیەکانیش لەکۆڵ شیعر کردبێتەوە. بەڵام بەداخەوە، پاشان خۆیشی‌و شاعیرانی هاوجیلی خۆیشی (دیلان، کامەران، ع.ج.ب...هتد) سەرلەنوێ شیعریان کردەوە (وەسیلە) و، وەک ئەو پەست‌و پێکابانەی کە لەو سەردەمەدا تازە پەیدا ببوون، پڕیان کرد لە باری ئایدۆلۆژیا و ئەخلاقیات‌و حزبایەتی‌و پڕۆپاگەندەو ئامۆژگاری‌و داخوازینامە. من هیوادارم بە سەهوو چووبم کە دەڵێم: جیاوازی نێوان ڕووانگەو جیلی پێش ڕووانگە تەنیا لە شێواز دایە. نەمەطی شیعری ڕووانگەیی تەنیا لە شێوازدا

جیاوازی لەگەڵ پێش ئەوانی خۆیدا هەبوو، ئەگینا پرەنسیپی تێگەیشتنیان لە شیعر، هەمان شت بوو. هەردووکیان شیعریان گلاندبووە ناو هەمان تەعمیمو تەشحینو بە ئامراز کردنی شیعر . هیچ کامێکیشیان، تاکو ئەمڕۆش، نەیان توانی خۆیان لە دەست ئەو مۆتەکەو عفریتانەی وەکو "حزبایەتی" و "مافی ئافرەت" و "یادکردنەوەی موناسەبەکان" و "ئەخلاقیات"... هتد ڕزگار بکەن کە شیعر دەکوژن. نەیانتوانی (تفرد) بکەنو ڕووانینێکی هونەرمەندانەی شەخسی خۆیان بونیاد بنێن. لەم بارەیەوە، بەبیرم دێ، مامۆستام کامەران موکری ، دەیگوت: "ڕووانگەی چی؟ دەوەرە پێم بڵێ بزانم چی شتێك هەیەو ماوە کە ئێمەو جیلی ئێمە نەمانگوتبێ، کام بابەت ماوە ئێمە باسمان نەکردبێت: مافی ئافرەتو ئازادیی ئافرەت، کوردایەتی، خەباتی نەتەوەیی، تێکۆشانی چینایەتی، خەباتی کرێکارانو جوتیاران، خەباتی نێونەتەوەیی، دووانەوتنی کۆمەڵایەتیو دژایەتی شێخە تەفرەدەرەکان، برسێتیو دەردە کۆمەڵایەتیەکانو ئەخلاقیەکان..؟! هەموو شتێك، ئێمە هەموو شتێکمان باس کردووەو گوتووە. ئیتر ڕووانگەو ڕووانگەییەکان ئاخۆ باسی چی دەکەن؟ چی ماوە بیڵێن؟! بێگومان هیچ)

ئەمە قسەی مامۆستام کامەران موکری بوو لەبارەی ڕووانگە، چونکە، دەیگوت (کاك حوسێن عارف هاتبووە لام داوای لێم دەکرد ئیلتیحاقیان پێوە بکەم، دەیانویست بمکەن بەڕووانگە).

ئەم بیرەوەرییەی مامۆستا کامەران موکریم گێڕایەوە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر جیاوازییەکەی (ڕووانگە)و پێش ڕووانگەییەکان بکەم کە بەڕاستی، وەك لەم قسەیەی کامەران موکریش دەردەکەوێت، تەنیا شێواز بوو. ئێ ئەم شێوازەش خۆ پێش گۆڤاری ڕووانگە هەر هەبوو. ئەگەر ئەم سێ ژمارەیەی گۆڤاری ڕووانگەش دەرنەچووبایە، شێوازەکە لەبەغداو لەسلێمانیو لەهەولێرو لە کەرکوك و کفریو لەشوێنی تریش هەر هەبوو، بەهەمان شێوەی خۆی نەشونمای دەکردو هەر دەگەیشتە ئەمڕۆ، پێم وابێ هەر ئەم دوو خاڵەشە، لەبایەخو دەوری ڕووانگە کەم دەکاتەوە.

گەلاوێژینوێ/ پێشبینییەکانی فەرهاد پیربااڵ بۆ ساڵی ٢٠٠٠:

١- یەشار کەمال:
- دەبێتە پەکەکە.

٢- زانکۆی سلێمانی:
- بەشی شانۆی تێدا دەکرێتەوە، وەك گۆلیجێکی سەربەخۆ.

٣- بڵند ئەجەوید:
- ژنەکەیو خوشکەکەیو دوو منداڵە خوشکەکەی (خوشکەزاکانی) بەدەست گەرێلاکانی پەکەکەوە دەڕفێندرێن، لەبارمتەی ئۆجەلان دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

٤- دەزگای باڵوکردنەوەی سەردەم:
- موبەقەکەی گڕی تێ بەردەبێت، بەاڵم هیچ زیانێکی گیانیو مادیی ئەوتۆی نابێت.

٥- محەمەد عومەر عوسمان:
- هەوڵدەدات ئینتیحار بکات، بەاڵم گیانی سەاڵمەت دەمێنێتەوە.

٦- بنکەی ڕۆشنبیریی گەلاوێژ:
- لقێکی تازەی لەهەولێر دەکرێتەوە، سەعدوڵاڵ پەرۆشی شاعیر مرشح دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی.

٧- فەرید زامدار:
- لەسەرنووسەرایەتی (هەرێمی کوردستان) ئیستیقاڵە دەدات و کتێبێك باڵودەکاتەوە کە دەبێتە (فضیحەیەك): شوهرەتو تەقدیرێکی زۆر پەیدا دەکات.

٨- حافظ أسد:
- کۆچی دواییی دەکات.

بۆ نووسەران

تکا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین :

- بەخەتێکی جوان و روون بابەتەکانیان بنووسن .
- بابەتێك زۆر درێژ نێت دوا دەکەوێت ، بۆیە داواکارین نووسینەکان چڕ و پڕبن.
- ئەو بابەتەی کە بۆ گەلاوێژینوێی دەنێرن هەمان بابەت مەنێرن بۆ گۆڤارێکی تر .
- هەر بابەتێك تانەو تەشەری بۆ کەسێکی تر تیا بێت ، فەراموێش دەکرێت ، یا گەلاوێژینوێ رستە تانە ئامێزەکانی لادەدات.
- بابەت بلاوبێتەوە ، یا بلاونەبێتەوە ، نادرێتەوە بەخاوەنی .

گەلاوێژینوێ

لەسەر ئینتەرنێت

گەلاوێژینوێ پاش یازدە ژمارە جێگای خۆی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا کردەوە. خوێنەری بەڕێز دەتوانێ لاپەڕەکانی بەم کلیل و ناونیشانەی خوارەوە بخوێنێتەوە:

http://home.bip.net/hawre/

گەلاوێژ